19

# رۆژنامەنووسی

گۆڤاڕێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری رۆژنامەنووسیی

## چوارەم راپۆرتی لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسیی لە کوردستان

## ئاکارو بنەما رۆژنامەنووسییەکانی جاران لای شێخ محەمەدی خاڵ

## رۆژنامەگەریی کاژیک و پاسۆک

# بەرەو یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی
# لە (بانگی حەق)ی ئەشکەوتەکەی جاسەنەوە بۆ (زاری کرمانجی) رواندز

فەرهاد عەونی

**رۆژنامەنووسە خۆشەویستەکانی کوردستان**

وەکو دەڵێن ئەوەی رابردووی نەبێت ئێستا و دوارۆژی رووناک نابێ، دیارە مەبەست لە رابردوو مێژووی فەرهەنگ و ئەدەب و کەلتووری بژاڤی نەتەوەییە کە تێکڕا خەرمانی گشتی گەلێک، نەتەوەیەک پێک دێنێ، کە هەر ئەویشە هاندەر و ڕێپیشاندەر و ئیلهامبەخشی بەرەو پێشەوە چوونە.

کەمتر لە ١١٢ ساڵ پێش ئێستا بوو بەهەشتی میقداد میدحەت بەدرخانی پێشەنگی رۆژنامەنووسیی کوردی کە هەنگاوی یەکەمی هاویشت، بەردی بناغەی ئەو پڕۆژە نەتەوەییەی لە **(غوربەت)** دا بۆ ڕووناککردنەوەی کوردستان بۆ داناین و بوو بە شۆڕەسواری پێشەنگی ئەو کاروانەی کە دەیان و سەدان، بەڵکو هەزاران رۆشنبیری کورد بێ پسانەوە بەرەو ئاسۆ ڕێ دەکەن، ئەوەتا یەکێ لە هەنگاوەکانی دیکەی ئەم بووارە قۆناغی ئەشکەوتی جاسەنەی شێخی نەمر، **(مەلیکی کوردستان)** بوو، پاش ئەوەی زەبر و زەنگی ئینگلیزی داگیرکەر سلێمانی پێ جێهێشت و ڕووی لەم ئەشکەوتە کرد و کردییە **(مەنزلگا)**ی هەر سێ ژمارەی رۆژنامەی **(بانگی حەق)** کە ئەمیشیان شاهیدی بەڵگەنەویستی ئەو ڕێرەوەیە کە پێشووتر **(میقداد میدحەتی گەورە)** هێنایە کایەوە، کە دیسان لە قۆناغێکی دیکەدا حوسین حوزنی موکریانی **(پیاوی هەرە مەغدور و مەزڵومی ئەو سەردەمە)** توانی بڕەو بە بەردەوامی کاروانەکە بدات و بە هەورازی ڕەواندزی سەر بخات ئەوەش لە ڕۆژگارێکدا، نە رواندز بەهۆی باری جوگرافییەوە و کەشوهەوای ساردی زستان، خەڵکی بە ئاسانی ڕوویات تێ دەکرد، نە **(حسین حوزنی موکریانی)**یش ئەو دەرامەتەی هەبووە، **(ئەگەر ئیرادە و خەمخۆری ڕوحی کوردایەتی و ئیرادەی پۆڵایینی)** ئەو نەبایە، نەدەتوانرا چاپخانەکەی لە **(حەلەب)ەوە** بباتە ڕەواندز و **(زاری کرمانجی)** پێ لە دایک بێت.

ئەم چیرۆکانە لەپاڵ هەوڵ و تەقەڵاکانی هەر یەک لە جەلادەت بەدرخان لە دەرکردنی **(هاوار)** و **(ڕۆناهی)** لە شام و د. کامەران بەدرخان لە دەرکردنی **(ڕۆژانوو)** و **(ستێر)** لە بەیروت و دواتر قۆناغی رۆژنامەنووسیی کۆماری کوردستان، ئەوە لە پاڵ پشوو درێژی پیرەمێرد **(وەکو خۆی دەڵێت: شێخ الصحفیین)** زۆر هەڵدەگرێت، هەندێ جار مرۆڤ ئارەقی شەرمەزاری بەنێوچەوانییەوە دێتە خواری، کاتێ دەبینێ پاش (١٩) ساڵ لە حوکمڕانی خۆبەخۆیی:

*نە ئەشکەوتەکەی جاسەنە ئاوڕی لێ دراوەتەوە، وەکو شوێنەواری یەکێ لە قۆناغە گرنگەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان تەماشای کراوە!

* نە پەیکەرێکی شایستە بە ماندووبوون و خەمخۆری و ئیرادەی ڕاستەقینەی خزمەت کرد بە کورد بۆ **(حوزنی)** و ئەوانی دیکە بیری لێ کراوەتەوە!!

خۆ دیاریشە مانگ لە چواردەی بێت حەوجەی ئەنگووست نییە! بە چاوپۆشین لە هەموو کەم و کوڕییەکانی ئەمڕۆکە، کاروانی رۆژنامەنووسیی، خاتر و خۆتر نازانێ و هەر پێش دەکەوێ.

بۆیە ئەمجارە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە پاڵیشییەوە گۆڤاری **(رۆژنامەنووس)** دەیانەوێ ڕۆژانی یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی بە چەند لاپەڕەیەکی گۆڤارەکە و یەک - دوو ڕۆژی ئەو بۆنەیە بۆ **(بانگی حەق)** و **(زاری کرمانجی)** تەرخان بکات.

# "19"



گۆڤاریٚکی وەرزیی تایبەتە بە کلتوری رۆژنامەنووسیی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات

www.kurdistanjournalists.com rozhnamanoos@yahoo.com

خاوەنی ئیمتیاز:
- فەرهاد عەونی

سەرنووسەر:
- عەبدوللا زەنگەنە

جێگری سەرنووسەر:
- خالید بەکر ئەیوب

سکرتێری نووسین:
- دوکتۆر ئازاد عوبێد

دەستەی نووسەران:
- رەفیق سالٚح
- موسەدەق تۆقی
- هەژار حاتەم
- هێرش رەسوولٚ

تایپ و نەخشەسازی:
- کاوە فاروق
- هەوار محەمەد عەلی
- گۆران جەمال
- یادگار زوار

ناونیشان: هەولێر– شەقامی کوردستان
"شەست مەتری"– گەڕەکی زانیاری

Tel: +964 66 229 4800
Mobile: +964 750 456 8886 سەرنووسەر

– دیاریی ژمارە..... کوردێکی یەکڕەنگ ۳
– ژانری چاوپێکەوتن..... د. مەغدید سەپان ۱۷
– رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی..... سادق حەمە غەریب ۳۹
– بنەما ئەخلاقی و یاساییەکانی رۆژنامەنووسی.....
..... و/مێهدی مێهرپەروەر ٦۱
– پێوەندیکەرو بیردۆزی دەرگاوان..... د. ئازاد رەمەزان ٦۹
– رۆژنامەگەری کاژیک..... باوکی شانوو ۷۵
– ئامادەکردن و رێکخستنی هەڤپەیڤین..... و: کارزان محەمەد ۸٤
– بیبلۆگرافیای رۆژنامەوانی لە رۆژئاوای کوردستان.....
..... رێناس نەورۆزی ۱۰۱
– ناساندن و ئیندێکسی گۆڤاری رابوون..... نەوزاد عەلی ئەحمەد ۱۲۹
– شێوەی نووسینی راپۆرت لە میدیاکاندا..... سلێمان عەزیز ۱۵۵
– گۆڤارا تیرۆژ یەکەمین بڵاوکراوە ل سێمێلێ.. موسەدەق تۆڤی ۱٦۷
– رۆژنامەگەریا زارۆیان ل دەڤەرا..... سەلام بالایی ۱۷۷
– ناوونیشان لە رۆژنامەدا..... ئا: محەمەد جەمال ۱۸۸


**• وێستگەی رۆژنامەنووس**


– ژیانێکی خۆش بۆ سەلامی ناوخۆش..... ۱۹۵
– ئاکارو بنەما رۆژنامەنووسییەکانی جاران.....
..... ئا: عەبدولوەهاب شێخانی ۱۹٦
– تەلەڤیزیۆن و کەسێتی و مندآل..... غازی حەسەن ۲۰۱
– دیاردەی وشە و زاراوەی بیانی لە دیدی مامۆستایانی
راگەیاندنەوە ..... شوان سەرابی ۲۰۷
– رەوشی ئەمڕۆی زمان و زمانی راگەیاندنی کوردی.....
..... بەهائەدین ئەحمەد ۲۱۳
– لە ئەزموونی رۆژنامەنووسی بیانییەوە..... تاریق کارێزی ۲۱۵
– کۆمەڵە میدیاییە نێودەوڵەتییە گەورەکان.....
..... ئا: محەمەد عەبدوللا کەلاری ۲۲۳
– رۆڵی سریانەکان لە سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی عیراقدا.....
..... جۆرج هستدو ۲۲۷


*** هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا**


.....ئا: دیار خالید، جەمال حوسێن ۲۳۵
_ چوارەم راپۆرتی لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسیی ۲٦۲


هەواڵنامەی گێبە

# دیاریی ژمارە

**کوردێکی یەکرەنگ**

وا دیارە **(دیاریی ژمارە)**ی ئەو چەند ژمارەی رابردووی **(رۆژنامەنووس)** زیاتر بەدەوری بڵاوکراوە دانسقەکانی **(خوێندکارو لاوان)**دا خولاوەتەوە، پێشم وایە ئەو کاتەش نە رێکەوتە و نە بەرنامەیەکی پێشتر نەخشە بۆ کێشراوەی هەبووە، بەڵام دیارە راستی لە بەدواداچوونەکان وا ئەو رێکەوتەی بۆ کردووینەتە واقیع.

ئێمە لە ژمارە (١٨)ی **(رۆژنامەنووس)**دا، لە پاڵ هەردوو گۆڤاری **(رزگاری)** و **(پرشنگ)**دا بەدواداچوونێکی نەقیبی رۆژنامەنووسانمان لەسەر بابەتێکی هاوکارمان **(نەوزاد عەلی ئەحمەد)**، کە لە ژمارەی پێشووتری گۆڤارەکەماندا پەخش کراوە، بڵاوکردەوە. ئەویش کۆمەڵێک بەدواداچوونی وردی لەسەر بابەتەکە کردبوو، لە پاڵیشیەوە چەند دانەیەکی بڵاوکراوەی دیکەی قوتابیانی وەکو **(خەباتی قوتابیان)** و **(دەنگی قوتابیانی کوردستان)** و کتێبێکی هاوکارمان **(موسا ئەحمەد)** لەسەر **(رۆژنامەگەریی یەکێتی قوتابیان)**و شتی دیکەی بۆ ناردبووین.

جارێ لە پێشەوە پێویستە بۆچوون و تێبینییەکی برادەرێکی خۆشەویستمان لەسەر

بەدواداچوونەکەی نەقیبی رۆژنامەنووسان خاو بکەینەوە. گوایە ئەو کە نووسیوویە، **(وەکو ئاشکرایە گۆڤاری (رۆژنامەنووس) کە پێشتر ناوەکەی (رۆژنامەڤانی)یە)** ئەوە مەبەستێکی سیاسی لە دواوە بووە، لێرەدا بەو برادەرە عەزیزەمان و بە هەر کەسێکی دیکە، کە وا بیر دەکەنەوە، دەڵێین: ئەو هاوکارەمان چ لە نووسین و چ لە قسەو

هەڵسوکەوتی رۆژانەی بەدرێژایی ئەو هەشت نۆ ساڵەی رابـردوو، ئەگەر هـەر نیازێکی وای هـەبـوایـە قەت نەماندەتوانی نەک (١٠) ساڵ، بەڵکو (١٠) مانگیش کـاری لەگەڵدا بکەین. بەهەرحاڵ لە نێو ئەو بڵاوکراوانەی لە تـەک ئـەو بـەدواداچـوونـەدا بۆمان هـاتـبـوو، بـڵاوکـراوەیـەکـی دانسقەی دیکەی خستینە بەردەست کە دەمێکە لە نێو نووسین و بەدواداچوونەکانی قوتابیان نـاوی هەیە و ڕەنگی نییە. تەنیا لە چەند سەرچاوە و شوێنێک ئاماژە بە جـووت ژمـارەکـی دواتـری دراوە، ئەوەتا لێرەدا دەبینین ژمارە (١)ی **(ڕێـبـازی قـوتـابـیـان)** لـە ژێر دروشمی **(خەبات و زانیاری لە پێناوی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق)** وەکو **(گۆڤارێکی قوتابیانەی گشتییە مانگی جارێک لقی سلێمانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی دەری ئەکات)** بڵاوکراوەتەوە، گۆڤارەکەش دەرچـــوون و شـوێـنـی چـاپـی تـێدا نـەنـووسـراوە و نرخیشی (٥٠) فلس بووە، وادیارە هەموو کارەکانی بەڕۆنێۆ کراوە و لۆگۆی ناوەکەشی بەدەست و بەخەتێکی جوان ڕازێنراوەتەوە:

لە لاپەڕە(١٥٤)ی ژمارە (٣)ی گۆڤاری **(ڕۆژنـامـەنـووس)**ی ساڵی ٢٠٠٥دا، ڕەفیق ساڵح و عەبدوللا زەنگەنە لە بارەی ئەم گۆڤارە نووسیومانە!

ژمارە (١)ی لە ١٩٧٢دا دەرچووە.

- ژمـارە ٣-٤ی لە ساڵی ١٩٧٣دا بڵاوکراوەتەوە.

ئـومـێـدەوارێـن، بـە مـەبـەسـتـی نـووسـیـنـەوەی ڕاسـت و دروسـتـی مـێـژووی ڕۆژنـامـەنـووسـی کـوردی و پـڕکـردنـەوەی کـەلـەبـەرەکـانـی هـاوکـارانـی دیکـەش بـەدواداچـوونـی بابەت و نووسینەکانمان بکەن و وڵات ئاوەدان.



# ئەم لاپەڕەی بەرگی ناوەوە خۆی سپییە

هەواڵنامەی کتێب

بۆنەی ژمارە

دەبێت نوێبوونی سلێمانی چاوەڕێی ئێوارێکی وا بێت سلێمانی دەرەبەگایەتی ...

وەک کاریگەی بێهێزەستەم سەر داوکاری نوێبوون .. بۆ سلێمانی نیزامە بەگی پێناسینا بە ناوی نیزامەی پۆشتەیی کە دەرکردنی ئەو ئێوارەکاریگەرە لەو کارانەی ئەم پێزانەیە .

بەم بۆنە خاڵیەوە بەو نوێبوونە ژمارەی بەگی ئێوارەی (پیازی نوێبوون) بەخەنە بەردەم نوێبوون و خوێندەوارانی بەڕێزەوە . بەڵام دەستکورتی بێ بارەتی لەلایەن نوێبوونەوە کاریگی کردە سەر ئێوارەکەمان کەمێ یا زۆر .. بێ ئێمان بێ کەم وکوڕی نەبوە وەک ئێوارێکی کوپیەی تازەپێ گەیشتو بەڵام نەبوونێک لە دەست خۆمانیە چاکی . خرابی چونکە ئێوارێی هەوانەدە رچونێت بێت بووی خۆمان تەقرێبە وە جا لە ئێوایدا تەلین ئێوارێی نوێبوونە لە نوێبوونەوە بۆ نوێبوونەوە .

جا باکەم تەرخەمی نەکەین کەم نە بێنە لەکیس خۆمان کەدەبن نەتانە توانین هەوڵ بدەین ئێوارەکەمان بێ کەم وکوڕی بێت لە چیستن لە کەوێنە سەر داتی خەبەمان .

گەورەبەسەرکەوتنەوەی تۆڵەیان :

تۆڵەیانی کوردستان تەنها لە ساڵانی دوا بەدوای یەکەوە ڕێکەوتی (١ ئایاری ساڵی ١٩٣٠) نییە بەڵکو هەموو کارێکی کە بیان وەک گەورەبەسەرکەوتنەوەی دا، چونکە لەو ساڵەوە بەدواوە بزووتنەوەی کوردایەتی کە چەند ئاڕاستەیەکەوە هەوەسەرکردایەتی بزووتنەوەکەی لە دەست سەرچاوەکانی سەرمایەداری ئازە نیشتمانپەروەری تاڕۆتۆڵەیان و چینەکانی ژێرەوەی لە پەیوەندەوەی چینەکانی کەدەبەوە وەڕێ لەڕێیەوە بەڵگە بیان و بیرۆبیارکردنەوەی کۆمەڵانی سەلگەوە لەبەرداری کردنی ڕاستەو و لە ڕێبەرین و هەڵبژاردنەکانی ئەدا . تۆڵەیانی کوردستان ئەو دەورەی چیان کە بەبێ بەڵام نیشتمانپەروەری چینەکانیان بێتوانایی بەکێی یەکەڕاوە ئاڕاستەکراوی بەخۆیەوە نەگرتبوو، لەدوای شەڕی بیسانی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی ئازی بەگشتی لەدوای بزووتنەوەی دیموکراتیەت و ئازادیان بەتایبەتی ڕاپەڕینی ئەیلوڵی ساڵی ١٩٦١ بەرەو ڕووی دیموکراتی بانەوەی ڕاپەڕینی بیرهاتنەوەی بزووتنەوەی تۆڵەیانی کوردستانیشدا کە ڕووبەڕووی تاوانی زۆرتر لەگەڵ خۆیدا هێنا . دیاردەی تۆڵەیانی ئازی ڕووی لە زیادبوون کرد و بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرچاو کەوت . دیاردەی تۆڵەیانی ئازی ڕووی لە زیادبوون کرد و بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرچاو کەوت . دیاردەی تۆڵەیانی ئازی ڕووی لە زیادبوون کرد و بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرچاو کەوت .

لە ڕاپەڕینی جەماوەری ساڵی ١٩٦١ دا بەڵگەیەکی ئاشکرا بوو کە (ڕاپەڕینی گەورەی) کەوتە دژی تۆڵەیانی کورد لەبەرئەوەی بەشداری چالاکی پاشەکشەکردەوەی بارزانی ئەکرد بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداری نەدەکرد لە بزووتنەوەی نیشتمانی ڕزگاریخوازی کورد .

لە ساڵانی ١٩٦٤ - ١٩٦٥ دا بەڵگەی ئاشکرا هەیە کە ئەوەی کە بەشداری نەدەکرد لە بزووتنەوەی تۆڵەیانی ڕەوا بەرامبەر بەو بزووتنەوەیە بەڵکو بەشداری دەکرد لە دژایەتی کردنی ئەو بزووتنەوەیە بەهەموو شێوەیەک و بەردەوام بەشداری دەکرد لە تۆڵەیانی کوردی لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە تۆڵەیانی کورد لە دژایەتیکردن

— ١ —

## قۆناغەکانی کاتسان

(١) لەپێناوی بەرگرتنەوەی زیادەی ئەندێشتی و بڕوانەبڕی و گێلانەی ماوەی پێنج دەزگای کوردستان، دژبەری بیلانە کەمان سووتەمەنی لەدایک ناتوانی کلیلی خەباتی پێشوو کوردستان.

بەکێشی توانایانی کوردستان ئەڵێ ئەمی بەکردنەوەی بەئەندەمەی پاراگایەکە لە ناوچەکانی کوردستاندا، وەکو بەمانی کردەوەی بێ ناوەکی کە پاشی ئەڵما لە ناوەندی ئاڵقەکانی کوردستاندا، بڕۆتەوە بەکێی بێ ئەوەی لە مێژووی بەوڵانەوەی توانایانی کوردستاندا، ئەم ڕووداوانە ئاڵقە دانی کە وەدیهاتووی کە ئەبوو لە نێوان توانایان وبڕۆتەرانی کوردستان. وەدەرچێکی کرێکی تۆی کە ئەم سەرەتایانە بۆ توانایان کە کێشە لێکی ڕۆشنبیری ئی کە پشتوون.

(١) وە بڕۆتەران کە ئەوە ئاڵینن لە زێدەڕۆی دەڵاکە وێنەی لە ئەمبۆ ڕووبەکی ئەمانەوە و لە چەند ڕەنگی چەند ئاوە کە ستێرەکانەوە. وەئی کە پشتی چۆتەرانی کوردستان بۆ ئەم ڕۆاستیەی کە کێشەلێکە هەستن پشتکێپان دەکەن و وە لە ئەمانی کاتیندا پارێزەکێپان ئەدەن بە پێچەوانەی ئەوەی کە چۆتەران بەپێان لێ کردۆتەوە ئەبوو تا توانایان دەنگەبەردەم بە ئاڵوێکی تازەتر لسەر زیاندا بڕۆیش و کاری (بەدەی) وە چەماندنی ئەو ڕاپەڕانەی کە نووسەوەی لە زیانی خوێندەوا یا نووسەوەی ئەو لەبەر ڕێکانی دەرەوەدا، وە بەستن (بەرەبەستی ناڕی بۆ ئەمی) وە ناوەندانی ئەمبی ڕاستی لەم بەیدانەدا ئەوە ئاراستی وێنانی نێوان بووەڕەدەکەبۆ توانەوەیان لەبۆتەی خەباتەوە چالاکی دا وەی کە پشتبەکی ئەوانی لە ڕاستی زیان و (ڕاپەڕ).

(٢) ئەمە لە لایەن وە لە لایەکی ترەوە توانایان کە مێژی زیانێکی خۆشکێوەرانی بۆون لە ناوبەرەکانداوە کوراندێکی تانی کە م دێتەڕی بان لە زیاندا بە لاڕ کاڕی کردنەکەی (تأثیر) نەمێنەی بە، کە پێش دەڵای چۆتەرانی بۆ ناوچەکانماوەی ڕەنج دەزگای کوردستانەوە وە ئەمبی کردن لە کە نیان لە سەرکێشک و خوێن کاڕەکانیان وە لە ئەمانی کاتیندا سەبڵ دانێکی (فکری) لەکە نیاندا بۆ مەبەستی زیانبەخشکردنەوەی دەبەڕی چەپاوەی لە ناوچەندا وە نەبڵدان بۆ زانینی لە وێنەکە ئەمانەی دێتەڕی بان لە زیانی بووانەپاندا ... ئەوە ئاڕاستی داواکاریەکانیان بەپێگەی ڕاستیانەبۆ جارەسەرکردن لەوێنەکە ئەمانەی دێتەڕی بان.

* * * * * * * * *

پەیاو کە پیاوە بەبەڵگەی پیاوی — نەکە بە (وەزیفە) ناڕی بەناوی

بێ ناوی بۆشە ئەبەدی وە کە ئەبوون وێنەن — ئامێن کە وانە وڵاتی هیلانە تا کە زین

لە دڕی خۆشەزیادکە بەلە دڕزانی — خۆشە ئەبێ ئەوج کە مرۆڤ سووکە نەزانی

## ســـــــــ

هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

## رەوشـــتیران

رەوشتیران دەستەوتاقیکن لەکۆمەڵ ئەگەر سانیکن کە شارەزایان لەتیۆری کاری (فکری) ئەم جەیە رەگوزانا و ئیوەیە ئەدو کە ئەدارایی وبیسینسی کـشتگان وپیشسلە و مامۆستایان وبەشێک لەلەیان بەڕان ٠

رەوشتیران بەئەنیا چینێکی بوەلایەنی تایبەتی پیلەتایبەتی ئوشکە چون وەدەوڵەتی سەربەخۆیان نیەلەسیستەمی بەرنامەی ئیقتیادی کۆمەڵایەتی دا ەلەو پرۆلاتانەی کەدژاکە چون لەزیمارەی زیانەوە بەتایبەتی لەبوی تاپوێری بەوە ٠٠٠ رەوشتیران لەپرۆلاتی جیهەدەستەپرۆلەتوە بورجوازیەکان بەپلە یانتوە جوشکە پرۆلاتی جیهەدەوسارەکان توانای تەواژکردنی بەیاگسار دانیەکایان نیەلەبەرکەوەدەستی وبەرەی لاوازی ئوزەڵایان ٠ سەرمایەدارەکان ٠ رەوشتیران بوبەرزەوەندی دەستەبچەسەرمانا کەئەوین وەمامۆستاو زانایانی خانەدان بەوەوە تایەوڵوجەتی سەرمایەداری لەناوکۆمەڵدا بەتوکە کانەوە وەتیوریزەبازی جیاجیاش بودالەئیمپوزەوایی دانەیان دەسەلات وبەرەی سەرمایەداری ٠

بەشێکی زۆربەش لەرەوشتیران دەوبەکی ترەتە بەینن لەکۆمەڵدا بەبەندارێتیان لەخەباتدانان بەدژایی جەماوەری میللی فراوان لەبەناوی سەربەخۆیی وبزاڤی دالەپێش بەڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی بورجۆکیزانەو نوێی ئوازی لەنیوان کارگەڕاندا بوتێکدانی دابەزەزاو توڕانەکانی بەرەی سەرمایەداری وەبنبەستی دایی وبەرەی سوسیالیستی ٠ لەم دەستەبەندی لەرەوشتیران جیاوازن لەرەوشتیرانی تریەوەی ئیوەئەگەرەوە ٠

دەستەبەندی ئیوەشتیران بەن کەشارەزایی لەپاپیان تی بەلەتیۆری کاری فکری دا بەتکوبەندارێتی لەپاپیان تردەوەلەپرۆسەی بزاڤی ئوازی میللەتداوەکوتیکڕاون بەبیروباوەڕی بورجۆکیزانەو ئوشیاری نەتەوایەتی و جیهانیەتی ٠

لەگەڵ بنبەستەکانی بزاڤێکی بەکسانی دامەزراوی نوێی ڕەوشتیرانی بیشتربەبیروباوەڕی نوێی بورجۆکیزانەبەڕوەڕدەلەگڕینەوە ٠ لەدەنەیانگاندا لەوەیەکی تازەلەڕەوشتیرانی جیاوازبە بیروباوەڕی نوێی دروستکەئیستەلەسایەی سیەبەری بزاڤی بەکسانی دا بەبیرەوانەی سەرمایەداری بەوەگیرکاوەوبنجاوبانەکانیان زیندەی ڕەوشتیران پیلەتەنەشتین بەڵام وەئەبی ڕەوشتیران ئەنگێکیان لەدەستبیتەئەبیتەوانەکەئی کارگەڕان و بنجاباندا بەڵاکەن ٠

xxxxxxxxx

ڤەرگێڕانەکەی کتێبی

# چاوپێکەوتن لە ڕاگەیاندندا

**توێژینەوەیەکی گشتییە لەسەر تەکنیک و ژانری چاوپێکەوتن بەمەبەستی باشترکردنی ڕاگەیاندنی کوردی نووسراوە**



نووسینی: د. مەغدید سەپان*

**پێشەکی:**

ژانری چاوپێکەوتن، یەک لە ژانرە هەرە گرنگەکانە و بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان لە ڕاگەیاندن بەکار دێت. بینەر، بیسەر، خوێنەر، لە ژانری چاوپێکەوتن، زانیاری پێویست، لەسەر بابەتی دیارکراو لە سەروچاوە یان کەسی یەکەم وەردەگرێت.

ژانری چاوپێکەوتن زۆربەی جار لە ڕاگەیاندنی کوردی بە: "چاوپێکەوتن، دیدار، دیمانە، هەڤپەڤین، گفتوگۆ، ئینتەرڤیو" ش ناوی دەبرێ. ئەم ژانرە "چاوپێکەوتن" زۆر جار بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ نووسینی گوتار، ڕێپۆرتاژ یان هەواڵ ئەنجام دەدرێ و لە زۆر کاتدا، لە شێوەی خۆشی بڵاو دەکرێتەوە و دەخرێتە بەردەم خوێنەر، بیسەر یان بینەر. ناوەڕۆک و ئەنجامی ئەم ژانرە، زۆربەی جار، هەواڵی گرنگی لێدەکەوێتەوە و دواتر لە ڕاگەیاندن مشتومڕی زۆری لەسەر دەکرێ، بۆیەش بە ژانرێکی هەواڵی بەناوبانگە.

ژانری چاوپێکەوتن، ئەگەرچی، بە شێوەیەکی زۆر فراوان لە کوردستان بەکار دێت، لەگەڵ ئەوەش، تا ئێستا نەتواندراوە وەک پێویست سوودی لێوەربگیرێ.. سوود وەرنەگرتنی، زیاتریش، لەبەر کەمی کادیری بەتوانا و پسپۆرە لە ڕاگەیاندن.

ڕۆژنامەنووسانی کورد، ئەگەرچی ئەو ژانرە زۆر بەفراوانی بەکار دەهێنن، لەگەڵ ئەوەش، نەیانتوانیوە وەک پێویست بچنە نا وردەکارییەکانی ئەو ژانرە و سوود لە تەکنیکی چاوپێکەوتن وەربگرن، هەر بۆیە، ئەگەر تا ئێستا، خوێنەر، بینەر، بیسەری ڕازی کردبێ، لەداهاتوویکی نزیک بەش ناکات و دەبێ پسپۆرانە ئەنجامی بدەن و پرسیارەکانیان بەجۆری دیکە ئاڕاستەی قارەمانەکانیان بکەن.

ئەو توێژینەوەی ئێمە بەناوی: **"ژانری چاوپێکەوتن لە ڕاگەیاندندا"** بەو شێوە فراوانییە بۆ جاری یەکەمە بە زمانی کوردی بنووسری و بەو بەو ئامانجەی لە داهاتوویکی نزیکدا، ئەو کەموکورتییانەی لەو بوارە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆندا هەن، چاک بکرێ و کاری لەسەر بکرێ.

گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە، بابەتێکی هەنووکەییە و بۆ پێشخستن و بە پسپۆرکردنی ڕاگەیاندنی کوردی لە داهاتووی نزیکدا زۆر پێویستە.

ئامانجی نووسەر، لەم توێژینەوەیەدا، خزمەتکردنی ڕۆژنامەنووسی کوردییە، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا، ڕۆژنامەنووسانی کورد، ئەو چاوپێکەوتنانەی وەریدەگرن، باشتر خۆی بۆ ئامادە بکەن و زیاتر سوود لە تەکنیکی چاوپێکەوتن وەربگرن. بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە، سوود لە کۆمەڵێک سەرچاوەی گرنگ، بە زمانەکانی، ڕووسی، سوێدی، کوردی، وەرگیراوە.

## ژانری چاوپێکەوتن

### پەیدابوونی ژانری چاوپێکەوتن لە ڕاگەیاندن:

چاوپێکەوتن لە ژانرە هەرە گرنگەکانی ڕاگەیاندنە و لە سەدەی هەژدە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی بەریتانیادا سەری هەڵدا. پێش ئەوەی ئەم ژانرە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەکار بێت، دیارە لە دادگا بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی تاوانی جیا جیا و لێکۆڵینەوە بەکار دەهات. پرسیار و وەڵامی دادوەری گشتی و تاوانبار بۆ خوێنەران وەک خۆی بڵاو دەکرایەوە. **(لەو سەردەمەدا هێشتا ڕۆژنامەنووسان پرسیاری خۆیان لە کابرای تاوانبار نەدەکرد، بەڵکو ڕۆژنامەنووس بەوە ڕازی بوو کە پرسیاری دادوەری گشتی لەگەڵ وەڵامی تاوانبار بخاتە سەر کاغەز.)**[1]

**(ژانری چاوپێکەوتندا، جگە لە بەریتانیا، لە ڕۆژنامەکانی نیو- یۆرک لە ناوەڕاستی ١٨٣٠ زۆرتر بایەخی پێدرا، ڕوونتریش لە سەردەمی شەڕی نێوخۆی ئەمریکا لە ١٨٦١ - ١٨٦٥ شوێن پێی خۆی لە ڕاگەیاندن گرت.)**[2]

ژانری چاوپێکەوتن زۆر درەنگتر لە ژانرەکانی دیکەی هەواڵی **(هەواڵ، ڕیپۆرتاژ)** کەوتە ناو ڕاگەیاندنی کوردی. بەکارنەهێنانی ئەم ژانرە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی، هۆی زۆری هەیە، بەڵام لەوانەیە لەهەموویان گرنگتر، ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، بەڕێک و پێکی دەرنەدەچوون و زوو زووش لە دەرکردن دەوەستان. ئەم دەرنەچوونەش، تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، زۆربەی جار، هۆی سیاسی لەپشتەوە بووە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوانەی خەریکی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار بوون، زیاتر نووسەر، شاعیر و کوڕە بەگزادە و دەوڵەمەند بوون، ئەوانەش بەدوور نازاندرێ لەبەر پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان، پێیان شەرم بووبێ، بچنە لای شێخ، بەگ، ئاغا، کە دەستەڵاتیان هەبوو، لە دەزگاکانی حکومەت کاریان دەکرد و سەرچاوەی زانیاری بوون، داوای زانیاریان لەسەر بابەتی دیارکراو لێ بکەن. ئەگەر هەر زانیارییێک شێخ، ئاغا، بەگ بیزانێ، دەبێ خۆشی بیزانێ...ئەو هۆیانەی سەرەوەن، بوونەتە هۆی کەم بەکارهێنانی ژانری چاوپێکەوتن لە ڕاگەیاندنی کوردیدا. ڕۆژنامەنووسانی پێشتری کورد، بۆ وەرگرتنی زانیاری گومان لەوە نییە، کە خەڵکیان بینیووە، پرسیاریان لێ کردوون، بەڵام ئەو زانیاریانەی وەریان گرتووە، لە شێوەی پرسیار و وەڵام بڵاویان نەکردۆتەوە، بەڵکو بۆ نووسینی: هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، گوتار...هتد. بەکاریان هێناوە.

هیچ زانیارییەک لەڕاگەیاندن بەئاسانی دەست ناکەوێ و لەڕاستیدا دەبێ ڕۆژنامەنووس بەدوای بگەڕێ. باشترین شوێنیش، دیارە ناو خەڵکە. ڕۆژنامەنووس بۆ پەیداکردنی

زانیاری دەبێ بچێتە ناو خەڵک، بەڵام بۆ نووسینەوە و ئامادەکردنی بابەتی پێویست، بەتایبەتیش ژانری هەواڵی، ڕۆژنامەنووس دیارنییە و بزرە و ئەو نابیندرێ. **(لە گوتاری هەواڵی، بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەنووس دیار نییە.)**[٣] وەک لەسەرەوە نووسیمان چاوپێکەوتن، ژانرێکی هەواڵییە و بریتییە لە پرسیارکردنی ڕۆژنامەنووس لە کەسانێ، کە ئەو پێیوایە، ڕایان بۆ خوێنەر، بیسەر و بینەر، زۆر گرنگە. بەڕێگای پرسیار و وەڵام کۆمەڵێک زانیاری نوێی دەست دەکەوێ و دواتر لە شێوەی گوتار، هەواڵ، ڕێپۆرتاژ یان وەک چاوپێکەوتن خۆی بڵاو دەکرێتەوە. پسپۆری ڕاگەیاندن، سۆران لارسۆن، لە کتێبی Att skriva... دەنووسێ: **(بۆئەوەی تۆ ببیتە ڕۆژنامەنووسێکی چاک، دەبێ بزانی چاوپێکەوتن چۆن ئەنجام دەدرێ و چۆنیش دایدەڕێژیتەوە. ئەمە بناغە و ئەلف و بێی ڕۆژنامەنووسییە.)**[٤]

کارکردن لەسەر چاوپێکەوتن لە چوار قۆناغ پێکدێت:

١ - خۆئامادەکردن
٢ - قسە کردن
٣ - چاپکردن
٤ - کۆنترۆل کردن

ئەو چوار قۆناغەی سەرەوە پرۆسەی وەرگرتنی چاوپێکەوتنن، بەڵام چاوپێکەوتن بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار یان رادیۆ و تەلەفزیۆن زۆر لەیەکتر جیاوازە.

**چاوپێکەوتن بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار:**

چاوپێکەوتن بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار، دەکاتە کارکردن و ئامادەکردنی بۆ چاپ، خوێنەر گوێی لە دەنگی ڕۆژنامەنووس یان قارەمانی چاوپێکەوتن نابێت. **(قارەمانی چاوپێکەوتن بەو کەسە دەگوترێ، کە ڕۆژنامەنووس بۆ بەرهەمی خۆی، لە ئەنجامی پرسیار و وەڵام ڕای بۆ خوێنەر، بیسەر یان بینەر وەردەگرێ)**. ئەوان نابینن و نابیستن، بەڵکو تەنیا نووسینەکە دەخوێننەوە. لێرە ڕۆژنامەنووس هەموو کارەکان دەتوانێ بە تەنیا ئەنجام بدات و پێویستی بە یارمەتی کەس نابێت. بۆ ئەوەی کارەکە بەباشی بەڕێوە بچێ، ڕۆژنامەنووس دەتوانێ سوود لە تەکنۆلۆجیا وەربگرێ، ئەمیش وەک بەکارهێنانی ئامێری تۆمارکەر**(ریکۆردەر)** لەگەڵ کامیرا. چاوپێکەوتن بۆ نووسینی کورتە هەواڵ، زۆر جیایە لەوەی بۆ نووسینی گوتار، ڕێپۆرتاژ.. بێت. چەند زیاتر نووسینەکە درێژ بێت، ئەوەندە زیاتر دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکەیت. ئەگەر چاوپێکەوتنەکە تەنیا بۆ نووسینی هەواڵ بێت، لەوانەیە بەچەند کورتە پرسیارێک و لە ماوەی چەند خوولەکێک، تەواوی زانیارییەکان دەست بکەون و پێویست بە بەکارهێنانی ریکۆردەریش نەکات، بە پێچەوانەش بۆ نووسینی زۆر و درێژ، لەوانەیە جگە لە ڕۆژنامەنووس خۆی، پێویست بە کامیرا و وێنەگریش بکات.

**چاوپێکەوتن بۆ رادیۆ:**

جیاوازی چاوپێکەوتن بۆ رادیۆ لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤار، تۆمارکردنی دەنگی ڕۆژنامەنووس و قارەمانی چاوپێکەوتنە. بۆ رادیۆ ڕۆژنامەنووس پێویست ناکات، نووسینەکان بنووسێتەوە، بەڵکو دەبێت وەڵامەکان بەدەنگ تۆمار بکات و لە تۆمارکردنیشدا، دەبێ دەنگی هەردوو لا زۆر باش بیسەر گوێی لێبێت و دەنگی لابەلای تێکەڵ نەبێ. لێرەدا ڕۆژنامەنووس پێویست ناکات، نووسینەکان بنووسێتەوە و لەلایەنی زمانەوانییەوە دەستکاری بکات، بەڵکو دەبێ لایەنی دیکە بایەخی پێبدرێ، وەک ئایا هەموو چاوپێکەوتنەکە وەک خۆی لێبدرێتەوە و سوودی لێوەربگیرێ، یانیش کورت بکرێتەوە. لە چاوپێکەوتن بۆ رادیۆ، دەبێ پرسیارەکان لە شێوەی پرسیار بکرێن و قارەمانی چاوپێکەوتنیش بەڕێکو پێکی یان

بەڕوونی وەڵام بداتەوە و پەیامەکەی دەربڕێت.

لە چاوپێکەوتن بۆ رادیۆ دەنگ زۆر گرنگە و زۆربەی جار، بیسەر دەبێ گوێی لە دەنگی هەردوو لایان بێت. بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن بۆ رادیۆ شوێن زۆر گرنگە و ئەو شوێنە نابێ لەکاتی قسەکردن دەنگدانەوە یان دەنگی کەسان یان ئۆتۆمبێل، هاشەی با هەبێ، چونکە هەموویان دەبنە بێزارکردنی بیسەر. لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە شوێن بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن بۆ رادیۆ و بەکارهێنانی جۆرەکانی میکرۆفۆن زۆر گرنگن.

مەبەست لەو نووسینەی سەرەوە زیاتر بۆ بەرنامە گشتییەکانە، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەنووس، بۆنموونە بیەوێ چاوپێکەوتن لە گەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بکات، زۆر ئاساییە، لە پاشخانی چاوپێکەوتنەکە، دەنگی قوتابیان بێت، لێرە هاتوهاواری قوتابییان چاوپێکەوتنەکە زۆر زیندووتر دەکات. دیدار بۆ رادیۆ، باشترە ڕۆژنامەنووس ئەندازیاری دەنگی لەگەڵ بێت، بۆ ئەوەی دەنگەکان بە شێوەیەکی باش تۆمار بکرێن.

**چاوپێکەوتن بۆ تەلەفزیۆن:**

چاوپێکەوتن بۆ تەلەفزیۆن بە بەراورد لەگەڵ رادیۆ یان ڕۆژنامە و گۆڤار جیاوازی زۆرە. چاوپێکەوتن بۆ تەلەفزیۆن، خۆئامادەکردنی زۆری دەوێت و بەتەنهاش بەهیچ شێوەیەک ئەنجام نادرێ. ڕۆژنامەنووس دەبێ، بەلای کەم یەک کامیرا و وێنەگر، ئەندازیاری دەنگ، ئەندازیاری ڕووناکی، یەکێک بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکان لەگەڵ دابێت. ئەگەر چاوپێکەوتنەکە ڕاستەوخۆش پەخش بکرێ، پێویستی بە ئۆتۆمبێلی تایبەت "SNG" دەبێت. پەخشی زیندووی لە دەرەوەی ستۆدیۆ، خەرجی زیاترە و پارەی زۆرتری تێدەچێت. ئەگەر چاوپێکەوتن زیندوو بێت و لە دەرەوەی ستۆدیۆ، پێویستە ڕاستەوخۆ مونتاژ بکرێت و بە ئامادەیی بۆ بینەران پەخش بکرێ، ئەگەر ڕاستەوخۆ نەبێت، دیسان ئەگەر بە زیاد لە یەک کامیرا گیرا، لە شوێنی چاوپێکەوتن ڕاستەوخۆ مۆنتاژ دەکرێ، یانیش فیلمی کامیراکان بۆ تەلەفزیۆن دەگوازرێنەوە و لەوێندەر ڕۆژنامەنووس بە هاوکاری پسپۆری مۆنتاژ بەرهەمەکە بۆ پەخش بەیەکەوە ئامادە دەکەن. ئەگەر قارەمانی چاوپێکەوتن بە زمانی جیا لە ڕۆژنامەنووس قسە بکات، لەوکاتدا پێویستی بە یەکێکە بۆ وەرگێڕان و لە تەلەفزیۆن بڕیار دەدرێ ئایا وەرگێڕانەکە بەتایتل بە بینەران نیشان دەدرێ یان دەبێ دۆبلاژ بکرێ.

**بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن بۆ رادیۆ شوێن زۆر گرنگە و ئەو شوێنە نابێ لەکاتی قسەکردن دەنگدانەوە یان دەنگی کەسان یان ئۆتۆمبێل، هاشەی با هەبێ، چونکە هەموویان دەبنە بێزارکردنی بیسەر**

* * *

**چاوپێکەوتن بۆ تەلەفزیۆن بە بەراورد لەگەڵ رادیۆ یان ڕۆژنامە و گۆڤار جیاوازی زۆرە**

لە وەرگرتنی چاوپێکەوتن بۆ تەلەفزیۆن، زۆر گرنگە، شوێنی دانیشتن، شێوەی دانیشتن، کورسی و دیکۆر و باکگراوند زۆر بیری لێبکرێتەوە. بچووکترین هەڵە و کەموکورتی، بینەر بێزار دەکات. ڕۆژنامەنووس دەبێ ئاراستەکردنی پرسیاریشی بۆ تەلەفزیۆن بە جۆری دیکە بێت، چونکە بینەر هەر هەمووی دەبینێ، بۆیە خۆئامادەکردنی زۆر زیاتری دەوێت. بۆ ئەوەی سێبەر لەسەر دەم و چاو دروست نەبێ، زۆربەی کات، کەسێکی موکیاجزانیش (مەیک ئەپ) لەگەڵ گروپی ڕۆژنامەنووس ئامادەیە و لەکاتی پێویست پۆدرە لە دەم و چاوی ڕۆژنامەنووس لەگەڵ ئەوانەی لە سەر شاشە بەدیار دەکەون دەدات. ئەگەر چاوپێکەوتن لە دەرەوەی ستۆدیۆ بکرێت، دەبێ بیر لە کەشوهەواو، ڕۆژ و سێبەر و سەرماش بکرێتەوە.

**بەکارهێنانی تەلەفۆن بۆ چاوپێکەوتن:**

ڕۆژنامەنووس بۆ کارئاسانی خۆی دەتوانێ تەلەفۆن بەکار بهێنێ، بەڵام قسەکردن و وەرگرتنی چاوپێکەوتن بە تەلەفۆن بۆ بابەتی درێژ، کارەکە مردار دەکات و گیانی وەبەر ناهێڵێ. **(یەک لە کارە سەرەتاییەکانم، دەبوایە لێدوان لە چەند جووتیارێک وەربگرم. Axel Ericsson ی سەرنووسەر داوای لێکردم و لەوبڕوایەدابوو، کەمن بەچەند تەلەفۆنێک ئەو زانیارییانەم دەست دەکەوت و لێدوانەکانم لای خۆم تۆمار دەکرد. وەرگرتنی چاوپێکەوتن بۆ ئەو کەسانەی کتێبی (ڕۆژنامەنووس) ی Set Poppius یان نەخوێندبۆوە، زۆر ئاسان بوو. من بۆ وەرگرتنی لێدوان لە پێنج جوتیار نزیکەی ١٠٠ کم ئەوڕۆژە پاسکیلم لێخوڕی.)**[٥] ئەم ڕووداوە بۆ ڕۆژنامەی نۆرتێلیێ لە ساڵی ١٩٤٩ سۆران لارسۆن ئەنجامی دابوو. ئەوە جگە لەوەی نزیکەی سەد کم بە پاسکیل ڕۆیشتووە، لەبەردەم کابرای جووتیار شەرمی بەخۆی بووە، قسەکانی بنووسێتەوە. **(من نەمدەتوانی قسەکان لەبەردەم کابرای جووتیار لەسەر دەفتەرەکەم تۆمار بکەم، پاش ئەوەی لای دەڕۆیشتم و لەو ون دەبووم، پاسکیلەکەم دادەنا و تەواوی قسەکانم وەک خۆی دەنووسییەوە.)**[٦]

بینینی قارەکانی چاوپێکەوتن زۆر باشتر و بەهێزترە لەوەی بە تەلەفۆن لێدوانی لێوەربگریت، چونکە لەوکاتدا جگە لە وەرگرتنی چاوپێکەوتن، بەدوور نازاندرێ پەیوەندی باش و دۆستانەش لەنێوان ڕۆژنامەنووس و قارەمانی چاوپێکەوتن دروست ببێت، بۆ جارەکانی داهاتووی ڕۆژنامەنووس پێویستە و جگە لە قسەکردن، جوولەی جەستەش سوودی

**بینینی قارەکانی چاوپێکەوتن زۆر باشتر و بەهێزترە لەوەی بە تەلەفۆن لێدوانی لێوەربگریت، چونکە لەوکاتدا جگە لە وەرگرتنی چاوپێکەوتن، بەدوور نازاندرێ پەیوەندی باش و دۆستانەش لەنێوان ڕۆژنامەنووس و قارەمانی چاوپێکەوتن دروست ببێت**

لێوەردەگیرێ.

**خۆ ئامادەکردن بۆ چاوپێکەوتن:**

یەک شێوازی تەواو بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسان و کەسانی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت، نییە و بۆ هەر یەک لەوان بە جۆری تایبەت خۆ ئامادە دەکرێ. ئەو جۆرە خۆئامادەکردنەی بۆ وەزیری تەندروستی پێویستە، لەوانەیە بۆ وەزیری ڕۆشنبیری پێویست نەکات. لێرە ئەو خۆئامادەکردنەی بۆ وەزیری تەندروستی پێویستە، لەوانەیە ئەگەر وەزیر بگۆڕدرێ دەبێ ڕۆژنامەنووس بە جۆری دیکە خۆ بۆ هەمان چاوپێکەوتن ئامادە بکات. ئەگەر لەسەر پرسیاری دیکە چاوپێکەوتن لە وەزیری تەندروستی وەربگیرێ، بۆ ئەویش دەبێ لەشێوەی نوێ خۆی بۆ ئامادە بکەیت. **(خۆت باش ئامادە بکە، بەڵام هیچ پرسیار مەنووسەوە.)**[٧]

ئەگەر ڕۆژنامەنووس خۆی بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن باش ئامادەکرد و بزانێ چی دەوێت یان وەڵامی چ پرسیاری پێویستە، لەوانەیە پرسیار نەنووسین باش بێت، بەڵام پرسیار نەنووسین، بۆ ڕۆژنامەنووسانی کەم ئەزموون، لەوانەیە ئاسان نەبێ. ئەگەر پرسیار بنووسرێن، زۆرگرنگە، ڕۆژنامەنووس ڕۆلی ڕۆبۆت نەبینێ، بەوەی سەیری کاغەزی بەردەمی بکات، ئەو پرسیارەی نووسرایە تەنیا ئەو بکات و چاوەڕێ بکات، بەزووترین کات پرسیاری داهاتووی لێ بکات. ئەگەر ڕۆژنامەنووس وەک چۆن ئێمە نووسیمان، پەیڕەوی کرد، دیارە ئەو زیاتر لە ڕۆبۆت دەچێت لەوەی لە مرۆڤێکی ڕۆژنامەنووس. زۆربەی جار، پێش ئەوەی ڕۆژنامەنووس بگاتە بەردەم قارەمانی، بەتەلەفۆن، فاکس، یان E-mail کابرای ئاگادار کردۆتەوە. کات و شوێنی وەرگرتنی چاوپێکەوتن داندراوە. بۆ ڕۆژنامەنووس یەکجار گرنگە لەو بینینە دوا نەکەوێت، بەڵکو پێش کاتی دیارکراو لەوێندەر بێت و خۆی باش ئامادە کردبێت. مەبەست لە خۆ ئامادەکردن، کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری لەسەر کەس و پرسیاری بابەتی چاوپێکەوتنە. هەندێک جار، ڕۆژنامەنووس کتێب، بەڵگەنامە، ڕۆژنامە و گوتاریش لەگەڵ خۆی دەبات و ئەگەر پێویست بکەن، نیشانی قارەمانی چاوپێکەوتن دەدات. لێرە زۆر گرنگە، ئەگەر ڕۆژنامەنووس ئەو بابەت و بەڵگانەی لەسەر قارەمانی خۆی کۆیکردوونەتەوە، بەشێوەیەک نیشانی بدات، بەوەی کابرا هەست نەکات تەلەی بۆداندراوەتەوە و فێڵی لێ کراوە. هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤار ئەرشیفی دەوڵەمەندیان هەیە و بەئاسانی ڕۆژنامەنووس ئەو زانیارییانەی دەیەوێ دەستی دەکەوێ، بەڵام هەندێکی دیکە لە ئەرشیف هەژارن و ڕۆژنامەنووس ناچارە خۆی بەدوای زانیارییەکان بگەڕێ. زۆرجار ڕۆژنامەنووس تەواوی کارەکانی بەتەنیا بۆناچێتە سەر، بۆیە یارمەتیدەرێکیشی هەیە. ڕۆژنامەنووسانی ئازاد **(فریلانس)** ناتوانن، ئەرشیفی ڕۆژنامەنووسانی دیکە بەکار بهێنن، بۆیە زۆر لەوان خاوەن ئەرشیفی تایبەتی خۆیانن. ئێستا بەهۆی پێشوەچوونی تەکنیک، کۆکردنەوەی زانیاری زۆر ئاسانتر و خێراتر بووە. وەرگرتنی چاوپێکەوتن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە زۆر جیاوازە، هەربۆیەش، دەبێ بۆ هەر قارەمانە و بە جۆرێک ڕۆژنامەنووس خۆی ئامادە بکات. هەر بابەتێک و پرسیارێک، شێوەی نوێ خۆئامادەکردنی دەوێت و شوێنی وەرگرتنی چاوپێکەوتنیشی بۆ هەڵدەبژێردرێ. ئەو شوێنەی بۆ کەسێک بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن دەگونجێ، لەوانەیە بۆ کەسێکی دیکە گونجاو نەبێت.

**خۆ ئامادەکردنی پسپۆرانە بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن بەقسەی سۆران لارسۆن دەکاتە:**

– ڕۆژنامەنووس دەزانێ باس لە چ بابەتێک دەکات.

– ڕۆژنامەنووس زوو هەست دەکات، لەوکاتەی قارەمانی چاوپێکەوتن دەیەوێ لە پرسیار هەڵبێ و باس لە بابەتی دیکە بکات.
– لەوکاتەی قارەمانی چاوپێکەوتن دەزانێ، ڕۆژنامەنووس زانیاری باشی لەسەر پرسیار و بابەتی دیارکراوی هەیە، ناچار دەبێ بەجۆری دیکە وەڵامی پرسیارەکانت بداتەوە و زانیاری زۆرتر بداتێ.
– قارەمانی چاوپێکەوتن هەست دەکات ناتوانێ فێڵ لە ڕۆژنامەنووس بکات و لە پرسیار ڕا بکات، بۆیە بیردەکاتەوە باشترە یەکسەر تەواوی زانیارییەکانت بداتێ.
– ڕۆژنامەنووس بڕوای پێدەکرێ."٨"

جگە لەو خاڵە گرنگانەی سەرەوە، زۆر باشە ڕۆژنامەنووس بیر لە چۆنێتی دەست پێکردنی چاوپێکەوتن بکاتەوە، کەبە چ پرسیارێک دەست پێبکات و چۆن وەڵام و پرسیارە گرانەکانی دەست بکەوێت و چۆن وابکات، قارەمانی چاوپێکەوتن هەست بکات، ئەمە دانیشتنێکی خۆشە نەک وەرگرتنی چاوپێکەوتن.

## ئامانج لە چاوپێکەوتن و سوود وەرگرتن لە تەکنیکی چاوپێکەوتن:

ڕۆژنامەنووس خۆی ئامادە دەکات و بەرنامەیەک دادەڕێژێ، چۆن پرسیارەکان ئاڕاستەی قارەمانی چاوپێکەوتن بکرێن. بۆ ڕۆژنامەنووس زۆر گرنگە، پرسیارە گرانەکان لەسەرەتا نەکرێن و هێواش هێواش بۆ بابەت و پرسە گرانەکان بچێت. ئەگەر ڕۆژنامەنووس بە پرسیاری گران دەست پێ بکات، لەوانەیە هیچی لەو چاوپێکەوتنە دەست نەکەوێ و قارەمانی ئەو، شوێن بەجێبێڵێت. ئەگەر بە پرسیاری نەرم و ئاسانیش دەست پێ بکات، بەڵام لەکاتی وەڵام ڕۆژنامەنووس خۆی بە شتی لاوەکی خەریک بکات، دیسان بەدوور نازاندرێ ئەو وەڵامانەی بۆی چووە، لەو قارەمانەی دەستی نەکەوێ، بەتایبەتیش هەموو جار، ڕۆژنامەنوس داوای کات و ڕۆژی چاوپێکەوتن دەکات، نەک بە پێچەوانەوە...

**(باش بیربکەوە، ئامانجت لەو چاوپێکەوتنە چییە؟ ئەگەر ئامانج نەزانیت، ڕۆژنامەنووس دەکەوێتە بازنەیەک و دەربازبوون لێی ئاسان نییە.)**"٩"

لێرە ڕۆژنامەنووس نابێ تەنیا گوێ ڕابگرێ، بەڵکو لە هەمان کات، پێویستە هەندێ نووسین وەک ناو، ژمارە، پرسیاری داهاتوو یان کورتە پرسیار لە دەفتەری بەردەمی خۆشی تۆمار بکات. بۆ ڕۆژنامەنووس زۆر گرنگە بزانێ، ئەو لەبەر نووسینەوەی قسەکان، نابێ پرسیارکردن لەبیر بکات، چونکە کاری ئەو تەنیا نووسینەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ نووسینەوە، گوێگرتن، پرسارکردن و بەشداری کردنیشە لە پرسیار و وەڵام و گفتوگۆ. هەندێک وەڵام ڕۆژنامەنووس لە ئەنجامی جوولەی جەستە یان لەش دەستی دەکەوێ. ئەگەر پێش وەرگرتنی چاوپێکەوتن ڕۆژنامەنووس دڵەڕاوکێ بیگرێ و زۆر بیربکاتەوە و بترسێ، لەوانەیە زۆر باشتر بێت، ئەگەر ئەو کارەی ئەنجام نەدات. لە پرسیاری ڕۆژنامەنووس چۆن بەباشترین شێوە چاوپێکەوتن وەربگرێ، ڤ.ڤ. ڤەرەشیلۆڤ دەنووسێ: **(پێش هەموو شتێک دەبێ ڕۆژنامەنووس دڵنیابێ لەوەی، هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگ و باوەڕپێکراو بۆ وەدەستهێنانی زانیاری پێویست نییە و ئەو پرسیارەی ڕۆژنامەنووس بەرزی کردۆتەوە، گرنگە و تەنیا بەڕێگای چاوپێکەوتن وەگیردەکەوێ.)**"١٠" لە ڕاستیشدا ژانری چاوپێکەوتن تەنیا بۆ چاوپێکەوتن سوودی لێوەرناگیرێ، بەڵکو هیچ بەدواداچوونێک لە ڕاگەیاندن بێ وەرگرتنی چاوپێکەوتن تێر و تەسەل نابێ. ڕۆژنامەنووس بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنەکەی باش بێت و ئەنجامی چاکی هەبێت، دەبێ هەندێک زانیاری لەسەر بابەتی چاوپێکەوتن هەبێ، تاوەکو بەشداری لە قسەکان بکات

و تێیان بگات. زۆرجار ئەوانەی چاوەڕێی ڕۆژنامەنووس دەکەن، دڵەڕاوکێ تووشیان دەبێ، نەوەک بێ ئاگای خۆیان، یان بەهەڵە یان لە ئەنجامی وریایی ڕۆژنامەنووس نهێنییەک بدرکێنن.

ئاراستەکردنی پرسیارێک بۆ پرسیارێکی دیکە جیاوازە. هەندێک پرسیار پێویستیان بە وەڵامی درێژ هەیە و هەندێک پرسیاریش پێویستی بە وەڵامی کورت هەیە. لەکاتی پرسیار و وەڵام یان دانیشتن و باسکردنی بابەت، ڕۆژنامەنووس نابێ تەنیا هەندێک زانیاری هەبێ، بەڵکو گرفتەکەش بەباشی بزانێ و چارەسەریشی لا هەبێ. **(بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن بە سەرەتایەکی باش دەست پێ بکات، لە هەموو شتێک باشتر: ڕاستگۆیی، ساکاری، کراوەییە. ڕۆژنامەنووس ناتوانێ بەزۆر کابرا ناچار بکات قسە بکات بەتایبەتیش نهێنی ئاشکراکردن.)**[11]

زۆر جار لەسەرەتاوە چاوپێکەوتن دەکەوێتە سەرسکە و ئاراستەی نەرمی خۆی وەردەگرێ و زۆر بەجوانی و هێواشی غلۆر دەبێتەوە و دەڕوات، بەڵام لەوکاتەی ڕۆژنامەنووس قارەمانی خۆی ڕادەگرێ و ڕەخنە لە بۆچوونەکەی دەگرێ، یەکسەر شێوەی چاوپێکەوتن دەگۆڕێت و دەکەوێتە قۆناغی دیکە و تووند دەبێ و کارکردنی ڕۆژنامەنووس زۆر گران دەبێ. بەدووریش نازاندرێ قارەمانی چاوپێکەوتنەکە، ڕازی نەبێت وەڵامی پرسیاری دیکەی ڕۆژنامەنووس بداتەوە. بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس لەو قەیرانە خۆی ڕزگار بکات بەڕای ڤ.ڤ. قەرەشیلۆڤ پێویستە:

– ڕێگا بە قارەمانی چاوپێکەوتن بدرێ قسەکانی خۆی تەواو بکات.

– بە سەرنجەوە گوێ بۆ قسەکانی شل بکرێ و نیشان بدرێ، کە قسەکانی بۆ ڕۆژنامەنووس یان ڕوونکردنەوەکانی بۆ ڕۆژنامەنووس جێی بایەخ و سەرنجن.

– بە جوولەی چاو پشتگیری لە بۆچوونەکانی ئەو بکرێ.

ئەگەر ئەمانەی سەرەوە بەشی نەکرد، بڕوا بە قسەکانی ئەو بهێنە و پشتگیرییان لێ بکە."[12] زۆر گرنگە ڕۆژنامەنووس لە ڕۆڵی خۆی بزانێ و تێ بگات، ئەو نە پۆلیسە نە داواکاری گشتی و نە دادوەر، تاوەکو ئەو مافەی هەبێ، بەتوندی قسە لەگەڵ قارەمانی خۆی بکات، یانیش بە تۆمەتێک تاوانباری بکات. ڕۆژنامەنووس دەبێ لەبیری نەچێ، خۆی بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن پەیوەندی بە قارەمانەکەی کردووە و ئەو زانیارییانەی لای ئەو هەن، بۆ خوێنەر، بینەر یان بیسەران زۆر پێویستن. **(ڕۆژنامەنووس نابێ بزانێ تەنیا چەند پرسیارێک**

**زۆر جار لەسەرەتاوە چاوپێکەوتن دەکەوێتە سەرسکە و ئاراستەی نەرمی خۆی وەردەگرێ و زۆر بەجوانی و هێواشی غلۆر دەبێتەوە و دەڕوات، بەڵام لەوکاتەی ڕۆژنامەنووس قارەمانی خۆی ڕادەگرێ و ڕەخنە لە بۆچوونەکەی دەگرێ، یەکسەر شێوەی چاوپێکەوتن دەگۆڕێت و دەکەوێتە قۆناغی دیکە و تووند دەبێ و کارکردنی ڕۆژنامەنووس زۆر گران دەبێ**

**بکات، بەڵکو دەبێ بزانێ چ لایەنێکی دەروونی بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست، ئەو دەتوانێ سوودی لێوەربگرێ.)**[١٣] **(هەندێک کەس، پاش ئەوەی تەواوی قسەکان دەکەن، پاش بڵاوبوونەوەی لە گوتنەکانیان پەشیمان دەبنەوە، لێرە چاکە ڕۆژنامەنووس تەواوی قسەکانی تۆمار کردبێ و لای خۆی پاراستبێتی. پێش ئەوەی ڕۆژنامەنووس دەست بە نووسین یان وەرگرتنی چاوپێکەوتن بکات، پێویستە بزانێ بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست دەبێ: "وردبین بێ، هەنووکەیی بێ و بێلایەن بێ.)**[١٤] ئەگەر ئەو سێ مەرجانەی سەرەوە لە چاوپێکەوتنەکە هەبوو، دیارە کارێکی سەرکەوتوو و سەرنجڕاکێش و بە بایەخی بۆ خوێنەران ئامادە کردووە. لە ڕۆژنامە یان گۆڤار زانیاری **(خەبەر)** بایەخی زۆری پێدەدرێ، بۆیە ئەوان ڕۆژنامەنووسی تایبەتییان بۆ دابڕشتنەوەی نووسینی خەبەر هەیە و هیچ لەو ژانرانەش بێ وەرگرتنی چاوپێکەوتن جێبەجێ ناکرێ. لەگەڵ کات و بەرەوپێشچوونی تەکنۆلۆجیا و پەیدابوونی قارەمانی شاشە، مەرج لەسەر کەسانی هونەرمەند زیاد بوون. ئەوان وەک پێشان ڕایان وەرناگیرێ، بەڵکو زۆر جار فێردەکرێن ڕایان لەسەر پرسیارێک وەربگیرێ. **(چاوپێکەوتن، شێوازێک بوو بۆ بچووک کردنەوەی دووری لەنێوان ڕاگەیاندن و جەماوەر، بۆئەوەی هەوڵبدرێ دووری نێوانیان کەم بکرێتەوە و باشتر لەگەڵ جەماوەر لەیەک بگەن. قسە و شوێن و ڕووداو نزیک بکاتەوە، بۆیە وەک پێویستی هەردووک لا، گفتوگۆی نێوان ڕۆژنامەنووس قارەمان دەخرا بەردەستی خوێنەران.)** [١٥] زیادبوونی تەکنۆلۆجیا بەرەوپێشچوونی، ئەمڕۆ بەش ناکات، قارەمانی چاوپێکەوتن تەنیا باس یان وەڵامی پرسیاری ڕەقی ڕۆژنامەنووس بداتەوە، بەڵکو هەمان کەس، پێویستە هەندێک باس لە ژیانی تایبەتی خۆشی بکات، بەتایبەتیش لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن. ئەگەر قارەمانی چاوپێکەوتن، سیاسی بێت، خەڵک جاری داهاتووش هەڵیبژێرنەوە و ئەگەر هونەرمەند یان نووسەریش بێت، خەڵک بەرهەکانی بکڕێ. هەندێک لە وەڵامەکان بەڕێگای بەکارهێنانی تەکنیکی دیدار وەگێردەکەون و ئەوانەی دیکەش خۆیان بەئاسانی باسی دەکەن.

پرۆفیسۆری زمانی سوێدی Karl-Hampus Dahlstedt لە مەسمێدیاو زمان لەوبڕوایەدایە: **(بەیارمەتی یان پشتیوانی ڕۆژنامەکان، زمانی نووسینی سوێدی لە دوا ١٠٠ ساڵی ڕابردوو، هەنگاو بە هەنگاو ئاسانتر بووە، ساکارتر بووە، تەندروستتر بووە و لە ڕاستی نزیکتر بۆتەوە.)** [١٦] لە

**لە چاوپێکەوتن، ڕۆژنامەنووس پرسیار دەکات و قارەمانیش وەڵام دەداتەوە، بەڵام مەرج نییە، ئەوەی ڕۆژنامەنووس بیەوێ، بۆی بچێتە سەر و قارەمان ئامادەبێت وەڵامیان بداتەوە، یان ڕۆژنامەنووس لەدەرگای هەموو پرسیارێک بدات و وەڵامەکانی بە ئاسانی بخرێتە دەست**

ڕاستیدا ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لێوەردەگیرێ، دەبێ زۆربەختەوەر بن، بەوەی ئەوان بۆ وەرگرتنی لێدوان لەلایەن میدیاوە هەڵبژێردراون و خەڵک بۆچوونی ئەوانی لا گرنگە. ئەم بۆچوونەی سەرەوە بۆ هەموو کەس وەک یەک نییە و هەندێ بە تەواو بە پێچەوانە بیر دەکاتەوە. **(ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێ، چاوەڕێ دەکرێ بەختەوەر بێت، کە جەماوەر لە دەرەوە دەیناسێتەوە. ئەگەر ئەو دڵشاد نەبێ، دیارە خەتای ڕۆژنامەنووس نییە. "ئەگەر قارەمانی چاوپێکەوتن دڵشاد نەبێ، دیارە نهێنییەک هەیە و نایەوێ بیدرکێنێ یانیش دەیەوێ شتێکی قۆڕ بڵێ.)**[17] ڕۆژنامەنووسان چالاکتر بووین و قارەمانەکانیش وشیارتر، بۆئەوەی بەباشترین شێوە هەردووکیان سوود لەم کاتە وەربگرن، زۆر لەوان کۆرسی تایبەت دەبینن، کە چۆن قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بکەن و چۆن هەردووکیان بەباشترین شێوە سوود لەم کاتەی بەیەکەوە هەیانە وەربگرن. ڕۆژنامەنووس بۆ وەرگرتنی ئەو زانیارییانەی بۆ نووسین یان بەرنامەی پێویستییەتی زۆرجار ڕێگای جیا دەگرێتە بەر، ئەمەش وەک ئەوەی گوایە چاوپێکەوتن تەواو بووە و کامیرا یان ریکۆردەر کۆژاوەتەوە، لەڕاستیشدا هەردووکیان پێن و نەکۆژاونەتەوە، بەڵام لەوانەیە ڕووی کامیرا لەوکات لەو نەبێت. **(ئێستا بەشێوەیەکی زۆر فراوانتر چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵک دەکرێ، بێ ئەوەی قارەمانی چاوپێکەوتن بزانێ چاوپێکەوتنی لێوەردەگیرێ. لەوکاتەی کامیرا شاردراوەتەوە یان گوایە ریکۆردەر کۆژاوەتەوە، قارەمانی چاوپێکەوتن بەجۆری دیکە قسەکانی دەکات و ڕای خۆی دەردەبڕێ. هەمان کەس بەرانبەر بە کامیرا بەهیچ شێوەیەک ئەوقسانە ناکات.)**[18] **(چاوپێکەوتن بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار، بێ وێنە زۆر سەرنج ڕاکێش نییە، هەرچەند قارەمانەکەی لە وڵات زۆر بەناوبانگیش بێت. "من بینیم چاوپێکەوتن وەک فۆرم، بایەخی زۆرتری ڕۆژنامەگەری پێدراوە. زۆرتر شتی تایبەت دەخرایە ناو، وێنەی زۆر و نووسینی کەم. وێنەکان لە نووسین گرنگترن. هەندێک لەوان شایەنی خوێندنەوە بوون، بەڵام زۆربەیان لەشێوەی: ئایا ئەمڕۆ هەستت چۆنە؟ بوون. من لەوەرگرتنی چاوپێکەوتن هیلاک بووم و بیری کاری دیکەم دەکرد.)**[19] **(ڕۆژنامەنووس دەبێ چاک بزانێ، کە قارەمانی ئەو قسە بۆ ئەو دەکات، نەک بۆ خوێنەر یان بینەر. "چاوپێکەوتنی باش دیارە و هاوار دەکات. ئەوان دەبینن، دەبیسن و هەستی پێدەکەن و پرسیار و وەڵامەکان، دەگەڕێن و بەنەرمی، خۆیان غلۆر دەبنەوە. ئەوان کاری خۆیان زۆر بەباشی دەزانن و بۆیە زۆر بەئاسانی دیارە و هەستی پێدەکرێ.)**[20] " هەندێک چاوپێکەوتن بێزارکەر و ناخۆشن و لەسەرەتاوە پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووس و قارەمان گرژ دەکات و پرسیار و وەڵام لەگەڵ یەک ناگونجێن. هەندێک جاریش ڕۆژنامەنووس ئەو وەڵامانەی دەست دەکەوێ، کەخۆی چاوەڕێی نەدەکرد و خەونیشی پێی نەدەبینی.

لە چاوپێکەوتن، ڕۆژنامەنووس پرسیار دەکات و قارەمانیش وەڵام دەداتەوە، بەڵام مەرج نییە، ئەوەی ڕۆژنامەنووس بیەوێ، بۆی بچێتە سەر و قارەمان ئامادەبێت وەڵامیان بداتەوە، یان ڕۆژنامەنووس لەدەرگای هەموو پرسیارێک بدات و وەڵامەکانی بە ئاسانی بخرێتە دەست.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو، هەموو شتێک بەرژەوەندی و بازرگانییە، بەیەک چاوپێکەوتن یان یەک وەڵامی خراپ، کەسی هونەرمەند، لەوانەیە سەدان هەزار دۆلار لەدەست بدات، بەوەی جەماوەر هیچی دیکە بەرهەمی ئەو نەکڕن. ئەگەر قارەمانی چاوپێکەوتن سیاسی بێت، لەوانەیە لەبەر ئەو بۆچوونەی، کەلەگەڵ خەڵک یەک ناگرێتەوە، حیزبەکەی زۆرترین دەنگ لە هەڵبژاردنی داهاتوو لەدەست بدات.

**(زۆربەی هەرەزۆری ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ گۆرانیبێژ یان ئەکتەر ئەنجام دەردێ، بەو شێوەی خوارەوەن:**

- پرسیاری ڕاست و ڕەوان بکە
- پرسیار نابێ بێزارکەر بێ
- وێنەی باش بگرە...ئەگەر نا چاوپێکەوتن وەرناگیرێ.)"٢١" نووسەر و ڕۆژنامەنووسی سوێدی August Strindberg بەناوبانگ بوو، **(بەوەی لەڕێگای چاوپێکەوتن، ئەو ڕاستییانەی دەیویست وەدەستی دەهێنا)**."٢٢"

**تەکنیک و وردەکاری چاوپێکەوتن:**

مەرجی باشترکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار بەردەوام لە زیادبووندایە، بەوەی ناوەڕۆکیان باشتر، دەوڵەمەندتر، زمانی ئاسانتر، وێنەی زیندووتر بێت. ئەگەر هەر ڕۆژنامە یان گۆڤارێک مەرجی خوێنەرانی بەدی نەهێنێ، تەمەنی درێژ نابێت. ئەمە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وایە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش خۆیان دەژیێنن. ئەگەر ڕۆژنامە یان گۆڤارەکان حکومی یان حیزبیش بن، مەرج لەسەر دەستەی نووسەران دادەندرێ، بە کەمترین خەرجی بتوانن، باشترین یان پڕبازارترین ڕۆژنامە یان گۆڤار دەربکەن و بەزووترین کات، تیراژیان بەرز بکەن و خۆی بکڕێتەوە. **(مەبەست لە خۆکڕینەوە، بەفرۆشتنی ژمارە، خەرجی ڕۆژنامە یان گۆڤار بهێتەوە دەست)** ڕۆژنامە یان گۆڤار دەبێ زۆربەی ژانرەکانی ڕۆژنامەنووسی تێدابێت، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ژانری چاوپێکەوتنە، کەدەبێ لە هەموو ژمارەیەک هەبێ. چاوپێکەوتن بۆ هەموو کەس پێویست ناکات بەیەک شێوە ئەنجام بدرێ، یان هەموو ڕۆژنامەنووسەکان وەک یەک ئەنجامی بدەن، بەڵکو هەر ڕۆژنامەنووسە و لە ئەنجامی ئەزموونی زۆری خۆی، بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن دەبێتە خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆی. **(لە کارکردن لەگەڵ چاوپێکەوتن، گرنگە هەریەکە و ڕێبازی خۆی بدۆزێتەوە ئەمەش چ بۆ ژانری چاوپێکەوتن چ بۆ ژانری ڕێپۆرتاژ.)** "٢٣".

زۆرجار درێژی ئەو کاتەی بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن وەردەگیرێ و دیاری دەکرێ، ئەگەر ٣٠ خولەک بێت، بەدوور نازاندرێ ببێتە یەک کاتژمێر یان زیاتر. ئەمەش سروشتییە، چونکە ڕۆژنامەنووس نابێ پەلە لە قارەمانی خۆی بکات، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو، کاتی هەبێت و ڕێگات پێ بدات زیاتر لەسەر قسەکردن بەردەوام بێت. لێرە مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ یەکتر دەبینن و دەدوێن بۆئەوەی مرۆڤی دیکە قسەکان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە یان گۆڤار بخوێنێتەوە. مەبەست لەو نووسینەی سەرەوە، ئەوەیە، کە مرۆڤ لە ڕووداوەکان تێبدا بەشدارە. هەربۆیە، بۆئەوەی بەرهەمێکی پوخت و باش دەربچێ، نابێ پەلە بکرێ و دەبێ ڕێزی کەسی بەرانبەر بگیرێ. **(بۆ خۆئامادەکردنی چاوپێکەوتن، پێویست ناکات یەک دونیا سەرچاوەی لەسەر بخوێنێتەوە، دەبێ ڕۆژنامەنووس بەشی ئەوەندە بهێڵێتەوە، کە لەوکاتەی قارەمانی چاوپێکەوتن قسە دەکات، شتی نوێ بە ڕۆژنامەنووس بدات.)**"٢٤"

ئەگەر ڕۆژنامەنووس پێش وەرگرتنی چاوپێکەوتن زانیاری تەواوی لەسەر بابەتی چاوپێکەوتن هەبێ و وەڵامەکان بزانێ، لەوانەیە پێویست نەکات، ئەو چاوپێکەوتنە ئەنجام بدات. لەهەمان کات، باشە ڕۆژنامەنووس ئەوەندە زانیاری هەبێ، بۆ ئەوەی لە وەڵامی پرسیار بگات. ناشبێ ڕۆژنامەنووس لە پرسیاری بەرزکراوە، خۆی پێ باشترین پسپۆر بێت، چونکە لەوکاتەش وەرگرتنی چاوپێکەوتن هیچ سوودێکی نابێت. ئەگەر ڕۆژنامەنووس، زانیاری زۆری لەسەر بابەتی دیارکراو هەبێت، پێویست ناکات، چاوپێکەوتن وەربگرێ، بەڵکو زۆر باشترە زانیارییەکان لەشێوەی گوتار بە خوێنەر بدات. ڕۆژنامەنووس نابێ نیشانی بدات، ئەو کەمتر دەزانێ لەوەی لەڕاستیدا

**پێش نووسینی پرسیارەکان، ڕۆژنامەنووس دەبێ زۆر باش بزانێ، بۆچی ئەو چاوپێکەوتنە ئەنجام دەدات و بۆچی ئەو کەسی بۆ قارەمانی خۆی هەڵبژاردووە. پاش وەرگرتنی چاوپێکەوتن و خستنە سەر کاغەز، زۆرباشە بۆ قارەمانی چاوپێکەوتن دەقەکەی ڕەوانە بکرێ، نەوەک ئەو هەندێک تێبینی هەبێ**

* * *

**بەناردنی دەقی چاوپێکەوتن، پێش بڵاوبوونەوە، ڕۆژنامەنووس ڕووی دەبێ جارانی داهاتووش داوا لەهەمان کەس بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن بکات**

دەیزانێ. ئەگەر قارەمانی چاوپێکەوتن، هەستی کرد، ڕۆژنامەنووس لەخۆی زیاتر لەو پرسیار پسپۆرە، تێدەگات، قسەکانی ئەو بێسوودە و هیچ زانیاری نوێی پێنادات، بۆیە ئەگەر لەوکات قسەکانیش بکات، بەو هەست و سۆزە نایکات، لەوکاتە بەلاتەوە سەیر نەبێ ئەگەر ئەو هەڵبستێ و بڵێ چاوپێکەوتن تەواو بوو. **(ڕۆژنامەنووس وەک دراماتورگ وایە. بەهەمان شێوە، چۆن شانۆنامە ئامادە دەکات، یان فیلم بەرهەم دەهێنێ، ڕۆژنامەنووسیش بڕیار لەسەر شێوە و فۆرمی چاوپێکەوتن دەدات و لە چ کەسێکیش، چاوپێکەوتن وەربگرێ یان وەرنەگرێ، وەلامی چ پرسیارێک بدەنەوە یان نەدەنەوە.)**[٢٥]

بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن زۆر گرنگە، پرسیارە سەرەکییەکان یان تەوەر یان پلانی ئاراستەکردنی پرسیار لەکاتی چاوپێکەوتن بنووسرێ، بەڵام مەرج نییە، بەردەوام سەیری بکەیت و جگە لەو پرسیارانەی نووسیوتە، هیچ پرسیارێ دیکە ئاراستەی قارەمانی چاوپێکەوتن نەکەیت. پێش نووسینی پرسیارەکان، ڕۆژنامەنووس دەبێ زۆر باش بزانێ، بۆچی ئەو چاوپێکەوتنە ئەنجام دەدات و بۆچی ئەو کەسی بۆ قارەمانی خۆی هەڵبژاردووە. پاش وەرگرتنی چاوپێکەوتن و خستنە سەر کاغەز، زۆرباشە بۆ قارەمانی چاوپێکەوتن دەقەکەی ڕەوانە بکرێ، نەوەک ئەو هەندێک تێبینی هەبێ. ڕۆژنامەنووس دەبێ بزانێ، کە ئەو ئازادە، لەوەی تێبینییەکان بگۆڕێ یان نەگۆڕێ، بەڵام ئەگەر تێبینییەکان باش بن و ڕۆژنامەنووس بزانێ بۆ خوێنەر چاکن، باشە بخرێتە ناو و چاوپێکەوتنەکەی پێ دەوڵەمەند بکرێ. بەناردنی دەقی چاوپێکەوتن، پێش بڵاوبوونەوە، ڕۆژنامەنووس ڕووی دەبێ جارانی داهاتووش داوا لەهەمان کەس بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن بکات.

ئەگەر ڕێگا بە ڕۆژنامەنووس درا، شوێن هەڵبژێرێ، چاکە ئەو دەرفەتە لەدەست خۆی نەدا. بۆ ئەو کەسانەی، پایەی گەورەیان لە حکومەت یان حیزبدا هەیە، لەوانەیە لەسەر کار، نەتوانێ بەدرێژی وەلامی هەموو پرسیارەکانی ڕۆژنامەنووس بداتەوە، لێرە چاکە دوای تەواوکردنی کار، کات بۆ چاوپێکەوتن دابندرێ، لەماڵی ئەو یان لەو شوێنەی ئەو ڕەزامەندی لەسەر بێت. زۆر گرنگە، ڕۆژنامەنووس پێش پەیوەندی کردن بە کەسی هەڵبژێردراو، هەندێک شوێنی باشی بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتنەکان لای خۆی دەستنیشان کردبێ و لەگەڵ خاوەنی شوێن یان ئوتێل پێکهاتبێ، لەکاتی پێویست یارمەتی بدات و دڵ نەبێ لەوێندەر چاوپێکەوتن ئەنجام

بدرێ. ئەگەر چاوپێکەوتن لەماڵ یان لەدەرەوەی کار بکرێ، باشییەکەی لەوەدایە، کەس بێزارتان ناکات و قارەمانیش بەئارەزووی خۆی، قسەکان دەکات. **(باشترین دەرەنجام لەوکاتەدا دەست دەکەوێ، کە ڕۆژنامەنووس وەک برادەر و لایەنێکی تەوەرەکە بەشداری لە قسەکان بکات، کەشێوەی لە دانیشتن لەگەڵ برادەرانی بچێت. ڕۆژنامەنووس دەبێ دووربکەوێتەوە، لەوەی بەردەوام پرسیار لەدوای پرسیار لە قارەمانی بکات و زیاتر لە ڕۆبۆت بکات لەوەی لە مرۆڤ. ڕۆژنامەنووس دەبێ گوێ لەقسەکان بگرێ و وەڵامەکان بیجوڵێنن و بکەوێتە ناو قسەکان و بڵێ مەبەستت ئەمەیە یان ئـەوە...)**[٢٦] ڕۆژنامەنووس پێویست ناکات تەمسیل بکات، ئەو دەبێ بەردەوام هەست و سۆزی خۆی هەبێ، چونکە پێش هەموو شتێک ئەو مرۆڤە و لە مرۆڤ بۆ مرۆڤیشەوە چاوپێکەوتن وەردەگیرێ. زۆر وەڵام هەن، مەنتقی نین و هاوار دەکەن، درۆن، بەڵام ڕۆژنامەنووس دەبێ بزانێ، کە ئەو پێش هەموو شتێک ڕۆژنامەنووسە، نەک داواکاری گشتی، یان پۆلیس، تا حوکم لەسەر خەڵک بدات.

**هەندێک جار، کەسی چاوپێکەوتنی لێوەر دەگیرێ، بەهیچ شێوەیەک نایەوێ لەسەر هەندێک پرس و بۆچوون لێدوان بدا یان قسە بکا و وەڵامی پرسیار بداتەوە**

وەرگرتنی چاوپێکەوتن، بەتەلەفۆن، ئەگەر وەستان بۆ ماوەی دە چرکە بێت، لەوانەیە ئەمە بەماوەیەکی زۆر دابندرێ و ڕۆژنامەنووس نەزانێ بۆچی ئەوەندە درەنگ وەڵامی پرسیاری ئەوی دایەوە، بەڵام لە بینین، ئەم کاتە، پێیوەدیار نییە، چونکە ئەگەر ڕۆژنامەنووس قسەش نەبیستێ، زمانی جەستە دەبینێ و لەهۆکەی تێ دەگات. **(قەڵەم و کاغەز چاکن، بۆئـەوەی ڕۆژنامـەنووس بزانێ هیچی لەبیر نـەکردووە، ئەگەر لەهەمان کات، ریکۆردەر (تەسجیل) بەکار بهێنێ، لەوانەیە پاتری تەواو بێت یان کار نەکات یان گرفتی دیکەی تەکنیکی بێتە کایەوە. بەکارهێنانی ریکۆردەر دیوی دیکەی باشی هەیە، لەوکاتدا ڕۆژنامەنووس بە وردەکارییەکانی چاوپێکەوتن خـۆی خـەریک دەکـات. ڕۆژنـامـەنـووسـی بەناوبانگی ڕۆژنامەی ئێکسپرێسنی سوێدی، Elisabeth Frankl دوو ریکۆردەری بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن بەکار دەهێنا.)**[٢٧]

زۆر لـەوانـەی بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن دەستنیشان دەکرێن، دژنین، ریکۆردەر بەکار بێت. ئەگەر دەنگ تۆمار بکرێ، ڕۆژنامەنووس ئازادتر دەتوانێ تـەواوی قسەکان وەک خۆی بخاتە سەرکاغەز.

هەندێک جار، کەسی چاوپێکەوتنی لێوەر دەگیرێ، بەهیچ شێوەیەک نایەوێ لەسەر هەندێک پرس و بۆچوون لێدوان بدا یـان قسە بکا و وەڵامـی پرسیار بداتـەوە. لەوکاتەدا

ڕۆژنامەنووس دەبێ جۆری پرسارکردنی بگۆڕێ و لەشێوەی نوێ فۆرمولەیان بکات. ئەو ڕستەی ئەو دەیەوێ لەدەمی قارەمانەکەی ببیستێ، دەتوانێ لەشێوەی پرسیار ئاڕاستەی بکات و ئەویش بە بەڵێ یان نەخێر وەڵامی بداتەوە.

لایەنێکی دیکەی چاوپێکەوتن ئەوەیە، کە دەبێ نیشانبدرێ، قسە لەگەڵ مرۆڤ کراوە، نەک ڕوبۆت. بۆنموونە: **(ئەگەر ڕۆژنامەنووس پرسیار لە قارەمانەکەی بکات و قارەمانیش هەمان پرسیار ئاراستەی ڕۆژنامەنووس خۆی بکاتە و لەوەڵامدا ڕۆژنامەنووس بڵێ: من نەهاتووم ڕام لەسەر ئەو پرسیارە دەربېرم، بەڵکو هاتووم وەڵامی ئەو پرسیارانەم دەست بکەوێ، کە خەڵک دەیانەوێ لە ئێوەی بزانن، بەڕای Stig Hansen لەوکات ڕۆژنامەنووس، ڕۆژنامەنووس نییە و ڕۆبۆتە، لەگەڵ ڕۆبۆتیش قسەکردن خۆش نییە.)** [28]

زۆر گرنگە ڕۆژنامەنووس بڕوای باش لای قارەمانی چاوپێکەوتن و تەواوی خەڵک دروست بکات، چونکە ئەو پەیوەندییەی گەرمە، بۆ خوێنەران زۆر گرنگە. سیاسەتمەداران، زمانی تایبەتی خۆیان هەیە و زۆربەی جار بەقسەی خەڵک نادوێن و جەماوەر لێیان تێناگات، بۆیە خراپ نییە، ئەگەر ڕۆژنامەنووس تکایان لێ بکات، کە بەزمانی ئاسان پەیامیان دەربېرن و وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. وەک لێی بپرسێ تکایە، ئەو بۆچوونەی خۆت، بۆمان بەزمانی ئاسان دەربېرە، بۆئەوەی باشتر تێی بگەین. یان بپرسێ: من لەو مەبەستەی تۆ نەگەیشتم، دەتوانی باشتر بۆم ڕوون بکەیتەوە؟ ئەگەر ئەو پرسیارانە بکرێ، جگە لەوەی کەسی سیاسەتمەدار، هەمان بابەت بەزمانێکی ئاسانتر ڕوون دەکاتەوە، بەدوور نازاندرێ قوڵتریش بچێتە ناو بابەتەکە و ئەوەی پێشتر نەیدەویست باسی بکات، ئێستا بۆ خوێنەر، بیسەر یانە بینەر بیدرکێنێ.

لەکاتی وەرگرتنی چاوپێکەوتن، هەندێک وردەکاری هەن، یارمەتی ڕۆژنامەنووس دەدەن، چاوپێکەوتنەکەی باشتر ئەنجام بدات و زانیاری زۆرتری دەست بکەوێ، بۆیە خراپ نییە، ئەگەر ڕۆژنامەنووس لە قارەمانی خۆی، پێش دەست پێکردنی چاوپێکەوتن بپرسێ: ئەگەر پێویست بکات ڕاتدەگرم و پرسیاری نوێت لەسەر هەمان بابەت لێدەکەم، ئەگەر لەکاتی نووسینەوەی پێویست بەهەندێک زانیاری نوێ بکات، پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە. ئەم قسانە باشن، بۆ کەسانی سیاسەتمەدار، نەک بۆ ئەو کەسانەی بینینان زۆر گرانە و پۆستی زۆر گەورەیان لە حکومەت یان سەرکردایەتی حیزب هەیە.

ڕووبەڕووبوونەوەدات، کات تەواو دەبێت و قارەمانی چاوپێکەوتن، ئەو قسانەی نەکردووە، کە ڕۆژنامەنووس چاوەڕێی دەکرد، لەوکاتدا وا باشە بۆ خواردن داوەت بکرێ، تا لای ئۆتۆمبێل لەگەڵی بچیت، بۆ ئەوەی ئەو زیادە کاتە کەمەش سوودی لێوەربگیرێ.. ئەگەر ئەم دوو هەنگاوەی سەرەوە بەشی نەکرد، دەکرێ داوای بینینی جاری دیکەی لێ بکرێ، هەمان ڕۆژ یان پاش چەند ڕۆژێکی دیکە.

ڕۆژنامەنووس دەبێ زۆر بە وریایی پرسیارەکان بکات، چاک خۆی ئامادە بکات، بەڵام ئەگەر قارەمانی چاوپێکەوتن نەیەوێت ئەو قسانە بکات، کە ڕۆژنامەنووس چاوەڕێیەتی، نابێ لێی تووڕە بێت، چونکە چۆن ڕۆژنامەنووس مافی وەرگرتنی زانیاری هەیە، بەهەمان شێوە قارەمانی چاوپێکەوتنیش کەس ناتوانێ ناچاری بکات، بەزۆر قسەی پێ بکات، ئەویش مافی بێدەنگ بوون و قسە نەکردنی هەیە. لەوەرگرتنی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەرکەسێک بێ، ڕۆژنامەنووس دەبێ پێش هەموو شتێک دەست پاک بێ و وەڵامەکان نەشێوێنێ. ڕۆژنامەنووس ئەگەرچی مافی هەیە بەگوێرەی بیر و پێویستی خۆی وەڵامەکان

گولّبژێر بکا، بەڵام نەک درۆخستنە پاڵی و سووک کردنی قارەمانەکەی! چونکە ئەوەی ئەو دەینووسێ، بۆخۆی نییە و هەزاران کەسی دیکە دەیخوێنێتەوە، دەیبینێ یان دەیبیسێ.

لەوانەیە لەکاتی چاوپێکەوتن زۆرتر پرسیار بکرێن، بۆیە مەرج نییە هەموو پرسیارەکان بخرێنە سەر کاغەز و بۆ بڵاوکردنەوە بشێن. ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە پرسیارەکان پێش و پاش بکات، لەهەمووش گرنگتر دەتوانێ بەزمانێکی پوختی ئەدەبی دابڕێژرێتەوە. لەوجۆرە دەستکارییانە ڕۆژنامەنووس دەتوانێ پسپۆری خۆی لەو شێوازە نووسینە نیشان بدا.

لەوانەیە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێکی ژن بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن بچێتە لای پیاوێک، زانیاری باشتری دەست بکەوێ، بەهەمان شێوەش ئەگەر ڕۆژنامەنووسێکی پیاو بۆلای ژنێک بچێت زانیاری زۆرتر و بە ئاسانتری دەست بکەوێ و پەیوەندی خێراتر لەنێوانیان دروست ببێ.

ئەگەر چاوپێکەوتن لەسەر کاری ئەو بوو، باشە ئەو کاتەی تۆ لە پرسگە دانیشتوویت و چاوەڕێی چوونە ژووریت، سوود لەو کاتە وەربگریت و زۆر بە وردی سەیری هەموو شتەکانی داندراون، هەڵواسراون بکەیت. ئەگەر کرا، زۆر باشە قسە لەگەڵ سکرتێری ئەو بکەیت، چونکە سکرتێر ئاگای لە زۆربەی کارەکانی شێفی خۆی هەیە و دەتوانێ زانیاری بەنرخت بداتێ. ڕۆژنامەنووس دەبێ سوود لە هەموو شتێک وەربگرێ، کە چاوپێکەوتن ئاسان دەکات و زانیاری زۆرتر دەدات. بۆ ڕۆژنامەنووس زۆر گرنگە، پرسیاری گران، بە زمانی ئاسان بکات، نەک بە هات و هاوار و تووڕە بوون. ڕۆژنامەنووس باشە هەندێک شارەزایی لە زمانی جەستە هەبێ و بتوانێ جووڵەکان شی بکاتەوە.

لەوکاتەی ڕۆژنامەنووس خەریکی نووسینەوەی وەڵامەکانە، ئەگەر بینی، ئەو نووسینە قارەمانی چاوپێکەوتن بێزار دەکات، دەبێ ڕاستەخۆ دەست لە نووسین هەڵبگریت، چونکە بە بەردەوامبوونی، گیانی چاوپێکەوتن لەدەست دەدات. ئەگەر قارەمانی چاوپێکەوتن زوو زوو سەریری کاتژمێری کرد، ڕۆژنامەنووسیش هێشتا کاتی مابوو، چاکە بڵێ، وابزانم هەندێک کاتمان ماوە، یان پێی بڵێ: ئەگەر زۆر پەلەتە، دەتوانین چاوپێکەوتنەکە بۆ کاتێکی دواتر هەڵبگرین. لەوکاتدا بەئاسانتر دیواری نێوان ڕۆژنامەنووس و قارەمانی لادەبردرێن، متمانە لەنێوانیاندا باشتر دروست دەبێ.

لە هەموو چاوپێکەوتنێک هەندێک ناو و داتا هەن، باشە بنووسرێنەوە، چونکە بەبیر هاتنەوەیان ئاسان نییە. ڕۆژنامەنووس دەبێ هەوڵبدات، بەهیچ شێوەیەک قارەمانی چاوپێکەوتن بێزار نەکات و ئەوکەشوهەوایەی بۆ دروست بکات، کەئەو لە ڕۆژنامەنووس نەترسێ. لێرە هەندێک کەلوپەل وەک: ریکۆردەر، کامیرا، تەلەفۆن لەوانەیە ببنە هۆی بێزارکردنی کەسەکە، بۆیە ئەگەر بینی ئەو بێزار دەکەن، با لایان بدات. باشە ئەگەر ڕۆژنامەنووس بۆ وەرگرتنی چاوپێکەوتن، سوود لە ریکۆردەر وەربگرێ، بەڵام ئەگەر بەکاریش بهێندرێ، مەرج نییە لەگەڵ ئاڕاستەکردنی پرسیاری یەکەم دابگیرسێ. دەکرێ چەند خولەکێک پێش ئامادەبوون یان دەست پێکردن، ریکۆردەر پێبکرێ، با چەند خوولەکێک بەبۆشی بڕوات، زۆر باشترە لەوەی لەگەڵ پرسیاری یەکەم پێی بکەیت، چونکە لەوکاتدا، کردنەوە یان دەستپێکردنی چاوپێکەوتن، بەوشێوەیە نابێت، کەمرۆڤ ئارەزوویەتی. بە ئاراستەکردنی یەکەم پرسیار و پێکردنی ریکۆردەر، لەوانەیە دیوارێک لەنێوان ڕۆژنامەنووس و قارەمان دروست ببێ، لە دروستبوونی ئەم دیوارەش ڕۆژنامەنووس بەهیچ شێوەیەک سوودمەند نابێت.

هەندێک ڕۆژنامەنووس ڕێکۆردەر لەبەردەم دەمی قارەمانیان دادەنێن، ئەمەش باش نییە، چونکە قسەکردن لەگەڵ ئامێر ئاسان نییە.

**گوێگرتن بۆ چاوپێکەوتن:**

لەوکاتەی ڕۆژنامەنووس لەگەڵ قارەمانی چاوپێکەوتن دادەنیشێ و دەست بە پرسیارکردن دەکات، زۆر گرنگە ستراتیژێکی بۆ ئاراستەکردنی پرسیارەکانی هەبێ و بەرنامەیەک بۆ پرسیارەکانی دابنێ. ڕۆژنامەنووس دەبێ هەوڵ بدا لەگەڵ کەسەکە زۆر تووند نەبێ و بەهێواشی لەگەڵ پرسیارەکان بڕوات و بە سەرنجەوە گوێ بۆ وەڵامەکان شل بکات و نیشانی بدات، ئەو وەڵامانەی بەلایەوە زۆر گرنگن. **(دەبێ لەگەڵ پرسیارەکان بڕۆیت و لەبیر نەکەیت، ئامانجی چاوپێکەوتنەکە چییە؟ ئەگەر ئەوەی سەرەوە نەزانیت، دەکەویتە ناو بازنەیەک و لێی ڕزگار نابیت.)** [٢٩]

ئەگەر ڕۆژنامەنووس ڕێگا بە قارەمانی چاوپێکەوتن نەدات، بیرۆڕای لەسەر پرسیاری ئاراستەکراو باس بکا، ناچاری بکات، بەجۆری دیکە وەڵامی بداتەوە یان نەداتەوە، بەدوور نازاندرێ گرنگترین زانیاری لەدەست بچێت و ئامادە نەبێ وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە.

لەوانەیە گوێگرتن، هەموو کاتێک ئاسان نەبێ، بەتایبەتیش لە کەسانی سیاسی، لەلایەک لەوانەیە زۆر ڕاستگۆ نەبن، لەلایەکی دیکە، زۆربەی جار وەڵامەکانیان دوورن لەوەی ڕۆژنامەنووس چاوەڕێیان دەکات، لەگەڵ ئەوەش ڕۆژنامەنووس دەبێ بزانێ، گوێگرتنی ئەو، پەیوەندی بەکارەوە هەیە. ئەگەر خۆی ڕۆژنامەنووس نەبا، پێویستی نەدەکرد، لەو کات و شوێنە لای ئەو دابنیشێ و گوێ بۆ قسە قۆرەکانی یان درۆکانی شل بکا.. مەبەست لە گوێگرتن، بەمانا ڕاستەکەی نییە، بەڵکو لەگەڵ گوێگرتن، دەبێ ڕۆژنامەنووس بیریش لە قسەکانی بکاتەوە و دیراسەیان بکات و هەڵیانسەنگێنێ، لەهەمان کاتدا، لە وەڵامەکانی ئەو بتوانێ پرسیاری نوێ دروست بکات و ئاراستەی ئەوی بکاتەوە.

ڕۆژنامەنووس دەبێ چاک بزانێ، ئەوەی بۆ ئەو و قارەمانی چاوپێکەوتن ئاشکرا و ڕوونە، لەوانەیە بۆ خوێنەران شتێکی نامۆ بێت، بۆیە لێرە زۆر گرنگە، ڕوونکردنەوەکان لە دەمی قارەمانی چاوپێکەوتن دەربچن، نەک لە دەمی ڕۆژنامەنووس خۆی. پرسیاری نوێ لەوەڵامەکانی ئەو، زۆر گرنگن، چونکە وردەکاری بابەتەکە دەبەخشن و باشتر ڕوونی دەکەنەوە،

> **ڕۆژنامەنووس دەبێ چاک بزانێ، ئەوەی بۆ ئەو و قارەمانی چاوپێکەوتن ئاشکرا و ڕوونە، لەوانەیە بۆ خوێنەران شتێکی نامۆ بێت، بۆیە لێرە زۆر گرنگە، ڕوونکردنەوەکان لە دەمی قارەمانی چاوپێکەوتن دەربچن، نەک لە دەمی ڕۆژنامەنووس خۆی**

هەربۆیەش بەڕای هەندێک زانایانی ڕاگەیاندن، باشە بۆ کاتی چاوپێکەوتن وەرگرتن هیچ پرسیار نەنووسێتەوە. "پێویست ناکات تۆ پرسیار بنووسیت، پێویستە لەسەرت لەگەڵ قارەمانی چاوپێکەوتن قسە بکەی، قسەکردنیش لە پرسیار و وەڵام پێک نایەت. **(لە هەمووی گرنگتر وردەپرسیارەکانی ناو وەڵامەکانە، کە زۆر گرنگن، بۆئەوی وردەکارییەکانی بابەتی چاوپێکەوتن ئاشکراتر بکرێ. مەبەست لەو کورتە پرسیارانە ئەوەیە، کە تۆ گوێت لە قارەمانی چاوپێکەوتن گرتووە و دەزانی ئەو چی گوتووە، بیرت لێی کردۆتەوە، لە وەڵامەکانی بیری نوێت لا گەڵاڵە بووە، پرسیاری نوێت ئاراستە کردوون، بەمەش تۆ وەڵامی کۆنکرێت و تەواوت دەست دەکەوێ و قسەکانیش بۆپێشەوە دەچن.)**" [30] ڕۆژنامەنووس دەبێ بەجۆرێک پرسیار بکات، کەنەبێتە هۆی بێزارکردنی قارەمانی، چونکە ڕۆژنامەنووس پێویستی بە ڕای ئەو لەسەر ئەو بابەت هەیە، نەک بە پێچەوانەوە. بەهەڵگرتنی قەڵەم و کاغەز، دیارە زانیارییەکان لەدەست ناچن، بەتایبەتیش ئەگەر ڕۆژنامەنووس بزانێ بۆچی چۆتە لای و پێویستی بە وەڵامی چ پرسیارێک هەیە. ئەو دەتوانێ باش گوێ بگرێ و پاش تەواوبوون و هاتنە دەرەوەی، نووسینەکان لە دەفتەری لای خۆی تۆمار بکات. **(ڕۆژنامەنووسی خاوەن ئەزموون، زۆر بەجوانی گوێ دەگرێ، بۆیە بیری زۆر تیژە و زۆربەی قسەکانی کابرای لەماوەی چەند کاتژمێری داهاتوو دێتەوە بیر. ئەو بیرەش بە پڕکردنی زانیاری نوێ ڕەش دەبێتەوە. هەندێک لەوبڕوایەدان، پێویست ناکات، بڕوا بە بیری خۆت بکەیت، ئەوانەی دیکە، دەڵێن، مرۆڤ دەبێ بڕوا بە بیری خۆی بکات. من لەوبڕوایەدام، دەبێ مێشک بۆ هێنانەوە بیری قسەکان ڕابهێندرێ.)** "[31]

گوێگرتنیش تەنیا بە مانا ڕاست و ڕەوانەکەی نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس دەبێ زۆر بە جوانی و وردی گوێ لە قسەکان ڕابگرێ. گوێگرتنی ڕۆژنامەنووس لەکاتی وەرگرتنی چاوپێکەوتن زۆر لە گوێگرتنی قسەی برادەر، کۆڕ و کۆبوونەوە جیایە. هەرلەکاتی گوێگرتن، ڕۆژنامەنووس دەبێ بۆن و هەست و چاویش بەجوانی بەکار بهێنێ.

ڕۆژنامەنووس وەک لەسەرەوە نووسیمان، لە کاتی چاوپێکەوتن و وەرگرتندا دەبێ گوێگرێکی زۆر چاک بێ. ئەگەر لە کاتێکدا قسەکانی کابراشی زۆر بەدڵ نەبێ هەڵنەچێ و بەڵکو بەسەرنجەوە گوێ لە هەموو قسەکان ڕابگری. بەمەش جگە لەوەی ڕێزلێنانە بۆ کەسی بەرانبەر، ڕێزگرتنە بۆ خۆشی.

**لە کاتی چاوپێکەوتن و وەرگرتندا دەبێ گوێگرێکی زۆر چاک بێ. ئەگەر لە کاتێکدا قسەکانی کابراشی زۆر بەدڵ نەبێ هەڵنەچێ و بەڵکو بەسەرنجەوە گوێ لە هەموو قسەکان ڕابگری. بەمەش جگە لەوەی ڕێزلێنانە بۆ کەسی بەرانبەر، ڕێزگرتنە بۆ خۆشی**

**ستێنۆگرافی:**

زۆرجـار ڕۆژنـامـەنـووس هـەوڵـدەدات، تـەواوی قسەکانی کابرا بەنووسین تۆمار بکات، ئەم نووسینەوەیە، لەتوانای هەموو کەسێ نییە، ئـەو کادیرانە دەبـێ کۆرسی تایبەت بە فێربوونی ئەو نووسینەیان بینیبێ، بۆئەوەی بە خێرایی و ڕەوانـی پێڕابگەن، هەمووی بنووسنەوە. ژانـری نووسینەوە، پێویستی بە ڕاهێنان و ئەزموونی زۆر هەیە و زانینی بۆ ڕۆژنامەنووس زۆر پێویستە و بەتایبەتیش بۆ ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامە و گۆڤار. بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس نیشانی بدات، کاری ئەو تەنیا نووسینەوەی قسەکانی نییە، پاش وەڵامی یەکەم، باشە بەچاو کۆنتاکت دروست بکرێ. ئەگەر ڕۆژنامەنووس بینی پێڕاناگات، وەڵامەکان بەو خێراییەی خۆی دەیەوێ بنووسێتەوە، چاکە دەفتەر و قەڵەم وەلا بنێت و کاری تەنیا پرسیار کردن بێت.

**ژانـری چـاوپێکـەوتـن لـە سـەردەمـی دەستەڵاتی سێ یان چوار:**

لەو وڵاتانەی ڕاگەیاندن، دەسەڵاتی سێیەم یان چوارەمە، زۆر بەهێزە و بەیەک ڕستەی نادروست، حکومەت دەگۆڕدرێ، گەورەترین کۆمپانیا وەک بەفر، لەبەر چاو، نرخی کەم دەبێتەوە و دەتاوێتەوە و ئیفلاس دەکات. ئەو ڕاستییەی سەرەوە، لەو وڵاتانە زۆر باش دەزانن، بۆیە بەهەموو شێوەیەک، سیاسی و بـازرگـان و هـونـەرمـەندان، یـان هـەموو ئەوانەی زوو زوو لە شاشە و لاپەڕەکان بەدیار دەکەون. هەوڵ دەدەن، بە باشترین شێوە سـوود لەڕاگەیاندن وەربگـرن و بە پێچەوانەش، ڕاگەیاندن، بەهۆی ئەوانەوە، بەرنامە یان لاپەڕەکانیان پڕ دەکەنەوە. بۆ ئەوەی کارەکان بەرێک پێکی بڕۆن و هیچ لایـەک تووشی هەڵە نەبێ، لە هـەردووک لا، کەسانی بەتوانا و پسپۆر کاردەکـەن. وەرگرتنی کار، لەسەر بنەمای خزم خزمانێ و واسیتە نییە. ئـەو ڕاگـەیـاندنـەی ئەمڕۆ ئـەوان هەیانە، تەمەنی زیاتر لە ٣٥٠ ساڵ هەیە و سـوودی زۆریشیان لە ئەزموونی پێشینەی خۆیان وەرگرتـووە. ئەگەر چی، ئـەوان خـاوەنـی ئـەزمـوونـی نزیکەی ٣٥٠ ساڵی دەرکردنی ڕۆژنامەن و نزیکەی ٥٠٠ سـاڵ هەبوونی چاپخانەن، نزیکەی ٢٠٠ ساڵە خـاوەنـی یاسای چاپەمەنین، لەگەڵ ئـەوەش، تا شەستەکانی سەدەی ڕابـردوو، وەک پێویست ڕۆژنامەنووس، نەیدەتوانی بە ئارەزووی خۆی، ئەو پرسیارەی بیەوێ ئاڕاستەی کەسانی سیاسی یان بەرانبەری بـکـات. ڕۆژنـامـەنـووسـان، سـنـووریـان بۆ دانـدرابـوو و قـەتـیش ئـەو سـنـووریـان نەدەبەزاند. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بـە زۆربـوونـی کـەنـال و ئامێری باشتری تەلەفزیۆن و بڵاوبوونەوەی بە ڕێژەیەکی زۆر خێرا بـەمـاڵـەکـاندا، ڕۆژنـامـەگـەریش کەوتە قۆناغی نوێی، مەرج زۆرتر لەسەر ڕۆژنـامـەنـووسـان دانـدرا، بـەوەی دەبـێ پرسـیـارەکـانـیـان لـە سـیـاسـەتـمـەداران و بازرگانەکان تووندتر بێت. لە وڵاتی سوێد ئەو ڕێچکەیە سێ ڕۆژنامەنووس شکاندیان: Gustaf Olivecrona، Lars Orup Åke Ortmark، ئەو سێ ڕۆژنامەنووسە لە تەلەفزیۆن کاریان دەکرد. پرسیارەکانی ئـەمـجـارە و لـە سـەرۆک وەزیـرانـی ئـەو کاتی سوێد تاگێ ئێرلاندەر، وەک پێشتر بە نەرمی و جوانی نەکران. ئەوان زۆر بە تووندی و ڕەخنەگرانە پرسیاریان ئاڕاستەی سـەرۆک وەزیـران دەکـرد. لەناو کۆمەڵێک پرسیار، پرسیاری لارش ئۆروپ لە هەموو پرسیارەکانی تر تووندتر بـوو. یـەک لەو پرسیارانە بەم شێوەیە کرا:

– جەنابی ئێرلاندەر! بیربکەوە کـوڕ و کچێکی گەنج دێنە خزمەت جەنابت، دەیانەوێ ئاهەنگی بـووک گـواسـتـنـەوە سـاز بـدەن، بەڵام هیچ شوێنێکیان نییە لێی بژین، داوای ئامۆژگاریتان لێ دەکـەن، چۆن وەڵامیان

دەدەنەوە؟

**سەرۆک وەزیران دەڵێ:**

- با لە سڕەی شوقە وەرگرتن بووەستن!

ڕۆژنامەنووس دەپرسێ:

- ئەمە ئامۆژگاری سەرۆک وەزیرانە؟

پێشتر ئەم جۆرە پرسیارانە لە سەرۆک وەزیران نەدەکرا، بۆیە کە گلۆپی ستۆدیۆ دەکوژێتەوە، سکرتێری سۆسیال دیموکرات دەچێتە لای ڕۆژنامەنووس و بە تووڕەییەوە دەپرسێ:

چ هەستێکت بە کوشتنی سەرۆک وەزیران لا دروست بوو؟

پرسیارەکە بۆ ئەو کات ئەوەندە تووند دیار بووە، سکرتێری حیزبی سەرۆک وەزیران لەو بڕوایە دابووە، ڕۆژنامەنووس بەو پرسیارانە سەرۆک وەزیرانی کوشتووە![٣٢]

هەندێک ڕۆژنامەنووس مامەڵەیان لەگەڵ خۆشە و چاوپێکەوتن تەواو دەبێ قارەمانەکە هەستی پێ ناکات، دانیشتن و قسەکردنەکان، وەرگرتنی چاوپێکەوتن بوو. هەندێکی تر بە تف دەم و چاوی قارەمانی چاوپێکەوتن سواغ دەدەن، جگە لەوەش هەمان پرسیار زیاد لە ١٠ جار دووبارەی دەکەنەوە تا کابرا تووڕەدەبێ و ئەوەی نەیدەویست بیدرکێنێ، ناچار بە تووڕەیی دەیڵێ. پەیڕەوکردنی ئەم تەکنیکە لەوانە بۆ هەموو کەس باش نەبێ، بەڵام بۆ کەسانی سیاسی لە هەموویان کاریگەرترە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بەڕاستی بدەنەوە.

سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس باشتر سوود لەو کاتەیان وەربگرن، خوولی ڕاهێنانیان بۆ دەکرێتەوە، چۆن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس قسە بکەن. ئەم ڕاهێنانە، لەوانەیە بۆ هەردووک لا باش و خراپ بێت. باشییەکەی ئەوەیە، ئەوەی ڕۆژنامەنووس دەیەوێ، لە کورترین ماوە، بەچەند ڕستەیەک کەسی ڕاهێنەر، بە ڕۆژنامەنووسی دەڵێت، خراپییەکەشی، ئەوەیە، ئێستا ئەوان فێربووینە، ئەگەر نەیانەوێ قسەیەک بکەن، نایکەن، چونکە فێرکراینە، کە لەو جۆرە لێدوانانە نەدەن.

یەکێ لە کار و ئەرکەکانی ڕاهێنانی سیاسییەکان لەکاتی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان، نەهێشتنی ترس و بەهێزکردنی بڕوا بەخۆبوونە. **(لەم کۆرسانە تەکنیک و پڕۆسەیان بۆ باس دەکرێ، چونکە ئەگەر کەسی بەرانبەر، شارەزایی لەسەر پیشە و کاری ڕۆژنامەنووس هەبێ، ئاسانتر تێی دەگات و وەڵامەکانیش بۆ ئەو ئاسانتر دەبن.)** [٣٣]

زۆر جار ڕۆژنامەنووس پرسیارێک دەکات، بەڵام ئەم پرسیارەی بۆ وەرگرتنی وردەکارییەکانی بابەت، پرسیاری دیکەشی بەدوا دادێت، نموونەیەکی دیکە دەهێنینەوە:

سکرتێری پێشووی پارتی چەپی سوێد گودرون شیمان Gudrun Schyman، پاش ئەوەی وازی لەکار هێنا، ٢٢ هەزار کرۆنی سوێدی **(نزیکەی ٢٨٠٠ دۆلاری ئەمریکی)** لە کاتی گێڕانی ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی لە ساڵی ١٩٩٨ وە قەرزاری حیزب بوو. لە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن ئەننە کرۆک Anna Krook ی ڕۆژنامەنووسی ئێکسپرێسن پرسیاری دەربارەی قەرزەکە لێ دەکرێ.

ئەننە: ناتەوێ قەرزەکە بدەیتەوە؟

گودرون: نامەیەکم بۆ حیزب نووسیوە تا ئێستا وەڵامم وەرنەگرتۆتەوە.

ئەننە: چیت لە نامەکە نووسی.

سکرتێری حیزب چاوەڕێی لەم جۆرە پرسیارە نەدەکرد بۆیە گوتی:

نایەتەوە بیرم، پێڕاناگەم قسان بکەم زۆر پەلەمە.[٣٤] لە سوێد وەک زۆربەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو سیاسییەکان بۆیان نییە بە ئاڕەزووی خۆیان چەندی بیانەوێ قسە بکەن. بەتایبەتیش لە بەرنامەی دەنگوباس. **(لە بەرنامەی دەنگوباسی سوێدی بەناوی ڕاپۆرت: Rapport لە ساڵی ١٩٨٢ دڕێژی قسەی سیاسییان لە ناو ڕاپۆرتەکان ٣٥**

**چرکە بوو، لە ساڵی ١٩٩٥ کرا بە ٢٠ چرکە. ئێستا نزیکەی ١٠ چرکە بە کەسانی سیاسی دەدرێ و کەسانی پسپۆریش ١٤ چرکەیان پێ دەدرێ یان لە کۆی گشتی تەواوی قسەکان ئەوەندە کاتە دەردەهێندرێت)**"٣٥"

باشە نموونەیەکی دیکەی وڵاتی سوێد بهێنینەوە، بەوەی ئەوانەی مەشقیان لەسەر قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان پێکراوە، بێ ئەوەی شەرم بکەن، چۆن قسە دەکەن، یان درۆ بۆ ڕۆژنامەنووس دەکەن. لێرە ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کەسانی ڕاهێندراو تا بۆیان بکرێ، خۆیان لە ڕاستییەکان دەدزنەوە، ڕۆژنامەنووسیش ئەو ڕاستییە زۆر باش دەزانێ، بۆیە پێش وەرگرتنی چاوپێکەوتن، خۆیان زۆر باش ئامادە دەکەن و دەزانن بۆ وەڵامی چ پرسارێک بۆ لای ئەوان دەچن. ڕۆژنامەی DN ی سوێدی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ سکرتێری سەندیکاکانی سوێد ئێرلاند ئۆلساوسۆن Erland Olsauson ئەنجام دەدات. ئامانجی ئەم چاوپێکەوتنە، گوایە ئێرلاند بەهۆی کورسی و پلەوپایەی خۆی، هەوڵی داوە شوقەی نیشتەجێبوون بۆ خزم و کەسی دابین بکات. سکرتێری سەندیکاکان نکۆڵی لەم بۆچوونەی ڕۆژنامەنووس دەکات، بۆیە پرسیارەکان بەم شێوەی خوارەوە کران:

– ڕۆژنامە: دەزانی خاوەن بانکەخانەی کوپەکانتی تێدا دەژین، کێیە؟

– سکرتێر: نەخێر، بەتەواوی نازانم.

– ڕۆژنامە: نازانی منداڵەکانت لەکوێ دەژین؟

– سکرتێر: بەڵێ، دەزانم.

– ڕۆژنامە: ئەوان لە AFA دەژین، کە تۆ ئەندامی ئەنجوومەنی ئەوانیت.

– سکرتێر: بەڵێ، منداڵەکانم لەوێندەر دەژین.

– ڕۆژنامە: بۆ جاری یەکەم ڕاستییەکەت پێ نەگوتین؟

– سکرتێر: من پێم نەگوتی، چونکە دەمویست تۆ ئەوەم پێ بڵێی.

پاش هەوڵی زۆری سکرتێر، کە دەیویست ڕۆژنامەنووس بۆلای تر ببات، بەڵام دەرچوو ئەو درۆی دەکرد. ئەگەر تۆ جارێک درۆت کرد، گەڕانەوەی متمانەی جەماوەر بۆت ئاسان نییە. ئەوانەی لەسەر میدیا مەشقیان پێ کراوە، لە وەڵامەکانیان زۆر وریان و لەم جۆرە هێرشانە باش خۆیان دەپارێزن."٣٦"

## ئەنجام

پاش ڕاپەڕین، دەرفەتێکی زێڕین بۆ ڕاگەیاندنی کوردی ڕەخسا. بۆیەکەم جار لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، تواندرا لەیەک کاتدا دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار بە ئازادی و بە بابەتی جیا جیا ناوەڕۆکیان پربکرێتەوە. دەیان ئێزگەی ڕادیۆ و کەنالی تەلەفزیۆن پەیامی خۆیان بە بیسەر و بینەران بگەێنن. هەبوونی سیستێمی فرە حیزبی لە کوردستان، لەگەڵ ئەو ئازادییەی لە هەرێم هەیە، کاری ڕۆژنامەنووسانی ئەوەندەی دیکە ئاسان کرد و ڕەقابەی "سێنسور" ی ئەگەر هەشبێ، زۆر کەم کردەوە.

ڕاگەیاندنی کوردی، ئەگەر چی لە بنەڕەتدا ڕاگەیاندنێکی حیزبییە، لەگەڵ ئەوەشدا، بەحیزبی بوونی، نەبۆتە بەربەست و دانانی کۆت و زنجیر لەپێش بەرەوپێشچوونی، بەپێچەوانە، بۆتە دینامیکی پێشچوون و گەیاندنی زانیاری زۆرتر بە جەماوەر.

لەم چەند ساڵانەی دوایی، کتێبی زۆر و بابەتی باش و پێویست لە زمانەکانی دیکە، بۆ کوردی وەرگێردراون و یان نووسراون. ناوەڕۆکی هەندێک لەو کتێب یان بابەتانە، بۆ پەروەردەکردنی کادیری ڕۆژنامەنووس و باشتر کردنی ڕاگەیاندنی کوردی زۆر پێویستن، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر بەدەگمەن، لەوان باس لە گرفتەکانی ڕاگەیاندنی کوردی ئەمڕۆی کوردستان دەکەن. لێرە ژانری چاوپێکەوتن، مافی خۆی نەدراوەتێ و زۆر بەکەمی تێژوینەوە یان باسی لەسەر

کراوە...

لە ئەنجامی ئەو کارەمان لەسەر: "ژانری چاوپێکەوتن لە ڕاگەیاندندا" گەیشتینە ئەو ڕاستییەی، کە ئەو کەسانەی لە کوردستان چاوپێکەوتن دەکەن، زۆربەی جار، لە تەواوی نووسینەکانیاندا کەموکورتی بەدیار دەکەوێت. ئەم کەمو کورتییانەش، لەوانەیە لەبەر خراپی خوێناماەدەکردنی ڕۆژنامەنووس، کەم زانیاری ئەو لەسەر قارەمان و بابەتی هەڵبژێردراو بێ.. ژانری چاوپێکەوتن، ئەمڕۆ هەندێک پسپۆرانەتر سوودی لێوەردەگیرێ، بەڵام زۆری ماوە، وەک پێویست بەکار بهێندرێ...

## پەراوێزەکان


1- Björn Nöljer، Så snickar du en tidningsartikel. Borås، 1994.- p.116.

سەپان مەغدید د.، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و میژووی چاپخانە ١٤٥٠ - ١٥٠٠ . ل. ٣٨ ٢-

٣- Söran Larsson، Att skriva I Tidning، Stockholm، ١٩٨٥. P.٥١٣-

٤ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل.٥١

٥ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل.٥٢

٦ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل.٥٣

٧ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل.٥٣

٨ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل.٥٤

٩ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل.٥٤

10 - Ворошилов В. В. Журналистика. СПб.، 2006. – 640 с.223

١١ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل.٢٦١

١٢ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل.٢٦٣

١٣ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل. ٢٦٠

١٤ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل. ٢٦٠

15- Lars J. Hulten. Journalistikens villkor، Boras.، 1993. P. 226

١٦ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل. ٢٢٧

17- Göran Rosenberg. Tankar om Journalstik. Stockholm.، 2004. P. 102

١٨ - هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٠٤

١٩ - هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٠٥

٢٠ - هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٠٧

٢١ - هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٠٤

22- Stig Hansen، Clas Thor، Att skriva reportage، Stockholm.، 2004. P. 141

٢٣ - هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٤٢

٢ ٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٤٢

٢٥ - هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٤٢

26- Söran Larsson، Att skriva I Tidning، Stockholm.، 1985.P. 60

27- Stig Hansen، Clas Thor، Att skriva reportage، Stockholm.، 2004.P. 143

٢٨ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل. ١٤٤

29- Söran Larsson، Att skriva I Tidning، Stockholm.، 1985.P. 54

٣٠ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل. ٥٥

٣١ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل. ٥٨

٣٢ - سەپان (دکتۆر). ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات. دەزگای سەردەم، ٢٠٠٧.ل. ١٧-١٨.

٣٣ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل. ٢٨

٣٤ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل. ٣٢

٣٥ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل. ٣٨

٣٦ - هەمان سەرچاوەی پێشتر. ل. ٥٩


### سەرچاوە لەگەڵ ئەو کتێبانەی بۆ ئەم بەرهەمەم سوودم لێ وەرگرتوون بەزمانی سوێدی:


1- Björn Nöljer. Så snickar du en tidningsartikel. Borås، 1994

2- Catharina Grunbaum. Språkbladet. Borås، 1998

3- Fredric Bagge. Grafisk industri. Stockholm، 1940

4- Göran Rosenberg. Journalstik. Prisma.، 2000

5- Jarl Backman. Att skriva och läsa vetenskapliga rapporter. Lund، 1985

6- Lars J Hulten. Journalistikens villkor. Borås، 1993

7- Maria-Pia Boethuius. Mediernas svarta bok. Falun، 2001

8- Marshall McLuban. Media. Falun، 1999

9- Rune pettersson. Rubriker. Nyköping، 2003

10- Stig Hadenius، Lennart Weibull. Massmedier. Falun، 2003

11- Stig Hansen، Clas Thor. Att skriva

Reportage. Stockholm، 2004
12- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985
13- Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson-Ek. Göra tidning. Värnamo، 1998

**بەزمانی ڕووسی:**

1- Ворошилов В. В. Журналистика. СПб.، 1999
2- Беспалова А. Г.، Корнилов Е. А.، Короченский А. П.، Лучинский Ю. В.، Станько А. И. История мировой журналистики. М.، 2003. – 432 с.
3- Головня И. А. С чего начиналась фотография. М.، 1991
4- Гуревич С. М. Номер газеты. М.، 2002.
5- Есин Б. И. История русской журналистики. М.، 1991. – 320 с.
6- Засорина Т، Федосова Н. Профессия – журналист. Ростов н/д; 1999
7- Корконосенко С. Г. Основы творческой деятелъности журналиста. СПб.، 2000
8- Лазутина Г. В. Профессионалъная этика журналиста. М.، 1999
9- Лазутина Г. В. Основы творческой деятельности журналиста. М.، 2000
10- Мельник Г. С. Mass-media: Психологические процессы и эффекты. СПб.،- 1996
11- Михайлов С. А. Журналистика стран северной европы. СПб.، 2003
12- Накорякова К. М. Литературное редактирование. М.، 1994
13- Прохоров Е. П. Введение в теорию журналистики. М.، 1995. – 294 с.
14- Шереля А. А. Радио журналистика. М.، 2000. – 480 с.
15- Самолетов С. А. Дизайн современной газеты. СПб.، 1998
16- Сапан М. Печать курдской диаспоры: история и современное состояние. СПб.، 1998
17- Тертычный А. А. Жанры периодической печати. М.، 2000. –312 с.
18- Юровски А. Я. Телевизионная журналистика. М.، 1994. –237 с.

**بەزمانی کوردی:**

١ - سەرچاوەکانی ڕۆژنامەوانی و میژووی چاپخانە (١٤٥٠-١٥٠٠)، کۆڕی زانیاری کوردستان- هەولێر، ٢٠٠٥
٢ - سەرچاوەکانی دەنگوباس، ئاراس – هەولێر، ٢٠٠٦.
٣ - سەرچاوەکانی ڕۆژنامەنووس هات، سەردەم- سولەیمانی، ٢٠٠٧

* زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب – بەشی ڕاگەیاندن -هەولێر – ٢٠٠٨

هەواڵنامەی کتێب

# رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی

سادق حەمە غەریب*

**پێشەکی:**

داهێنان و دروستکردنی کاغەز لای چینییەکان و هەزاران ساڵ لەمەوبەر، بازدان و وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی، لە گرنگترینیان پاراستنی بەشی هەرە زۆری کلتوری مرۆڤایەتی بوو لە فەوتان، دواتر داهێنانی چاپخانە لە کۆتایی نیوەی یەکەمی چەرخی پانزدەیەمدا کاغەزی چاپکراوی کردە سەرچاوەی گواستنەوەی زانست و زانیاری و بیرو ئەندێشەی زانایان.

بە گوێرەی زۆرێک لە سەرچاوەکان، یەکەم رۆژنامە لەسەر زەمینی ئیمپراتۆری چینییەکاندا ٩١١ ساڵ پێش زایین سەریهەڵداوە، لە چەرخی حەوتەمی زاینییەوە هەواڵ و زانیاری لەبارەی بۆنە و ڕووداوەکانەوە، لە شاری **(پەکین)** و دەوروبەریدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام یەکەم رۆژنامەی ئەوروپای لەنەوەدەکانی چەرخی شانزەیەمدا بڵاوبوویەوە، هەتاکو شەستەکانی چەرخی نۆزدەیەم رۆژنامە نەیتوانی وەکو هۆکارێکی کارای ڕاگەیاندن ڕۆڵی خۆی بەرجەستە بکات.

ڕۆژنامە بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بووە، لە ڕووی ژمارەو جۆرو ناوەڕۆک و ئاستی کاریگەرییەوە، بەمەبەستی کارلێکێکی زیاتر لەگەڵ خوێنەردا، بۆیە لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆجی و داهێنانە نوێکانی ئەو بواره، پرۆسەی بەجیهانیکردنی پەیوەندیکردن و زانیارییەکان سەریهەڵدا، ئەگەرچی ڕیشەی ئەو کاره دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەیەم، بەڵام دەتوانین بڵێین کە زیاتر دییاردەیەکی چەرخی بیستەمە، چونکە لەو سەردەمە کرداری پەیوەندیکردن و زانیارییەکان لە پێوەرێکی جیهانیدا بوونە و تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی و دیاری بواری ڕاگەیاندن و ئابووری و پرسەکۆمەڵایەتییەکان.

بەشێوەیەکی خێرا سیستەمی پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی بە هۆی چاڵکی کۆمپانیا گەورەکانەوە گەشەی کرد، ئەم بەجیهانیکردنی ڕاگەیاندنەش لە چەرخی بیستەمدا زیاتر بەرجەستەبوو.

بوونی سەرمایە، توانای داهێنان، هێزی کاری پێشکەوتوو، تەکنەلۆجیای بەکۆگەیاندن،

کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان لە ڕۆژئاوادا، جولێنەری سەرەکی سەرهەڵدان و پراکتیزەبوونی ئەو کرداری بە جیهانیکردنەیە. لەم تێگەیشتن و گۆشە نیگایەوە دەتوانین بڵێین کە ناوەندی ڕۆژنامەگەریی جیهانی ڕۆژئاوایە و هەمیشە و هەمیشە بە زمانی ئینگلیزی دەدوێ.

ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی دەروازەیەکی نوێی بەڕووی بیرو ئەندێشە و خەیاڵی مرۆڤدا کردووە. بە شێوەیەک کە زانیاری لێیەوە بووە مولکی گشتی و شێوازێکی نوێی بۆ سوودوەرگرتن و بەرهەمهێنانی زانیارییەکان لە ڕێگەی سەرجەم بابەتە خوێندراوو بیستراوو بینراوەکانەوە بەدیهێنا، بەلەبەرچاوگرتنی هەموو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان و سانسۆرە ناوەکی و دەرەکییەکانەوە.

لە ڕێگەی ئەو خزمەتگوزارییە گەورەیەی کە تۆڕی ئینتەرنێت پێشکەشی دەکات، ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی توانیویەتی بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی لە گۆڕەپانی ڕاگەیاندندا بسەلمێنێ و وەک ڕکەبەرێکی ڕۆژنامەگەریی کاغەزی دەربکەوێت، سەرەڕای بوونی نەوەیەکی نوێ کە پێی وایە کلیک کردن و گەیشتن بەسەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری زۆر لە هەڵدانەوەی پەڕەکان ساناترەو چێژی زۆرترە.

بواری چاپکردن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لە ژێر کاریگەریی و گۆڕانکارییەکی گەورەی تەکنەلۆجی و پێشکەوتنێکی بەردەوامی ئازادی بیروڕایە. کە ئەو کاریگەرییە لە هەموو بوارەکاندا دەرکەتووە و بە جوانی هەستی پێدەکرێت. لەوانەش هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەروەکو ماکلۆهان و سبیل و سمپ و تۆفلەریش ئاماژەیان پێکردووە، ئەو پێشکەوتنە سەرەتا لە داهێنانی وشەی چاپکراو و پاشان دەستکەوتە مەزنەکانی مرۆڤ وەک داهێنانی تەلەگراف و بێتەل و تەلەفۆن و ڕادیۆو تەلەفزیۆن و دەرکەوتنی کەناڵی ئاسمانی و کۆمپیوتەر دەستی پێکردوە هەتاوەکو تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی و دەرکەوتنی بڵاوکردنەوەی نامەخانی و ئەلیکترۆنی و دواتر ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کەشکڵ و شێوزایێکی نوێی ڕاگەیاندنە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوەو توانایەکی زۆری هەیە لە گۆڕینەوەی ناوەرۆکدا.

ڕۆژنامەگەریی جیهانی سەرەتا بە دەستپێکی پەخشی کەناڵە ئاسمانییەکان سەریهەڵدا، کەتوانی سنوورە دەستکردەکان ببەزێنێت و ڕەفتارێکی سنوور بەزاندن بەخۆوە ببینێت.

یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی تری جیهانی ڕۆژنامەگەری دەرکەوتنی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بوو، کە بووەتە یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆ. چونکە دەتوانرێت پەیامەکان لە دووڕییەکی زۆرەوە و لە کاتێکی کەمدا وەربگیرێن و بگوازرێنەوە.

ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای بە کۆگەیاندن و تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی (world wide web...) زیاتر پەرەی سەندو بووە هێمایەکی دیاری شۆڕشی زانیارییەکان، کە شۆڕشی زانیارییەکانیش بۆ خۆی دەرەنجامی شۆڕشی تەکنەلۆجیایی ژمارەیی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بوو.

هەروەک دکتۆر عەبدولئەمیر مویت مشت، ئاماژەی پێدەکات، تەکەنەلۆجیای ژمارەیی مەبەست لە جیهانی ژمارە (Digital World) دێت، کە زانیارییەکان بەشێوەی ژمارەیی لە ڕێگەیەوە تۆماردەکرێت و دەگوازرێنەوە بە هەموو شێوەکانییەوە، بە شێوازی زنجیرەیی و پێکهاتێک لە هەردوو ژمارەی **(سفر ـ یەک)**. کە ئەمەش بە زمانی کۆمپیوتەر لە قەڵەم دەدرێت و دەتوانێت بیانخوێنێتەوە.

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان و ڕاگەیاندنا سیمای بوارو پێگەیەکی نوێ دەرکەوت بە ناوی (Multi Media)، یان میدیای نوێ (New Media).

**دەرەنجامی گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆجیای زانیارییەکانی ئینتەرنێت:**

ـ گۆڕانکاری لە شێوەی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکاندا، بەرهەمهێنانی چەندین فایلی دیجیتاڵی کە دەق و دەنگ و زانیاری لە خۆگرتووە، لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە

پێشکەشی بەکارهێنەر دەکرێت. کە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (e-publishing)، کتێبی ئەلیکترۆنی (e- book)، دیسکی دەنگی، دیسکی وێنەیی، بە نموونە گەلێکی شێوازی نوێی هۆکارەکانی بەکۆ گەیاندن دێنە ئەژمار.

٢. گۆڕانکاری لە شێوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە شێوازی نوێ و تازە.

٣. گۆڕانکاری لە شێوەی بەرنامە ڕێژی و پلانی وەبەرهێناندا.

٤. گۆڕانکاری لە چۆنێتی بەدەستهێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکان.

٥. گۆڕانکاری لە شێوەی وەبەرهێنانی کاڵاو شمەکە پێویستەکاندا.

٦. گۆڕانکاری لە شێوەی خەزنەداری و پاراستنی بابەت و کاڵاو شمەکە ئەنبار کراوەکاندا.

٧. گۆڕانکاری لە شێوەی بازرگانیکردن و ئاڵ وگۆڕی کاڵادا.

٨. گۆڕانکاری لە شێوەی گواستنەوەی پارەو کاروباری بانکەکاندا.

٩. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فێرکاری.

د. محمد شومان باوەڕی وایە کە دەرکەوتنی میدیای نوێ، بووەتە هۆی بەدیهێنانی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە زانست و شێوازی کاری ڕاگەیاندندا:

١. گفتوگۆیەکی زۆر هەیە لە نێوان زانایان و پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندندا لە بارەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە واتاو چەمکی بابەت و جۆرەکانی ڕاگەیاندندا بەدیهاتووە، دوای شۆڕشی زانیارییەکان و ڕاگەیاندن بەشێوەیەک کە ئەمڕۆ ڕاگەیاندن بە تەنیا ڕۆژنامە و ئیزگەو تەلەفزیۆن ناگرێتەوە بەڵکو واتاکەی فراوانترو سەرجەم شێوازە تازە و نوێکانی پەیوەندیکردنیش لە خۆ دەگرێت.

٢. سنوورە جیاکەرەوە ئاساییەکانی نێوان ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن چڕبوونەتەوەو شێوەی مۆڵتی میدیایی لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت لەخۆگرتووە.

٣. خزمەتگوزارییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت گرنگییەکی تایبەت دەدات بە بواری ئەرشیف بە گشتی، بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کاری ڕاگەیاندن و کتێبخانەو سەرچاوەی زانیارییەکان.

٤. خێرایی خزمەتگوزارییەکانی ڕاگەیاندن و شۆڕشی زانیارییەکان، داتایەکی بۆ کات و شوێن نەهێشتۆتەوە بەشێوەیەک کە زیاتر وەڵامی پرسیارەکانی چی ڕوویداوە یان چی ڕوو دەدات.؟ گرنگترە نەک چی ڕویداوە؟

٥.گۆڕان لە فۆرمەکانی **(نماذج)** پەیوەندیکردندا، بەشێوەیەکە لە مۆڵتی میدیادا زیاتر جەخت دەکرێتە سەر فۆرمی دوو ئاراستەیی نێوان وەرگرو نێرەر بوونی پەیوەندی و کارلێکی بەردەوام لە نێوانیاندا نەک بە تەنیا لە نێرەرەوە بۆ جەماوەر بەگشتی، وەک کەناڵە ئاسمانییەکان، بۆیە خودی وەرگریش لەو حاڵەتەدا دەبێتە نێرەرو دەتوانێت هەمانکات پەیامی بگەیەنێت.

٦. وەرگر لە میدیای نوێدا پێویستی بە شارەزایی و توانا و لێهاتوویی هەیە لە چۆنیەتی بەکارهێنان و وسود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای زانیارییەکاندا.

٧. میدیای نوێ گۆڕانکاری گەورەی لە کاروپیشەی ڕاگەیاندندا دروست کردووە بۆ ڕۆژنامەنووسان بەشێوەیەک کە بگونجێ لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا.

## قۆناغەکانی گۆڕان لە ڕۆژنامەی کاغەزییەوە بۆ ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی.

نیوەی دووەمی چەرخی بیستەم بە سەردەمی دیاردەی تەقینەوەی زانیارییەکان لەقەڵم دەدرێت، کە بەرهەمهێنانی زانیارییەکان زۆر گەشەی کردوو بازارێکی گەورەی بۆ خۆی دەستەبەرکرد، کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بازاڕی بەرهەم و کاڵا ماددییەکاندا نەبوو، بەشێوەیەک کە زۆرێک لە وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان پارەیەکی زۆرتریان لە بەرهەمهێنانی زانیارییەکاندا سەرف دەکرد. بەبەراوورد لەگەڵ کاڵا گرنگ و ستراتیجییەکانی تر لە جیهاندا فەزای سیرنتی پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەیی بوو لە شێوازی ئاسایی ڕۆژنامەی چاپکراوو توانای لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکاندا، بۆ شێوازی ئەلیکترۆنی کە پابەند بێت بە ڕوبەرو کات و شوێن و سنووری جوگرافییەوە،

بەشێوەیەک کە هونەری ڕۆژنامەوانی سیماو ئەرکێکی نوێ لە خۆ بگرن.

ئەمڕۆ جیهان بە شۆڕشێکی گەورەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و ئابووری و زانستیدا تێدەپەڕێت. ئەویش بە شێوەیەکی زۆر خێراو سەرسوڕهێنەر لە هەمانکاتدا کە تایبەتمەندییە هاوچەرخەکانی ئەو بوارانەی لە خۆدا بەرجەستە کردووە، بۆیە زانیاریی لەم چەرخەدا بووە بە کالای ئەمڕۆی سەرمایەی ئایینده.

**ئامرازەکانی بە کۆگەیاندن لە چەرخی زانیارییەکاندا:**

١. کۆمپیوتەر
٢. تەلەفزیۆنی فەزایی
٣. تەلەفزیۆنی کێبڵی
٤. تەلەفزیۆنی کارلێکی
٥. تەلەفزیۆنی ژمارەیی
٦. ڕادیۆی فەزایی وئینتەرنێتی
٧. مۆبایل
٨. ڤیدیۆ تێکس
٩. تلیتێکس
١٠. سی دی
١١. ئینتەرنێت
١٢. نانۆتەکنۆلۆجیا

**- بڵاوکردنەوەی کتێبخانەیی (النشر المكتبي)**

چەمکی بڵاوکردنەوەی کتێبخانەیی **(النشر المكتبي - Desk Top Publishing) بەشێوەیەکی سەرەکی ئاماژەیە بۆ تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەر، کە لە ڕێگەیەوە بەکارهێنەران دەتوانن بە خێرایی و سانایی دەسیان بگات بە هەواڵ و زانیاری و ئەو دەق و وێنەو دیکۆمێنتانەی بە پێویستیان دەزانێت، بەشێوەی (یەک کەس – یەک دەق و دیکۆمێنت - / One Person – One document approach) کە بە هەنگاوێکی بەرچاوی پێشکەوتنی پیشەسازی چاپ و بڵاوکردنەوە دێتە ژمارەن.**

**پێکهاتە سەرەکییەکانی بڵاوکردنەوەی کتێبخانەیی:**

**- کۆمپیوتەر**
**- چاپگەری لێزەری**
**- پرۆگرامی بڵاوکردنەوەی کتێبخانەیی**
**- سکانەر**
**- مۆدێم (بۆ ڕاستکردنەوەی ئیشارەکان).**
**- پرۆگرامی فاکسمیلی کە زانیارییەکان لە ڕێگەی مۆدێمەوە دەگوازێتەوە.**
**- سیستمی دەنگ sound system**
**- پرێنتەر**

**میژووی بڵاوکردنەوەی کتێبخانەیی**

شۆڕشی بڵاوکردنەوەی کتێبخانەیی، لە ساڵی ١٩٨٤دا دەستی پێکرد، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە سێ کۆمپانیای گەورە لە بواری دروستکردنی کۆمپیوتەردا بەدیان هێناوە وەک (Adobe، Aldus، Apple com putter inc) کۆمپانیای ئەپڵ توانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە (Macintosh)دا، ئەنجام بدات وەک دابینکردنی (Mouse) و (Laser printer) بۆی، هەتاوەکو بەکارهێنەرانی بتوانن سوودی زیاتری لێ ببینێت، بە هەمان شێوە کۆمپانیای (Aldus). توانی پرۆگرامێکی هەرزانی وەک **(بیج میکر)** بەرهەم بهێنێت، هاوکات لەگەڵ چەند هەنگاوی پێشکەوتنی تر بەمەبەستی هەرچی باشتر پراکتیزەکردنی ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی کتێبخانەیی.

**پرۆگرامەکانی بڵاوکردنەوەی کتێبخانەیی:**

- پرۆگرامی چارەسەری وشەکان
Word – processing programs
- پرۆگرامی بەرهەمهێنانی ڕەگەزە گرافیکییەکان و چارەسەرکردنیان Graphics Programs
- پرۆگرامی چارەسەری وێنەکان
Image- Fiddling programs
- پرۆگرامی نەخشەکان
mapping programs
- پرۆگرامی پەیوەندیکردن
communications programs
- پرۆگرامی کوارک ئکسپرس .
- پرۆگرامی ئیزایدین.

بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی (النشر الالكتروني)

ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی بەشێکە لە پرۆسەی پێشکەوتوو فراوانی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی، کەچەمکی بڵاوکردنەوەی بەواتای دابەشکردنی ئەلیکترۆنی زانیارییەکان بەسەر (Hard disk)دا یان لە ڕێگەی (communication link tale)

هەواڵنامەی کتێب

خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکات، بۆیە تێگەیشتنەکەی هەموو ئەو بابەت و زانیارییانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی یەکێک لە هۆکارەکانی بەکۆ ڕاگەیاندنەوە بەخۆیەرو بیسەر و بینەری دەگات، وەک سیدیو ڤیدیۆو تیکس و تلیتێکس و ..هتد.

پێناسەی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی لەلایەن **(صادق طاهر)**ەوە بەم شێوەیە هاتووە؛ بریتیە لە بەکارهێنانی دەزگای ئەلیکترۆنی لە هەموو بوارەکانی بەرهەمهێنان و کارگێڕی و دابەشکردنی زانیارییەکان و ئامادەکردنیان بۆ بەکارهێنەران.

- بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی بریتییە لە لابردن و پەخشکردن و پێشکەشکردنی ژمارەیی زانیارییەکان، یان بریتییە لە پەیام و نامەیەکی نوێ کە لە لایەن نێرەرە و بەرهەم دەهێنرێت و بەشێوەی کاغەزی یان ئەلیکترۆنی بڵاودەکرێتەوە. بە تایبەتمەندییەکانی لە خۆگرتنی وێنە و دەقی نووسراوەوە کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تۆڕی ئینتەرنێتەوە سوودی لێوەردەگیرێت.

- واتای بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی باس لە بوارێکی هاوبەشی چەند پسپۆڕێتییەکی جیاوازی وەک زانستی ڕاگەیاندن، زانستی کتێبخانەو سەرچاوەی زانیارییەکان، زانستی کۆمپیوتەر و چاپخانەو بڵاوکردنەوە دەکات.

- بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی، ئەو مادە ڕۆژنامەگەریەیە کە بەشێوەی ئاسایی چاپ ناکرێت، بەڵکو لە فۆرمێکی ژمارەییدا و لەسەرچاوەیەکی ئەلیکترۆنیەوە بڵاوکردنەوەی ژمارەیی زانیارییەکان، بەشێوەیەکی زانستیانە دادەڕێژرێت بە شێوەی کاغەزی یان ئەلیکترۆنی بڵاودەکرێتەوە.

## پرۆگرامەکانی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی (برامج النشر الالکترونی)

لە بواری بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنیدا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، ژمارەیەک پرۆگرام و ئامراز بەکاردەهێنرێت لەوانە: ئەو پرۆگرامانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفی شێوازی پیشاندانی وێنەو دەق و خوێندنەوەی پەڕەکانی وێب، پێناسەی ئەو مەلەفانەی کە بۆ ئاسانکاری لە خوێندنەوەی دەقەکاندا بەکارهاتوون:

1- SGM- Standard Generalities Markup Language.

2- HTML- Hyper Text Markup Language

3- XML- Extensible Markup Language.DVD

4- PDF – Portable Document Format.

هەر یەکێک لەو پڕۆگرام و بەرنامانە تایبەتمەندی خۆیانیان هەیەو بە ئاستی جیاواز بەکارهێنیان لە بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنیدا سوودمەندە، بە تایبەتی (HTML)کە بە زمانی سەرەکی و بنەڕەتی دروستکردن و ڕێکخستن و نەخشەکێشانی سایت و پێگە ئەلیکترۆنیەکان لەقەڵەم دەدرێت کە لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەکەین:

- پرۆگرامێکە فێربوون و بەکارهێنانی ئاسانە.
- دەق و وێنەکان لەگەڵ کارلێکێکی گونجاودا پیشان دەدەرێت.
- لەگەڵ زیادبوونی نیزامێکی کارکردن دا بەکاردەهێنرێت.
- هەردەق و مەلەف و وێنەیەک لەم پرۆگرامەدا بە یەکەیەکی سەربەخۆ لەقەڵەم دەدرێت.
- ڕێگە بەدەرکەوتن و پیشاندانی فەرمانە هەڵەکان نادات.

## سوودەکانی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی

١. کەمکردنەوەی تێچوون، ئەو تێچوونەی کە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبێک پێویستە وەک: چاپ و بڵاوکردنەوە، چونکە تۆری ئینتەرنێت بۆ خۆی لە یەک کاتدا بە ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوە هەڵدەستێت.

٢. کات بەفیڕۆ نەدان، بەکارهێنەر پێویستی بەکاتێکی زۆر نییە بۆ گەڕان و بەدەستهێنانی کتێبێک، وەک ئەوەی لە کتێبخانەیەکدا بۆی بگەڕێت.

٣. ئاسانکاری لە گەڕان بەدوای زانیاری و بابەتی پێویست لە ڕێگەی کرداری **(کلیک)**ەوە، لەجێی هەڵدانەوەی پەڕەی کتێب و گۆڤارو

رۆژنامەو بڵاوکراوەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێویست.

٤. کارلێکی (Interactivity)بە بەکارهێنانی (Hyper Links)، بەکارهێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی فەرمانی ناوبراوەوە پەیوەندی بە پێگەو سایت و مەلەفی تردوە بکات و زانیاری پێویست بەدەست بهێنێت.

٥. بوونی ڕووبەری پێویست بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان، چونکە پەڕەکانی **(وێب)** فراوان و بێ سنوورن و بە پێی پێویست دەکرێت بابەت تیایاندا بڵاوبکرێتەوە.

٦. بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی بوار دەڕەخسێنێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەکارهێنەرانیدا بۆ سوود وەرگرتنی زیاتر.

٧. ئاسانکاری لە ڕاستکردنەوەی زانیاریی هەڵەکان ئەنجامدانی گۆڕانکاری و کەم و زیاد کردنیان.

٨. بڵاوکردنەوەی خودی (Self Publishing) واتە بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی بواردەدات بە بەکارهێنەران و لێکۆڵەرەوان کە بابەت و بەرهەمەکانیان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سایت و ئیمەیلەکانیانەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوبکەنەوە.

٩. پاڕێزگاری کردنی ژینگە، بەو واتایەی کە بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی ڕێگرە لەبەردەم دروستکردنی کاغەزو بەکارهێنانیدا و دواجار بڕینی دارو درەوخت بۆ ئەو مەبەستە.

**ئامانجەکانی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی**

ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی سەرەتا کورتکرابووەوە تەنیا بۆ مەبەستی سەربازی بەهۆی گواستنەوەی دەقەکانەوە و لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، بەڵام دواتر لە ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکان و زانکۆکاندا گەلێک ئامانجی تری بۆ دەستنیشانکرا:

١. خێراکردنی کارو بواری لێکۆڵینەوەی زانستی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای ڕاگەیاندن و ئاسانکاری لە بەدەستهێنانی زانیارییەکاندا.

٢. زیادکردن و خێراکردنی بڵاوکردنەوەی زانیاری بازرگانی لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و بەشێوەیەکی ئەکادیمی.

٣. دەستەبەرکردنی بەرهەمی فیکری بۆ وڵاتان لەسەر شێوازی گەڕان لەسەرچاوە ئەلیکترۆنییەکاندا.

**ئینتەرنێت و ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی.**

**پێناسە:**

- چەمکی ئینتەرنێت internet لە دووبەش پێکهاتووە، یەکەمیان (inter)کە لە وشەی (interconfracted) وەرگیراوە، بەواتای داخل بوون وە Net بەواتای تۆڕ.

وشەی ئینتەرنێت لە ڕووی زمانەوانییەوە لە (International Net Work) واتە تۆڕی زانیاری جیهانییەوە وەرگیراوە، کە بە چەند ناوێکی تریش هاتووە لەوانە (The Net)، تۆڕی جیهانی (World Net)، تۆڕی جاڵجاڵۆکە(The Web)، ڕێگای ئەلیکترۆنی خێرای زانیاریەکان (Electronic Sapir Highway).

- ئینتەرنێت: تۆڕێکی جیهانی فراوانە کە بە هەزاران تۆڕو ملیۆنەها کۆمپیوتەر لە خۆ دەگرێت لە سەرانسەری جیهاندا، وە لە ڕێگەی سەدان پرۆتۆکۆلی گەیاندن و وەرگرتنەوە بەیەکەوە پەیوەستن.

- ئینتەرنێت بریتییە لە کۆمەڵێک تۆڕی بەیەکەوە گرێدراو، کەمولکی کەس و گروپ و کیان و پرۆتۆکۆلێکی تایبەت نین، بەڵکو هەریەک لە پێکهاتەکانی لەلایەک دەزگا گشتییە جیهانییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت.

- ئینتەرنێت هۆکارێکی گەیاندنی زۆر فراوان و بڵاوە لە جیهاندا، کە بێ شومار کۆمپیوتەری پێوە بەستراوە، ئەتوانێت ژمارەیەکی زۆر خزمەتگوزاری ئەنجام بدات، کە پەیوەندیان بە پێشکەشکردنی زانیاریەکانەوە هەیەو بە گشتی ئەرکێکی زۆر گەورەی میدیایی ئەنجام دەدات.

- ئینتەرنێت بریتییە لە ئینسایکلۆپیدیایەکی زۆر گەورە، کە بەشداربووان لە ڕێگەیەوە دەتوانن زانیاری بەدەست بهێنن لە بارەی هەر بابەتێکی دیاریکراوەوە لە شێوەی دەقێکی نووسراو، یان نەخشە،یان لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە، چونکە ملیۆنەها دەزگای کۆمپیوتەری پێوە بەستراوە کە زانیاری لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

تۆڕی ئینتەرنێت کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە

جیهاندا بڵاوبۆتەوە بوەتە یەکێک لە سیما دیارو پێشکەوتووەکانی بواری شۆڕشی زانیارییەکان و ڕاگەیاندن، لە داهێنانی چاپخانەوە تا ئەمێستا بەگەورەترین داهێنان و دەستکەوتی ئەو بواڕە لەقەڵەم ئەدرێت کە بەرهەمی دەیان ساڵەی هەوڵی داهێنانکاری حکومەتی فیدراڵییە لە تۆڕەکانی لێکۆڵینەوە، وەک (ARPA Net) و (NSF NET ).

**ئاستەکانی سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت لە ڕۆژنامەگەریدا**

**ئاستی یەکەم:** وەک سەرچاوەیەکی زانیارییە کان

١- سوود لێوەرگرتنی وەک هۆکارێکی یارمەتیدەری بڵاوکراوکردنەوەی هەواڵەکان یان یەکێک لەسەرچاوە سەرەکییەکانی ڕووداوە هەواڵییە خێراکان لە ڕێگەی پێگە پەیوەندیدارەکانەوە.

٢- سوود لێوەرگرتنی وەک سەرچاوەیەکی تەواوکەری زانیارییەکان، درێژەی هەواڵ و زانیارییەکان یان پێشینەو وردەکاری ڕووداوە گرنگەکان.

٣- سوود لێوەرگرتنی بۆ ئامادەکردن و گەیشتن بەسەرچاوەی بابەتە ڕۆژنامەگەرییە تایبەتمەندەکان وەک: وەرزشی، ڕامیاری، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی. هتد.

٤- پێشکەشکردن و ناساندنی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان بە گشتی.

**ئاستی دووەم:** سوود لێوەرگرتنی وەک هۆکارێکی پەیوەندیکردن

١- سوود لێوەرگرتنی وەک هۆکارێکی پەیوەندیکردنی دەرەکی بە پەیامنێرەکانەوە کە لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان دەگوازنەوە. یان ئەنجامدانی باس و خواس و گفتوگۆکردن و بەدواداچوون لەگەڵ تیمە هەواڵگرییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا.

٢- سوود وەرگرتن لە تۆڕی ئینتەرنێت وەک نیزامێکی پەیوەندیکردنی ناوخۆیی دەزگاکە، لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

**ئاستی سێیەم:** سوودوەرگرتن لە تۆڕی ئینتەرنێت لە دروستکردنی پەیوەندییەکی زیندوو لە نێوان نێرەرو گەیەنەردا و، فەراهەمکردنی زەمینەیەکی لەبارو کات و ڕووبەرێکی فراوان بۆ بەکارهێنەران.

**ئاستی چوارەم:** سوود وەرگرتن وەک ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی کاری ڕۆژنامەگەری، ئیتر چ دانەیەکی ئەلیکترۆنی خودی ڕۆژنامە کاغەزییەکە بێت یان ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی بێت کە بوونی مادی نییەو لە شەقامدا بڵاونابێتەوە.

**ئاستی پێنجەم:** تۆڕی ئینتەرنێت سوودی لێوەردەگیرێت بۆ کاری ڕیکلام بە هەموو جۆرو شێوازەکانییەوە بە تایبەتی ڕیکلام وەک هونەرێکی ڕۆژنامەگەری.

ئاستی شەشەم: لە پرۆسەی بەجیهانیبوونی ئابووریدا تۆڕی ئینتەرنێت وەک گرنگترین فاکتەری خزمەتگوزاری ئەو بواڕە لەقەڵەم ئەدرێت.

**دەرکەوتنی ڕۆژنامەکان لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت**

بۆیەکەمجار لە ئایاری ساڵی ١٩٩٢دا، ڕۆژنامەی **(شیکاگۆ ئۆن لاین ـ Chicago Online)** وەکو ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە سەر تۆڕی ئەمریکا ئۆنڵین لە لایەن شیکاگۆ تریبۆنەوە بڵاوکرایەوە.

دەرکەوتنی ڕۆژنامەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت زۆر هێواش بوو، بەتایبەتی لەسەر (Web)، کەلەسەرەتای نەوەدەکانەوە دەرکەوت، مارک دیوز (mark Deuce) لەو بارەوە دەڵێت:" لە هەشتاکاندا هەواڵەکان لە سیما دیارەکانی تۆڕی ئینتەرنێت بوو، بەڵام لە (Web)دا، دەرکەوتنی هەواڵەکان دەرکەوت، لە گرنگترین دەسپێکەکانی گۆڤاری (Word Magazine) بوو کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٣دا دەرکەوت، کە هەر لەو ساڵەدا ئێزگەی ئینتەرنێتی و دواتر ڕۆژنامە و گۆڤاری تریش دەرکەوتن) لە هەموو قۆناغەکانی پێشووتردا لەسەر تۆڕی بازرگانی بوون، وەک **(ئەمریکا ئۆنلاین، بڕود جی، کمبیوسیرف)** لە ساڵی ١٩٩٤دا، پرۆسەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەستیان پێکرد، کە

گرنگترین و زۆرترینی ئەو ڕۆژنامانە لە ئەمریکا بریتی بوون لە **(پالو ئاتویلکی Palo Alto WEEKLY)**، لە شوبات و گۆڤاری **(سی نت)** لە ئازارداو ڕۆژنامەی (real Athens and observer) کە پێگەیەکیشی لەسەر وێب هەبوو. دەیلی تەلەگراف (DAILY TELEGRAPH) لە تشرینی دووەم و فاینەنشاڵ تایمز (FINAN CIAL TIMES) بە هەمان شێوە لە تشرینی دووەم و دالّس مورنینگ نیوز (DALLAS MORNING NEWS) و لە کانوونی یەکەمیشدا (THE IRISH TIMS)ی ئیرلەندی بڵاوکرایەوە.

مارک دیوز لە بارەی ئەزمونی **(دەیلی تەلەگراف)**ەوە دەڵێت:" یەکێکە لە سەرتایترین پێگەکانی ڕۆژنامە ئەوروپییەکان لەسەر ئینتەرنێت کە لە تشرینی دووەمی ١٩٩٤ەوە بڵاوەکرێتەوەو زیاتر لە یەک ملیۆن بەشداربووی لە دانە ئەلەکترۆنییەکاندا هەیە **(ئەم زانیارییە ئاماری ساڵی ٢٠٠٢)ە**".

کە ئەوەش بەسەرەتای کرانەوەی ئینتەرنێت دادەنرێت بەڕووی جیهاندا، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٥ەوە توانی زۆرترین ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە وڵاتانی تری جیهان لە خۆ بگرێت، کە پێش ئەو مێژووە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان ئەمریکی بوون کە ژمارەیان زیاتر لە (٦٠) ڕۆژنامەبوون.

لە ساڵی ١٩٩٦ەوە بەکارهێنەران لە سەرانسەری جیهاندا ئینتەرنێتیان وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری ڕۆژنامەگەریی دەرک پێکرد، لە نوزدەی نیسانی هەمان ساڵدا، بینای شارەوانی ئۆکلاهۆمای ئەمریکا تەقییەوە، دواتر توانرا ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانی و لێدوانە حکومییەکان و لیستی کۆژراوەکان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بگوازێتەوەو دوابەدوای ڕووداوەکەش پێگەی هەواڵی ڕۆژ (News Days )، لە بروجی نەخشەی شارەکەی بڵاوکردەوە، هەروەها **(ئاسۆشێتدپرێس)** لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت یەکەم ڕاپۆرتی لەبارەی ڕووداوەکەو وێنەیەکی لە چۆنیەتی بۆمبە بەکارهاتووەکان بڵاوکردەوە.

لە ٢٨ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، نەخشەی ئاشتی بۆسنە وەکو یەکەمین بەڵگەنامە لەسەر تۆڕ بڵاوکرایەوە کە سەرنجی زۆربەی خوێنەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە وەک سەرچاوەیەکی هەواڵ. دواتر ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەی ناودار لە جیهاندا وەک گاردیانی بەریتانی (GARDIAN TGE) لە یەکی نیسان و جیهانی ئەڵمانی (DiE WELT) لە ئایارو یوری شیمبوون (Yomiuri Shimboun)ی یابانی لە حوزەیران و ئەساهی شیمیون (ASAHI SHIMBUN) ی یابانی لە ئاب و گەلی (lancion)ی ئەرجەنتینی لە کانوونی یەکەم و لۆمۆندی فەرەنسی (LEMONDE)، لەگەڵ ڕۆژنامەی گەورەی ئەمریکی **(واشنتۆن پۆست)** کە لە مانگی یۆلیۆی هەمان ساڵدا لەسەر تۆڕی (INTER CHANGE) ڕۆژنامەی (USA TO DAY)لە مانگی نیساندا بڵاوکراونەتەوە.

## ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی

پێناسە: ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کۆکەرەوەی واتای ڕۆژنامەگەری و نیزامی مەلەفی زنجیرەیی و یەک لە دوایەکەکانە، بڵاوکراوەیەکی ئەلیکترۆنی ڕووداوە هەنووکەییەکانە، ئیتر بابەتە گشتییەکان بێت یان تایبەتییەکان، لە ڕێگای دەزگای کۆمپیوتەرو بە هۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەرهەم دەهێنرێت. هەندێک کاتیش ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی پەیوەستە بەڕۆژنامە کاغەزییە چاپکراوەکانەوە.

- چەمکی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی (ELECTRONIC JOURNALISM)

زۆرجار ئاماژە بۆ بەکارهێنانی یاسای زانیارییەکان **(قواعد المعلومات)** دەکرێت، بەڵام هەمان کاتیش ئاماژە بۆ بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت بەمەبەستی گەیشتن بەسەرچاوەی زانیاری و بەڵگەنامە لەبارەی ملیۆنەها بابەتەوە.

- ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی جۆرێکە لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان مرۆڤەکاندا بەدی دێت لە ڕێگەی فەزای ئەلیکترۆنی، ئینتەرنێت، تۆڕەکانی زانیاری و بەکۆگەیاندن، هەروەها هونەرو شێوازو ئەو توانایەی کە لە ڕۆژنامەگەری کاغەزیشدا بەکاردێت، لەگەڵ ئالیەت و هۆکاری

پەیوەندیکردنی تەکنەلۆجیای تردا،کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو فەزا ئەلیکترۆنییەدا، وەکو ناوەندێکی پەیوەندیکردن لەوانەش بەکارهێنانی دەق و دەنگ و ڕەنگ و ئاستە جیاوازەکانی تری کارلێک لەگەڵ وەرگردا، بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی ڕا لە ڕابردو و ئێستا و ئایندەدا. هەروەها گەیاندن و شیکردنەوەی بە جەماوەر لەڕێگەی ئەو فەزا ئەلەکترۆنییەوە بە شێوەیەکی خێرا.

**- د. ئیحسان مەحمود ئیحسان:** ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان ئەو ڕۆژنامانەن کە ئینتەرنێت وەکو کەناڵێک بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی وشەو دەنگ و ڕەنگ بەشێوەیەکی زیندوو هەروەها هەواڵ و زانیارییەکان.

**- د. مەحمود علم الدین:** ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی بریتییە لەو ڕۆژنامانەی کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەبنەوە، وەکو ڕۆژنامەیەکی چاپکراو لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر کە مەتن و دەنگ و ڕەنگ و وێنەی جوڵاو لە خۆدەگرێت، هەروەها شکڵێک یان زیاتری هەیە لە هەمان ڕۆژنامەی کاغەزی یان کورتەیەک لە تەواوی ناوەرۆکی ئەو ڕۆژنامەیە، واتە مینبەرو ڕووبەرێکی فراوان بۆ ئازادی ڕادەربڕین و خزمەتگوزاری بەکۆگەیاندن.

- ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی بەچەندین واتای جیاواز هاتووە:

- ڕۆژنامەگەریی خێرا: **(الصحافة الفورية).**
- دانەی ئەلیکترۆنی **(النسخة الكترونية).**
- ڕۆژنامەگەریی ژمارەیی **(الصحافة الرقمية)**
- Electronic News Paper.
- On Line Edition.
- Virtual News Paper.
- Electronic Journalism.

## جۆرەکانی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی

**ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت بەسێ شێوە پۆلێن دەکرێن:**

١. پێگەو سایتی ڕۆژنامە کاغەزییەکان، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، یان هەندێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان، کە بە دانەی ئەلیکترۆنی تەواوکەریان دێتە ئەژمارو زۆر بابەت و بڵاوکراوەکان و چەندین بەرهەمی ڕۆژنامەنووسی تریش لەخۆ دەگرێت، بەهۆی بێ سنووربوونی ڕووبەڕووی بڵاوکردنەوەی کاری بەردەوامی ڕۆژنامەنووسان تیایدا.

٢. سایتە هەواڵگری و پێگە ڕاگەیاندنییەکانی تایبەت بە لیکۆلینەوەو شیکردنەوەو تەفسیرو بەدواداچوونی هەواڵ و ڕوداوەکان و ئامادەکرنیان بۆ بڵاوکردنەوە لەسەر تۆری ئینتەرنێت وەک (Arabia online) و (blanket Arabia) و (nassi) و **(پەیامنیر)**و چەندین سایتی تر. ئەو پەیامنیرو هەواڵگرو نووسەرانەی لەم جۆرە سایتانەدا کاردەکەن بە گشتی ڕۆژنامەنووسانی ئینتەرنێتی ناوزەد دەکرێن.

٣. ئەو ڕۆژنامە ئەلەکترۆنییانەی کە دانەی کاغەزیان نییەو لەشەقامدا بڵاوناکرێنەوە و زۆربەی کات بەرهەمی تاکەکەسین و هەموو جۆرە هەواڵێکیش لەخۆ دەگرن وەک ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، زانستی، وەرزشی، هەروەها هەواڵی هونەری، وەک شانۆ، سینەماو مۆسیقاش بڵاودەکەنەوە، سوود لە پێشکەوتووترین تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندن و زانیارییەکان وەردەگرن، هەتاوەکو بەجوانترین شێوەکاری خزمەتگوزاری ئەنجام بدەن، ئەم ڕۆژنامانە ڕۆژانە بڵاودەبنەوەو بەردەوام گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکەکەیاندا دێت.

ڕۆژنامەنووسی (on line)وەکو سەربازێکی نێوجەرگەی شەڕ وایە، کە پێویستە هەموو ئامرازو پێویستییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی پێ بێت، کە لەو جەنگە پێویستی پێدەبێت، بەتایبەتی کەلاوی پەیوەندییەکان ئامێریی ڤیدیۆیی و فۆتۆگرافی دیجیتاڵی و زۆر پێشکەوتوو، دەزگای ڕادیۆی ئەلیکترۆنی بچووک، . هتد. تا بتوانێت بە ئاسانی مادە ڕۆژنامەوانییەکان بگوازێتەوە بۆ ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

## تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی

ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی کە هەنووکە بە لووتکەی کاری ڕۆژنامەگەری دێتە ئەژمار و کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە خۆ گرتووە کە لەگەڵ

شۆرشی زانیارییەکان و کۆمەڵگای زانیارییەکان و بە جیهانیبوونی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری سایبرەو فەزای سیرینتی دا یەک دەگرێتەوە وەک:

١. خێرایی لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا، لەهەمان ساتی ڕووداندا گۆڕانکاری و ڕووداوە کاندا، دواتر بڵاوکردنەوەیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا.

٢. توانای زۆری ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە گواستنەوەی هەواڵ و بەدواداچون و شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی هەواڵ و ڕوداوەکان و بوونی ڕووبەری فراوان بۆ دابەزاندنی دریژەی هەواڵەکان.

٣. توانای گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بۆ بەکاربەر لە هەر کات وشوێنێکدا.

٤. توانای پەیوەندیکردن بە زیاتر لە سایت و پێگەیەکی ئەلیکترۆنییەوە بۆ ئاگاداربوون لەسەرجەم ڕووداو و ئاگادارییەکان و بەدەستخستنی هەواڵ و زانیاری پێویست لە بارەیانەوە.

٥. بوونی وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ و دیمەنی ڤیدیۆیی کە لە ڕۆژنامە کاغەزییەکاندا دەگمەن و کەمە،وە ئەگەر هەشبێت تێچوونێکی مادی زۆری پێویستە بۆ خاوەنی ڕۆژنامە تەقلیدییەکان و ئەو خاڵەش فاکتەرێکی گرنگی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرو بیسەرو بینەرە.

٦. هەرزانی و ئاسانی گەیشتن بە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوەو ئاسانکاری زۆر لە ئەنجامدانی کاری ڕێکلام تیایاندا.

٧. بوونی کارلێکێکی بەردەوام لە نێوان ڕۆژنامەو بەکاربەردا، هەروەها گواستنەوەی بابەت و هەواڵ و زانیارییەکان بەهەر سێ شێوەی نوسین و دەنگ و ڕەنگ لەیەک کاتدا، کەئەوەش لەسیما هەرە دیارەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنییە.

٨. گواستنەوەی بەردەوام و چرکە بەچرکەی هەواڵ و زانیارییەکان.

٩. نەبوونی سانسۆرو بوونی ئازادییەکی لەڕادەبەدەر لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیدا.

شێوازی ئامرازەکانی بەکۆ گەیاندن لە ڕۆژنامەگەری ئەلەکترۆنیدا

بۆچوونی بابەتییانە لەبارەی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنییەوە، بەواتای بەتەنیا دەرککردنی گۆڕان نییە لە شێوازو جۆرو تایبەتمەندی هۆکاری گەیاندنی بابەتی ڕۆژنامەوانیدا، چونکە ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەو هۆکارەدا ڕوو دەدەن ڕاستەوخۆ کاریگەریشیان لەسەر نامەو پەیامە ڕۆژنامەگەرییەکە دەبێت، واتە کرداری گەیاندن کەشێکی پەیوەندیکردنی بۆ دەخولقێنێت کە ڕەهەندە ڕاگەیاندنی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکەی جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو کەشەی ڕۆژنامەگەری چاپکراوی کاغەزی دەیخولقێنێت، بۆیە زەروریە ئاماژە بە ئامرازەکانی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی بدەین وەک:

### ١. نامەی پەیوەندیکردن (الرسالة الایصالیة)

پێکهاتەی بابەتیانەی پەیامی ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەکی ڕیشەیی لەسەر پەیوەندی نێوان شێوەوشێوازیڕۆژنامەوانیوناوەڕۆکدادروست بووە. زۆربەی بۆچوونە ڕۆژنامەوانییەکان لەسەر ئاستی شێوەیەکی ڕۆژنامەوانی تایبەت نەبێت کەڵکی چارەسەرکردنیان نییە، ئیتر ئایا ئەو شێوەیە قاڵبێکی هەواڵی تەفسیری یان ئاراستەیی لە خۆ گرتبێت، ئەو گۆڕانکارییانەی کە شێوە ڕۆژنامەوانییەکە دەگرێتەوە بێگومان کاریگەریشی لەسەر ناوەرۆکی پەیامەکە دەبێت. بۆیە ئەگەر ئەو وتەیە ڕاستبێت کە ناوەرۆکی ڕۆژنامەکان خوێنەر هەڵدەبژێرێت، ئەوا پێچەوانەکەیشی ڕاستە کە دەگوترێت خوێنەر ناوەرۆکی ڕۆژنامە هەڵدەبژێرێت ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە جێی گرنگی پێدانییەتی.

### ٢. نێرەر:

هەروەک چۆن لە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیدا سروشتی پەیام و نامە ڕۆژنامەگەرییەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بە هەمان شێوە ئەو گۆڕانکارییە نێرەریش دەگرێتەوە لەچەند ڕوویەکەوە لەوانە:

- لایەنی پەیوەست بە کاری پەیامنێری ڕۆژنامەوانییەوە، واتە ئامادەکردن و

بەرهەمهێنانی بەرنامەیەک کە لەگەڵ شێوازی کاری تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی ئەمڕۆی بوارەکەدا بگونجێت.

- لایەنی پەیوەست بەکاری دەرهێنەری رۆژنامەوانییەوە، لە رێگەی ئەو لێتوێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی کە لە بواری دەقی رۆژنامەوانییەوە کراون، بەهەموو شێوە و ئاستە جیاوازییەکانییەوە دەکرێت کۆمەڵێک بنەماو یاسای جیاواز بەدەست بێت کە بتوانرێت هەنگاوەکان و شێوازی بەرهەمهێنانی دەقێکی زۆر زانستی و ئەکادیمی و سەرکەوتووی لێ بەرهەم بهێنرێت، کە دەکرێت لەو رێگەیەشەوە نیزامێکی گشتگیر دابڕێژرێت کە ئەرک و کاری داهێنەر (Editor) دیاری بکات.

### ٣. شێوەی گشتی هۆکاری بە کۆگەیاندن

شێوەی چاپکراوی ئاسایی و کاغەزی جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ شێوەی نوێی چاپکراوی ئەلیکترۆنیدا، کەلەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دادەبەزێت یان لە مۆنیتەری کۆمپیوتەرە کەسی و گشتییەکانەوە بڵاو دەبێتەوە لە زۆر ڕووەوە وەک خاوەندارێتی نەخشەسازی، یەکێتی دەق، ڕووبەری بڵاوکردنەوەی وێنەی جێگیرو جوڵاو، کارلێک لە نێوان نێرەرو وەرگردا، ئاسانی گەیشتن بە زانیاری، چەندێتی و چۆنیەتی زانیارییەکان، ڕادەی ئازادی و ڕادەربڕین. هتد.

### ٤. وەرگر (المستقبل):

توانای هەڵسوکەوتی وەرگر لەگەڵ دەقە ڕۆژنامەوانییە ئەلیکترۆنییەکەدا لە توانای خوێنەردا بەرجەستە دەبێت. کاتێک توانای خوێنەر لەگەڵ دارشتنی دەقە ڕۆژنامەوانییە ئەلیکترۆنییەکەو ئاستی ڕوونی و سانایی تێگەیشتنیدا یەکدەگرێتەوە، کەواتە کرداری پەیوەندی کردنەکە بەباشی جێبەجێ بووە، چونکە هۆکاری سستی خوێنەر بۆ ڕۆژنامەی کاغەزی لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، لە کاتێکدا لەڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا خوێنەر زۆر بە ئاسانی لە رێگەی کرداری **(لینک)**ەوە دەگات بە زانیاری خوازراوی خۆی و دەتوانێت لە کات و شوێنی پێویستدا سودی لێوەرگرێت بەچاکترین شێوە.

### ٥. خۆراکی پێچەوانە:

خۆراکی پێچەوانە یان کاردانەوەی پێچەوانە لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیدا کرداریکی گواستراوەیە بەدەنگ و ڕەنگ و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان نێرەرو وەرگردا، واتە کرداریکی کارلێکی زیندووی دوو کەسی ڕاستەوخۆیە و تەنیا تێبینی و سەرنجێک نییە لە دورەوە کە لە ڕۆژنامەگەری کاغەزیدا بەدی دەکرێت.

### تایبەتمەندیەکانی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی:

بوونی چەند تایبەتمەندییەکی گرنگ و نوێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە لە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیدا بەرجەستەبوون فاکتەرو سیمای سەرەکی جیاکردنەوەیەتی لە ڕۆژنامەگەری کاغەزی، کە ئەویش کۆکردنەوەی سەرجەم هۆکارەکانی ڕاگەیاندنە لەیەک دامەزراوەدا، بەمەبەستی گەیاندنی ناوەرۆکی پەیامی ڕۆژنامەگەری بە باشترین و چاکترین شێوە کە زۆرترین کاریگەری لەسەر وەرگر دابنێت وەک:

### ١. جۆرایەتی (التنوع):

ڕۆژنامەنووس بۆ نووسینی وتاریک لە ڕۆژنامەی کاغەزیدا زۆرجار ڕووبەرووی گرفتی کەمی ڕووبەری پێویست دەبێتەوە کە ئەم گرفتە لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا بوونی نییە. واتە ڕۆژنامەنووس ڕووبەری پێویستی بۆ فەراهەم دەبێت کە بە ویستی خۆی بەکاری بهێنێت، هەتاوەک و بتوانێت هاوسەنگییەک دروست بکات لە نێوان پانتایی زانیاری خوازراوی وەرگرو جەماوەر لەلایەک و ئەرکی ڕۆژنامەگەری لە گەیاندنی زانیاری پێویست لەلایەکی تردەوە، هەروەک ئاشکرایە تۆڕی ئینتەرنێت چارەسەری ئەو کێشەیەی کردووە ودەتوانێت ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەڕووبەری زۆر فراوان دەستەبەر بکات.

### ٢. نەرمی و ئاسانی بەکارهێنان (المرونة):

ئەم سیفەتە بۆ وەرگر **(بەکارهێنەری**

**ئینتەرنێت)** زۆر گونجاوە، چونکە ئەوەی کەمترین زانیاریشی لەبەکارهێنانی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەردا هەبێت دەتوانێت بە سانایی بگات بە سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری لە تۆڕی ئینتەرنێتدا و سوودی لێوەربگرێ.

### ٣. ڕووبەری جوگرافی:

کرداری ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن لە زەمەنی بە جیهانیبوونی ڕاگەیانداو لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە توانیویەتی بەسەرتاسەری جیهان بگات، بەڵام هۆکارە ڕاگەیاندنە تەقلیدییەکان و ڕۆژنامەگەری کاغەزی تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستن بە سنووریکی جوگرافی دیاریکراوەوە.

تەنانەت ئەگەر ئەو سنوورانەش تێپەڕێنێت ناتوانێت بەپێی پێویست پەیامەکەی بگەیەنێن بە وەرگرو خوێنەرێکی زۆر لە جیهاندا.

### ٤. تێچوون (الكلفة):

تێچوون لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا کەمترە لە ڕۆژنامەی کاغەزی کە پێویستی بە کاغەزو چاپخانەو دابەشکەرو ژمارەیەکی زۆر کارمەندو پەیامنێر هەیە. هەر بۆیە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووەو بگرە زۆرجاریش وەک پرۆژەیەکی ئابووری سوودی لێوەردەگیرێت سەرەڕای ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆژنامەگەریش.

### ٥ ـ کارلێک (التفاعل ـ Interactive):

لە ڕۆژنامەی کاغەزیدا تەنیا کارلێک بریتییە لە پەیوەندی نێوان خوێنەرو ڕۆژنامەکە ئەویش سەیرکردنی بابەتی خوازراوی خوێنەرو پاشان خوێندنەوەیەتی، لەگەڵ هەڵدانەوەی پەڕەکاندا، لەڕادیۆدا گوێگرتن و لە تەلەفزیۆنیشدا بینین و بیستن لەگەڵ هەندێک کارلێکی سادە لەبەرنامە ڕاستەوخۆکانیاندا، بەڵام لە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیدا کارلێکێکی ڕاستەوخۆو بەردەوام و کارا لە نێوان نێرەرو هۆکاری گواستنەوەو وەرگردا هەیە.

### ٦. پابەندنەبوونی بە جەماوەرێکی تایبەتییەوە (اللاجماهيرية ـ Densification):

بەو واتەیەی کە پەیامی ڕۆژنامەگەرییەکە دەکرێت ئاراستەی تاکە کەسێک بکرێت، یان کۆمەڵێک، بەڵام نەک بۆ جەماوەرێکی زۆر فراوان هەروەکو لە هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندنداا بەدی دەکرێت، کەئەوەش بە دیاردەی گۆڕانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە جەماوەرییەوە بۆ تاکە کەسی لەقەڵەم دەدرێت، بەواتایەکی تر گۆڕان لە ناوەندێتی پەیوەندیکردن و یەکخستنی جەماوەرەوە بۆ نامەرکەزی پەیوەندیکردن و پەرتەوازەکردنی جەماوەر، بەدوو ئاراستەی کارکردنی جیاواز لەسەر نێرەرو وەرگر مەبەست لە ناردنی خۆراکی ڕۆژنامەگەری تایبەتە بۆ وەرگر، ئازادی وەرگر بۆ وەرگرتن و بەدەستهێنانی ئەو هەواڵ و زانیاری و بابەتانەی کەخۆی مەبەستییەتی.

### ٧. پابەندنەبوون بەکات وشوێنەوە:اللاتزامية (Synchronization):

توانای ناردن و وەرگرتنی نامەو پەیام و هەواڵ و زانیاری لە کات و شوێنی گونجاودا بۆ کەسی بەکارهێنەر هەروەک و لە پۆستی ئەلیکترۆنیدا ئەنجام دەدرێت.

### ٨. فراوانبوون و بڵاوبوونەوەی (الشيوع والانتشار ـ UBIQUITY):

واتە بڵاوبوونەوەیەکی بەرنامەیی بۆ سیستەمی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لە جیهاندا.

### ٩. بەجیهانیبوون یان گەردوونیەت (الكونية ـ Globalization):

ژینگەی سەرەکی نوێی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بریتییە لە ژینگەی جیهانی نێودەوڵەتی کە ئەتوانێت زانیارییەکان لە ڕێگەی سنووری نێودەوڵەتییەکانەوە ئاڵووێر بکات.

### سیماکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی

ئەگەرچی لە تایبەتمەندی و سیفات و شێوازی کاری ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیدا ئاماژەمان بە زۆر خاڵی گرنگ و پەیوەست کرد کە لەوانەیە هەندێکیان بەشێوەیەک ئاماژەبن بۆ سیماکانی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، بەڵام بەکورتی ئەتوانین ئەو سیمایانە لەچەند خاڵێکدا بخەینە ڕوو:

١. ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە هەمان کات و ساتی چاپکردنیدا بڵاودەبێتەوە و دەردەچێت.

٢. هەل و بواریک بۆ خوێنەر دەرەخسێنێت کە لەهەر کاتێکدا بیەوێت بیخوێنێتەوە.

٣. هـۆکـاری جـیـاوازی ڕاگـەیـانـدن و پەیوەندیکردن بەکار دەهێنێت.
٤. بەکارهێنانی شێوازێکی کارلێکی.
٥. ڕەخساندنی هەلی گونجاو بۆ بـەداوادا گەڕان و هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی سەرچاوەی پێویست.
٦. دەرچـوون و بڵاوبوونەوەی لەپێش دانە کاغەزیە چاپکراوەکان.

**گرفتەکانی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی**

ئـامـاژە کـردن بەڵێەنە گرنگ و بـاش و بـەسـوودەکـەی ڕۆژنـامـەگـەریـی ئەلیکترۆنی و تـایـبـەتـمـەندییە بـاڵاکـانـی و کـارو ئـەرکـە خزمەتگوزارییەکانی مانای ئەوەنییە کە بێ گرفت و کێشەیە و هیچ کۆسپێکی لەبەردەمدا نـیـیـە، بـەڵـکـو گـەلـێـک کـۆسـپ ڕووبـــەڕووی پیادەکردنی ئەم جیهانبوونەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی دەبنەوە کە زەروریـیە ڕۆژنامەنووسان و سەرجەم ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کاردەکەن بەهەند وەریان بگرن وەک:

١. پێویست بوون بە توانای جیاوازو لێهاتوویی زۆر، چونکە ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیدا ڕووبەڕووی ژینگەی فرە هۆکاری پەیوەندیکردن و خزمەتگوزاری زۆرو جیاواز دەبێتەوە کە پێویستی بە توانای دەستی جیاواز هەیە وەک :

- لێهـاتـوویـی و شـارەزایـی بەکارهێنانی کومپیوتەر، کامێرای دیجیتاڵ، شارەزایی کارکردن بە پرۆگرامەکانی وێنەو چارەسەرکرنی دەق و بەکارهێنانی پرۆگرامی پۆستی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت بە گشتی.

- بـەردەوامـی ئـەرکـی سـەرەکـی دەرهـێـنـەری ڕۆژنـامـەوانـی لـە ڕۆژنـامـەی کاغەزیدا، پاش بەدەست هێنان و کۆکردنەوەی زانیاری لە شوێنی ڕووداوەکە و ئامادەکردنی لە شێوەی کۆتایی دەقێکی نووسراوداو ناردنی بۆ چاپ تـەواو دەبێت، لەگەڵ ئەرکێکی کەمی بـەدواداچـوون و چاودێریکردنی دوای چاپ، بـەڵام لە ڕۆژنـامـەی ئەلیکترۆنیدا ئـەم ئەرکە لەسەرشانی ڕۆژنـامـەنـووس زۆر زۆر درێژ دەبێتەوەو سنووری مێزو دۆلابەکەی تێدەپەڕێنێت و وەک و پێویستیی گـەڕان و دیاریکردنی خەڵکانی پسپۆڕ لە بوارەکەداو بانگهێشتکردنیان و ئامادەکردنیان بۆ وەڵامدانەوەی پرسەکانی جەماوەر لەو بارەیەوە، ئەویش لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و لەهەمان پێگەوە.

٣. کەمی بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت لەبەر چەند هۆیەکی وەک ناشارەزایی بەکارهێنانی، بڕی تێچوون، نەبوونی هێڵی ئینتەرنێت ..هتد.

٤. ناڕۆشنی ئایندەی بڵاوکردنەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، لەڕوانگەی نەبوونی بنکەیەکی جەماوەری بەکارهێنەری فراوانەوە.

٥. لاوازی گەڕاوەی سوودی بازاڕ.

٦. کـەمـی یـان نـەبـوونـی ڕۆژنـامـەنـووسـی شارەزاو لێهاتوو بۆ بەڕێوەبردن و دەرهێنانی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی، بەهۆی پێشکەوتنی زۆری تەکنەلۆجیای بـوارەکـە و پێویستی پسپۆڕێتی لەبەکارهێنانیدا.

٧. بوونی ڕکەبەرییەکی بەهێز لە نێوان ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکاندا بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری و خێرایی لە پێشکەشکردنیان بەبەکاهێنەر.

٨. گۆڕان لە پرۆگرامی خوێندن و ئامادەکردندا، بـە شـێـوەیـەک کـە بگونجێت لـەگـەڵ دونـیـای ڕۆژنـامـەگـەری ئەلیکترۆنی و شێوازی کارو خزمەتگوزارییەکاندا.

ئازادی لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیدا

کاتێک سـەیـری فـەزای کـراوەی کارکردن دەکـەیـن لـە ڕۆژنـامـەگـەری ئەلیکترۆنیدا لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، دەبینین کەچەندە فراوانەو هیچ سنوورو بەندی و داخـراوی و کۆت و بەندێکی لەسەر نییە، بەبەراورد لەگەڵ کـەش و هـەوای سـنـووردار ی ڕۆژنامەگەریی کاغەزیدا، ڕاستەوخۆ دەرک بە بوونی ئازادی ڕادەربڕین و پیادەی کاری ڕۆژنامەگەری ئازاد دەکەین. دەبینین کە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی ئاسۆو چەرخێکی نوێی لە ئازادی ڕادەربڕیندا خوڵقاندووە کە دوور لە سانسۆرو مەقەستکردنی بابەت و هەواڵ و مادە ڕۆژنامەوانییەکانە، ئەم ڕاستییەش ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی پرسەکانی ئەوی دیمان دەکاتەوە کە ناچار بە گوێگرتن و وەڵامدانەوەمان دەکات، ڕاستییەک کە دەم و سنگە داخراوەکان دەکاتەوە و زمانیش بۆ

درکاندنی ڕاستییەکان دەخاتەوە گەڕ..

بەڕپرسی لیژنەی ئازادییەکان لە سەندیکای ڕۆژنەمەنووسانی ئەردەنی **(یەحیا شەقی)** جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە پیادەکرنی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی مافی سروشتی هەموو مرۆڤێکە، لەوەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکاندا، بەپشت بەستن بە مادەی ١٩ لە ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤدا، هەمان ماددە لە پەیمانی نێودەوڵەتی مافە شارستانی و ڕامیارییەکاندا.

لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی وەکو ڕۆژنامەی تەقلیدی و کاغەزی پێویستی بە مۆڵەتی دەرچوون و پابەندبوون بە هەندێک یاساو ڕێسای حکومی و نێودەوڵەتیەوە نییە، بۆیە ئاساییە ئازادییەکی زیاتری تێدابێت، کاتێکیش باس لە سانسۆر دەکرێت زیاتر مەبەست سانسۆری زاتی و خودیی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانە، **(سوسن زایدە)** کە پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندنە باوەڕی وایە کە سانسۆری ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی شێوەیەکی نوێی بە خۆوە گرتووە، ئەویش گوشار خستنەسەری پەیامنێرانی ئەو ڕۆژنامانەیە لە وڵاتە جیاوازەکاندا، یان داخستنی پێگەی ڕۆژنامەکە بە ڕووی بەشداربووواندا، هەروەکو چۆن وڵاتی سعودیە پێگەی **(البوابة)** داخست بەڕووی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەدا بۆ کاتێکی دیاریکراو، بەڵام بە گشتی **(سوسن زایدە)** باوەڕی وایە کە سەقفی ئازادی لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیدا زۆر لە ڕۆژنامەگەری کاغەزی خوێندراو زیاترو بەرزترە.

ڕۆژنامەنووس **(حاتم العبادي)** لە ڕۆژنامەی **(الرأي)** لەبارەی سانسۆرو ئاستی ئازادی لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیدا باوەڕی وایە کە سەرەڕای بوونی ئازادییەکی زۆر لەو جۆرە ڕۆژنامەگەریەدا، بەڵام ئینتەرنێت نەیتوانیوە ئاستی ئەو ئازادییە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بکاتەوە بە هۆی ئەو سانسۆرە زاتیەی کە ڕۆژنامەنووسان لەسەر خۆیانیان داناوە.

**"ڕۆژنامەی کاغەزی و ئەلیکترۆنی.. مەرگ و ژیان"**

ئایا دەرکەوتنی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بۆ جێگرتنەوەی ڕۆژنامەی کاغەزی بوو؟ ئایا ڕۆژنامەی چاپکراو و کاغەزی دەتوانێت بمێنێتەوەو خۆی ڕاگرێ؟ ئایا ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی تەنیا باڵۆنێکە و چاوەڕێ دەکرێت لە کاتێکدا بتەقێتەوەو ئاسەواری نەمێنێت یان زەوی ژێر پێی ڕۆژنامەی کاغەزی لەق دەکات و لەکاریگەری کەم دەکاتەوە؟

شۆڕشی زانیارییەکان و تەکنەلۆجیای میدیا هەروەکو بوارەکانی تر کاریگەری زۆریشی لەسەر پیشەسازی چاپ و بڵاوکردنەوەو هونەری ڕۆژنامەوانی و پیشەی ڕۆژنامەنووسی و سوودمەندەکانی ئەو بوارەی لەلایەکی ترەوە داناوە، سەرەتای چەرخی بیستەم دەرکەوتنێکی بەرچاوی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەخۆوە بینی لەبەرامبەر ڕۆژنامەی چاپکراودا، کەتەمەنێکی زیاد لە پێنج قەرنی گوزەراندبوو.

"ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی وەکو ڕۆژنامەی تەقلیدی و کاغەزی پێویستی بە مۆڵەتی دەرچوون و پابەندبوون بە هەندێک یاساو ڕێسای حکومی و نێودەوڵەتیەوە نییە، بۆیە ئاساییە ئازادییەکی زیاتری تێدابێت"

ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە چاو ڕۆژنامەی کاغەزیدا توانایەکی زۆر باشی هەیە لە چڕکردنەوەی سەرنجی خوێنەرو بیسەرو بینەرو هەروەها ئاستی بڵاوبوونەوەی و گرنگی پێدانی لەلایەن بەکارهێنەرەوە.

ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی جیاوازی ڕاگەیاندنەوە (Multi Media)، بوار بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێت کە لەیەک کاتدا هەستی بیستن و بینین و بەرکەوتن بەکاربهێنێت و سوودیان لێوەربگرێت، چونکە ئەتوانێت هاوکات هەواڵ و زانیاری و بابەتە خوازراوەکانی هەڵبژێرێت و بیانخوێنێتەوە و سەیری وێنە جێگیر یان جوڵاوەکان بکات و گوێ بۆ دەنگی تۆمارکراوی خوازراوی خۆی بگرێت و سەیری فلیمە ڤیدیۆییە پەخش کراوەکانیش بکات، هەموو ئەمانەش لە کردارێکی خێرای دیاریکراودا ئەنجام دەدرێن.

جون راسل، پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندنی بەریتانی لە (BBC)دا باوەڕی وایە کە ئەو مەترسییە گەورەیەی لە ئایندەدا ڕووبەڕووی ڕۆژنامەی کاغەزی دەبێتەوە، بریتیە لەیەکتر تەواوکردنی تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت، کە دەتوانین ئەو دوو سیفەت و فاکتەرە کاریگەرو بنەڕەتییە بەرجەستە بکەن، کە لە ئایندەدا ڕۆژنامەی تەقلیدی بخەنە ژێر پرسیاری جدی لاوازبوونی ڕۆڵ و کارایییەوە وەک :

١- توانای زۆری بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری بەبێ ڕەچاوکردنی کاتێکی دیاریکراو.

٢- بەردەوامی ئامادەگی و دەستەبەربوونی ڕۆژنامە لەبەردەم خوێنەردا تا کاتێکی پێویستی هەبێت بۆ خوێندنەوەو سەیرکردنی پەڕەکانی بەوردی بەبێ ترس لەدەسەلاتی چەکە زەمەنییەکان.

ئاراستەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژنامەی چاپکراوو ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی

**ئاراستەی یەکەم:** ئەم ئاراستەیە ئاماژەیە بۆ وەسفی توانای زۆری ئینتەرنێت لە دابینکردنی کات و هەلی گونجاو بۆ مرۆڤ بەمەبەستی گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری بە شێوەیەکی خێرا کە هەمان کات ئاماژەشە بۆ بێ توانایی ڕۆژنامەی کاغەزی لەو بوارەدا.

**ئاراستەی دووەم:** ئەم ئاراستەیە ئاماژەیە بۆ بۆچوونی ئەو زاناو پسپۆڕانەی بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کە باوەڕیان وایە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی نابێتە جێگرەوەی ڕۆژنامەی چاپکراو، چونکە لە قۆناغەکانی گەشەو پێشکەوتن و شۆڕشەکانی ڕاگەیاندنداء هیچ کات ڕۆڵی کاریگەری بابەتێک بەسەر هەڵدانی بابەتێکی نوێ کۆتایی پێنەهاتووە، بەڵکو هەریەکە کۆمەڵێک بنەماو تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە ئەوەی گۆڕانی بەسەردا دێت شێواز و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی بابەتی ڕۆژنامەگەری و هونەری ڕاگەیاندنە.

**ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە چاو ڕۆژنامەی کاغەزیدا توانایەکی زۆر باشی هەیە لە چڕکردنەوەی سەرنجی خوێنەرو بیسەرو بینەرو هەروەها ئاستی بڵاوبوونەوەی وگرنگی پێدانی لەلایەن بەکارهێنەرەوە**

**ئاراستەی سێیەم:** ئاراستەی پێچەوانەی هەردوو ئاراستەی پێشووە، ئاماژەیە بۆ ڕاستییەک کە ناتوانرێت ئایندەی هیچ کام لە جۆرەکانی ڕۆژنامەگەری تەقلیدی و ئەلیکترۆنی پێشبینی بکرێت.

**ئاراستەی چوارەم:** ئەم ئاراستەیە ئاماژەیە بۆ یەکگرتنی هەردوو جیهانی ڕۆژنامەگەری کاغەزیو ئەلیکترۆنی لەبەر چەند هۆکارێک وەک:

١. ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەوانی لە جیهاندا بە گشتی، بە ئاراستەی هەمەجۆر بوونی چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکان و بەیەکاچوون و تێکەڵبوونی بوارەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و چاپەمەنییە تایبەتمەندەکاندا لەبەرجەستە بوونداید. بۆ نموونە کۆمپانیای **(تریبۆن)** کە ڕۆژنامەی **(شیکاگۆ تریبۆن)** دەردەکات، هەمان کات خاوەنی وێستگەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و پێگەی ئەلیکترۆنی و گۆڤارەو بەیەکێک لە کۆمپانیا گرنگەکانی پەیوەست بە تۆڕی ئینتەرنێت لە قەڵەم دەدرێت، هەروەکو بە بەشێکی ڕیشە داکوتراوی پیشەسازی پەیوەندیکردن و شۆڕشی زانیارییەکانیش دێتە ئەژمار لە کۆمەڵگا لیبراڵەکاندا کە پشت بە بنەمای ئابووری بازاڕو دیموکراتی ڕۆژئاوا دەبەستن.

٢. فاکتەری هاوبەشی نێوان پیشەسازی بڵاوکردنەوەی تەقلیدی و ئەلیکترۆنی بریتیە لە ناوەرۆکی زۆرباش کە بەبێ ئەو ناوەرۆکە نەبڵاوکراوەیەک بەرهەمدێت و نە کەناڵێک پەخش دەکرێت و نە پێگەیەکی ئینتەرنێتیش دەمێنێت، بۆیە پرسی سەرەکی ناوەرۆکی ڕۆژنامەگەرییە بۆ هەر یەکێکیان و لە جیهانی ئەمڕۆشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە هەروەکو یەکگرتنی کۆمپانیای **(ئەمریکا ئۆن لاین)**و **(تایم وۆرنەر)**، وەکو دوو کۆمپانیای زۆر گەورەی جیهانی بواری دەروازەی ئەلیکترۆنی و بڵاوکردنەوەو پەیوەندیکردن لە جیهاندا.

سەبارەت بە دۆخی ڕۆژنامەی کاغەزی دوا بەدوای دەرکەوتنی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ئەوا بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە پێشکەشکراوە بە کۆمەڵەی ڕۆژنامە ئینتەرنێتیە ئەمریکییەکان لە ساڵی ٢٠٠٤دا، دەرکەوتوە کە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کاریگەری بووەتەوە کە لە ئەنجامدا چاوەڕوان دەکرێت دوو ئاراستەی سەرەکی لە خۆ بگرێت وەک:

**١. ئاراستەی ناوخۆیی بوونی ڕۆژنامەی کاغەزی:** زۆربەی ئەو ڕۆژنامانە توانای بە جیهانبیوونیان نییە، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنییەوەو لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەهۆی لادانیان لە بواری ڕیکلامی ئەلیکترۆنیدا، بۆیە پێویستە لەسەریان کە پێگە ناوخۆییەکەی خۆی بەهێزو پارێزراو بکات.

**٢. ئاراستەی تایبەتمەندی بوونی ڕۆژنامەی کاغەزی:** ئەگەری زۆر هەیە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاریەکی زۆر لە ڕووی چەندێتی و جۆرایەتییەوە بەسەر ڕۆژنامەی کاغەزیدا بێت بەتایبەت گۆڕانی بەرەو تایبەتمەندیبوونی ڕۆژنامەکان بەهۆی جیاوازی خوێنەران لە ڕووی خواست و ئارەزوو داواکاری حەزو خولیاکانیانەوە، بەو شێوەیەش ڕۆژنامەکان لە ڕووی ژمارەوە زیاد دەکەن، چونکە تایبەتمەندێتیان زۆر دەبێت.

هاوکات لەگەڵ پێشبینی ئاراستەی تایبەتی ڕۆژنامەی کاغەزی، لە ڕوانگەی ئەو دەرکەوتە بەهێزەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و هەڵەکانیدا بۆ خۆسەپاندنی خۆی لە گۆڕەپانی ڕاگەیاندنا هەروەها وەک جێگرەوەیەک بۆ ڕۆژنامەی کاغەزی، بەڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەش کە هێشتا ڕۆژنامەی ئەلیکترونی شێوەیەکی جێگیری بەخۆوە نەگرتووە، چونکە کەش و هەوا گشتیە ئەلیکترۆنییەکە بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەڵام دەکرێت چەند ئاراستەیەکی گشتی بۆ دەستنیشان بکرێت وەک:

**١- ئاراستەی تەکنەلۆجی:** ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی سوود لە تواناو تەکنەلۆجییەکان وەردەگرێت و لەو ڕێگەیەوە سروشتی ناوەرۆکی پەیامەکە دیاریدەکات، پێگە ستاتیکییەکان بوار نادەن پەیوەندییەکی کارلێکی لە نێوان خوێنەرو ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا دروست ببێت بە پێچەوانەی پێگە دینامیکی و جوڵاوەکان کە لە چەندین ڕووەوەو بە هۆی توانای بەرزی تەکنۆلۆجیای بوارەکەوە ئاستێکی بەرزی

کارلێک بەدی دەهێنێت.

**٢.ئاراستەی دەرهێنەری:** رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی ڕووگەیەکی کارلێکی ناوەندی هەیە، بەواتای هەڵسوکەوتی بەکارهێنەر لەگەڵ ناوەرۆکی دەق و هەواڵ و زانیارییەکاندا بەوپەڕی ئازادییەوە **( گەڕان لە پێگەکان و قسەکردن لەسەر بابەتەکان)** هەروەها پێگەی رۆژنامە ئەلەکترۆنییەکان دەروازەی گفتوگۆ دەکاتەوە لەمەڕ بابەتە گرنگەکانی پەیوەست بەبەرژەوەندی گشتییەوە بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە، هەمان کات بواریش بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێت کە بەشداری لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکاندا بکات.

**٣. ئاراستەی ئابووری:** دوو شێواز نموونەی سەرەکی ئەمڕۆ بۆ رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی دەستنیشانکراوە، نموونەی خۆڕایی بوونی ناوەڕۆک و پشت بەستن بە ناوبانگی پێگە ئەلەکترۆنیەکەوە نومونەی وەرگرتنی پارە لەبەشداربوو لە کاتی بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە ناوەرۆکی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکە.

یەکێک لە پرسە گرنگەکانی دونیای ئەمڕۆی ڕاگەیاندن، پرسی ئایندەی هۆکارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنە، کە ڕکەبەریەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، لە پێناو مانەوەی رۆڵ و کاریگەری هەر یەکێکیان دا، لاوازبوونی یەکێک زیاتر بەرجەستەبوونی دەوری ئەوی دی بەدی دەکرێت، لەڕێگەی دووبارە ڕێکخستنەوەی شێوە و گۆڕینی ئامانجەکاندا.

گەورە ئیمبراتۆری ڕاگەیاندن **(روبیرت میردۆخ)** لەبارەی ڕابردوو ئایندەی کاری ڕاگەیاندنەوە دەڵێت: ڕابردوو بەسەرچوو. یان گۆڕان یان مردن. رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی بوومەلەرزەیەکە کۆشکە کاغەزییە تەقلیدییەکەی تووشی شۆک و لەرزین کردووە، میردۆخ باوەڕی وایە کە لەبەرەبەیانی چەرخی زێڕینی زانیارییەکان، یان سەردەمی ئیمپراتۆریەتی زانیاریە نوێیەکاندا، دەتوانێت بە چاکی ئایندە بخوێنێتەوەو سەیری پێشەوە بکات نەک دواوە هەروەها دەڵێت" سەخت و دژوارو مەترسیدارە بەکەم سەیرکردنی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان بەدیان هێناوە، کەدەتوانن وڵاتێک وێران بکەن یان دروستی بکەنەوە تا دەگات بە کۆمپانیایەک، ئەو باوەڕی وایە کە دەسەڵات کەم کەم لە چەرخی کۆنی رۆژنامەگەری دەسەنرێتەوە بەنەوەی نوێی رۆژنامەگەری دەسپێردرێت.

یەکێک لە تایبەتمەندییەی هەرە گرنگەکانی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی کە لە هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن جیای دەکاتەوە شێوازی پیشاندانی هەواڵ و زانیاریە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر، کە لە ڕێگەی فەرمانی لینکەوە بە چەندین سەرچاوەی تردەوە بەستراوەتەوە، ئەم سیفەتەش لە پێشوازی خوێنەر بۆ رۆژنامەی کاغەزی کەم دەکاتەوە لە کاتێکدا نموونە ئەلیکترۆنییەکەی بە ئاسانی و خۆڕایی لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە خوێنەر پێی

**یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی کە لە هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن جیای دەکاتەوە شێوازی پیشاندانی هەواڵ و زانیاریە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر، کە لە ڕێگەی فەرمانی لینکەوە بە چەندین سەرچاوەی تردەوە بەستراوەتەوە، ئەم سیفەتەش لە پێشوازی خوێنەر بۆ رۆژنامەی کاغەزی کەمدەکاتەوە**

دەگات.

بە پێی ڕاپۆرتێک کە بەم دواییە لە ژێر ناوونیشانی **(دۆخی هۆکارە ڕاگەیاندنییە هەواڵییەکانی ساڵی ٢٠٠٦)**دا لە واشنتۆن بڵاوکرایەوەو ژمارەیەک پەیمانگاو ناوەندی لێکۆڵینەوەی پەیوەندیدار بە کاری ڕاگەیاندنەوە لە ئەمریکا بەشداریان تێدا کرد، ساڵی ٢٠٠٥ بە **(سەرەتای مردنی ڕۆژنامەگەریی کاغەزی)** ئاماژەی پێکراوە، لە ڕوانگەی ئەو کزبوونەی کە ڕووبەڕووی هەندێک لە ڕۆژنامە گەورەکانی ئەمریکا بووەتەوە لەوانە، **(نیویۆرک تایمز)** کە دەستبەرداری زیاتر لە ٦٠٪ی پەیامنێرو دەرهێنەرکان بووەو **(لۆس ئەنجلۆس تایمز)** یان **(نایت لایدر)** کە سەرپەرشتی ٣٠ ڕۆژنامەی ئەمریکی دەکات ڕایگەیاندووە کە ڕووبەڕووی گرفتی ماددی گەورە بووتەوەو ئامادەیە پشکەکەی بفرۆشێت.

گرنگی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی وایکردووە کە ئەمڕۆ وەکو بابەتێکی سەرەکی و پێویستی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی لە زانکۆ ڕۆژئاواییەکاندا وەکو پێویستیەکی هەنووکەیی پیشەسازی بواری ڕاگەیاندن و بە بازاڕ کردنی بەرهەمە ڕۆژنامەگەرییەکان بخوێنرێت..

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕۆژنامەی کاغەزی بەپێی بۆچوونی هەندێک لە پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن سەنگ و قورسایی خۆی هەیە، هەروەکو **(سمیر سرحان)** بەڕێوەبەری دەستەی گشتی نووسەرانی میسر لە ڕوانگەی ئەزموونی کاری خۆیەوە باوەڕی وایە کە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی و کاغەزی دژی یەک نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن، دەکرێت هاوکاری و گۆڕانکاری لە نێوانیاندا دوو ئاراستەیی بێت، هەر یەکەو ئەرکێکی تایبەت بە خۆیانیان لەسەر شانەو بە هاوکاری نێوان هەردوو شێوازەکە دەکرێت چاکترو باشتر بە ئەنجام بگات، هەروەها **(سهام نصار)** مامۆستا و سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابی **(حەلوان)** جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی لە جۆری بەیەکگەیشتن و بەیەکەوە گونجانە نەک ململانێ ورکابەری، بەڵکو کەناڵە ئاسمانییەکان بەڕکەبەرو جێگرەوەی ڕۆژنامەی کاغەزی لەقەڵەم ئەدات.

جێگری سەرنووسەری **(اسلام اون لاین)** باوەڕی وایە کە ڕۆژنامەی کاغەزی و چاپکراو لایەنی بابەتی و ڕاستگۆیی زیاتر لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ڕەچاو دەکات.

هەرزانی نرخ و توانای هەڵگرتن و بەئەرشیفکردنی بە سیفاتە باشەکانی ڕۆژنامەی کاغەزی لەقەڵەم ئەدات. ئەگەرچی **(حسام السید)** ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت بە جێگرەوەی کاغەزی دەزانێت، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نەتەوە لەسەر کاغەز نەبێت دروست نابێت.

سەرنووسەری ڕۆژنامەی **(الشعب)**ی ئەلیکترۆنی لە لێکۆڵینەوەیەکیدا کە لە یەکەمین کۆنگرەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا و لە ٢٠٠٤/٨/٩ دا و لە قاهیرە پێشکەشی کردووە بە ناوی **(ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بوونی دەسەلمێنی)**. دەڵێ:" ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بووە بەسەرچاوەیەکی زۆر گرنگی زانیارییەکان، ئەو کەسەی کۆمپیوتەرو هێڵی ئینتەرنێتی هەبێت، ڕۆژنامەی کاغەزی ناکڕێت، هەروەها باوەڕی وایە کە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی وەکو دوو هۆکاری بڵاوکردنەوە یەکدی ڕەفز ناکەن، بەڵکو پێشبڕکێ و هەندێک جاریش کرداری یەکتر تەواوکردن ئەندام دەدەن. وە هەروەها **(عامر عبدالمنعم)**، لە لێکۆڵینەوەکەیدا هەندێک هۆکار ئاماژە پێدەکات، وەکو بەڵگەیەک، کە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ناتوانێت جێی ڕۆژنامەی کاغەزی بگرێتەوە، لەوانە:

- بوونی متمانەیەکی زۆر لای خوێنەر سەبارەت بەو هەواڵ و زانیارییانەی کە لە ڕۆژنامەی کاغەزیدا بڵاودەکرێنەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا.
- لاوازی پشتیوانی ئابووری بۆ ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و نەبوونی ڕیکلامی سوودمەند وەکو داهاتێکی ئابووری بۆی.

- ڕەچاوکردنی زیاتری لایەنی بابەتیبوون لە ڕۆژنامەی کاغەزیدا.

ڕاگری کۆلێژی راگەیاندن لە زانکۆی **(سەنعا)** و، دکتۆر **(أحمد عقبات)**، لە خوێندنەوەیەکدا بۆ ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی لەیەمەن، پاش ئەوەی کۆمەڵێک کۆسپ دەستنیشان دەکات، وەک ئامادەگی لە شوێنی ڕووداوداو داڕشتنەوەی هەواڵ و ڕەچاونەکردنی بنەما زانستییەکانی توانای بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێی ڕاگەیاندن. هتد، سەرەڕای ئەو هەنگاوە گەورەیەی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی ناویەتی وەکو ئەو دەستکەوتانەی کە لە خێرایی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و پابەندبوونی بە کات و شوێندا پیادەی کردووە. هێشتا لەسەدا سەد نەیانتوانیوە ببێتە جێگرەوەی ڕۆژنامەی ئاسایی، چونکە ڕۆژنامەی کاغەزی وروژێنەرترەو توانای هەڵدانەوەی پەڕەکان و خوێندنەوەی زانیاری و سەیرکردنی وێنەکان ئاسانترە و نەخشەسازیەکی سەرنجڕاکێشتریشیان هەیە.

لە بەشێکی تری بابەتەکەدا زۆربەی ناوەندە ڕۆژنامەوانییەکان، سەرگەرمی گفتوگۆو لێکۆڵینەوەی زانستین لە بارەی ئایندەی ڕۆژنامەگەری کاغەزییەوە، کەوەکو پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، زانایان و پسپۆران ڕای جیاوازیان لەو بارەیەوە هەیە، هەندێکیان باس لە توانای خۆڕاگری جۆری ئاسایی دەکەن و جۆری ئەلیکترۆنیش بەوە وەسف دەکەن کە هێشتا سالاّنی منداڵی دەگوزەرێنێ.

بەو واتایەی کە لە سالاّنی داهاتوودا مەترسییەکی گەورەی لەناوچوون لەسەر ڕۆژنامەی کاغەزی دروست دەکات، هەندێکی تریش باوەڕیان وایە کە ڕووبەرێکی فراوان هەیە بۆ گرتنە خۆی گریمانە هەنووکەیی و ئایندەییەکانیش، بەگشتی هەندێک هۆکاری کاریگەر لە سەر ئایندەی هونەرەکانی ڕاگەیاندن، ئاماژە پێدەکەن وەک:

١- بەردەوامی زۆرێک لە هونەرەکانی ڕاگەیاندن لە پەیوەندی بوون بە ژمارەیەکی دیاریکراوو نەگۆڕەوە، لەبەشداربووان، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی زیاتریان بە تێپەڕبوونی کات و ئەوەش دەبێتە هۆی لاوازی لە داهات و زەرەرمەندبوونی و بێ توانایی لە ڕکەبەری کۆمپانیا بەتوانا هاوشێوەکانیدا.

٢- هۆکارەکانی بە کۆ گەیاندن، داراییەکی بەرچاو بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری تەرخان دەکەن، لە کاتێکدا لە بواری کۆکردنەوەو بەدەستهێنانی زانیاریدا ئەو مەسەلەیە زۆر بەهەند وەرناگرن، ئەوەش دەبێتە هۆی لاواز بوونیان وەک سەرچاوەیەکی بەهێزی زانیاریەکان و لەدەستدانی بەشداربووانیان.

**زۆربەی ناوەندە ڕۆژنامەوانییەکان، سەرگەرمی گفتوگۆو لێکۆڵینەوەی زانستین لە بارەی ئایندەی ڕۆژنامەگەری کاغەزییەوە، کەوەکو پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، زانایان و پسپۆران ڕای جیاوازیان لەو بارەیەوە هەیە هەندێکیان باس لە توانای خۆڕاگری جۆری تەقلیدی ئەکەن و جۆری ئەلیکترۆنیش بەوە وەسف دەکەن کە هێشتا سالاّنی منداڵی دەگوزەرێنێ**

٣- ڕەچاو نەکردنی گرنگی و ناوەڕۆکی هەواڵ و زانیاری و بابەتەکان بە هۆی پەخشی بەردەوامی شەو و ڕۆژی و پرسی هەرچی خێراتر گەیاندنی زانیارییەکان بەبەشداربوو ئەوەش دەبێتە هۆی بێ متمانەیەک سەبارەت بە ڕاستی و ناڕاستییان.

- جیاوازی پێوەرە ستاندارد ڕۆژنامەوانییەکان بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، تەنانەت لە ناو یەک دامەزراوەشدا بۆ نموونە ڕێگەدان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە هونەرێک و ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی لە بابەتێکی تری هەمان دامەزراوە یان کۆمپانیا یان ناوەندی ڕاگەیاندنا.

بەڵام پرسی گرنگ لە بارەی مانەوەو بەردەوامی هونەرێکی ڕاگەیاندن پەیوەندی بە لایەنی ئابووریەوە هەیە، هەر هونەرێکی ڕاگەیاندن نەتوانێت ڕاستەوخۆ نرخە دیاریکراوەکانی پەیوەست بەبەشداربووانەوە بەدەست بهێنێت و پێگەیەکی باشی ببێت بۆ پڕوپاگەندە و ڕیکلام ئەو ا بێگومان گەشەی ڕوو لە داکشان دەکات و دەکەوێت.

- بوونی شەڕی لاوەکی لە نێوان ئەوانەی کە هەوڵدەدەن لە ڕێگەی بابەتی ڕاگەیاندنەوە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دابنێن و ئەو کارمەندو پەیامنێرانەی هەڵدەستن بە ڕومالکردنی زانیاری، کە ئەوەش زۆرجار دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە داواکاری و خواستی بەشداربووان لە لایەک و ستراتیجی کارکردنی بابەتەکە لە لایەکی ترەوە.

هەر لە بارەی ئایندەی ڕۆژنامەگەرییەوە، ڕاپۆرتێک بڵاوکرایەوە کە لە لایەن (The state of the news Media ٢٠٠٦ەوە بە واتای **(دۆخی هۆکارە ڕاگەیاندنە هەواڵییەکانی ساڵی ٢٠٠٦)** ئامادەکرابوو، باسی لە سەرجەم هۆکارە ڕاگەیاندنییە ئەمریکییەکانی کردبوو، لە ڕۆژنامەو تۆڕە ئیزگەیی و تەلەفزیۆنییەکان و هەروەها ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی سەر تۆڕی ئینتەرنێت، ئەو ڕاپۆرتە لە لایەن **(پەیمانگای پرۆژەی بالا لە ڕۆژنامەگەریدا)** کە پەیوەندییەکی هەبوو بەدۆخی ڕۆژنامەگەری زانکۆی کۆڵۆمبیاوە ئامادەکرابوو، بەبەشداری ژمارەیەک پەیمانگاو ناوەندی لێکۆڵینەوەی پەیوەندیدار بەکاری ڕاگەیاندنەوە لە ئەمریکا. ڕاپۆرتێکی زۆر گەورە بوو کە زیاتر لە ١٧٨ هەزار وشەی لە خۆگرتبوو.

هەروەک پێشتریش باسمان کرد نەک ڕۆژنامە بچووکەکان بەڵکو ڕۆژنامە گەورەکانی وەک **(نیویۆرک تایمز، لۆس ئەنجلۆس تایمز، کۆمەڵەی نایت ریدەری ڕۆژنامەوانی)**، زۆربەی بەشداربووانی خۆیانیان لە چەند ساڵی دواییدا لەدەستداوە، ئەو ترسە تەنیا تایبەت بە ڕۆژنامە نییە، بەڵکو زۆری گۆڤارە بەناوبانگەکانیشی گرتوتەوە وەک **(تایم، نیوزویک، یوئیس نیوز)**، بۆ نموونە تایم بە هۆی کەم بوونەوەی ڕیکلامەکانی و ژمارەی دابەشبووەکانی، بڕیاری کەمکردنەوەی زیاتر لە ٢٠٥ کارمەندی خۆیی دا، بەڵێنیشیدا کە خۆی لە کۆمپانیایەکی دەرکردنی تەنیا گۆڤارێکەوە بگۆڕێت بۆ **(کۆمپانیایەکی ڕاگەیاندنی فرە بابەت)** ئەوەی جێی سەرنجە کە لەو ڕاپۆرتەدا، باس لە نووسینی **(شەهادەی وەفات)** بۆ ڕۆژنامە تەقلیدییەکان کراوە، بە ئاماژە بە وتەی **(تۆم گولدستین)** ڕاگری کۆلیژی ڕۆژنامەگەری کۆڵۆمبیا دەڵێ **"ئەگەر ڕۆژنامەکان گۆڕانکاریان بەسەردا نەیەت و خۆنەسازێنن لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوویی ئەمڕۆ ئەوا تیا دەچن و نامێنن"**.

لەو ڕاپۆرتەدا شەش بۆچوونی نوێ بڵاوکراونەتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٦ زۆر جێی گرنگی پێدانن وەکو پێشبینییەک بۆ ئایندەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە چوار چێوەی بەدواداچوونی گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکاندا.

١- دیارترین بۆچوون ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر هۆکاری ڕاگەیاندن بە ڕومالی ڕووداوێکی بچووک دەکەن، لەگەڵ زیادبوونی هۆکارەکان و شوێنی پەخش و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا، جەماوەری هەر یەکێک لەو هۆکارانە ڕوو لە کەمبوونەوە

دەکەن، هەروەک و چۆن کارمەندەکانیشیان ئەگەری کەمبوونەوەیان هەیە، بۆیە دەبێت زیاتر گرنگی بەپێشەنگە گەورەکان بدرێت وەک **(کاترینا)**، کە کاریگەری ئابووری لەسەر جیهان هەبوو.

٢. سەبارەت بە بۆچوونی دووەم ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامانەی کە زیاتر ڕووبەڕووی ئەگەری لاوازی نەمان دەبنەوە، ڕۆژنامەناوخۆییەکانی شارە گەورەکانن، ئەوانەی کە لە کۆتایی چەرخی بیستەمدا زۆر کاریگەر بوون، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ڕۆژنامانە لە ڕووی مادیی و مرۆییەوە گرفتیان نییە، دەبێت خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بسازێنن بە ئاراستەی بەرژەوەندی شوێن و دەوروبەریان.

٣. داکۆکی کردن لە باوەڕی پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندی گشتی لە دامەزراوە میدیاییە دیارەکاندا، دواجار ڕووبەڕوو بوونەوەکەیان لەگەڵ بەڕێوەبەری کارگێڕی و ژمێریارییەکانی بەشی دارایی و ئەو دامەزراوانەدا ئاکامێکی نەبوو شکستیان خواردە، هەروەک چۆن ساڵی ٢٠٠٥ لە دیارترین سەرنووسەرانی ئەمریکا لە کاری ڕۆژنامەگەریدا **(جۆن کارول)** سەرنووسەری **(لۆس ئەنجلۆس تایمز)** پاش دروستبوونی ناکۆکییەکی ئیداری لەگەڵ بەرپرسەکانیدا دوور خرایەوە، هەروەها ئەستێرەیەکی تری ڕاگەیاندن واتە **(تید کابل)** لە تۆڕی (A B C) تەلەفزیۆنی بە هەمان شێوە دوور خرایەوە.

٤. بۆچوونی چوارەم لە بۆچوونەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی ئەوەیە میدیای تەقلیدی خۆی هەنگاوی زۆر خێرا بەرەو داهێنانە تەکنۆلۆجیە نوێکان دەنێت.

٥. وەکو بۆچوونی پێنجەم، ئەوانەی کە بە کۆکەرەوەی هەواڵ ناوزەد دەکرێن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت وەکو پێگەکانی **(گوگڵ، یاهو)** خۆیان ئامادە دەکەن بۆ گەشە پێدانی پیداویستییەکانیان بەمەبەستی هاوڕێک و هاوتا کارکردنیان لەگەڵ خواستی بەشداربووان و بەکارهێنەراندا.

٦. پرسی سەرەکی لە بارەی جیهانی ڕاگەیاندنەوە، وەک بۆچوونی شەشەم کاتی پێویست چەندە هەتاوەکو ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بتوانێت خۆی بگۆڕێت بۆ سەرچاوەیەکی ئابووری گەورە کە توانای بەدەستهێنانی دارایییەکی باشی هەبێت هەروەک لە ڕۆژنامە تەقلیدی و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا دەرک دەکرێت.

## سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان بۆ ڕۆژنامەی چاپکراو لە چەرخی نوێدا

**١. ڕۆژنامەنووسی ئایندە:**

- خەیاڵی زانستی لە ئایندەدا پێشبینی سێ جۆر ڕۆژنامەنووس دەکات وەک :

أ. ڕۆژنامەنووسێکی ئاسایی هەروەکو چەرخی بیستەم کە هەواڵ کۆدەکاتەوە و دەینووسێتەوە.

ب - ڕۆژنامەنووسێکی نائاسایی لەسەر شێوەی مرۆڤێکی ڕۆبۆتی یان کۆمپیوتەرێک، کە جێی ڕۆژنامەنووسی ئاسایی بگرێتەوە.

ج - خودی خوێنەر کە بە هۆی شارەزایی و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندنەوە هەمان کات ئەرکی ڕۆژنامەنووسیش ئەنجام ئەدات.

**٢. ڕۆژنامەی ئایندە:** سێ جۆر سیناریۆی بۆ پێشبینی دەکرێت:

- هاوکات لەگەڵ پیشەسازی ڕۆژنامەگەری چاپکراوی کاغەزی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیدا، چوارچێوەی کەناڵە بینراوەکانیش کاری خزمەتگوزاری خۆیان ئەنجام ئەدەن بە تایبەتی لە بواری ڕۆژنامەگەری چاپکراودا، زیاتر لەو وڵاتانەدا لە ڕێژەی دانیشتوانیان هێشتا خوێندەوارو هەژارن.

- سوود وەرگرتنی ڕۆژنامەگەری چاپکراو و کاغەزی لە تۆڕی ئینتەرنێت و تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندن، هەروەکو ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی لەزۆربەی خزمەتگوزارییە دەرهێنەری و گەیاندنییەکان دا، یان بڵاوکردنەوەیان لەسەر تۆڕ وەکو خودی دانە چاپکراوەکەیان بە کۆپیکراوەیی، کە

زیاتر ئەم شێوازە لە وڵاتانی تازە پێشکەوتوودا پەیڕەو دەکرێت.
- سیناریۆی سێیەم بریتییە لە ئەگەری لاوازبوونی رۆڵ و کاریگەری رۆژنامەگەری کاغەزی و زیاتر بڕەودان بە رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی بۆ خزمەتگوزارییە ڕاگەیاندنی و هەواڵگری و زانیارییەکان لەڕێگەی تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی بوارەکەوە و دەرکەوتنی رۆژنامەکانی وەک " رۆژنامەی ئەلیکترۆنی بە پێی خواست - News paper on Demand) و **(رۆژنامەی کارلێکی** Interactive news paper.)، کە بەشداربوو بە ئارەزووی خۆی سوود لە ناوەرۆکەکەیان وەردەگرێت.

سەرچاوەکان:


١- د.محمد شـــومان، الصحف الالكترونية العربية، دراسة تطبيقية عن صحيفة ايلاف، المجلة المصرية لبحوث الاعلام، القاهرة، اكتوبر،٢٠٠٣م.
٢- كابرون، الحاســبات والاتصالات و الانترنت، تعريب د.م.سرورعلي ابراهيم، السعودية، الرياض،٢٠٠٥.
٣- عمادعيســي صالح، اماني محمد، النشــر الالكتروني المفهوم والتطبيق،عالم الكتاب،يوليو ١٩٩٨م.
٤- عبدالاميرمويت مشتت الفيصل،الصحافةالالكترونية في الوطن العربي، اطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، كلية الاعلام،٢٠٠٤م.
٥- عبدالملك ردمان الدناني، الوضيفة الاعلامية لشــبكة الانترنت، رســالة ماجســتير، كلية الاداب، جامعة بغداد،١٩٩٩م.
٦- هنــاء كاضم كاصد المحمداوي، المــواد الاخبارية في الانترنت المنشــورة في الصحافة العراقية، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية الاعلام،٢٠٠٣م.
٧- مايــك وارد، روزنامــه نــگاري اليكترونــي، ترجمة علــي اصغركيا، چاپــى يەكەم ، تاران،٢٠٠٠م.
٨- د.رضا عبدالواجدامين، الصحافة الالكترونية، الطبعةالاولي، القاهرة،٢٠٠٧م.
٩- د.علــي محمــد رحومة.الانترنت والمنظومة التكنو_اجتماعيــة، الطبعة الاولي، بيروت ، يوليو٢٠٠٥م.
١٠- بلقيس دارغوس، الصحافــة الالكترونية زلزال يهز الورقية، ايلاف:عدد١٩٥٩، الاثنين ١٣/اكتوبر/٢٠٠٦م.


* ماموستا لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

# بنەما ئەخلاقی و یاساییەکانی رۆژنامەنووسیی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مێهدی مێهرپەروەر

ئەگەر دەسەلات بە مانای توانایی کارتێکردن لەسەر کەسانی دیکە بێ، ئەوا چاپەمەنی ئازاد دەسەلاتێکی لەرادەبەدەری هەیە. لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا، راگەیەنەکانی هەواڵ بە گشتیی مافی ئەوەیان هەیە پێش ئەوەی هەواڵێک لەلایەن دەوڵەتەوە پشتراست بکرێتەوە، راپۆرتەکەی بڵاو بکرێتەوە، لە زۆربەی وڵاتاندا بۆ رۆژنامەنووسان پشتیوانیی یاسایی پێشبینی کراوە. بەڵام بوونی ماف، بەرپرسایەتیشی لەگەڵدا دێت. بۆ رۆژنامەنووسان یەکەمین ئەرکی گرنگ لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا، راپۆرتی ورد و بێلایەنانەی هەواڵە.

بنەما ئەخلاقییەکان کۆمەڵێک بنەما و ڕێوشوێنن کە ڕێڕەوی کردەوە دەستنیشان دەکات. لە شوێنێک کە یاسا پێگەی تایبەتیی **(دەبێ و نابێ)**کان دیاری دەکات، بنەما ئەخلاقییەکان پێتان دەڵێن دەبێ چ بکەن. ڕێوشوێنی ئەخلاقی بەپێی بەهای تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان فۆرمی گرتووە و ریشەی لە بەڵگەهێنانەوەدا هەیە. لە راستیدا بڕیاردان بە پێی بنەما ئەخلاقییەکان، بە مانای بەکارهێنانی ئەم نۆرمانەیە لە چالاکیی رۆژانەدا.

بەیاننامەی شاپۆلت پێک[1] کە لە ساڵی ١٩٤٤ لە کیشوەری ئەمەریکا وەک ڕێگایەک بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ گوشار لە ئازادیی رادەربڕین لە باکووری گۆی زەوی پەسند کراوە، دەری دەخات کە رۆژنامەنووسی بە پێی بنەما ئەخلاقییەکان بۆ سەرکەوتنی درێژخایەنی راگەیەنەکانی هەواڵ شتێکی پێویستە.

بایەخ و پێگەی چاپەمەنی پەیوەندیی بەم هۆکارانەوە هەیە: پابەندبوون بە راستی، بەدواداچوونی دروستیی هەواڵ، پاراستنی عەدالەت و واقیع بینی و پابەندبوون بە جیاوازی دانان لە نێوان هەواڵ و ریکلامدا.

بەدەستهێنانی ڕێز و بایەخە ئەخلاقی و پیشەییەکان ناتوانێ بە زۆرەملی بێ، ئەمانە بەرپرسایەتی تایبەتی رۆژنامەنووسان و راگەیاندنەکانن لە کۆمەڵگەی ئازاددا، ئەمە بیروڕای گشتییە کە لە کۆتاییدا پاداشت یان سزا دیاری دەکات. لە رۆژنامەنووسیدا هەڵەی ئەخلاقی ڕوو دەدات، ڕەنگە هێندێک لە هەواڵنێران زانیاریی ساختە پێشکەش بکەن یان هێندێک لە سەرنووسەرەکان لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە پارە وەربگرن یان ئەوەی کە ئۆرگانەکانی هەواڵ، ڕێکلام

بە شێوەی هەواڵ بڵاوبکەنەوە. کاتێک رووداوێکی ئەوتۆ روو بدات بیروڕای گشتیی مافی خۆیەتی ئەو شتانەی کە لە ناوەندەکانی هەواڵ دەبینن بخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەوکاتەی رۆژنامەنووسان بە پێچەوانەی بنەما ئەخلاقییەکان ڕەفتار دەکەن، هەموو رۆژنامەنووسان و ناوەندەکانی هەواڵ زیان دەبینن، چونکە ڕەفتارێکی ئەوتۆ، دروستیی و راستیی تەواوی پیشەی رۆژنامەنووسی دەباتە ژێر پرسیارەوە. کاتێک زیان بە پێگەی رۆژنامەیەک دەگات، بێگومان توانایی بەردەوامبوونی ئابووری ئۆرگانێکی هەواڵیش زیانی پێ دەگات.

### ڕێوشوێنی ئەخلاقی

هەواڵنیری کۆچکردوو و نووسەری بەناوبانگ، جۆن هێرسی[٢] کە هەواڵی پەیوەندیدار بە هێرشی ئەتۆمیی هیرۆشیمای بڵاوکردۆتەوە، دەڵێ: یاسایەکی پیرۆز لە رۆژنامەنووسیدا هەیە، نووسەر نابێ لە خۆیەوە شتێک دابهێنێ. لە کاتی بڵاوبوونەوەی بابەتێک دەبێ ئەم رستە بنووسرێ: هیچ یەک لە بابەتەکان ساختە نین". ئەو رۆژنامەنووسانەی کە پابەندی ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکانن قسە بۆ خەڵک هەڵنابەستن و یان نالێن لە شوێنێکدا بوون کە لە راستیدا لێی نەبوون. لە هەموو شوێنێکی جیهاندا ساختەکردن و دزیی ئەدەبی، لەبەرچاونەگرتنی ستانداردە بنەڕەتییەکانی رۆژنامەنووسی هەیە، بەڵام هەموو هەڵەکان هەمیشە ئاشکرا نین. رۆژنامەنووسان بەردەوام لە ژێر گوشاری خاوەن رۆژنامە، دەزگاکانی ریکلام و بیروڕای گشتین و هێندێک جار لەسەر دووڕییانی ئەخلاقدا هەڵدەکەون. ئەوان پێویستیان بە ڕەوتێک هەیە کە خۆیان لە هێشتنەوە لەو دووڕییانانە دەرباز بکەن تا شێوازی کار و رۆژنامەنووسی ئەوان لەسەر بنەما ئەخلاقییەکان بێ. ئەوان پێویستیان بە شێوازێک لە بیرکردنەوە سەبارەت بە پرسی ئەخلاقی هەیە، کە یارمەتیان بدا تەنانەت لە کاتێکدا کە شوێنێک بۆ رادەستکردانی کارەکەیان دیاری دەکرێ، بڕیارێکی دروست بدەن. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە ریشەی لە بنەماکانی رۆژنامەنووسیدا هەیە. ئەمانە ئەو بنەما سەرەکییانەن کە ئەنجوومەنی ئەمەریکی رۆژنامەنووسانی پیشەیی[٣] کە ئۆرگانێکی خۆبەخشی رۆژنامەنووسییە، لەسەری دامەزراوە:.

• بەدوای راستییەکاندا بن و بڵاوی بکەنەوە

رۆژنامەنووسان دەبێ لە کۆکردنەوەی راپۆرت و زانیاری بێ خەوش، بێلایەن و بوێر بن.

• زیانەکان بە لانی کەمی خۆی بگەیەنن

رۆژنامەنووسانی بە ئەخلاق لەگەڵ سەرچاوەکان، بابەت و هاوکارانی خۆیان وەک مرۆڤێک کە شایستەی ڕێزە، هەڵسوکەوت دەکەن.

• سەربەخۆ بن

مافی خەڵک لە هەمبەر ئاگاداربوون تەنیا ناچاری و بەڵێنییەکە، کە دەبێ بۆ رۆژنامەنووسان هەبێ.

• بەرپرس بن.

رۆژنامەنووسان لە هەمبەر خوێنەران، بیسەران، بینەران و یەکتر بەرپرسن.

ڕەنگە لە روانینی یەکەمدا پاراستنی ئەم خاڵانە ئاسان بێتە پێش چاو. دیارە رۆژنامەنووسان دەبێ بە دوای راستیدا بن و ڕێز لەو سەرچاوانە بگرن کە هەواڵی لێ وەردەگرن، بەڵام زۆربەی ئەم بنەمایانە، لە خۆیدا تووشی دژبەری هاتوون. ئەو رۆژنامەنووسانەی کە دوای راستییەکان کەوتوون ڕەنگە زانیارییەکی ئەوتۆیان پێ بگات کە زیان بەبنەماڵەی کەسی تاوانبار بگەیەنێ. ئەندامەتی هەواڵنێرێک لە ئۆرگانێکی نادەوڵەتی ڕەنگە ببێتە هۆی ئاگاداربوون لەپرسێک کە ئۆرگانی پەیوەندیدار لەگەڵی بەڕەوڕووە، بەڵام پەیوەندیی ئەو لەگەڵ ئەو ئۆرگانە ڕەنگە هەڕەشە لە سەربەخۆییەکەی

هەواڵنامەی ژنێن

بکات و راستییەکەی بۆ خەڵک دژوار بێ. لە زۆر حاڵەتدا گرتنی بڕیارێکی ئەخلاقی بە نیشانەی هەڵبژاردن لە نێوان دروست و نادروست نییە، بەڵکو هەڵبژاردن لە نێوان شتێکە کە هەر دوو دروست دێنە بەرچاو.

کەوابوو رۆژنامەنووسان چۆن دەتوانن بڕیاری ئەخلاقی بدەن؟ لە قۆناغی یەکەمدا لە هێندێک حاڵەتدا باشترین کار، خۆپاراستن لە رووبەڕووبوون لەگەڵ گرفتە ئەخلاقییەکانە. بۆ وێنە رەنگە هەواڵنێران بڕیار بدەن نەبنە ئەندامی هیچ گرووپێک یان لە بڵاوکردنەوە هەواڵی پەیوەندیدار بەو گرووپەی تێیدا ئەندامن خۆی ببوێرێ. لە حاڵەتی دیکەدا رۆژنامەنووس دەبێ بەدوای هاوسەنگی باشتر لە نێوان بنەما دژبەرەکاندا بێ و بەردەوام لە زەینی خۆیدا گرنگی بە گەڕان بەدوای راستییەکان و خزمەت بە خەڵک بدات.

## بڕیاردانی ئەخلاقی

کارمەندانی هێندێک لە ناوەندەکانی هەواڵ، لە بەرپرسان تا کەسانی پلە نزمتر تووشی سەرلێشێواوی دەبن. کاتێک پرسێک یان کێشەیەک بێ چارەسەر دەمێنێتەوە، بەڕێوەبەر بڕیار دەدا، کە چ کاردانەوەیەک بگرێتەبەر. خاڵی ئەرێنی ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ خێرایی بڕیاردان، بەڵام شێوازێکی تاکڕەوانەیە. ئەم شێوازە بۆ رۆژنامەنووسان، لە پێناوی بڕیاردانی دروست لە کاتێکدا بەڕێوەر لەبەردەستدا نەبێ و ئەوان لەگەڵ پرسێک بەرەوڕوون بە سوود نییە. هەر بۆیە زۆربەی ژوورەکانی هەواڵ رەوتێک بۆ بڕیاری ئەخلاقی هەڵدەبژێرن کە وردترە و یارمەتی هەموو رۆژنامەنووسان دەدا تا لە رەوشێکی جیاوازدا بتوانن بڕیاری دروست بدەن.

یەکەمین هەنگاو لەم رەوتەدا دستنیشانکردنی کێشەکانە. زۆربەی خەڵک دەزانن کە لە کاتێکدا تووشی سەرلێشێواوی ئەخلاقی دەبن، ئاژیری مەترسیی دەروونی لێدەدرێ. بە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رەوشێکی تایبەت، ئەم هەستە دروست دەبێ کە کێشەیەک لەئارادیە. کاتێک بەم جۆرە دەبێ، پێویستە ئەوەی ئازارتان دەدا باسی بکەن. چ بەهاگەلێک ئەگەری رێککەوتنی هەیە؟ چ بابەتێکی رۆژنامەنووسی لە مەترسیدایە؟ زۆرتر لە نێوان ئامانجی رۆژنامەنووسی و بابەتی ئەخلاقی ئاڵۆزیی پێک دێ. هەواڵنێرێک کە بابەتێک ئامادە دەکات پێی خۆشە پێش ئەوەی کەسێکی دیکە ئامادەی بکات، بڵاوی بکاتەوە، بەڵام پێوستە ئاسەوارەکانیشی لەبەرچاو بگرێت. ئەگەر روون بێتەوە کە بابەتەکە راست نییە دەبێ چ بکرێ؟ رۆژنامەنووسان نابێ بەها ئەخلاقییەکانی خۆیان بۆ بەدەست هێنانی مەبەستی دیکە وەک شکست پێهێنانی لایەنی بەرانبەر، پێشێل بکەن.

هەنگاوی دواتر پاش دەستنیشانکردنی کێشە، کۆکردنەوەی زانیاری زۆرتر بە مەبەستی بڕیاردانی باشترە. سیاسەتەکان و هێڵەکانی رێنوێنی ژووری هەواڵ تاوتوێ بکەن و سەبارەت بەو پرسەی کاری لەسەر دەکەن لەگەڵ کەسانی دیکە راوێژ بکەن. لە هاوکاران و چاودێرانی ژووری هەواڵ دەست پێ بکەن، بەڵام لەوێوە کۆتایی پێ نەهێنن. زۆرتر کەڵک وەرگرتن لە بۆچوونی کەسانی دیکە، ئەوانەی کە راستەوخۆ لەگەڵ پرسەکەدا نین، بەڵام سەبارەت بەو پرسە زانیارییان هەیە، بەسوودە.

ئاگاداربن کە بە پێچەوانەی پزیشکەکان، چاوەڕوانی لە رۆژنامەنووسان ناکرێ کە بە هیچ شێوەیەک زیان بە کەسێک نەگەیەنێ. زۆربەی پرسە گرنگ و راستەقینەکان، زیان بە هەست و ناوبانگی خەڵک دەگەیەنێ. ئەم پرسە حاشاهەڵنەگرە. بەڵام رۆژنامەنووسان بە خۆپاراستن لە رووبەڕووکردنەوەی خەڵک لە بەرانبەر مەترسی ناپێوستدا هەوڵ دەدن تا رێژەی زیانەکان بە لانی کەمی خۆی بگەیەنن. باب ستیل[٤] کە لە دامەزراوەی پونتێر[٥] سەبارەت بە ئەخلاقی رۆژنامەونووسی

وانە دەڵێتەوە، ئۆگریی بەم پرسیارە هەیە کە "ئەگەر رۆڵی رۆژنامەنووس و بابەتی دڵخواز جێ گۆڕکێیان پێ بکرێ چ روو دەدات؟ لەو کاتەدا چ هەستێکمان دەبێ؟"

بۆ نموونە وێنای ئەوە بکەن هەواڵنێرێک کارگەیەکی دۆزیوەتەوە کە کۆرانی خوار تەمەن ١٢ ساڵ رۆژێک ٦ کاتژمێر کار دەکەن و مووچەکەیان لە نیوەی لانی کەمی مووچەی پەسندکراو لەو وڵاتەش کەمترە. دەستوور بڕیاری داوە کە کارکردنی کەسانی خوار ١٤ ساڵ قەدەغەیە و کارکردن زیاتر لە ٤٥ کاتژمێر لە حەوتوودا نایاساییە. دۆزینەوە ئەم کارگەیە بەو مانایەیە کە ئەم هەواڵنێرە بەڵگەیەکی لەبەردەستدایە کە دەیسەلمێنێ کەڵکی خراپ لە منداڵان وەردەگیرێ، بەڵام ئەو پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵ، دەبێ چ شتێکی زیاتر بزانێ.

نووسینی راستییەکان سەبارەت بەم کارگەیە بە دڵنیاییەوە ئاسەوارێکی بەدواوە دەبێ کە لە ئاکامدا هێندێک زیانیان پێ دەگات. کاتێک لەگەڵ بابەتێکی لەم جۆرە رووبەڕوو دەبن ئامادەکردنی لیستێک لە نەفەرات و ئەو دامەزراوانەی کە رەنگە ئەم بابەتە کاریگەرییان لەسەر دابنێ و پاشان تاوتوێکردنی ئەم کاریگەرییانە بەسوودە. دیارە نووسینی بەسەرهاتی ئەم کارگەیە راستەوخۆ کاریگەیی لەسەر ژیانی ئەم کۆرانە دادەنێ، بەڵام ئەم پرسە کاریگەریی لەسەر بنەماڵە و خاوەن کارگەش دادەنێ. بە ئاگادارببوون لە ئاسەوارەکان، رۆژنامەنووسان دەتوانن بۆ پێشکەشکردنی زانیاریی، بەدوای بەدیلدا بگەڕێن تا بابەتەکەیان بە پێی راستیی باس بکرێ و ڕێژەی زیانەکان کەم بکەنەوە. هەواڵنێر دەتوانێ سەبارەت بەو کارگەیە لە وێنەی منداڵان بە بێ ناوهێنان کەڵک وەربگرێ تا لە ڕێژەی زیانێک کە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە دێتە دی، کەم بکاتەوە.

ئەمە تەنیا وێنەیەکە لە بڕیاردانی رۆژنامەنووسان کە دەتوانێ ئاسەواری ئەخلاقی بەدواوە بێ. پرسەکانی دیکە بریتین لە جۆر و شوێنی هەڵکەوتی راپۆرت و هەروەها شێوەی دەربڕینی. کاریگەریی بابەتێک لە لاپەڕەی یەکەم بە تیتری گەورە و وێنەی گەورە، زۆر زیاترە لە کورتە چیرۆکێک لە لاپەڕەکان دیکە. پرۆگرامی تەلەفزیۆنی کە پێش بڵاوبوونەوە چەندین جار ریکلامی بۆ دەکرێ کاریگەریی زۆرترە و لە ئاکامدا ئاسەواریی ئەخلاقیی زۆرترە لە راپۆرتێک کە تەنیا جارێک لە کاتی هەواڵکانیدا بڵاودەبێتەوە.

تێپەڕبوون بە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بۆ بڕیاردانە ئەخلاقییەکان، رۆژنامەنووسان و ئۆرگانەکانی هەواڵ لە پێگەیەکدا دادەنێ کە بتوانن بە ئاشکرا خۆیان ڕوون بکەنەوە. رۆژنامەنووسان بە شێکردنەوەی ئەوەی کە چ کارێک و بۆ چی بەڕێوە چووە، دەتوانن زیاتر دڵنیایی خەڵک بەدەست بێنن.

ژووڕەکانی هەواڵ کە بەها بە بڕیارە ئەخلاقییەکان دەدەن، بە دڵنیاییەوە ئەم بابەتانە پێش ئەوەی لەگەڵ کێشەیەک ڕووبەڕوو بن، باسی لەسەر دەکەن. هێندێک لە ژووڕەکانی هەواڵ کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەک سەبارەت بە هەڵکەوتە گریمانەییەکان بەڕێوە دەبەن. رۆژنامەنووسان بە زەینی کراوەوە، مەشقی بیستن دەکەن و هەستی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن و لەگەڵ خۆنەگونجان سەبارەت بە ڕوانگەکانیان خۆ دەبوێرن، دەتوانن لە کاتی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ بابەتە ئەخلاقییەکاندا ئەم تەکنیکانە بەکار بێنن.

### کۆمەڵە یاسایەکی ڕەفتارناسی

ئەنجوومەن و فیدراسیۆنەکانی رۆژنامەنووسی لە سەرتاسەری جیهاندا کۆمەڵە یاسایەکی ئەخلاقییان پێک هێناوە تا هەڵسوکەوتی رۆژنامەنووسانی ئەندامی خۆیان ڕێنوێنی بکەن. یاسا ئەخلاقییەکان دەتوانن هەموو شتێک، لە دزیی ئەدەبی تا کاروباری تایبەتی و لە چاکسازیی

تا کاروباری نهێنی بگرێتەوە. کلود ژان بەرتەران[٦] مامۆستای زانکۆی راگەیاندنی فەرەنسا[٧] لە پاریس یاسا ئەخلاقییەکانی زۆربەی وڵاتانی تاوتوێ کردووە و دەڵێ کە سێ هۆکاری سەرەکیی لە زۆربەیاندا هاوبەشن.

- بەها بنەڕەتییەکان، لەوانە ڕێزگرتن لە ژیان و هاوپەیوەندیی مرۆڤەکان.
- قەدەغەکراوەکان لەوانە درۆکردن، دەبێتە هۆی ئازاردانی خەڵک و دەستبەسەرداگرتنی شتێک کە پەیوەندیی بە کەسێکی دیکەوە هەیە.
- پاراستنی بنەماکانی رۆژنامەنووسی وەک وردبینی، دادپەروەری و سەربەخۆیی.

پاراستنی ئەم بنەمایانە هێندێک جار بە شێوەی سروشتی خۆبەخشانەیە بە بێ ئەوەی ئاسەوارێکی تایبەتی بەدواوە بێ، بەڵام چاوەڕوان دەکرێ کە هاوکاران و کارمەندان، ئەو رۆژنامەنووسانەی کە ڕەفتاری دوور لە ئەخلاقییان بە بەرپرس بزانن. لە هێندێک لە وڵاتان ئەنجوومەنەکانی رۆژنامەوانی، گلەیی و گازەندە دژی رۆژنامەنووسان دەبیسن و دەتوانن بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان پێشنیار بکەن. ئەو گۆڤارانەی ئاستی رۆژنامەنووسی هەڵدەسەنگێنن لە ڕێگەی نیشان دانی ڕەفتاری نائەخلاقی رۆژنامەنووسان، کردارێکی چاکسازیخوازانەیان هەیە. هێندێک لە ئۆرگانەکانی تایبەت بە هەواڵ کارمەندێکیان هەیە کە پێی دەڵێن "نێوبژیوان". ئەم کارمەندە بە دوای هەڵە ئەخلاقییەکاندا دەگەڕێ و لەو ئۆرگانەدا نوێنەری خەڵکە.

لەو وڵاتانەی کە رۆژنامەنووسان پێویستە ئەندامی یەکێتییەک یان دامەزراوەیەک بن، بنەما ئەخلاقییەکان زۆر جار گەڕەنتی بەڕێوەبردنیشی هەیە. بۆ وێنە دامەزراوەی رۆژنامەنووسی ئۆسترالیایی[٨] کۆمیتەیەکی دادوەری هەیە کە ئەو تاوانانەی لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕەفتاری نائەخلاقیی دژی رۆژنامەنووسان هاتوونەتە بەرباس تاوتوێ دەکات و ئەگەر رۆژنامەنووسێک بە تاوانبار ناسرا، ڕەنگە سەرکۆنە و سزا بدرێ یان تەنانەت لەسەرکار لاببرێ.

### ڕێوشوێنە ڕەفتارییەکان

سەرەڕای بنەما ئەخلاقییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، زۆربەی ئۆرگانەکانی هەواڵ خاوەن بنەمای ڕەفتاری و ستانداردی پیشەیین و چاوەڕوانیی لە رۆژنامەنووسانی خۆیان هەیە تا ئەو نەمایانە بپارێزن. ئەم بنەمایانە دەتوانێ نیشاندەری ئەو چالاکییانە بن کە پێشنیار یان قەدەغە کراون و یان پێویستی بە پشتراستکردنەوەی بەڕێوەبەریی هەیە.

زۆربەی ناوەندەکانی هەواڵ ئەوەی کە رۆژنامەنووسان لە کاتی کار یان لە دەرەوەی ئەو دەتوانن بەڕێوەی ببەن سنووردار دەکەن. هۆکاری سەرەکیی ئەم سنووردارکردنانە پاراستنی دڵنیایی خەڵک بەرانبەر بە ناوەندەکانی هەواڵە. ڕەنگە ناوەندەکانی هەواڵ بە ئاشکرا بە هەواڵنێران و وێنەگران بڵێن کە ناتوانن داوا لە خەڵک بکەن بۆ ڕاپۆرتەکانیان کارێک بکەن کە لە بارودۆخی ئاساییدا ئەو کارە ئەنجام نادەن و پاشان هەواڵێکی ئاڵۆز پێشکەشی خەڵک بکەن. ڕەنگە هەواڵنێران ڕێگەیان پێ نەدرێ کە ناسنامەی خۆیان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت بشارنەوە، مەگەر ئەوەی کە بەدەستهێنانی زانیارییەکی ئەوتۆ بۆ کۆمەڵگە بەرژەوەندیی ئاشکرای هەبێ و هیچ ڕێگەیەکی دیکە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری نەبێ. ڕەنگە کەنالێکی تەلەفزیۆنی بە ڕوونی کەڵک وەرگرتن لە کامێرای شاراوە یان ریکۆردی نهێنی بە مەبەستی بەدەستهێنانی هەواڵ قەدەغە بکات، مەگەر ئەوەی کە بەڕێوەبەر بە هۆی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە مۆڵەتی ئەم کارە بدات.

بە پەیدابوونی وێنەی دیجیتاڵی، ستانداردگەلێکی نوێ دەربارەی قەدەغەکردنی دەستکاریی وێنە و یان ڤیدیۆ بە جۆرێک کە ببێتە هۆی چەواشەکردنی خەڵک، زیادی

کردووە. چەندین رووداوی زۆر گرنگ بووە هۆی پێکهاتنی ئەم سیاسەتە نوێیە. لەوانە، وێنەیەک کە لەسەر بەرگی گۆڤاری نەشنال جیوگرافی[٩] لە ساڵی ١٩٨٠ بڵاوبووەوە کە بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای دیجتاڵ هەرەمە بەناوبانگەکانی شاری جیزا لە میسر[١٠] نزیکتر لە یەکتر نیشان دابوو.

زۆربەی بنەما و رێوشوێنەکانی ناوەندەکانی هەواڵ پەیوەندییان بە پرسی سەربەخۆیی رۆژنامەنووسانەوە هەیە. رەنگە بە مەبەستی پێشگیری لەسەرهەڵدانی جیاوازیی بەرژەوەندی، رۆژنامەنووسان لە بوونی پشک یان بەرژەوەندیی تاکەکەسی لەو کۆمپانیانە کە هەواڵی ئەو ناوەندە دەیگرێتەوە قەدەغە بکرێن. رەنگە رۆژنامەنووسان مۆڵەتی دەربڕینی بۆچوونێکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە پرسێکی سیاسی یان پشتیوانی ئاشکرا لە پاڵێوراوێک بۆ وەرگرتنی پۆستێکی تایبەتی نەبێ. ناوەندەکانی هەواڵ رەنگە پێش بە پەیوەندیی کاریی – ئابووریی رۆژنامەنووسان لەگەڵ هەر جۆرە سەرچاوەیەکی هەواڵ بگیرێ یان لە دەرەوەی رێکخراو، پێش بە هەر جۆرە کارێک بگرن کە لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە ئەنجام دەدرێ مەگەر ئەوەی کە لە لایەن بەڕێوەبەرەوە پشتگیری کرابێ.

سیاسەتی ئەخلاقیی رۆژنامەی ئازادی دیترۆیت[١١]، کە رۆژنامەیەکی ئەمەریکایی لە ئەیالەتی میشیگانە[١٢] بە شێوەیەکی ئاشکرا باس لەوە دەکات کە رۆژنامە سەرپشکە لەوەی چ کارێک بکات و چ کارێک نەکات. ئەم یاسایە دەڵێ بۆ وەرگرتنی هەواڵ نابێ پارە بە سەرچاوەی هەواڵ بدرێ و سەرچاوەی هەواڵ مۆڵەتی تاوتوێکردنی بابەتی پێش بڵاوبوونەوەی نییە. ناوەندی بڵاوکردنەوەی هەواڵی کانادا **(سی بی سی)**[١٣] خاوەنی کتێبی بنەماکانی ستانداردە، کە دەڵێ پێویستە کارمەندەکان لە قبوولکردنی هەر جۆرە دیارییەک کە رەنگە کاریگەریی لەسەر بڕیاری سی بی سی دابنێ خۆ بپارێزن. کارمەندانی سی بی سی نابێ پێشنیاری سەفەر یان نیشتەجێ بوون بەخۆڕایی بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هەواڵی بابەتێک قبوول بکەن.

بووارای دەربازبوون لە هەموو رووبەڕووبوونەوەکان نییە، بەڵام رۆژنامەنووسان دەبێ بزانن کە هەڵسوکەوتی ئەوان دەتوانێ رەنگدانەوەی خراپی لەسەر ناوەندی هەواڵەکانیان بەدواوە بێ. کاتێک ئەوان هەست بەوە دەکەن کە ئەگەری سەرهەڵدانی کێشەیەک لەئارادایە، پێویستە بەڕێوەبەری گرووپی خۆیان ئاگادار بکەنەوە. هەواڵنێرێک کە پەیوەندی تایبەتی بە راپۆرتێکەوە هەیە، دەتوانێ داوا بکا تا هاوکارێکی دیکەی ئەو راپۆرتە ئامادە بکات. شێوەی کاری زۆربەی ناوەندەکانی هەواڵ بەم چەشنەیە کە داوا لە هەواڵنێرانیان دەکەن لە راپۆرتەکانیاندا پەیوەندییەک کە دەبێتە هۆی دژبەریی بەرژەوەندییەکان ئاشکرا بکەن، تەنانەت ئەگەر بە راستیی پەیوەندییەکی ئەوتۆش لە ئارادا نەبێ.

چۆنیەتی رەفتار و هەڵسوکەوت کردن، بە روونی بەڵگەی نێوخۆیی رۆژنامەیەک یان ناوەندێکی هەواڵە، بەڵام ناوەندەکانی هەواڵ ئەو رێوشوێنانە لەرادەبەدەر لە سایەکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە تا خەڵک بزانن، دەتوانن چ چاوەڕوانییەکیان هەبێ و بتوانن رۆژنامە یان ناوەندی هەواڵ لە کاتی پێشێل کردنی ستانداردەکانی خۆی بخەنە ژێر پرسیارەوە.

زۆربەی ناوەندەکانی هەواڵ لەگەڵ دژبەریی نێوان ستانداردەکانی کۆمەڵگە و بڵاوبوونەوەی هەواڵ رووبەڕوون، چارەسەریی کێشەیەکی ئەوتۆ پێویستی بە بڕیارێکی ئەخلاقی هەیە. بێنە بەرچاوی خۆتان بەرپرسێکی هەڵبژێردراو لە کاتی وتارخوێندنەوەدا سەبارەت بە ئەندامی گرووپێکی رکەبەر، سووکایەتی بە نەژادی بکات. رەنگە هێندێک لە رۆژنامەکان بە وردی وشەگەلێک کە ئەو بەرپرسە بەکاری

هێناوە بڵاوبکاتەوە هێندێکی دیکە ڕەنگە چەند وشەیەک و بەدوای ئەودا چەند خاڵێک لە وتەکانی بەکار بێنن بە بێ ئەوەی بەتەواوی وتەکانی دابەزێنن. هێندێکی دیکە لە ڕۆژنامەکان ڕەنگە تەنیا لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بەوە بکەن کە بەرپرسێک کەڵکی لە وشەی نەگونجاو وەرگرتووە. سەرنووسەری ڕۆژنامەکان بە پێی خوێندنەوەی خۆیان لە ئۆقرەیی خوێنەرانیان ڕێگە چارەی جۆراوجۆر هەڵدەبژێرن. بەڵام هێندێک جار ئەوان بڕیارێک بەڕێوە دەبەن کە دەتوانێ ببێتە هۆی ئازاردانی هێندێک لە خوێنەرانیان. سەرنووسەرەکان لە کاتی هەڵبژاردنی وێنە و ڤیدیۆی ڕاچڵەکێنەر کە ڕەنگە لایەن خوێنەرانیانەوە جێگەی پەسند نەبێ، لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو دەبن. بەڵام ڕەنگە هەڵبژاردنێکی ئەوتۆ باشترین ڕێگە بۆ نیشاندانی ڕاپۆرتێکی گرنگ بێ. بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئازاری هەڵبژاردنێکی ئەوتۆ، ئێستا زۆربەی بەڕێوەبەرانی هەواڵ هۆکاری هەڵبژاردنی خۆیان یان لە خودی بابەت یان لە یادداشتی سەرنووسەر کە لە پەراوێزی ڕاپۆرت بڵاودەبێتە ڕوون دەکەنەوە. بۆ نموونە وێنەی دایکێک کە جەستەی لاوازیی کوڕەکەی خۆی لە ئامێزدایە کە بە هۆی برسێتی گیانی لەدەست داوە، بە دڵنیاییەوە خەمهێنەرە. بە جێگەی چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی تەلەفونی کەسانی تووڕە و وەڵامدانەوە بە گلەییەکانیان، دەتوانرێ لە یادداشتی سەرنووسەر بنوسرێ کە ئەم وێنە زۆر ڕوونترە لە وشەکان لە باسکردنی ئازاری مرۆڤەکان بە هۆی قاتوقڕییەوە. ڕۆژنامەنووسان بە شێکردنەوەی بڕیارەکانیان، بنەمای ڕێنوێنی پیشەیی خۆیان واتە قبووڵکردنی بەرپرسایەتی بە کردەوە بەڕێوە بردووە.

### بابەتە یاساییەکان

مادەی ١٩ی جارنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان[١٤]، بناغەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ڕاگەیەنەکانی هەواڵ دەڵێ:

هەموو مرۆڤەکان خاوەن مافی ئازادیی بۆچوون و ڕادەربڕینن. ئەم مافە بریتییە لە ئازادی بیروبۆچوون بە بێ دەستێوەردان لەودا و هەروەها مافی بەدواداچوون، وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی هەر ڕاگەیەنێک بە بێ لەبەرچاوگرتنی سنووریک بۆ بەڕێوەبردنی.

ئەو وڵاتانەی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانن پابەندن بەوەی پارێزگاریی لەم جارنامەیە و لەوانە ماددەی ١٩ بکەن، بەڵام ئەم پرسە نەیتوانی ببێتە کۆسپ لەبەردەم هێندێک وڵات بۆ فشارخستەسەر ڕاگەیەنەکانی هەواڵەکانیان یان بەربەستکردنی ڕێگەی دەستراگەیشتن بە هەواڵە نێودەوڵەتییەکان. لە هێندێک حاڵەتدا، ڕۆژنامەنووسان لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆیان، کوژراون، زیندانیی کراون یان دووچاری خراونەتەوە.

دانیلۆ ئاربیلا[١٥] ئەندامی ئەنجوومەنی چاپەمەنیئینتەرنەشنەڵی ڕیکەمەریکەن[١٦] و بوسکودا[١٧] لە ئۆرۆگوا دەڵێن باشترین یاسای چاپەمەنی، نەبوونی یاسا بەشێوەی گشتییە. ناوبراو دەڵێ لە جیهانی پێشکەوتوودا، یاسای زاڵ بەسەر چاپەمەنی، زیاتر لە یەک یان دوو لاپەڕە نابێ، " لاپەڕەگەلێک کە هەڵگری وشەی ڕوون و بێ خەوش لە پێشگیری لە هەر جۆرە هەوڵدانێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ئازادیی ڕادەربڕینە." پێویست ناکات بڵێین کە جیهان شوێنێکی باش نییە. یاساکانی پەیوەندیدار بە چاپەمەنی لە سەرتاسەری جیهاندا بە چەشنێک جیاوازن کە ناتوانرێ هەمووی ئەوانە کورت بکرێنەوە. هێندێک لە وڵاتانی ئازاد، خاوەنی یاساگەلێکن بۆ دڵنیاکردنەوەی ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە دەستراگەیشتن بە زانیاریی گشتی، لە حاڵێکدا وڵاتانی دیکە بڵاوکردنەوەی زانیاری سنووردار دەکەن. لە هێندێک لە وڵاتاندا، ئاماژەکردن بە ناوی قوربانیی تاوانێکی

جینسی یان ئاشکراکردنی ناسنامەی مێرمندالێک کە بە ئەنجامدانی کاری نایاسایی تاوانبار کراوە، قەدەغەیە. تەنانەت لە نێوخۆی ولاتێک رەنگە یاسای ناوچەیی جیاواز بن سەبارەت بە زۆر پرس، وەک ئەوەی کە ئایا دەتوانرێ رۆژنامەنووسێک ناچار بکرێ بە ناوهێنانی سەرچاوەیەکی نهێنی یان یادداشتەکانی دادگایەکی یاسایی یان نا، هەروەها لە چ بارودۆخێکدا ئەم کارە بەڕێوە دەچێ؟ پێویستە بڵێین کە رۆژنامەنووسان دەبێ لە یاساکانی شوێنی کاری خۆیان و هەروەها ئەو هەوڵانەی کە بۆ هەڵوەشانەوەی یاسا سنووردارەکان ئەنجام دەدرێ، ئاگادار بن.

یەکێک لە باوترین بابەتە یاساییەکان کە رۆژنامەنووسان لەگەڵی بەرەوڕوون بوختان و درۆهەڵبەستنە. لە ویلایەتەیەکگرتووەکاندا، لە بنەڕەتدا بوختان ئاماژەیەکی نادروستە سەبارەت بە کەسێک کە ناسنامەیەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە و ئەم ئاماژەیە دەتوانێ زیان بە ناوبانگی ئەوکەسە بگەیەنێ. بە شێوەیەکی گشتیی ئەگەر وتەیەک راست بێ ناچێتە خانەی بوختانەوە. کەوابوو رۆژنامەنووسان دەبێ بە شێوەی سەربەخۆ، زانیاریی سەرچاوەکانی خۆیان، ئەگەر نەبێتە هۆی خەوشدارکردنی کەسایەتی کەسێک، بسەلمێنین.

لە حاڵێکدا تەکنۆلۆژیای نوێ، شێوازەکانی کاری رۆژنامەنووسی دەگۆڕێن، یاساکانی چاپەمەنی، سەرلەنوێ پێداچوونەوەی بەسەردا دەکرێ. لە قۆناغی یەکەمدا چەندین پرسیار دێنە پێش لەوانە: ئایا هەواڵنێرانی ئینتێرنێتی دەبێ خاوەن هەمان ماف و پیشتیوانیی رۆژنامەنووسانی ڕێکخراوە فەرمییەکان بن؟ ئایا هەمان مافی تایبەتی وبلاگ نووسانی ئینتێرنێتیش دەگرێتەوە؟ ڕەنگە ئەم پرسیارانە بۆ ماوەیەک بێ وەڵام بمێننەوە.

بە دڵنیاییەوە رۆژنامەنووسان ناچار بە پاراستنی یاساکانی دیکەش هەن، کە هەموو تاکێکی ئەو وڵاتە دەگرێتەوە، وەک یاساکانی پەیوەندیدار بە ژیانی تایبەتی خەڵک. رۆژنامەنووسان کە بە دوای زانیاری دان، ناتوانن بچنە ناو ژیانی تایبەتی خەڵکەوە، ناتوانن بە بێ مۆڵەت، بەڵگەنامە بەدەست بێنن و لە هەمان کاتدا چاوەڕوانی ئاکامە یاساییەکەی نەبن. ڕەنگە ناوەندەکانی هەواڵ، بەم ئاکامە بگەن کە راپۆرتێکی تایبەتی، خاوەن گرنگییەکی ئەوتۆیە کە بایەخی ئەوەی هەیە مەترسییەکەی قبوڵ بکرێ و کاری نایاسایی بۆ ئەنجام بدرێ، بەڵام بڕیارێکی ئەوتۆ دەبێ بە زۆرینەی دەنگ و بەوردی لە لایەن بەڕێوەبەران و هەواڵنێرانەوە بدرێ.

1- Declaration of Chapultepec
2- John Hersey
3- U.S. Society of Professional Journalists
4- Bob Steele
5- Poynter Institute
6- Claude – Jean Bertrand
7- University of Paris's French Press Institute
8-Association Australian Journalists
9- National Geographic
10- Giza in Egypt
11- Ditroit Free Press
12- Michigan
13- Canadian Broadcasting Company (CBC)
14- Article 19 of the United Nations Charter
15- Danilo Arbilla
16- Anerican Press Association
17- Busque

**سەرچاوە: America.gov**

# پێوەندیکەر و بیردۆزی دەرگاوان لە کاری ڕاگەیاندندا

د. ئازاد ڕەمەزان عەلی*

لێکۆڵینەوە لە پێوەندیکەر کەم بایەختر نییە لە لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکی پەیامی ڕاگەیاندراو، زۆر جار لێکۆڵینەوە لە پێوەندیکەر لە چوارچێوەی شیکردنەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە دەبێت، بەو پێیەی کە دەزگان و ئەرکی کۆمەڵایەتییان هەیە، وێڕای ئەو بارودۆخەی کاریگەری بەسەر هەڵبژاردنی ناوەرۆکێکی دیاریکراودا هەیە.

لێرەدا خستنەڕووی ئەو مەرجانەی، کە پێویستە لە پێوەندیکەردا هەبن، هەروەکو **(دیڤید برلۆ)** ئاماژەی پێداوە، لایەنێکی گرنگە، کە بریتین لە:

١- هەبوونی کارامەیی پێوەندی کردن، کە پێنج کارامەییە:

کارامەیی قسەکردن، گوێگرتن، نووسین، خوێندنەوە، توانستی بیرکردنەوەی دروست بۆ دیاریکردنی مەبەستەکانی پێوەندی کردن.

٢- ئاراستەی پێوەندیکەر بەرانبەر بە خۆی و بابەت و وەرگر. ئەم ئاراستانە چەند ئەرێنی بن، ئەوەندە چالاکییەکانی پێوەندیکەر زیاد دەبن.

٣- ئاستی زانیاری سەرچاوە **(پێوەندیکەر)** و پسپۆری لەو بابەتەی کە دەیوروژێنێ، کاریگەری بەسەر زیادکردنی چالاکییەکەدا دەبێت.

٤- پلەو پایەی پێوەندیکەر لە چوارچێوەی سنووری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا و سروشتی ئەو ڕۆلانەی دەیبینێ و هەروەها ئەو بارودۆخەی خەڵک دەیانبینێ، کاریگەرییان بەسەر زیادکردنی چالاکی پێوەندی کردنەکەوە دەبێت.

هەروەها **(ئەلیکسس تان)** ئەو هۆکارانەی دیاری کردووە، کەوا دەکەن پێوەندیکەر کاریگەر بێت لە قایل کردنی جەماوەردا، کە سێ هۆکارن:

- ڕاستگۆیی
- سەرنج ڕاکێشی
- دەسەڵات

بیردۆزی دەرگاوانیی ڕاگەیاندن

دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سەدەی ٢١ دا بوونەتە تۆرێکی زۆر گەورەی پێوەندی

کردن، بەرژەوەندییەکان تیایاندا لە پێشبڕکێ و ململانێدان، هەر دەزگایەکیش خۆی لە خۆیدا پێڕەوێکی ئاڵۆزی بااڵدەستی و دەسەاڵتە. کاتێ لێکۆڵینەوە لەو کارو چاالکییانە دەکەین، کە لەناو دەزگایەکی وەکو: ڕۆژنامە، یان ڕادیۆ، یان تەلەڤزیۆندا ئەنجام دەدرێن سەرمان لە ڕادەی ئاڵۆزی کارەکانیاندا سوڕدەمێنێ. لەناو هەریەکێک لەو دەزگایانە ڕۆژانە، یان لە هەر خولەکێکدا بڕیاری گرنگ و مەترسیدار دەدرێ، بۆیە لەبەر گرنگی ئەو بڕیارانە بە نیسبەت جەماوەرەوە، پێویستە زانیاریمان دەربارەی ئەو شێوازانە هەبێت، کە بە هۆیانەوە ئەو بڕیارانە دەدرێن و ئاگاداری ئەو ناوەند و خاوەن پلە و پایانە بین، کە ئەو بڕیارانە جێ بە جێ دەکەن. هەروەها سروشتی پێوەندیکەریش و ئەو الیەنانەی کاریگەرییان بەسەر هەڵبژاردنی بابەتە ئیعالمییەکانەوە هەیە.

کرداری کۆکردنەوە و ئامادەکردنی زانیاری و نارادنی بۆ جەماوەر لە چوارچێوەی کاری ڕاگەیاندندا، ئیشێکی ئاسان نییە. ڕاگەیاندنکار مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیارییانە دەکات کە خۆی ئامادەیانی دەکات، یان ئەوانەی لەسەرچاوە جیاجیاکانەوە لەالی کۆدەبنەوە، لەوانە: ئاژانسەکانی هەواڵ و پەیامنێران و بەرپرسەکان و ..... تد. لەپاش ئەوەی زانیاری پێویست لەالی کۆدەبێتەوە، ڕاگەیاندنکار دەست دەکات بە ڕێکخستن و ڕیزبەندکردن و البردنی هەندێکی و ئەمجا ئامادەکردنی بە شێوەیەکی گونجاو، لەمەدا توانست و کارامەیی و شارەزایی و هونەر و ئاستی تێگەیشتنی ڕاگەیاندنکار دەربارەی یاسای ڕامیاری کۆمەاڵیەتییەکان دەردەکەوێ.

تێپەڕبوونی زانیاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن بۆ دەزگایەکی تر، بۆ نموونە: لە **(ئاژانسی هەواڵ بۆ ڕۆژنامە)**، لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا وەک زنجیرێکی درێژ و ئاڵۆز خۆی دەنوێنێ و ئەو ڕاگەیاندنکارانەی، کە بە درێژایی ئەو زنجیرە ریزبووین، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە دیاریکردنی شێوەی کۆتایی ئەو زانیارییانە. لەو ماوەیەدا کرداری ئامادەکردنی زانیارییەکان پێش ڕێگاپێدان بە تێپەڕبوونی بە شێوە کۆتاییەکەی لە ڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ جەماوەر، ملکەچی گەلێک بڕیار دەبێت. ئەم پرۆسە ئاڵۆزە پێی دەوترێ **(دەرگاوانیی ڕاگەیاندن، حراسة البوابة الاعلامية،gate keeping)**. هەروەها ئەو ڕاگەیاندنکارانەی ئەو کارە ئەنجام دەدەن پێیان دەوترێ **(دەرگاوانان، حراس البوابة،Gate keepers)**. ئەو زاراوەیە بەسەر هەموو ئەو ڕاگەیاندنکارانە دەسەپێ کە کاری هەڵبژاردنی زانیارییەکان و بڕیار بە تێپەڕبوونیان لە زنجیری ڕاگەیاندندا دەدەن و تێبینی گونجاو دەربارەیان پێشکەش دەکەن، بەر لەوەی بە شێوە کۆتاییەکەی بڕیار بە بااڵوکردنەوەیان بۆ جەماوەر بدرێت. واتە هەواڵ یان پەیام تا دەگاتە شوێنی خۆی، کە وەرگرە بە چەند دەرگا یان قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، لەبەردەم هەر دەرگایەک لەم دەرگایانە یەکێک وەستاوە دەستی گرتووە بەسەر تێپەڕینی پەیامەکەدا، کە وەک خۆی، یان لێی الدەبات یان دەخاتە سەری یان هەر ناهێڵێت تێپەڕێت. لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا نێرەر لە سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە هەواڵێکی دەست دەکەوێت، ئەم سەرچاوەیە بەیەکەم پاسەوانی یەکەم دەرگا دادەنرێت بەوەی کە دەسەاڵت بەسەر هەواڵ یان پەیامەکەدا دەسەپێنێ بە البردن یان دانەپاڵی هەندێک زانیاری، ئەمجا نێرەر **(ڕاگەیاندنکار)** دێت ئەویش دەبێتە دەرگاوانی دەرگایەک، ئەمجا پێشکەشی سەرۆکی بەشی هەواڵ و دواتریش بەڕێوەبەری نووسین ئەمجا سەرنووسەر، ئەوانە هەموویان ڕۆڵی دەرگاوان دەبینن.

پەرەپێدانی ئەم بیردۆزە بۆ دەروونناسی بە ڕەچەاڵەک نەمساوی و خاوەن ڕەگەزنامەی ئەمریکی **(کۆرت لیوین) (Kurt Lewin)** دەگەڕێتەوە. لێکۆڵینەوەکەی **(لیوین)** بە چاکترین لێکۆڵینەوەی ئەم بوارە

لەقەڵەم دەدرێت. ئەم زانایە وای دەبینێ، بە درێژایی ئەو ماوەیەی بابەتێکی ڕاگەیاندن دەیبڕێ تاکو دەگاتە ئەو جەماوەرەی کە مەبەستییەتی، چەند بەربەستێک **(دەرگاوان)** هەن بڕیاری لابردن و خستنە سەر دەدەن. بۆیە ئەو ماوانەی، کە هەواڵێک دەیانبڕێ تاکو لە هۆکارێکی ڕاگەیاندندا دەرکەوێ، چەند زۆر و درێژ بێت، شوێن و ژمارەی ئەو کەسانەی کە بڕیاری ئەوە دەدەن پەیامەکە بە هەمان شێوە بگوازرێتەوە، یان دەسکاری بکرێت، زۆرتر دەبن.

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا **(بیستەم)** زنجیرەیەک لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنە بناغەییەکانی دەرگاوان ئەنجام درا، ئەم لێکۆڵینەوانە شیکردنەوەیەکی ئەرکییان بۆ شێوازەکانی بەرزەفت کردن لە هۆبەی هەواڵەکاندا خستە ڕوو، هەروەها بۆچوونی جیاواز و ڕۆڵ و پلەو پایەی کارمەندانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و سەرچاوەی هەواڵەکانیان و ئەو بەهایانەی، کە کاریگەرییان بەسەر هەڵبژادن و پێشکەشکردنی هەواڵدا هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوانە لەسەر دەستی کۆمەڵێک تویژەری ئەمریکایی ئەنجامدران، لەوانە: برید (Breed)، کارتەر (Carter)، ستارک (Stark)، گیبەر (Gieber)، گاد (Judd)، وایت (White).

تویژەری ئەمریکایی گیبەر (Gieber) لە وتارێکیدا بە ناوونیشانی **(هەواڵ بریتییە لەوەی کە ڕۆژنامەنووسان دەیکەن بە هەواڵ)** کورتەی ئەنجامەکانی هەموو ئەو تویژینەوانەی دەربارەی دەرگاوان ئەنجامدرابوون خستە ڕوو.

ئەم لێکۆڵینەوانە ئاماژە بەوە دەکەن، کە پەیامی ڕاگەیاندن لە کاتی گواستنەوەی لە نێرەرەوە بۆ وەرگر بەچەند قۆناغێکی جیاجیادا تێدەپەڕێت، ئەم قۆناغانەش وەک زنجیرێک وان، کە لە چەند بازنەیەک پێکهاتبێ. واتە پێوەندیکردن زنجیرێکە لە چەند حەلقەیەکی بەیەک بەستراو، سادەترین جۆری زنجیریش بریتییە لە زنجیری پێوەندی کردنی ڕوو بەڕووی نێوان دوو کەس. بەڵام ئەم زنجیرانە لە دۆخی پێوەندیکردنی جەماوەریدا زۆر درێژتر دەبن، کە زانیارییەکان تیایدا بە گەلێک بازنە، یان پێڕەوێکی یەکگرتوودا تێپەڕ دەبن، هەروەکو لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا دیارە، بۆ نموونە ئەو ڕووداوەی کە لە هیندستاندا ڕوو دەدات بەر لەوەی بگاتە خوێنەر، یان گوێگر، یان بینەر لە میسر و ئەمریکادا، بە چەند قۆناغێکی جیاجیادا تێپەڕ دەبێت، بڕی ئەو زانیارییانەی کە لە هەندێک لە بازنەکاندا دەردەهێندرێ، لەوانەیە زیاتر بێت لەوەی کە دەخرێتە سەری، ئەمەیە کە **(شانۆن)** پێی دەڵێ ئامێری بەهێز کردن.

لەو ڕاستییە بناغەییانەی کە **(لیوین)** ئاماژەیانی پێکردووە، بە درێژایی زنجیرەکە لە هەر بازنەیەکی ئەو زنجیرەیە کەسێک هەیە مافی ئەوەی هەیە کە ئەو پەیامەی وەری گرتووە هەروەکو خۆی بیڕوێنێ بۆ بازنەیەکی تر یان شتی بۆ زیاد و کەم بکات یاخود هەر بەیەک جاری لای ببات.

چەمکی **(دەرگاوان)** واتای بەرزەفت کردنی شوێنی ستراتیژیە لە زنجیری پێوەندی کردندا، بە شێوەیەک کە **(دەرگاوان)** دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بڕیاری تێپەڕبوون و چۆنیەتی تێپەڕبوون لە دەرگاکەیەوە بدات، تاکو لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو جەماوەرەی کە مەبەستە.

هەروەها **(لیوین)** ئاماژە بەوە دەکات، کە تێگەیشتنی ئەرکی دەرگاوان مانای تێگەیشتنە لەو کاریگەریی و هۆکارانەی کە بەرزەفتی بڕیارەکانی دەرگاوان دەکەن.

ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان بۆ سەر دەرگاوانیی ڕاگەیاندن هەیە

دەکرێ ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان بۆ سەر کاری دەرگاوانیی ڕاگەیاندندا هەیە دابەشی چوار هۆکاری بناغەییان بکەین:

١- پێوەری داب و نەریت و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان

٢- پێوەرە خودییەکان، کە هۆکاری گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و فێرکردن و

ئاراستە و حەز و ئارەزوو و مەیلەکان دەگرێتەوە.

٣- پێوەرە پیشەییەکان، کە سیستەمی هۆکاری ڕاگەیاندن و سەرچاوەکانی هەواڵە دەستەبەر کراوەکان و فشار و پێوەندییەکانی ئیش دەگرێتەوە.

٤- پێوەرەکانی جەماوەر.

**١- پێوەری داب و نەریت و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان:**

ئەو پێڕەوە کۆمەڵایەتییەی کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەیاندا کار دەکەن، یەکێکە لە هێزە بناغەییەکان کە کاریگەریی بەسەر پێوەندیکەرانەوە هەیە، وارن برید (Warn Breed) ی توێژەر، وای دەبینێ کە لە هەندێ باردا پێوەندیکەر ڕووماڵێکی تەواوی ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەریدا ڕوو دەدەن، ناکات. ئەمە لە ئەنجامی خەمساردی و پشتگوێ خستن نییە، بەڵکو لەبەر هەست کردنە بە بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی و پارێزگاریکردن لە هەندێ لایەنی چاکی تاک و کۆمەڵ، یاخود هەندێ جار هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەر بەو هۆیەوە چاو پۆشی لە پێشینەیی ڕۆژنامەوانی دەکەن.

**٢- پێوەرە خۆییەکانی پێوەندیکەر:**

سیماو تایبەتییە کەسایەتییەکانی پێوەندیکەر ڕۆڵێکی گرنگ لە پیادە کردنی کاری دەرگاوانیی ڕاگەیاندندا دەبینن، وەکو: جۆر، تەمەن، داهات، چینی کۆمەڵایەتی، فێر کردن، بیرو بۆچوون و هەست کردن بەخۆ.

بیرو بۆچوون ڕەگەزێکی دیاریکراوی کەسایەتییە، چونکە کاریگەریی بەسەر شێوازی بیرکردنەوە و تێگەڵاوبوون و کارلێککردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەری تاکدا هەیە، بەو هۆیەی کە تاک سەر بە هەندێک کۆمەڵە، لەوانە: فێرکاری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابووری. ئەم کۆمەڵانەش وەکو بناوانێک وان، کە تاک بەشدارە لەگەڵ ئەندامەکانی لە ڕوانگە و مەیل و بیرو بۆچوونیان و پابەندی ئاکارەکانی ئەوانە لە هەموو بڕیارەکان، یان ئەنجامدانی هەر ڕەوشتێکی دیاریکراو.

٣- پێوەرە پیشەییەکانی پێوەندیکەر:

پێوەندیکەر دووچاری فشارگەلێکی پیشەیی دەبێتەوە، کە کاریگەرییان بەسەر پیشەکەیەوە هەیە و دەبنە هۆی گونجانی لەگەڵ سیاسەتی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی کە کاری تێدا دەکات.

پێوەرە پیشەییەکانیش سیاسەتی هۆکاری ڕاگەیاندن و سەرچاوە ڕەخساوەکانی هەواڵ و فشاری پێوەندییەکانی ئیش لەخۆ دەگرێ.

**أ- سیاسەتی دەزگای ڕاگەیاندن:**

فشارەکانی دەزگا زۆرن، ئەم فشارانەش لە هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکاندا دیارن، مەبەستمان لە هۆکاری دەرەکی پێگەی هۆکارە لەو پێڕەوە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە و بڕی پێوەندی بە بەرژەوەندییەکی دیاریکراوەوە، وەکو: هەبوونی ئێزگەیەکی ڕکابەر. بەڵام هۆکاری ناوخۆ جۆری خاوەندارێ و شێوازی بەرزەفت کردن و پێڕەوی کارگێڕی و فشارەکانی بەرهەمهێنان دەگرێتەوە. ئەم هۆکارانە ڕۆڵی گرنگ و بەرجەستە دەبینن لە شێوەی ئەو ناوەرۆکەی پێشکەشی جەماوەر دەکرێت. هەروەها وا لە پێوەندیکەر دەکەن کە ببێتە بەشێک لە قەوارەی گشتی دەزگاکە.

زۆر جار هەڵسەنگاندنی هەواڵنووس ڕۆڵێکی بناغەیی نابێت، بەڵکو بیرو ڕای خاوەن کار بناغەیی و گرنگە، بۆیە هەواڵنووسان هەست دەکەن ئەوان تەنیا فەرمانبەرن لە بیرۆکراتییەتی کۆکردنەوەی هەواڵدا ئەوان تەنیا فەرمانبەرن. هەر هۆکارێکی ڕاگەیاندنیش سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، جا دانی پێدا بنرێ، یان دانی پێدا نەنرێ. ئەم سیاسەتە لە ئاوەژوو کردنی هەندێک بابەتی هەواڵیی، یان دیاریکراودا دەردەکەوێ.

بەڵام کارمەندانی هۆکاری ڕاگەیاندن چۆن فێری سیاسەتی نووسینی ڕۆژنامەوانی دەبن؟ یەکەم هۆکار بۆ زیاتر ملکەچکردن بریتییە لە ئاسایی کردنەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی کارمەندانی دەزگاکە، تاکو پلە

پلە فێری ئیشەکەیان بن بەبێ ئەوەی هیچ زانیاری و ڕێنمایی ڕاستەوخۆیان پێشکەش بکرێت.

سیاسەت ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی جۆر یان شێوازە باوەکانی ژووری هەواڵەکان، ئەمەش لە ڕێگای ئەم خاڵانەی خوارەوەدا جێ بەجێ دەبێت:

١- کارمەندی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکە ڕۆژانە ڕۆژنامەی دەزگاکە دەخوێنێتەوە. هەندێ ڕۆژنامە ئەمە دەکەنە مەرج لە سەر کارمەندەکانیان. لەم خوێندنەوەیەدا بە ئاسانی تایبەتمەندی ڕۆژنامەکە دیاری دەکرێت.

٢- ڕۆژنامەکە کارمەندە نوێیەکانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای نووسەر و کارمەندە کۆنەکانییەوە ئاراستە دەکات.

٣- ڕۆژنامەنووس لە چوارچێوەی ئاخاوتن لەگەڵ هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکانی، یان لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکاندا، کە لە ڕۆژنامەکەدا ئەنجامدەدرێ، سیاسەتی ڕۆژنامەکەی بۆ دەردەکەوێ.

بەڵام ئەو هۆیانە چین، کەوا لە ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەیەک دەکەن ملکەچی سیاسەتەکەی بن؟ گەلێک هۆ هەن لەوانە:

١- لە ڕووی بازرگانییەوە خاوەن دەزگا وای دەبینێ کە هەموو ئەو کەسانەی لەلای ئیش دەکەن، دەبێ ملکەچی بن، خاوەن دەزگا دەسەڵاتی سزادان و دەرکردنی ڕۆژنامەنووسانی هەیە، ئەمەش لە ڕێگای کەمکردنەوەی دەسەڵات و سنووردارکردنی پلە و پایەی ڕۆژنامەنووس، یان پێسپاردنی کار و چالاکی کەم بایەخ. ترسان لەو سزایانە وا لە ڕۆژنامەنووس دەکات ملکەچ بێت.

٢- هەست کردنی ڕۆژنامەنووس بە پابەندبوون بە سیاسەتی دەزگا ڕاگەیاندنەکە، چونکە هەلی ئیشی بۆ ڕەخساندووە.

٣- بیرکردنەوەی ڕۆژنامەنووسان لەوەی کە هەندێ ڕۆژنامەنووس وای دەبینن، کە پیشەکەیان پردێکە دەیانپەڕێنێتەوە بۆ ئیشگەلێکی تر، بە هۆیەوە قازانجێکی زۆر لە بواریک زیاتر بەدەست دێنن، وەکو: پێوەندییە گشتییەکان، ڕیکلام کردن، یان ئیشکردن وەکو ڕەخنەگرێکی بێ لایەن و ناردنی بەرهەمەکانیان بۆ ڕۆژنامەی جیا جیا.

٤- نەبوونی ئۆپۆزسیۆن دژی سیاسەتی باوی دەزگاڕاگەیاندنەکە.

٥- سروشتی کاری ڕاگەیاندنی دەزگاکە، خۆشەویستی و هەڕەوەزی و گۆڕینەوەی بیرو ڕا لەخۆ دەگرێ.

٦- جەخت کردن لەسەر هەواڵ وەک بەهایەکی بناغەیی، لە جیاتی ئەوەی ڕۆژنامەنووسان هەوڵی جێبەجێ کردنی بێلایەنی بدەن بە گوێرەی سیاسەتی ڕاگەیاندن وەک پێوەرێکی کاری باش، هەوڵی زۆر دەدەن لە پێناو بەدەستهێنانی هەواڵێکی زۆردا، کێبڕکێ و ململانێی ڕۆژنامەوانی و مەبەست و ئامانجی پێشینەیی لە کۆکردنەوەی هەواڵدا.

**ب- سەرچاوەکانی هەواڵ:**

زۆربەی توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژە بەوە دەکەن کە دەکرێ پێوەندیکەر چاوپۆشی لە جەماوەر بکات، بەڵام ئاستەمە پشت لە سەرچاوە بکات. گەلێک توێژینەوە دەربارەی ڕۆژنامەنووسە سیاسییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەوەیان سەلماندووە کە هێزی کاریگەریی سەرچاوە ڕۆژنامەنووسییەکان بەسەر پێوەندیکەر بە ڕادەیەکە، دەگاتە ئاستی بەرزەفتکردنی بە شێوەیەک هەولدانی ڕۆژنامەنووس بۆ سەربەست بوون لە سەرچاوەی هەواڵ کارێکی زۆر گرانە.

کاریگەرییەکانی سەرچاوەکان بەسەر بەهای هەواڵ و لایەنی پیشەییدا لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیارن:

١- ئاژانسەکانی هەواڵ ئاراستەی سەرنج ڕاکێشان بۆ هەواڵە دیاریکراوەکان بە ڕێگای جۆراو جۆر ئەنجام دەدەن.

٢- ئاژانسەکانی هەواڵ کاریگەرییان هەیە بەسەر شێوازی هەڵسەنگاندنی سەرۆک

بەشەکانی هەواڵ، بۆ کاری نوێنەر و پەیامنێرەکانیان.

٣- ئاژانسەکانی هەواڵ کاریگەرییان هەیە بەسەر شێوازی دابەش کردنی هۆکارەکانی پێوەندی کردن بۆ پەیامنێرەکانیان، بە مەبەستی ڕووماڵکردنی ڕووداوێکی گرنگ .

٤- ئاژانسەکانی هەواڵ تۆمارێکی ڕۆژانەی ڕووداوە پێشبینی کراوەکانی شارە گەورەکان دەخەنە ڕوو.

٥- ڕۆژنامە بچووکەکان لە شێوازی هەڵبژاردنی ناوەرۆکدا، چاو لە ڕۆژنامە گەورەکان دەکەن.

**ج- فشاری پێوەندییەکانی ئیش:**

تۆێژەران لەسەر ئەوە کۆکن، کە پێوەندییەکانی ئیش جێ پەنجەی بەسەر پێوەندیکەرەوە دیارە، کە لەگەڵ هاوڕێکانی پێوەندی دەبەستێت و ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. لەم پێوەندی بەستنەدا کۆمەڵێکی سەرەتایی بە گوێرەی پێوەندیکەرەوە پێک دەهێنی لە پاشاندا لەناو کۆمەڵێک یەک دەگرن و لەگەڵ جیهانی دەرەوەدالە چوارچێوەی هەستەخودییەکانیان لەناو ئەو کۆمەڵەدا هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمەیە وا لە ڕۆژنامەنووس دەکات پشت بەو کۆمەڵ و پاڵپشتە مەعنەوییانە ببەستێ.

گرنگی پێوەندییەکانی ئیش لەوەدا دەردەکەوێ، کە ئەرکی پێوەندیکەر خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی ململانێ و کێبڕکێییە، کە ئاماجی هەموو ڕۆژنامەنووسێک دەستەبەرکردنی پێشینەیی **(السبق)** بۆ گەیشتن بە ژمارەیەکی زۆر جەماوەر و بەدەستهێنانی باوەڕی وەرگران لەبەر هۆی ئابووری و هزری و بیروباوەڕەوە. بۆیە وێڕای ئەوەی هەموو ڕۆژنامەنووسان باوەڕیان بە هەمان پێوەری پیشەیی هەیە، بەڵام ئەوە دەمێنێتەوە، کە هەر یەکێکیان پێوەری تایبەتی خۆی هەیە شانبەشانی بەدەستێنانی پێوەرە پیشەییەکان لەلایەن پێوەندیکەرەوە، پێوەندییەکانی ئیش یارمەتی ئەوەی دەدات، کە لە مەترسی پیشەیی دوور کەوێتەوە و ڕەزامەندیی وەزیفیش جێ بەجێ بکات، ئەمەش کاریگەریی بەسەر هاندان و بەدەستهێناندا دەبێت.

**٤- پێوەرە جەماوەرییەکان:**

هەردوو تۆێژەر **(ئەسیل دی سۆلا پۆل)** و **(شۆلمان)**، تێبینی ئەوەیان کرد، کە جەماوەر کاریگەریی بەسەر پێوەندیکەرەوە هەیە، هەروەک چۆن پێوەندیکەریش بەسەر جەماوەرەوە هەیەتی. ئەو پەیامانەی پێوەندیکەر پێشکەشیان دەکات، پێشبینییەکانی دەربارەی کاردانەوەی جەماوەر دیاریان دەکات، کە لە پاشاندا جەماوەر ڕۆلێکی ئەرێنی لە پرۆسەی پێوەندیکردنەکەدا دەبینێ.

ئەو تۆێژینەوە ئەزموونییانەی **(ڕیمۆند پاوەر)** ئەنجامیدان ئەویان دەرخستووە، کە جۆری ئەو جەماوەرەی پێوەندیکەر دەیەوێ پێوەندییان لەگەڵدا بکات، کاریگەرییان بەسەر شێوازی هەڵبژاردنی ناوەرۆک و ڕێکخستندا هەیە. بۆیە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەبێ جێگای ڕەزامەندی جەماوەر بن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دەزگا ڕاگەیاندنەکان زۆر بە وردی جەماوەر بناسن، ئەمەش لەڕێگای تۆێژینەوەی زانستیدا دەستەبەر دەبێت.

**سەرچاوەکان:**

**١- نظريات الاتصال، د. مى العبدلله، دار النهضة العربية بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٦.**

**٢- الاتصال و نظرياته المعاصرة، د. حسن عماد مكاوى، د. ليلى حسين السيد، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، الطبعة السادسة، ٢٠٠٦.**

**٣- المدخل في الاتصال الجماهيرى، د. عصام سليمان الموسى، الكتاني للنشر والتوزيع، اربد، الطبعة الرابعة، ١٩٩٧.**

**٤- معجم المصطلحات الاعلامية، انجليزى – عربي، د. كرم شلبى، دار الجيل، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩٤.**

*** بەشی ڕاگەیاندن – پەیمانگای تەکنیکی هەولێر**

# رۆژنامەگەریی کاژیک و پاسۆک
## لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئۆرجینالدا

باوکی شانوو- سوید
ئامادەی کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە

**پێشەکی**

**بۆچی ئەم باسە؟**

ئەگەرچی جۆرە ئاڵۆزییەک کەوتۆتە نێو ئەو چوارچێوە میژوویییەی کە پێی دەوترێت بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی، ئەو ئاڵۆزییەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بە داخەوە تا ئێستاش نووسەر و لێکۆڵەری کورد نیگای لە دەسەڵات و حزبی گەورە گرتووە، بە واتایەکی تر دەسەڵات و حزبی گەورە و خاوەن پێگە بوونەتە خاوەنی زۆرترین بەرهەمی لێکۆڵینەوە و تا ئاستێکیش پیاهەڵدان. لێکۆڵەری کورد زۆرجار جڵەوی پێوەرە زانستییەکان لە دەست دەدات، ئەگەرنا بۆچی تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و وردمان سەبارەت بە کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی ی کورد " کاژیک" نییە. راستە ئەم رێکخراوە سەنگ و پێگەی لە نێو بزووتنەوەی کوردایەتیدا ئەوەندە نەبووە، بەڵام ژمارەیەکە لە ژمارە ئەزبەرکراوەکان. هەر کاتێک باس لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی بکرێت، ناکرێت چەند قسەو باسێکیش سەبارەت بە کاژیک و پاسۆک نەکرێت.

هەر یەکێک لەو دوو رێکخراوە ناوبراوە خاوەنی سەدان لاپەڕەی چاپکراون، بەڵام بە داخەوە لە چەند دێرەنووسینێکی پڕ لە هەڵە و کەموکوڕی بترازێت ئەگەرنا تا ئێستا زۆربەی هەرە زۆری ئەدەبیاتەکانی کاژیک و پاسۆک لە دوو توێی کتێب و نووسراوی تایبەتدا کۆ نەکراونەتەوە.

ئەم هەوڵەی من زیاتر بۆ بەرچاوروونی لێکۆڵەر و میژوونووسانی کوردە، کە هەوڵمداوە ئاماژە بە چەند بەڵگەنامەیەک بدەم کە بەشێکن لە میژووی کاژیک و پاسۆک.

**گیروگرفت!**

لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی میژوویی

پێویستیان بـە بـەڵگـەی بەڵگەنەویست هەیە، واتە بەڵگەکان جێگای گومان نەبن و تەمومژ بە بـاڵا و نـاوەڕۆکی باسەکان نەدەن. سـاڵی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ بۆ نووسینی بڕوانامەی ماجستێرەکەم چەندان بڵاوکراوە و بەیاننامە و گۆڤاری پاسۆکم دەستکەوت، کە سوودیشم کردە بنەگەی ژیانم لە ڕێگای بینین و پشکنینی چـەند کتێبخانەیەکی شـەخسـی دیـسـان کۆمـەڵێک شـتـی تـرم دۆزییەوە، بە تایبەتیش بەرهەمەکانی کاژیک، کە بۆ ئەو بەرهەمانە سوودم لە کتێبخانە شەخسییەکان بینیووە و سوپاسیان دەکەم. زۆر بە کورتی دەمـەوێت بڵێم؛ نەبوونی بەڵگەنامە و سـەرچـاوە بریتین لە گرفتە سەرەکییەکان بۆ نووسین و ئامادەکردنی بابەتی لەم جۆرە.

## ستراکتوری باسەکە چوارچێوەی

ئەگەرچی نەمتوانیوە تـەواوی نووسـراو و چاپکراوەکانی ئەو دوو ڕێکخراوە چنگ بخەم، بەڵام هەوڵمداوە چەند بەرهەمێکی دانسقەیان بخەمە بـەردەسـت. بێجگە لە پێشەکی بـاسـەکـەم دابـەشـی دوو بەش کـردووە، لە بەشی یەکەمدا مێژووی ئەو دوو حزبەم لە ئاوێنەی چەند بەڵگەنامەیەکدا نووسیوەتەوە و لە بەشی دووەمدا مێژووی ڕۆژنامەگەرییان خراوەتەڕوو، لە کۆتایشدا لـە کـورتـە ئەنجامێکدا بـیـرۆڕاکـانـم چڕ کردۆتەوە.

## بەشی یەکەم

## مـێـژووی ئـەو دوو حـزبـە لـە چەند بەڵگەنامەیەکی ئۆرجینالدا

### کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی ی کورد " کاژیک"

هەر لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردووەوە کورد و خەڵکی کوردستان ئاشنا بووە بە ژیانی حزبی و ڕێکخراوەیی، ئەگەرچی ناتوانرێت ئەو ژیانە حزبییە لە شارێکی گەورە و ئاوەدانی وەک ئەستەنبوڵ ڕووت بکرێتەوە، بەڵام ئەوە ڕوونـاکبیری کوردە تێکەڵاو بە ژیانی حزبی ئـەوێ دەبێت و دوای ماوەییکی کورت هوشیاریی نەتەوەیی وەئـاگـای دێنـێ و دەسـت بـە چێکرن و دروستکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراو و حزبی کـوردی دەکـات. ئـەو سـەردەمـە زۆربـەی هـەرەزۆری ڕێکخراو و حزبە کـوردی و کوردستانییەکان بە بیری کوردایەتی و هوشیاریی نەتەوەیی ئاودراوبوون، بەڵام وەک شیوازێکی ئەوێ زۆژێ کورد متوی بە ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەی مارکسی و چەپایەتی گرتبوو. لـەو ڕووەوە کورد نە گوناهبارە و نە زەرەرمەندیش بووە، چونکە ئەو سەردەمە ئەو ئایدیۆلۆژیایە دنیای تەنیبوو، هەروەها ڕێگای بە بیر و ئایدیۆلۆژیای تریش نەدەدا کە گەشە بکات، بە تایبەتیش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیادا.

ئـەم نووسینە بۆ نووسینەوەی ژیانی حزبی لە کوردستاندا تەرخان نەکراوە، هەر بۆیە خۆمان لەم چوارچێوەیەدا دەبوێرین و تەنیا چەند بەڵگەنامەیەک دەخەینە ڕوو کە بریتین لە کەرەسەی خاو بۆ ئەو کەسانەی کە مێژووی حزبایەتی بە گشتی و مێژووی ناسیونالیستی کوردی دەنووسنەوە.

لـە کـوردسـتـانـی " **خـــواروو**" عـیـراقـدا، سەرکەوتن و شکستەکانی شێخ مەحموود کۆمەڵێک دەرهاویشتەی لێکەوتۆتەوە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریدا. بۆ بـواری سیاسی زۆربـەی لێکۆڵەران لەسەر ئەوە کۆکن کە " کۆمەڵەی کوردستان" کە ساڵی ١٩٢٢ کە لە سلێمانی دامـەزراوە بە یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی کوردی ئەژمار دەکرێت و دوای ئەو مێژووە چەندان کۆمەڵە و ڕێکخراو و دەستە و گروپ و حزبی سیاسی دامەزراون. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە " کۆمەڵەی ئـازادی و ژیانەوە و یەکێتی ی کورد- کاژیک" ە کە ساڵی ١٩٥٩ دامەزراوە.

جـەمـال نـەبـەز سـەبـارەت بـە مـێـژووی دامـەزراندنی کـاژیک نووسیویەتی: " **لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە بیرێکی تـازە لە**

**کوردستاندا هاتە کایەوە، کە دووایی بە "** بیری نەتەوەیی" ناسرا. لایەنگیرانی ئەم بیرە، چونکە سەرەتای کاریان بە رەخنەگرتن لە سەرکردەیەتیی کلاسیک و دەستەی هوردە بۆرژوای کورد **" چ ڕێبازی کوردستانی و چ ڕێبازی ناکوردستانی"** دەست پێ کرد، لەبەر ئەوە ئەمانە لە پێشەوە بە **" هێزی سێیەم"** نێو دەبران؛ بۆ جیاکردنەوەیان لەو دوو ڕێبازەی سەرە؛ بەڵام ئەم بیرە تازەیە لە ١٩٥٩/٤/١٤ دا لە چوارچێوەی ڕێکخراوی **" کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی ی کورد "** دا کە **" کاژیک"** ە چلوورەی بەست و فەلسەفەکەی بە **" بیری نەتەوەیی"** یا **"قوتابخانەی کوردی ی سۆسیالیزم "** دەست نیشا کرا.

**" ڕێکخراوی نەتەوەیی کاژیک"** بە پێچەوانەی ڕێکخراوی هوردەبۆرژوا و کلاسیکی کوردەوە؛ واتە **" پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق"** و دەستە خوشکەکانی لە پارچەکانی دی کوردستاندا، کە خۆیان هەر بە ڕێکخراوی **" بەشێکی کوردستان"** دەدایە قەڵەم؛ ئەم " کاژیک"ـە خۆی بە ڕێکخراوی " **هەموو نەتەوەی کورد"** دەزانی و **" هەموو کوردستانی"** بە **" سنووری چالاکییەکانی خۆی"** دادەنا. ماددەی دووەمی پێڕەوی نێوخۆیی کاتیی کاژیک دەبێژی: **" مەیدانی کارگوزاریی کاژیک هەموو کوردستانە. بەڵام لە سەرەتاوە بەشێکی کوردستان ئەکات بە بنکەی ئیش کردن و لەوێوە پەل ئەهاوێت بە هەموو کوردستاندا"** سەرچاوە: بیری نەتەوەیی کوردی. ل١٧٤ و ١٧٥

کاژیک لە کوردستاندا سەرەڕای بڵاوکردنەوەی چەندان بەیاننامە و بانگەواز، هەروەها بڵاوکراوەی **" کاژیکنامە"**ی دەرکردووە و لە دەرەوەی کوردستانیش ڕۆژنامەی **" بانگی کاژیک"** زمانحاڵی داوو دەزگەی کاژیک بوو لە ئەوروپا. یەکەمین ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ١٤ ی نیسانی ١٩٦٨ دا و دووا ژمارەی **" ژمارە پێنجی"** لە ١٩٦٨/١٠/١٠دەرچووە.

بۆ باشتر ئاشنابوون بە کاژیک و سیاسەتە پێڕەو کراوەکانی وا ئەم دوو نووسینە دەقاو دەق دەنووسینەوە کە لە بڵاوکراوەی " کاژیکنامە" دا بڵاوکراونەتەوە:

### ١- پێویستی بوونی کاژیک

ئەو حیزبانەی کە تا ئێستا لە کوردستاندا دروست بوون هیچیان لەسەر بناغەی بیروباوڕێکی نەتەوەیی ڕەسەنی ڕێکخراو دانەمەزراون. بۆیە هیچ کامێکیان نەیانتوانیوە شۆڕشێکی فیکر بەرپا بکەن و لە ئەنجامدا بگەنە ئامانج. چونکە هەموو هەر لەسە بنچینەی عاتیفە و دەستکەوتی تایبەتیی چەند کەسێک فەرمانیان داوە بەسەر کارەسات و کاروباری ڕۆژگاردا. هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆربەیان تەمەن کورت و هەر لە یەکەم جەزرەبەدا چوونەتە ریزی نەبووان. خۆ ئەوانەی ماویشن تەنیا یەک دوو پایەی قرچۆکیان پێوە ماوە هاکا کەوتن. دە هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە هەموو بزووتنەوە و شۆڕشێک کە ئەو حیزبانە بەرپایان کردووە سەریان نەگرتووە. چونکە ئەو بزووتنەوانە هەموو لەسەر بنچینەی عاتیفەیەکی وەختی بوون نەک بیروباوڕ. لەبەر ئەوە کە سەرۆکەکانی کۆڕان یان ڕەهەندەکراون بزووتنەوەکە ئەو خۆراکە گیانییەی لێ بڕاوە کە بزووتنەوەیەکی ڕەسەن هەمیشە دەستی ئەکەوێ و لەسەرچاوەی بیروباوڕەکەیەوە ئەیمژێ. لەبەر ئەوە پەکی کەوتووە و بە جارێک کۆژاوەتەوە. هەندێک حیزبی تر بوون و هەن بیروباوڕ و فەلسەفەکەیان خۆیی نەبووە و نییە. بەڵکو لە بێگانەوە وەریان گرتووە. لەبەر ئەوە زۆرجار کە سەری لووتیان بەر بەردی واقیعی نەتەوەیی کەوتووە ناچار بوون ڕێبازی خۆیان بگۆڕن و بکەونە ڕاڕایی و هەندێک درۆشم بە کوتوپڕی هەڵگرن و واز لە هەندێکی تریش بهێنن و هەندێ جاریش ناچار ببن دەستکاری پڕۆگرام بکەن. لەبەر ئەوە خەڵکی باوڕی پێیان نەماوە و لەمەشەوە یەکێتیی فیکرییان لێک هەڵوەشاوە و لە ئەنجامدا بە جارێک لێک ڕەویونەتەوە و بوونەتە واتەی ڕۆژگار.

یان ماون بەڵام بوون بە پەند. کەواتە ئەو جێ چۆڵییە بیروباوڕانەیەی کە لە ژیانی کوردەواریدا هەر لە کۆنەوە بووە، ئێستاش هەر هەیە و ماوە و دەمی داپچڕیوە بۆ قۆزتنەوەی هەموو بیروباوڕێکی تر کە پڕی بکاتەوە. بە تایبەتی لەم ڕۆژانی دواییەدا کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەختەوە خەڵکی کوردستان بۆیان دەرکەوت کە بیروباوڕی شیوعێتیش وەک بیروباوڕە بێگانەکانی تر هیچ دادێکی کورد نادات لەبەرئەوە وا خەریکن لێی پاشگەزئەبنەوە و ئەگەڕێن بە دوای بیروباوڕێکی تردا کە ئەگەر بێتو ئەمجارەش هەر هی بێگانە بێ، دیارە چارەنووسی ئەویش لە چارەنووسی خەلافەتبازی عوسمانلی و دێمۆکراتێتی ئینگلیزی و شیوعێتیی نانەتەوەیی باشتر نابێ.

لەبەر ئەم هۆیانە دامەزراندنی دامودەزگایەکی " **عەقائدی**" بەهێز کە بیروباوڕەکەی لە ناوجەرگەی بەرژەوەندیی واقیعی کورد و هی وەک کوردەوە هەڵهێنجابێ و لە جەوهەر و قاڵبدا هەر کوردانە بێ، شتێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی شۆڕشێکی فیکری وا بەرپا بکا کە بە جارێ میللەتی کورد ڕاچڵەکێنێ و هۆشیاری بکاتەوە و ئەو چڵک و پیسییەی دەوری کانگای بلیمەتیی کوردی گرتووە ڕای ماڵێ تا بە پاک و خاوێنی باری ڕاستەقینەی خۆی لە شوێنی خۆیدا دای بنێ. واتا لە ڕیزەکانی پێشەوەی کاروانی ئادەمیزادادا بۆ ئەوەی ئەو دەورە مێژوویییەی پێی سپێردراوە بیگەیەنێتە ئەنجام.

## ٢- بیروباوەڕی کاژیکی

١- کاژیک باوڕی بەوەیە کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی بلیمەت و ڕابردوو ڕۆشن و دامەزرێنەری کولتوور و شارستانێتیی بەناوبانگ بووە، هەروەها لە مەیدانی سروشتی بەرزی وەک مەردایەتی و ئازایەتی و وەفاداری و خۆنەویستی دا بێ هاوتا بووە. ئەم نەتەوەیە هەر لە کۆنەوە خاوەن پەیامێکی مێژوویی بووە بیگەیەنێتە جیهان. هەڵگری ئەم پەیامە یەزدانیە لە دەورانی کۆندا پێشڕەوی مەزن " زەردەشت" بووە. بەڵام هەندێ کارەساتی تایبەتی بەرگێکی بێگانەیی کردووە بەبەر ئەو پەیامەدا و لە هەمان کاتدا کانگای بلیمەتی ئەم نەتەوەیەی شاردووەتەوە. لەبەر ئەوە پێویستی بە ڕاچڵەکین و خۆشەکاندنێک هەیە تا ئەو بەرگە پیسە لەبەر خۆی داکەنێ و بچیتە شوێنی خۆی لە ڕیزەکانی پێشەوەی قافلەی گەلاندا و پاشماوەی ئەو پەیامە نەمرە لە شێوەیەکی مودیرن " عصری" دا بە نەوەی ئینسان بگەیەنێ.

٢- کورد لەبەر ئەوەی دەمێکە بیروباوڕێکی نەتەوەیی خۆی نیە جێگەیەکی چۆڵ کەوتووەتە ژیانی کورداییەتییەوە و هەتا ئێستە ئەو جێ چۆڵە بە چەند بیروباوڕێکی بێگانە پڕبووەتەوە. بەڵام ئەو بیروباوڕانە چونکە خۆیی نەبوون، کوردیان نەگەیاندووەتە ئامانج. لەبەر ئەوە پێویستە لە ڕێگەی بیروباوڕێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕەوە ئەو بۆشاییە بیروباوڕانەیە پڕ بکرێنەوە و ئەو شۆڕشە فیکرییە بەرپابکرێ. هەر بیروباوڕێکیش خۆیی نەبێ کاژیک بەربەرکانیی ئەکات.

٣- کاژیک پێی وایە دەردەکانی کورد هەموو ئەچنەوە سەرێەک بنچینە و ئەبێ لە بنەڕەتەوە تیماربکرێن لەبەر ئەوە بروای تەنیا بەو چارەسەرکردنەیە کە ئەگاتەوە سەر ڕەگوریشە. کەواتە بڕوای بە هیچ چارەسەرێکی وەختی و ڕووکەش نیە. هەر لەبەر ئەوەیە بڕوای تەنیا بە بەکارهێنانی هێزە و بە هیچ جۆرێک بە کرداری ڕواڵەتانە و کەموکورت و نیوەناچڵی وەک نوێنەر هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی بێگانان و نووسینی پڕۆتستۆنامە و ئیمزاکۆکردنەوە و متمانەکردن بە " **سەربەستی دێمۆکراسیانە**" نیە. چونکە پێی وایە هەموو مافێک کە بە زۆر زەوت کرابێ هەر بە زۆر ئەسێنرێتەوە.

٤- کاژیک داگیرکەرانی کوردستان هەموو بە یەک چاو تەماشا ئەکا و کوردستان تەنیا

بە مووڵکی کورد ئەزانێ و ئەبێ کورد هەر خۆی فەرمانرەوا بێ لە کوردستاندا. لەبەر ئەوە بڕوای بەو برایەتییە درۆزنەیە نیە کە لە رێگەیەوە سەروەت و سامانی بە تاڵان ئەبرێ و لە کەمترین مافی مرۆڤانە بێ بەش ئەکرێ. لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایی هەموو ناکوردێک بەسەر کوردستاندا بە کارێکی ناشەرعی ئەزانێ.

٥- کورد خۆی خۆی رزگار ئەکا لە رێی بیروباوڕی پاکی کوردایەتییەوە، لەبەر ئەوە کاژیک هەر پشت بە کورد ئەبەستێ و بڕوا بە هیچ بێگانەیەک ناکا و هەر کەس بڵێ " بێگانە کورد رزگار ئەکا" یان بە ساویلکە یان بە دوژمنی دائەنێ. چونکە ئاشکرایە کە بێگانەیەک دەوڵەت بۆ کورد دروست بکا لە هیچە زۆر بە ئاسانی لێشی ئەسێنێتەوە.

٦- کاژیک رێزی هەموو نەتەوەیەک ئەگرێ بەو مەرجەی تەماع نەکەنە کوردستان، هەروەها بە تەماش نیە کە ئەو کەمە نەتەوانە بتوێنێتەوە کە لە کوردستاندان بەو مەرجەی ناپاکی لەگەڵ کورد و بیروباوڕی کاژیک دا نەکەن.

٧- کاژیک حیزبی چینێکی تایبەتی نیە و بڕوای بە " امتیازاتی چینایەتی و بنەماڵەیی " نیە و تەنیا بڕوای بە جیاوازیی مێشک و لەش هەیە. لەبەر ئەوە بەربەرەکانێی هەموو جۆرە **" استغلال و احتکار و استثمار"** یێک ئەکا، واتا لە باری سەرنجی ئابووریییەوە حیزبێکی سۆسیالیستانەیە و باوڕی تەواوی بە دادی کۆمەڵایەتی هەیە.

٨- کاژیک زۆر بە تووندی ئەوەستێ بەرامبەر بەستنەوەی " اقتصادیات" ی کوردستان بە "اقتصادیات" ی وڵاتە داگیرکەرەکانەوە و هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی ئابووریيانەی ناوێ کە لەسەر حیسابی دروستبوونی " جیوب" و بنکەی بێگانان بێ لە کوردستاندا.

٩- دەوڵەت بە لای کاژیکەوە دامودەزگایەکە بۆ پێگەیاندنی نەتەوەکەمان لەسەر بنچینەی بیروباوڕی کاژیکانە و گەیاندنی پەیامە میژووییەکەمان بە هاونەژادان و تەواوی جیهان، کاژیک دان بە هیچ چەشنە دەوڵەتێکی تردا نانێ.

١٠- لەبەر ئەوەی کورد نەتەوەیەکە پەیامێکی میژوویی یەزدانی جیهانی نەمری پێ سپێردراوە تا بیگەیەنێ بە هەموو ئادەمیزاد و لەبەر ئەوەی ئالا هەڵگری ئەم پەیامە " زەردەشتی نەمر" پێی نەکرا دەنگی زەنگی یەزدان بگەیەنێتە هەموو گۆشەیەکی جیهان و پاش خۆشی بیروباوڕەکەی کەوتە دەست بێگانە و تێکدرا، لەبەر ئەوە نەوەی نوێی کورد بەرپرسیار " مەسئوول" ە لە تەواوکردن و درێژەپێدانی ئەو پەیامە لە شێوە و قاڵبی راستی خۆیدا. بۆ ئەمەش ئەڵێین:

ا- نەتەوەی کورد خۆی خاوەنی راستەقینەی ئەو پەیامەیە. لەبەر ئەوە گەیاندنی ئەو پەیامە بە جیهان ئەبێ لەسەرچاوە بنچینەییەکەیەوە دەست پێ بکاتەوە، واتا لە رێگەی کورد خۆیەوە بێ.

ب- هاونەژادانی کورد کە بە خێزانی " نەژادی ئاریا" ناسراون هەر لە کۆنەوە هاوبەشی کورد بوون لەو پەیامەدا. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەریان پشتگیری و هاوکاری کورد بکەن لەم رووەوە.

ج- گەیاندنی پەیامی ئاریایی بە جیهان، پێویستی بە دەوڵەتێکی بەهێزی ئاریایی هەیە کە باوڕی بەم پەیامە بێ و هەموو ئەو نەتەوانەی بەم ناوەوە ناویان رۆیوە بە شێوەیەکی فیدرالی کۆبکاتەوە. بەڵام دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە تەنیا پاش رزگاریی کورد و سەربەخۆیی تەواوی کوردستان ئەبێ. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەموو هاونەژادێک بۆ سەربەخۆیی و رزگاریی کوردستان شان بە شانی کوردەکان تێ بکۆشێ.

د- دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدرالی لەم نەتەوانە و لە ژێر ئالای ئەو پەیامەدا گەورەترین بەربەستێکە بۆ راگرتنی لێشاوی شیوعێتی و یەکێتیی عەرەب و یەکێتی ئەوروپا و هەموو جۆرە خەتەرێکی ئیدۆلۆژی و سوپایی تر کە بۆ سەر ئەم نەژادە و پەیامە یەزدانییەکەی خۆی بکوتێ.

## بڵاوکراوەکانی کاژیک

ئەوەندەی بۆم ڕوونبۆتەوە و وەک بەڵگەنامەیەک کە کەوتۆتە بەردەستم، کاژیک تەنیا چەند بەیاننامە و ڕوونکردنەوە و بڵاوکراوەیەکی بە ناوی " کاژیکنامە" و " بانگی کاژیک" دەرکردووە، بەڵام کادرەکانیان بە شێوەی زارەکی و زۆر بەرفراوان لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیرۆڕای کاژیک دا بوونە، لێرەدا دەتوانین جیاوازی لە نێوان جیهانی ڕۆژنامەگەریی و کادری بە توانای نێو جەماوەردا بکەین. دوای هاتنە دەرەوەی جەمال نەبەز بە هاوکاریی چەند کەسێک جارێکی تر دەستی بە چاپکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتەکانی کاژیک کرد و بەردەوامیش بوو لەسەر بڵاوکردنەوەی بیرۆڕای کاژیکی، ئەمەش چەند بڵاوکراوەیەکی کاژیکە:

١- کاژیکنامە، فەلسەفەی حزبی کاژیک لە چەند دێرێکدا، دووەمین چاپی ساڵی ١٩٦٨ لە ئەوروپا بڵاوکراوەتەوە و لە چاپخانەی دامودەزگای کاژیک- لکی ئەوروپا چاپکراوە. کاژیکەکان ئەم بڵاوکراوەیە بە مانفێستی خۆیان دەزانن، ئەم بڵاوکراوەیە بریتیە لە چەند بابەتێک سەبارەت بە بیرۆڕای ناسیونالیستی ئاوێزان کراو بە ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیستی. ئەم بڵاوکراوەیە جەمال نەبەز بە ناوی خوازراوی " ڕەسوول" نووسیویەتی.

٢- بانگی کاژیک، (٥) ژمارەی لێدەرچووە.

٣- بيانات سياسية، اصدرتها القيادة العامة لحزب كاژيك الكردى بازمنه مختلفة، سلسلة الوثائق الكاژيكيه باللغة العربية " ١"، طبع على مطابع فرع حزب كاژيك فى اوروبا، ٢٥٨١ كردى و ١٩٦٩ م، ناوەڕۆکی ئەم کتێبە:

- حزب كاژيك في سطور ت له ١٩٦٩/٤/١٤ نووسراوە.

- بيان حزب كاژيك حول الخلافات الاخيرة بين البارزانى و قيادة الپارتى و كيفية معالجتها، له ١٩٦٤/٣/٣٠ نووسراوە.

- حول دستور عارف الجديد، له ١٩٦٤/٤/٦ نووسراوە.

ئەم نامیلکەیە بریتیە لە ٢١ لاپەڕە، لە قەبارەی نامیلکەی گیرفان دایە.

٤- بين كاژيك و البارزانى، مذكرات قدمتها القياده العامة لحزب كاژيك الكردى بازمنة الى الجنرال السيد مصطفى البارزانى القائد العام للقوات الكردية المسلحة، سلسلة الوثائق الكاژيكيه باللغة العربية " ٢ "، طبع على مطابع فرع حزب كاژيك في اوروبا، ٢٥٨١ كردى و ١٩٦٩ م، ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیە:

- مقدمة، ١٩٦٩/٢/١٥ نووسراوە

- حول المشاكل القومية الراهنة، له ١٩٦٤/٥/١٣ نووسراوە

- كلمة حول المفاوضات الجارية الان، له ١٩٦٤/٨/٢٣ نووسراوە

- السيد الاخ مصطفى البارزانى القائد العام لقوات الانصار المحترم، له ١٩٦٤/١٢/٧ نووسراوە

- حول الوضع في السليمانية، له ١٩٦٥/٢/٢١ نووسراوە.

ئەم نامیلکەیە بریتیە لە ٣٠ لاپەڕە، لە قەبارەی نامیلکەی گیرفانە.

٥- كاژيك و الوحدة العربية، موقف حزب كاژيك الكردى من وحده شعوب الامة العربية،

سلسله الوثائق الكاژيكيه باللغه العربية " ٣ "، طبع على مطابع فرع حزب كاژيک فى اوروبا، ٢٥٨١ كردى و ١٩٦٩ م، لەم ناميلكەيەدا تەنيا ئەم وتارە بڵاوبۆتەوە: نحن و الوحدة العربية، كه له مانگى تشرينى دووەمى سالّى ١٩٦١ نووسراوه. ناميلكەكه بريتيه له ١٨ لاپەڕە و له قەبارەى گيرفاندايه.

٦- چۆن هاوبيرێک بۆ كاژيک وەدەست ئەهێنيت، نووسينى: رەسوول " جەمال نەبەز" ئەم ناميلكەيه چاپى دووەمينى سالّى ١٩٦٨ بڵاوكراوەتەوە له چاپخانەى دامودەزگاى كاژيک- لكى ئەوروپا چاپكراوه.

## پارتى سۆشياليستى كورد " پاسۆک"

دواى ئەوەى كاژيک له چالاكى كەوت و زۆربەى سەركردە و كادرەكانيان پەرتەوازه بوون به تايبەتيش دواى سەفەرى جەمال نەبەز بۆ ئەوروپا و جێنشينى له ئەڵمانيا، له كوردستاندا كاژيک هێزى ئەدەبياتى بەرەو كزى دەچوو، چونكه جەمال نەبەز كۆڵەگەى كاژيک بوو. ئەگەرچى له ئەوروپاش تا ناوەڕاستى هەفتاكانى سەدەى رابردوو زۆر به گەرم و گوڕى كارى بۆ بڵاوكردنەوەى بيرى كاژيكى دەكرد، بەڵام له ناوەوەى كوردستاندا ئەدەبياتەكانيان ئەو گەرموگوڕييەى نەما. ئەوه بوو چەند كەسێک بيريان له زيندووكردنەوەى كاژيک كردەوه، بەڵام به شێوه و شێواز و رێبازێکى تر لەسەردەستى ئازاد مستەفا و چەند كەسايەتييێکى تر له سالّى ١٩٧٥ " پارتى سۆشياليستى كورد- پاسۆک " دامەزرا. ئەوانەى له كۆبوونەوەى دامەزراندندا بەشداربوون زياتر كەسانى سەربازى بوون، وەک؛ جەلالى حسێن كەلۆش، كەريم سەلام، ملازم شەوقى و هى تر.

پاسۆک كورتكراوەى پارتى " پا"، سۆشياليستى " سۆ"، كورد " ک" ە، واتە: پارتى سۆشياليستى كورد. پاسۆک خۆى بە دريژەپێدەرى رێكخراوى " كاژيک" دادەنا، بەڵام به شێواز و شێوەيەکى تر، كه له واقيعێکى جياواز له كاژيک خۆيان

راگەياندووه.

كۆمەڵەى رەنجدەرانى كوردستان له يەكێک له بڵاوكراوه تايبەتيەكانيدا سەبارەت به پاسۆک دەڵێت: " له رووى ئايديۆلۆجى يەوه خۆى به هەڵگرى بيروباوەڕى ناسيونال- سۆسياليزم واته " ئيشتراكيەتى قەومى " دائەنێ كه بناغەى فەلسەفەكەى له لايەن كەسانى وەكو هيتلەر، مۆسۆلۆنى، فرانكۆ – وه دانـدراوه، وه لـه ناوچەى رۆژهەڵاتى ناوەڕاستيشدا خۆ نواندوتەوه له " حزبى پان- ئيرانيست" له ناو فارس دا، له " حزبى حەرەكەتى ميللى" له ناو تورک دا، له " حزبى كتائب " ى لبنانى و هەندێ باڵى " حزبى بەعس" له ناو عەرەب دا، بەڵام چونكه كورد حكومەتى نيه و له كوردستان دا، بۆرجوازى مالى و مۆنۆپۆلى نەبوه، زەمينەى بڵاوبونەوه و گەشەكردنى ئەم بيروباوەڕەش ئامادە و لەبار نەبوه".

ئەمه و ئەندامى سەركردايەتى پاسۆک شێمحەمەد باڵەک دەڵێت: پاسۆک دريژبوونەوەى كاژيک بوو كه ئەمەى دواييان له سالّى ١٩٥٩ دا له شارى سلێمانى دامەزرا و بەشێکى دروستبوونى كاژيک، وەڵامدانەوەى ئەو قەناعەتە بوو كه له لاى زۆربەى كورده ماركسيەكانى ئەو

سەردەمە دروست بوو بوو. کاژیک وەک کەمایەتییەک و وەک حیزبی رۆشنبیران لە ناو شۆڕشی ئەیلوولدا مایەوە، دوای رووخانی شۆڕشی ئەیلوول سەرکردایەتی کاژیک بڕیاری وەستاندنی چالاکی خۆیاندا لە ١٩٧٥ دا، هەر لەو ساڵەدا بەشێک لە کادیرانی سەرکردایەتی بەرەو خوارتر ناوی حیزبەکە دەگۆڕن بۆ " **پاسۆک**" پارتی سۆسیالیستی کورد دیارە ئەو سەرکردە و کادیرانەی بەشداریش نەبوو بوون لەو ناو گۆڕینەدا هیچ بەرپەرچدانەوەیەکیان نەبووە کە دەکاتە نیشانەی پێڕازیبوون.

بە گوێرەی یەکێک لە بەڵگەنامەکان پارتی سۆشیالیستی کورد " پاسۆک" لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٥ لە شاری کەرکووک دامەزراوە و بۆ ماوەی نزیکەی ٥ ساڵ تەنیا وەک ڕێکخراوێکی سیاسی چالاکی نواندووە و لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە خەباتی چەکداریی کردووە و بەشدار بووە لە شۆڕشدا، کە بەرەی کوردستانی دامەزرا بووە لایەنێک لە لایەنە بەشداربووەکانی بەرە. لە ماوەی ژیانیدا نەمزانیوە کە پاسۆک کۆنگرەی گرێدابێت، هەر بۆیە کۆنگرەی ڕۆژانی ٧- ١٠ ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩١ کە لە شارۆچکەی شەقڵاوە سازکرا بە یەکەمین کۆنگرەی پارتەکەیان دەدەنە قەڵەم و لەو کۆنگرەیەدا ناوی پارتەکەیان لە " پارتی سۆشیالیستی کورد " بۆ پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان" گۆڕی، بەڵام بە هەمان کورتکراوەی پێشوو واتە " پاسۆک" خۆیان ناساند. ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ دوو حزبی تر " حزبی یەکگرتنی کوردستان" یان ڕاگەیاند و دوای ماوەیەک چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق. بەڵام هەندێک لە سەرکردە و کادریان بەو یەکگرتنەوانە ڕازی نەبوون و بەردەوام بوون لەسەر درێژەدان بە خەباتی " پاسۆک " و ئێستاش ناوە ناوە دێتە بەرگوێمان یاخود دەخوێنینەوە کە هەوڵ لە ئارادایە بۆ زیندووکردنەوەی پاسۆک.

مێژووی ئەدەبیاتی نووسراوی پاسۆک لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە دەست پێدەکات، بەڵام وەک بڵاوکراوە و گۆڤار ئەوەی من بینیوومە گۆڤاری " ئاڵای سووری کوردایەتی" یەکەمین کاری ڕۆژنامەگەریی پارتی ناوبراوە و یەکەمین ژمارەی ئەو گۆڤارە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨١ دەرچووە و دوا ژمارەش ژمارە ٣٣- یە کە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە. پاشان پاسۆک دەستی بە دەرکردنی بڵاوکراوەیەک کردووە لە شێوەی ڕۆژنامەدا بە ناوی "**سەربەخۆیی**" و یەکەمین ژمارەی لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ نزیکەی ٣٠ ژمارەی لێدەرچووە، دوای ڕاپەڕینیش " سەربەخۆیی" لەسەر دەرچوون بەردەوام بووە، بەڵام وەک خوولی دووەم و یەکەمین ژمارەی لەم خوولەدا لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٩١ دەرچووە، هەروەها پاسۆک دەیان بەیاننامە و بانگەواز و چەند کتێب و نامیلکەیەکیشی دەرکردووە.

پارتی سۆشیالیستی کورد "**پاسۆک**" هەر لە ساڵی ١٩٧٥- ەوە تا ساڵی ١٩٨٧ ئازاد مستەفا سکرتێری بووە و دوای کۆچی دوایی ئازاد مستەفا، غازی بووە دەمڕاستی پاسۆک و سەڵاحی حاجی عەبدول بووە

بەرپرسی رێکخستن و هاوڕێ باخەوان بووە بەرپرسی راگەیاندن. لە ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەوەی ئەحمەد هەردی شاعیر پەیوەندی بە شاخ کرد تا ساڵی ١٩٩٢ سکرتێری پاسۆک بوو.

**پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی**
**پارتی سۆشیالیستی کورد " پاسۆک"**

بۆ باشتر ناسینی پاسۆک و ئەو بیروباوەڕەی کە بۆی دامەزراوە و خەباتی بۆ کردووە وا بریاربوو دەقی پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆیان بڵاوبکەینەوە بەڵام لەبەر دریژی بابەتەکە جاری چاوپۆشیمان لەم لایەنە کرد و هەر بە بڵاوکردنەوەی بەرگی پێڕەو و پرۆگرامەکە وازمان لی هینا، کە لە کاتی خۆی هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا، کە وەک کتێب چاپکرا، دەقی ئەم بەڵگەنامەیە و چەندان بەڵگەنامەی تریش بڵاوبکەوە.



**پاشبەندی ئەم باسە**

لە بەشی دووەمدا لەم گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوانە دەدوێم:

١- گۆڤار و رۆژنامەی " ئاڵای سووری کوردایەتی" و " سەربەخۆیی" کە پاسۆک بڵاویکردوونەتەوە.

٢- بڵاوکراوەکانی " کاژیکنامە" و " دەنگی کاژیک"

٣ - رێکخراوی " یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد و بڵاوکراوەکانیان وەک:

-Kurdistan information

ج- دەنگو باسی کوردستان

د- خوێندکاری کورد

٤-رێکخراوی "خوێندکارانی سۆشیالیستی کورد لە ئەوروپا" و گۆڤاری " خوێندکاری کورد.

٥- لەگەڵ چەندان بەڵگەنامەی تر.

**سەرچاوەکان**


١- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی ی کوردی، نە بیری " قەومیەت" ی رۆژهەڵاتی و نە بیری " ناسیۆنالیزم" ی رۆژئاوایی یە، سوید ١٩٨٤.

٢- هاوڕێ باخەوان، ئەدەبیاتی کاژیک، ئەم کتێبەم لە ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێتدا بینیووە.

٣- نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا، سلێمانی ٢٠٠٥.

٤- کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بڵاوکراوەی ناوخۆ، ژمارە ٣، تەنیا بۆ ئەندامان، ساڵی ١٩٨١.

٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد بالەک. ماڵپەڕی رێنیسانس نیوز، ساڵی ٢٠٠٨.

٦- نامەی تایبەتی هاوڕێ باخەوان لە وەڵامی چەند پرسیارێکمدا لە ٢٠٠٩/٨/١.

# ئامادەکردن و ڕێکخستنی هەڤپەیڤین

نووسینی: د. نەعیم بەدیعی، د. حسێن قەندی
وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

ئەگەرچی لەناو توێژەرانی مێژووی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی پەیدابوونی یەکەمین نموونەکانی هەڤپەیڤین لە چاپەمەنی جیهاندا تێڕوانینی ناکۆک هەیە، بەڵام یەکڕایی هەموویان لەمەدایە کە یەکەمین هەڤپەیڤینە بەراییەکان لە ناوەڕاستی دەیەی (١٩٣٠)دا بەچاپ گەیشتووەو هەڤپەیڤین یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی کۆکردنەوەی زانیاری[١].

***ناسینی هەڤپەیڤین**

ڕۆژنامەنووسان بەگشتی لەنێو ئەو هەواڵانەی کە سەرجەم یاخود بەشێکیان لە سەربنەمای هەڤپەیڤین ڕێکدەخرێت لە **(هەڤپەیڤین)** جیاوازە، هەرچەندە هەردوو شێوازەکە بەیەک دادەندرێت.

لە ڕێکخستنی ئەو هەواڵانەی کە زانیارییەکەی لەسەربنەمای هەڤپەیڤین بەدەست دەهێنرێت، ئەو بابەتانەی کە دەخرێتەڕوو گرنگییەکەی لە پلەی یەکەمدایە. لەزۆرینەی هەلومەرجەکاندا، هەمان شێوە زانیاری دەتوانرێ بەجیاوازییەکی کەمەوە لە کەسێکیتر وەربگیرێت. بۆنموونە ئەو زانیارییانەی لە شایەتحاڵەکانی ڕووداوێکی تەقینەوە، لافاو، بوومەلەرزە و...بەدەست دەهێنرێت، بەگشتی لەگەڵ یەکتردا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. لەهەمانکاتدا لەجۆرەکەیتردا، پەیڤدەر[٢] بەهۆی ئەو متمانە و پلە یاخود پێگەیەی کە لە کۆمەڵگادا هەیەتی، جێگەی بایەخ پێدانە. گرنگی بابەتەکان زیاتر لەبەر ئەم هۆیەیە کە کەسەکە بەتایبەتی ئەو چەشنە بابەتانەی خستۆتەڕوو و کەسێکیتریش لەوانەیە تێڕوانینی خۆی بەجۆرێکیتر بخاتەڕوو.

**بەشێوەیەکی گشتی هەڤپەیڤین لەپێناو یەکێک لەم سێ مەبەستەدا ئەنجام دەدرێت:**

١-وەرگرتنی زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕووداوێک.

٢-ئاگاداربوون لە کاردانەوەی کەسانی ئاسایی و ناسراو دەربارەی ڕووداوێک.

٣-کاردانەوەی بیروباوەڕ، تێڕوانین، ڕەواو زانیاریی تایبەت بەکەسایەتییە هەواڵسازێنەرەکان[٣]، پلەدارە بەرپرسەکان و کەسانیتری کۆمەڵگا.

**نموونە (١):**

وەزیری نەوت لەساتی نزیکبوونەوەی نۆیەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی چاودێریی ڕێکخراوی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت **(ئۆپیک)** کە لە جنێڤ بەڕێوەدەچێت، لە هەڤپەیڤێکدا هەڵوێستی ئیرانی لەمەڕ دەست نیشانکردنی ئاستی بەرهەمهێنان لەهەرسێ مانگی چوارەمی ئەمساڵدا ڕاگەیاند،

بەجۆرێک کە نرخی بنچینەیی (٢١) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دادەندرێت.

**نموونە (٢):**

ورچــە درێنــدە بـرسـیـیـەکـان هـێرشـیـان کردەسەر پووڕە هەنگوینەکانی **(قەندیل)** و (٢٠) پووڕەیان لەناوبرد.

یەکێک لە هەنگەوانە زیانلێکەوتووەکان لە گفتوگۆیەکدا لەناوچەی بناری قەندیل وتی: ئەم ورچانە سـەرەڕای پەلاماردانی پووڕەکان، پێشتریش لە پەلامارێکدا بۆسەر گارانێک لەناوچەکەدا، چەندین سەر گامێشیان ڕاوکردبوو.

**نموونەی (٣):**

وتەبێژی وەزارەتـی کاروباری دەرەوەی ڕووسـیـا دوێنێ وتـی:"ئـەرێـش هۆنکەری سەرۆکی پێشووی ئەڵمانیای خۆرهەڵاتی پێشـوو لـە ئـایـنـدەیـەکـی نـزیـکـدا ڕووسـیـا جێدێڵێت. بەپێی هەواڵی ئەسۆشێتدپریس، ئـەم وتەبێژە کە لە هەڤپەیڤینێکدا قسـەی دەکرد، جەختی کردەوە:**"هۆنکەر بەیەکجاری لە ڕووسیا دەچێتە دەرەوە."**

***جۆرەکانی هەڤپەیڤین**

دەتوانرێ هەڤپەیڤین بۆ چەندین جۆری جیاواز دابەش بکرێت. واتا لەڕووی ژمارەی پـەیـڤـدەرەکـان(٤)، ژمـارەی پەیڤوانەکان(٥)، ئـەمـەش کـە ئایا هەڤپەیڤینەکە ڕەهـەنـدی هەواڵیانەی هەیە یاخود بۆ ئاگادارکردنەوە لە تێڕوانینی پسپۆڕانەی کەسەکان دەربارەی ڕووداوێک.

١-هـەڤـپـەیـڤـیـنـەهـەواڵ- هـەڤپـەیـڤـیـنـی شرۆڤەکاریی:

***هەڤپەیڤینەهەواڵ:**

لە هەڤپەیڤینەهەواڵدا، ئامانجی پەیڤوان بەدەستهێنانی زانیاری وردو دیاریکراوە لە سەرچاوەیەکی هەواڵەوە بۆ ڕوونکردنەوەی مـەسـەلـەیـەک یـاخـود مـەسـەلـە هـەواڵـیـیـە ڕۆژانەییەکان. لەم جۆرە هەڤپەیڤینەدا، بابەتە ئامادەکراوەکان زانیاری نوێیان لەخۆگرتووە کە پێشتر بڵاونەکراوەتەوە.

گریمان حکومەت ڕایدەگەیەنێت ژمارەیەک پسـپـۆڕی کـورد بـۆ هـاریـکـاریـی لـەگـەڵ حکومەتی کوێت، بۆ ئەو وڵاتە نێردراون تا لەبواری دۆزینەوەو وەبەرهێنانی سەرچاوە نەوتییەکان هاریکاریی پسپۆڕانی کوێتی بکەن. هەواڵی ئەم مەسەلەیە لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاودەبێتەوە، بەڵام چەندین پرسیار ماوە کە بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامەکانیان، پێویستە پلەدارە بەرپرسەکان **(لێرەدا وەزیری نەوت)** ڕوونکردنەوە بدەن.

**نموونە:**

-ئایا کوردستان لە کاری دۆزینەوەو وەبەرهێنانی سەرچاوە نەوتییەکان لەو وڵاتەدا، سەرمایەگوزاریش دەکەن؟

-هاریکاریی هەردوو وڵات بەچ شێوەیەک و تاچ ئاستێک دەبێت؟

-چەند پسپۆڕی کوردستانی بۆ کوێت دەچن و ماوەی هاریکاریی هەردوو وڵات چەند دەبێت.

کۆمەڵەپرسیارێکی لەم شێوەیە.. کە بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامەکانیان، هەواڵنێرەکە دەبێ هەڤپەیڤین لەگەڵ پلەدارە بەرپرسەکانی وڵاتەکەدا بکات.

ئـەم جـۆرە زانـیـاریـیـانـە نـاتـوانـرێ لە کەسێکیتری وەک وەزیری کشتوکاڵ بەدەست بهێنرێت، چجای خەڵکی کوچەو بازاڕ. لەم جـۆرە هەڤپەیڤینانەدا، ئـەو بابەتانەی کە پەیڤدەر دەیخاتەڕوو، دەبێ خاوەنی متمانەو بـەهـا بـێت. کاتێک هـەواڵ لەسەربنەمای ئـەم جـۆرە وەڵامـانـە کۆبکرێتـەوە، ئـەوا **(هەڤپەیڤینەهەواڵ)** ئامادەکراوە.

**بەم پێیە، هەڤپەیڤینەهەواڵ سێ خەسڵەتی تایبەتی هەیە:**

١-بابەتی هەڤپەیڤینەکە دەربارەی ڕووداوە هەنووکەییەکانە.

٢-پەیڤدەر **(سەرچاوەی هەواڵەکە)** کەسێکە کـە وتـەکـانـی بـۆ خـوێنـەر بـەهـاو متمانەی هەیە.

٣-هەواڵە ئامادەکراوەکە، زانیاری زیاترو تازە بۆ ڕۆشنبوونەوەو تێگەیشتنی بابەتەکە بە خوێنەر دەدات کە لە هەواڵەکەی پێشوودا نەبووە. لە هەڤپەیڤینەهەواڵدا، هەواڵنێر هەوڵ دەدات بابەتەکە شەنوکەو بکات و ئاڵۆزییەکان لاببات.

گرنگی هەڤپەیڤینەهەواڵ ڕۆشنە. لە دنیای ئەمڕۆدا بەهۆی ئاڵۆزی و گرنگی ئەو ڕووداوە جۆراوجۆرانەی لە گۆشەوکەنارەکانی وڵات و جیهاندا ڕوودەدات، بەرپرسیارێتی میدیاییانەی هەواڵ بەتایبەت ڕۆژنامەکان، لە خستنەڕووی هەواڵە سادەکەی ڕۆژی یەکەم زیاترە. هەرلەبەرئەمەشە کە هەواڵنێران هەوڵ دەدەن بە پرسیارکردن لە پلەدارە بەرپرسەکان، زانیاری زیاترو تازە -بەتایبەتی دەربارەی هۆکارو پاڵنەری **(بۆچی و چۆن)**ی ڕووداوەکە- بخەنەبەردەست خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی خۆیانەوە.

***هەڤپەیڤینی شرۆڤەکاریی:**

بەهەمان شێوەی وترا، دوای ڕووداوی هەر هەواڵێک بۆ ڕوونکردنەوەی وردەکارییەکانی ڕووداوەکە، هەنگاو بۆ هەڤپەیڤینەهەواڵ دەنرێت، تا زانیارییەکی نوێ بۆ ئاگاداربوونەوەی بگەیەندرێتە خوێنەر، هاوکات لەگەڵ ئەم جۆرە هەڤپەیڤینەدا، هەڤپەیڤینی شرۆڤەکاریش ئەنجام دەدرێت کە پەیڤدەر دەربارەی پاڵنەری ڕووداوی ڕووداوەکە، تێڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو.

پەیڤدەرەکان لەم جۆرە هەڤپەیڤینەدا خاوەنی کۆمەڵەدیدگایەکن کە هەندێک جار متمانە بە هەواڵەکە دەبەخشن و بەئاراستەیدا دەبەن، هەندێک جاریش لەوانەیە تێڕوانینەکانیان پێچەوانەی هەواڵە ڕاگەیەندراوەکە بێ. بەهەرحاڵ هەڤپەیڤینە شرۆڤەکارییەکان پێگەیەکی تایبەتیان لە ڕۆژنامە و میدیاکانیتری هەواڵدا هەیە.

بۆ نموونە دەربارەی هەواڵێک کە لە شرۆڤەکردنی هەڤپەیڤینەهەواڵدا وترا، هەواڵنێر بۆ بەدەست هێنانی تێڕوانینی هەندێ لەو کەسانەی کە بەخاوەنڕا ناسراون، هەڤپەیڤینێک ئامادە دەکات تا لە دیدگای ئەوانەوە دەربارەی بڕیاری حکومەت لەمەڕ ناردنی پسپۆڕ بۆ وڵاتی کوێت، خوێنەرانی خۆیان ئاگادار بکاتەوە. لەوانەیە ئەم کەسە تێڕوانینێکی یارمەتیدەری سەبارەت بە ناردنی پسپۆڕە کوردییەکان هەبێت و ئەوە بە قازانجی وڵاتەکە بزانێت یاخود بەپێچەوانەوە ئەم هەنگاوە بە پێچەوانەی بەرژەوەندییە میلییەکان دەست نیشان بکات. بەهەرحاڵ ئەمە تێڕوانینێکی خودییەو هەڵبژاردنی ئەو چەشنە کەسانە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ستراتیژی ڕۆژنامەکەدا هەیە.

**نموونە: هەڤپەیڤینەهەواڵ**

**سلێمانی- دەستەی هەواڵ:**

دوای لادانی شەمەندەفەری نەفەرهەڵگری سلێمانی- کەرکووک لە هێڵەکەی، بەرپرسی هێڵەکانی ئاسن، ڕزینی سکەکانی بەفاکتەری ئەم ڕووداوە ناوبرد. شەمەندەفەری نەفەرهەڵگری سلێمانی- کەرکووک دوێنێ پاش نیوەڕۆ لە ناوچەی بازیان لە هێڵەکەی لایداو (١٨) سەرنشین بریندار بوون.

دوای ئەم ڕووداوە **(ناو و نازناو)**ی بەرپرسی هێڵەکانی ئاسن لە هەڤپەیڤینێکدا وتی:"ئێستا کارمەندان سەرقاڵی چاککردنەوەی سکەکانن."

ناوبراو وتی:"ئەمە دووەمین ڕووداوی ئەمساڵە لەم ڕێگەیەدا، لەبەرئەمە بڕیاردرا تا کۆتایی ساڵ سەرجەم سکە ڕزیوەکان چاک بکرێتەوە یاخود بگۆڕدرێت."

بەرپرسی هێڵەکانی ئاسن وتی:"هەموو بریندارەکانی ڕووداوەکە، دوێنێ بەشێوەیەکی سەرەتایی چارەسەر کران و بەناردنی شەمەندەفەرێکی تایبەتی، درێژەیان بە گەشتەکەی خۆیان دا."

**نموونە: هەڤپەیڤینی شرۆڤەکاریی:**

نائاراممییەکان لە ئەندەنۆسیا کاتێک دەستی پێکرد کە سەربازەکان هێرشیان کردەسەر

بنکەو بارەگاکانی حیزبی ئۆپۆزسیۆن **(حیزبی دیموکرات)** بەسەرکردایەتی خاتوو **(میگاواتی سۆکارنۆ)**ی کچی ئەحمەد سۆکارنۆی سەرۆک کۆماری پێشووی ئەندەنۆسیا و لەگەڵ لێدان و بریندارکردنی لایەنگرەکانی ناوبراو، نزیکەی (٢٠٠) کەسیشیان لا دەستگیرکرا.

لە ساڵی (١٩٩٣) حیزبی دیموکرات (P.D.I) خاتوو میگاواتی سۆکارنۆی بەڕێبەری خۆی هەڵبژارد. لەماوەی سێ ساڵی ڕابـردوودا، خۆشەویستی خاتوو سۆکارنۆ بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد.

سۆهارتۆ سـەرەنـجام دوو مانگ لەمەوپێش لەترسی زیادبوونی خۆشەویستی کچەکەی سۆکارنۆ، بە بزواندن و هاریکاریی دەستەیەکی جیابۆوە لە حیزبی دیموکرات، ناوبراوی لە ڕێبەرایەتی حیزب لابرد. قەیرانی ڕێبەرایەتی لە حیزبدا، بۆ شەقامەکانی جاکارتا ڕاکێش کراو حکومەت نیگەران بوو بۆ دەوڵەتی (٣٠) ساڵەی جەنەڕاڵ.

خاتوو **(کارمل بۆجاجیۆ)** لە دەستەی پشتیوانی مافەکانی مـرۆڤ لـە ئـەندەنۆسیـا کـە بـارەگـاکـەی لـە لـەنـدەنـە، لە هەڤپەیڤێکدا لەگەڵ تۆڕی هەواڵی (B.B.C) بارودۆخی ئێستای ئەندەنۆسیای بەم چەشنە هەڵسەنگاند:

***ئایا پێتوایە کە ناڕەزاییە جەماوەرییەکان بۆ پشتیوانی لە خاتوو سۆکارنۆ، سەرەنجام مەترسییەک بۆ حکومەتی سۆهارتۆ دروست بکات؟**

-کارمل بۆجاجیۆ: بەڵێ، ئـەم ئەگەرە هەیە. سۆهارتۆ لە هەلومەرجێکی دژوارداییـە و ئەگەر لەگەڵ لایەنگرانی دیموکراسی سازش بکەن، حکومەتە تاکڕەوە (٣٠) ساڵەکەی خۆی دەخاتە مەترسییەوە. لەکاتی نیشاندانی توندوتیژیشدا، سۆهارتۆ تەنیا توڕەبوونی خەڵک زیاتر دەکات و وا لە ئەوان دەکات ناڕەزاییەکی زیاتر نیشان بدەن.

***ئایا بەدیهێنانی ئامرازەکانی بەرکەنارکردنی خاتوو سۆکارنۆ لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات، بەزیانی جەنەڕاڵ سۆهارتۆ تەواو نەبووە؟**

- کارمل بۆجاجیۆ: بەڵێ، وایـە. دوای بەرکەنارکردنی خاتوو سۆکارنۆ، خۆشەویستی ئەو گەیشتۆتە لووتکە. نەک تەنیا لە جاکارتا، بەڵکو لە زۆربەی شارە بچوکەکاندا خەڵک بەشێوەی سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆن و لایەنگری ئازادیی دەنۆڕنە ئەو. لەڕاستیدا سۆهارتۆ بەو هەڵەیەی کە ئەنجامی دا، قارەمانێکی لە کچەکەی سۆکارنۆ دروست کرد.

***بەڵام هەروەک چۆن جگە لەو (٣٠٠٠) کەسەی کە بۆ لایەنگری خاتوو سۆکارنۆ دەستیان دایە خۆپیشاندان، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی**

**پەیڤدەرەکان لەم جۆرە هەڤپەیڤینەدا خاوەنی کۆمەڵەدیدگایەکن کە هەندێک جار متمانە بە هەواڵەکە دەبەخشنە بەئاراستەیدا دەبەن، هەندێک جاریش لەوانەیە تێڕوانینەکانیان پێچەوانەی هەواڵە ڕاگەیەندراوەکە بێ**

**کوچەو بازاڕ تەنیا چاودێری بارودۆخەکە بوون؟**

-کارمل بۆجاجیۆ: ئەو ژمارەیەی لای من هەیە، پتر لە (٣٠٠٠) هەزار کەسە. ئەوە لەیاد نەکەیت کە خەڵک بەدەستی خاڵی ناتوانن بەگژ سەربازە تۆندڕەوە چەکدارەکاندا بچنەوە. سوپا تەنیا پشتیان بە ئۆتۆمبێلە ئاوپرژێنەکان و داردەستە پۆلیسییەکانی دژەئاژاوە نەبەست، بەڵکو لە ڕۆژانی دوادوای خۆپیشاندانەکەدا، تەنانەت تانکەکانی خۆیان لە شەقامەکاندا جێگیر کرد. خەڵک لە مانۆڕی هێزی سوپا ترسان.

***ئایا سۆهارتۆ خاوەنی هێزێکی پێویستە بۆ سەرکوتکردنی ئازادیخوازان؟**

-کارمل بۆجاجیۆ: ئەو دڵنیا نییە کە خاوەنی پشتیوانی بێچەندوچوونی سوپایە یاخود نا. ئەمە لای ئەو بۆتە شێوەی نیشانەی پرسیارێکی مەزن. فەرماندە پلەدارەکانی سوپا پشتیوانی لێدەکەن، بەڵام نازانرێ کە ئەفسەرە پلە بچووکەکان یاخود سەربازانی سوپاش ملکەچی ئەو دەبن یاخود نا. هەواڵەکانی پشت پەردە ئاماژەن بۆ ناڕەزایی هەندێ لە ئەفسەرانی پۆلیس و هێزی ئاسمانی لەبارەی چۆنییەتی مامەڵەی تۆندوتیژانەی جەنەراڵ لەگەڵ کچەکەی سۆکارنۆدا.

**دەستەی نێودەوڵەتی**

**(لە ڕۆژنامەی . اخبار . دەو- ١٩٩٧/٧/٣١)**

**٢- هەڤپەیڤینی تاکەکەسی- هەڤپەیڤینی بە کۆمەڵ**

**-هەڤپەیڤینی تاکەکەسی:**

لە هەڤپەیڤینی تاکەکەسیدا، ئامانجەکەی زیاتر بەدەست هێنانی ئاگاداریی و ناساندنی کەسەکان **(بەناوبانگ یاخود ئاسایی)**، بیروباوەڕەکان، بڕوا و تێڕوانینەکانیانە لەبوارەکانی سیاسی، کلتوری، مەزهەبی، کۆمەڵایەتی و زانستی و...هتد.

جیاوازی ئەم چەشنە هەڤپەیڤینە لەگەڵ نووسینی بیۆگرافیدا **(ژیاننامە)** لەمەدایە کە بیۆگرافی لەمەڕ کەسێک دەنووسرێت **(کەی و لەکوێ لەدایکبووە، خوێندەوارییەکەی لە چ ئاستێکدایە، چ کۆمەڵە کارێکی ئەنجام داوە و لە چ بوارێکدا خزمەتی کردووە، نووسینەکانی چی بووەو...)**، لەکاتێکدا لە هەڤپەیڤینی تاکەکەسیدا کەسەکە دەربارەی خۆی دەدوێت. ئەم چەشنە هەڤپەیڤینە دەتوانرێ لەگەڵ هەر تاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگادا ئەنجام بدرێت، بەڵام پێویستە سەرنج لەم خاڵانەی خوارەوە بدرێت:

١- کەسەکە بەهۆی کەسایەتییەکەیەوە لەکۆمەڵگادا ناسراوە **(ڕەهەندی ناوبانگی)**و یاخود کار و وتەکانی، بەهایەکی تایبەتی هەیە.

٢-کەسەکە بەناوبانگ نییە، بەڵام ئەو کارەی ئەنجامی داوە یاخود ئەنجامی دەدات، یاخود ئەو پێگەیەی کە ئێستا تیایدایە، جێی بایەخ پێدانە. بۆنموونە داهێنان یاخود دۆزینەوەیەکی کردووە، لەبەرەی جەنگدا قارەمانێتییەکی تایبەتی نیشان داوە، پەرستارێکی فیداکار بووە و کارێکی لەم شێوازانەی کردووە...هتد

**لەئامادەکردنی (هەڤپەیڤینی تاکەکەس)دا پێویستە سەرنج لەم خاڵانەی خوارەوە بدرێت:**

١-بە پێچەوانەی هەڤپەیڤینەهەواڵەوە کە وەسفی ژینگەی هەڤپەیڤینەکەو جووڵەکانی پەیڤدەر پێویست نییە، لە ڕێکخستنی هەڤپەیڤینی تاکەکەسیدا -چ لەگەڵ کەسانی ناسراو و چ لەگەڵ کەسانی ئاسایی- ئەم کارە پێویستە.

٢- پشت بەستن بەوتەی پەیڤدەر یاخود ئەو دەستەواژانەی کە لە هەڤپەیڤینەکەدا زۆر دووبارەی دەکاتەوە، لە هەڤپەیڤینەهەواڵدا پێویست نییە، لەکاتێکدا کە لە هەڤپەیڤینی تاکەکەسیدا لە زۆربەی کاتەکاندا پێویستە، چونکە ئەم جۆرە بابەتانە تایبەتمەندییە خودییەکانی کەسەکە دەردەخات، بەڵام دەبێ ئەوە ڕەچاو بکرێت کە خستنەڕووی ئەم جۆرە بابەتانە نابێ مەسەلەی سەرەکی

هەڤپەیڤینەکە بخاتەژێر کاریگەرییەوە.

٣-بەشێوەیەکی گشتی لە هەڤپەیڤیندا، هەڵەکانی پەیڤدەر لەڕووی ڕێزمانەوە پێویستە ڕاست بکرێتەوە. ئەوە لەیاد نەکرێت کە لە هەڤپەیڤینی تاکەکەسیدا، ئامانجە سەرەکییەکەی ناساندنی شێوازی بیرکردنەوە، بیروباوەڕو دیدی پەیڤدەرە و لە هەڤپەیڤینەهەواڵدا خستنەڕووی زانیارییەکی نوێیە دەربارەی ڕووداوێک.

**-هەڤپەیڤینی بەکۆمەڵ:**

لە هەڤپەیڤینی بەکۆمەڵدا، بیروباوەڕو هەزر و تێڕوانینی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگا جێگەی بایەخپێدانەو هەواڵنێر زانیارییەکانی خۆی لەچەندین کەسەوە بەدەست دەهێنێت. بەگشتی بابەتی هەڤپەیڤینە بەکۆمەڵەکەدا بابەتگەلێکن لەبارەی ڕووداوەکانی هەنووکەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیە. جیاوازی هەڤپەیڤینی بە کۆمەڵ لەگەڵ هەڤپەیڤینەهەواڵدا لەمەدایە کە پەیڤدەر کەسێکی بەرپرس نییە، بەڵکو تاکەکەسێکە کە تەنیا تێڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو.

هەڤپەیڤینی بەکۆمەڵ لەژێرناوی ڕاپرسیشدا ئەنجام دەدرێت. گریمان حکومەت دەیەوێ دەربارەی وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکاندا بڕیار بدات کە مەرجی چوونە زانکۆ بەپێی ڕێژەی ناوەندی دواسالّی قۆناغی ئامادەیی دەست نیشان دەکرێت. هەواڵنێرانی ڕۆژنامەکە لەسەرئاستی شارێک، لە تێڕوانینی کۆمەڵێکی خوێندکاران دەربارەی ئەم بڕیارە دەپرسن و تێڕوانینەکانیان وەردەگرن و بەچاپی دەگەیەنن، ئەم جۆرە ڕاوەرگرتنە، هەندێک جار بڕیارێک دوادەخەن و هەندێ کاتیش دەیگۆڕن.

**لەئامادەکردنی هەڤپەیڤینی کۆمەڵدا، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت:**

١) ئەگەرچی دۆزینەوەی خەڵک بۆ هەڤپەیڤینی بەکۆمەڵ کارێکی بەگرفت نییە، بەڵام دەبێ ئەوە ڕەچاو بکرێت کە هەڵبژاردنی کەسەکان دەبێ لەگەڵ بابەتی هەڤپەیڤینەکەدا گونجاو بێت، بۆنموونە ئەگەر بابەتی هەڤپەیڤینەکە لە بواری مەسەلە کرێکارییەکاندایە، پێویستە پەیڤدەرەکان لەناو کرێکارانی کارگەکاندا هەڵببژێردرێت، نەک خەڵکی کوچەو بازاڕ.

٢)ژمارەی پەیڤدەرەکان ئەندازەیەکی دیاریکراوی نییە، لەزۆربەی کاتدا ژمارەیەک لەنێوان (١٠ تا ٢٠) کەس بەسە، بەڵام دەبێ ئەوە ڕەچاو بکرێت کە ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە هیچ کاتێک ناتوانرێ وەک لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ناوببردرێت، مەگەر لەگەڵ بنەمای ئامارو ڕێبازەکانی خەملاندنی ڕای گشتیدا کۆک بێت. ئەگەر ئامانجەکەی تەنیا خستنەڕووی وێنایەک لە تێڕوانینەکان و بیروباوەڕی کەسانێکی سنووردارو دیاریکراوی کۆمەڵگا بێت، هەڤپەیڤینی کۆمەڵ بۆ ئەم مەبەستە گونجاوە. بەم پێیە لە هەڤپەیڤینی کۆمەڵدا نابێ زانیارییە کۆکراوەکان بۆ گشت کۆمەڵگاو تەنانەت بۆ کۆمەڵێکی تایبەتی بگشتێندرێت.

لەم ڕووەوە لەبری ئەمەی بنووسرێت "کرێکارانی کارگەکان لەوبڕوایەدان کە..." دەبێ بنووسرێت:"زۆرینەی ئەو کرێکارانەی لەم هەڤپەیڤینەدا بەشداربوون، لەوبڕوایەدان کە..."

٣) لەم چەشنە هەڤپەیڤینانەدا دەبێ ئەوە ڕەچاو بکرێت بۆ ئەمەی کە بتوانرێ وەڵامەکان پێکەوە گرێبدرێنەوە، دەبێ پرسیارەکان بۆ هەموو پەیڤدەرەکان یەکسان بێت. ئەگەر لە مەیدانی بابەتێکدا، پرسیارەکان بەجۆری جیاواز بخرێتەڕوو، پێکهاتە یاخود ئەنالیزەکردنی وەڵامەکان شیاو نابێت.

٤) پرسیارەکان پێویستە سادەو ڕوون بخرێتەڕوو تا پەیڤدەر بتوانێ بەخێرایی لە مانای بابەتەکە بگات. بەم پێیە نابێ پرسیارە درێژ و ئاڵۆزەکان لە هەڤپەیڤینی کۆمەڵدا بخرێتەڕوو. هەروەها نابێ پرسیارەکان

**(لایەنگریی)** تێدابێت، چونکە لەوبارەدا، وەڵامەکان کاریگەریی پەیڤوان بەسەر پەیڤەردا لەخۆدەگرێت.

٣- هەڤپەیڤینی ڕێنماکراو **(داخراو)** و هەڤپەیڤینی ڕێنمانەکراو **(ئازاد)**

**-هەڤپەیڤینی ڕێنماکراو:**

هەڤپەیڤینی ڕێنماکراو بەهەڤپەیڤینێک دەڵێن کە دەسەڵاتی خستنەڕووی پرسیارەکان و کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی هەڤپەیڤینەکە لەدەست پەیڤەردا بێت. پەیڤەر کۆمەڵێک پرسیاری دیاریکراو دەخاتەڕوو و وەڵامگەلێکی دیاریکراویشی لە پەیڤەر دەوێت، بەمانایەکیتر لە هەڤپەیڤینی ڕێنماکراودا بابەتی هەڤپەیڤینەکە پێشتر دیاریکراوەو جێگەی ڕەزامەندی هەردوولا بووە.

یەکێک لە کەموکوڕییەکانی **(هەڤپەیڤینێکی تەواو ڕێنماکراو)** لەمەدایە کە پەیڤەر دەکەوێتە ژێرکاریگەریی ڕۆڵی پەیڤەرەوە. ئەو پرسیارانەی دەخرێتەڕوو، ئاراستەی وەڵامەکە دەستنیشان دەکات و ئەگەری ئەوە هەیە زانیاری پێویست دەربارەی بابەتی هەڤپەیڤینەکە بەرجەستە نەبێت.

هەروەها پرسیارە دەست نیشانکراوەکان لەوانەیە ببێتەمایەی ڕەنجاندنی پەیڤەر. ئەگەر هەرلە سەرەتای هەڤپەیڤینەکەوە، کۆمەڵەپرسیارێکی وردو دیاریکراو بخرێتەڕوو، ئەم ئەگەرە هەیە کە پەیڤەر خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گرنگانە ببوێرێت کە لەبەردەمیدایە.

هەڵسەنگاندنی ڕەفتارو جووڵە **(پەیوەندی نازارەکی)**[٦] ی پەیڤەر پێویستە، چونکە هەواڵنێر لەوانەیە بتوانێ ڕێژەی ئینتیما یاخود نائینتیمایی پەیڤەر سەبارەت بەهەڤپەیڤینەکە دەستنیشان بکات.

ئەگەر پەیڤەر سەبارەت بە بابەتی هەڤپەیڤین و پەیڤوانەکە تێڕوانینێکی ڕەزامەندانەی هەبێت، دەتوانرێ پێشبینی ئەوە بکرێت کە هەڤپەیڤینەکە بەسەرکەوتووانە بەئەنجام دەگات. بەهەرشێوەیەک بێت، یەکەمین بەشی هەڤپەیڤین هەمیشە بەگرفتترین قۆناغە. ئەگەر هەست بەوە بکرێت کە پەیڤەر حەز بە هاریکاریی لە ئامادەکردنی هەڤپەیڤینەکەدا دەکات، دەتوانرێ پرسیارگەلێکی دەستنیشانکراو هەرلەسەرەتاوە بخرێتەڕوو، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر واهەست بکرێت کە ئەو دۆخێکی بەرگریی بەخۆوەگرتووە، واباشترە هەڤپەیڤینەکە بە پرسیارە ئاسانەکان[٧] یاخود لەڕاستیدا ئەو پرسیارانەی وەڵامەکەی ئاسانە، دەست پێبکرێت و پرسیارە گرنگترەکان بە قۆناغەکانیتری هەڤپەیڤینەکە بسپێردرێت.

خەسڵەتی باشی هەڤپەیڤینی ڕێنماکراو ئەمەیە کە لەبەرئەوەی هەڤپەیڤینەکە بە پرسیارە دەستنیشان و وردەکارەکان ئەنجام دەدرێت، کارایی و خێراییەکی زیاتریشی لەگەڵدایە. هەواڵنێر، ڕێنماکردنی هەڤپەیڤینەکەی لەئەستۆدایەو بەم پێیە ئەم دەتوانێ ئاراستەی هەڤپەیڤینەکە دەستنیشان بکات و زانیاری پێویست دەستەبەر بکات.

***هەڤپەیڤینی ڕێنما نەکراو**

هەڤپەیڤینی ڕێنما نەکراو[٨] بەو هەڤپەیڤینە دەڵێن کە بابەت و پرسیارەکان پێشتر دەستنیشان نەکرابێت و کۆنترۆڵی ڕەوتی هەڤپەیڤینەکە لەدەست پەیڤەردا بێت، ئەم جۆرە هەڤپەیڤینە هەروەک گفتوگۆیەکی دوولایەنەیە، لەم ڕووەوە هەڤپەیڤینی ڕێنمانەکراو و هەڤپەیڤینی ئازادیشی پێدەڵێن.

کەموکوڕییە گرنگەکەی هەڤپەیڤینی ڕێنمانەکراو ئەمەیە کە بۆ ئامادەو ڕێکخستنەکەی پێویستی بە بەهەداردانی کاتێکی زۆرە. ئەو هەواڵنێرەی کە ڕۆژانە ئامادەکردنی چەند هەواڵێکی لەئەستۆدایە، ناتوانێ کاتی خۆی بۆ ئەو مەسەلانە تەرخان بکات کە پەیوەندی بە مەسەلەی سەرەکی هەڤپەیڤینەکەوە نییە. لە هەڤپەیڤینی ڕێنما نەکراودا، کۆنترۆڵی هەڤپەیڤینەکە لەدەست

کەسێکدایە کە بەگشتی نابێ وابێت.

ئەو هەواڵنێرەی بەتەواوەتی پشتی بە شێوازێکی ڕێنمانەکراو بەستووە، لەو کاتەدا کە پێویستی بەوە هەیە ئاراستەی ڕەوتی هەڤپەیڤینەکە دیاری بکات، هەڵبژاردنێکی نەشیاوی دێتە بەردەم. ئەگەری چوونەدەرەوە لە بابەت و هێنانەئارای مەسەلە ناپێویستەکان لە هەڤپەیڤینی ڕێنمانەکراودا، زۆرە.

لە خەسڵەتە باشەکانی هەڤپەیڤینی ڕێنمانەکراو ئەمەیە کە هەڤپەیڤین لە دۆخی ڕەسمی چۆتەدەرەوەو پەیڤدەر بەپێی خواستی خۆی دەتوانێ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، بەم پێیە ئەم پەیڤدەرە کەمتر دەچێتە ژێر کاریگەریی هەواڵنێرەوە.

***ئاوێتەکردنی شێوازی ڕێنماکراو و ئازاد**

هەواڵنێران بەدەگمەن یەکێک لەم دوو شێوازی هەڤپەیڤینی ڕێنماکراو **(داخراو)** یاخود ڕێنمانەکراو **(ئازاد)** بەکاردەهێنن. باشترین ڕێباز ئەمەیە کە هەردوو شێوازەکە لەگەڵ یەکتردا ئاوێتە بکرێت و هەڤپەیڤینەکە بەشێوەی ئاوێتەیەک لە هەردوو جۆرەکە بێت، واتا هەواڵنێر هەم ڕەچاوی پرسیارگەلێکی دیاریکراو و ورد و هەم پرسیارگەلێکی گشتی[٩] بکات و بپرسێت.

واباشترە هەڤپەیڤینەکە بە پرسیارگەلێکی گشتی و بێلایەن دەستپێبکرێت تا پەیڤدەر بەیادەوەریەکی ئارامەوە، دەست بەهەڤپەیڤینەکە بکات. خستنەڕووی ئەو پرسیارانە تەنانەت لەوانەیە خستنەڕووی مەسەلەیەکی نوێ لە هەڤپەیڤینەکەدا بهێنێتەپێش کە نەک تەنیا هەواڵنێر پرسیارێکی لەبارەیەوە نەخستۆتەڕوو، بەڵکو بەرلە هەڤپەیڤینەکەش پێشبینی بۆنەکردبێت.

دوای خستنەڕووی پرسیار یاخود پرسیارە گشتییە بەراییەکان، هەواڵنێر دەتوانێ لەپێناو لابردنی ئاڵۆزییەکاندا، پرسیارە وردەکارو دیاریکراوەکانی خۆی بخاتەڕوو. دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگرێت کە چۆنیەتی پرسیار بەشێوەی گشتی یاخود دیاریکراو، سەرەڕای ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ چۆنیەتی ڕەوتی بەڕێوەبردنی هەڤپەیڤینەکەدا هەیەتی، وابەستە بە جۆری هەڤپەیڤینەکەشەوە. لە هەڤپەیڤینەهەواڵی و هەڤپەیڤینی بەکۆمەڵدا واگونجاوە کە هەواڵنێر هەڤپەیڤینەکە بەشێوەی ڕێنماکراو بەڕێوەببات، کۆمەڵەپرسیارێکی دیاریکراو بپرسێت و کۆنترۆڵی ڕەوتی هەڤپەیڤینەکە بەدەستەوەبگرێت.

لەهەڤپەیڤینی تاکەکەسیدا، کاتێک هەواڵنێر دەیەوێ ڕێگە بە پەیڤدەرەکە بدات تا بیروباوەڕ، تێڕوانین و بابەتە نوێ و سەرنجڕاکێشەکانی خۆی بخاتەڕوو، ئەوا هەڤپەیڤینێکی **(ڕێنمانەکراو)** یاخود **(ئازاد)** بەخستنەڕووی پرسیارگەلێکی گشتیانە گونجاوترە.

٤- هەڤپەیڤینی قوواڵی- هەڤپەیڤینی بەربڵاو

**هەڤپەیڤینی قوواڵی:**

هەڤپەیڤینی قوواڵی[١٠] لە ڕاستیدا گفتوگۆیەکی دوولایەنەیە. لەلایەکەوە ڕۆژنامەنووسێکی تایبەتمەندو خاوەن دیدوبۆچوون و لەلایەکیترەوە خاوەن یاخود خاوەندارانی هزر و پسپۆڕو دیدگا لە بوارەکانی سیاسەت، ئابووری، ئەدەب و فەرهەنگ، هونەرو.. وەک پەیڤدەر یاخود پەیڤدەرەکان دەکەونە قسە. بازنەی مەسەلەی جێ مەبەستی گفتوگۆکە لە هەڤپەیڤینی قووڵیدا هەتاوەکو سنووردارتر بێت، بەرەو تایبەتمەندبوون دەچێت.

گریمان ڕۆژنامەنووسێکی تایبەتمەند لە کاروباری سینەما، گفتوگۆیەک تەنیا دەربارەی سینەما لەگەڵ دەرهێنەرێکدا بەئەنجام دەگەیەنێت. بابەتی سینەما بابەتێکی تایبەتمەندەو باسەکە لەدەوری تەوەرە هونەریی- تەکنیکییەکان و پەیامی سینەمایی دەسووڕێتەوە. ئەو چەشنە گفتوگۆ دوولایەنەیە، شێوەی هەڤپەیڤینێکی قووڵ بەخۆوەدەگرێت. لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرێ بوترێ مامەڵەی لەمەش تایبەتمەندتر دەکرێت.

بۆنموونە گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسێکی تایبەتمەند لەگەڵ خاوەن بیروبۆچوونێکی کاروباری سینەمادا بەتایبەت دەربارەی سینەمای سیاسی، کۆمیدی یاخود مۆزیکاڵ و...هتد.

بەم شێوەیە بازنەی باسەکە سنووردارترو قوواڵی گفتوگۆکە زیاتر بووە. دەربارەی هەریەکەیان لە بواری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و هونەرییەکاندا دەتوانرێ لەگەڵ کەسانی خاوەن بیروبۆچووندا هەنگاو بۆ ئەنجامدانی هەڤپەیڤێنێکی قووڵ بنرێت.

پرسیارو وەاڵم لە هەڤپەیڤینی قووڵیدا، جیاوازییەکی بنچینەیی لەگەڵ جۆرەکانیتری هەڤپەیڤینەکاندا هەیە.

ڕۆژنامەنووسێکی تایبەتمەند پرسیاربێژێکی ڕووت نییە، خۆی خاوەنی دیدوبۆچوونە کە لەگەڵ بەڕێوەبردنی هەڤپەیڤینەکەدا، تێڕوانینەکانی **(پەیڤەڕێکی تایبەتمەند)** دەخاتەبەردەم ئەنالیزەکردنەوە. پرسیارەکان تەنیا بۆ واڵاکردنی بابەتە جێ مەبەستەکەیە. لەبەرئەمە **(هەڤپەیڤینی قوڵ)**ی دەبێتە هاوشێوەی مشتومڕێک، لەبەرئەوەی بەدڵنیاییەوە تێڕوانینەکانی ڕۆژنامەنووسەکە لەگەڵ پەیڤەردا یەکسان نییە. ئەگەر نەڵێین هەمیشە ئەوا لە زۆربەی هەڤپەیڤینە قووڵەکاندا، هاوتانەبوونی تێڕوانینەکانی ڕۆژنامەنووسەکە لەگەڵ پەیڤەردا، دیاردەیەکە کە زۆرجار لەم جۆرە هەڤپەیڤینانەدا دێتەپێش و هەر ئەم خاڵەشە کە هەڤپەیڤینە قووڵەکان دەکاتە شیاوی خوێندنەوەو سەرنجڕاکێشان.

ڕۆژنامەنووس لەسەرەتادا بابەتی هەڤپەیڤینەکە بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە، بەناساندنی پەیڤەر چۆنییەتی ئەنجامدانی هەڤپەیڤینەکە شی دەکاتەوە. پرسیارەکان لەم جۆرە هەڤپەیڤینانەدا، ئاوێتەیەکە لە پرسیارە سادە و یەک ئاراستەکان لەگەڵ پرسیارە ئاوێتیە فرەپرسیارەکاندا.

بنۆرە بەشێک لە پرسیارو وەاڵمەکانی ئەم هەڤپەیڤینە قووڵییە:

**پرسیار:** کلتور بەم ماناو بەو چەمکەی لەوتەکانی تۆوە هات، کۆمەڵێکە لە نموونە ماتریالی و ناماتریالییەکان کە مرۆڤی ئایدیالیست و ئەو مرۆڤەی کە هەمیشە بەدوای پلەیەکی بەرزترەوەیە لەپێناو ئەم بزاوتەدا یاخود لە دەرەنجامی ئەم بزاوتەدا دروست بووە. بەم مانایەی کە کلتور پرۆسەیەکە لە **(خود)**ی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم ڕووەشەوە لە هیچ هەلومەرجێکدا ناتوانرێ ڕابوەستێنرێت. بەم پێناسە یاخود بەم وێنایە، بێ ئەوەی بمانەوێ باس لە چەندوچوونەکەی بکەین، وادێتەبەرچاو کە لەگەڵ هەندێ لە بابەت و باسەکانی تۆ لەم پەرتووکەدا ناتەبایە، لەبەرئەوەی لەم پەرتووکەدا **(بوون و نەبوون)** و **(کلتورو نیمچەکلتور)** خراوەتەڕوو، لەکاتێکدا **(بوون)** یاخود **(نەبوون)** ناوەرۆک یاخود ڕەسەنایەتی بۆ پرۆسەیەک کە ڕەهەندێکی **(خودی)** هەیە، چۆن دەتوانرێ بوونی هەبێت؟ وانییە؟

-نەخێر، وانییە لەبەرئەوەی لێرەدا ئەگەر من **(بوون یاخود نەبوونی کلتور)** یاخود **(نیمچە کلتور)**م خستەڕوو، ئەوا چەمکی دەستەواژەکەیم لەبەرچاوگرتووە. واتا نامەوێ بڵێم کە لەبنەڕەتدا کلتورێک لەئارادا نییە، بەڵکو مەبەستەکە ئەوە بووە کە کلتورێکی ڕەسەنمان هەیە و کلتوری ئاوەژووکراویش، باشمان هەیەو خراپیش.

سروشتییە کە کلتوریش وەک هەرشتێکیتر دەبێ باش یاخود خراپ بێت. هەربۆیەشە کلتور بەهەرشێوەیەک بێت خاوەنی کۆمەڵێک پلەیە، پلەی باڵاو پلەی نزم، ئەگەر دەڵێین نیمچەکلتور واتا کلتورێکی بێ بنەما کە تەنیا شێوە کلتورێکی هەیە و ئەمڕۆ بەداخەوە کۆمەڵێک هاوتای زۆری لەوشێوەیە دەبینین وەک کتێبێکی باش و کتێبێکی خراپ، لەکاتێکدا کتێب بەهەرشێوەیەک بێت، کاڵایەکی کلتوریییە یاخود بەهەمان شێوە فیلمێکی باش و فیلمێکی خراپ. بەم شێوەیە مەبەست

لە دەستەواژەی کلتور و نیمچەکلتور، تەنیا پلەبەندی کلتورو بنەماو بنچینەکەی بووە.

**پرسیار:** کاتێک باس لە خراپی و باشی کلتورێک دەکرێت، ئەم پرسیارە دێتەپێش کە لەبنەڕەتدا باشی و خراپی لە کلتوردا چییەو لەسەر چ بنەماو چ کۆمەڵە بنەمایەک دادەنرێت؟ بەڵام لەوێدا کە ئەم پرسیارانەی ئێمە دەچێتە باسوخواسی **(بەهاکان)**ەوە و بە شیکردنەوەی ئەو باسەش، بەگشتی لە مەسەلەکە دەچینەدەرەوە، لێرەدا لێی ڕادەبورین و باس لە مەسەلەیەکی پێویستتر دەکەین.

**وەڵام:** نابێ لێی ڕاببورین، دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئاماژەیەکی بۆ بکرێت.

**پرسیار:** ئەگەر پێویست بێ بەدوای ئەم پرسیارەدا، ڕوونکردنەوەیەک لەبارەیەوە بفەرموو، لێرەدا من دووبارە بۆ قسەی یەکەمی وتەکانت دەگەڕێمەوە کە کلتور لەبنەڕەتدا گوتەزایەکی **(خودی)** نییە، بەم پێیە ئەم پرسیارە دەخەمەڕوو کە ئەگەر کلتور زادەی **(خود)**ی مرۆڤ و خودی مرۆڤیش نەگۆڕ بێ، چۆن ئەم بەرهەمە بەپێچەوانەی بنەما سەقامگیرەکەی خۆیەوە گۆڕانی بەسەردادێت، بەرز و نزم دەبێتەوە؟ بەگوزارشتی تۆ یاخود بەپێی هەر پێوەرێکی بەهادار، باشی و خراپی لەو ئاراستەیەدا هەیە؟

**(گفتوگۆکان- محەمەد عەلی ئیسلامی ندۆشن-**
**تاران- ئینتیشارات توس، ١٣٥٧، لا١٤٩ تا ١٥١)**

ئامانج لە هێنانەوەی ئەم بەشەی هەڤپەیڤێکی قوڵ، ئاشنابوونە بە جۆری گفتوگۆکە، ئەمەش پیشان دەدات کە هەڤپەیڤینی قوڵ، هەڤپەیڤێکی یەکلایەنە نییە، بەڵکو پەیڤوان و پەیڤدەر هەردووکیان لە باسەکەدا پشکدارن تا لەگەڵ شەنوکەوکردنی مەسەلە جێ باسەکەدا، ئەنجامێک دەستەبەر بکەن.

هەڤپەیڤینی قوڵی هەرچەندە لە ڕۆژنامەکاندا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، بەڵام بنەمای بنچینەیی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانەو لە گۆڤارە تایبەتمەندەکاندا زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، چونکە لە هەواڵ دوورترەو لەڕووی ئەندازەشەوە درێژترە.

***میزگردەکان**

میزگردەکان کە خۆیان بەجۆرە هەڤپەیڤێنێک هەژمار دەکرێت، لە ڕیزی گفتوگۆکان یاخود هەڤپەیڤینە قوڵییەکاندایە، ئەم جیاوازییەی هەیە کە ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند لەگەڵ چەند کەسێک لە هونەرمەندو خاوەن تێڕوانینەکاندا گفتوگۆیەک دەربارەی مەسەلەیەک ڕێک دەخات و بەڕێوەی دەبات.

میزگردەکان ئەگەر ڕەهەندێکی هەواڵیانەی هەبێت، بەگشتی بەرلە ڕووداوەکە یاخود دوای ڕووداوەکەی ڕێکدەخرێت تا ئاگاداران و خاوەن تێڕوانینەکان چۆنییەتی ئەگەری ڕووداوێک بخەنەژێر باسەوە، یاخود دەرەنجامی ڕووداوەکە دوای ڕووداوەکەی شرۆڤە بکەن.

لە میزگردەکانیشدا ڕۆژنامەنووسی تایبەت بەبەڕێوەبردنی هەڤپەیڤینەکە، ناساندنی بەشداربووانی میزگردەکەو دەستنیشانکردنی مەسەلە جێ مەبەستەکەی لەئەستۆدایە، ڕۆژنامەنووسەکە لەگەڵ خستنەڕووی پرسیارەکاندا دەستوەردەداتە باسەکەوە تا ڕێگە نەدات لە ڕەوتی هەڤپەیڤینەکەدا، سەرباسی باسەکە بۆ باسگەلێکیتر ببرێت.

*** هەڤپەیڤینی بەربلاو**

هەڤپەیڤینی بەربلاو باس لە مەسەلەو بابەتە جۆراوجۆرەکان دەکات و قوڵی بابەتەکان ناخاتە بەرباس. پرسیارە کورتەکان لەئەنجامدا وەڵامدانەوەکانیشی کورت دەبێت، هەندێک جار پەیڤوان بە **(بەڵێ و نەخێر)** دەتوانێ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

لەم جۆرە هەڤپەیڤینەدا ڕێژەی خوێندەواریی،

زانست، هۆشیاریی و تایبەتمەندیتی لەبەرچاو ناگیردرێت(١١)، لەبەرئەم هۆیە بابەتگەلێکی جۆراوجۆر، لەسەرئاستێکی سادە دەخرێتە بەردەم پرسیارەوە. پەیڤدەر لەوانەیە سەرۆک کۆمارێک، پزیشکێک، شۆفێرێکی تاکسی یاخود فرۆشیاری کالایەک بێت.

لەم جۆرە هەڤپەیڤینانەدا کە پرسیارەکان و وەڵامەکان سادەن، ئامانجەکەی بەدەستهێنانی زانیاری و هەواڵەکانە بەبێ دۆزینەوەی ڕەگوڕیشەی مەسەلەکە یاخود ناسینی کەسەکان لەڕووی ژیان، جۆری مامەڵە لەگەڵ مەسەلە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و چۆنییەتی کاروکاسبییەکەیدا.

لە هەڤپەیڤینی بەرباڵودا لەوانەیە پرسیارەکان لە زانینی ناو، کار، شوێنی ژیان، چۆنییەتی بەسەربردنی کاتەکانی دەستبەتاڵی، "ئایا بۆ سینەما دەچیت؟"."حەز بە چ جۆرە فیلمێک دەکەیت؟"و.. تێپەڕنەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا سەرتاپاگیریی ئەم جۆرە هەڤپەیڤینە وابەستە بە چۆنییەتی خستنەڕوو و پێکهاتە و ڕیزبەندی ئەو پرسیارو وەڵامانەی کە هەواڵنێرەکە وەریدەگرێت و ئەو پەیامەی کە بڕیارە لەوماوەیەدا بەوەرگر بدرێت.

## ٥-هەڤپەیڤینی نووسراو و هەڤپەیڤینی زارەکی

### *هەڤپەیڤینی نووسراو

هەندێ لە پەیڤدەران واحەز دەکەن وەڵامی پرسیارەکانیان بەشێوەی نووسراو بدەنەوە، چونکە هەم زاڵبوونێکی زیاتریان دەبێت و هەم فرسەتێکی تەواویان بۆ وەڵامدانەوە هەیە.

لەوچەشنە هەلومەرجانەدا هەواڵنێر پرسیارەکان بەشێوەی نووسراو دەدەنە پەیڤدەر، پەیڤدەریش وەڵامی پرسیارەکان بەشێوەی نووسراو دەداتەوە. ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانی **(پرسیارنامەکان)**یش لە ڕیزی هەڤپەیڤینە نووسراوەکاندا دابنێین، بەگشتی ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە بۆ کارە لێکۆڵینەوەییەکانیش بەکاردەهێنرێت.

هەڤپەیڤینی نووسراو کەمتر ڕەهەندی هەواڵی هەیە، باوترین کەموکوڕیشی نائامادەگی هەواڵنێرەو هەمیشە ئەم ئەگەرە هەیە کە پەیڤدەر وەڵامی پرسیار یاخود کۆمەڵەپرسیارێک نەداتەوە.

### *هەڤپەیڤینی زارەکی

لە هەڤپەیڤینە ئامادەگییەکان یاخود ئەو هەڤپەیڤینانەی کە لەڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجام دەدرێت، بنەما سەرەکییەکە پەیڤوانەکەیە. پەیڤوان دەبێ سەرەڕای زاڵبوون بەسەر تەکنیکەکانی هەڤپەیڤیندا، هۆشیارییەکی گشتی بەرفراوانی هەبێت، ئەم هۆشیارییە لەئاستی تایبەتمەندێتییەکانی ڕۆژنامەوانیدایە. پەیڤوانێک دەبێ لە زانستە جۆراوجۆرەکاندا بەتایبەت لە سۆسیۆلۆجیا و سایکۆلۆژیادا، ڕۆشنبیرییەکی تەواوی هەبێت.

ناسینی خێرای وەرگر و بارودۆخە ڕۆحییەکانی، گرنگترین ئامرازی دەستی پەیڤوانە، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی دووڵایەنە لەنێوان پەیڤوان و پەیڤەردا هەیە و ئەو کەسەی کە لە توانایدایە ئەم پەیوەندییە بپارێزێت و ببێتە ڕێگر لەبەردەم پچڕانیدا، پەیڤوانەکەیە. بەیەکەمین سەرنج دەبێ دۆخەکانی پەیڤدەر هەڵبسەنگێنرێت و بەیەکەمین پرسیار ئەم پەیبردنە کامڵ ببێت، لەهەمانکاتدا پەیڤدەر دەبێ هەمیشە چەند پرسیارێکی یەک لەدوای یەک لە یادەوەریی خۆیدا بۆ خستنەڕووی ئامادە بکات.

## ٦-کۆنفرانسی چاپەمەنی (کۆنفرانسی هەواڵ)

یەکێک لە ڕێگاکانی گەیاندنی زانیاریی لەڕێگەی چاپەمەنی یاخود بەشێوەیەکی گشتی لەڕێگەی میدیاکانی هەواڵەوە بە خەڵک، کۆنفرانسی چاپەمەنییە(١٢). بەرپرسان بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە بڕیارە نوێیەکان، چالاکییەکان و ڕاگەیاندنی هەڵوێستەکان بەبانگهێشتکردنی هەواڵنێران

و ڕۆژنامەنووسانی میدیاکانی هەواڵ، هەنگاو بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسی چاپەمەنی دەنێن.

لەم کۆبوونەوانەدا، بەرپرسە بانگهێشتکراوەکە سەرەتا مەبەستی خۆی لەم کۆبوونەوەیە دەخاتەڕوو و خاڵە جێ مەبەستەکان شیکار دەکات و پاشان فرسەتی خستنەڕووی پرسیارەکان بە هەواڵنێران دەدرێت. کۆنفرانسە چاپەمەنییەکان لەوانەیە دەربارەی بابەتێکی یەکگرتوو یاخود بابەتگەلێکی جۆراوجۆر بێت.

ڕۆڵی پرسیارەکان لە کۆنفرانسە چاپەمەنییەکاندا زۆر گرنگە. پرسیاری هەڵسەنگێندراو و پوخت و ڕۆشن، تائەندازەیەک پەیوەندیی لەگەڵ پەیڤدەرەکەدا دروست دەکات.

دەبێ پرسیار بەجۆرێک بخرێتەڕوو کە لەگەڵ ڕوونییەکی تەواودا، ڕێگەی خۆدەربازکردن لە پەیڤدەر بگرێت. بەم شێوەیە خستنەڕووی پرسیارە ئاوێتەکان باشترین جۆری پرسیاری کۆنفرانسە چاپەمەنییەکانە، چونکە بەگشتی هەواڵنێر لەو چەشنە هەڤپەیڤینانەدا فرسەتی خستنەڕووی چەند پرسیارێک زیاتریان نییەو چەند پرسیارێکی یەک لەدوای یەک لەوانەیە ببێتەمایەی ناڕەزایی بەڕێوەبەرانی هەڤپەیڤینەکە.

**دەبێ پرسیار بەجۆرێک بخرێتەڕوو کە لەگەڵ ڕوونییەکی تەواودا، ڕێگەی خۆدەربازکردن لە پەیڤدەر بگرێت. بەم شێوەیە خستنەڕووی پرسیارە ئاوێتەکان باشترین جۆری پرسیاری کۆنفرانسە چاپەمەنییەکانە**

لەکاتی خستنەڕووی پرسیارەکەدا دەبێ ڕاستەوخۆ بنۆڕدرێتە چاوی پەیڤدەرو پرسیارەکە بە دەنگێکی بەرزو بیستراوەوە بوترێت. لەگەڵ خستنەڕووی پرسیاری هەڵسەنگێندراودا، وەرگر بەرەو هەواڵنێرەکە کێش دەبێت، لەم ڕێگەیەوە پەیوەندییەکی شیاو لە کۆنفرانسی چاپەمەنییەکەدا لەنێوان پەیڤدەرو پەیڤواندا دروست دەبێت. شیاوی باسە کە پەیڤدەر بەخستنەڕووی ناو و ناوونیشان و بارودۆخی ئاراستەکەی، کاریگەریی لەسەر دروستکردنی ئەم پەیوەندییە هەیە.

***پێناسی هەڤپەیڤین**

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی وترا، دەتوانرێ هەڤپەیڤین بەم چەشنە پێناس بکرێت:

هەڤپەیڤین جۆرە پەیوەندییەکی کەسییە **(لە نێوان هەواڵنێر و پەیڤدەردا)** کە لەپێناو وەرگرتنی زانیاری نوێ، ئاگاداربوون لە کاردانەوەی کەسە ئاسایی و ناسراوەکان و ڕەنگدانەوەی تێڕوانین، بیروباوەڕو زانیارییەکانی تایبەت بە کەسان و ئەندامانیتری کۆمەڵگا ئەنجام دەدرێت.

***قۆناغەکانی ئامادەکردنی هەڤپەیڤین**

ئەنجامدانی هەڤپەیڤین بۆ هەریەک لە مۆدیلەکان، کۆمەڵەقۆناغێک تەی دەکات کە باسی دەکەین.

***بەدواداچوون بەرلە هەڤپەیڤین**

لە ئامادەکردنی هەڤپەیڤیندا، بەتایبەتی هەڤپەیڤینەهەواڵ، بەسەرکەوتوویی ئەنجامدانی هەڤپەیڤینەکە پەیوەندی بەکۆششی هەواڵنێر لە شرۆڤەکردن و بەدواداچوونی پێشوەخت دەربارەی هەڤپەیڤین و پەیڤدەرەکەوە هەیە.

ئەو هەواڵنێرەی زانیارییەکی ناتەواوی دەربارەی مەسەلەی هەڤپەیڤینەکەو پەیڤدەر هەیە، بەگشتی هەڤپەیڤینێکی کەموکورتیداری ئامادە کردووە و لەسەربنەمای زانیارییەکی بەدەستهاتووی کەموکورتیدار، هەواڵێکی کەموکورتیداریش ئامادە دەکات.

**بوونی ئامادەگییەکی پێشوەخت، دەتوانێ لەم بوارانەی خوارەوەدا یارمەتی هەواڵنێر بدات:**

١-پەیڤدەر ئەوە ڕەچاو دەکات کە هەواڵنێر لە کارەکەیدا جددیەو زانیاریی دەربارەی باسی هەڤپەیڤینەکە هەیە.

٢-کاتی هەڤپەیڤینەکە بەخستنەڕووی ئەو بابەتانەی کە ڕێگاکانیترەوە ئەگەری بەدەستهێنانی هەیە، بەهەدەر نارِوات و هەڤپەیڤینەکە بۆ مەسەلە سەرەکییەکان تەرخان دەکرێت.

٣-بەدواداچوونی پێشوەخت، دەرفەتی خستنەڕووی پرسیارە گرنگەکان دێنێتەئارا کە بەدەرلەمە لەوانەیە نەپرسرێت. ئەو هەواڵنێرەی کە ئامادەباشەو بە بەدواداچوونێکی پێشوەختەوە بۆ هەڤپەیڤینەکە دەچێت، دەتوانێ پرسیارگەلێکی گونجاو بخاتەڕوو.

٤-پرۆسەی هەڤپەیڤینەکە لە کۆنترۆڵی هەواڵنێرەکەدا دەمێنێتەوە و ئەگەری خستنەڕووی مەسەلە پەراوێزخراوەکان کەمە.

٥- هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی پەیڤدەر لە پرۆسەی هەڤپەیڤینەکەدا شیاوی هاتنەدی دەبێت. دەبێ سەرنج لەوە بدرێت لەو هەڤپەیڤینانەی کە کاتەکەی کەمە یاخود هەواڵنێر زانیارییەکی تەواوی دەربارەی باسەکەی پەیڤدەر هەیە، دەتوانێ بەدواداچوونی بەرلە هەڤپەیڤین ئەنجام نەدات[١٣]. بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست دەربارەی باسی هەڤپەیڤینەکە، هەواڵنێر دەتوانێ یارمەتی لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی وەک ئەرشیف، کتێبخانە، هاوکاران و سەرچاوە بەردەستەکانەوە وەربگرێت.

***خستنەڕووی پرسیارەکان**

دوای ئەوەی هەواڵنێر تا ئەوپەڕی توانا بەدواداچوونی دەربارەی پەیڤدەرو بابەتەکەی کرد، دەبێ پرسیارەکانی خۆی بەگوێرەی جۆری هەڤپەیڤینەکە بخاتەڕوو. سەرکەوتنی هەڤپەیڤینێک وابەستەییەکی زۆری بە چۆنیەتی خستنەڕووی پرسیارەکانەوە هەیە.

***جۆری پرسیارەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەڤپەیڤین**

هەواڵنێر دەبێ پرسیارەکانی هەڤپەیڤینەکەی پێشتر دانابێت و بایەخ بە چۆنیەتی خستنەڕووی پرسیار بدات.

هەواڵنێران بەگشتی دەربارەی خستنەڕووی پرسیارەکان بەشێوەی **(دیاریکراو)** یاخود (گشتی) دوودڵن. دەبێ ئەوە ڕەچاو بکرێ ئەم باسە پەیوەندی بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەڤپەیڤینەکە بەشێوەی **(ڕێنماکراو)** یاخود **(ڕێنما نەکراو)**دوە هەیە.

لە هەڤپەیڤینی ڕێنماکراودا، هەواڵنێر بەگشتی پرسیارەکانی خۆی بەشێوەیەکی دیاریکراو دەخاتەڕوو و چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە وەڵامێکی دیاریکراویش وەربگرێتەوە. لە هەڤپەیڤینەهەواڵییەکاندا بەگشتی پەیڕەوی لەم شێوازە دەکرێت.

لە هەڤپەیڤینی ڕێنما نەکراودا، هەواڵنێر خۆی لە پرسیارە دیاریکراوەکان دەپارێزێت، بەدەگمەن ئەو بابەتانەی خراونەتەڕوو لەلایەن پەیڤدەرەوە هەڵدەسەنگێنرێت.

لە هەڤپەیڤینی ڕێنما نەکراودا، پەیڤوان لەگەڵ

پەیڤدەردا دەرفەتی ڕادەربڕین لە مەیدانی باسوخواسەکەدا دەدات و پەیڤدەر ئازاد دەکات لە خستنەڕووی باسەکانی خۆی. لەم ڕووەوە ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە، بە هەڤپەیڤینی ئازادیش ناوزەد دەکرێن.

***سوود وەرگرتن لە پرسیارە پێشتر نووسراوەکان**

لەناو ڕۆژنامەنووساندا ناکۆکی تێڕوانین لەبارەی ئەم خاڵەوە هەیە کە پرسیارەکانی هەڤپەیڤین دەبێ پێشتر بنووسرێت یاخود نا. بۆ هەواڵنێرێکی تازەکار، داڕشتنی پرسیارەکانی هەڤپەیڤینەکە بەرلە دەستپێکی هەڤپەیڤینەکە پێویستە.

لە خەسڵەتەکانی پرسیارە پێشتر دەستنیشانکراوەکان لە هەڤپەیڤیندا ئەمەیە کە بەلایەنی کەمەوە، ئەم یارمەتییەی هەواڵنێر دەدات کە باسە سەرەکییەکانی هەڤپەیڤینەکەی لەیاد نەچێت و پرسیارە جۆراوجۆرەکان فەرامۆش نەکات.

هەندێ کەس لەکاتی هەڤپەیڤیندا لەگەڵ خستنەڕووی باسە جۆراوجۆرەکان، کۆنترۆڵی هەڤپەیڤینەکە لە دەست هەواڵنێر دەبەنەدەرەوە ئەگەر پرسیارەکان لەبەردەم هەواڵنێردا نەبێت، ئەوا هەواڵنێرەکە بەدژواریی توانای بەئاراستەدابردنی هەڤپەیڤینەکەی بەپێی دڵی خۆی دەبێت. هەروەها لەبەردەستدابوونی پرسیارەکان، ئەم وێنایە بە پەیڤدەر دەدات کە هەواڵنێر لە کارەکەیدا شێلگیرە و گرنگی بە هەڤپەیڤینەکە داوە.

مەبەستی سەرەکی پرسیارە پێشوەخت نووسراوەکان ئەمەیە کە چەقی هزریی هەواڵنێر لەو شتەدا قەتیس دەکات کە لەبەردەمیدایەتی، ناتوانێ پرسیارێک دەربارەی ئەو باسە تازانە بکات کە پەیڤدەر خستوویەتەڕوو. لە زۆربەی کاتەکاندا پەیڤدەر باسێکی تازە دەخاتەڕوو کە خودی ئەو باسە **(نەک ئەو باسەی کە پێشتر لە زەینی هەواڵنێردا هەبووە)** بەهاکانی هەواڵ لەخۆدەگرێت و دەبێ شرۆڤە بکرێت. دەبێ هەواڵنێر هەمیشە ئامادەگی خستنەڕووی پرسیارە نوێیەکانی هەبێت، ئەم کارەش تەنیا لەکاتێکدا شیاوی بەدیهاتنە کە هەواڵنێر دەربارەی باسی هەڤپەیڤینەکە زانیارییەکی تەواوی هەبێت.

گونجاوترین شێواز ئەمەیە کە هەواڵنێر لە چوارچێوەی سەرەکی باسەکەو پرسیارەکانی خۆی بەشێوەی دیاریکراو و گشتیانە بخاتەڕوو، بەڵام لەکاتی هەڤپەیڤینەکەدا بایەخ بە بابەتەکانی پەیڤدەریش بدات تا لەکاتی هاتنەپێشی هەر ڕووداوێکدا، بتوانێ بەخستنەڕووی ئەو پرسیارانەی کە پێشتر نەخراونەتەڕوو، بەدوای مەسەلەکەدا بچن.

**پاراستنی چەند پرسیارێک و وتنەوەی یەک لەدوای یەکی ئەو پرسیارانە لە هەڤپەیڤینە هەواڵییەکاندا کە بۆ ئەنجامدانی پێویستی بە کاتێکی کەم و خێرا هەیە، زۆر چارەنووسسازە**

***کۆمەڵە خاڵێکیتر دەربارەی هەڤپەیڤین**

پێشتریش وتـرا کـە دروسـتکـردنـی پـەیـوەنـدی لەگەڵ پەیڤەردا، گرنگترین قۆناغی بەڕێوەبردنی هەڤپەیڤینێکە. زۆرجار ڕووەدات کە پەیڤەر **(لە هەڤپەیڤینە هەواڵییەکاندا)** لەبەرچەند هۆکارێک خۆی لە هەڤپەیڤینەکەو وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بـەدوور دەگرێت. ئاگاداربوونی هەواڵنێر لە بنەماکانی دەروونزانی، هاریکاریی ئەوەی دەکات کە پەیڤەر بۆ قسەکردن ناچار بکات. پاراستنی چەند پرسیارێک و وتنەوەی یەک لەدوای یەکی ئەو پرسیارانە لە هەڤپەیڤینە هەواڵییەکاندا کە بۆ ئەنجامدانی پێویستی بە کاتێکی کەم و خێرا هەیە، زۆر چارەنووسسازە.

دەبـێ بـەهـەمـوو چەشنێک بـەگژ بێدەنگی پـەیـڤـدەرو جوولەکانی ئـەودا بچیتەوە، بەبێ ئـەوەی هەڤپەیڤینەکە ببێتەمایەی ناکۆکی یاخود جەنجاڵی. ڕاکێشکردنی خەڵک بۆ ناوباسەکە و ئەمەش کە هەواڵنێر بڵێت خەڵک مافی زانینیان هەیە، پەیڤەر ڕووبـەڕووی کاردانەوە دەکاتەوە، چونکە هەواڵنێر بەئاماژەدارانە خۆی بە کەناڵی زانیاریگەیاندنی خەڵک ناساندووە.

هـەروەهـا بـەرپـرسـان هەمیشە کـاردانـەوە لەهەمبەر واتەواتەکاندا نیشان دەدەن و دەزانن کە هەواڵە نادروستەکان و واتـەواتـەکـان، زیانبارترین کـاردانـەوەی هەنگاوەکانی ئەوانە لەبەرامبەر ڕای گشتیدا، بمانەوێ یاخود نەمانەوێ سەبارەت بەڕای گشتی هەستەوەرن(١٤). خستنەڕووی ئەم دەستەواژەیەی کە "بێدەنگی تۆ ئەم واتەواتانە زیاتر دەکات" ئەم ئەگەرە وەدیدەهێنێ کە پەیڤەر بێدەنگی خۆی بشکێنێت. پەیڤەر بەلەبەردەستدابوونی سەکۆی هاوڵاتیان واتا ماس میدیا، هەمیشە دەبێ ئەم خاڵە بەجۆرێک بە پەیڤەر بڵێن کە دەتوانێ بێدەنگی پەیڤەرەکان لای خەڵکی بەنەشیاو پیشان بـدات. تەنیا جارێک بـڵاوکـردنـەوەی هاریکاریی نەکردنی پەیڤەرێک لە هەڤپەیڤینە هەواڵییەکاندا یاخود بەسپی هێشتنەوەی ستوونێک و تەنانەت لاپەڕەیەک کە بۆ هەڤپەیڤینەکە تەرخان کراوە و کاردانەوەکەی، هەموو پەیڤەرێک لەوساتە بۆدواوە بۆ قسەکردن ناچار دەکات.

خاڵێکیتر، کاتی چاوەڕوانی بۆ دەستپێکی هەڤپەیڤینێک دەبێ وەک دەرفەتێک تەرخان بکرێت بۆ کاملکردنی زانیاری باسوخواسی هەڤپەیڤینەکە یاخود پەیڤەرەکە.

هەندێک جار بۆ ئەنجامدانی هەڤپەیڤینێک، هەواڵنێرەکە ناچارە نەک تەنیا کاتژمێرێک چاوەڕوان بێت، بەڵکو دەبێ لەم کاتەش زیاتر قسە بکات تا بگاتە مەبەست. لەو چەشنە

> **بەرپرسان هەمیشە کاردانەوە لەهەمبەر واتەواتەکاندا نیشان دەدەن و دەزانن کە هەواڵە نادروستەکان و واتەواتەکان، زیانبارترین کاردانەوەی هەنگاوەکانی ئەوانە لەبەرامبەر ڕای گشتیدا،**

هـەلومـەرجـانـەدا، ساتەکانی چـاوەڕوانـی، گونجاوترین دەرفـەتـە بـۆ کـۆکـردنـەوەی زانیاریی دەربارەی هەڤپەیڤین و پەیڤدەرەکە و شەنوکەو دەربارەی باسی هەڤپەیڤینەکە کە ڕەنگە هەواڵنێر ئاگاداری نەبووبێت.

***ڕێکخستنی هەڤپەیڤینەکان**

لـە ڕێکخستنی هەڤپەیڤینەکاندا دەبێ شـێوازەکـانـی هـەواڵنـووسـیـن و چەشنی هەڤپەیڤینەکە ڕەچـاو بکرێت، بەگوێرەی سـنـووردارێـتـیـیـە جـۆراوجـۆرەکـانـی وەک **(کات)**، دەست بە نووسینی بکرێت.

لە هەڤپەیڤینە هەواڵییەکاندا کە بەگشتی بۆ کامڵکردنی بابەتە هەواڵییەکان ئەنجام دەدرێـــت، ئـەگـەر بـابـەتـە کـۆکـراوەکـان لـەدەورووبـەری بابەتێکدا چڕبووبێتەوە، گونجاوترین شێوازی نووسین **(شێوازی هەرەمی هەڵگەڕاوە)**یە. هەڤپەیڤینەهەواڵ بەم جۆرە ڕێکدەخرێت کە لە تڕۆپکەکەدا پوختەی گرنگترین بابەت دەخرێتەڕوو، لە پارەگرافەکانی دواتـردا ڕووندکاریی زیاتر دەربـــارەی هـەمـان بـابـەت دەخـرێـتـەڕوو. (فۆرمی٩)




**شێوەی ١- هەڤپەیڤینەهەواڵی یەک بابەت**

کاتێک کە لە هەڤپەیڤێنێکدا، بابەتگەلێکی جـۆراوجـۆر لـە ئـارادابـێـت، سـەرەتـا لە تـرۆپـکـەکـەدا پـوخـتـەی گرنگترین بـابـەت دەخـرێـتـەڕوو و پاشان دوای ڕووندکاریی پەیوەندیدار بە بابەتی تڕۆپکەکەوە، دەتوانرێ لە پەرەگرافەکانی دواتردا **(پەرەگرافی سێیەم و چوارەم)** دەست بە خستنەڕووی پێڕستی بابەتەکانیتر بکرێت. بابەتە جۆراوجۆرەکانی هەڤپەیڤینەکە دەتـوانـرێ بە (ناومانشێت) لەیەکتر جیا بکرێتەوە. (فۆرمی ١٠)




**شێوەی ٢- هەڤپەیڤینەهەواڵی فرەبابەتی**

لە هەڤپەیڤینەهەواڵدا شیاو نییە کە بابەتە جـۆراوجـۆرەکـان بـەشـێـوەی پـێـڕسـت لە تڕۆپکەکەدا بنووسرێت، یاخود بابەتەکانی دەقـەکـە بـەشـێـوەی پـرسـیـارو وەڵام ڕێکبخرێت.

لـە هەڤپەیڤینە تـاکـەکـەسـی، بـە کـۆمـەڵ، شرۆڤەکاریی و قوواڵییەکاندا کە بەگشتی بۆ بـاڵاوکـردنـەوەی بیروباوەڕو تێڕوانینی کەسایەتییە هەواڵی[١٥] و ناهەواڵییەکان[١٦] ئەنجام دەدرێت، شێوازی نووسینی **(شێوازی میژوویی بە تڕۆپکەوە)** گونجاوە. لەم جۆرە هەڤپەیڤینانەدا، بەگشتی لـە تڕۆپکەکەدا زەمینە گشتی و گونجاوەکانی هەڤپەیڤینەکە شیدەکرێتەوە، لە پەرەگرافەکانی دواتـردا بابەتەکانیتری هەڤپەیڤینەکە لەگەڵ وێناکردن و وەسـفـی ژینگە و خـودی پـەیـڤدەرەکـە دەخرێتەڕوو.

دەقی ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە دەتوانرێ بەشێوەی ڕاستەوخۆ **(پرسیار: وەلام)** بنووسرێت و بەگشتی ڕێکخستنی خستنەڕووی بابەتەکان بەپێی هەمان ڕێکخستنی ئەنجامدانی هەڤپەیڤینەکەیە.

ئەگەر بابەتەکانی هەڤپەیڤینە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکان بەشێوەی پرسیارو وەڵام بنووسرێت، وەسفکردنی ژینگەی هەڤپەیڤینەکەو وێناکردنەکەی بەگشتی لەم جۆرە هەڤپەیڤینانەدا پێویستە و کاتێکی میوانداریی تایبەتی دەوێت. ئاشکرایە تایبەتمەندییەکانی ترۆپک لەگەڵ ترۆپکی هەڤپەیڤینەهەواڵییەکاندا هەم لەڕووی چەندایەتی و هەم لەڕووی چۆنایەتییەوە جیاوازە و زۆرتر دۆخێکی وەسفی و شیکاریی هەیە. بەگشتی پرسیار و وەڵامەکان لە هەڤپەیڤینەکاندا دەتوانرێ بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، ڕاستەوخۆ یاخود ئاوێتەیەک لەهەردووکیان بێت.

سەرچاوە: د. نعيم بديعى، د. حسين قندى: روزنامەنگارى نوين، چاپ چهارم، انتشارات دانشگاه علامەگباگبايى، فصل چهارم.

**سەرچاوە:**

1-Interview.

2- Interviewee.

٣-مەبەست لەو کەسانەیە کە لەناو کۆمەڵگا یاخود لەسەر ئاستی وڵاتەکەدا جێگەی بایەخ و ناوبانگن، خەڵک حەز بەزانینی هەواڵ و کارو چالاکییەکانیان دەکات، بەشێکی زۆری ڕووداو و دید و بۆچوونەکانی ئەم کەسایەتییانە، لای بەشێکی زۆری میدیاکان بە هەواڵ دادەندرێت، چونکە لای خەڵک جێگەی بایەخ پێدانە. (و-ک)

٤- پەیڤدەر: مەبەست لەو کەسەیە کە گفتوگۆ یاخود هەڤپەیڤینەکەی لەگەڵدا دەکەیت.

پەیڤوان: ئەو کەسەیە کە گفتوگۆ یاخود هەڤپەیڤینەکە ئەنجام دەدات.

5- Interviewer.

٦ - لێرەدا مەبەستی لەسەرجەم ئەو جوولە جەستەییانەیە کە پەیڤدەر لەکاتی هەڤپەیڤینەکەدا ئەنجامی دەدات، بۆنموونە ڕۆژنامەنووس دەتوانی بەسەیرکردنی دەموچاوی پەیڤدەرەکە لەوە تێبگات کە ئایا تا چەند پرسیارەکەی بەدڵ بووە، یاخود پەیڤدەر لە کاتی قسەکردنیدا چۆن دەست ڕادەوەشێنێت، کاتێ پرسیارێکی هەستیاریی لێدەکرێت ئایا بەسادەیی وەریدەگرێت یاخود ئارەقە دەکاتەوەو سور هەڵدەگەڕێت.. کەواتە ڕۆژنامەنووس لەزمانی جەستەوە دەتوانێ بارودۆخی پەیڤدەر هەڵبسەنگێنێت. (و-ک)

٧- هەندێک لە پسپۆڕانی ڕۆژنامەوانی بڕوایان وایە لەسەرەتای هەڤپەیڤینەکەدا، ئەو پرسیارانە ئاراستەی پەیڤدەر بکرێت کە وەڵامەکانیان لای پەیڤوان یاخود ڕۆژنامەنووسەکە هەیە تا ئاستی ڕاستگۆیی پەیڤدەرە بزانرێت..(و-ک)

8- Nondirective Interview.

9- Broad Questions.

10- In-Depth Interview.

١١-زیاتر ئەو هەڤپەیڤینە تەلەفزیۆنیانە دەگرێتەوە کە پێشکەشکاری بەرنامە بەمایکێکەوە لەسەیرانگایەکدا یاخود لەشوێنێکی گشتیدا دەگەڕێت و پرسیار لەخەڵک دەکات، بۆنموونە پرسیار دەکرێت: حەز بە دەنگی چ هونەرمەندێک دەکەیت؟. یاخود پرسیار و دیاریی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی بڕوانامە و ڕۆشنبیری، پرسیارەکە ئاراستەی سەرجەم تۆێژەکان دەکرێت (و-ک).

12-Press Conference.

١٣-لێرەدا مەبەست لەو خاڵە گرنگەیە کە ئەگەر ماوەی هەڤپەیڤینەکە کەم بوو، فرسەتی ئەوە نابێ تا بەشێکی کاتەکە بۆ ئەوە تەرخان بکرێت کە پەیڤدەر خەڵکی کوێیە؟ لەکوێ ژیاوە؟ کاری ئێستای چییە؟ بڕوانامەی چییە؟...هتد، بەڵکو ئەم زانیارییانە لەڕێگایترەوە پەیدا بکرێت و هەموو کاتی هەڤپەیڤینەکە بۆ مەسەلەی گرنگ تەرخان بکرێت. (و-ک).

١٤-لێرەدا مەبەست لەوەیە کە بەرپرسان زۆرجار نەک لەبەرخاتری ڕاگەیاندن، بەڵکو لەترسی بڵاوبوونەوەی واتەوات ناچارن قسە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەن و خەڵک لە زانیاری و تێڕوانینەکانیان ئاگادار بکەنەوە. (و-ک)

١٥-کەسایەتییە هەواڵییەکان بریتین لەو کەسایەتیانەی کە زۆرینەی کارو چالاکییەکانی ژیانیان وەک: سەردان و چاوپێکەوتن، لێدوان، پۆست وەرگرتن تا دەگاتە نەخۆشی و مردن، لای خەڵک گرنگە و شیاوی ئەوەیە بکرێتە هەواڵ. ئەمەش زیاتر کەسایەتییە سیاسی و ئاینییەکان دەگرێتەوە. (و-ک)

١٦-کەسایەتییە نەهەواڵییەکان ئەو کەسانەن کە کارێکی گرنگ ئەنجام دەدەن و بەهۆی ئەو کارەوە، هەواڵیان لەسەر بڵاودەکرێتەوە بەلام هەموو ژیانی هەر ناکرێتە شیاوی هەواڵ. (و-ک)

# بیبلۆگرافیای رۆژنامەوانی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان و سووریا ۱۹۳۲-۲۰۰۹

ڕێناس نەورۆزی/بڕۆکسل

تا ئێستا هیچ شتێکی ڕوون و تەواو دەربارەی مێژووی رۆژنامەوانی کوردی لە بەشی رۆژئاوای کوردستان و سوریا نەنووسراوە. هەریەک لە **(عەبدولقادر بەدرەدین، کۆنێ ڕەش، کامەران بێکەس، عەلی جەعفەر)** و چەند کەسێکیتر زۆر سەرپێیانە و سادانە لەسەر خەبات و مێژووی رۆژنامەوانی رۆژئاوای کوردستانیان نووسیوە، هیچیان هەوڵیان نەداوە ئاماژە یان دان بە هەبوونی سەرجەم رۆژنامە و گۆڤارەکان دابنێن بە تایبەتیش ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی سەرجەم پارت و ڕێکخراو و باڵە سیاسیە رۆژئاوای کوردستان. بە بۆچوونی من دوو هۆکار هەن بۆ ئەوە، یەکەمیان: ڕەنگە بەشێک لەو نووسەرانە یان هەر هەموویان بێ ئاگابن لە هەبوونی ئەم هەموو رۆژنامە و گۆڤارە کوردیانەی کە لە ماوەی رابردوودا تا ساڵی ۲۰۰۹ لەلایەن چەند کەسانێکی سەربەخۆ و زیاتر لە ۳۰ پارت و ڕێکخراو و باڵی سیاسی کوردی دەرچوونە. دووەمیان: هەندێک لەم نووسەرانە خۆیان ئەندام یان خەباتکار و لایەنگری سیاسی یەکێک لە لایەنە سیاسیەکانی ئەم بەشەی کوردستان بوونە و لە وتار و بابەتەکانیاندا نەیانویستوە دان بە هەبوونی بڵاوکراوەی هەموو لایەنەکان دابنێن. ئەوەی مەبەستمە لەم پانۆڕامایەی خوارەوە هەوڵم داوە ئاماژە بە ناوی سەرجەم ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە بکەم کە لە نێوان ۱۹۳۲-۲۰۰۹ دەرچوونە. هەروەها لە تەک ناوەکانیان هەوڵمداوە ئاماژە بە خاوەنی رۆژنامە و گۆڤارەکان و ساڵی دەرچوونی یەکەم ژمارەیان بکەم.

بیبلۆگرافیای رۆژنامەوانی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان و سوریا ساڵی ۱۹۳۲ بە دەرچوونی گۆڤاری هاوار لە لایەن جەلادەت بەدرخان دەست پێدەکات. ئەگەرچی لە گەلێک

سەرچاوەی کوردیدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەر لە گۆڤاری هاوار، سەید حوسێن حوزنی موکریانیش چەند رۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی بە نهێنی وەک: **(کوردستان، چیا کرمانج، سۆران، موکریان، شۆڕش، دیاربەکر، کورد....)** لە نێوان ١٩١٥-١٩٢٥ لە شاری حەلەب دەرکردبێت! دوای بەدواچوون و لێکۆڵینەوەی من، گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە حوزنی موکریانی هیچ جۆرە و گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی کوردی لە حەلەب دەرنەکردووە. راستە حوزنی موکریانی لە ڕێگای حەلەبەوە چاپخانەکەی هێناتەوە رواندزێ، بەڵام ناوبراو بەشی زۆری کاری هونەری کلێشە دروستکردن و پیت لێدانی لە ئەستەنبوڵ ئەنجامداوە و لەگۆڤاری **(کوردستان)**ی محەممەد مەیری کاریکردووە و ماوەیەک بەڕێوەبەری بەرپرسیاری چاپخانەی گۆڤارەکە بووە و هەموو کارە هونەرییەکانی گۆڤاری کوردستان لەسەر شانی سەید حوسێن حوزنی موکریانی بووە. کارکردنی لەم گۆڤارە بووەتە هۆی ئەوەی تێکەڵ بەوەبکرێت کە گوایە ناوبراو گۆڤاری **(کوردستان)**ی لە حەلەب دەرکردبێت. من پێم وایە هەر ئەو گۆڤاری **(کوردستان)**یە کە کاتی خۆی لە دوای کۆچی دوایی حوزنی لە زاری گیوی موکریانی برایەوە بڵاوبۆتەوە و سەرەتا **(جەبار جەباری)** و پاشان **(شاکر فەتاح)** و دواتریش چەند نووسەرێکیتری کورد بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی ئەم دووەی پێشوو زانیارییەکانیان چەندین بارە بە هەڵە بڵاوکردۆتەوە. نازانم کاتی خۆی چۆن چۆنی و بۆچی گیوی موکریانی ئەم زانیاریانەی دەربارەی حوزنی بڵاوکردۆتەوە. لە چەندین سەرچاوەی تایبەت بە مێژووی رۆژنامەوانی سوریا و بەتایبەتیش لە حەلەب گەڕام هیچ زانیاریەکم دەربارەی ئەم گۆڤارە ناوبراوانە دەست نەکەوت. خودی حوزنی موکریانی کە مێژوونووسێکی بە توانای مێژووی دوور و نزیکی نەتەوەکەی بووە، بۆ خۆی لە هیچ ژمارەیەکی گۆڤارەکانی زاری کرمانجی و ڕووناکی و دەنگی گێتی تازە و پەرتووکەکانیدا ئاماژەی بە کارکردن یان دەرچوونی هیچ گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی کوردی لە حەلەب نەکردووە. دیارە جگە لە ناوی **(کوردستان)** ناوەکانیتری وەکو **(دیاربەکر، سۆران، موکریان....)** کۆمەڵێک ناون و نامۆن کە ئەوساکە بوونیان لە کاروانی رۆژنامەوانی کوردیدا هەبووبێت! لە ساڵەکانی ١٩٢٤-١٩٢٥ و لە کاتی ئامادەکاری بۆ سەرهەڵدانی کورد بە ڕێبەرایەتی شێخ سەعیدی پیران لەلایەن چەند رۆشنبیر و کەسایەتیەکی ئەوساکەی کورد ئامادەکاری بۆ دەرچوونی چەند بڵاوکراوەیەک کراوە بە ناوەکانی **(دیاربەکر)** و **(میزۆپۆتامیا)**...، بەڵام هێندەی من ئاگادار بم بەهۆی زوو تەقینەوەی پڕوشکی سەرهەڵدانەکە هیچ بڵاوکراوەیەکی کوردی لەو سەردەمەش دەرنەچووە!.

لەم پانۆرامایەی خوارەوەدا ئاماژەم بەسەر جەم ئەو رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانەی کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان کردووە، کە بەشی زۆری بڵاوکراوەکانیان لە باشووری رۆژئاوای کوردستان و سوریا دەرکردووە، هەروەها چەند بڵاوکراوەیەکیشیان لە ئەورووپا و باشووری کوردستان دەرکردووە، بەڵام ئاماژەم بە رۆژنامە و گۆڤاری لایەنە سیاسیەکانی باشووری کوردستان نەکردووە کە بەشێک لە رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانیان لە سوریا چاپکردووە وەک **(ڕێبازی نوێ، الشراره، رایه الحریه، پێشەنگ، ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم، الشعله، مرصد الاتحاد، جبهه الکردستانی، نشره صحیفه و.... هتد)**.

زمانی رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم بەشەی کوردستان بەمجۆرە بوونە: **(کوردی)**، **(کوردی وفرەنسی)**، **(کوردی و عەرەبی)**، **(عەرەبی)**، **(ئینگلیزی)**. لایەنی چاپ و هونەری زۆربەی رۆژنامە و ئۆرگانەکانی لایەنە سیاسیەکان بەشێوەیەکی سادە و بە کۆپی راکێشراون، بەڵام لایەنی هونەری بەشێکی زۆر لە گۆڤارەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر ئەنجامداروە و زۆربەی گۆڤارەکان لە چاپخانە و بە بەرگی ڕەنگین چاپکراون. کەمترین تیراژی چاپی بڵاوکراوە کوردییەکانی ١٠٠ دانە بووە و بەرزترینیش گەیشتوە بە نزیکەی ٥٠٠٠ دانە.

## لیستی رۆژنامە و گۆڤاری کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان و سوریا ۱۹۳۲-۲۰۰۹

| ژمارە | ناو | جۆر | ساڵ | ناوەرۆک یان ناەزێنەر |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هاوار | گۆڤار | 1932 | جەلادەت بەدرخان |
| 2 | رۆناهی | گۆڤار | 1942 | جەلادەت بەدرخان |
| 3 | ئەپتک | | 1942 | ؟ |
| 4 | هاپور | گۆڤار | 1951 | رۆشنبیرانی قامشلو |
| 5 | جزیرە | رۆژنامە | 1951 | رۆشنبیرانی قامشلو |
| 6 | الموالک | گۆڤار | 1956 | رۆشنبیرانی قامشلو |
| 7 | دەنگی کورد | رۆژنامە | 1959 | پارتی دیموکراتی کوردیی سوریا |
| 8 | دەنگی کورد | رۆژنامە | 1965 | پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا / باڵی چەپ |
| 9 | دەنگی کورد | رۆژنامە | 1965 | پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا / باڵی ڕاست |
| 10 | الـــــدیموقراطی- دیموکراتی | رۆژنامە | 1966 | پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا / باڵی ڕاست - (PDPKS) |
| 11 | ئاگاهی | گۆڤار | 1966 | حەسەن هشیار |
| 12 | کوڵستان | گۆڤار | 1968 | جگەرخوێن |
| 13 | دەنگی کورد | رۆژنامە | 1970 | پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا / سەرکردایەتی گشتی |
| 12 | هەڵات | بڵاوکراوە | 1970 | ؟ |
| 14 | هشیاری | بڵاوکراوە | 1971 | ؟ |
| 15 | الملتقف الملتقف التقدمی | گۆڤار | 1971 | پارتی دیموکراتی پێشکەوتوخوازی کورد لە سوریا (PDPKS) |
| 16 | چیا | بڵاوکراوە | 1971 | ؟ |
| 17 | دەنگی کورد | رۆژنامە | 1975 | پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا / باڵی مەحمەد شێخ باقی |
| 18 | دەنگی کورد | رۆژنامە | 1975 | پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/باڵی حەمید سێبۆ و کەمال ئەحمەد ئاغا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 19 | ئازادی | رۆژنامە | 1975 | تا 1982 بالی حەمید سیبو و کەمال ئەحمەد، پاشان بالی شێخ ئالی |
| 20 | هەڵگرتنا کەل | رۆژنامە | 1975 | پ.د.ک-سوریا/ بالی چەپ - پارتی هەڵگرتنی کەلی کورد لە سوریا |
| 21 | پێشەنگ | گۆڤار | 1976 | بەیوەستدارانی مارکسیستی کورد |
| 22 | ریکا کەل - طریق الشعب | رۆژنامە | 1977 | پارتی چەپی کورد لە سوریا |
| 23 | ریک - الطریق | رۆژنامە | 1977 | پارتی سۆسیالیستی کورد لە سوریا |
| 24 | الشغیله | رۆژنامە | 1977 | چەپی کورد |
| 25 | ریا راست | رۆژنامە | 1977 | بەیوەستدارانی مارکسیزمی کورد |
| 26 | سۆسیالیست- الاشتراکی | رۆژنامە | 1976 | پارتی سۆسیالیستی کورد لە سوریا |
| 27 | نەورۆز | بڵاوکراوە | 1979 | تیپی هونەری چیا |
| 28 | پێشکەفتن-التقدم | بڵاوکراوە | 1979 | تیپی هونەری چیا |
| 29 | ئاگری | رۆژنامە | 1979 | بەستەیەک لاوی سیاسی کورد |
| 30 | التضامن التقدمی | بڵاوکراوە | 1979 | بزوتنەوەی ڕێگاریخوازی دیشتمانی کورد-سوریا (ئەوروپا) |
| 31 | کەلاوێژ | گۆڤار | 1979 | پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/ بالی کەمال ئەحمەد ئاغا |
| 32 | کەلاوێژ | گۆڤار | | پارتی کاری دیموکراتی کورد لە سوریا و پاشان پارتی یەکگرتوو |
| 33 | بزوسک | رۆژنامە | 1980 | بزوتنەوەی بزوسکەی کوردی لە سوریا |
| 34 | یەکێتی | بڵاوکراوە | 1980 | یەکێتی کوردەکانی سوریا لە ئەڵمانیا/ رۆژئاوا |
| 35 | ادب اللغضیة | گۆڤار | 1981 | پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/بالی کەمال ئەحمەد ئاغا |
| 36 | دەنگی کورد | رۆژنامە | 1981 | پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/بالی مەجید شێخ ئالی |

هەواڵنامەی کێتێن

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 37 | التحرر | رۆژنامە | 1982 | بڵاوکراوەی رزگاری بۆ رزگارکردنی کوردستان |
| 38 | الشعب | گۆڤار | 1982 | لایەنێکی سیاسی کورد لە سووریا |
| 39 | کوردستان | رۆژنامە | 1982 | بڵاوکراوەی ئاگری کورد لە سووریا |
| 40 | کوردایەتی | بڵاوکراوە | 1982 | بڵاوکراوەی ئاگری کورد لە سووریا |
| 41 | التضامن | رۆژنامە | 1982 | بڵاوکراوەی هەیانی دیموکراتی کوردی |
| 42 | برایەتی | گۆڤار | 1982 | لایەنێکی سیاسی کورد لە سووریا |
| 43 | چاندە | گۆڤار | 1982 | پارتی هەڵگرتنی گەلی کورد لە سووریا |
| 44 | رۆژ | گۆڤار | 1982 | پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا/ئیلی ئەحمەد ئالغا |
| 45 | صوت الشغيلة | رۆژنامە | 1983 | پارتی کاری کوردی لە سووریا/الشغیلە |
| 46 | کار-العمل | رۆژنامە | 1983 | پارتی کاری دیموکراتی کورد لە سووریا |
| 47 | سنبل | گۆڤار | 1983 | پارتی هەڵگرتنی گەلی کورد لە سووریا |
| 48 | بەریانگ-فجر | بڵاوکراوە | 1983 | پارتی کاری دیموکراتی کورد لە سووریا |
| 49 | الپارتی | رۆژنامە | | پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا/ئیلی ئەحمەد ئالغا (لە ئەوروپا) |
| 50 | ژین | رۆژنامە | 1984 | پ.د.ک-س/ئیلی ئەحمەد و پاشان پ.د.ک-س/ئیلی مەنەریز |
| 51 | دەم | گۆڤار | 1985 | کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستانی سووریا (ئەوروپا) |
| 52 | دەنگی کوردستان | گۆڤار | 1986 | پارتی کرێکارانی کوردستان/ڕێکخستنی سووریا-دیمەشق |
| 53 | نورەڵان | گۆڤار | 1986 | پارتی کرێکارانی کوردستان/ڕێکخستنی سووریا - حەڵەب |
| 54 | خوێنڕ | گۆڤار | 1986 | مەحمود سەیری (پ.د.ک-س/ئیلی ئەحمەد ئالغا) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 55 | سەرکەوتن | گۆڤار | 1988 | پارتی کرێکارانی کوردستان/ڕێکخستنی رۆژئاوا- هەڵبژێن |
| 56 | الفکر التقدمي | گۆڤار | 1988 | پارتی دیموکراتی پێشکەوتوخوازی کورد لە سووریا |
| 57 | دەنگی کورد | ڕۆژنامە | 1988 | پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا/ئاڵای گۆنگرەی دامەزراندن |
| 58 | الفکر الجدید | گۆڤار | 1989 | لایەنێکی سیاسی کورد لە سووریا |
| 59 | ژنا کورد | بڵاوکراوە | 1989 | لە 1993 بەدوا پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سووریا |
| 60 | طریق الشعب | گۆڤار | 1989 | پارتی چەپی کورد لە سووریا/ ئاڵای هێمنەت سەیدا |
| 61 | گۆرزەنگ گول | گۆڤار | 1989 | هەڵوێستی خومەینی و سەدام هەبوو/ گۆڤاری ڕەش |
| 62 | هەڵگرتنی-الاتحاد | گۆڤار | 1989 | پارتی هەڵگرتنی کەلی کورد لە سووریا (نەمسا) |
| 63 | ڕێبا نوو | ڕۆژنامە | 1990 | حزبی شیوعی کوردستان -سووریا |
| 64 | یەکبوون | ڕۆژنامە | 1990 | پارتی دیموکراتی کوردی یەکبوونی لە سووریا/یەکبوون |
| 65 | سنیر | گۆڤار | 1990 | پارتی دیموکراتی کوردی یەکبوونی لە سووریا/یەکبوون |
| 66 | دەنگی خوێندەکان | بڵاوکراوە | 1990 | یەکێتی خوێندەکانی وڵاتپارێزی کوردستان- ڕۆژئاوا (بۆنگاریا) |
| 67 | دەنگی خوێندەکان | بڵاوکراوە | 1990 | یەکێتی خوێندەکانی وڵاتپارێزی کوردستان- ڕۆژئاوا (بۆگسلاڤیا) |
| 68 | ڕاپین | گۆڤار | 1991 | فەرهاد چەلەبی و هەڵوێستی خومەینی |
| 69 | ڕۆژانرۆژ | گۆڤار | 1991 | ئەحمەد سلێمان ئیجە / پارتی سۆسیالیستی کورد لە سووریا |
| 70 | هەڵبەندی-التحالف | ڕۆژنامە | 1992 | هەڵبەندی دیموکراتی کورد لە سووریا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 71 | شۆرەش | رۆژنامە | 1992 | حزبی شیوعی کوردستان-سوریا/ریکخستنەکانی ناوچەی 2 |
| 72 | ئاسۆ | گۆڤار | 1992 | سیاسەت، ئیرادەیەکی بەدیلسەلام داری، ع. حەفیز عەبدولرەحمان |
| 73 | سوالنیم | گۆڤار | 1993 | دەستەیەک رۆشنبیری کورد |
| 74 | پەرەن | گۆڤار | 1993 | پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا |
| 75 | الحوار | گۆڤار | 1993 | پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا |
| 76 | یەکێتی-الوحدة | رۆژنامە | 1993 | پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا |
| 77 | بهار | گۆڤار | 1994 | هەڤبەندی دیموکراتی کورد لە سوریا |
| 78 | بن خەتێ | بڵاوکراوە | 1994 | کۆمەڵەی رۆژنامەوانی کوردستان / لقی دمەن |
| 79 | نەورۆز | بڵاوکراوە | 1995 | پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا |
| 80 | دەلاڤ | رۆژنامە | 1995 | دەستەیەک رۆشنبیر |
| 81 | دەنگ | رۆژنامە | 1995 | پارتی هەڤگرتنی گەلی کورد و پاشان پارتی ئازادی کورد لە سوریا |
| 82 | رەوشەنبیر | رۆژنامە | 1995 | دەستەیەک رۆشنبیری سەربەخۆ |
| 83 | دونیا | گۆڤار | 1995 | دەستەیەک رۆشنبیری رۆژئاوای کوردستان لە ئەوروپا |
| 84 | الیراس | گۆڤار | 1996 | پارتی چەپی کورد لە سوریا و لە 2005 بە دوا پارتی ئازادی کەس |
| 85 | الاتحاد | گۆڤار | 1996 | خانەی کورد یەکی بۆ چاپەمەنی/ سەربە ریکخستنەکانی پەکەکە |
| 86 | خوێندەکار | رۆژنامە | 1997 | رۆستەم هەمزە، رۆگەش بەدرخان، خەلیل ئەحمەد |
| 87 | یەکێتی | رۆژنامە | 1997 | پارتی یەکێتی کورد لە سوریا |
| 88 | الجدل | گۆڤار | 1998 | پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا |
| 89 | قضایا و حوارات | گۆڤار | 1998 | پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 90 | رۆژنا | گۆڤار | 1998 | پارتی کۆنگرانی کوردستان/ڕێکخستنەکانی ڕۆژئاوا |
| 91 | دەنگی کورد | ڕۆژنامە | 1998 | (پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا/باڵی محەممەد نەزیر مستەفا) |
| 92 | دەنگی کورد | ڕۆژنامە | 1998 | (پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا/باڵی نەسرەدین ئیبراهیم) |
| 93 | التنظیم العربی الکردی | ڕۆژنامە | 1998 | پارتی دیموکراتی نیشتمانی کورد لە سوریا |
| 94 | النیر | گۆڤار | 1998 | هەڤبەندی دیموکراتی کورد لە سووریا-ئیتتیحاد |
| 95 | خابور | باڵوکراوە | 1998 | پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا-ڕێکخراوی جزیرە |
| 96 | الخطوة | گۆڤار | | پارتی هەڤکاری ناوخۆی کورد لە سوریا (یەکسا) |
| 97 | الجبهة | ڕۆژنامە | | بەرەی دیموکراتی کورد لە سووریا |
| 98 | بینار | باڵوکراوە | | بزوتنەوەی ڕوناکبیرانی کورد لە سوریا |
| 99 | کونگرە-المؤتمر | ڕۆژنامە | | کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان-ڕۆژئاوا/ئەوراد مەلا |
| 100 | پیشڕەو | گۆڤار | | پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا-ڕێکخستنی ئەوروپا |
| 101 | دەنگی ژیان-صوت الحیاة | گۆڤار | 1999 | بەڕێکەوتنامە-کۆما ژینێن ڕۆژئاڤا کوردستان |
| 102 | محضاضة | گۆڤار | 1999 | دەستەیەک ڕوشنبیری ڕۆژئاوای کوردستان لە ئەوروپا |
| 103 | سبا (سەبا) | ڕۆژنامە | 2000 | دەستەیەک خوێندکاری ڕۆژئاوای کوردستان |
| 104 | زەلی | گۆڤار | 2001 | ئەرشەفی نووسکان |
| 105 | پەروان | باڵوکراوە | 2001 | کۆمەڵەی لاوانی کورد لە سوریا |
| 106 | الرای الحر | گۆڤار | 2002 | لایەنێکی سیاسی کورد لە ڕۆژئاوا |

هەوالنامەی کتێب

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 107 | هلویست (هەڵوێست) | گۆڤار | 2002 | ئایدیۆلۆژی سیاسی کورد لە رۆژئاوا |
| 108 | پەیڤ | گۆڤار | 2002 | یەکێتی نووسەرانی کوردستان-رۆژئاوا (ئەڵمانیا) |
| 109 | نووجوان | گۆڤار | 2002 | پارتی ژنانی ئازاد-ڕێکخستنی رۆژئاوا (ئایینەت بە مندالان) |
| 110 | خوێندەکانا نوو | گۆڤار | 2002 | دەستەیەک خوێندکاری کوردی زانکۆکانی دیمەشق و حەڵەب |
| 111 | ریگاگەل - طریق الشعب | ڕۆژنامە | | پارتی چەپی کورد لە سووریا/باڵی بەرە |
| 112 | کاوەی ڕوشنبیری | گۆڤار | | بنکەی کاوەی ڕوشنبیری/سەربەرشتی: سەڵاح بەدرەدین |
| 113 | روژ - الشمس | بڵاوکراوە | | پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا/لێژنەی ناوچەی جزیرە (باڵی م. تەزیر) |
| 114 | هەڵپەت | گۆڤار | 2004 | دەستەیەک ڕوشنبیر |
| 115 | زمان | بڵاوکراوە | 2004 | کۆمیتەی فێربوونی زمانی کوردی |
| 116 | ئۆفاق-ریگەفتن | ڕۆژنامە | 2004 | ڕێکەفتنی دیموکراتی کوردی لە سووریا |
| 117 | ئەیلان | گۆڤار | 2005 | دەستەیەک ڕوشنبیری سەربەخۆ |
| 118 | ڕۆژی الحریة | ڕۆژنامە | 2005 | بەیاری ئازادی کوردستانی سووریا (سلێمانی) |
| 119 | هاواری نوێ | گۆڤار | 2005 | بنکەی کاوەی ڕوشنبیری/سەربەرشتی: سەڵاح بەدرەدین |
| 120 | المستقبل-ڕۆژەڤ | ڕۆژنامە | 2005 | بەیاری دوارۆژی کورد لە سووریا (تیار المستقبل) |
| 121 | الامل-هیڤی | ڕۆژنامە | 2005 | شەڵاڵ گەنو |
| 122 | ئازادی | ڕۆژنامە | 2005 | پارتی ئازادی کورد لە سووریا |
| 123 | ئازار | | | پارتی کرێکارانی کوردستان/ڕێکخستنەکانی ڕۆژئاوا |
| 124 | وەکهەڤی | ڕۆژنامە | 2006 | پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا/ڕێکخستنی حەڵەب/ باڵی شێوێ باقی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 125 | اتحاد الدیمقراطی | رۆژنامە | 2006 | پارتی یەکێتی دیموکراتی - PYD |
| 126 | سوریەی | گۆڤار | 2006 | بوومینگی چوارچرا بۆ رۆشنبیری کوردی لە سووریا |
| 127 | تورکیش | گۆڤار | 2006 | هەڤکرتنا رەوشەنبیرین کوردین رۆژئاڤا ل دەرڤەیا ئەلمانیا |
| 128 | ئین | گۆڤار | 2006 | دەستەیەک رۆشنبیری سەربەخۆ |
| 129 | دار-العدالة | رۆژنامە | 2006 | ڕێکخراوی کورد بۆ پارێزتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی گشتی لە سووریا |
| 130 | نرهص (نورکز) | گۆڤار | 2006 | دەستەیەک رۆشنبیری سەربەخۆ |
| 131 | رووناک | گۆڤار | 2006 | ؟ |
| 132 | گەنجایی البیئة | گۆڤار | 2007 | ڕێکخراوی سەوزی ژینگە پارێزلقامشلو |
| 133 | هەلەز | گۆڤار | 2007 | دەستەیەک رۆشنبیری سەربەخۆ |
| 134 | نارمانج | بلاوکراوە | | بڵاوکراوەی رۆشنبیرانی کورد لە سووریا |
| 135 | نوودەم | گۆڤار | | دەستەیەک رۆشنبیر |
| 136 | بەربانگ | بلاوکراوە | | ڕێکخراوی ڕێکەفتنی لاوانی کورد لوفاق |
| 137 | کیژان | گۆڤار | | لاوکی مەجی و مەهدی داود |
| 138 | الدیموقراطی | رۆژنامە | | پارتی دیموکراتی پێشکەتنوخوازی کوردیانی هەزیز داود |
| 139 | وەکهەلی-السماوة | رۆژنامە | 2008 | پارتی وەکهەلی کورد لە سووریا |
| 140 | 12 ئادار | رۆژنامە | 2008 | دەستەیەک رۆشنبیر |
| 141 | شانیدار | رۆژنامە | 2008 | ڕێکخستنی خوێندکارانی پ.د.ک-سووریا بۆ ئاڵی مەبدولرەحمان ئالوجی |
| 142 | کوردەاخ بۆ چاند و دیالۆگی ئەلمانیا | رۆژنامە | 2008 | کوردەاخ بۆ چاند و دیالۆگی ئەلمانیا |
| 143 | ژار | گۆڤار | 2008 | کۆمیتەی فیرجوونی زمانی کوردی |
| 144 | ئەمێل | گۆڤار | 2008 | بڵاوکراوەی لاوانی دیموکراتی لە رۆژئاوای کوردستان ئکەیەکە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 145 | هۆکر | گۆڤار | 2008 | ئەنجەد عەبدولرەحمان عوسمان |
| 146 | ماف | یاڵۆکراوە | 2008 | ریکخراوی مافی مرۆف لە سووریا-ماف |
| 147 | دیموکراتی | رۆژنامە | 2008 | پارتی دیموکراتی پێشکەوتوخوازی کورد لە سووریا/باڵی حەمید دەروێش |
| 148 | شیلان | گۆڤار | 2009 | کۆمەڵەکانی کوردستان/رۆژئاوا |
| 149 | بانگی وڵات | گۆڤار | 2009 | دەستەیەک رۆشنبیری کورد |
| 150 | زەمین | گۆڤار | 2009 | ریکخراوی کورد بۆ پارێزتنی مافەکانی مرۆف و ئازادی گشتی لە سووریا |
| 151 | Kurds Voice | رۆژنامە | 2009 | پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا : باڵی بەشار حەکیم |
| 152 | دەنگی دیموکراتی | رۆژنامە | 2009 | پارتی دیموکراتی پێشکەوتووی کورد لە سووریا |

# لە نێوان باڵەکانی (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا) زیاتر لە دوازدە رۆژنامەی (دەنگێ کورد) ۱۹۵۹-۲۰۰۹

دەربارەی مێژووی یەکەم رۆژنامەی سیاسی لە بەشی رۆژئاوای کوردستان تا ئێستا هیچ شتێکی راست و دروست نەنووسراوە. من لێرەدا نامەوێ لەسەر ناوەرۆکی خەباتی سیاسی پارتە سیاسییەکانی ئەوێ بدوێم، ئەوەی مەبەستمە دەرخستنی چەند راستییەکە لە بارەی پەنجا ساڵەی رۆژنامەوانی حزبیدا (۱۹۵۹-۲۰۰۹) کە لەم بەشەی کوردستان هاتۆتە ئاراوە. مەبەستی سەرەکی بابەتەکەشم رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**ەکە کە یەکەم رۆژنامەی سیاسی حزبییە لەم بەشەی کوردستاندا. بەهۆی چەندین جار پارچەبوون و لێک جیابوونەوەی **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)** بۆ باڵی چەپ و راست و باڵی دەستە و تاقمی جیاواز، رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**یش چەندین جار پارچەبووە و هەر باڵێک ولەلای خۆیەوە بەجۆرێک درێژەی بە دەرچوونی داوە. بە پێی لێکۆڵینەوەی من تا ئێستا زیاتر لە دوازدە (۱۲) رۆژنامە بەناوی **(دەنگێ کورد)** لەلایەن باڵە جیاوازەکانی ئەم پارتییەوە دەرچوونە، جگە لە **(دەنگێ کورد)** نموونەی پارچەبوون لە رۆژنامەوانی کوردیدا زۆرن. هەر لە رۆژئاوای کوردستاندا زیاتر لە دوو گۆڤار بەناوی **(گەلاوێژ)** دەرچوونە. دوو رۆژنامە بەناوی **(ریگاگەل)** دەرچوونە، دوو رۆژنامە بەناوی **(دیموکراتی)** دەرچوونە....هتد.

دیارە پارچەبوونی پارت و رێکخراو و کۆمەڵە سیاسی و رۆشنبیرییەکان لەگەڵ خۆیاندا پارچەبوونی دامەزراوەی رۆژنامەوانی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیشی لێکەوتۆتەوە. ئەمە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا رووێداوە، نموونە لە باشووری کوردستاندا لە ساڵانی ۱۹۵۰ بۆ ماوەیەک دوو رۆژنامەی **(رزگاری)**

دەرچوونە. لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ ماوەیەک دوو رۆژنامەی (خەبات) دەرچووە، هەر ئێستا دوو رۆژنامە بەناوی **(ئاڵای ئازادی)** و دوو گۆڤار بە ناوی **(ڕێگا)** دەردەچن. لە نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بە هەمان شێوە، کە دواییین نموونەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٧ بەدوا، کاتێک کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو بە دوو باڵ، تەواوی چاپەمەنییەکانیشیان بوون بە دوو چاپەمەنی، کە لە یەک کاتدا دوو رۆژنامەی **(کوردستان)** و دوو گۆڤاری **(ژنان)** و دوو گۆڤاری **(دنیای منداڵان)** و دوو رۆژنامەی (ئاگری) و چەندان بڵاوکراوەیتریان بە هەمان شێوە و لەسەر زنجیرەی خۆیان ببوون بە دووان!

من لەم لێکۆڵینەوەیەمدا هەوڵم داوە دیرۆکی یەکەم رۆژنامە بەناوی **(دەنگێ کورد)** و رۆژنامەکانی **(دەنگێ کورد)**ی هەموو باڵە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان یەکلا بکەمەوە، چونکە هەر ئێستا **(ساڵی ٢٠٠٩)** لە بەشی باشووری رۆژئاوای کوردستاندا زیاتر لە هەشت رۆژنامە دەردەچن، کە خۆیان بە دریژکراوەی رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**ی ساڵی ١٩٥٩ دەزانن!. لەو هەشت رۆژنامەیە، چواریان هەر بەناوی **(دەنگێ کورد)** لەلایەن چوار پارت بە ناوی **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)** دەردەچن، ئەوانیتریش بە ناوەکانی **(هەڤگرتنا گەل)** و **(دیموکراتی)** و **(وەکهەڤی)**....! دەردەچن، هەموو ئەم رۆژنامانەش زنجیرەی دەرچوونی ژمارەکانیان بە دریژکراوەی ژمارەکانی **(دەنگێ کورد)**ی ١٩٥٩ دەزانن کە دواتر بەهۆکاری سیاسی و هزری لەگەڵ گۆڕینی ناوی باڵەکانی پارتەکە، ناوی ئۆرگانەکەشیان کە **(دەنگێ کورد)** بووە گۆڕیوە!

**یەکەم:** پارتی سیاسی کورد **(پارتی دیموکراتی کوردستان/ سوریا)**

**(پارتی دیموکراتی کوردستان/سوریا)** بە یەکەم پارتی سیاسی کوردی دەناسرێت لە بەشی ڕۆژئاوای کوردستان. دیارە بەر لەم پارتییە چەند ڕێکخراوێکی دیکەی کوردی لەم بەشەی کوردستان دامەزراون، کە چالاکییەکانیان زۆر سنووردار ببووە و خاوەنی هیچ بڵاوکراوە و ئۆرگانێک نەبوونە، وەک: **(کۆمەڵەی ئازادی و یەکێتی کوردستان)** لە ساڵی ١٩٤٦، **(کۆمەڵەی پشتگیری ئاشتی)** لە ساڵی ١٩٥٠، **(گروپی ئازادی)** لە ساڵی ١٩٥٧.

دوای دامەزراندنی **(پارتی دیموکراتی کوردستان / سوریا)** لە ڕۆژی ١٩٥٧/٦/١٤ لەلایەن **(نورەدین زازا، عوسمان سەبری، هەمزە نویران، ڕەشید حەمۆ، شێخ محەممەد عیسا، شەوکەت حەنان، خەلیل محەممەد، حەمید دەورێش، محەممەد عەلی خۆجە)** و پاشان سازکردنی یەکەمین کۆنگرەی پارتییەکە لە ڕۆژی ١٩٥٧/٨/٥ کە نورەدین زازا بە سەرۆک و عوسمانی سەبری بە سکرتێر هەڵبژێردران و بڕیاری دەرچوونی یەکەمین ئۆرگان دراوە بەناوی **(دەنگێ کورد)**. ساڵی ١٩٥٨ ناوی ئەم پارتە گۆڕدرا بۆ **(پارتی دیموکراتی کوردێن سوریا)** و لە ساڵی ١٩٦٢ بوو بە **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)**. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥ ئەم پارتە بەچەند هۆکارێکی سیاسی و هزری بوو بە دوو پارچەی جیاواز، پارچەی یەکەم بە **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا / باڵی چەپ)** دەناسراو، پارچەی دووەم بە **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/ باڵی ڕاست)** دەناسرا. بەهۆی ئەم پارچەبوونەوەش ڕۆژنامەکەش بووەتە دوو ڕۆژنامە. دواتر لە ماوەی نێوان ١٩٧٠-٢٠٠٧ چەندین جار بەهۆکاری سیاسی و ناوخۆیی باڵەکانی ئەم پارتە بوونەتە چەندین باڵ و پارچەیتری جیاواز و هەریەکەیان بە جیاواز بەردەوام بووە لە ژیانی سیاسی و هەریەکێکیش لە باڵەکان لەلای خۆی بەردەم بوونە لە دەرچوون و دریژەدان بە ڕۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**ی ئۆرگانی ناوەندی پارتەکە. بەهۆی جیاوازی لە ناوەڕۆک و لە خاوەنەکانیان، منیش ڕۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**ی هەموو باڵەکانی پارتەکەم بە پەرەگرافی جیاواز ئاماژە پێکردووە، کە هەموو

**(دەنگێ کورد)**ەکان خۆیان بەدرێژکراوەی یەکەم ژمارەکەی رۆژنامەی دایک **(دەنگێ کورد)**ی ساڵی ١٩٥٩ ناساندووە.

**(دەنگێ کورد)ی یەکەم (رۆژنامەی دایک):**

ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمی **(دەنگێ کورد)** وەک **(ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردێن سوریا)** لە ساڵی ١٩٥٩ بە زمانی کوردی "کورمانجی ژووروو" و رێنووسی لاتینی دەرچووە. بابەتەکانی ئەم ژمارەیە لە لایەن نوورەدین زازا و عوسمان سەبری و رەشید حەمۆ نووسراون. ژمارە (٢)ی دەنگێ کورد بە کوردی لە ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن رەشید حەمۆ و حەمید حاجی دەرویش بە تایپ ئامادەکراوە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ بە پێوانەی ٢ لاپەڕە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ژمارە (٣)ی بە کوردی لە مانگی ١٩٦٠/٣ دەرچووە، یەکەم ژمارەی بە زمانی عەرەبی لە مانگی ١٩٦٣/٧ دەرچووە. ژمارە (٦)ی بە کوردی لە مانگی ١٩٦٣/١٢ دەرچووە، ژمارە (٧)ی بە کوردی لە مانگی ١٩٦٤/١ دەرچووە، ژمارە (٨)ی بە کوردی لە مانگی ١٩٦٤/٣ چاپکراوە و بەهۆی گرتنی (عوسمان سەبری و رەشید حەمۆ) لە حەلەب نەتوانراوە هەمووی بڵاوبکرێتەوە. بە رێگای نووسەران و رۆشنبیران و پارتە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان زۆرم هەوڵدا نموونەی یەکێک لە ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە ببینم، بەڵام تا نووکە هیچ وێنە و نموونەیەکیم دەستم نەکەتووە!

**(دەنگێ کورد)ی دووەم (باڵی چەپ-هەڤگرتنا گەل):**

دوای دابەشبوونی **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)** بۆ باڵەکانی **(چەپ)** و **(راست)** لە کۆنفرانسی رۆژی ١٩٦٥/٨/٥ باڵی چەپ بە رێبەرایەتی **(عوسمان سەبری و سەلاح بەدرەدین)** ناوی خۆیان گۆڕیوە بۆ **(پارتی دیموکراتی چەپی کورد لە سوریا)** و لەسەر ناوی ئەم پارتییە درێژەیان بە دەرچوونی رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**ی ١٩٥٩ داوە. سەرجەم ژمارەکانی ئەم قۆناخە بە زمانی عەرەبی دەرچوونە و ناو بەناو بابەتێک یان لاپەڕەیەک یان چەند لاپەڕەیەکی کەم بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە. ئەم **(دەنگێ کورد)**ی باڵی چەپ هەمووی گەیشتووە بە ژمارە (٦٩)، لە دوای سازکردنی کۆنگرەی چوارەمی پارتییەکە لە مانگی ١٩٧٥/١ بڕیاری گۆڕینی ناوی رۆژنامەکە دراوە لە **(دەنگێ کورد)**ەوە بۆ **(هەڤگرتنا گەل)** ئیدی لە ژمارە (٧٠) بە دوا کە لە ساڵی ١٩٧٥ دەرچووە بەناوی **(هەڤگرتنا گەل)** لە سەر زنجیرەی ژمارەکانی رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)** رۆیوە. ئەم رۆژنامەی **(هەڤگرتنا گەل)** تا ئێستاش بەردەوامە لە دەرچوون و زنجیرەی ژمارەکانی خۆی بە درێژکراوەی زنجیرەی رۆژنامەی دەنگێ کوردی ١٩٥٩ زانیوە.

**(دەنگێ کورد)ی سێیەم (باڵی راست-دیموکراتی):**

لە دوای دابەشبوونی پارتەکە لە ١٩٦٥ باڵی راستڕەوەی پارتەکە بەرێبەرایەتی **(حەمید دەرویش و رەشید حەمۆ)** تا ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٦٦ درێژەی بە دەرچوونی رۆژنامەی (دەنگێ کورد) داوە. لە هەمان ساڵدا لەسەر پێشنیاری رەشید حەمۆ ناوەکەی لە (دەنگێ کورد)ەوە گۆڕدراوە بۆ رۆژنامەی **(الدیموقراطی –دیموکراتی)** کە ژمارە (١٨) یەکەم ژمارەی **(دیموکراتی)**یە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٦٦ دەرچووە. ئەمەشیان وەک رۆژنامەی **(هەڤگرتنا گەل)**ی باڵی چەپ لە سەر زنجیرەی (دەنگێ کورد) رۆیوە و خۆی بە درێژە پێدەری **(دەنگێ کورد)**ەکەی ١٩٥٩ زانیوە، کە دواتر ئەم باڵەی پارتەکە لە ساڵی ١٩٧٦ ناوی خۆیان کرد بە **(پارتی دیموکراتی پێشکەوتوخوازی کورد لە سویا)** و رۆژنامەکەشیان **(دیموکراتی)** تا ئێستاش (٢٠٠٩) بەردەوامە لە دەرچوون.

**(دەنگێ کورد)ی چوارەم:**

ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ بە مەبەستی لە یەک نزیک

کردنەوەی باڵەکانی پارتەکە بە هەوڵی چەند کەسایەتییەکی کورد و ناردنی نامە بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی باشوور، لە رۆژی ١٩٧٠/٨/٢٣ لە ناوچەی ناوپردان-ی چۆمان لە باشووری کوردستان لە ژێر چاودێری مەلا مستەفا بارزانی کۆنگرەی نیشتیمانی و یەکێتی لە پێناو یەکێتی ریزەکانی ناوی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا سازکراوە. لە کۆنگرەکەدا ژمارەیەک لە ئەندامانی باڵی چەپ و ئەندامانی باڵی راستی پارتەکە و ژمارەیەک ئەندامیش لە کەسایەتییە نیشتمانییەکانی رۆژئاوای کوردستان بەشداریان لە کۆنگرەکەدا کردووە. لە کۆنگرەکەدا بە ریبەرایەتی **(دەهام میرۆ)**ی کەسایەتی رۆژئاوای کوردستان **(سەرکردایەتی کاتی)** بۆ پارتییەکە هەڵبژێردراوە کە پێکهاتبوو لە نوێنەرانی هەردوو باڵەکە و ژمارەیەک لە کەسایەتییە سەربەخۆکان، بەڵام دوای ئەم کۆنگرەیە و گەڕانەوەی ئەندامانی کۆنگرە بۆ رۆژئاوای کوردستان، باڵەکان دووبارە لە یەک دوورکەوتوونەتەوە و هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە بەجیا درێژەیان بە کارەکانیان داوە. لەو نێوەندەدا لە هەمان ساڵدا باڵی سێیەمی پارتەکە وەک **(سەرکردایەتی کاتی)** بە ریبەرایەتی دەهام میرۆ سەریهەڵدا و لە ساڵی ١٩٧٢ **(سەرکردایەتی کاتی)** یەکەمین کۆنگرەی خۆیان سازکردووە و دەهام میرۆ بووەتە سکرتێری پارتەکە. ئەم باڵەش لە ساڵی ١٩٧٠ بە دوای کۆنگرەکەی ناوپردان لە خوولێکی نوێدا لە ژمارە (١)ەوە دەستیکردۆتەوە بە دەرچوونی رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)** کە خۆی بە درێژە پێدەری هەمان **(دەنگێ کورد)**ی ١٩٥٩ زانیوە. ژمارە (١)ی رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)** لە مانگی ١٩٧٠/١١ دەرچووە لەسەر ئەم ژمارەیە نووسراوە: **(ئۆرگانی سەرکرایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)**، ژمارە (١٥) لە کۆتایی مانگی ١٩٧٣/٧ دەرچووە و لەسەر ئەم ژمارەیە نووسراوە: **(ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا /پارتی)**. ژمارە (١٦)ی لە کۆتایی مانگی ١٩٧٣/٨ دەرچووە، ژمارە (١٧)ی لە کۆتایی مانگی ١٩٧٣/٩ دەرچووە، ژمارە (١٩)ی لە کۆتایی مانگی ١٩٧٣/١٢ دەرچووە، ژمارە (٢٠)ی لە سەرەتای مانگی ١٩٧٤/٣ دەرچووە، ژمارە (٢١)ی لە سەرەتای مانگی ١٩٧٤/٤ دەرچووە.




**(دەنگێ کورد)ی پێنجەم:**

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)** جارێکیتر

دوو پارچەی لێ جیابۆوە پارچەی یەکەم کە بە **(العقاریون)** ناسرابوون بە رێبەرایەتی حەمید سینۆ (١٩٤٠-١٩٨٤/١٠/١٦) سکرتیری گشتی پارتی و هەریەک لە مەلا مەحمود سەبری و جەمیل حاجۆ درێژەیان بە پارتەکەداوە. کە دواتر **(ئەلیاس رەمکۆ)** بووەتە سکرتێری پارتەکە و لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواش کەمال ئەحمەد ئاغا **(١٩٣٩ سەرێ کانی - ١٩٩٦/١١/٣ ڕێگای حەسەکە-قامشلۆ)** بووەتە سکرتێری گشتی ئەم پارتییە. ئەم باڵەی پارتەکەش هەر لە ساڵی ١٩٧٥ەوە درێژەیان بە دەرچوونی رۆژنامەی دەنگێ کورد-ی١٩٥٩ داوە کە ژمارە: (٤٦)ی لە مانگی ١٩٧٨/٣ دەرچووە، ژمارە: (٧٧)ی لە مانگی ١٩٨١/٢ دەرچووە.

**(دەنگێ کورد)ی شەشەم:**

دووەم باڵ کە ساڵی ١٩٧٥ لە پارتەکەی دەهام میرۆ **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)** جیابۆتەوە. لە ڕۆژی ١٩٧٥/٦/١٥ بەرێبەرایەتی **(محەممەد شێخ باقی ١٩٣٦ گوندی تەل ئەیلول/ دەرباسیە ١٩٣٦ - دووشەممە ٢٠٠٨/٥/٥ دیمەشق)** کۆنفرانسی گشتی پارتەکەیان سازکردووە. لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە **(جەمال شێخ باقی)** بووەتە سکرتێری ئەم پارتییە. یەکەم ژمارەی **(دەنگێ کورد)**ی ئەم باڵە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ بڵاوکراوەتەوە و خۆی بە درێژەپێدەری ڕۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**ی ١٩٥٩ زانیوە. لەسەر ئەم ڕۆژنامەیە نووسراوە **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا P.D.K.S دەریدەکات)**. ژمارە: (١٢٦)ی لە مانگی ١٩٩٢/١١ دەرچووە، ژمارە: (٢٠١)ی لە مانگی ٢٠٠٣/١ دەرچووە، ژمارە: (٢١٩)ی لە سەرەتای مانگی ٢٠٠٧/١١ دەرچووە، ژمارە: (٢٢٠)ی لە مانگی ٢٠٠٨/٦ بە ١٢ لاپەڕە دەرچووە، ژمارە: (٢٢١)ی لە مانگی ٢٠٠٨/٧ بە ١٢ لاپەڕە دەرچووە و تا ئێستا ناو بەناو بەردەوامە لە دەرچوون. لە چەند ژمارەیەکدا وێنەی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

**(دەنگێ کورد)ی هەوتەم:**

لە مانگی ١٩٨١/١٠ پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا کە سکرتێرەکەی **(کەمال ئەحمەد ئاغا)** بوو، باڵێکی نوێ بە سەرکردایەتی **(محیدین شێخ ئالی ١٩٥٣ عەفرین)** ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ڕێکخستنی پارێزگای حەلەب بە هەمان ناوی **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)** جیابوونەوەتەوە و وەک پارتیەکەی کەمال ئەحمەد ئاغا ئەمانەش لەلای خۆیان تا ساڵی ١٩٨٣ بە جیا درێژەیان ڕۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**داوە. ساڵی ١٩٨٣ کاتێک پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا بە رێبەرایەتی **(محیدین شێخ ئالی)** ناوی خۆیان گۆڕی بۆ **(پارتی**

**کاری دیموکراتی کورد لە سوریا)** و لە جیاتی رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)** رۆژنامەی **(کار-العمل)**یان لە حەلەب دەرکردووە. کە رۆژنامەی **(کار)**یش لە ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**ی هەشتەم یەکیانگرتووە و رۆژنامەی **(یەکبوون)**یان دەرکردووە.

**(دەنگێ کورد)ی هەشتەم:**

ساڵی ١٩٨٨ باڵێکیتر بە ناوی **(کۆنگرەی نا ئاسایی - پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)** بە سەرۆکایەتی ئیسماعیل عومەر لە پارتیەکەی **(کەمال ئەحمەد ئاغا)** جیابۆتەوە و چەند ژمارەیەکی کەمیان لە رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)** دەرکردووە. لە ساڵی ١٩٩٠ ئەم باڵە لەگەڵ پارتیەکەی **(محیدین شێخ ئالی)** یەکیانگرتووە و **(پارتی دیموکراتی کوردی یەکبووی لە سوریا/ یەکبوون)**یان دامەزراندووە. لەبەر ئەوەش دەرچوونی رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)ی ئەم باڵە لە دەرچوون وەستاوە و لە جیاتی ئەم (دەنگێ کورد)**ە رۆژنامەی **(یەکبوون)** دەرچووە.

**(دەنگێ کورد)ی نۆیەم:**

دوای ئەوەی **(کەمال ئەحمەد ئاغا)**ی سکرتێری یەکێک لە باڵەکانی **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)** لە ساڵی ١٩٩٦ بە کارەساتی ئۆتۆمبیل لە رێگای نێوان قامشلۆ-حەسەکە کۆچی دواییکردووە، ناکۆکی کەوتۆتە ناو رێبەرانی ئەم باڵەی پارتەکە. لە ئەنجامدا ئەم باڵەش بۆ چەندەمین جار بووەتە دوو باڵیتری جیاواز. باڵی یەکەم لەلایەن **(محەممەد نەزیر مستەفا ١٩٣٩ مالکیە - ٢٠٠٨/١٢/٢٢ سوریا)** درێژەی بە پارتەکە داوە بەناوی **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/ئەلپارتی)**. دوای کۆچی دوایی **(محەممەد نەزیر مستەفا)** ئەمجارە **(دکتۆر حەکیم بەشار)** لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ بەدوا بووەتە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ئەم باڵە سیاسیەی پارتەکە. ئەم پارتیەش لەسەر زنجیرەی رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**ی پارتیەکەی **(کەمال ئەحمەد ئاغا)** درێژەی بە دەرچوونی رۆژنامەی دەنگێ کورد-ی ١٩٥٩ داوە. لەسەر ئەم رۆژنامەیە نووسراوە: **(رۆژنامەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا / ئەلپارتی)**. ژمارە: (٤٠٠)ی لە مانگی ٢٠٠٨/٣ دەرچووە، ژمارە: (٤٠٢)ی لە مانگی ٢٠٠٨/٥ بە ٢٠ لاپەڕە دەرچووە. ژمارە: (٤٠٦)ی لە مانگی ٢٠٠٨/٩ دەرچووە، ژمارە: (٤٠٩)ی لە مانگی ٢٠٠٨/١٢ بە ٢٤ لاپەڕەی نیو فۆلسکاب دەرچووە، ژمارە: (٤١٩)ی لە مانگی ٢٠٠٩/١٠ دەرچووە. هەروەها ئەمانە ژمارە (٠)ی رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**یان بە زمانی ئینگلیزی لە مانگی ٢٠٠٩/٤ بڵاوکردۆتەوە.

**(دەنگێ کورد)ی دەیەم:**

دوای کۆچی دوایی **(کەمال ئەحمەد ئاغا)** باڵی دووەمی پارتەکە لە ساڵی ١٩٩٨ بە رێبەرایەتی **(نەسرەدین ئیبراهیم)** بەناوی **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/ئەلپارتی)** درێژەیان بە ناوی پارتیەکە و رۆژنامەی **(دەنگێ کورد)** داوە کە ئەمانەش خۆیان بە درێژکراوەی پارتیەکەی **(کەمال ئەحمەد ئاغا)** زانیوە و لەسەر رۆژنامەکە نووسراوە: (ئۆرگانی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا **(الپارتی)**. ئەم پارتیە سەربە **(هەڤبەندی-التحالف)** بوو. ژمارە: (٣٢٣)ی لە مانگی ٢٠٠١/٩ دەرچووە، بەگوێرەی ژمارە: (٣٢٤)ی ٢٠٠١/١٠، ژمارە: (٣٣٧)ی لە مانگی ٢٠٠٢/١١ دەرچووە، ژمارە: (٣٤٦)ی لە مانگی ٢٠٠٣/٨ دەرچووە، ژمارە: (٣٦٦)ی لە مانگی ٢٠٠٥/٤ دەرچووە، ژمارە: (٣٨٥)ی لە مانگی ٢٠٠٦/١١ دەرچووە، ژمارە: (٣٩٠)ی لە مانگی ٢٠٠٧/٤ دەرچووە، ژمارە: (٤٠٠)ی لە مانگی ٢٠٠٨/٢ دەرچووە و بەبۆنەی دەرچوونی ژمارە (٤٠٠) لە نووسراوێکدا ئەم رۆژنامەیە خۆی بە درێژکراوەی هەمان **(دەنگێ کورد)**ی ١٩٥٩ داندراوە کە لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرانی پارتیەکە لە ١٩٥٧ بڕیاری دەرچوونی درابوو. ژمارە: (٤١٩و٤٢٠)ی لە مانگی ٢٠٠٩/١٠و٩. سەرجەم ژمارەکان لە نێوان ٨-١٢ لاپەڕەی فۆلسکابن.

**(دەنگێ کورد)ی یازدەیەم:**

ساڵی ٢٠٠٧ باڵێکیتر بەناوی **(پارتی دیموکراتی کوردی-سوریا PDK-S)** بە ڕێبەرایەتی **(عەبدولڕەحمان ئالوجی)** لە پارتیەکەی **(نەسرەدین ئیبراهیم)** جیابۆتەوە. ئەمانەش لەسەر هەمان زنجیرە دریژەیان بە ڕۆژنامەکە داوە بەناوی **(دەنگێ کورد-صوت الکرد)** کە لەسەر ڕۆژنامەکە نووسراوە **(ڕۆژنامەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردی-سوریا PDK-S)** ژمارە: (٣١٦)ی لەمانگی ٧و٢٠٠٧/٨ دەرچووە، ژمارە: (٣٤٠)ی مانگی ٢٠٠٩/٨ دەرچووە، ژمارە: (٣٤٢)ی لە مانگی ٢٠٠٩/١٠ بە ١٦ لاپەڕە دەرچووە. سەرجەم ژمارەکانی نێوان ٢٠٠٧-٢٠٠٩ کە من دیومن ١٦ لاپەڕەی فۆلسکابن. ناو بەناو بە ڕێژەیەکی کەم وێنەی تێدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم پارتیەش وەک پارتیەکەی نەسرەدین ئیبراهیم خۆی بە ئەندامی **(هەڤبەندی-التحالف)** ناساندووە و **(کەمال ئەحمەد ئاغا)**یان بە سکرتێری گشتی پێشووی پارتەکەی خۆیان زانیووە. هەروەها ڕۆژنامەکەشیان بە دریژکراوەی ڕۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**ی ١٩٥٩ زانیوە.

**(دەنگێ کورد)ی دوازدەیەم (وەکهەڤی):**

دوای یەکەم پارچەبوونی پارتەکە لە ساڵی ١٩٦٥ بۆ باڵەکانی ڕاست و چەپ. باڵی ڕاست کە ناوی **(دەنگێ کورد)**یان گۆڕی بۆ **(دیموکراتی)** دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ ناوی خۆشیان گۆڕی بۆ **(پارتی دیموکراتی پێشکەتووخوازی کورد)**، لە ساڵی ١٩٩٢ باڵێک لە م پارتیە جیابۆوە لە ساڵی ٢٠٠٨یش باڵە جیابۆوەکەی ئەم پارتیە بەناوی خۆیان وەک **(پارتی وەکهەڤی دیموکراتی کورد لە سوریا)** ڕاگەیاند و ڕۆژنامەی ناوەندیشیان بەناوی **(وەکهەڤی)** دەرکردووە. ژمارە: (٤١٤)ی **(وەکهەڤی)** لە مانگی ٢٠٠٨/٥ دەرچووە، کە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەیە و لە لاپەڕە یەک و دووی ئەم ژمارەیەدا خۆی بە دریژە پێدەری ڕۆژنامەی **(دەنگێ کورد)** داناوە و، زنجیرەی ژمارەکانیشی بە دریژە پێدەری یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**ی ١٩٥٩ داناوە!

**(دەنگێ کورد)یێکی نەناسراو!؟**

کلێشەی (دەنگێ کورد)یێکم لایە کە لەسەری نووسراوە: **(ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)** ژمارە: (٤٢)ی لە کۆتایی مانگی ١٩٦٩/١٢ دەرچووە. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی من ئەم ڕۆژنامەیە تا ئێستا بە تەواوی نەزانراوە هی کام باڵە، چونکە لەو سەردەمەدا باڵی ڕاست ڕۆژنامەی **(دیموکراتی)**یان بە زمانی عەرەبی دەردەکرد و دەمێک بوو ناوی **(دەنگێ کورد)**یان گۆڕی بۆ **(دیموکراتی)**، هەرچی باڵی چەپیشە ناوی ڕۆژنامەکەیان نەگۆڕیبوو، وەلێ بە پێی لێدوان و نووسینەکانی سەلاح بەدرەدین و **(پارتی هەڤگرتنی گەلی کورد لە سوریا)** ناوی پارتەکەیان لە ١٩٦٥ بەدوا گۆڕیبوو بۆ **(پارتی دیموکراتی چەپی کورد لە سوریا)**، ناشێ لە ژێر ڕۆژنامەکەیان ناوی کۆنی پارتەکەیان نووسیبێت، بەگوێرەی نووسراوێکی **(کامەران بێکەس)** سەرنووسەری ڕۆژنامەی نەورۆزی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا ژمارەیەکیتر لە ساڵی ١٩٦٩ وەک ژمارە ٣٢ دەرچووە و سەرچاوەکەشی نووسینێکی مامۆستا جەمال خەزنەدار بووە و ئەویش نەیزانیوە کە ئەم ژمارە (٣٢)ەیەی کە لە ١٩٦٩ دەرچووە هی کام لا بووە، بەڵام کامەران بێکەس وای بۆچووە و نووسیویەتی ڕەنگە هی باڵەکەی حەمید دەرویش بێت! من ئەم بۆچوونە بە ڕاست نازانم، چونکە هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد باڵی حەمید دەرویش، واتا باڵی ڕاستڕەو لە ١٩٦٦ بەدوا ناوی ڕۆژنامەی **(دەنگێ کورد)**یان بە ڕەسمی گۆڕیوە بۆ **(دیموکراتی)** و کە تا ئێستاش (٢٠٠٩) هەر بەم ناوە بەردەوامە لە دەرچوون. نەمزانی ئەم **(دەنگێ کورد)** هی کام لایە!؟ دووریش نییە هی دکتۆر نورەدین زازا و لایەنگرەکانی بێت، ئەگەرچی زازا لە دوای پارچەبوونی

پارتەکە بۆ دوو باڵی راست و چەپ وازی لە پارتەکە هێنابوو، بەڵام لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بە نهێنی و بە ئاشکرا بەدرەوامبووە لە خزمەتکردن بە نەتەوەکەی و خاوەن دۆست و لایەنگرێکی زۆر بووە، رەنگە زازا راستەو خۆ و ناراستەوخۆ لەو سەردەمەدا هاوکاری و پشتگیری دەستەیەکیتری کردبێت کە بەناوی پارتەکە و رۆژنامەکە بەردەوامبن لە برەودان بەناوی **(پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا) و ئۆرگانەکەی رۆژنامەی (دەنگێ کورد)**!

**رۆژنامەی (ئازادی) یان (دەنگێ کورد)!؟**

(پارتی ئازادی کورد لە سوریا) کە ساڵی ٢٠٠٥ لە چەند باڵێکی جیابۆوەی دوو پارتی کوردی سوریا دامەزراوە، ئۆرگانی ناوەندیان بە ناوی **(ئازادی)** مانگانە لەسەر زنجیرەی رۆژنامەیەکیتر دەردەکەن کە تا ئێستاش بەردەوامە و ژمارە (٤١٤)ی لە ساڵی ٢٠٠٩ دەرچووە. ئەم رۆژنامەیەش دریژکراوەی رۆژنامەیەکیترە و بە گوێرەی ئەو زنجیرەی بۆی داندراوە، وای بۆ دەچم ئەم رۆژنامەیەش دریژکراوەی زنجیرە و خولەکانی **(دەنگێ کورد)**ی ١٩٥٩ بێت! بۆ دڵنیابوون و زانیاری زیاتر دەربارەی ئەوەی ئایا یەکەم ژمارەی **(ئازادی)** بە چی ناوێک و کەی دەرچووە و چەند زانیاریەکیتری پەیوەست بە رۆژنامەکە!؟ بە رێگای نامە و ئیمەیل چەند جارێک پەیوەندیم بە رۆژنامەی **(ئازادی)** و کەسانی پەیوەندیداری **(پارتی ئازادی کورد لە سوریا)** کرد وەڵێ تا نووکە هیچ وەڵامێک وەرنەگرتۆتەوە. ئەم هەفتەیە ئەوەندەم لە لە مالپەڕەکان خوێندەوە کە ئەم پارتیەش بووە بە دوو پارچە. بەڵام نازانم ئەم رۆژنامەیەش داخۆ دەبێتە دوو رۆژنامە یان نا!؟

٢٠٠٩/١٢/١٢

**سەرچاوەکان:**


١- رۆژنامەی دەنگێ کورد: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/سەکردایەتی کاتی- دەهام میرۆ.

٢- رۆژنامەی دەنگێ کورد: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/باڵی محەممەد شێخ باقی - جەمال شێخ باقی.

٣- رۆژنامەی دەنگێ کورد: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا-الپارتی/باڵی کەمال ئەحمەد ئاغا.

٤- رۆژنامەی دەنگی کورد: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/باڵی محەممەد مستەفا نەزیر - دکتۆر بەشار حەکیم.

٥- رۆژنامەی دەنگێ کورد: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/باڵی نەسرەدین ئیبراهیم.

٦- رۆژنامەی دەنگێ کورد: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردی سوریا/باڵی عەبدولڕەحمان ئالوجی.

٧- رۆژنامەی هەڤگرتنا گەل: ئۆرگانی پارتی هەڤگرتنی گەلی کورد لە سوریا/سەلاح بەدرەدین.

٨- رۆژنامەی الدیموقراگی: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی پێشکەتووخوازی کورد لە سوریا/ باڵی حەمید دەرویش.

٩- رۆژنامەی الدیموقراطی: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی پێشکەتووخوازی کورد لە سوریا/ باڵی عەزیز داود.

١٠- رۆژنامەی وەکهەڤی: ئۆرگانی پارتی وەکهەڤی کورد لە سوریا.

١١- رۆژنامەی ئازادی: ئۆرگانی پارتی ئازادی کورد لە سوریا.

١٢- د.محمد عبدو: الحياة السياسية في جبل الأكراد في القرن العشرين /الحلقة الثالثة. عفرين. نت.

١٣- محمد قاسم: فرأءة مختصرة في أدبيات الأحزاب الكردية في سوريا، رابطة أدباء الشام ..www odabasham.net

١٤- فرج نمر: التنظيمات السياسيه الكردية في سورية من عام ١٩٥٦ وحتى عام ١٩٨٦ serbuxaparty.maktoobblog

١٥- حسن برو: واحد وخمسون عاما من التأسيس و الانشقاق مستمر.....لتاريخة. www.alparty.org

١٦- د.کامەران بێکەس: مێژوو و رەوشا رۆژنامەگەریا کوردی ل کوردستانا رۆژئاڤا. گۆڤاری نڤیس، ژمارە: (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٢.

١٧- ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی رۆژئاوای کوردستان و سوریا.

١٨- کتێبخانە و ئەرشیفخانەی ژمارەیەک کۆمەڵە و دام و دەزگای کوردی لە وڵاتانی (بەلجیکا، هۆڵەندا، فرەنسا، ئەڵمانیا).

١٩- مالپەڕی ژمارەیەک ڕێکخراو و پارتی سیاسی رۆژئاوای کوردستان.

٢٠- پرۆژە و بەرهەمە چاپنەکراوەکانم لە بواری مێژووی رۆژنامەوانی کوردی.

5
هەڤپەیڤی


سنگەرنامە

HILAT

ايقاظ الشعب







هەولێری کتێب


هاوار

Banga welat


Gelawêj


DUGIR

DENGÊ KURD
دنگي كرد

Dengê Jiyan

Dimograti


صوت كردستان

الأمل
INA

DENG

الديمقراطي


HELEZ


GULISTAN


الجوار


الاتحاد


الاشتراكي


ليلان


نرجس

pel


PIRS


Pênûs

Rêkeftin


ÇEWLÎK
قنديل
NEWROZ

العدالة

SIBA


سلور مەزن

YURAM


YÎN
Govareke Rewsenbîrî serbixweye
Buhara 2006


Urkeş

ZEVÎ

زمين

# ناساندن و ئیندێکسی گۆڤاری رابوون

نەوزاد عەلی ئەحمەد/ سوید
Nawzad.ali@hotmail.com

**پێشەکی**

ئەوە ١٨ ساڵ زیاترە، من تا ئێستاش نازانم ئەرک و کار و چالاکییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە! ئایا ناکرێت ساڵانە ئەو وەزارەتە لە کتێبێکدا تەواوی چالاکییەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە بە مەرجێک مەبلەغی ئەو مەسروفاتانەش بنووسێت کە خەرج کراون، ئەو پرسیار و پێشنیار و بەرباسەم بۆیە هێنایەوە تا بپرسم ئەرێ کێ بەرپرسە بۆ کۆکردنەوە و پۆلێنکردن و چێکردنی کتێبخانە یاخود ئەرشیفێکی تایبەت بە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی؟

تا ئێستا چەند جارێک دووبارە و چەند بارەم کردۆتەوە کە لە دەرەوەی کوردستان بە تایبەتیش لە ئەورووپا و ئەمریکادا لەژێر زەمینی چەندان ماڵە کورددا دەیان کارتۆن لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و نووسراوی بەنرخ کەڵەکە کراون و لەبەر بێ شوێنی ناتوانن تاسەر ئەو گەنجینەیە بپارێزن بە تایبەتیش لە کاتی ماڵ گواستنەوەدا، ئەرێ کێ بەرپرسیارە لە کۆکردنەوە و گواستنەوەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بەڵگەنامانە بۆ کوردستان!؟

لە نێو ئەو کارتۆن ڕۆژنامە و گۆڤار و بەڵگەنامانەدا سەدان نامە و وێنەی دانسقەی میژوویی تێدایە کە ڕەنگە دوای چەند ساڵێکی تر بای ئەجەل هەڵبکات و ئەو نامە و وێنانەش بفەوتێن، ئەرێ کێ بەرپرسە لە کۆکردنەوە و پۆلێنکردن و ئەرشیفکردنی نامە و وێنە و کەلوپەلی تر!

دڵنیام ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان خەڵکی دڵسۆز و شارەزای هەبێت ئەوە تا ئێستا دەیتوانی نەک لە کوردستان بەڵکو لە ئەورووپاش مۆزەخانۆچکەیەک بۆ پاراستنی سەدان بەڵگەنامەی دانسقەی کوردی دابمەزرێنێت کە لەو ڕووەوە دەتوانرێت سوود لە کۆمەک و یارمەتی یەکێتیی ئەورووپا و نەتەوەیەکگرتووەکانیش وەربگیرێت بە تایبەتیش بۆ نەتەوەیەکی چل ملیۆن کەسی کە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ نییە و بەردەوامیش هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەرە.

خەمەکان زۆرن، بەڵام خەمخۆرەکان ئەوەندە نین تا بتوانن بە ئاسانی لە نێو دیوارە کۆنکرێتی و تەڵبەندی بەرپرسەکاندا کاروبارەکانیان رایی بکەن.

**سەرەتا**

گۆڤاری رابـوون یەکێکە لـەو بـەرهـەمـە رۆژنـامـەگـەریـیـانـەی کـە پـێـویـست بـوو لـە زۆربـەی هـەرە زۆری کتێبخانەکانی کوردستاندا ژمارەکانی پارێزراو بن، بەداخەوە نەک ژمارەکانی ئەو گۆڤارە لە کتێبخانەکاندا نین، بـەڵام خەڵکێکی زۆر هەیە ژمارەکانی نەیبینووە و ناوی گۆڤارەکەشی نەبیستووە! رەنگە شوێنی دەرچوونی گۆڤارەکە کە وڵاتی سـویـدە یەکێک بێت لـە هـۆکـارەکـان، بـەڵام ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فعلی خاوەنی کتێبخانەیەکی نەتەوەیی بێت، پێویست بوو خۆی بە دواداچـوون بۆ کۆکردنەوە و ئەرشیفکردنی ئەو جۆرە بەرهەمانە بکات!

نەک گۆڤاری رابوون، بەڵکو دەیان بەرهەمی تری رۆژنامەگەریی کوردی کە لە ئەورووپا و ئەمریکا دەرچوونە لە کتێبخانە دەوڵەتییەکانی کوردستاندا نین و زۆرجـار لێکۆڵەران بۆ پەیداکردنی زانیاری هانا بۆ کوردی دانیشتووی دەرەوە دەبـەن، ئەگەر حاڵی رۆژنامەگەریی کوردی دەرەوەش دیلی ژێر زەمینی ماڵان بێت، کەواتە چۆن دەتوانرێت سوود لە گۆڤارێکی دەوڵەمەندی وەک " رابوون" ببینرێت.

ئەوە چەند ساڵێکە مێشکم گینگڵ دەدات بۆ گواستنەوە و پاراستنی ئەو جۆرە بەرهەمە رۆژنـامـەگـەریـیـانـە بـۆ کـوردسـتـان، بـەڵام بەرپرسەکانمان بەرهەمی خەباتیان تەنیا بریتییە لە کەڵەکەکردنی باڵاخانەی زراقی رەنگین و بەس، نە بۆ ئایندە دەڕوانن نە دوێنێی خۆیان لە بیرە!!

دوای ئـەوەی تێگەیشتم کـە ئەستەمە بتوانرێت قەناعەت بەبەرپرسەکان بکرێت کە پاراستنی گەنجینەی نەتەوەیی گرنگترە لە مێزی قەڵەباڵغی دەعوەتی نیوەڕۆ و ئێوارانیان، بۆیە بە دڵشکاوی گەڕامەوە بۆ هاوکێشەی نـاتـەواوی " مـەڕ بـە پێی خـۆی بزنیش بە پێی خۆی" هیوادارم ئەم پەندە بە هەڵە لێک نەدرێتەوە، ئیتر دوای ئـەوەی کراسم درا و هیچم پێنەبڕا، بڕیارم دا ناوە ناوە ئیندێکسێک بۆ گۆڤارێک، رۆژنامەیێک، بڵاوکراوەیێک بکەم کە لە ئەورووپا یان ئەمریکا دەرچووە، تا ببێتە کلیلێک بۆ لێکۆڵەر و پسپۆرانی کورد. گۆڤاری " رابـوون" یش شایانی ئەوەیە کە سڕەبڕی بکات.

سەرەتا دەمویست لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی سـەبـارەت بـەو دەور و زەمـانـە بنووسم کە گۆڤاری " رابـوون" ی تێدا لە دایک بوو، بـە تایبەتیش رەنـگـدانـەوەی سیستەمی" بیرۆسترۆیکا " و " گلاسنۆست" ی گۆرباشۆڤ لەسەر ناوەڕۆکی گۆڤارەکە، ئەو فکرەیەم وەک رەشنووس بەلاناو بڕیارمدا لەم نووسینەدا تـەنـیـا گـۆڤـارەکـە بناسێنم و ئیندێکس بۆ ژمارەکانی چێبکەم. وەک خۆئامادەکردن بۆ فکرەی یەکەم، لە نامەیەکدا چەند پرسیارێکم بۆ د. رەفیق سابیر سەرنووسەری گۆڤارەکە نارد، کە ئەمەی خوارەوە وەڵامی بەڕێزیانە و پێم باشە بۆ زانیاری خوێنەران دەقی نامەکە بنووسمەوە:

**سڵاو کاکە نەوزاد**

**هیوادارم شاد و سەرکەوتوو بیت.**

دەستخۆش کە بەنیازی باسێک لە بارەی گۆڤاری رابوون بنووسی و چاوەڕێی کارێکی سەرکەوتووانەت لێ دەکەم.

برا گیان گۆڤاری رابوون تەنیا ٣١ ژمارەی لی دەرچـووە. سەرچاوەی دارایی گۆڤارەکە تا ژمـارە پێنج خۆمان و دۆستانی رابـوون بووین. **( لە ژمارە یەکدا ناوی هەندێک لەوانە نووسراوە کە کۆمەکیان بە دەرچوونی ئەو ژمارەیە کـردووە.)** لە دوای ژمـارە پێنجەوە ساڵانە کولتوور رۆد، بۆ ماوەی چوار- پێنج ساڵێک، کۆمەکێکی کەمی دەکردین، کە هەر بەشی چاپکردنی دوو ژمارەی دەکرد. ئەمەیش بۆخۆی گرفتێکی گـەورە بـوو کە دواتـر لە راگرتنی گۆڤارەکەدا کاریگەریی خۆی هەبوو.

هیوای خۆشی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**برات**

**رەفیق سابیر**

## ناساندنی رابوون

ئـەم دەسـتـەواژەیـە لـەسـەر تـەواوی ژمارەکانی نووسراوە: رابـوون، گۆڤارێکی گشتی کولتووریيە،

رەفـیـق سـابـیـر: سـەرنـووسـەر بـووە و دەسـتـەی نـووسـەران: کەمال میراودەلی، هاشم کۆچانی، کـاروان عەبدوڵڵا " بوون، لـە ژمـارە (٢٥)- هەوە کـاروان عەبدوڵڵا نـاوی وەک دەسـتـەی نـووسـەران لەسەر گۆڤارەکە نەماوە، دیلان دەرسیم تا ژمارە (٢٣) بـەرپـرسـی هـونـەری بـووە، بـەڵام پاشان ناوی کەس لەسەر گۆڤارەکە وەک بەرپرسی هونەری دانـەنـدراوە، لە دوای ئەم ژمـارەوە رزگـار شێخانی یاریدەریان بـووە بۆ کـاروبـاری هـونـەری، ئەگەرچی کاک رەفیق سابیر لە وەڵامی پرسیارەکانمدا دەڵێت گۆڤارەکە ٣١ ژمـارەی لێدەرچووە، بەڵام ئەوەندەی من سۆراغم کرد، تەنیا (٣٠) ژمـارەی لێدەرچووە، لێرەدا ئیندێکسم بۆ کردوون. ناوونیشانی دەرچوونی گۆڤارەکە سوید- ستۆکهۆڵمە.

گۆڤاری رابوون بە دوو قەبارەی جیاواز دەرچـووە: لـە ژمـارە ١ تـا ژمـارە ١٤ لە قـەبـارەی" ٢٣،٥ بە ١٦،٥ سم " دایـە و لە ژمارە ١٥ تا ژمارە ٣٠ لە قەبارەی" ٢٥ بە ٢٠ سم " دایە.

تەنیا بۆ بەرگ کار لەسەر رەنگ کراوە، ئـەویش بـۆ کارتۆنەکانی بـەرگ لـە هـەر ژمارەیەکدا بە تایبەتیش لە ژمارەکانی کۆتایدا رەنگی کارتۆنی بەرگی گۆڤارەکە گۆڕاوە، ئەگەرنا هـەردەم یەک رەنگ بۆ نووسین و هێڵکاریی و تابلۆکان بەکارهاتووە، تەنیا ژمارە (٢٩) و (٣٠) جیاوازن لە ژمارە ٢٩ دا دوو رەنگی جیاواز بەکارهێنراوە، بەڵام ژمارە ٣٠ بەرگەکەی رەنگاورەنگە.

رابـوون یەکێکە لـەو گـۆڤـارانـەی کـە نـەخـشـەسـازیـیـەکـی سـاده و پـاک و هـاوچـەرخـانـەی بـۆ کـراوە، بـە تایبەتیش جۆری فۆنتی بابەتەکان و ناوونیشانەکان. وەک دەردەکـەوێت گۆڤارەکە بە ئۆفسێت چاپکراوە و زۆر گرنگی بە لایەنی هونەری و کاروباری چاپی گۆڤارەکە دراوە.

سـەبـارەت بە سـەرچـاوەی دارایـی، کاک رەفیق سابیر لە وەڵامی نامەکەمدا باس لە ژمـارەکانی سەرەتایی گۆڤارەکە دەکات کـە بـە کۆمەکی خـۆیـان و چەند کەسێک دەرچووە، پاشان کولتوور رۆد " دەستەی کولتوور" کۆمەکی بە گۆڤارەکە کـردووە، دەسـتـەی کـولـتـووری سـویـدی بریتین لە ئەنجومەنێک کۆمەک بە بـواری ئـەدەب و کولتور دەکـەن، ئەوساش بەرنامەیەکیان هەبوو کە هەر گۆڤار یاخود رۆژنامەیێک دوای دەرچـوونـی چـوار ژمـارە دەتوانێت داوای کۆمەک و یارمەتی بکات، گۆڤاری " رابوون" یش یەکێک بوو لەو گۆڤارانەی کە ئەو کۆمەکەی وەردەگرت.

گۆڤاری رابـوون زۆر گرنگی بە کاری هونەریی شێوەکاری داوە و لە رووپەڕی بەرگ و نـاوەوەدا هێڵکاری و تابلۆی ئەم هونەرمەندە کورد و بیانییانەی بڵاوکردۆتەوە: مەدحەت کاکەیی، رێبوار سەعید، رێبوار خالید، فایق رەسوول، نامیق قادر، عیسمەت عەبدولقادر، هانس ئارپ، س. ف. هیل، ئیریک ئۆلسۆن، ئا. ئۆستەرلین، سیسەل ستانگێنس، یۆئان میرۆ، ئیسایینس پۆرن. هەروەها وێنەی شـار و ئـەم کەسایەتیانەش لە رووپـەڕی بەرگدا دەبینرێن: میر شەرەفخانی بەدلیسی، لەیلا زانـا، بیندەر گـەڕۆکـی فەرەنسایی، عـەبـدوڵـلا ئـۆجـەلان، عـومـەری خـاوەر، ئۆکتاڤیۆباز، رەفیق حیلمی، گاوشینجینەن و هاوسەرەکەی، دوو جوولەکەی کوردستان لە ئیسرائیل، کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١، خەنجەری کـوردی، شـاری مەهاباد، قـەڵای شێروانە، لالش.. هتد.

شایانی باسە، ئەوەندەی من بزانم پێش ئەم " رابوون" ٥ ساڵی ١٩٧٥ گۆڤارێکی تری نزیک لە ئاڕاستەی کاری ئەم رابوونە لە

ئەڵمانیا بە ناوی " رابوون" دەرچووە، کە ئەمە ناساندنی ژمارە ١ ی ئەو رابوونەیە:

رابـوون: ئـۆرگـانـی بـاهـۆز- رێکخستنا تێکۆشەر و شۆڕشگێڕێن کوردستان. ساڵ: ١، هژمار: ١، گوڵان: ١٩٧٥، بها: ١ مارک

ئـەم دروشـمـەش لـەسـەر بـەرگـی نـووسـراوە: سەرکەتن و سەردەستیی یا گەلێن بندەستە.

## بابەتی هەڵبژاردە

گۆڤاری رابوون هەر زوو ڕووبەڕووی کێشەی دارایـی بـووە، لـەم بـانـگـەوازەدا ئاشکرا دەبێت کە رابوون بە چ ئازارێک لە دایک بووە و پاشان بڕینەکانی ئەو ئازارە بوونەتە کۆژاندنەوەی تەمەنی گۆڤارەکە و نەیتوانیوە بەردەوام بێت، ئەمەش دەقی بـانـگـەوازەکـەی رابـوونـە و لە ژمـارە ٢٠ بـڵاوبـۆتـەوە؛ " بانگەوازێک لە گۆڤاری " رابوون" هوە":

شـەش سـاڵ پێش ئێستا، بـە کۆمەکی کۆمەڵێک ڕووناکبیر و نووسەر گۆڤاری رابوون لە دایکبوو. لەو ماوەیەدا گۆڤارەکە چەند جارێک تووشی گیروگرفتی سەختی ئـابـووری هـات، کـە بـە کۆمەکی کۆمەڵە برایـەکـی هـێـژا، بـە تایبەتی برایـان کاک ئیبراهیم قوربان و کاک حـازم کـوردە لە سوید، توانرا گۆڤارەکە دەربازبکرێت.

لەم سێ ساڵەی دواییدا رابوون ساڵانە، وەک سەدان گۆڤاری سویدی و بیانی کە لە سوید دەردەچـن، لە دەزگـای کولتوور رۆدی سوێدییەوە کۆمەکێکی ئابووریی کەمی پێدەدرا، کە بەشی نیوەی مەسرەفی چاپەکەی نەدەکرد، نیوە مەسرەفەکەی دی دەبوو بە فرۆشتنی گۆڤارەکە دابینی بکەین، کە لە هەر ژمارەیەک تەنیا پارەی هەشتا دانەیەکمان دەستدەکەوێتەوە، کە ئەمە خۆی کارەساتێکە بۆ چاپەمەنی و کولتووری کوردی.

ئەمساڵ کولتوور رۆد بڕیاری داوە کۆمەکی رابـوون نەکات، ئێمە هۆکاری ئەم بڕیارە چـاوەڕوان نـەکـراوە نازانین، ناشمانەوێ جارێ بە بێ فاکت باوەر بەو قسەلۆکانە بکەین کە دەڵێن، ناحەزانێکی رابوون، لای کولتوور رۆد دووزمانیان لێکردووین و ڕاپۆرتی درۆزنانەیان لێداوین. بڕیارەکەی کولتوور رۆد لەبەر هـەر هۆکارێک بێت ئەنجامەکەی بۆ لەباربردنی رابوونە، چونکە هیچ گۆڤارێکی کولتووری تەنانەت گۆڤارە سوێدییەکانیش کە هەزاران کڕیاریان هەیە و ئیعلانیش بڵاودەکەنەوە، بە بێ کۆمەکی دەوڵەت یان دەزگایەک ناتوانێت بەردەوام بێت.

بـرای هـێـژا..! خوشکی بـەڕێـز! ئەگەر ئێوە بـەلاتـانـەوە گرینگە ئـەم گـۆڤـارە، وەک پڕۆژەیەکی کولتووری و دەنگێکی کـوردسـتـانـیـیـانـەی سـەربـەخـۆ و ئـازاد نەوەستێت، هیوادارین کۆمەکمان پێبکەن بـەشـداری کڕینی گـۆڤـارەکـە بـکـەن. کە ئابـوونـەی سـاڵانـە بـۆ چـوار ژمـارە ٢٤٠ کرۆنی سوێدییە، بۆ ئەوروپا ٥٠ دۆلاری ئەمریکاییە، کە زیاتر لە چواریەکی پارەکە بۆ کڕینی پۆست دەچێت. " تێبینی: ژمارە دەبڵ بە یەک ژمارە دادەنێین" هەروا دەکرێت لە کتێبخانەی گـەڕەک و شارەکەت و لە کۆمەڵە و ناوەندە کولتوورییە کوردییەکانی شارەکەت داوابکەیت کە بەشداریی کڕینی رابوون بکەن.

تا ئێستا کۆمەڵێک دۆست و ڕووناکبیر، کە هەوالی بڕیارەکەی کولتوور رۆد نیگەرانی کردوون، دەستپێشخەرییان کردووە و بە پـارە کۆمەکی رابوونیان کـردووە، کە لە ژمارەی داهاتوودا بە سوپاسەوە ناوەکانیان بڵاودەکەینەوە. ئەگەر ئێوەش دەتانەوێت کۆمەکی مـادیـی گـۆڤـارەکـە بـکـەن، تکایە ئاگادارمان بکەینەوە.

با پێکەوە نەهێڵین رابوونیش، وەک دەیان گۆڤاری دیکەی کوردی لەناوبچێت.

دەستەی نووسەرانی رابوون

### ناوەڕۆک

بۆ دوان و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە پێویستە لە چەند تەوەر و بابەتێکدا باسی لێوە بکرێت، ئەو باسە هەڵدەگرم بۆ ئەو بابەتە ئەکادیمییەی کە ئێستا خۆی بۆ ئامادە دەکەم تا لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە نووسینی بکەم، بۆیە لێرەدا هیچ قسەیەک سەبارەت بە ناوەڕۆک و ئاڕاستەی کاری گۆڤارەکە نانووسم.

### ئیندێکسی رابوون

**ئەمەی خوارەوە ئیندێکسی هەر ٣٠ ژمارەکەیە، هیوادارم سوودی هەبێت بە تایبەتیش بۆ باشتر ناسینی گۆڤارەکە. لەگەڵ ئیندێکسی هەر ژمارەیەکدا وێنەی بەرگی ژمارەکەم داناوە:**

**ژمارە ١، بەهاری ١٩٩١، ١١٥ لاپەڕە.**

ڕاپەڕین. کارەسات. قۆناغێکی نوێ. رابوون، ل ٣

بەرەو ئازادی... دەستەی نووسەران، ل٦

بەرەو بە جیهانیکردنی کێشەی کوردستان بەرەو مافی بڕیاردانی چارەنووس... رابوون، ل٩

چەند بیرورایەک: لە مەسەلەی کوێت- هەوە بۆ مەسەلەی کورد.. کەمال میراودەلی، ل١٢

باس و لێکۆڵینەوە

ئەنترۆپۆلۆژیای ئیسلام و بە خۆنامۆکردنی نەتەوەی کورد.. ڕەفیق سابیر، ل٢٣

هەڵسەنگاندنی روانینێکی عەرەبی بۆ کێشەی کورد.. ڕەشاد میران، ل٣٢

حیزبی سەرانسەریی و مافی بڕیاردانی چارەنووس لە دەوڵەتی فرە نیشتماندا.. هاشم کۆچانی، ل٣٨

هەوڵ و کۆششێکی پیرۆز و ئاسۆیەکی ڕوون. م. گۆران، ل٤٩

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دەستبەرداری ستالینیزم ببین؟. ئارام عەلی، ل٥٣

پێوەندی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بزوتنەوەی دیموکراتی " نموونەی عیراق". شێخ عەلی، ل٥٧

هاوڕێ عەزیز محەمەد چۆن بۆ کێشەی کوردستان دەڕوانێ؟.. زنار، ل٦٥

چاوپێکەوتن

کوردەکانی سۆڤیەت: نیشتمان دایکە، نەک باوەژن.. نادر نادیرۆف، و: ئارام، ل٧٥



چاوپێکەوتن لەگەڵ داپیرەی کوردناسی دانیمارکیدا: خاتوو هێنی هارالّد هەنس. ڕێبوار سیوەیلی، ل٨٠
ئاخاوتنێک لەگەڵ ڤاکلاڤ هاڤل، سەرکۆماری چیکۆسلۆڤاکیا. گۆڕینی: ئاشتی، ل٨٦
هونەر و داهێنان
دوو هۆنراوە. ئومێد مەهدی، ل٨٩
ترس، تاریکەشەو، رابەر.. خەبات عارف، ل٩١
نووسین، چێژ، یاخود ئازار؟ چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مەحمودی دەوڵەت ئابادی.. وتووێژ و ئامادەکردنی: بەڕۆژ ئاکرەیی، ل٩٤
ئەفسانەی مەرگ... ئارام کاکەی فەللاح، ل١٠٣
بۆ کاکی کاکان.. سیروان، ل١٠٦
سێوە خەڵوز.. ڕێواس ئەحمەد، ل١٠٨
پانۆراما
چەمکە چەتوونەکان.. مام بارام، ل١١٠
کێوەکە زا و جرجێکی بوو!.. زۆراب، ل١١٢
دوو بڵاوکراوەی نوێ.... ل ١١٤

**ژمارە ٢، هاوینی ١٩٩١، ١١٦ لاپەڕە**

ملهوڕان پەلاماری دیموکراتی دەدەن.. دەستەی نووسەران، ل٥
٢٠ ڕۆژی ڕزگاریی. چمانکرد، ئێستا چبکەین؟.. هاشم کۆچانی، ل٨
لە نێوان دوو ستراتیژیەتدا.. زەینەبی شەمزینی، ل١٨
باس و لێکۆڵینەوە
دوازدە نەفرەتی کۆڵۆنیالیزم لە کوردستاندا... کەمال میراودەلی، ل٢٧
مێژووی ناوچەگەریی یان مێژووی سەرانسەریی؟ .. ڕەفیق سابیر، ل٣٦
دۆزی کورد لە ئاستانەیێکی وێڵدا!.. کرمانج گوندی، ل٤٢
بەرەو ئازادی.... حوسێن محەمەد عەزیز، ل٤٦
کۆماری دیموکراتی کوردستان. کرۆنۆلۆجی ڕووداوەکان، پێشەوا لە سەردەمی سەرۆک کۆماردا، بەشی یەکەم.. مەحمود مەلا عزەت، ل٥٢
دۆکۆمێنتی مێژوویی
دەقی یاداشتنامەکەی شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس " ١٩١٩" ... وەرگێڕانی: فەرهاد پیرباڵ، ل٦٣
جوگرافیای کوردستان
کورتەیەک دەربارەی شاخ و ڕووبار و دەریاچەکانی

هەوڵنامەی کتێب

کوردستان.. مەلا عەلی، ل٧٤
هونەر و داهێنان
خاڵ خاڵۆکە، لێک دابڕان، فریشتەی سۆز.. کاکەی فەلاح، ل٧٩
سەرەتای حەیرانی تەمەنمان.. جەلال میرزا کەریم، ل٨٤
ماینە سوورە.. کاروان عەبدوڵڵا، ل٨٧
تۆپکاری پلاستیکی.. گەربۆنۆڤ، و: ئازاد مەحمود، ل٩٠
رووسیام خۆش دەوێت... مەکسیم گۆرکی، و: ئارام عەلی، ل٩٤
دەسنیشانکردنی دوو پەیوەندی لە لای نالی.. رێبوار سیوەیلی، ل١٠١
پانۆراما
لە پێش هەموو شتێکدا کوردین، ئینجا موسڵمان و یەزدین.. شێخ حەسەن سەیدەڤ، ل ١٠٩
دەربارەی راگوێزانی نەتەوە ژێردەستەکان لە یەکێتی سۆڤیەت.. نیکۆلای بۆگای، ل١١٠
دیاردەیەکی ترسناک... محەمەد حەلاق، ل١١٤
دەوڵەت بۆ ئەوان، بەڵام بۆ کورد. ئۆتۆنۆمی .. ل١١٦

**ژمارە ٣، ١٩٩٢، ١٢٠ لاپەڕە.**

بەرەو پەرلەمانی کوردستان. بەرەو کۆماری کوردستان.. رابوون، ل٥
کێشەی کورد و کێشەی ژیانی دیموکراسی... فازیل کەریم ئەحمەد، ل١٠
باس و لێکۆڵینەوە
ئاین و باوەڕی پێش ئیسلام لە کوردستاندا... رەشاد میران، ل١٥
شێواندنی مەبدەئی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان.. کاروان عەبدوڵڵا، ل٢٤
دوو وتاری گۆڤاری " دیموکراسی" و چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە ... گۆران قەرەداغی، ل٣١
دەربارەی دیموکراسی .. د. سیروان شەریف، ل٣٩
رەوایی مێژوویی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەی ئاشووریی.. بنیامین عەزیز، ل٤٤
کۆماری دیموکراتی کوردستان. کرۆنۆلۆجی رووداوەکان، پێشەوا لە سەردەمی سەرۆک کۆماریدا، بەشی دووەم.. مەحمودی مەلاعیزەت، ل٥٦
دۆکۆمێنتی مێژوویی
بزووتنەوەی کورد لە تۆماری ئەرمەنییەکان دا ... ئا، د:



فەرهاد پیربالّ، ل٦٩
چاوپێکەوتن
چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەنوسی بەناوبانگی رووس دیمتری زگێرسکی... ئا: ئارام عەلی، ل٧٨
هونەر و داهێنان
لە دیدارێکی حوسێن عارف دا .. ئا: گۆران مەریوانی، ل٨٤
چەپڵەرێزان.. مارف عومەر گوڵ، ل٩١
١١ شیعر ... مارف ئاغایی، ل٩٤
بەستەی پەنابەرێک.. هێدی، ل٩٧
کوڕەکەمان نەخۆشە.. نیشتمانیان چۆن بە قوڕ گرت... نازم حیکمەت، و: ئەنوەری سوڵتانی، ل٩٨
پێنج هۆنراوە... ک. کاکە، ل١٠٠
رامانێ بە ئاقاری ناخە ئاخی پێنج چمکە شیعری " ک. کاکە" ی شاعیردا ... ئومێد مەهدی " هەندرێن"، ل١٠٥
رووخساری ونبو.. برۆل دانزێری، و: ئەنوەر محەمەد، ل١١٢
پانۆراما
دەنگانەوەی کێشەی کورد لە رۆژنامەنووسی فەڕەنسیدا... کەمال مەعروف، ل١١٥
کوردەکانی پاکستان... حەمە سەعید شەیدا، ل١١٨

**ژمارە ٤، ١٩٩٢، ١١٨ لاپەڕە.**



بەرەو سەرکەوتنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لەبەردەم مێژوودا.. دەستەی نووسەران، ل٥
با ئەم دەستکەوتە نەتەوایەتییە لە دەست نەدەین.. کاروان عەبدوڵڵا، ل٩
باس و لێکۆڵینەوە
کورتەیەک دەربارەی ئاین و باوەڕی پێش ئیسلام لە کوردستاندا، بەشی دووەم.... رەشاد میران، ل١١
رۆڵی فاکتەری مەزهەبی لە لکاندنی کوردستانی خواروو بە عێراقەوە... رەفیق سابیر، ل٢١
سیستەمی نوێی جیهانی و کێشەی کوردستان.. هاشم کۆچانی، ل٣٢
دۆسییەی ئافرەتی کورد
بە دایکبوون، ناوی دایک... بیرتۆلت بریشت، و: ئەنوەر رەشید، ل٤٣
ئافرەتی کورد لە سایەی ژیانی پەنابەریدا.. د. سامیە چاوشلی، ل٤٥

ئافرەتی کورد لە ئەوروپا چۆن لە خۆی دەدوێت؟ ... نەزەند بەگی خانی، ل٤٩
ژنی کورد و تابوو- ەکان؟ .. موحسین ئەحمەد عومەر، ل٦٣
کێشەی ئافرەت، یان کێشەی نێوان هەق و ناهەق؟ .. ڕێواس ئەحمەد، ل٦٨
ئافرەت لە مەیدانی شەڕ و سیاسەتدا " ئەزموونی کوردستان" .. سەحەری قارەمان، و: ڕێبوار سیوەیلی، ل٧٣
باسێ جەفارۆقا: هەر چۆنێک بێت من هەست بە پەراگەندەیی خۆمان دەکەم! .. ئا، و: ئارام عەلی، ل٩١
شازادەی بێ تاج " عادیلەخانم" ... ل٩٥
هونەر و داهێنان
مەرگ .. ستان.... زایەر عەبدوڵڵا، ل٩٦
دە کورتیلە چیرۆک.. سابیر ڕەشید، ل٩٨
کێڵ .. فەرەیدون سامان، ل١٠٢
چوار هۆنراوە .. جەلال مەلەکشا، ل١٠٣
کۆتایی کابووس ..... مەحمود دەوڵەت ئابادی، و: سەرۆ و بەڕۆژ، ل١٠٥
ئاخاوتن لەگەڵ کوردێک... ئا: مەهاباد کوردی، ل١١٥

**ژمارە ٥، ١٩٩٣، ١٣٢ لاپەڕە.**

بیرەوەری ٧٠ ساڵەی حوکمداڕێتی مەلیک مەحمود .. رابوون، ل٥
پەرلەمانی کوردستان و شەڕی فرە دەوڵەتی ... رابوون، ل٧
کۆماری فیدراڵ و دیموکراتی کوردستان لە جەنگەڵستانی تاریکی ناوچەکەدا. هاشم کۆچانی، ل ٩
باس و لێکۆڵینەوە
ڕۆڵی فیکری دینی لە تێکشکاندنی کەسایەتی نەتەوەیی کورددا و پڕۆژەی دابڕان.. عەتا فایق، ل٢٥
ئۆتۆنۆمی، چوارەمین پلەی مافی سەپێندراو! ... مەلا بەختیار، ل٤٠
ئەنفال ئاشکراکردنی هێرشێکی عێراقی بۆ لەناوبردنی کورد... کەنعان مەکیە، و: خالد نازدار زادە، ل٥٤
هەڵوێستی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین لەمەڕ کێشەی کورد ... خالد خالد کۆچی، ل ٦٨
دەربارەی پەیوەندی نێوان کورد و جولەکە، بەرژەوەندی میللەتی کورد و نیشتمانیی کوردستان... فایق عەبدولکەریم،

ل٧٥
له خوارەوە بۆ سەرەوەچوون و بە باوەڕنەکردنی زانیاریی ... ناله حەفید، ل٨٠
حیزبی شیوعی " لە کوردستان" لە نێوان ئازادی و ملکەچیدا... م. شوان، ل٩٢
بە کوردستانیی کردنی رێکخراوی هەرێم پێویستییەکی ..... کاروان عەبدوڵڵا، ل٩٧
دۆکۆمێنتی مێژوویی
بزووتنەوەی کورد لە تۆماری ئەرمەنییەکاندا، بەشی دووەم... و: فەرهاد پیرباڵ، ل١٠٢
هونەر و داهێنان
خەڵاتی نۆبڵ درا بە دێرێک وەڵکۆت ... ئا. و: : رزگار شێخانی، ل١٠٦
شیعری هاوچەرخی سوێدی- لارس گوستافسۆن.. و: ر. عەبدوڵڵا، ل١١٢
ئاکسیۆلۆژیای دیالۆگ ..... ئازاد حەمە، ل١١٧
لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەریی
شەڕی براکوژی ئەو دواییەی کوردەکان بە قازانجی تورکییە ... لاش بۆسترۆم، و: گۆران مەریوانی، ل١٣٠

**ژمارە ٦، ١٩٩٣، " ژمارەی تایبەت" ١٢٦ لاپەڕە.**

ئەم دۆسێیە: کوردستان کۆڵۆنێیکی نێو دەوڵەتییە.. دەستەی نووسەران، ل٥
کۆڵۆنیالیزم چییە؟ ..... جاک ئۆدیس، و: کەمال میراودەلی، ل٦
تێزی د. ئیسماعیل بێشکچی لەمەڕ کۆڵۆنیالکردنی کوردستان: کوردستان کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتییە ..... د. فوئاد سەیدە، ل١٦
یەکێتیی سۆڤیەت و قەوارەگرتنی کۆڵۆنیالیزم لە کوردستاندا..... مەلا بەختیار، ل٤٣
خوێندنەوەیەکی کارتۆگرافییانەی کۆڵۆنیالیزم لە کوردستاندا ..... فەرهاد پیرباڵ، ل٦١
دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە دیدگای تیۆری سۆسیالیزمەوە... فوئاد قەرەداغی، ل ٨٢
کۆڵۆنیالیزم و کەسایەتی مرۆڤی کورد.... ئامانج گەرمیانی، ل ٩٥
وێنەی کورد لای گەڕۆکە فەرەنسیەکان.... موحسین ئەحمەد عومەر، ل١٠٢
داگیرکردنی کوردستان و تالانی سامان و هونەری کوردی!

هەوڵدەر کتێب

..... ناسری رەزازی، ل١١٧
کرۆنۆلۆژیای رزگاربوون له کۆڵۆنیالیزم .... زەینەبی شەمزینی، ل١٢٦

**ژمارە ٧ و ٨، ١٩٩٣، ١٥٤ لاپەڕە.**

ئەنتی دیموکراتیک له نێو پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کوردستاندا.. کاروان عەبدوڵڵا، ل٥
باس و لێکۆڵینەوە
دروشمی ستراتیژی و تاکتیکی گونجاو بۆ کاتی گونجاو... فوئاد قەرەداغی، ل١٣
سوسیالیزم به بێ دیکتاتۆریی.. کارل کاوتسکی، و: ئا. ع، ل٢٣
نەورۆز و کاوە و کورد.... تەیفور، ل٢٩
هۆمۆ سۆڤیتیسکوس، تا ئەو دەمەی مرۆڤی سۆڤیەتی له روسیادا ماوە.... ڤالەریژ بێرکۆڤ، و: گۆران مەریوانی، ل٤١
دایکسالاری له داستان و بەیتی کوردیدا .... فازیل کەریم ئەحمەد، ل٤٩
کورد و گێژاوی ئایدیۆلۆژیا .... کاکە وەیس، ل٥٩
یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە له روانگەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کوردەوە.. حوسێن محەمەد عەزیز، ل٦٧
دەکومێنتی مێژوویی
ئانانباز. کۆنترین دۆکیومەنت له بارەی مێژووی کوردستان.. و: فەرهاد پیرباڵ، ل٨٢
چاوپێکەوتن
چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کوردناسی رووس ئۆلگاژیگالینه .... ئا: ئارام عەلی، ل١٠٧
پێداچوونەوەی کتێب
کتێبی ئیتنۆناسیۆنالیزمی کورد.....د. ئەمیر حەسەن پوور، و: هاشم، ل١١٢
هونەر و داهێنان
ئەخماتۆڤە. شاژنی شیعری رووسی... و. ئا: ڕێواس ئەحمەد، ل١١٨
شیعری هاوچەرخی سوێدی " ئیدیت سۆدێرگران" .... و: رزگار عەبدوڵڵا، ل١٣٤
له " گیتو" ی " ڤیلنا" دا.... ڤێلیسیا کارایی، و: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل ١٣٨
دەسنووسێکی بایەخدار له کتێبخانەی بریتانیا..... ئەنوەر سوڵتانی، ل ١٤١

مەحمودی دەوڵەت ئابادی چۆن لە کوردان دەگا!؟ .....
ئەحمەد شەریفی، ل١٥١




**ژمارە ٩، ١٩٩٤، ١٣٨ لاپەڕە.**

کـورد و کـەش و هـەوای بـەرو دوای رێکەوتنامەی فەڵەستین- ئیسرائیل .... ئاسۆ کەریم، ل٥
باس و لێکۆڵینەوە
دووەمین نەفرەتی کۆڵۆنیالکردنی کوردستان ... رەفیق سابیر، ل١٠
کورتە باسێک دەربارەی ستراتیژی کۆمەڵی کورد .....
موحسین ئەحمەد عومەر، ل١٥
پەیوەندییە ئابوورییە دەرەبەگایەتییەکان لە کوردستانی خواروودا..... نەجات عەبدوڵڵا، ل٢٠
مەرگی کولتوور و کەسێتی کورد... ئاریان عومەر، ل٣٠
پەیمانی لۆزان و تراژیدیای چارەنووسی گەلی کوردستان .... هاوڕێ عەلی پوور، ل٣٨
کورد و ئالای کوردستان ... هیوا کاردۆیی، ل٥١
جیهان و شینی ئەزەلی: دەریچەیەک بەسەر شیعری کوردستانی عێراقدا.... سەید عەلی سالحی، و: سۆما، ل٦١
دۆسیەی ئافرەت
مافە ونەکانی ڕەگەزی " مێ" ی فرێدراو بۆ دەرەوەی مێژوو.. کەژاڵ ئەحمەد، ل٧١
چەند سەرنجێک دەربارەی کەسایەتی ژن و پیاوی کورد ... نەزەند بەگی خانی، ل٨٤

ئاغا و کۆیلە ..... نەوال سەعداوی، و: ئارام گوندی، ل٩٣
دەکومێنت
کورد لە دیدی بێگانەوە، جەردە ژنە ناشیرینەکان ... و: فەرهاد پیربااڵ، ل١٠٤
کوردستان لەسەردەمی سەدام حوسێن دا .... پیتەر وو. گابریت، و: ئازاد حەمە شەریف، ل١١٠

**ژمارە ١٠ و ١١، ١٩٩٤، ١٥٤ لاپەڕەیە.**

ئەمنستی جیهانی، داوا لە سەرکردایەتی کورد دەکا کۆتایی بە خراپ بەکارهێنانی مافی مرۆڤ بهێنێ.... ل٥
بانگەوازێکی جیهانی بۆ پشتگیری کردنی گەلی باکووری کوردستان.. و: نەزەند بەگی خانی، ل٨
کێ بەرپرسیارە لە تێکشکانی ئەزموونی باشووری کوردستان.. کاروان عەبدوڵڵا، ل١١
باس و لێکۆڵینەوە

ئیمپراتۆریەت بۆ حزب، یان قەواره بۆ گەلێکی بێدەوڵەت... هاشم کۆچانی؟، ل١٥
دیموکراتبوون، یان دیموکراتیبەکارهێنان .. ناله حەفید، ل٢٦
له شاخەوه بۆ شار، رۆڵی حزب و حکومەت ... کەمال میراودەلی، ل٣٣
دەوڵەتێکی کوردی: بەشداریبەکی پێویسته بۆ پاراستنی ئاشتی له خۆرهەڵاتی نزیکدا... د. رۆناڵد مۆتش، و: د. هەژار، ل٤٦
دەربارەی کەسایەتیی کورد ... حوسێن محەمەد عەزیز، ل٧١
له پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا ... مەهاباد قەرەداغی، ل٨٣
مێ وەجاغی له کوردستان، ژنه فەرمانڕەواکان له مێژووی کورددا ... مارتین ڤان بڕوانێسن، و: حەسەنی قازی، ل٩٨
دیاردەی منداڵ زۆریی و دروستبوونی کێشەی خێزان..... ئامانج گەرمیانی، ل١١٧
دەکومێنت
مێژوولکەی یەکەمین چاپخانه کوردییەکان... فەرهاد پیرباڵ، ل١٢٣
چاوپێکەوتن
ئینتەرڤیو لەگەڵ مێژووناسی کوردی قەفقاز: پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆی، ئا: ئارام عەلی، ل١٣١
پانۆراما
چەند کورته سەرنجێک سەبارەت به کلامەک ژ بۆ بەکۆ .... دانا رەئووف، ل١٤٢
خۆشبەحاڵی ئەو کەسانەی رەنگی خۆشەویستیان بێ سنووره.... سەلام زەندی، ل١٤٥
بدر شاکر السیاب له نێوان رەشبینی و جەستەی لەکارکەوتوودا.. ڕێدار سابیر محەمەد سالح ل١٤٨
رۆڵی رێکخراوه مرۆییەکان له تێکشکاندنی کەسایەتی نەتەوایەتی کورد.... شوان عوسمان، ل١٥٠




**ژمارە ١٢، ١٩٩٤، ١٢٢ لاپەڕە.**

دریژەدان به شەڕی گەلی کوردستان لەسەر تورکیا زۆر دەکەوێ! ... رابوون، ل٥
کوردستان کامیان دەخوازێ! کۆنگرەیەکی نیشتمانی و بەرەیەکی کاریگەر یان کۆنگرەی ماکیاجکردن و بەرەیەکی گرگن؟ ... هاشم کۆچانی، ل٨
باس و لێکۆلینەوه

دیاردەکان لە شێوەی خۆیان دژەکانیان دێننە بەرهەم .... رەفیق سابیر، ل١٢
ئامادەنەبوونی " ناوەوە" لە " دەرەوە" ی سێ ئەزموونی دەسەڵاتدا... خەبات عەبدوڵڵا، ل١٨
ژینۆسید لە کوردستان؟ ..... مارتین ڤان بروانێسن، و: حەسەنی قازی، ل٣٠
کوردستانی سوور، پێکهاتن و هەڵوەشاندنەوەی .... عەبدوڵڵا غەفور، ل٥٤
ژن لە رۆژهەڵاتی کۆن و خوێندنەوەیەکی ئارکیولۆژیایی قرئان ... نەزەند بەگیخانی، ل٦٤
بەسە چیتر نکوڵی لە جیاوازی مەکە! .... و: سەڵاح رێبوار، ل٨٥
تەسلیمە نەسرین: تیشکێک لە تونێلی ستەمدا .... رێواس ئەحمەد، ل٨٩
چاوپێکەوتن
دیدارێک لەگەڵ بورهان یاسین دا .... ئا: فایق عەبدولکەریم، ل٩٦
پانۆراما
لوێچێک لە خەرواریک ..... ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل١٠٧
" تونێل" تراژیدیای کورد و سەرەتایەکی تری سینەمای کوردی .... دانا رەئوف، ل١١٠
دەردی شێتی هونەرمەندە گەورەکان .... کریس میمیل، و: هاشم، ل١١٣
جولانەوەی کوردستان لە قاوغی ئۆتۆنۆمی دا دواخستنی ژیانی گەلانی ناوچەکەیە ... ئەحمەد ئیبراهیم، ل١١٦
یاداشت ..... ل١١٩

**ژمارە ١٣، ١٩٩٥، ١٠٨ لاپەڕە.**

باس و لێکۆڵینەوە
سیۆسیۆلۆجیای شەڕی براکوژی .... د. جەبار قادر، ل٥
ژن لە رۆژهەڵاتی کۆن و خوێندنەوەیەکی ئارکیۆلۆژیایی قورئان، بەشی دووەم .... نەزەند بەگیخانی، ل٢١
سەربەستبوون و بۆ خۆخۆری ... رۆبین لۆیۆی، و: ئەنوەری سولتانی، ل٣٥
گەلی کورد، بابەتی تاوانی جینۆساید ... مارف عومەر گوڵ، ل٤٢
کورد و سەرچاوە یۆنانییەکان، جوگرافیای سترابۆن ... و: موحسین ئەحمەد عومەر، ل٤٩

هەوڵنامەی کتێب




نه کورد عەرەبن و نه ئاشوریش کوردن ... ئۆشانا نیسان، ل٦٩
ژینۆساید له کوردستان، بەشی دووەم ..... مارتین ڤان بروانیسن، و: حەسەنی قازی، ل٧٩
ئابووریيەکی داتەپیو، حوکمڕانیەکی بێبەرنامە! ... چاودێریکی کورد، ئا: زنار، ل٩٨
رونکردنەوەیەک... دەستەی نووسەران، ل١٠٨

**ژمارە ١٤، ١٩٩٥، ١٠٩ لاپەڕە.**

تیرۆریزمی نەتەوەی نەخۆش .. رەفیق سابیر، ل٥
چارەنووسی کوردەکان ..... گراهام ئی فوللەر، و: هێمن کۆیی، ل٢٠
تارمایی سیڤەر! ... هاشم کۆچانی، ل٣٧
رۆڵی کۆلۆنیالکردنی کولتووری لە دواخستنی رێنسانی نەتەوەیی کورددا .... عەتا فایەق قەرەداغی، ل٤٣
شەرمەزارییەکی مەزن بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی ... ستێن یاکۆبسۆن، و: ئاسۆس عیزەدین نەجمەدین، ل٥٣
وەرگێڕان ! یان ئەتککردن؟ .... گۆران قەرەداغی، ل٥٧
گوێ لە پیاوی گەورە دەگرن ... کاروان عەبدوڵڵا، ل٧٤
تورکیا بە تەمای چییە؟ .... مەهاباد کوردی، ل٧٩
خەوشەکانی خەباتی چەکداری .... حاجی مەمۆ، ل٨٣
چۆن کوردستان ئاوەدان دەکرێتەوە؟ ... کاکی خۆم، ل٨٨
" خەونەیاری" یاخود گەمەی رەنگ و پانتایی .... دانا رەئوف، ل٩٤

ژن لە رۆژئاوای ئەفریقا هێشتا هەر سەرداڕە ... پێتێر ماتسۆن، و: فایق عەبدولکەریم، ل٩٨
پانۆراما ..... ل١٠١
یەکەمین ژنێکی کورد لە سوێد دوکتۆرا دەکات .... ل١٠٩

**ژمارە ١٥، ١٩٩٥، ٩١ لاپەڕە.**

ئا ئەمەیە تاوان .... رابوون، ل٥
وڵاتکوژان بەرەو کوێ ... ل٦
شیعری هەشتاکان، چەند سەرنجێک دەربارەی شیعری نوێی سویدی، بە تایبەت شیعری دوازدە شاعیری تەمەن خوار چل ساڵ ... پاول بوروم، و: گۆران قەرەداغی، ل٧
پەیماننامەی سیڤەر لە سیاسەت و یاسای نێودەوڵەتاندا .... د. مارف عومەر گوڵ، ل٢٠
ژن لە رۆژهەڵاتی کۆن و خوێندنەوەیەکی ئارکیۆلۆژیایی قورئان، بەشی دووەم ..... نەزەند بەگیخانی، ل٢٧

پەڕەیەکی کۆن ..... فرانس کافکا، و: رەحیم بەهرامزادە، ل ٤٢
مندالانی کوردستان زیندۆیانی کارەساتی مرۆڤکرد... د. عەبدولباقی ئەحمەد، ل٤٤
زیانە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییە پسیکۆلۆژییەکانی ئەنفالەکان .... د. کەریم تۆفیق، ل٤٩
من هەرگیز نابم بە نووسەر!..... ئاستراید لیندگرین، ئا: ڕێواس ئەحمەد، ل٥٢
هەوڵدانێک بۆ تێگەیشتن لە تەنهایی ... موحسین ئەحمەد عومەر، ل٥٧
هەوای ئازادی، لافاو..... ناسر حەفید، ل٦٣
پرسیارە بێ وەڵامەکان ... ڕەفیق سابیر، ل٦٦
شیعر و توانایی، گفتوگۆ لە نێوان پۆل ریکۆر و فیلیپ فراید ... و: شەماڵ" س. کاوە"، ل٧٣
فیلمی " شین، سپی و سوور" گەڕان بە دوای خود لە لای کیشلۆفسکی ... قاسم عەزیز، ل٨٨
شیموس هیٚنی خەڵاتی ئەدەبی وەرگرت ... رابوون، ل٩١

**ژمارە ١٦، ١٩٩٦، ٨٨ لاپەڕە.**

لەیلا زانا لە زیندانەوە ناڕەزایەتی خۆی دەنووسێ ... ڕۆمان ڕۆلنیک، و: بەهمەن قارەمان، ل٥
ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی نەتەوەکەماندا.. کەریم حسامی، ل٨
هێزی پەیماننامەی سیڤەر لە یاسای نێودەوڵەتاندا .... د. مارف عومەر گوڵ، ل١٥
پەرەنسیپی قاوغ و ساتیری ڕووداوەکان .. ناسر حەفید، ل٢١
هاوکاریی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دژی گەلی کورد.... د. جەبار قادر، ل٣٩
دادگای گەل و مێژوو .. کاکەوەیس، ل٥٠
لامارتین و ڕۆژهەڵات، " کورد بۆهیمی چەکداری ڕۆژهەڵاتن" ... نەزەند بەگیخانی، ل٥٥
ڤالادۆر ... جەمال عەمبار، ل٦٣
وژەی " با" .... دلاوەر قەرەداغی، ل٦٦
مەحاڵ!!! .... هیوا قادر، ل٧١
بێدەنگی هەنار و وڕێنەی سوور ..... هەندرێن، ل٧٣
مالٚئاوا خۆشەویستی. !! ..... شێرزاد حەسەن، ل٧٦
شیعر و سینەما ..... لویس بونوێل، و: قاسم عەزیز، ل٨١
ئەو کەسەی پێدەکەنێ هێشتا هەواڵی مەترسی نەبیستووە...

بەڕۆژ ئاکرەیی، ل٨٥



**ژمارە ١٧، ١٩٩٦، ٨٦ لاپەڕە.**

چۆن لە ولاتەکەم ببورم؟ ... رەفیق سابیر، ل٥

جوولەکەکانی کوردستان و کێشەی رزگاریخوازی گەلی کورد .... د. کەمال سەیدۆ قەرەداغی، ل٧

لە راپەڕینەوە بەرەو سەربەخۆیی!! نا .. ببورن: بەرەو سڕینەوەی " عار' و کڕینەوەی " حەیا" !! ... هاشم کۆچانی، ل١٠

لەبەر بیروباوەڕی تاوانبارکراوە! .... و: مەهاباد کوردی، ل١٨

هاوکاریی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دژی گەلی کورد، بەشی دووەم.... د. جەبار قادر، ل٢٣

پەیدابوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئیران، " پێداچوونەوەی نامیلکەیەکی دکتۆر عەباس وەلی"..... ئەنوەری سوڵتانی، ل٣٦

شاعیر و دەسەڵات ... کامەران محەمەد، ل٤٩

هەڵبژاردەیەک لە شیعری ئۆکتاڤیۆپاز .... و: موحسین ئەحمەد عومەر، ل٥٨

شتێک دەربارەی شێوازی سینەما..... کارل تیۆدۆردرەیەر، و: قاسم عەزیز، ل٦٥

مردنی سەربازە هەڵاتووەکە..... عەتا محەمەد، ل٧١

کاتێ پێڵاو ستڕانان دەڵێ..... بەڕۆژ ئاکرەیی، ل٧٧

ڕوونکردنەوەیەک... مستەفا قەرەداغی، ل٨٥

**ژمارە ١٨-١٩، ١٩٩٦، ١٦٠ لاپەڕە.**

بزاڤی خێڵ و خێڵی بزاڤ .... رەفیق سابیر، ل٥

پەرکەمی دەسەڵات ... هاشم کۆچانی، ل١٢

ئەنفال: کورد گژوگیای ناو باخچەیە... خالید سالح، ل٢٢

ئەنفال لە ڕوانگەیەکی تڕەوە.... پشکۆ نەجمەدین، ل٢٧

یەکێتی هونەریی " بیرو بەهانە" خوێندنەوەیەکی تێکستەکانی مەم و زین ... کەمال میراودەلی، ل٣٣

دەربارەی دیتنە سایکۆلۆژییەکانی میللەر لە کتێبی پەروەردە لە بەراییدا بوو، پەروەردەی ڕەش .. ئاسۆس عیزەدین نەجمەدین، ل٤٤

بۆ بە خوێنی سەری یەکتر شاگەشکەن؟ .. کاروان عەبدوڵڵا، ل٥٣

هۆکارە جوگرافیی و مێژوویی و دەروونییەکانی دڕوستبوونی نەتەوەی کوردستان ... د. وەهبیە شەوکەت،

و: مەهاباد کوردی، ل٥٥
میژووی کورد یان تەنگەژەی بیر و میژووی رواڵەت؟... نەجاتی عەبدوڵڵا، ل٦٨
یانزەمین کۆنفرانسی ناونەتەوەیی دەربارەی نەهێشتنی چەوساندنەوە و فەرامۆشکردنی منداڵ... د. عەبدولباقی ئەحمەد، ل٧٢
چەند زانیارییەک لەبارەی بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردەوە لە هەندەران.... د. کەمال فوئاد، ل٧٥
سروشتی هونەری سینەما ... سەڵاح مەزن، ل٨٠
دیدارێک لەگەڵ یۆران تونستروّم ..... حەسەن حەمەسەعید نور، ل٩٤
حیکمەتەکانی مێیینەیەکی پیرۆز ... جەمال غەمبار، ل١٠٠
سی و حەوت..... ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل١٠٣
کۆڵانەکانی رۆژهەڵات ... سەباح رەنجدەر، ل١٠٦
خۆڵەمێش... کاکە وەیس، ل١١١
دوای رەو لە لای من نیشتەجێن .... مارف عومەر گوڵ، ل١١٧
ئینجانە ... رێواس ئەحمەد، ل١٢١
چاو .. شارەکەم .. بەهرۆز حەوێزی.. ل١٢٤
چۆنی ... عەباس عەبدوڵڵا یوسف، ل١٢٥
هەڵنانی سروشت و تراژیدیای ناوەوە... خوێندنەوەی: عەبدولموتەلّب عەبدوڵڵا، ل١٢٧
دەنگی پێی وەرگێڕان .... بەڕۆژ ئاکرەیی، ل١٣٢
ئەو شەیتان دەردەکات..... بیرتۆلّد بریشت، و: سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم و فاخر حەمدی، ل١٣٩
راپەرینی جوانڕۆ لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا.... ئەنوەر سوڵتانی، ل١٤٧
ژن و میردایەتی کاتیی، " سیغە" لە ئێراندا... مەهاباد قەرەداغی، ل١٥٢
وەرگێڕان... موحسین ئەحمەد عومەر، ل١٦٠

**ژمارە ٢٠، ١٩٩٧، ٨٨ لاپەڕە.**

کاک نەتەوە دەتوانێت ئەم خیانەتە قبووڵ بکات! .... رابوون، ل٥
دیموکراسییەتی یەکگرتنەوە!! ... قەرەنی قادری، ل٧
بانگەوازێک لە گۆڤاری " رابـوون" هوە ..... دەستەی نووسەران، ل١١
ئیسماعیل بێشکچی: نموونەی زانای خاوەن هەڵوێست..... د. جەبار قادر، ل١٢

چەند سەرنجێک لەسەر دوو تەرجەمەی فارسی و کوردی کتێبەکەی کریس کووچێرا .... ئەحمەد ئەسکەندەری، ل٢٧
ئەهلی هەق و رێبازی ئاینییان.... ئا: حەمە کەریم قەشانی، ل٣٣
سینەمای ئینگمار باریمان.... قاسم عەزیز، ل٥٤
ئەگەر بتوانم.... رەفیق سابیر، ل٦٠
دابەشبوون..... سەلاح عومەر، ل٦٦
ئێمە: من و ئێوە .... بەرۆژ ئاکرەیی.....، ل٧٠
ئەو ساتانەی مەرگ باری .... پشکۆ نەجمەدین، ل٧٥
دەق ..... سابیر ئەحمەد، ل٧٨
ژن و میردایەتی کاتیی " سیغە: لە ئێراندا ... ئیبراهیم قوربان، ل٨٠
راپەرینی جوانرۆ و هەڵوێستی کامەران عالی بەدرخان لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، بەشی دووەم .... ئەنوەری سوڵتانی، ل٨٢

## ژمارە ٢١، ١٩٩٧، ١٠٦ لاپەڕە.

سیناریۆکانی دەوڵەتی تورکیا لە باشووری کوردستاندا.... رابوون، ل٥
دایلەکتیکی غەزیزە و عەقڵ .... کەمال میراودەلی، ل٧
کوردستانی باشوور: میکانیزمی دەسەڵاتی حیزب و دەوڵەت لە ئەزموونی دیموکراسیدا.... پشکۆ نەجمەدین، ل١٧
فاشیزم چییە؟ ..... هینری میشێل، و: سمکۆ ناکام، ل٢٨
دەوڵەتی کوردی لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا .... نەجاتی عەبدوڵڵا، ل٣٨
گەورەترین دوژمنی کورد، کوردەکەی ترە! .... و: قەرەنی قادری، ل٤١
مۆنتاژی دیالەکتیک لە سینەمای سێرگێی ئێزنشتایندا.... قاسم عەزیز، ل٤٣
من دەنووسم؛ تا بزانم کێم و چیم بەسەر هاتووە؟!.. هەڤپەیڤینی " بەرۆژ ئاکرەیی" لەگەڵ " هۆشەنگی گوڵشیری" .... ل٤٩
ئەستێرەکانی ئەشکەوت... هاشم کۆچانی، ل٦٥
شێخی چۆڵیی... مستەفا سالح کەریم، ل٦٩
سەکۆی با... موحسین ئەحمەد عومەر، ل٧٤
خەجاو.... کاروان عەبدوڵڵا، ل٧٩
کاتی ئەوە هاتووە چاو لە یەکتر نەپۆشین!١.... رزگار عەبدوڵڵا، ل٨٥



له وەڵامی " وتارە رەخنەییەکە" ی رزگار عەبدوڵڵادا... خەبات عارف، ل٩٠
ژن و مێردایەتی کاتیی " سیغە" لە ئێراندا .... مەهاباد قەرەداغی، ل٩٨
شانۆنامەی خۆکوژ.... ئەرکادی ئەڤێر چێنۆ، و: مەهدی جاف، ل١٠٠

## ژمارە٢٢، ١٩٩٧، ١٠٨ لاپەڕە.

نامۆبوون لە چیرۆکەکانی حوسێن عارفدا.. رەفیق سابیر، ل٥
تۆربێۆرن سێڤێن: بودیست، ئەنارکیست، ستالینیست و سۆفی یان خەرمانە خەونێکی نەبڕاوە..... هەڤپەیڤین: حەسەن نوور، ل١٩
تەریقەت و بزووتنەوەی نەتەوایەتی... د. حوسێن خەلیقی، ل٣٣
مافی گەلی کورد لە داکۆکی نێو نەتەوەیی لە دژی جینۆسایدا... مارف عومەر گوڵ، ل٣٩
هێندێ بەڵگە و بۆچون لەسە کۆمەڵەی ژێکاف..... و: ئەفراسیاو هەورامی، ل٤٩
خوێندنەوەیەکی نوێی ١٤ ی تەممووزی ١٩٥٨ ی عیراق.... ئەمجەد شاکەلی، ل٥٨
پێداچوونەوەی هەندێ بیروڕای وتاری " دیالەکتیکی غەریزە و عەقڵ" دەربارەی مارکسیزم.. جەلال دەباغ، ل٦٨
پێڵاوی چەرخەدار... کاروان عومەر کاکەسوور، ل٧٤
شێتی بەرباران... ئەنوەر مەحمەد ئەحمەد، ل٨٦
شەوێ ... رێبوار سیوەیلی، ل٩١
شەوانی نێو شەمەندەفەر: لە چاوانتام.... عەباس بۆسکانی، ل٩٣
بوون و نەبوون ... گۆران قەرەداغی، ل٩٤
خەون و وڕێنە... زریان کاکەیی، ل٩٤
سوالکەرەکە یان سەگە مردووەکە..... بیرتۆڵد بریشت، و: سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم و فاخر حەمدی، ل٩٥
بیبلیۆگرافیای شەش ساڵەی رابوون، ئا: کاکە وەیس، ژمارە ١- ٢١ .....، ل١٠١

## ژمارە ٢٣، ١٩٩٨، ١٠٠ لاپەڕە.

ئیسلام: ناکۆکیی نێوان پەیام و دەوڵاتی خێڵ ..... رەفیق سابیر، ل٣
لە پەراوێزی مۆدێرنێتی دا، ئێمە هێشتا قسە دەکەین، نەک

دیالۆگ!!... هاشم کۆچانی، ل٢٣
داریۆ فۆ: پێکەنینێکی گومانئامێز و پابەندی راستی..... ئا: حەسەن نوور، ل٤٠
سەیرکردنێکی فیلمی " ڕێگا" لەگەڵ کۆستا گاڤراس دا .... و: قاسم عەزیز، ل٤٧
تێکڵە هێلکە... کاکەوەیس، ل٥٢
پیاوێکی نابینا... جوبڕان خەلیل جوبڕان، و: جەلال دەباغ، ل٥٦
شانۆنامەی زیندوبوونەوە..... مەمدوح عەدوان، و، ئا: مەهدی جاف، ل٦٣
هێندێک بەڵگە و بۆچوون لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف، بەشی دووەم... و: ئەفراسیاو هەورامی، ل٦٩
کورتە لێدوانێک لەسەر کتیبی پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن... پشکۆ نەجمەدین، ل٨١
کتێبخانەی رابوون..... ل١٠٠

## ژمارە ٢٤، ١٩٩٨، ٩٦ لاپەڕە.

سڵاو لە یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی... رابوون، ل٣
بۆچی پارتی پێویستە ئاشتی قبوڵ بکات؟ ... کەمال میراودەلی، ل٤
چەند وتەیەک سەبارەت بە ڕووناکبیرانی کورد.... ئیسماعیل بێشکچی، گواستنەوەی: مەهاباد کوردی، ل٩
فۆرمالیزمی ڕووسی... حەسەن نوور، ل٢٢
پازۆلینی.. سینەما، مردن!... قاسم عەزیز، ل٣٤
هێندێک بەڵگە و بۆچوون لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف، بەشی سێیەم..... و: ئەفراسیاو هەورامی، ل٣٨
سێ هۆنراوە.. ڕەفیق سابیر، ل٤٥
کوچەی کرمانشا... محەمەد ڕەزا سەفدەری، و: بەرۆژ ئاکرەیی، ل٥٢
دەرگای چواردەری... کاروان عومەر کاکە سوور، ل٦٣
ئاوڕدانەوەیەک لە ژیان و شیعرەکانی فانی.... ئۆرخانی غالب، ل٧٦
ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دوولا دروستکەر... ئیدوارد سەعید، و: قەرەنی قادری، ل٧٩
گوڵبژێری بەڵگەنامە سیاسییەکانی ئێران و عوسمانی.. ئەنوەر سوڵتانی، ل٨٢
شوێنەواری دێر و کلێسای بازیان.. موعتەسەم ڕەشید، ل٨٥

دیالۆگ یان وەهمی دیالۆگ... هیوا قادر، ل٨٧
بەڵێ دیالۆگ نەک وەهمی شەڕ!..... هاشم کۆچانی، ل٩٢
پڕماناترین بێدەنگی!.. ڕێبوار، ل٩٦




## ژمارە ٢٥، ١٩٩٨، ١٠٠ لاپەڕە.

هەڵوێستی کورد سەبارەت بە فەڵەستینیەکان..... ئیسماعیل بێشکچی، گواستنەوەی: مەهاباد کوردی، ل٣
گرنگی دان بە دەوری بیر و پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت.... کەمال میراودەلی، ل٦
دیداری رابوون لەگەڵ دکتۆر فازیل جاف..... ئا: رابوون، ل١٥
کورد گەل نامەک، دۆزینەوەی دەستنووسی سەرچاوەیەکی زۆر گرینگ بۆ مێژووی کورد و بلووچستان..... جەمال نەبەز، ل٢٩
نەتەوەی بلووچ لەبەر تیشکی " مێژووی بلووچ و بلووچستان" ..... هیوا محەمەد زەندی، ل٣٠
شیعر وەرگێڕان یان شیعر وەرگەڕاندن..... شیروان مەحموود محەمەد، ل٣٣
ئای، من و تۆ، چ عەیامێکی دوور و درێژ.... والّت ویتمەن، و: عەبدوڵڵا پەشێو، ل٦٢
لە نێوان خەون و " شتراسەنبان" دا... ڕەفیق شامی، و: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل٦٤
" خەوەبەردینە" لە ئەفسانەوە تا گفتوگۆی شیعری..... ڕێبوار سیوەیلی، ل٧٢
نوێترین فیلمی کوردی " بژی بووک. بژی ڕزگاربوونی کوردستان".. موحسین ئەحمەد عومەر، ل٨٠
خولە گیان... پیمانەی جوانی..... دیاکۆ ع، ل٨٦
هێندێک بەڵگە و بۆچوون لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف، بەشی چوارەم... و: ئەفراسیاو هەورامی، ل٨٧
هەڕەس: ئەو نەڕە دێوەی کە لە کۆڵمان نابێتەوە..... ئەمجەد شاکەلی، ل٩٦
ئەو نەتەوەی تەنیا ڕێزی مردووانی بگرێت ناتوانێت نەتەوەیەکی زیندوو بێت!... رابوون، ل١٠٠
هونەرمەند مەسعود مینوی، ل١٠٠




## ژمارە ٢٦، ١٩٩٩، ١٠٤ لاپەڕە.

ئاشتی لە نێوان ویستی کورد و حەزی ژەنەڕاڵەکانی وەهمدا!!..... هاشم کۆچانی، ل٧
ئەرکیۆلۆژیای مێژوو: وێناندنی " ئەوی دیکە" لە ئاخاوتنی

کۆڵۆنیالی/ رۆژهەڵاتیزمدا.... کەمال میراودەلی، ل١١
کورتە میژوویەکی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوایەتی و پەیوەندی توندوتۆڵی بە رامیاری دەرەکی ئەمریکاوە.... د. والتەر لاندری، و: ڕێبوار ڕەشید، ل١٩
ئاوابوونێک..... گۆران، ل٢٤
تراژیدیای ڕووناکبیرێک.... ڕەفیق سابیر، ل٢٥
یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی چەندین دەرسی بە نرخیان تێدایە..... ئێریک ئێڤبری، ل٢٨
لە دایکبوونی مامۆستای کوردایەتی ڕەفیق حیلمی..... د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، ل٣٠
ڕەفیق حیلمی، ڕووناکبیر، بیرکار و سەرۆکی سیاسی... عەبدوڵڵا مەردۆخ، ل٣٧
حزبی هیوا ١٩٣٩- ١٩٤٥، دوو ڕەوت، یەک کۆتایی... نەجاتی عەبدوڵڵا، ل٥٧
" یاداشت" : سەرەتایەکی لە بیرکراو..... ڕزگار حوسێن، ل٦٦
دەمەوێ بە نووسین وا لە خوێنەر بکەم بیربکاتەوە..... ئا: ڕێواس ئەحمەد، ل٦٧
تۆڵە .... خۆسێ سەرەماگۆ، و: حەسەن نوور، ل ٧٣
پۆرترێتی هونەرمەندێک..... ڕەفیق سابیر، ل٧٥
دۆگما ٩٥ شەپۆلێکی نوێ لە سینەمادا!..... قاسم عەزیز، ل٧٧
سەبیە شێت..... کاکەوەیس، ل٨١
نانـدۆ..... بییر باولۆ بازۆلینی، و: تاڤگە عومەر کاکە سوور..... ل٨٤
نازم حیکمەت و دواین شیعرەکانی..... و: ناسری سینا، ل٨٦
سێزدەمین دەرگا..! ..... موحسین ئەحمەد عومەر، ل٩١
چەند تیشکێک بە ناو بەرهەمەکانی " پڕیشک" دا..... گۆران قەرەداغی، ل٩٤
" ئیمپراتۆریای لم " ی ڕەفیق سابیر..... کاوە جەلال، ل٩٨
تەبایی نووسەرانی کورد لە دەرەوەی وڵات... کاوە ئەمین، ل١٠١
بۆچی کۆمەڵەی منداڵدۆستنی کوردستان پێویستە؟.... ل١٠٤



**ژمارە ٢٧، ١٩٩٩، ١٩٩ لاپەڕە**

دەریا نوچان وەرگێڕی سەرۆکی " پێ کەکا" چۆنێتی ڕفاندن و تەسلیمکردنی ئۆجەلان بە تورکیا دەگێڕێتەوە، ل٣

تورکیا دەیەوێ لە ڕێگات ئۆجەلانەوە گەلی کورد دادگایی بکات..... و: ئەحمەدی ئەسکەندەری، ل٤
دەربارەی ڕفاندنی بەڕێز ئۆجەلان، سەدەیەک کوشتنی کوردستان... ڕەفیق سابیر، ل٧
هیرالدتریبون بەشداری ڕاستەوخۆی ئەمریکا لە ڕفاندن ئۆجەلان ئاشکرا دەکات.... ئا، و: ئازاد شێخانی، ل١١
گلۆبالیزەکردنی تیرۆر، بکوژ دەکرێ بە قوربانیی قوربانیی بە بکوژ... هاشم کۆچانی... ل١٤
بۆ من بەرگریی لە کورد چەوساوەکان دەکەم؟..... دانیال میتران، ل٢٠
مافی نەتەوە بچووکەکان ..... و: م. داسنی، ل٢٢
ئەوروپای ترسنۆک.... گێرارد شالیاند، و: ناهیدە ئەحمەد، ل٢٣
تورک و کورد، تەنیا دەوڵەتی تورک... ڕەزا بەراهێنی، و: ناسری سینا، ل٢٥
دووڕوویی وڵاتانی ڕۆژئاوا.... ڕێکارد وارلینۆس، و: کاوە ئەمین، ل٢٩
هیچ گەشبینییەک بۆ گەیشتنی کوردانی تورکیا بە ئۆتۆنۆمی بەدی ناکرێ..... و: حەسەن قارەمانی، ل٣١
مێژوویەک لە خوێن و تاراوگە و ڕیسوایی نێودەوڵەتیی، محەمەد نوردەین، ئا: حەسەن یاسین، ل٣٤
چەند سەرنجێک دەربارەی کۆمەڵی جیهانی سەبارەت بە ڕفاندنی ئۆجەلان و کێشەی کورد لە تورکیادا.... ئازاد شێخانی، ل٣٧
زەبرو زەبگ وەک چەکێکی سیاسی بەهێز... ئەندێش هێلنەر، ئا: مەهاباد کوردی، ل٢٤
ئۆجەلان، دنیا، ئێمە، بەرەو ستراتیژی کوردستانیبوون.. کەمال میراودەلی. ل٤٣
سەرۆک ئاپۆ و دوژمنانی کوردستان،،، کاوە ئەمین، ؛ ل٥٢
کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد لە یاسای نێودەڵەتاندا .. د. مارف عومەر گوڵ، ل٥٥
ژیانناممەی شەڕەفخان و نەمریی شەرەفنامە... د. جەبار قادر، ل٦١
ئەرکیۆلۆژیای مێژوو: وێناندنی " ئەوی دیکە" لە ئاخاوتنی کۆڵۆنیالی/ ڕۆژهەڵاتیزمدا.. کەمال میراودەلی، ل٧١
چەند هۆنراوەیەک.... چۆمان هەردی، ل٧٦
تێکەڵاوبوونی وێنەکان.... دڵسۆز حەمە، ل٨٠
لە خەونی سەربازێکی وندا... ڕێبوار ڕەشید، ل٨٣
هەندێ لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ: چیرۆکنووسی جوانەمەرگ لەتیف حامیددا.. خالید دلێر، ل٨٥
کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم، شوێنی وشەی ئازاد... ئا: مەهاباد کوردی، ل٨٩
دێوەخانی فلێن... شێرزاد هەینی، ل٩٣
رانانی کتێب..... ل٩٨
یەکەم نامەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دوای دەستگیرکردنی. و: جەمال زەنگەنە، ل١٠٠

## ژمارە ٢٨، ساڵی ١٩٩٩، ١٠٠ لاپەڕە

سیگنالەکانی پڕۆژەیەکی گرنگ...! هاشم کۆچانی، ل٣
شەڕی ئاو و کێشەی کورد.. دارا مەحموود، ل٩
کوردەکان یەک نەتەوەن... ڤیللو سیگوردسون، و: ئازاد مەولوود، ل١٤
عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان.. ئا: مەهاباد کوردی، ل٢٣
پڕۆسەکردنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان و تایبەتمەندییەکانی، بەشی دووەم و سێیەم.... مارف عومەر گوڵ، ل٣٦
ئەرکیۆلۆژیای مێژوو، وێناندنی " ئەوی دیکە" لە ئاخاوتنی کۆڵۆنیالی- ڕۆژهەڵاتیزمدا... کەمال میراودەلی، ل٤٣

هەوڵنامەی کتێب



سۆفیزم و مۆسیقا.. د. محمد مکری، و: موحسین ئەحمەد عومەر، ل٥٤
بەزرێیکەوە لە مەعدەنی مێژوو.... رەفیق سابیر، ل٦٠
بێدەنگی دەشکێنم... ئەحمەد شاملو، و: ناسر حسامی، ل٦٥
نیو پەڕە کاغەز.. ئۆگست ستریندباری، و: قاسم عەزیز، ل٧٠
درەنگ زانیم براکەم برام نەبوو ... جەلال بەرزنجی، ل٧٢
سەگدۆست.. ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل٧٤
دوو هۆنراوە... عەباس بۆسکانی، ل٧٧
پێک نەگەیشتن... ئەنوەر رەشید، ل٧٨
فڕینی پەیژەکان.... سەباحەت تاهیر، ل٨٦
سەمای بوتۆ و گرۆی سانکای یکیو... دانا رەئووف، ل٨٧
پرسی کورد و شیعری کوردی لە فێستیڤالی جیهانی ئەدەب لە نەرویج، ل٩٠
فێستیڤاڵی شیعری کـوردی- دانـمارکی و پێشانگای شێوەکاری کوردی.. ل٩٣
دوو کۆمەڵە شیعری رەفیق سابیر بە سوێدی و فارسی.. ل٩٤
ئەسپیدیلۆن پڕۆسەی ئاسانکردنەوە و شەفافیەت... دانا سۆفی، ل٩٥
نامەیەک بۆ گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکانی ئەوروپا... گۆران قەرەداغی، ل٩٧
دیدارێکی خێرا لەگەڵ هونەرمەند زاهیر سدیق.... ئا: ئازاد، ل٩٩
نامەی دکتۆرای جەعفەری حەسەنپوور.... ل١٠٠

**ژمارە ٢٩، ساڵی ٢٠٠٠، ١٠٠ لاپەڕە.**

سیمیناری کورد لەبەردەم سەدەی بیست و یەکەمدا.. رابوون، ل٣
وتاری رابوون لە سیمینار.... ل٣
بزاڤی رزگاریخوازی کورد: سەدەیەک لە خولانەوە لەناو بازنەیەکدا.. رەفیق سابیر، ل٥
کورد لەبەردەم ئاڵۆزییەکانی جیهان و سەغڵەتییەکانی خۆیدا!.. هاشم کۆچانی، ل٩
کورد لەبەردەم ساڵی دوو هەزاردا.. ئەحمەد ئەسکەندەری، ل١٧
گلۆبالیزم و پێداچوونەوە بە چەمکەکاندا.. دارا مەحموود، ل٢٢
کوردیش پێ دەنێتە ساڵی ٢٠٠٠؟!.. مەهاباد کوردی، ل٢٩

خەڵاتی نۆبڵ بۆ گراس و هەڵوەستێک... و: کەریم قادر، ل٣٤
ئاخاوتن، دەسەڵات و رووناکبیران، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال میراودەلی. ئا: بابەکر دڕەیی ل٣٧
کتێبخانەی رابوون... ل٦١
ژیانە راستینەکە.... یۆران تونستڕۆم، و: حەسەن نوور، ل٦٢
چوار کورتە چیرۆک... کاروان عومەر کاکەسوور، ل٨٢
نامەیەک بۆ کچەکەم... چارلی چاپلن، و: چیمەن کەریم، ل٨٨
تیشکێکی خەفەتبار.. غەیلان، و: عەباس بۆسکانی، ل٩٠
بیرەوەریی لاپەڕەکان... گۆنا جاف، ل٩١
تۆ مردی، بۆمبەکانی سەدە.... ئا: ڕێبوار ڕەشید، ل٩٢
بۆن و تەنیایی... جەزا چنگیانی، ل٩٦
وەرزی سەهۆڵبەندان لە پێشەنگایەکی نیگارکێشاندا... تەها فەرهاد، ل٩٨
وەرزی سەهۆڵبەندان... حەسەن نوور، ل٩٩

## ژمارە ٣٠، ٢٠٠١، ١٠٠ لاپەڕە.

ئەمڕۆ درەنگە! بەڵام بواری عەقڵ ماوە!!..... هاشم کۆچانی، ل٣
کولتوور و ناسیونالیزمی کورد.... ڕەفیق سابیر، ل٥
مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتە! ..... دارا مەحمود، ل٢٩
دۆزی کورد، هەڕەشە لە یەکپارچەیی ئێراق دەکات.. گراهام فوللەر، ئا: فایەق سەعید، ل٤٠
سیناریۆی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ئاگوستی ١٩٤١.. و. ئا: د. ئەفراسیاو هەورامی، ل٤٤
خەڵاتی ئەدەبیی نۆبل ٢٠٠٠.... و: حەسەن نوور، ل٥٣
مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت، وێنەی خۆشەویست و سەرچاوەکانی عیشق.... ئەحمەدی مەلا، ل٧٤
مەلەک ڕێحان.... دلاوەر قەرەداغی، ل٧٩
چەند هۆنراوەیەک..... ڕەفیق سابیر، ل٨٢
حەوتانە..... ئەحمەدی مەلا، ل٨٤
خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە دەربارەی وەرگێڕان، نموونە: " بەهاری تازە دێ" .... ڕێواس ئەحمەد، ل٩٠
تەلاری یاس.... جەزا عەلی ئەمین، ل٩٨
فیلمی زام..... ل٩٩
شەبەق..... سیروان کاروانی، ل١٠٠




هەوالنامەی کێبڕکێ

# شێوەی نووسینی راپۆرت لە میدیاکاندا

نووسینی: محەمەد تەقی روغەنیها
وەرگێرانی: سلێمان عزیز

**پێشەکی**

هەواڵ، بە هۆی ئەو چوارچێوەو شێوازە باوانەی کە هەیەتی ناتوانیت بەردەوام وەلامدەری چاوەڕوانی و پێداویستییەکانی خەڵک بێ و هەموو لایەنە جوراوجۆرەکانی رووداوێک بە باشی باس بکات. هەندێک جار رووداوگەلێک دێنە کایەوە یان لەکۆمەڵگایەکدا چەندین پرۆسە دێنە ئاراوە کە پێویستییان بەشیکردنەوە وشرۆڤەی زیاتر هەیە و دەبێ لە چەندین روانگەی جۆراوجۆرەوە هەڵسەنگێندرێن، تاکوو بەردەنگەکان (خوێنەر،بینەر،بیسەر) بە رووبی لێیان تێبگەن.

لە راستیدا راپۆرت ئەرکێکی لەم شێوەی لەسەر شانە و بەراکێشانی بەردەنگەکان بۆلای خۆی و کردنەوەی گرێکوێرەکانی ناو رووداو، دەتوانێ بە شێوەیەکی ئاشکرا راستییەکان بخاتە روو.

کاتێک رووداوێک پێویستی بەوە هەبێ زیاتر باسی لێوە بکرێ یان پێویستی بەوە هەبێت کە بەلێکۆلینەوە و توێژینەوە بەردەنگ بەرەو ناخی بابەتەکەوە رێنوێنی بکات،پەیامنێرەکان روو لە نووسینی راپۆرت دەکەن و لەو رێگایەوە پەرە بەکاریگەرییەکانیان ئەدەن. راپۆرت بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە کە هەیەتی، توانایی ئەوەی هەیە کە پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ بەردەنگەکان دروست بکات و کاریگەرییەکی قووڵتر و بەرچاوتریش لەدوای خۆی بەجێبێڵێت. پەیامنێر بە کەڵک وەرگرتن لە نووسینی راپۆرت، جگە لە باسکردنی رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، کولتووری و هونەری و وەرزشییەکان، دەتوانێت کردار و رەوتی رووداوەکانیش بخاتە ژێر سەرنج و تیشکی خۆیەوە و کردارەکان لەمیدیاکاندا بخاتە روو و بیانکاتە بابەتێکی رۆژنامەوانی.

لە راگەیاندنداً، چەندین پێناسەی جۆراوجۆر لە سەر راپۆرت خراوەتە روو، راپۆرت دەربڕینێکی گێڕانەوەیی و وێنەییانەی رووداو یا بابەتێکە. لەپێناسەیەکی گشتگیرتردا، راپۆرت بە تێکهەڵکێشێک لە هەواڵ و لێکۆلینەوە، بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی هونەرییانەی دیمەنەکان، بابەتەکان، رووداو و واقیعەکان پێناسە کراوە.

بۆیە لە هەموو راپۆرتێکدا، خستنەرووی

دیمەنەکان پێویستە بە پشت بەستن بەو شتانە بێ کە پەیامنێر بینیویەتی یان ئەنجامی لێکۆڵنەوەیەکی چڕوپڕ بێت.

هەندێک جار راپۆرتەکان شێوازی گێڕانەوەو چیرۆکیان هەیە و پەیامنێر وەکوو چیرۆکبێژێک رووداوەکان دەگێڕیتەوە و لە هەندێک راپۆرتیشدا نووسەر رووداوەکە شرۆڤە دەکات، کاکڵی هەواڵەکە، دەداتە بەردەنگ و راستییەکانی بۆ ئاشکرا دەکات.

راپۆرتەکانی راگەیاندن خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانە نین کە باسیان لێوە کرا، ژمارەیەک لە راپۆرتەکان لایەنی وەسفیی یا گێڕانەوەییان بەهێزە و ژمارەیەکی تر لایەنی لێکۆڵینەوەیی. بەڵام بەگشتی مەبەست لە ئامادەکردنی راپۆرت، دەربڕینی واقیع و لایەنە جۆراوجۆرەکانی رووداوێک و گەیاندنی پەیام بە بەردەنگەکانە، لە ڕێگای هەواڵ، پێناسە، گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەوە.

## تایبەتمەندییەکانی پەیامنێر

پەیامنێر پێویستە کەسێکی هوشیار بێت و پاڵنەرێکی بەهێزی هەبێ بۆ دۆزینەوەی هۆکاری رووداو و کردارەکان، هەروەها خاوەنی ئیرادەیەکی پتەو و شێلگیرانە بی لە تێگەیشتنی ڕاستییەکان، وردبینی لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی پەیامنێرە. زۆر جار وتەیەکی ساکار یا رووداوێکی بەرواڵەت ئاسایی، کۆمەڵێک زانیاری بەدەستەوە دەدات کە دەتوانرێت راپۆرتێکی سەرنجڕاکێشی لێ دروست بکرێت.

((خێرایی لە گەیاندن)) هۆکارێکی گرنگە لەسەرکەوتنی پەیامنێر.ئەم توانایە یارمەتی پەیامنێر دەدات تاکو بابەتی پڕ بایەخ بدۆزیتەوە و لێی تێبگات، هەروەها کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان، دارشتنی پرسیارەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک وڕێکخستنی بەجێی بابەتەکان. توانایی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ دەستە جیاجیاکانی خەڵکەوە، یەکێکی تر لە پێداویستییەکانی کاری پەیامنێرییە. توانایی تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵک و ڕێکخستنی پێوەندی دۆستانە،سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو زانیارییانەی کە پەیامنێر بەدواینداندا دەگەڕێ، ئەم تایبەتمەندییە بە گرنگترین ئامرازی کاری پەیامنێری لەقەڵەم دەدرێ، چونکە پەیامنێر هەر هەنگاوێک، کە بۆ نووسین یان ئامادەکردنی راپۆرتێک، هەڵیدەگرێ پێویستی بە دامەزراندنی پێوەندی دۆستانەی زیاتری لەگەڵ کەسانی دیکە هەیە و نەبوونی ئەم پێوەندییەش کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم پەیامنێردا.

هێمنی و لەسەرخۆبوون لەتایبەتمەندییەکانی دیکەی هەر پەیامنێرێکی لێهاتووە، بەتایبەتی بۆ ئەو راپۆرتانەی کە توێژینەوەن و پێویستییان بە تەرخانکردنی کاتی زیاتر هەیە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و بەدواداچوونی ژمارەکان. گورجوگۆڵی و هەبوونی توانایی خێرا لە گەڕان و بەدواداچوونی زانیاریی بۆ پەیامنێر شتێکی پێویستەو ئەو کەسانەی کە بە دانیشتن لەسەر کورسی و کاری کەمجووڵە راهاتوون، لەوانەیە بتوانن وتارنووسێکی باش بن، بەڵام هەرگیز ناتوانن پەیامنێرێکی باش بن.

جگە لەو تایبەتمەندییانە پێویستە پەیامنێر کەسێکی لێهاتوو بێ و بەردەوام توانایەکانی خۆی وەگەڕ بخات. زاڵبوون بەسەر بنچینەکانی کاری هەواڵنێری، توانایی هەواڵنووسین و دیمانە، دەستپێڕاگەیشتن و بەردەوام ئاگاداربوون لە هەواڵ و میدیاکان،هەبوونی زانیاری گشتی و لە هەمووی ئەوانە گرنگتر دەستەبەرکردنی توانایی پێویست بۆنووسین،چەند تایبەتمەندی دیکەی پەیامنێرێکی لێهاتوون.

ئامادەکردنی راپۆرت پێویستی بە توانایی نووسین هەیە تاکوو بتوانێ کاریگەری ببەخشێ. بۆ نووسینی راپۆرتێکی گونجاو

و شیاو، پێویستە پەیامنێر بە باشی لە وشە و زاراوەکان کەڵک وەربگرێت. هەتا دەکرێت راپۆرت کورت و پڕ ناوەڕۆک بێ و پەیامنێر بە کەمترین دەق زۆرترین زانیاری بڵاو بکاتەوە.شارەزابوون لە کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت لە پێویستییە سەرەکییەکانی پەیامنێرە. توانایی کەڵک وەرگرتن لە ئەنتەرنێت پێویستییەکی سەرەکییە کە پەیامنێر دەخاتە بەردەم زانیاری و رووداوە جۆراوجۆرەکان، پەیامنێرەکان دەبێت بە کەمترین کات زانیاری پێویست دەستەبەر بکەن.

لەگەڵ هەموو ئەو شارەزاییە و تواناییەیانەی کە بۆ پەیامنێر باسیان لێوە کرا، پێویستە پەیامنێر بەسەر زمانێکی بیانی و زیندوو بەتایبەتی ئینگلیزیدا زاڵ بێت.

**بنچینەکانی راپۆرت**

**راپۆرتێکی تەواو و تێروتەسەڵ پێویستە هەڵگری ئەم چوار تایبەتمەندییە سەرەکییە بێ:**

**١. گێڕانەوەی رووداوەکان وەک خۆیان:**

راپۆرت بریتییە لە نیشاندانی راستییەکان، گێڕانەوەی ڕووداوەکان و راگواستنی زانیارییەکان، پێویستە پەیامنێر هەرشتێک کە گوێی لێدەبێ، دەیبینێت و هەستیان پێدەکات، بیانگەیەنێتە بەردەنگەکانی. لەراستیدا پەیامنێرەکان دەبێ وەکوو چاو وگوێی وەرگرەکان هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی رووداو و پرۆسەکان شی بکەنەوە. راپۆرتێکی باش جگە لەوەی کە زۆر هونەرییانە دیمەنی رووداو و کردارەکان دەخاتە روو و شییان دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا دەبێت باس لە هۆکاروچۆنییەتی رووداوەکان بکات، نهێنییەکان دەربخات و لە چەندین رەهەندی جۆراوجۆریش شرۆڤەیان بکا و هەڵیانبسەنگێنێ. راپۆرت پێویستە روانگە و بۆچوونی رەنگاورەنگی تێدابێت تاکو بەردەنگ بتوانێ لە بنجوبنەوانی رووداوەکە ئاگادار بێتەوە.

**٢. خۆپاراستن لە پێشداوەریکردن**

گرنگیدان بە راستییەکان و دوورکەوتنەوە لە پێشداوەریکردن یەکێک لەو بنەما سەرەکییانەیە پێویستە پەیامنێر رەچاوی بکات. بۆچوون، حەز، هەست و ویستەکانی پەیامنێر نابێت کاریگەرییان هەبێ لە بەلاڕێدابردنی سەرنجی پەیامنێر بۆ سەر راستییەکان.

ئەگەر لە راپۆرتێکدا پەیامنێر پێشداوەری کردبێ، بەردەنگ هەست بە سەپاندنی بۆچوون و روانگەکانی پەیامنێر دەکات، ئەمەش وا دەکات کە راپۆرت کاریگەری و بایەخی خۆی لە دەست بدات.

خۆپاراستنی پەیامنێر لە پێشداوەریکردن بەو واتایە نییە کە راپۆرت هیچ ئەنجامێکی نەبێ، بەڵکو پەیامنێری شارەزا رێگە بۆ راپۆرت خۆش دەکا تاکو رەوتی ئاسایی خۆی ببڕێ و راستیی بابەت و چۆنییەتی رووداوەکە وەکو خۆی بۆ بەردەنگەکان باس بکرێت. گونجاندنی راوبۆچوونی پەیامنێر بەو مانایەیە کە پەیامنێر بەپێی ئەو بۆچوونانەی کە خۆی پێشتر سەبارەت بە رووداوەکە هەیەتی سەیری بابەتەکە بکات و راستییەکان بکاتە قوربانیی حەزو ویستەکانی خۆی.

**٣. ناسینی بەردەنگەکان:**

پێویستە پەیامنێر خوێنەر یا بەردەنگەکانی خۆی بناسێ و بشزانێ کە بۆ چ کەسانێک شت دەنووسێ. راپۆرتێک کە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بۆ رۆژنامەیەکی ناوچەیی ئامادە دەکرێت دەبێت جیاوازی هەبێت لە گەڵ راپۆرتێک کە بۆ هەمان بابەت بۆ رۆژنامەیەکی سەرانسەری ئامادە دەکرێت و هەریەک لەم راپۆرتانەش دەبێ جیاوازییان هەبێ لە گەڵ راپۆرتێک کە پەیامنێر بۆ رۆژنامەیەکی تایبەتیی و لێهاتوو ئامادەی دەکات.

هەر لەم پێوەندییەدا پڕ ناوەڕۆکبوونی بابەت و هەڵبژاردنی زمان و چۆنیەتی دەربڕین بەمەبەستی دروستکردنی پێوەندی لە گەڵ بەردەنگەکان جێگای سەرنجە. ناسینی تایبەتمەندی و حەزو ویستەکانی بەردەنگ دەبنە هۆی زیاتر سەرنجڕاکێشکردنی راپۆرتەکان.

ئەگەر پەیامنێر ئاگاداری حەزوویستە بنەڕەتییەکانی خەڵک نەبێت لەوانەیە بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێک بەشوێن ئەو بابەتانە بکەوێت کە لە روانگەی خەڵکەوە گرنگ و سەرنجڕاکێش نین، ئەگەر بابەتێکی شیاویشی دۆزییەوە لەوانەیە بەشێوازێک دەرییبڕێ کە لەگەڵ حەزوویستەکانی خەڵک نەگونجێت.

## ٤. راپۆرت نابێت لایەنگری پێوە دیار بێت:

ئەگەر ناوەڕۆکی راپۆرتێک دەرخەری روانگەو بۆچوونە تایبەتییەکانی پەیامنێر بێت، بەراپۆرت لە قەڵەم نادرێت و بەردەنگەکانیش بە راپۆرتی دانانێن، ئەمە دەتوانێت وتار بێت بەڵام ناکەوێتە چواچێوەی راپۆرتەوە.

خوێنەر کاتێک راپۆرتێک دەخوێنیتەوە و ناوەڕۆکەکەی قەبوڵ دەکات کە هەست بەوە بکات بابەتەکە لە چەندین بوارەوە هەڵسەنگێنداوە و روانگەی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە. پەیامنێرێکی لێهاتوو لە راپۆرتەکەی دا بۆچوون و روانگەی رەنگاورەنگ دەگونجێنێت و بیسەران وخوێنەران بەرەو ئاراستەی مەبەست رێنوێنی دەکات، بەڵام ئەگەر یەکەم قسە و دواقسەی راپۆرت بۆچوون و روانگەکانی خۆی بێت، کارەکەی ناکەوێتە چوارچێوەی راپۆرتەوە. راپۆرتێکی تەواو و تێروتەسەل، بەشێوەیەکی رێژەیی، روانگە جۆراوجۆرەکانی خەڵک، پسپۆران و بەرپرسانی لەخۆیدا جێدەکاتەوە.

## جۆرەکانی راپۆرت

بۆ دابەشکردنی جورەکانی راپۆرت چەندین پێشنیاری جیاجیا خراونەتە روو، بەڵام ئەو خاڵەتان لەبیر بێ کە بەهۆی لێک نزیکی و هاوشێوەبوونی شێوازە جۆراوجۆرەکانی راپۆرت، ناتوانین بەتەواوی هەموو شێوازەکان لەیەکتری جیا بکەینەوە.

لە راپۆرتەهەواڵدا دەکرێت لە رەگەزی گێڕانەوە، سوود وەرگیردرێ، هەروەک چۆن لە راپۆرتی گێڕانەوەییدا لە هەوال کەڵک وەرگیراوە، راپۆرتە لێکۆلینەوەییەکانیش زۆر جار لە رەگەزەکانی هەواڵ و گێڕانەوە کەڵک وەردەگرن.

لە یەکێک لە دابەشکارییەکان، راپۆرتەکان بە چوار جۆری (( راپۆرتە هەوالأ))،(( راپۆرتی لێکۆڵینەوەیی))، ((راپۆرتی گێڕانەوەیی))، ((راپۆرتی شیکاری)) دابەش دەبن.

راپۆرتەهەواڵەکان، باس لە رووداو و پێشهاتەکانی وەکو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژ، رووداوە کولتووری، ئابووری و سیاسییەکان و هەروەها کارەسات و رووداوە سروشتییەکان دەکەن. پەیامنێر بەکەڵک وەرگرتن لە هەموو رووداوەکانی پێوەندیدار بە رووداو، کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکان و وەرگرتنی رای خەڵک،بەرپرسانەوە و کەسانی شارەزاو پسپۆر، راپۆرتەکەی ئامادە دەکات.

راپۆرتە هەواڵ لەکاتی بەدواداچوونی رووداوێک و بەمەبەستی دیاریکردن و باسکردنی چۆنیەتی رووداوەکە، ئەنجام وکاریگەرییەکانی رووداوەکە و دۆزینەوەی سەرچاوە و هۆکارەکانی، ئامادە دەکرێت وبە شێوەیەکی باو ١٥ تا ٣٠ بڕگە لەخۆدەگرێ.

کات، یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی راپۆرتە هەواڵەو لەراستیدا ئەم جۆرە راپۆرتانە هەنووکەیین. هەر بۆیە ئامادەکردنی راپۆرتەهەواڵ پێویستی بە خێرایی هەیە لەکۆکردنەوەی زانیارییەکان.

لە راپۆرتە هەواڵدا، پەیامنێر بەشوێن وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە کە خەڵک و بەرپرسانی دەسەڵات بە رووداوێک کە تازە ڕووی داوە هەیانە و پێشتر هەواڵی رووداوەکەی بڵاو بۆتەوە یان پێشهاتی نوێتر هەر لە پێوەندی لە گەڵ رووداوەکە خەریکە ڕوو دەدەن.

**میدیاکان:** لە پێناو وڵامدانەوەی پرسیار و پێداویستییەکانی خەڵک و دەستەبەرکردنی زانیاری زیاتری وردەکارییەکانی رووداو و تێرکردنی هەستی هۆشیاری خەڵک، هانا بۆ راپۆرتەهەواڵ دەبەن.

پێویستە پەیامنێر بۆ ئامادەکردنی ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە، بەتەواوی ئاگاداری رووداوەکە بێ و بتوانێ بە ڕێکخستنێکی زانستییانەی بابەتەکە، هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی رووداوەکە باس بکات.

**راپۆرتە لێکۆڵینەوەییەکان:** بابەتی جۆراوجۆری رۆژ و ئەو ڕەوت و کردارانە لەخۆدەگرن کە میدیاکان خۆیان دیاریان دەکەن.

مەبەست لە ئامادەکردنی راپۆرتی لێکۆڵینەوەیی چوونە ناو وردەکارییەکانی بابەت و تیشک خستنە سەر هەموو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بابەتەکەیە. ئەم جۆرە راپۆرتانە پشت بە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە زانیارییە زانستییەکان و بۆچوونی پسپۆران وشارەزایان دەبەستن. پێویستە پەیامنێر بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیارییەکانی دیکە بچێتە ناو بنجوبنەوانی رووداو و هەموو لایەنە تاریک و شاراوەکان ئاشکرا بکات. هەندێک جار راپۆرتە لێکۆڵینەوەییەکان بابەتی ئاڵۆز و تایبەتی لەخۆ دەگرن و پەیامنێر هەوڵ دەدات مەبەست و هۆکارەکانی رووداو یا پرۆسەکە بدۆزێتەوە، لەم ڕێگایەشەوە لە کتێب و سەرچاوە زانستییەکان، ڕوانگەی پسپۆران، راپرسی و ئامار وداتاکان کەڵک وەردەگرێت.

پەیامنێران دەتوانن بەهەڵبژاردنی بابەتی گرنگ و پڕ بایەخ، راپۆرتی لێکۆڵینەوەیی گەورە ئەنجام بدەن و بابەتەکە بکەن بە پرسی رۆژ و جێگای سەرنجی خەڵک. باسکردنی زانستییانە و بەجێی کێشەکان،ئاشکراکردنی راستییە شاراوەکان و خستنەڕووی مەترسی و هەڕەشەکان، دەتوانن تەواوی کۆمەڵگا بخەنە ژێر کاریگەرییەوە. پێویستە ئەوە بزانن کە بابەت هەرچەندی سەرنجڕاکێشتر بێت، گرنگیی راپۆرتەکەش زیاتر دەبێت. بۆ ئەوەی راپۆرتێک بەردەنگی زیاتری هەبێ پێویستە گێڕانەوەی رووداوەکان بە زمانێکی پوخت و پاراو بنووسرێن، تاکوو راپۆرت سەرەڕای ئەوەی کە لێکۆلینەوەیەکی زانستیی تێروتەسەل بێت لە هەمان کاتدا سەرنجراکێشیش بێت.

گرنگترین بەشی راپۆرتێکی لێکۆڵینەوەیی بریتییە لە خستنەڕووی ئەنجامێکی ڕوون و دروست. هەوڵ بدەن راپورتەکە بە شێوازێک ڕێک بخەن کە ئەنجامێکی ڕوون و تەواوی لێبکەوێتەوە وزانیارییەکی پوخت وڕێک بە خوێنەر ببەخشێت. ئەم جۆرە راپۆرتانە کاتێک کاریگەرییان دەبێت کە لەڕێگای ژمارە و زانیاری باوەڕپێکراوەوە، بەردەنگ بەرەو ئەنجامێکی ڕوون و ئاشکرا ڕێنوێنی بکات.

راپۆرتی گێڕانەوەیی: راپۆرتێکە کە تایبەتمەندی سەرەکیی ئەو، باسکردنی رووداوەکەیە.

پەیامنێر بە گێڕانەوە و نیشاندانی هەموو ئەو شتانەی کە خۆی بینیویەتی، بیستوویەتی یا هەستی پێکردووە، خوێنەر دەباتە ناو ناخی رووداوەکەوە. راپۆرتە گێڕانەوەییەکان زۆرتر ڕووداوە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرن و لایەنی زاڵ و تایبەتمەندی سەرەکییان بریتییە لە باسکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕووداو و ڕاگواستنی هەموو ئەو دیمەنانەی کە

پەیامنێر بە چاوی خۆی بینیویەتی.

هەندێک لە راپۆرتەکان بەگشتی بەمەبەستی گێڕانەوەی رووداوێک یا دیاردەیەک ئامادە دەکرێن و پەیامنێر لە سەرانسەری بابەتەکە خەریکی گێڕانەوەی رووداوەکەیە، گێڕانەوە لە شێوە راپۆرتەکانی تریش سوودی لێ وەردەگیرێ، راپورتەهەواڵ و لێکۆڵینەوەکانیش رەگەزی گێڕانەوەیان هەیە.

لە راپۆرتی گێڕانەوەییدا، پەیامنێر هەموو ئەو شتانەی کە بینیویەتی باسیان دەکات. شێوەزمانی راپۆرتی گێڕانەوەیی بریتییە لە زمانی هەست و سۆز، هەروەها بەر لەوەی کە بچێتە ناو قوواڵایی بابەتەکەوە، لە رێگای خەیاڵ و فانتازییاوە رووداوەکان باس دەکات. لەم جۆرە راپۆرتانە توانایی نووسین رۆڵی سەرەکی هەیە لە پێشکەشکردنی راپۆرتێکی سەرنجڕاکێش.

راپۆرتی شیکاری: بریتییە لە کۆمەڵێک هەواڵ، زانیاری و راوبۆچوونەکانی پێوەندیدار بە رووداوێک کە بە مەبەستی تایبەتیی هەڵدەبژێردرێ و بۆچوون و روانگەکانی پەیامنێریش لە خۆدەگرێ.

مەبەست لە ئامادەکردنی راپۆرتی شیکاری بریتییە لە ئاشکراکردنی هەموو لایەن و رەهەندە جۆراوجۆرەکانی رووداو یا بابەت، بۆ ئەم مەبەستەش پەیامنێر دەست دەکات بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کە پێوەندییان بە رووداوەکەوە هەیە و پاشان بە شێوازێک رێکیان دەخا کە بە ئاسانی بتوانێ پەیامی خۆی بە خوێنەران بگەیەنێت.

دەرخستن و ئاشکراکردنی رەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی بابەتێکی سیاسیی،کۆمەڵایەتی، کولتووری و گێڕانەوەیی، ئامانجی راپۆرتی شیکاری پێکدێنێ و تەواوی ئەو زانیارییانەی کە یارمەتیدەری گەیشتن بەو ئامانجەن، کۆ دەکرێنەوە تاکو راپۆرتەکەیان لێ ئامادە بکرێت.

لە راپۆرتی شیکاریدا پەیامنێر لە گەڵ خستنەڕووی زانیارییەکان، هەوڵ دەدا بەرێکخستنی رێکوپێکی هەواڵ و زانیارییەکان و گونجاندنی پێشینەی بابەت، روانگە و بۆچوونەکانی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێ. راپۆرتە شیکارییەکان زۆرتر بەبیانووی رووداوێک یا بڵاوبوونەوەی هەواڵێک ئامادە دەکرێن. بە رووداوی هەر بابەتێکی نوێ پەیامنێر دەتوانێ لەگەڵ باسکردنی ئەو شتانەی کە تازە رووبان داوە، چاوێکیش بە رووداوەکانی رابردوودا بخشێنێ و پێشینەی رووداوەکە باس بکات و پەیامی مەبەست بگەیەنێتە بەردەنگەکان.

لە راپۆرتە شیکارییەکان، جگە لەو شتانەی کە باس کران، پەیامنێر دەتوانێ لە راوبۆچوونی کەسانی تر بەتایبەتی پسپۆران و شارەزایان کەڵک وەربگرێت.

جگە لە راپۆرتەکانی هەواڵ، لێکۆڵینەوە،گێڕانەوە، شیکاری کە سەبارەت بە رووداوێک یا پرۆسەیەک دەنووسرێن، راپۆرتی تریش هەن کە بەدەرن لە هەواڵ و پرۆسە کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و کولتوورییەکان و باس لە شوێن، پیشە،کەلوپەل یا گەشتێک دەکەن. ئەم جۆرە راپۆرتانە راپۆرتی بابەتیان پێدەگوترێت.

لەم جۆرە راپۆرتانەدا، نووسەر باس لە چۆنیەتی رووداو و گێڕانەوەی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی بابەت دەکات و هەوڵ دەدا روانگەیەکی روون و هەمەلایەن بە خوێنەر ببەخشێ.

لەو راپۆرتانەی کە باس لە شوێن دەکەن، پەیامنێر هەرشتێ کە ببینێ باسی دەکات و دیمەن و تایبەتمەندی جوگرافی و مێژوویی شوێنەکە بە شێوەیەک باس دەکات کە خوێنەر یان بیسەر دیمەنی واقیعییانەی شوینەکەی بێتە بەرچاو.

لەم راپۆرتانەی کە لەسەر کەسێک دەنووسرێن، تایبەتمەندیی تاکەکەسی و

چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کەسەکان باس دەکرێن. ئەم جۆرە راپۆرتانە تەنیا تایبەت نین بە کەسانی ناوداری وەک سیاسەتمەداران، هونەرمەندان و وەرزشوانان، بەڵکوو کەسانی نەناسراویش لە خۆدەگرن.

لە راپۆرتی پیشەیەکدا، باس لە قورسی، کێشە، کۆسپ، ئاڵۆزی، تاڵی و شیرینییەکانی کار دەکرێت و بەرووڕوونی بە بەردەنگ دەناسێندرێت.

بەگشتی ئەو راپۆرتانەی کە بابەتین، ئەو دەرفەتە گونجاوە بۆ پەیامنێر دەڕەخسێنن کە بە حەزی خۆی بابەتەکە هەڵبژێرێت و بە باسکردنی ئازادانەی هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی بابەتەکە، ببێتە هۆی گۆڕین یان بەهێزکردنی روانگەی بەردەنگ لەسەر بابەتەکەوە.

شێوازی ئامادەکردنی راپۆرتە بابەتییەکان نزیکە لەو شێوازانەی کە بۆ ئامادەکردنی راپورتەکانی گێڕانەوەیی و لێکۆڵینەوەیی سوودیان لێوەردەگیرێت و هەندێ جاریش تێکەڵاوییەکە لە هەردوو شێواز.

## قۆناغەکانی ئامادەکردنی راپۆرت

شێوازی ئامادەکردنی راپۆرتەکانی هەواڵ، لێکۆڵینەوە، گێڕانەوە، شیکاری و بابەتیی، هەندێک جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. بەڵام بۆ ئامادەکردنی هەریەک لەو راپۆرتانە قۆناغگەلێکی هاوبەش لە ئارادان کە بریتین لە:

## کۆکردنەوەی زانیارییەکان

لەدوای هەڵبژاردنی بابەت، یەکەم هەنگاو بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان. لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر رووداو و کردارەکان پێویستە پەیامنێر بیر لە چەندین ڕێگای جۆراوجۆر بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان بکاتەوە.

پێویستە لە یەکەم هەنگاودا پەیامنێر لە ئەرشیڤی تایبەتی خۆی یا ئەرشیڤی میدیاکان، بانکی زانیارییە و کتێبخانەکان، کەڵک وەربگرێت. هەڵبەت ئاستی کەڵک وەرگرتن لە هەریەک لەو سەرچاوانە پێوەندییان هەیە بە جۆری راپۆرت و ئەو دەرفەت و هەلانەی کە پەیامنێر دەستی پێیان رادەگات. بۆ نموونە لە راپۆرتەهەواڵدا زیاتر کەڵک لە ئەرشیڤی تایبەتی و ئەرشیڤی میدیاکان و بانکی زانیارییەکان وەردەگیرێت و کتێبخانەکان زیاتر لە ئامادەکردنی راپۆرتەکانی لێکۆڵینەوەیی و شیکاری دا ڕۆڵ دەگێڕن.

بە گەڕانەوە بۆ ئەرشیڤ، سەیری تەواوی ئەم هەواڵانە بکەن کە پێوەندییان بە بابەت یان رووداوەکەوە هەیە و زانیارییە گرنگەکان کۆپی بکەن. ئەم کارە یارمەتی ئێوە دەدات تا لەکاتی نووسینی راپۆرت پێشینەی بابەتەکە باس بکەن و لە هەمان کات دا بۆ داڕشتنی چوارچێوەی بابەت و دروست کردنی پرسیاری دیمانەیی، کەڵکیان لێوەربگرن. ئەگەر وێنەیەک یا فیلمێکی پێوەندیدار بە رووداوەکەی دۆزییەوە، هەوڵ بدەن سەیری بکەن. قسە لەگەڵ هەواڵنێر و سەرنووسەر وئەو بەڕێوەبەرانە بکەن کە ئاگاداری رووداوەکەن و روانگەی ئەوانیش وەربگرن.

ئەگەر هاوکارەکانتان سەبارەت بە بابەتی راپۆرتەکە زانیارییەکی تایبەتییان هەبوو لێیان وەربگرن و لە بۆچوونی ئەوانیش کەڵک وەربگرن. ئەو زانیارییانە یارمەتی پەیامنێر دەدەن کە تا بەدەستهێنانی تەواوی زانیارییەکان، بتوانن چوارچێوەی راپۆرتەکەیان دابڕێژن.

## ئامادەبوون لەشوێنی رووداو

لە زۆربەی راپۆرتەکانی هەواڵ و گێڕانەوەیی و ژمارەیەک لە راپۆرتە بابەتییەکان، ئامادەبوونی پەیامنێر لە شوێنی رووداو، بە شتێکی پێویست لە قەڵەم دەدرێت.

یەکەم هەنگاوی پەیامنێر لە کاتی ئامادەبوونی لەشوێنی رووداو ئەوەیە کە شوێنێکی گونجاو و لەبار بۆ سەیرکردن هەڵبژێرێت. سەیرکردن یەکێک لە سەرەکیترین و گرنگترین رەگەزەکانی ئامادەکردنی راپۆرتە، چونکە باشترین و راستترین زانیاری بە پەیامنێر دەبەخشێت.

وردبینی و سەرنجدانی زیاتر لە کاتی سەیر کردنی رووداو، رۆڵی سەرەکی دەگێڕێ لە جوانتر کردن و کاریگەرتر کردنی راپۆرت، پەیامنێر دەبێت گرنگی بە بچووکترین شتیش بدات کە بینیویەتی. بینین یەکێک لەو زانیارییانەیە کە پەیامنێر هەرگیز ناتوانێت لە ڕێگای ئەرشیڤ و بانکە زانیارییەکان دەستەبەری بکات.

دووهەمین خاڵ کە پێویستە پەیامنێر لە کاتی ئامادەبوونی لە شوێنی رووداو، ڕەچاوی بکات، ئەوەیە کە قسە لە گەڵ ئەو کەسانە بکات کە ئەوانیش رووداوەکەیان بینیوە. گەرچی وتوێژ لەگەڵ ئەو کەسانە ناتوانێ بە رادەی ئەو شتانەی کە پەیامنێر خۆی بینیویەتی بایەخیان هەبێ، بەڵام دەکرێت وەکو سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ تەواوکردنی راپۆرت و خستنەڕووی ڕوانگەی جۆراوجۆر سوودیان لێوەربگیرێت و زانیاری بەنرخ بە پەیامنێر ببەخشن.

سێیەم خاڵ کە پێویستە لەو کاتەدا سەرنجی پێبدرێت ئەوەیە، کە گرنگی بە لایەنە لاوەکییەگانی رووداوەکەش بدرێت. زۆر جار لە تەنیشت بابەتە سەرەکییەکە، هەندێک رووداوی دیکە روودەدەن کە بۆ دارشتنی ئەنجامەگشتییەکانی رووداوەکە بەسوودن یان دەتوانن بە بابەتێکی گرنگ لەقەڵەم بدرێن.

## وتوێژ

وتوێژکردن و دەستەبەرکردنی بۆچوون و ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی خەڵک یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی زۆربەی راپۆرتەکان.

ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیامنێر ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک بکات بە هاودەنگی خۆی و هەر لەم ڕێگایەشەوە دەتوانێ متمانەی پێویست لە خەڵک، لەمەڕ بێلایەنبوونی راپۆرتەکە، بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بۆچوونی جۆراوجۆر وەربگرێ و پەیامی مەبەست بگەیەنێتە بەردەنگ.

لەکاتی وتوێژکردن لەگەڵ خەڵک ئەوەتان لەبەر چاو بێ کە کەسەکان پێوەندییان بە بابەتەکەوە هەبێت. گونجاندنی ژمارەی وتوێژ و زانیارییەکانی خەڵک لە ناو راپۆرت، بە پێی کورت یان درێژبوونی راپۆرت دەبێت. جگە لەمانە پێویستە گرنگی بە ڕوونی و ساکاری پرسیارەکانیش بدرێ.

لەوانەیە راستەوخۆ بەشێکی وتوێژ بگوازنەوە ناو راپۆرت و لە بەشەکەی دیکە بەمەبەستی تەواوکردنی زانیارییەکانی خۆتان کەڵک وەربگرن.

جگە لە خەڵک، دەبێ لەگەڵ شارەزایان و پسپۆرانیش وتوێژ بکەن و لە ڕوانگەی ئەوانیش بۆ دەوڵەمەندتر کردنی راپۆرتەکە سوود وەربگرن.

لە زۆربەی راپۆرتەکان بە تایبەتی راپۆرتی لێکۆڵینەوەیی، پەیامنێر پێویستی بەوە هەیە ڕوانگە و بۆچوونی شارەزایان و پسپۆران وەربگرێ. ئەو راپۆرتانەی کە بۆچوونی کەسانی شارەزاو پسپۆری زیاتر تێدابێت، دەوڵەمەندترە. لە کاتی وتوێژ لەگەڵ شارەزایان پێویستە ئەوە بزانن کە وەرگرتن و گونجاندنی بۆچوونی جیاواز و دژبەیەکی شارەزایان، بە خاڵێکی بەهێزی راپۆرتەکە لەقەڵەم دەدرێ و یەکێک لەو هۆکارانەیە کە دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشترکردنی راپۆرتەکەوە. پەیامنێر لە دوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە سەرچاوە جیاجیاکان و وتوێژ لەگەڵ خەڵک و شارەزایان، زۆرجار پێویستە لەگەڵ ئەو کەسانە وتوێژ بکات کە لەپێوەندی لەگەڵ رووداو یان بابەتەکەوە

بەرپرسیارییەتییان هەیە. بۆ نموونە کاتێک پەیامنێر سەبارەت بە بارودۆخی پاسەکانی نـاوەوەی شـار راپـۆرت ئـامـادە دەکـات، پێویستە بۆچوونی بەرپرسە پێوەندیدارەکانی وەک بەڕێوەبەری هێڵێکی تایبەتی هاتوچۆی پاس تا دەگاتە بەرپرسی سەرەکیی کۆمپانیا و ئەندامانی شووڕای شار و بەڕێوەبەری شـارەوانـی، وەربـگـرێ و لـە راپـۆرتـەکـەدا بیانگونجێنێت.

لەکاتی وتوویژکردن لە گەڵ ئەو کەس و لایەنانەی کە ئاماژەیان پێکرا پێویستە پەیامنێر سەرنج بدا بەخاڵە ورد و ئاڵۆزەکانی ئـەو پیشەیەی کە هەڵیبژاردووە.پێویستە پەیامنێر کەسێکی چالاک و هۆشیار بێت، تاکو بتوانێ زانـیـاری پێویست لە خەڵکی جۆراوجۆر و کەسانێک کە لەوانەیە حەزیان لە وتوویژ نەبێت، وەربگرێت.

## شێوازە ئامارییەکان

ژمارەیەک لە راپۆرتە لێکۆڵینەوەییەکان پێویستییان بـە ئەنجامدانی راپـرسـی و تـوێژینەوەی مەیدانی هـەیـە، بـە ئامانجی ئـەوەی کـە رووانـگـە جیاجیاکانی کۆمەڵگا دەستەبەر بکات، دەستەبەر کردنی ئاماری پێویست بـەشـێـوازی زانستییانە، دەبێتە هۆی پربایەخبوون و دەوڵەمەندتر کردنی راپـۆرتـەکـە. شـرۆڤـە کـردنـی ژمـارەکـان و هەڵسەنگاندنی تـوێـژیـنـەوەی مـەیـدانـی و خستنەڕووی ئـەنـجـامـەکـان، دەبـنـە هۆی ئـەوەی کە ڕوانگەیەکی ڕوون و ئاشکرا بخەنە بەرچاوی بەردەنگ، هەروەها یارمەتی پەیامنێر دەدات تاکو بۆ تێگەیاندنی مەبەست و بۆچوونەکانی خۆی بەڵگەی زیاتر بخاتە روو. لە کاتی ئەنجامدانی هەر لێکۆڵینەوەیەکی پێوەندیدار بەبابەت و ڕووداو پێویستە پەیامنێر جگە لـە ڕەچـاوکـردنـی هەموو تایبەتمەندییەکانی تـوێژینەوە، گرنگی و هەستیاری کاتیش لەبەرچاو بگرێت، چونکە زۆر جار لەگەڵ تێپەڕینی کات، رای گشتیش تووشی گۆڕان دەبێت.

جێگای ئاماژەیە لە راپـۆرتـەهـەواڵدا بە هـۆی کەمبوونی کـات، دەرفـەتـی راپرسی و توێژینەوە لە ئـارادا نییە و دەکرێت لە ئەنجامی توێژینەوەکانی دیکەی پێوەندیدار بە بابەتەکەوە، کەڵک وەرگیرێت.

## پوختەکردنی زانیارییەکان

لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتدا زۆر جار پەیامنێر بابەت و پرسیاری نوێی بەمێشک دەگـاو بـۆ وەڵامـدانـەوەی ئـەو پرسیارانە پێویستە سەرلەنوێ چاو بە سەرچاوەکاندا بخشێنێت.

پێویستە پەیامنێر لە دوای کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان بەپێی ئەو شێوازانەی کە باسیان لێوەکرا، سەرنجی ئـەوە بدات کە ئایا توانیویەتی دەستی بە هـەمـوو ئـەو بابەتانە رابگا کـە پێویستی پێیەتی، ئایا بەهۆی ئەو زانیارییانەی کە کۆی کردۆتەوە، دەتوانێ وەڵامی داخوازی و پێویستییەکانی خـەڵک بـداتـەوە یـا نا. لەوانەیە لەکاتی وتوویژکردن لەگەڵ خەڵک، ئاگاداری هەندێک زانیاری و ڕوانگەی خەڵک بن کە پێویست بەوە بکات بۆ پوختەکردنی زانیارییەکان، سەرلەنوێ لە گەڵ شارەزایان گفتوگۆ ڕێک بـخـەن یـا سـەردانـی بانکی زانیاری و سەرچاوەکان بکەنەوە. ئەم کارە یارمەتی ئێوە دەدات ئەگەر کەموکورتییەک یـا شتێکی لێڵ وئـاڵـۆز لـە ئـارادابـوو، بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان، راپۆرتەکەتان پوختەتر بکەن و هیچ شتێکی نـاڕوون بۆ خوێنەران بەجێنەهێڵن.

## نووسینی زانیارییە گرنگەکان

خاڵێکی گـرنـگ کـە هـەر لـە سـەرەتـای راپـۆرتـەوە تـاکـو کۆتـایـی ئـامـادەکـردنـی راپۆرت پێویستە بایەخی پێبدرێت، ئەوەیە کە پەیامنێر خاڵە گرنگ و پێویستەکان لە لای خۆی بنووسێتەوە.

لە تـەواوی ئـەو شـتانـەی کـە لـە کاتی رووداوەکان دەیبینن و دەیبیسن یا لەکاتی وتـوویـژ لـەگـەڵ خـەڵک و شـارەزایـان و بەرێوەبەران ئاگاداری دەبن، شتە گرنگەکانی نـاو رووداوەکـــان، هـەڵسـوکـەوتـەکـان، بارودۆخی گشتی شوێنی رووداوو...هـتد، بنووسنەوە کە بۆ ئامادەکردنی راپـۆرت سـوودیـان لـێ وەردەگـیـرێـت . هەندێک جـار پـێـویـست دەکـا رێـکـەوت و کـاتی رووداوەکـە، نـاوی تـەواوی ئەو کەسانەی کە وتوویژیان لەگەڵ دەکەن، هەڵسوکەوت و ئەو تایبەتمەندییانەی کە پێوەندییان بە رووداوەکەوە هەیە، بنووسرێنەوە.

جاری وایە پەیامنێر لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتدا تووشی هەندێک رووداو و دیمەن دەبێت کە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. لەوانەیە ئـەو دیمەنانە ببنە هـۆی ئـەوەی کـە بەشێک لـە زانـیـاریـیـەکـانـی پێشووی لەبیر بکات و بەشێکی دیکەی بکەونە ژێر کاریگەری رووداوەکانی دواتر‌ەوە. خاڵێکی گرنگی تـری نووسینەوەی زانیارییەکان ئـەوەیـە کـە پەیامنێر لـەدوای رێکخستنی زانیارییەکان و پێداچوونەوەیان، دەتوانێ ئـەو بابەتانەی کـە لەبیری کـردووە زوو بیری بێتەوە و راپۆرتەکەی پێ تەواو بکات. تەنانەت لەو کاتانەی کە وتوویژەکان تۆمار دەکەن، پێویستە خاڵە گرنگەکان بنووسن بۆ ئەوی لەکاتی رێکخستنی بابەتەکان کاتێکی زۆرتـان بـۆ بگەڕێتەوە و پێویست بـەوە نەکات سەرلەنوێ گوێ لەتەواوی کاسێتەکە بگرن.

### شێوازی نووسین

ئـەو کـارانـەی تـاکـو ئێستا ئەنجامتان داوە بریتی بووە لە کۆکردنەوەی زانیاری لـەسـەرچـاوە جـۆراوجـۆرکـان. لـەدوای تەواوکردنی ئەم قۆناغە پێویستە دەست بـکـەن بـە نـووسـیـنـی دەقـی راپـۆرتـەکـە، ئـەو کـارەی کـە زۆربـەی پەیامنێرە تـازە دەستبەکاربووەکان لێی دەترسن و تەنانەت پەیامنێرە بەئەزموونەکانیش بە دڵەراوکێوە ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە کە بەردەوام پەرە بە توانایی نووسین و خوێندنەوە بدرێت. پێویستە پەیامنێر جگە لە خوێندەوەی هەواڵەکان، دیمانە و راپۆرتە جۆراوجۆرەکان، لە هەمان کاتدا خوێندنەوەی چیرۆک و رۆمان و دەقە ئەدەبییەکانیش پشتگوێ نەخات.

راپۆرت لەشێوازی نووسینی چیرۆک و هەواڵ نزیکە، هەر بۆیە پێویستە پەیامنێر بەشێوازێکی ئەدەبی راپۆرتەکە بنووسێت. خوێندنەوەی دەقـە جـیـاوازەکـان دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیامنێر لەکاتی نووسینی راپـۆرت زۆر بە ئاسانی بتوانێت لە وشە و زاراوەی جـۆراوجـۆر بـۆ نووسینی راپۆرتەکەی کەڵک وەربگرێت. پڕۆڤەکردنی نووسین و ماندوونەناسی لـەم بـوارەدا، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ هەر کەسێک کە خوازیارە بێتە ناو کاری پەیامنێرییەوە. ئەگەر لە سەرەتای کارەکانتان پێتان وایە کە نووسینەکەتان لاوازە، مەترسن. ئەم کێشەیە لەڕێگای خوێندنەوە و نووسینی بـەردوام چارەسەر دەبێت و لە داهاتوودا دەتوانن بـەو شـێـوازەی کە لای خۆتان و بەردەنگەکان پەسندە، بنووسن.

### بۆ نووسینی راپۆرت پێویستە رەچاوی ئەم چەند قۆناغە بکەن:

**١- ریـزکـردنـی بـابـەتـەکـان بـەپـێـی پلە:** پێویستە لـە یـەکـەم هـەنـگـاودا گرنگترین بـابـەتـەکـان جیا بکرێنـەوە بـۆ ئـەوەی لە ناو راپۆرتەکەدا بگونجێندرێن. ئەم کارە دەبێتە هۆی ئـەوەی کە زۆربوونی هەواڵ و زانیارییەکان سەر لە پەیامنێر نەشێوێنێ، ئەگەر لەکاتی کۆکردنەوەی زانیارییەکان شتە گرنگەکان لای خۆتان بنووسنەوە، ئەو کات بە سەیرکردنێکی خێرای نووسراوەکان

دەتوانن بابەتە گرنگەکان دیاری بکەن. دەتوانن بەدانانی هێما و ژمارە لە هەریەک لە بەشە نووسراوەکان، بە شێوازێک زانیارییەکان رێک بخەن کە لە کۆتاییدا هەر بابەتەی لەشوێنی گونجاوی خۆی لەناو راپۆرتەکەدا باندرابێت.

**٢. هەڵبژاردنی شێوازی دەربڕین:** بەر لەوەی کە دەست بە نووسین بکەن پێویستە شێوازێک بۆ دەربڕین هەڵبژێرن کە لەگەڵ بابەتی راپۆرتەکەدا بگونجێ و لەگەڵ حەزو ویستی بەردەنگ ناکۆکی نەبێ. نووسەر بە پشتبەستن بە ئەزموونی خۆی و جۆری بابەت، هەوڵ دەدات لە گونجاوترین شێواز بۆ دەربڕین، کەڵک وەربگرێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە پەیامنێری لێهاتوو دەتوانێ بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر پەیامی خۆی دەرببڕێ. ئەوکەسانە بە هۆی ئەو شارەزاییەی کە هەیانە بەڕەچاو کردنی جۆری بابەت و ناسینی بەردەنگ، راپۆرتەکانیان دەنووسن و بۆ هەر راپۆرتێک لە شێوەزمانێکی جیاوازی دەربڕین، کەڵک وەردەگرن. ئەگەر راپۆرت بە زمانێکی پوخت و پاراو بنووسرێت و لەگەڵ جۆری بابەتی راپۆرتەکە ناکۆک نەبێت، دەتوانێت زیاتر سەرنجی خوێنەرەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و کاریگەری قوواڵتر دابنێت. هەرچەند ناوەڕۆکی بابەت راست و رێکتر بێت زیاتر دەتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و باشتریش دەتوانێت پەیامی خۆی بگەیەنێت. داهێنان و هەبێ و خۆبپارێزن لە بەکاربردنی وشە و رستەی دووپاتکراو، هەروەها لە وشەو زاراوەی ساکار و لەهەمان کات دا شیاو و پڕ مانا سود وەربگرن.

**٣. هەڵبژاردنی مانشێتی سەرنجڕاکێش:** مانشێت یەکەم هەنگاوی پێوەندی نێوان خوێنەر و راپۆرتە. پێویستە خاڵی دەستپێک ببێتە هۆی راکێشانی سەرنجی خوێنەر. خوێنەران هەموو بابەتەکانی رۆژنامە و بڵاوکراوەکان ناخوێننەوە، بەڵکو چەند هەواڵ، وتارو راپۆرتێک بۆ خوێندنەوە هەڵدەبژێرن. لێرەدایە کە ڕۆڵی مانشێت بەدیار دەکەوێ، مانشێت دەتوانێ هانی خوێنەران بدا بۆ خوێندنەوەی بابەتەکەوە.

پێویست ناکات مانشێتی راپۆرت وەکوو مانشێتی هەواڵ، رستەیەکی ناوەڕۆکی هەواڵەکە بێت، بەڵکو دەکرێت ئەنجامی راپۆرتەکە یا شرۆڤەیەکی کورتی راپۆرتەکە وەکوو مانشێت دیاری بکرێت. لە هەواڵدا سەردێڕ دەبێت لەگەڵ هەواڵەکە هەماهەنگی هەبێ و دەربڕی پەیامێکی ڕوون و ئاشکرای ناوەڕۆکی بابەتەکە بێت، بەڵام لە راپۆرتدا پێویست بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕێسایانە ناکات. تەنیا ئەوە بزانن کە مانشێت دەبێت سەرنجڕاکێش بێت و خوێنەر لێی تێبگات، دەنا دەکرێت قسەیەکی نەستەق، مەسەل یان تەنانەت وشەیەک وەکوو سەردێڕ دابندرێت.

**٤. دانانی ترۆپکی گونجاو:** یەکێک لە گرنگترین و سەرەکیترین بەشەکانی راپۆرت بریتییە لە ترۆپک، چونکە دەتوانێ خوێنەر بەرەو خوێندنەوەی راپۆرتەکە هان بدات. هەڵبژاردنی جۆری ترۆپک پێوەندی بە بابەتی راپۆرت و حەز و ئەزموونی پەیامنێرەوە هەیە و پەیامنێری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە لە کەمترین پاراگرافدا، پوختەترین ناوەڕۆک دەگونجێنێت، بەشێوەیەک کە بە یەک جار خوێندنەوە خوێنەر بتوانێت لێی تێبگات. لە هەواڵەکان ترۆپک پوختەیەکی کورتی هەواڵ و گرینگترین زانیارییە سەرەکییەکانی ناو هەواڵ لە خۆدەگرێت، بەڵام ترپکی راپۆرت بەم شێوەیە نییە تەنیا پێویستە ئەم تایبەتمەندییەی هەبێت کە لە یەکەم سەیرکردندا سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

ترۆپکی راپۆرت دەتوانێت گێڕانەوەیەکی کورت لەگەڵ نیشاندانی دیمەنەکانی ناو رووداوێک بێت یا دەکرێت بەقسەی کەسێکی دیکە دەست پێ بکرێت. هەروەها دەکرێت دیمانەیەکی کورت بێت، یا بەتەواوی لە گەڵ ترۆپکی هەواڵ جیاوازی هەبێت، تەنانەت دەکرێت بە پێچەوانەی ترۆپکیی هەواڵ بە پرسیارێک دەست پێ بکرێ.

**٥. داڕشتنی دەق:** بۆ ئەوەی دەقی راپۆرت سەرنجڕاکێش و پاراو بێت و بەئاسانی بتوانێت چەمک و زانیارییەکان بۆ بەردەنگ بگوازێتەوە، پێویستە ئەم چەند خاڵە پێرەو بکەن:

**یەکخستنی بابەت**

یەکێک لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی هەر دەقێک، بریتییە لە پاراستنی هاوسەنگی و لەبەرچاو گرتنی پێوەندی نێوان چەندایەتی و چۆنیەتی راپۆرت، لە بوارەکانی ڕادەی بابەت، باسکردنی وردەکارییەکان و چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە بابەتە کۆکراوەکان.

لە هەموو راپۆرتێک دا گرنگیدان بە تەوەری سەرەکی و یەکخستنی بابەت یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانە کە پێویستە پەیامنێر سەرنجی پێبدات. پێویستە ئەوە بزانن کە بۆ چ کەسانێک دەنووسن و چ کەسانێک بابەتەکانی ئێوە دەخوێننەوە. لە کاتی نووسینی راپۆرت ئامانجە سەرەکییەکانتان بیر بێتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی سەرەکی بابەتەکە لانەدەن.

ئەگەر بابەت بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و پاراو نەنووسرێت یا سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت یا لە ڕادەی کاریگەری دادەبەزێندرێت. ڕەچاو نەکردنی هاوسەنگی لە نووسینی راپۆرت دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەردەنگ لە خوێندنەوەی هەموو بەشەکانی بابەتەکە خۆی بپارێزێ و لەوانەشە بەهۆی دریژبوونەوەی بابەت، بەشێک لە زانیارییەکان گرنگییان پێ نەدرێت.

**وێنەسازی**

یەکێک لەو ڕەگەزانەی کە راپۆرت لە هەواڵ جیا دەکاتەوە بریتییە لە وێنەسازی. وێنەسازی، خوێنەر دەباتە ناو رووداو و دەیکات بە هاوڕێی پەیامنێر. وێنەسازی دەبێت لە هەر راپۆرتێکدا لەگەڵ بابەت و جۆری راپۆرت، هاوسەنگی هەبێت. دەقی راپۆرت شتێکە لەنێوان هەواڵ و چیرۆک واتە سەرەڕای ئەوەی کە پشت بە ڕاستییەکانی هەواڵ دەبەستێت لە هەمان کاتدا وێنەسازییەکی چیرۆک ئاسا ڕەچاو دەکات.

**ساکارنووسی و خۆپاراستن لە دریژدادڕی**

لە نووسینی راپۆرتدا، لە زاراوەگەلی ساکار و پارا و سوود وەربگرن. بەکاربردنی وشەی قورس و ئاڵۆز و دەرەکی لە بایەخی راپۆرت کەم دەکاتەوە. نووسراوەیەک بە باش لەقەڵەم دەدرێت کە بۆچوون و زانیارییەکانی نووسەر بە باشترین شێواز و ساکارترین دەق بگەیەنێتە خوێنەرەکانی. دەقی راپۆرت بەشێوازێک بنووسن کە خوێنەرەکان بە ئاسانی بتوانن لە مەبەستی ئێوە و وشەکان تێبگەن. لە یەک رستەدا دەکرێت ساکارنووسی بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە کە چۆن حەز دەکەن بە شێوەیەک بۆتان بنووسرێت کە لە کەمترین ماوەدا بابەتەکە بخوێننەوە و لە مەبەستەکانی نووسەر تێبگەن، ئێوەش بەم شێوەیە بۆ خەڵک بنووسن.

**منبع: مجلة رسانة**
**سالّی یەکەم ـ ژمارە ١٦**

# کۆڤارا تیرۆژ
# یەکەمین بڵاوکراوە ل سێمێلێ هاتیە بەلاڤکرن

موسەدەق توڤی

سەردەمێ کۆڤار تێدا هاتیە بەلاڤکرن

یەکەم هژمارا ڤێ کۆڤارێ ل مەها تەباخا ١٩٩١ێ هاتە بەلاڤکرن،ڤی دەمی یان ژی ڤێ قوناغێ تایبەتمەندەک هەیە، کو ئەو ژی قوناغا مەهێن بەراهیێ یێن سەرهلدانا بهارا ١٩٩١ێ یە،د ڤێ قوناغێدا هێژ چەند مەهەکێن کێم ژ سەرهلدانێ بۆریبوون و تازە خەلکێ باشووریێ کوردستانێ ژ مشەختیا ملیونی ژ سنووریێن ئیرانێ و تورکیا زڤریبوونەڤە و هێژ پشکەک ژ ڤی خەلکی ل مشەختیێ بووون، حزبێن کوردستانی ل دەسپێکا ڤەکرنا بارەگا و ڕێکخستنێن خوە بوون، دامودەزگەهێن کارگێری و حکومی د ئالوز و بێ سەروبەر بوون، خەلکێ باشووریێ کوردستانێ د کاودانەکێ ئابووریێ دژوار و بەرتەنگ دا دژیا، ژێدەرێن ژیار و داهاتێ خەلکێ یێ لاواز و د ڕێزا نەبوونێ دا بوون، حزبێن کوردستانێ ل ژێر سیهوانا بەرەیێ کوردستانی دەستەلات بریڤە دبر، بەلێ ژ ئەنجامێ کاودانێ بەری سەرهەلدانێ و بەرماییێ رژێما بەعسی ژ ژێرخانەکا ئابووری یا لاواز و مری و نەبوونا تەناهیێ و بەلاڤبوونا نیگەرانیێ ل جەم خەلکێ ژ پاشەرۆژێ و هەروەسان ژ ئەنجامێ کێم ئەزموونیا ئالییێن بەرەیێ کوردستانێ د کاروبارێن کارگێری دا و شەرەنیخا نەرەوایا د نێڤبەرا ڤان ئالییێن حزبی دا هەی، ئەڤ دەستەلاتە دەستەلاتەکێ بێ سەروبەر و نەهەڤگرتی بوو . بەرامبەری ڤی کاودانی خەلک د هەستەکا شۆرشگێری و نەتەوایەتیا بلند دا دژیا، هەست و باوەریا پێشمەرگەی و خەلکێ ژ ناڤ شۆرشێ هاتی دگەل هەست و باوەریا خەلکێ هەتا بەری چەند مەهەکان ل ژێر زولم و ستەما رژێما بەعسی دژیان تێکەلی هەڤ ببوون، و ببوونە هەستەکا نەتەوایەتی یا بلند کو خەلکێ ئامادە بوو د هەر کاودانەکیدا بیت و چەند د نەخوشی و دژواریێ دا بیت، بەرهەمێ سەرهلدانێ و ڤێ ژیانا ئازاد بپارێزیت.ئەڤ هەستە ل جەم تەخا گەنجێن ڕەوشەنبیر هێژیا بلندتر

و ب هێزتر بوو، و ئەڤ تەخە یا بەرهەڤ بوو بۆ هەر رەنگێ قوربانی دان و خزمەتکرنێ و پێشڤەبرنا دەسکەفتێن سەرهلدانێ.

ئاها د ڤی دەمیدا کۆمەک ژ ڤان گەنجێن سێمێڵێ ئەوێن هەتا بەری چەند هەیڤەکان نە دکارین ئازادانە کۆڤارەک یان پەرتووکەک کوردی ب دەست خوەڤە بگرن و بێی ترس بخوینن و چاڤێن وان ل وێ رۆژی بوون ب ئازادی بەلاڤۆکەک یان کۆڤارەکا کوردی ل سێمێڵێ بەلاڤەکەن. ڤێ کۆما گەنجان ب شیانێن خوەیی و ب هیڤیا هاریکاریا دراڤی یا ڤی ئالیێ سیاسی و ڤی کەسی و یێ دی و ل جهەکێ وەک سێمێڵێ یێ چ ئامرازێن هاریکار بۆ چاپکرن و بەلاڤکرنا کۆڤار و رۆژنامان لێ نەی، بەری گەلەک ئالییێن سیاسی ییێن خوەدی شیان ل مەها تەباخا ۱۹۹۱یەکەمین هژمارا کۆڤارەکا سەربەخوە ب ناڤێ تیرۆژ بەلاڤکر کو یەکەمین کۆڤارە ل سێمێڵی دهێتە بەلاڤکرن.

پێزانینێن گشتی دەربارەی کۆڤارێ

یەکەمین هژمارا ڤێ کۆڤارێ ل مەها تەباخا ۱۹۹۱ێ هاتە بەلاڤکرن، هەروەکی ل سەر بەرگێ وێ هاتیە نڤیسین : گۆڤارەکا رەوشەنبیری گشتی یە هەیڤانەیە ژ لایێ کومیتا رەوشەنبیری یا ئیکەتیا نڤیسەرێن کوردستانێ ل سێمێڵێ دەردکەڤیت. ب هەمان رامان لێ ب دارشتنەکا دیتر ل سەر بەرگێ هژمار دو کەوچەرینا ۱۹۹۱ێ هاتیە نڤیسین: گوڤارەکا رەوشەنبیری گشتی یە، ژ لایێ ئیکەتیا نڤیسەرێن کوردستانێ- کومیتا روشەنبیری ل سێمێڵێ دەردکەڤیت. ل ڤێرێ پێدڤیە بێژین پشتی کونفرانسەکێ ئیکەتیا نڤیسەرێن کورد لقێ دهۆکێ ئەڤ کومیتەیە ل ۱۹۹۱/۷/۷ێ هاتیە دامەزراندن و هێژ کونگرێ راپەرین یێ ئیکەتیا نڤیسەرێن کورد یێ(۱۹۹۱/۱۰/۱۵) شەقلاوە نەهاتبوو گرێدان و وی چاخی دانوستاندن هەبوون ئەرێ ناڤێ ئیکەتیێ ئیکەتیا نڤیسەرێن کورد بیت ئەوا بەری نهو ل باژێران هەی و سەردەمەکی رژێما بەعسی ب زۆری ناڤێ وێ کربوو ئیکەتیا نڤیسەرێن عیراقێ- دەستەکا کوردی یان ئیکەتیا نڤیسەرێن کوردستانێ بیت ئەوا ل دەڤەرێن ژێر دەستەلاتێ شۆرشا کوردستانێ هەی و هەر ژ بەر ڤی ئەگەری یە ئەڤ کومیتەیە ب کومیتا رەوشەنبیری یا ئیکەتیا نڤیسەرێن کوردستانێ هاتیە ناڤکرن.

ژ هژمارا سێ یا ڤێ کۆڤارێ ڤە ئەڤ پێناسە ب ڤی رەنگی هاتیە گوهارتن:گوڤارەکا روشنبیری گشتی، سەربەخویە ل سێمێڵێ دەردکەڤیت. ئەڤ پێناسە هەتا هژمار نەە یا بەردەوام بوو.بەلێ ژ هژمار۹- ۱۰ ڤە کو ب یەک بەرگ هاتینە چاپکرن ل سەر کۆڤارێ هاتیە نڤیسین:گوڤارەکا

روشنبیری گشتی سەربەخویە ژ بنگەها روشنبیری ل سێمێڵێ دەردکەڤت، لێ د هژمار ١١دا ل پشکا سەری یا بەرگێ کۆڤارێ ناڤێ بنگەهێ روشنبیری ل سێمێڵێ هاتیە دانان، ل ژێر وێ هژمار ١١ تیرۆژ خزیرانا ١٩٩٢، و ل ژێر وی ژی هاتیە نڤیسین: گوڤارەکا روشەنبیری گشتی یە سەربەخویە ل سێمێڵێ دەردکەڤت. ل هژمار ١٢کو دوا هژمارە، ئارمێ بنگەهێ رۆشنبیری ناڤێ کۆڤارێ ب هەردو تیپێن عەرەبی و لاتینی و هژمار مەها دەرچوونا کۆڤارێ **(تیرمەها ١٩٩٢)** و ل ژێر وان پێناسا کۆڤارێ ب رەنگێ ژێری هاتیە نڤیسین: گوڤارەکا رۆشەنبیری گشتی یە سەربخوەیە ل سێمێڵێ دەردکەڤت. ب هزرا من ئەڤ هەموو گورانکاریێن د بەرگ و پێناسا کۆڤارێ دا رووداین ژ کێم ئەزموونیا دەستەکا کۆڤاریێە د وارێ رۆژنامەڤانی و کارێ چاپکرن و بەلاڤکرنێ دا، هەروەسان ئەنجامێ گورانکاریێن نێڤبەرا دەستەکا کۆڤارێ و کومیتا رەوشەنبیری یا ئێکەتیا نڤیسەران و بنگەهێ رۆشبیری یێ سێمێڵێ نە. هەژیە بێژین د بەرپەرێ ٨ێ هژمارا ٨ ئادارا ١٩٩٢ دامەزراندنا بنگەهێ روشنبیری ل سێمێڵێ هاتیە راگەهاندن و هەروەکی دایە زانین کۆڤارا تیرۆژ بوویە پارچەک ژ بزاڤێن بنگەهی.

دەستەکا کۆڤارێ :

ژ هژمار١- ٨ ناڤێن کەسەکی وەک دەستەکا نڤیسکار یان رێڤەبەرێن کۆڤارێ نەهاتینە نڤیسین، بۆ ڤێ چەندێ مە پرسیار ژ نڤیسکار عیسمەت محەمەد بەدەل کر،د بەرسڤێدا دا زانین هندەک ژ هەمان نڤیسکارێن ل سالا ١٩٨٦هـزرا بەلاڤکرنا کۆڤارەکا ب ڤی رەنگی کری و نەکارین هزرا خوە بجە بینن، دگەل هندەکێن دی وەک دەستەکا کۆڤارێ کارێ بەرهەڤکرن و چاپکرنا کۆڤارێ دکر کو پێکهاتبوون ژ : ئیبراهیم ئەحمەد سمو،عیسمەت محەمەد بەدەل، حەسەن ئیبراهیم، کرمانج هەکاری، فەوزی گیاددین، محەمەد ئوسمانا، کرمانج هەکاری، حەسەن سلێڤانەیی، بلند محەمەد، فازل عومەر، و تێلی سالح. بەلێ پشتی ژ هژمار٩-١٠ڤە ناڤێن دەستەکا نڤیسەرێن کۆڤارێ هاتینە نڤیسین نڤیسکارێن ژێری ناڤێن وان هاتین وەک ل بەرپەرێ یەکەم یێ هژمار٩و١٠ هاتینە نڤیسین وەک دەستەکا کۆڤارێ مان:



**ئیبراهیم ئەحمەد سمو**
**بلند محەمەد عومەر**
**حەسەن ئیبراهیم عەبدوللا**
**عیسمەت محەمەد بەدەل**
**عەبدولواحد قادر سلێمان(کرمانج هەکاری)**
**ئیسماعیل سلێمان ئیسماعیل**

ژ هژمار ١١ ڤە تنێ ناڤێ ئیسماعیل سلێمان ژ دەستەکێ

نەمایە و کرمانج هەکاری ل شوونا ناڤێ عەبدولواحد قادر هاتیە نڤیسین کو هەردو ناڤێن کەسەکینە. د هژمار ١٢کو دوا هژمارا کۆڤاریێ یە هەمان پێنج ناڤێن چوویی وەک دەستەکا کۆڤاریێ هاتینە ناساندن. د هیچ یەک ژ هژمارێن کۆڤاریێ دا ناڤێ سەرنڤیسکاری نەهاتیە نڤیسین، وەک نڤیسکار عیسمەت محەمەد بەدەل ڤەدگێریت نڤیسکار ئیبراهیم ئەحمەد سمو ب ئەرکێ سەرپەرشتکار یان سەرنڤیسکاریێ کۆڤاریێ رابوویە.بەلێ ل دووڤ رەشنڤیسێ کومبونا کوڤارا تیرۆژ یێ رۆژا١٩٩٢/٢/٧ کو ژ ئالیێ نڤیسکار ئیبراهیم ئەحمەد سمو گەهشتیە مە، دیار دبیت کو ئەڤ کومبوونە پشتی دەرچوونا هژمار ٧سوباتا ١٩٩٢ێ ب مەرەما بەرهەڤیی بۆ هژمار ٨ هاتیە کرن، و د ڤێ کومبونێدا ل سەر شێوازێ هژمار ٨ و چەند بابەتەکێن دی یێن پەیوەندی ب کوڤاریێ ڤە هەی ئاخفتین هاتینە کرن و کار د نێڤبەرا دەستەکا کۆڤاریدا ب رەنگێ ژێری هاتیە لێکڤەکرن:

**ئیبراهیم ئەحمەد سمو  سەرنڤیسەر**
**تیلی سالح موسا  سکرتێر**
**حەسەن ئیبراهیم  دەستەکا نڤیسەران**
**عیسمەت محەمەد بەدەل دەستەکا نڤیسەران**
**ئیسماعیل سلێمان  دەستەکا نڤیسەران**
**کرمانج هەکاری  دەستەکا نڤیسەران**
**فەوزی گیاددین  دەستەکا نڤیسەران**
**بلند محەمەد  کارێ هونەری**
**د.فازل عومەر  دەستەکا راوێژکار**
**حەسەن سلێڤانەیی  دەستەکا راوێژکار**

ئیبراهیم ئەحمەد سمو

ب ڤێ رەنگی ژ هژمار ٨ و بەرەڤ ژوور کار د نێڤبەرا دەستەکا کۆڤاریێ دا هاتیە لێکڤەکرن و هەموو بەرهەڤبوویێن کومبوونێ رەشنڤیس ئیمزا کریە، بەلێ هەروەکی ئاماژە پێ هاتیەکرن ژ هژمار ٩و١٠ڤە ناڤێن دەستەکێ هاتینە بەلاڤکرن بێی کو ئەرکێن هەر یەک ژ وان بینە دیارکرن.

دیزاین و ئالیێ تەکنیکیێ کۆڤاریێ:

هەموو هژمارێن کۆڤاریێ ب قەبارێ ٢١×١٦,٥سم د کاغەزەکا سادە و رەش و سپی دا هاتینە چاپکرن، هەر یازدە هژمارێن کۆڤاریێ ب ئامیرێ چاپا ئاسایی هاتینە بەرهەڤکرن و ب ریکا کوپیکرنێ هاتینە چاپکرن، د دو هژمارێن بەراهیێدا کۆڤاریێ سوپاسی دایە فوتوکوپی یا نیگار ل سێمێڵێ کو دەستێ هاریکاریێ بۆ وان درێژ کری. و هەروەک ئەندامێ دەستەکا کۆڤاریێ د بێژیت: پشتی بەرهەڤکرنا کۆڤاریێ ل جهێن جودا جودا یێن سێمێڵێ دهاتە کوپیکرن و هەر جار ل دووڤ شیانێن دارایی یێن کۆڤاریێ د نێڤبەرا ٢٠٠- ٥٠٠دانەیان ژ کۆڤاریێ د هاتنە چاپکرن یان

راستر بێژین کوپیکرن. تنێ هژمار ١٢ی کۆڤارێ د چاپەکا هەتا ئاستەکی ب سەروبەر ل چاپخانێ ل هەولێرێ هاتیە چاپکرن،هەرچەندە ناڤێ چاپخانێ ل سەر نەهاتیە نڤیسین، لێ وەک ل بیرا مە هەموویان وی دەمی چ چاپخانە ل دهۆکێ نەبوون و هەموو چاپەمەنیێن دهۆکێ ل هەولێرێ ل چاپخانا وەزارەتا رۆشنبیری دهاتنە چاپکرن.

دەربارەی چاوانیا بەرهەڤکرنا کۆڤارێ هەروەکی ل بەراهیێ مە دیارکری**(ژ بلی هژمار١٢)** کۆڤار ب ئامیرێ چاپا ئاسایی دهاتە چاپکرن و پشتی نەخشەکێشانی دهاتە کوپیکرن، لێ ئەڤ چاپکرن و نەخشەسازییە گەلەکا سادە و بێ سەروبەر بوو، تیپێن ئامیرێ چاپێ تیپێن عەرەبی بوون، لەوما دێ بینین ئەو پیتێن کوردی یێن دزمانێ عەرەبی دا نەی وەک **(پ چ ژ ڤ گ ێ)** گەلەک جاران خال و سەروبوریێن وان ب دەستی دهاتنە دانان. هەروەسان ژ هژمارەکی بۆ هژمارەکا دن جوداهی دکەتە قەبارێ تیپێن پێ دهاتە چاپکرن و جورێ ئامیرێ چاپێ، ڤێ چەندێ ژی شێوازەکی نەیێ ب سەروبەر و هۆنەری دابوو کۆڤارێ و لەوما ژی گەلەک جاران هندەک بابەت ب تایبەت هەلبەست ب دەستی و ب خەتەکێ جوان هاتینە نڤیسین و پاشتر هاتینە کوپیکرن.



بلند محەمەد عومەر

دەربارەی کەسێن ب ئەرکێ نەخشەکێشانا هۆنەری یا کۆڤاری رابووین، ل هژمار ١ێ تنێ ئاماژە ب شێرزاد محەمەد بەدەل وەک خوشنوس هاتیەکرن، د هژمار ٢دا دگەل ناڤێ وی ئاماژە ب ناڤێ فەرەج جندی وەک نەخشاندنا بەرگی هاتیەکرن. د هژمارێن پاشتر هەتا هژمار(٩و١٠) ئاماژە ب ناڤێ کەسەکی نە هاتیەکرن، لێ هەروەکی عیسمەت محەمەد بەدەل دبێژیت: نڤیسکار بلند محەمەد ب ئەرکێ نەخشەکێشانێ کۆڤارێ رادبوو. ل سەر بەرگێ هژمار(٩و١٠) ئاماژە ب ناڤێ خوشنڤیس فەرید و دەرهێنانا هۆنەری: بلند هاتیەکرن و هەروەک د بەلگەنامە ئاماژە پێکریدا ژ هژمار ٨ڤە بلند محەمەد ب کارێ هۆنەریێ کۆڤارێ هاتیە راسپاردن. د هژمار ١١دا تنێ ئاماژە ب ناڤێ فەرەج جندی وەک چاڤدێرێ هۆنەری یێ کۆڤارێ هاتیەکرن و د هژمار١٢دا چ ئاماژە یێن ب ڤی رەنگی نینن.

حەسەن ئیبراهیم عەبدوللا

هژمارا بەرپەرێن کۆڤارێ ژ هژمارەکێ بۆ یا دی جودا بوویە ب ڤی رەنگێ ژێرێ:

| هژمار | بەرپەر |
|---|---|
| ١ | ٣٢ |
| ٢ | ٣٤ |
| ٣ | ٥٤ |
| ٤ | ٣٦ |

| | |
|---|---|
| ٥ | ٣٦ |
| ٦ | ٢٦ |
| ٧ | ٢٨ |
| ٨ | ٣٢ |
| ٩و١٠ | ٣٤ |
| ١١ | ٣٢ |
| ١٢ | ٣٢ |

د.فازل عومەر

ب ڤی رەنگی هژمارا بەرپەرێن هەر ١٢ هژمارێن کۆڤاریٰ(٣٧٦) بەرپەرە. بەلێ پیدڤی گۆتنێ یە کو ژ هژمارێن ١- ١٠ ێ کۆڤاریٰ مفا ژ هەردو ئالییێن بەرگێ پێشیی و داویێ یێ کۆڤاری هاتیە وەرگرتن بۆ بەلاڤکرنا هندەک بابەتان وەک پێرستی کۆڤاریٰ، وینەکی، هزرەکا سەربەست، سرودەکێ، کارکاتورەکی ...هتد ئەڤە ژی ژ بەر هندێ بوویە کو بەرگ ژی ژ هەمان کاغەزێ بوو یا کۆڤار پێ دهاتە کوپیکرن.

ناڤەرۆکێ کۆڤاریٰ:

کۆڤارا تیرۆژ د هەر ١٢ هژمارێن خوەدا چەندین بابەتێن جودا جودا هەمبێز کرینە، ئەم د کارین ب رەنگێ ژێرێ پولین بکەین:

بابەتێن سیاسی: ب رەنگێ دارشتنا هندەک بۆچوونێن سەربەست، بیرەوەریێن نەتەوایەتی، رەخنە ل سەر کاودانێ وێ قوناغێ و هەلویست بەرامبەر رژێما بەغدا یا وی سەردەمی و دەولەتێن دی یێن داگیرکەرێن کوردستانی، پشکەک ژ ناڤەرۆکێ کۆڤاریٰ ڤەگرتیە.

تێلی سالح موسا

بابەتێن دیرۆکی : پشکا کێمتر ژ بەرپەرێن کۆڤاریٰ ڤە گرتیە،پرانیا بابەتێن دیرۆکی ژی دەربارەی دیرۆکا هەڤچەرخن، چەند بابەتەک ل سەر دیرۆکا کەڤن وەک بابەتێ: - سێمێلی، نڤیسینا محەمەد ئوسمانا- هژمار٢.

- رۆناهییەک ل سەر سێمێلێ، نڤیسینا نایف عەلی ئیبۆ- هژمار٣.

- د گورەپانا دیرۆکێ دە جهێ کورد، دلداریٰ شەکو- هژمار٧.

- ئاڤێستا و زمانێ ئاڤیستایی، بەشیر بۆتانی- هژمار٩و١٠.

هەژیە ل ڤێرێ بێژین ئەڤ بابەتێن دیرۆکی بابەتێن سادە و کورت بوون.

بابەتێن ئەدەبی: بەرهەمێن ئەدەبی پشکا پتر ژ بەرپەرێن کۆڤاریٰ ڤەگرتیە، هەر بۆ نموونە دێ بینین هەلبەستێ پشکا شێری ژ بەرپەران بۆ خوە بریە،(٦١) بەرپەرێن کۆڤاریٰ بۆ بەلاڤکرنا(٥٠) هەلبەستان هاتینە تەرخانکرن،زێدەباری

ئەو هەلبەستێن وەک سروود د بەرگێ کۆڤارێ یان د نێڤ هندەک بابەتێن دیدا هاتینە بەلاڤکرن.

هـەر ب ڤی رەنگی ژی (٤٤) بەرپەرێن کۆڤـارێ بۆ بـەلاڤکرنـا(١٨) چـیرۆکان هاتینە بـەلاڤکرن. زێـدەبـاری شانوگەریان کو د کۆڤارێدا گرنگی پێ هاتیەدان و هندەک ڤەگێرانێن دی ییێن رەنگە چیرۆکی و هندەک پەخشان و نیڤە ڤەکولینێن ئـەدەبی کو ئەگەر هـژمـارا بەرپەرێن وان ژی بێتەکرن، بێی هیچ گومانەک ئەم دکارین بێژین بابەتێن ئەدەبی پتر ژ نیڤا بەرپەرێن کۆڤارێ ڤەگرتیە. ئەڤە ژی تشتەکێ نامو نینە ژ بەر کو د وێ قوناغیدا و ژ ئەنجامێ گەلەک کاریگەریان هەموو کۆڤار و رۆژنامێن وی سەردەمی د ڤی سەروبەریدا **(ئانکو گرنگیدان ب بەلاڤکرنا بابەتێن ئەدەبی بەری هەر تشتەکێ دی)** بۆرینە، تەنانەت ڤێ چەندێ رۆژنامێن سیاسی ییێن ئورگانێن حزبێن کوردستانی ژی ڤەگرتیە.

عیسمەت محەمەد بەدەل

ب ڤی ئاوایی ئەم دکارین بێژین بابەتێن ئەدەبی، سیاسی، دیرۆک و هندەک دەنگوباسێن چالاکییێن رەوشەنبیری و کورتە دیدارا و بابەتەک بۆ زارۆکان د هژمار٧ سباتا ١٩٩٢ یدا و هندەک بابەتێن دی پرانیا بەر پەرێن دی ییێن کۆڤارێ ڤەگرتینە.

ئەرێ کۆڤار یا سەربخوە بوو؟؟

هەروەک د گشت هژمارێن کۆڤارێ دا هاتیە دیارکرن : کۆڤارەکا رەوشەنبیری گشتی یە سەربەخوەیە. ئەرێ هەتا چەند پشکا یەکەم ژ ڤێ ناسنامێ ئانکو **( رەوشەنبیری گشتی یە)** د هژمارێن گۆڤارێ دا رەنگ ڤە دایە..؟ ژ ئەنجامێ پێداچوونا مە بۆ هژمارێن کۆڤارێ دیار دبیت کۆڤار پتر و بەری هەر تشتەکی ناڤەرۆکێ وێ ئەدەبی بوویە و پاشتر ژی بابەتێن سیاسی و دیرۆکی پشکەک ژ بەرپەرێن کۆڤارێ لێ کێمتر ژ بابەتێن ئەدەبی ڤەگرتینە. هندەک جاران ژی کۆڤارێ خوە ل قادا هندەک بابەتێن هزری و بگروڤەکێشێن سیاسی دایە و هندەک هزرێن سەربەست بەرچاڤ کرینە.تنێ د هژمار یەک یا کۆڤارێدا بابەتەک فولکلوری ژ بەرهەڤکرنا درباس مستەفا ب ناڤێ **(بەیتا لاڤژ)** هاتیە بەلاڤکرن. هندەک بەرپەرێن کۆڤارێ ژی بۆ بیرەوەرییێن شەهیدان و چالاکییێن رەوشەنبیری ب تایبەت ییێن کومیتا نڤیسەران و بنگەهێ رۆشنبیریێ سێمێلی هاتینە تەرخانکرن. هندی پەیوەندی ب بابەتێن زانستی ڤە هەی د هەر ١٢هژمارێن کۆڤارێدا چ بابەتێن زانستی یان ئابووری و ییێن دی نەهاتینە بەلاڤکرن و د ڤی واریدا کۆڤارا تیرۆژ یا بێ پشکە. ڤێ چەندێ ژی پەیوەندی ب خۆدێ دەستەکا نڤیسەرانڤە هەیە کو هەموو پتر نێزیکی وارێن ئەدەبی و سیاسی بوون پتر ژ بابەتێن



عەبدولواحد قادر سلێمان
(کرمانج هەکاری)

حەسەن سلێڤانەیی

زانستی یان ئابووری و هەتا وێ قوناغێ نڤیسکارێن دەڤەرێ ژ بلی وارێن ئەدەبی و سیاسی کێمتر خوە ل وارێن دن کریە خودان. ژ ئەڤا چوویی دیار دبیت کو کۆڤارا تیرۆژ پتر ژ هندێ کو کۆڤارەک رۆشنبیری گشتی بیت کۆڤارەک ئەدەبی سیاسی بوویە.

دەربارەی پشکا دووێ ژ دانەنیاسینا کۆڤاری ئەرێ تیرۆژ یا سەر بەخوە بوویە..؟

هەروەک بەری نها مە ئاماژە پێکری کۆڤارا تیرۆژ ل بەراهیێ ژ ئالیێ کومیتا رەوشەنبیریا ئێکەتیا نڤیسەرێن کوردستانێ ل سێمێلێ و پاشتر ژ ئالیێ بنگەهێ رۆشنبیری ل سێمێلێ هاتیە بەلاڤکرن و ل دووڤ پێزانینێن من هەین بنگەهێ رۆشنبیری ل سێمێلێ تەواوکەرێ بزاڤێن کومیتا رەوشەنبیری بوویە و پرانیا دەستەکا کۆڤارێ ژی د هەردو قوناغاندا هەمان کەس بوون. و هەروەک مە پرسیار ژ نڤیسکار عیسمەت محەمەد بەدەل ئەندامێ دەستەکا نڤیسکارێن کۆڤارێ کری، ئەڤ دەستەکە هەر ئێک د وی سەردەمیدا سەر ب لایەنەکێ سیاسی بوویە، لێ نەوەک نوونەرێ وی لایەنی بەلکی وەک نڤیسکار د گۆڤارێدا کارکریە.

ژ ئالیێ دارایی ڤە هەروەکی نڤیسکار ئیسماعیل سلێمان هاجانی ئەندامێ دەستەکا کۆڤارێ د دیدارەکێدا بۆ مە ڤەگێرای : بۆ هژمارا یەکێ یا کۆڤارێ هەریەک ژ دەستەکا کۆڤارێ گوژمەکێ دراڤی ژ جەم خۆ کۆمکریە و کۆڤار پێ هاتیە چاپکرن. هەروەسان هەروەک نڤیسکار عیسمەت بەدەل ڤەدگێریت نەکەسەکی نە لایەنەکی ب تنێ پشتەڤانیا دارایی یا کۆڤارێ نە کریە، بەلکی کۆڤار ب هاریکاریا دراڤیا گەلەک کەس و ئالیێن سیاسی هاتیە چاپکرن و بەلاڤکرن، ئانکو ژێدەرێ دارایێ کۆڤارێ کومکرنا هاریکاریان بوو،یا کو پتر پشتەڤانیا ڤێ بۆچوونێ دکەت د هەردو هژمارێن ٦ و ٧ دا ناڤێن وان کەس و ئالیان هاتینە بەلاڤکرن یێن هارکاریا دراڤی دایە کۆڤارێ. هەروەکی ژ ڤان دو لیستان دیار دبیت هەموو ئالییێن سیاسی یێن د وی دەمیدا ل سەر گورەپانا پارێزگەها دهۆکێ کار دکر هاریکاریا دراڤی دایە کۆڤارێ و هەروەسان هندەک کەسایەتی و دەولەمەندان ژی هاریکاریا کۆڤارێ کریە، و ئەڤ هاریکاریە د نێڤبەرا١٠ دیناران هەتا ١٠٥٠دیناران بوونە. ب ڤێ چەندێ دیاردبیت کو کۆڤار ب هیڤیا هاریکاریان ب رێڤە دچوو. ئەڤە ژی نیشانا سەربخۆییا کۆڤارێ یە ژ ئالیێ داراییڤە.



ئیسماعیل سلێمان

ب پێداچوونا هەر ١٢هژمارێن کۆڤارێ ئالیێ هزریێ کۆڤارا دیار دبیت، د هەموو بابەتێن کۆڤارێدا ئالیگری بۆ ئالیەکێ سیاسیێ دیارکری تێدا نینە بەلکی کۆڤار تنێ ئالیگرا

دۆزا کوردی و بەرژەوەندیا گەلێ کورد و زمان و ئەدەب و رەوشەنبیریا کوردی بوویە، زێدەباری ڤێ هەموویێ ژی کۆڤارێ د بەرپەرێن خودا خۆ ل وان بابەتان کریە خودان بێن پەیوەندی ب بەرژەوەندیا خەلکێ کوردستانێ د وێ قوناغێدا هەی، وەک نموونە دێ ئاماژە ب هندەک ژ وان بابەتان کەم:

– د سەر گوتارا هژمار ۷ دا یا مەها شوباتا ۱۹۹۲ئانکو بەری ئەنجامدانا یەکەمین هەلبژارتنێن پەرلەمانێ کوردستانێ، دیارکریە کو ل بەرە هەلبژارتنێن پەرلەمانێ کوردستانێ بێنە کرن پشتی کو بابەت هاتیە شروڤەکرن سەرگوتارێ دو پێشنیاز بەرچاڤکرینە،کو ئەوێن خۆ بۆ ئەندامەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ هەلدبژێرن دڤێت:

۱– ژ وان کەسان بن بێن کو ت جاران ژ بۆ رزگاریا گەلێ خوە و وەلاتێ خوە نەوەستیانە و کارکرنە.

۲– بێن ل هەمبەری بزاڤا نیشتمانی ل دەڤ دوژمنی جە گرتنە د ڤێت بۆ بەرهەلبژارتنێ(**ترشیح**) نەئێن قەبوولکرن.

– د بروسکەکێدا د هژمار۸ئادارا ۱۹۹۲ کو ب ناڤێ دەستەکا کۆڤارێ ئاراستەی سەرکردایەتیا بەرەی کوردستانی هاتیە کرن د دەقێ وێ دا هاتیە:

ئەم دەستەکا تیرۆژ ژ بەرەی کوردستانی داخواز دکەین کو دادگەهەکا شۆرشگێری بێتە دامەزراندن بۆ خۆفروش و دیڤەلانکێن ب ناڤێ گەلێ کورد و کوردستانێ رووەتا دەن، ئو باشترین نمونە شانوگەریا ۱۱ئاداریّ ل تەلەفزیونا بەغدا هاتی وەشاندن، و سوپاس..

ئەڤ بروسکەیە چەند پەیڤەکێن کێمن لێ ب هەلسەنگاندنا کاودان و دەمێ وێ سەنگەک دیرۆکی مەزن هەیە و نیشانا هندێ یە کو نڤیسکار و رەوشەنبیرێن کورد زوو هەست ب مەترسیان کریە و بەرچاڤکرینە، ژ بەرکو د وی دەمی و کاودانیدا کەسانێن خۆفروش و دیڤەلانک ل دەڤەرێن رزگارکرێن کوردستانێ و ل دەڤەرێن ژێر دەستێ رژێما بەعسی و ل بەغدا، ل هەر ەڤەرەکێ ب رەنگەکی دلەیزین، ل کوردستانێ ب هەر رەنگەکێ هەبیت جهێ پێ خوە ل ناڤ هندەک دەزگەهێن سیاسی و لەشکەری و ئیدارییێن کوردستانێ دکرن، ل ژێر دەستێ رژێمێ ژی وەک سالێن بۆری بەردەوام بوون ل سەر دیڤەلانکی و خوە چەماندنێ بۆ رژێمێ و دژایەتیا گەلێ خوە ب هەر ریّکەکا هەبیت.

– د هژمار۹و۱۰ کو دکەڤیتە مەها نیسانا ۱۹۹۲(**هەرچەندە ل سەر نەهاتیە نڤیسین**) پەیڤەک دەربارەی یەکەمین هەلبژارتنێن پەرلەمانێ کوردستانێ بێن گولانا ۱۹۹۲ بەلاڤکریە و بۆچوونا خۆ دەربارەی شێوازێ هەلبژارتنان و گرنگیا سەرکەتنا وان دیارکریە بێی کو پروپاگندەکێ بۆ ئالیەکێ دیارکری بکەت، بەلکی دامەزراندنا پەرلەمانی بۆ کوردستانێ د سەر هەموو تشتانرا دیتیە وەک تێدا هاتی: بەلێ پەرلەمان زادێ رۆژانەیێ ئەڤرۆ کو مە تێر کەت و زەنگا خۆ لێدا و ئەم دێ ل دویڤ زەنگێ چین. پەرلەمان ئانکو گەلەک تشت، نە بەس پرکرنا بوشاییا یاسایی بەلکو پتەو کرنا هێزێن کورد و دیارکرنا رێبەرێ بزاڤا ئازادیخوازا مللەتێ کورد، دێ مێژوو ڤێ چەندێ بقەلەمێ خوەیێ زێرین نڤیسیت...

– هەر د ڤێ هژمارێدا د کوژیێ هزرێن سەربەست یێ ئالیێ ناڤدا یێ بەرگێ دووێ یێ کۆڤارێ تیلی سالح موسا ل ژێر مانشێتێ ژ بۆ کلدانا چاڤێت راستیێ ب توندی رەخنە ل کاودانێ ئابوریێ وی سەردەمی ئەو کەسێن بازرگانیێ ب ڤی کاودانی دکەت ل سەر برسیبوونا خەلکەکی خۆ دەولەمەند دکەن گرتیە و د پەسنا وان کەساندا گۆتیە :کەسێن خودانێن ڤان دەلیڤان لناڤ مەدا ئاشکرا بووینە و بازرگانیێ بڤان کاودانان دکەن و مللەتی هەمیێ دکرن و رۆژا پاشتر دفروشن، ل هەمی ریّکا هەمی سویکا د خەبتن، ئەوێت سویکا ڤالا دکن و تشتێ خوە هەمێی ڤەدشێرن، دا ل بازاری نەمینیت دا ل دیڤ کەیفا خوە بفروشن، ئەڤەنە ئەو

مرۆڤێن کیلوا برنجی د بەنە(٨) دینارا و کیلوا رونی د بەنە(١٦) دیناران..

– د هەمان هژماردا بابەتێ رەش و سپی یێ نڤیسکار حەجی جەعفەری هاتیە بەلاڤکرن، نڤیسکاری وێرەکانە رەش و سپی یێن جڤاکێ مە یێ وی سەردەمی بەرچاڤکرینە و رەخنەکا توند ل دیاردا دزین و فروشتنا سامانێن گشتی گرتیە، کو ئەڤ دیاردە د وی سەردەمیدا گەلەکا بەلاڤە بوو وەک د برگەیا داوییدا وێرەکانە گۆتی :لێ ئەڤرۆ نە عەجیبە و نە عەنتیکەیە و نە چریسەتە ب هزارەها دوزەر و شەفەل و ترومبێل و ئامیرێت مەزن مەزن، پڕ دەنگ و نڕ نڕ، ل رۆژا نیڤرۆ و ل سەر سنووریّ دو دەولەتا بێنە دزین، دەرباز ببن.!! ئەڤ دەربرینە ب خۆ نیشانا وێرەکیا نڤیسکاریّ و سەربەخوییی و وێرەکیا کۆڤاریّ بخۆ یە د وی سەردەمیدا، چنکو هەمان کەسێن ئەو دیاردەیە ل جەم وان هەی د وی سەردەمیدا خوەدی دەستەلات بوون و دکارین وەک وان دڤێت سەرەدەریێ دگەل کۆڤاریّ و نڤیسکارێن وێ بکەن.

– کۆڤاریّ بەردەوامی ب رێبازا خۆیا سەربەخۆ دا یە خۆ ل بەرۆکا چ ئالییێن سیاسی نە دیتیە تنێ خۆ ل بەرۆکا مللەتی دیتیە، پشتەڤانی ل حزبێن کوردستانی یێن وی سەردەمی کریە و د هەمان دەمدا مللەت ب سەرۆکانیا وان حزبان دایە نیاسین و ئاگادار کرینە دەمێ مللەت باوەریا خۆ ژ حزبان ڤەکێشیت هەروەکی د سەرگوتارا هژمار ١١ دا هاتی : هەر مللەتە پارت پەیدا کرینە، وەلێ دەمێ پارتەک ژ هێلا مللەتی دەردکەڤیت مللەت دێ وان د بن پێت خوە هەرشینیت. د هەمان دەمدا کۆڤاریّ پێشوازی ل هەر پێنگاڤەکێ کریە یا پارتییێن کوردستانێ بۆ بەرژەوەندیا گشتیا خەلکی دهاڤێژن، هەروەکی د وێ سەرگوتاریدا ڤێ مزگینیێ ددەت : ئەڤرۆ دانوستاندنەکا بەرفرەە تێتەکرن د نێڤبەرا سێ پارتێن کوردی سوسیالیست، گەل، پاسوک، ئەو ژی بوویە جهێ دلخوشیا گەلێ مە چنکو هەر ئێکگرتنەک سەرکەفتنەکە و دبیتە کەلەمەک د چاڤێن دوژمنان ڕە و هیڤیا مە ئەوە کونگریّ ئێکگرتنێ سەرکەفتی بیت.

– هەر د هژمار ١١ دا بابەتەکێ د.فازل عمر هاتیە بەلاڤکرن کو پتر سەربەخۆییا کۆڤاریّ د واریّ راگەهاندنێدا دیار دکەت، نڤیسکاری ئاماژە ب قوناغا بەری هەلبژارتنێن گولانا ١٩٩٢ و ئیدارەیا بەرەیێ کوردستانی کریەڤە، کت کتە نەرێنییێن وی سەردەمی بەرچاڤکرینە، وێرەکانە رەخنە ل کار و سەرەدەرییێن پارتێن کوردستانی د وێ قوناغێدا گرتینە و ل داوییێ ژ پەرلەمانێ نوو هەلبژارتی خواستیە : ئیرۆ پەرلەمان پەیدا بوو، ئیرۆ مە چارا خوە ب دەستێ خوە نڤیسی، مە هیڤی هەیە کو دراڤێ کوردستانێ بکەڤە دەستێ پەرلەمان و کاریّ هەرێ گرنگ پەرلەمان ب ڤی دراڤی خوارنێ بدە مە و لەشکەرێ کوردستانێ دروست کە...

مە ناڤێ دراڤ ل پرۆپاگندێ بێ مەزاختن

مە ناڤێ دراڤێ مە ل بنگەە و **(موستەشارێن د کەڤلێ پیشمەرگەی)** بێ مەزاختن.

مە ناڤێ دراڤێ مە د دەستێ هەزاران دا بێ.

مە ناڤێ ستویێ مە ل بەر شیرێن روس بە و دەستێ مە ل سەر دلێ مە بە کا کەنگی ئەم دێ یەکدی کوژن یان دوژمن دێ مە کوژن.

هەر ب ڤی رەنگی بابەتێن ئەدەبی یێن کۆڤاریّ ژی دەربرینێ ژ کاودانێ وی سەردەمی یێ خەلکێ کوردستانێ دکەن و د هەمان دەمدا ژی هەر دەقەک ژ وان پتر سەربەخوەییا کۆڤاریّ دیار دکەت. لەوما ژی ب کورتی ئەز دکارم بێژم بەلێ تیرۆژ کۆڤارەک سەربخوە بوویە و تنێ سەر ب گەلێ خوە بوویە.

# رۆژنامەگەریا زارۆیان ل دەڤەرا بادینانداا



سەلام بالایی

**(چاڤدێریا زارۆیان، چاڤدێریا پاشەرۆژێیە. چاڤدێریا ژیانێیە)**

جوفینسال زانایێ دەروونناس دبێژیت: **(مەزنترین رێز لێنان ئەوە چ پێدڤییە بو زارۆیان بهێتە کرن فەرە مروڤ و سازی بکەن)** یا زانایە هەر تشت ل سەر بنیاتێ زارۆکینی دهێتە ئاڤاکرن، ئەگەر ئەم داخازا جڤاکەک پێشکەفتی و ساخلەم دکەین، فەرە زۆر گرنگیێ بدەین پەروەردەکرنا زارۆیان. مللەتێ مە د گەلەلەک قوناغێن سەخت و دژوار دا دەرباز بویە، و زارۆیێ کورد ژ هەمی حەز و ڤیان و ئارەزوییێن خو بێ بەهر بوینە، قوناغا هەرە زێرین یا مللەتێ کورد، ب تایبەت ژ لایێ دەرکەفتنا رۆژنامەڤانیێ ب گشتی و یا زارۆیان ب تایبەتی، قوناغا سەرهلدانا ١٩٩١ ێ بویە، چونکی ب دەها رۆژنامە و گۆڤارێن کوردی دەرکەفتن ژ حزبا و لایەن و گروپێن سیاسی، دەم هات گەلەک دەرگەه ل بەر مە و زارۆکێن مە هاتنە ڤەکرن، ئەڤجار فەرە ئەمژی دەستێن زارۆیان بگرین ل وان هەمی باخچێن رەنگین و پری زانست و زانیاری بگێرێنین چ ب رێکا کومپیوتەری و ئەنتەرنێتێ و چ ب رێکا CD و رادیۆ و تەلەفزیون و گۆڤار و رۆژنامان.

دەم دەمێ پێزانین و پێشکەفتنێیە دگەل هەبونا شورەشا تەکنولوژی و پێزانینان هەمی تشت کەفتینە بەر دەستێن مروڤی، ئەڤجار فەرە ئەمژی ل دویڤ ئارەزویا زارۆیان بچین ل دویف شیانێن خو و ل دویف پێدڤیا ئەڤرو داخوازییێن وان بو پەیدا بکەین، بەرسڤا پرسیارێن وان بدەین یێن هندە ساله بێ بەرسڤ ماین، ئەگەر هەتا دوهی مە هزرەت جلکەکێ جوان و چانتەکا جوان بو، ئەڤرو کورێن مە زارۆیین مە هزرا وان ل سەر کومپیوتەر و رۆژنامە و کوڤار و ئەنتەرنێتێ یە داکو دگەشتەکا دلڤەکەر دا ل هەمی جیهانێ بگەرییێن و هەڤالێن نوی بنیاسین و پتر خەیالا وی سنورا دەرباز بکەت، هەرچەندە خەیالێ چ سنور نینن.

• پشکا ئێکێ

* پێناسە و تێگەها رۆژنامەڤانیا زارۆیان:

ئیکە ژ رێکێن پەیوەندیکرنێ دگەل زارۆیی، یان ئیکە ژ پێکهاتا زارۆکینی و ئامادەکرنێ

بەرەف شیانێن ب هێز چ دەمێ ئەو تێدا و چ ژبو پاشەرۆژێ، چونکی هونەرەکە پێک هاتیە ژ دیتن و پەیڤا چاپکری و وێنێن رەنگین، ئەڤە وەک پێناسە.

**پێدا چونەک مێژوویی بو رۆژنامەڤانیا زاروکان ل جیهانێ.**

**أ-ئێکەم رۆژنامەڤانیا زارۆیان ل جیهانێ:**

دبێژن ئێکەم لاپەرێ زارۆیان ل سالا ١٧٤٧-١٧٩١ ل فرەنسا دەرکەفتیە نڤیسەرەکی دەرخست بێی ناڤێ خو یێ دروست دیار بکەت، ناسناڤەک دانابو د نڤیسا (صدیق الاگفال هەڤالێ زارۆیان) و ب هەمان ناڤ رۆژنامەژی دەرئێخست، ئەڤی ئەدیبی د رۆژنامە خودا شیا گەلەک چیرۆکان ژ زمانێن بیانی وەرگێریت فرەنسیێ و د رۆژنامێدا بەلاڤ بکەت بو زارۆیان. ب دەرکەفتنا رۆژنامێ گەلەک خزمەت بو زارویێ فرەنسی هاتە کرن و ڤالاتیەک پرکر د وی دەمیدا ل جەم زارۆیان، هندەک دی دبێژن کو ئێکەم رۆژنامە زارۆیان ل جیهانێ ل سالا ١٨٣٠ ل فرەنسا دەرکەفتیە، پشتی وێ بولتیزر پاشکویەک دگەل رۆژنامە خو جیهان(world) دەرئێخست ل ئەمریکا ل سالا ١٨٩٦ کو پێکهاتبوو ژ وێنێن پەهلەوانیا زارۆیەکی ل جادێن نیویورک، بەری ڤان ژی چەند لاپەر دەردکەفتن ل ژێر سەرپەرشتیا دەستەکێن زانستی و پەروەردەیێ، بەلێ ئەڤە پتر گرێدای رۆژنامەڤانیا خاندنگەها بون، ئانکو پتر د ئاڕاستە کری بون،

**ب- ئێکەم رۆژنامەڤانیا زارۆیان ل عیراقێ**

ل عیراق یەکەم رۆژنامە دەرکەفتی گرێدای زارۆیان ب ناڤێ(**التلمیذ العراقی**)ل سالا ١٩٢٢ ل بەغدا دەرکەفت ژ لایێ سعید فهیم، بەلێ ئەڤە ژی یا گرێدای خاندنگەهێ بو(٣١) هژمار ژ ڤێ رۆژنامێ دەرکەفتن دوماهی هژمار ل سالا ١٩٢٣ دەرکەفت و راوەستیا، ئەو ژی ژبەر بارێ ئابوری و ژ بەر نەدانا ئابونێن پشکداران هەروەکی خودانێ پەرتوکخانا (**العصریة**) هەڤ چەرخ محمود حلمی گوتی: ئەگەرێ د وێ یێ راوەستیانا ڤێ رۆژنامێ دزڤریت بو ریڤەبەرێن خاندنگەهان، هند گرنگی نەددا دەرکەفتنا وێ وە ب رەنگەکێ بەرفرەە بەلاڤ ببیت، ئەڤ رۆژنامە د سالا دویدا جارەک دی دەرکەفت و یەکەم هژمار ل روژا ١٩٢٤/١٠/٢٥ دەرکەفت، گەلەک گوڤار و رۆژنامێن دی ل عیراق دەرکەفتن گرێدای زارۆیان، بەلێ پترێێن خاندنگەها بون، وەک (**مدرسه**) خاندنگەە ١٩٢٦ (**طلبة**) خویندکار١٩٣٢، (**فتوة**) ١٩٣٤ (**عالم الاطفال**) جیهانا زارۆیان ١٩٤٥ زێدەباری گەلەکێن دی،

**ج-ئێکەم رۆژنامەڤانیا زارویان ل کوردستانێ**




یا خویایە کو مالباتا بەدرخانیان پێشەنگێن رۆژنامەڤانیا کوردینە و یەکەم رۆژنامە ب ناڤێ **(کوردستان)** ل سالا ١٨٩٨ ل وەلاتێ مسرێ ل قاهیرە دەرئێخست و هەرد گەلەک گوتارێن هاواریدا میر جەلادەت بەدرخان ئاماژە کریە زارۆیان داخواز ژ دایک و بابان کریە کو خاندن و زانینێ نیشا زارۆکێن خو بدەن و دبێژیت کو ئەو نقشێ پاشەرۆژا مللەتینە و د هاواریدا هژمار (٩) بو نقشێ پاشەرۆژێ مەبەستا وی زارۆکن وەها دبێژیت: **(دڤێت زارۆیێن کوردستانێ بخەبتن و رۆژەکێ بەری ڤێ رۆژێ، مەبەستا وی رۆژا دناڤا ئالایێ کوردستانێ دایە، هلینن بەر ب ئاسمانێ کوردستانێ ڤە بلند بکن، ل ور ب بروسکێن وەلاتێ خوە ل سەر ئاڤاهیێ خوەیێ پێشین ڤەگەرینن و د بن تاڤا وێرە سەربخو و ب کامرانی بژین)**، ئانکو ئەم دکارین بێژین مالباتا بەدرخانیان هزر ل دەرکەفتنا رۆژنامەڤانیا زارۆیان کریە، لێ ئێکەم بزاڤ بۆ یەکەم جار و یەکەم کەس هزر ل رۆژنامەڤانیا زارۆیان کربیت ل سەرانسەری کوردستانێ بنەمالا بەدرخانیا بوو ئەو ژی ب دابینکرنا گوشەکا تایبەت ژ گۆڤارا هاوار بناڤێ **(ستوونا زارۆیان)**، کو لبن ڤێ مانشێتێ بو ڤێ مەرەمێ چەندین نڤێسەرێن کورد خامێن خو ئێخستینە کاری ژ بۆ خزمەتا زارۆیان، چەندین هوزان و چیرۆکێن پەروەردەی بۆ هاتنە نڤێسین، ئەڤە بۆ ئەگەرا هندێ:

١- ئەو هوزانڤانێ د ڤی ماوەی دا دژیان بەشداری دڤێ گۆڤارێ دا کر، هندەکێ ژ هوزان و دیوانێن خۆ یێن هوزانان بۆ خزمەتکرنا زارۆیان تەرخان بکەن وەک **(کامیران بەدرخان، جگەر خوین و چەندێن دیتر)** ب هەردو دیوانێن خو **(دلێن کورێن من، شەفەق)**



٢- بیر ل هندێ بێتە کرن کو پێدڤیە زارۆیان ژی رۆژنامە خۆ هەبیت. ئەڤە بۆ یەکەم پێنگاڤا سەرەکی بۆ دابینکرنا رۆژنامەڤانیەکا تایبەت بۆ زارۆیان لهەمی پارچە و ناوچێن دی یێن کوردستانێ، وە یەکەم پێنگاڤ

بو زارویان هاتبیتەکرن، ب هزرا من دزڤریت بو فەرهەنگا **(نوبهارا بچوکان)** یا شاعر و ئەدیبێ کوردێ مەزن **(ئەحمەدێ خانی)** ل سالا ١٦٨٣ دانای بەری سێ سەد و تشتەک سالان، هەر چەندە ئەڤە من د چ ژێدەرا دا نەدیتیە کو ئاماژە بڤێ کربیت، لێ وەها ئەز بۆ دچم، و د پێشەکیا ڤێ فەرهەنگێ دا ئەحمەدێ خانی دبێژیت: **(ئەڤە چەندکەلیمەنە ژ لوغاتان ڤێک ئێخستن ئەحمەدێ خانی، ناڤێ وێ نوبهارا بچوکان لێ ل سەر دانی نە ژبو صاحب رەواجان، بەلکی ژبو بچیکێن کورمانجان)**،

دبێژیت من ئەڤ فەرهەنگە بۆ زارۆکێن کرمانجا دانا دەمێ ژ خواندنێ خلاس دبن فێری زمانێ عەرەبی ببن، پشتی ڤێ و پشتی بزاڤا میرجەلادەت بەدرخان، بزاڤا فەرمی یان یاکو

بەربەلاڤ د پەرتووک و رۆژنامانداا گۆڤارا **(گرۆگالی مندالانی کورد)**، یاکو یەکەم هژمار ل سالا ١٩٤٦ دەرچویی ژ لایێ سەرپەرشتیارێ چاپخانا کوردستان مەلا قادر مودەرسی کو هینگێ ریڤەبەرێ چاپخانێ بوو تنێ ( ٣ هژمار ژ ڤێ گۆڤارێ دەرکەفتن، ئێکەم رۆژنامەڤانیا زارۆیێن کوردە، کو ئەڤرو بەحس لێ دهێتەکرن.

هژمارە (١) ل ٢١ نیسانا ١٩٤٦، هژمارە (٣) ٢٢ حزیرانا ١٩٤٦، پشتی دەرکەفتنا ڤێ کوڤارێ دیسان زارۆیێن کورد جارەک دی مانە بێ رۆژنامە و گۆڤار تاکو سالا ١٩٧٢ دەمێ گۆڤارا **(ئەستێرە)** ل سلێمانیێ دەرکەتی کو پاشکویێ گۆڤارا (رۆژی کوردستان) بو سەرنڤیسەرێ وێ ماموستا **(صالح یوسفی)** بوو تنێ (٢) هژمار ژڤێ گۆڤارێ ژی دەرکەفتن، جارەک دی مەیدانا رۆژنامەڤانیا زارویان ما ڤالا.

• **جورێن رۆژنامەڤانیا زارۆیان:**

گەلەک جورێن رۆژنامەڤانێن زارۆیان هەنە وەک وێنە یان شکل گۆڤارو رۆژنامەنە، دەربارەی ناڤەرۆکێ گەلەک رەنگ و جور هەنە وەک **(تێکەل، پێکەنین، دەنگوباس، وەرزش، کاریکات ور،سیناریو،هەلبەست،چیروک)** و گەلەکێن دی،

دگەل ژێ زارۆی و هەر قوناغەکێ رۆژنامە و گۆڤارێن خو هەنە هەر وەکی زانایێن دەرننناسێن زارۆیان بو چەند پشکا بەلاڤکرین، یان بو چەند قوناغان:

تولستوی دبێژیت: **( ل پێنج سالیێ تا پێنجی سالیێ ئێک پێنگاڤە، بەلێ ژ دایکبونێ تا پێنج سالی ماوەکێ زۆر بەرفرەهە)**، مەبەستا وی ئەف قوناغە زۆر گرنگ هەستیارە بو ئاڤاکرنا کەساتیا زارۆیی،

بو ژێ (٣- ٦) سالیێ قوناغا واقع و خەیالا دیار کری ب ژینگەها زارۆیی ڤە، یا دووێ خەیالا بەر فرەە و پەهلەوانیێ ژ (٦- ١٢) یا سیێ قوناغا رۆمانسی ژ (١٢) دەسپێدکەت تاکو زارۆکینی بداوی دهێت ئانکو تاکو (١٨) سالیێ و گۆڤارێن تایبەت بو کچان ژی هەنە، بەلێ تاکو نوکە ل وەلاتێ مە ئەڤ گۆڤارە نینن.

بەلێ جورێ ژ هەمیا بەلاڤترو پتر زارۆک حەز ژێ دکەن ئەون پێن جوراو جور، ئانکو تێکەل کو پێک هاتینە ژ بەلاڤکرنا چیرۆک و زنجیرە چیرۆک و پەهلەوانی و تشتێن سەیر و سەمەر و بەریکانە و پێزانینێن گشتی و دەنگوباس و پێکەنین، وەکی وان گۆڤارێن نوکە ل دەف مە دەرکەفتین، و ئەڤ رەنگە گۆڤارە مەلەلێ بو زارۆیی چێناکەن، چونکی چ دڤێت د ڤان رەنگە گۆڤاران دا هەیە،

ئەڤە تنێ دەرگەهەک بو کو بابەت پتر یێ زانستی بیت و هندەک پێزانینێن گشتی ل سەر رۆژنامەڤانیا زارۆیان هەبن.

• **پشکا دووێ:**

• **رۆژنامەڤانیا زارۆیان ل دەڤەرا بادینان:**

ئەم دکارین بێژین ئێکەم لاپەر یان رۆژنامە بو زارۆیان دەرکەفتی ل دەڤەرا بادینان پاشکویێ رۆژناما **(بوتان)** ب ناڤێ **(خالخالوک)** دەرکەفت کو ژ (٨) لاپەرێن رەنگین ژ قەبارێ مەزن ل سالا ١٩٩٢ کو رۆژناما بوتان زمانێ حالێ پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بو لقێ دهوک، لێ **(خالخالوک)** ژی گەلەک نەفری تنێ فرەک ل خودا و جارەکا دی کەفت، ئانکو تنێ ئێک هژمار ژێ دەرکەفت، د ڤێ هژمارێ دا ئەڤ بابەتە هاتبونە بەلاڤ کرن **(فێربونا تیپێن لاتینی، کاریکاتور، سیناریو، تابلویێن زارۆیان، چیرۆک، چەند پێزانین)**،

پشتی خالخالوکێ، ئانکو بزاڤا دووێ یا بو زارۆیان هاتیە کرن دەرکەفتنا گۆڤارا **(ئادار)** بو یا کو ژ خاندنگەها راپەرین یا سەرەتایی ل سێمێلێ دەردکەفت، ژ بەرهەڤکرنا ماموستا **(نایف عەلی ئیبو)** بو، ئەڤ گۆڤارە ژی ل سالا ١٩٩٢ێ دەرکەفت ژ (٢٤) لاپەرا پێک هاتبو ژ قەبارێ بچویک، هژمارا ئێکێ ل ئادارا ١٩٩٢ و هژمارا دووێ ل هاڤینا ١٩٩٢ بو بەرهەفکری ڤێ کوڤارێ بەحسێ گرنگیا رۆژنامەڤانیا زارۆیان کریە و دبێژیت: **(هەر کەسێ ئەڤینا زارۆیان د دلی دا نەبیت نەشێت ئەڤینا وەلاتی ژی ب حەبینیت)**،

گازی هەمی خێرخواز و نڤێسەران کریە کو خو ل رۆژنامەڤانیا زارۆیان بکەن خودان، ئەڤەژی پێنگاڤەک پیروز بو کو هەر زوی ماموستا نایف ب گرنگیا ئاڤاکرنا کەساتیا زارویێ کورد هەسیای.

بابەتێن گۆڤارێ پێکهاتینە ژ **(چیرۆک، بابەتێن هونەری، شینەوار، وەرزش، فلکلور، چاندن، فەرهەنگوک، بەریکانە، کاریکاتور، سیناریو، پێزانینێن گشتی)**،



ڤێ گۆڤارێ رۆلەکێ بەرچاڤ هەبو، چونکی ل دەڤەرا سێمێلێ دەردکەفت کو دەڤەرەکا عەرەبکری بو، خاندن و نڤێسین ب کوردی زۆر یا کێم بوو، ئەڤ گۆڤارە بو هاندەرەک کو زارۆیێن دەڤەرێ فێری زمانێ خو ببن و ب ئێکەم روپەلێن رۆژنامەڤانیا زارۆیان شاد ببن.

ژ سالا ١٩٩٢ تاکو سالا ١٩٩٨ ئێک رۆژنامە و گۆڤار بو زارۆیان نەدەرکەفت، ژ بلی گۆڤارێن گشتی کو لاپەرەک یان دوو بو زارۆیان تەرخانکربون،

• **پشکا سیێ:**

• **قوناغا وەرارا رۆژنامەڤانیا زارۆیان ل بادینان:**

ئێکەم پێنگاڤا ژ هەژی بو زارۆیان هاتیە هاڤێتن ل دەڤەرا بادینان دەرکەفتنا گۆڤارا **(سڤورە)** بو ئەڤ گۆڤارە سەر ب

دەزگەهێ گازی ڤەبو، پشتی هزر هاتیە کرن و پشتی روینشتنا چەندین هەڤالا ژ ستافێ گۆڤارا **(گازی)** پرۆژەک پێشکێشی نڤیسینگەها راگەهاندنێ ل دهوکێ کر کو سەر ب پارتی دیموکراتی کوردستان ڤەبو و وانژی ب سینگەک بەرفرەه ئەو پرۆژە پەسەند کر و بەرهەمێ وێ دەرکەفتنا گۆڤارا **(سڤورە)** بو.

**• بوچی بڤی ناڤی هاتە نافکرن؟**

• چونکی گیانەوەرەکێ جوان و سڤکە و ل دەڤەرێن کوردستانێ زۆرە و ل سەر گویزا و داران دژیت، ویێ سڤکە بو سەر داران و ب ساناهی دشێت خو ژ دوژمنا ب پارێزیت، دیسان ئەڤ گیانەوەرە هزر ل پاشەرۆژا خو دکەت و گویز و بەری فستەقان کومدکەت بو زڤستانێ، زارۆک ژی هێڤێنێ پاشەرۆژێنە.

سەرنڤیسەرێ گۆڤارێ **(فەهمی سەلمان)** بو کو رولەکێ کاریگەر دیتیە ژ بو دەرکەفتنا **(سڤورە)**

**• ئەڤ گۆڤارە د گەلەک قوناغا دا دەرباز بویە:**

١- ژ هژمار (١ تا ٢٨) خودانێ ئیمتیازێ کاروان ئاکرەیی بو، سەرنڤیسەر فەهمی سەلمان.

٢- ژ هژمار (٢٨ تا ٥٥) خودانێ ئیمتیازێ حەبیب کەلەش، سەرنڤیسەر بەهجەت هروری.

٣- هژمار (٥٦) خودانێ ئیمتیازێ فەهیم عەبدوللا، سەرنڤیسەر د. فازل عمر

٤- هژمار (٦٧) خودانێ ئیمتیازێ فەهیم عەبدوللا، سەرنڤیسەر سەلام بالایی تا هژمار(٩١)خودانێ ئمتیازێ فازل ئەمەر سەرنڤیسەر سەلام بالایی و تاکو نوکە یا بەردەوامە و هژمار(١٠٥) ل مەها(١١)٢٠٠٩ و ب (٣٤) لاپەرێن رەنگین و وەرەقا ئارت دەردکەڤیت.



*** کارتێکرنا دەرکەفتنا (سڤورە) ل سەر زارۆیان:**

گۆڤارا سڤورە کەفتە د دەستێن هەمی زارۆیێن دەڤەرێ دا چ ب رێکا بەلاڤکرن و نیشادانا وێ ل سەر ئەنتەرنێتێ چ ب رێکا بەلاڤکرنا وێ ل خواندنگەه و بازاران چ ب رێکا بەلاڤکرنا وێ ل تەلەڤزیون و رادیویێن دەڤەرێ، پتر یا بەرهەمێن بو گۆڤارێ هاتین هەر ژ زارۆیان بو، ئانکو سڤورە بۆ خاندنگەه ژ بو پەروەردەکرن و دەرچونا نڤیسەرێن زارۆک شروڤە بو ڤێ یەکێ،زارۆیان بخو چەندین گۆڤار یان بێژین بەلاڤوک دروست کرن کو مفایەکێ باش ژ گۆڤارا سڤورە وەرگرتن ئێکی چاڤ ل یێدیکر بو دەرکەفتنا کوڤاران وەک:

**١- گۆڤارا (نیرۆژ):** کو هەتا نوهو (٦) هژمار ژێ دەرکەفتیە

٢- گۆڤارا ئازادی: ئەو ژی گۆڤارەکە ژ دەرهێنان و دروست کرنا ژێگر یاسین گروانشی یە ژ (١٢) لاپەرا پێک دهێت و بابەتێن هەمی جور تێدا دهێنە بەلاڤکرن، پتریا ڤێ گۆڤارێ ب دەست هاتینە نڤێسین هەتا نوکە (٢) هژمار ژی دەرکەفتینە،

٣- گۆڤارا ستێر: گۆڤارەکا زارۆیانە ژ بەرهەڤکرنا **(هێژا وەیسی)** یە کو بێژەرە ل تەلەفزیونا کوردستان، دهوک (٦٠) دانا دەردئێخیت و هەمی وەک دیاری ل سەر خویندکاران بەلاڤ دکەت و ژ (١٢) لاپەران پێک دهێت و ب بەرهەمێن هەمەرەنگ دهێتە خەملاندن،

٤- گۆڤارا چیا: گۆڤارەکا هەیڤانەیە تایبەتە ب جیهانا زارۆیان ڤە ژ(١٢) لاپەران پێک دێت و هەتا نوکە (٣) هژمار ژێ دەرکەفتینە، سەرنڤیسەرێ وێ **(زەڤەر ئیسماعیل)**ە کو ل قوناغا ناڤنجی یە ئانکو هێشتا زارۆکە و چەندین هەڤالێن دیژی هاریکاریا وی دکەن بو دەرکە فتنا ڤێ گۆڤارێ ژ قەبارێ مەزنە و هەمەرەنگە ب بابەتێن خۆڤە.

٥- گۆڤارا کەو: گۆڤارەکا هەیڤانەیە بۆ زارۆیان سەرنڤیسەرێ ڤێ گۆڤارێ **(مللەت عسمەت)** و ئەڤ گۆڤارە ژی ژ خێزانەکێ دەردکەڤیت کو چەند خوشک و برا نە هاریکاریا ئێک دکەن ژ بو دەرکەفتنا ڤێ گۆڤارێ تا نوکە (٢) هژمارە ژێ دەرکەفتینە و هەمەرەنگە ب بابەتێن خوڤە.



٦- گۆڤارا رۆژ: کومەکا خوێندکارێن ئالا یا نمونەیی دەردئێخن. ئەڤە و زێدە باری گەلەک هەڤالێن دی کو بو گۆڤارێن زارۆیان مینا سڤورە بابەت د نڤیسان، نوکە ئەو بخو هەول و بزاڤا دکەن ژ بو دەرکەفتنا گۆڤاران، لێ ئەڤە هەمی پتر د چارچوڤێ خاندنگەهێ دا دەردکەڤن و چەند زارۆک پێ را بونە و ل سەر هەڤالێن خو بەلاڤ دکەن بێی بهێن پەرتوکخانێن باژێری، لێ ئەڤە پێنگاڤن بو هندێ ئەڤ هەمی زارۆکە یان گەنجە د ئامادەبن بوکو ل هەر گۆڤارەکا زارۆیان کار بکەن و شیانە کەساتیەک ب هێزو خودان شیان بن، ئەڤە بو هندێ دزڤریت کو دەما دیتی رۆژنامەڤانیا زارۆیان کارتێکرنا خو هەیە وان ژی هزر د دەرکەفتنا گۆڤاراندا کر، ئەز باوەرم نە ل دەمەکێ دویر دێ بازارێ پەرتوکخانا کوردی پربیت ژ رۆژنامەڤانیا زارۆیان، ژبلی ڤان گۆڤاران د گۆڤارێن گشتی دا ژی چەند لاپەر تەرخان کرینە بو زارۆیان وەک نوبون، دجلە یا بەرێ، زاخو و گەلەکێن دی. ئەگەر سالا ١٩٩٢تا١٩٩٨ مە چ رۆژنامە

کوڤاریّ(**هدا محمد سالح**) و خودانیّ ئمتیازیّ(**هرمان محمد سلیم**)ه تا نوکه (۲) هژمار ژیّ دەرچونو.

* پەرتوکێن سەر ب زارۆیانڤە دەرکەفتین ژ سالا ۲۰۰۰ تا ۲۰۰۵یّ ل دهوکیّ:

ریّکخراوا مافێن مەدەنی ل کوردستانیّ: ب ناڤیّ (**سنیلا ئەڤینێ ژبو زارۆیان**) ئەڤ پەرتوکێن خوارێ دەرخستینە:

| | |
|---|---|
| ۱- سندریلا | چیرۆک |
| ۲- بەچکە شێرێن دارستانێ | چیرۆک |
| ۳- هەرکول و ئەژدەها | چیرۆک |
| ٤- تەرەزان شاهیّ دارستانیّ | چیرۆک |
| ٥- دانیک | چیرۆک |
| ٦- دندک هنار | چیرۆک |
| ۷- زەنگ و بەنگ | چیرۆک |
| ۸- فاتفاتوک | چیرۆک |
| ۹- زەرافە و فیل | چیرۆک |
| ۱۰- کەر و دیکلک | چیرۆک |
| ۱۱- دریک | چیرۆک |
| ۱۲- ئە لیس ل وارەکیّ سەیر | چیرۆک |
| ۱۳- کوترک و کوریّ پیریّ | چیرۆک |

ئەڤ هەمی پەرتوکە ب سەرپەرشتیا د. عارف حیتو هاتینە چاپکرن

ژ وەشانێن بنگەهیّ چارەسەریا دەرونی ب هاریکاریا ریّکخراوا دیاکونیا سویدی وە ئەڤ پروژە بەردەوامە نوکە د. نزار عسمت سەرپەرشتیا ڤی پروژەی دکەت. دیسان کومەکا پەرتوکان دەرکەڤتینە ل ژێر ناڤی (**چیرۆک ژ بو زارۆیان**) ئەڤێن ل خوارێ هندەک ژ وانن:

۱- کەریّ ژیر
۲- دندکا سحری
۳- حوریا دەریایێ
٤- رویڤی و مریشکا سور
٥- بەریکانیّ

و ئەڤ پرۆژە یێ بەردەوامە ژ بو چاپکرنا پەرتوکێن زارۆیان و ئەڤەژی ل ژێر سەرپەرشتیا د. عارف حیتو بون. نوکە ل ژێر سەرپەرشتیا( **د.نزار عسمت**)ینە

پرۆژێ (**هزار پەرتوک بو زارۆیان**) یێ دەزگەهیّ (**سپیرێز**) یێ چاپ وەشانێ ئەڤ پەرتوکێن ل خوارێ دەرخستینە:

۱ -سەردەمی دەینەسوران
۲- کێتک و بنەمالا وێ
۳- سەگ و بنەمالا وێ
٤- مرۆڤێ بەری دیروکێ
٥- نامەیەکا ئاشتیێ

٦- سترانێن کولیلکان
٧- کێز خاتوین
٨- کەچا ژ هەیڤێ هاتی
٩- کەچا میرێ مشکان
١٠- هانسل و گرتل
١١- سەربازێ خوراگر
١٢- میشا شر
١٣- شەڤ باش میرو
١٤- میرو حەز ژ شەرا ناکەت
١٥- بالندەیێن گوشت خوەر
١٦- هەر تشتەک دەربارەی بارانێ




و ئەڤ پرۆژە ژی یێ بەردەوامە، لێ تشتێن من دڤێت بێژم ئەڤ هەمی پەرتوکە وەرگێران و بێن فلکلورینە. و داهێنانێن نڤیسەرێن دەڤەرێ یان بێن کورد زۆر دکێمن بو زارۆیان چ هەلبەست چ پەرتوکێن زانستێ دەرونی یێ گرێدای زارۆیان، بەلێ ئەز دشێم بێژم کو د میژویا کوردستانێدا تاکو نوکە ئەڤە باشترین و زێرینترین قوناغە بو زارۆیان، چونکی ئەڤرو پەرتوکخانا کوردی یا پرە ژ گۆڤار و رۆژنامە و پەرتوکێن گرێدای زارۆیان ئەم باوەرین د دەمەکێ نە دویر دا دێ مە بەرهەمێن خومالی بێن نڤیسەرێن کورد ژی هەبن ژ بو زارۆیان.

دیسان نڤیسەرێ گەنج **(نیهاد سعدالله)** (٨) پەرتوکێن چیرۆکان دەرخستینە، لێ ئەڤ چیرۆکە پتر دا ئاراستەکرینە وەک ئاموژگاری بو زارۆیان، ژ داهێنانا چیروکا هونەری دبێ بەهرن.

**گۆڤارا سڤورە پرۆژەیەک هەیە بناڤێ ژ وەشانێن گۆڤارا سڤورە**

**ئەڤێ پرۆژەیی نێزیک (١٧) پەرتوکێن زارۆیان بێن هەمەرەنگ دەرخستینە ئەڤە هندەک ژ وان پەرتکان:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- میرگا ب کولیک | سیناریو | جاهیدا بیری |
| ٢- رۆژانێن هیڤیێ | سیناریو | و: نازدار |
| ٣- ئی کی یووسان | چیرۆک | و: مسعود خالد |
| ٤- چیرۆکێن رویڤی یا | چیرۆک | و: محمد ملاحمدی |
| ٥- بشکوژێن پاشەرۆژێ | هەلبەست | سلاح محمد ئەمین |
| ٦- پیتەر و خشخشوک | چیرۆک | و: مسعود خالد |
| ٧- فەرهەنگا رەنگین | مژویلی | ئەحمەد بیری |
| ٨- گەوهەرناسی | زانست | مسعود خالد |
| ٩- ئەدیسون | زانست | شێروان ئەحمەد تەیب |
| ١٠- گەلیێ هەیڤا شین | چیرۆک | و: عارف حیتو |
| ١١- گولفرۆش | چیرۆک | فەهیما ئیبراهیم |

ئەڤ پرۆژە یێ بەردەوامەو ب لاپەرێن رەنگین دەردکەڤن و هونەرمەند ئەحمد بیری ب چێکرنا وێنێن ڤان پەرتوکان رادبیت دیسان خانم فەهیما ئیبراهیم ژی ب چێکرنا وێنان رابویە. ئەز دخوازم ل داویێ بێژم کو من ئەف لێکولینە ژ مێژە نڤیسای هیڤیدارم ئەگەر کێماتیەک تێدا هەبیت لمن ببورن دیسان من دڤێت ئاماژێ ب هندێ بدەم کو من ئەف لێکولینە ل ئەلمانیا ل ئنستیویا بەرلین پێشکێشکر ل سالا ٢٠٠٥.

**ئەنجام:**

- هەبونا رۆژنامەگەریا زارۆیان ب رەنگەکێ باش و بەرفرەە، هەبونا جڤاکەک پێشکەفتی و پاشەرۆژەک گەشە.
- سالا ١٩٩٨ سالا راستەقینەیا رۆژنامەڤانیا زارۆیان بو ل دەڤەرا بادینان ب دەرکەفتنا گۆڤارا سڤورە.
- قوناغا زێرین یا رۆژنامەڤانیا زارۆیان، ژ سالا ٢٠٠٠ ل دەڤەرێ دەستپێدکەت.
- سالا ١٩٩٢تا ١٩٩٨ ئێک رۆژنامە و گۆڤارێن زارۆیان ل دەڤەرا بادینا نەدەرکەفتینە.
- گرنگیدان ب رۆژنامەڤانیا زارۆیان، گرنگیدانە ب پاشەرۆژا مللەتی.
- داهێنان و پەرتوکێن بەرهەمێن خومالی ژ بو زارۆیان دکێمن.
- نەبونا نڤیسەران بو زارۆیان دنڤیسن ڤالاتیەکێ پەیدا دکەت.

**ژێدەر:**


١- أدب الاطفال، فلسفته، فنونه، وسائطه، هادی نعمان الهیتی.

٢- كيف تكتب للاطفال، جون ئیکن: وەرگێڕان بو عەرەبی: كاظم سعدالدين، وەرگێڕان بو كوردی: كەمال غەمبار.

٣- كاروانی رۆژنامەگەری كوردی/ وریا جاف.

٤- چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسی كوردی/ حەمە سالّح فەرهادی.

٥- گۆڤاری گرۆگالّی منداڵانی كورد و سەرەتای رۆژنامەنووسی پەروەردەیی، د. هیمدادی حوسێن.

٦- سایكولوجية في مرحلة الروضة، الموسوعة الصغيرة (٤٤)، مدحت عبدالرزاق.

٧- الطفل هذا الكائن العجيب/ الموسوعة الصغيرة/ د. ضياء الدين ابو الحب.

٨- صحافه الاطفال من العراق، نشأتها وتطورها/ هادی نعمان الهیتی.

٩- گۆڤارا سڤورە

١٠- گۆڤارا كەپر

١١- گۆڤارا زەنگ و بەنگ

١٢- گۆڤارا زریموک

١٣- گۆڤارا ئادار

١٤- خالخالوک

١٥- نجيب بالايی، لێكولين ل سەر هاوارێ.

١٦- (نوبهارا بچووكان)، ئەحمەدێ خانی، توێژاندن و پێداچون: حمدی عبدالمجيد السلفی، ١٩٩٠.

# ناوونیشان له رۆژنامەدا

ئا: محەمەد جەمال*

**پێشەکی**

ناوونیشان وەک یەکێک لە پێویستییەکانی نووسینی هەر بابەتێک گرنگییەکی تایبەتی هەیە، یەکەم شوێنێک کە لە رۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا دەبێتە هۆی پەیوەندیی نێوان خوێنەر و هەواڵ، ناوونیشانی هەواڵە. ناوونیشان جیا لەوەی کلیلی چوونە ناو هەواڵە و نیشاندەری لایەنداری و هەڵوێستگیری رۆژنامەیە لە بەرانبەر ڕووداوێکدا.

ئەم بەشە لە رۆژنامەدا زۆر بایەخدارە و بەشێکی گرنگ لە رۆژنامەکانی ئەمرۆی دنیا بەوەوە خەریکن کە ناوونیشان بۆ هەواڵەکان دابنێن، بۆیە ئێمەش لێرەدا توێژینەوەیەکی کورتمان لەسەر ئەو باسە گرنگە کردووە کە لە سێ بەش پێک دێت.

دیارە ناوونیشان لە هەندێک سەرچاوەدا بە مانشێت هاتووە، بۆیە ئەو دوو وشەیە بەکار دەهێنین بۆی، مەبەست لە نەگۆڕینیشی وەرگرتنە لە سەرچاوەکانەوە.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان تەرخان کردووە بۆ پێناسەکردن و گوزەرکردنێکی خێرا بەسەر ئەو بابەتەدا، بەشی دووەمیشمان تەرخان کردووە بۆ پێکهێنەر و جۆرەکانی ناوونیشان و لە بەشی کۆتاییشدا کە بەشی سێیەمە چەند خاڵێکی گرنگمان لە بارەی ناوونیشانەوە خستۆتە ڕوو، کە بۆ خوێنەر و توێژەریش پێویستە بیزانێت.

**پێناسەی ناوونیشان**

"ناوونیشان (Title): ناوونیشان لە رۆژنامەدا بەو تاکە دێڕە یان بەو کۆمەڵە دێڕە دیاریکراوە دەوترێت کە دەکەوێتە پێش هەر بابەتێکی رۆژنامەنوسییەوە و هەڵگری ناوەڕۆکی بابەتەکەی خۆی دەبێت"[١].

"مانشێت پوختەی گرنگترین مەبەستی بەشەکەیە کەبەشێوەیەکی ورد و ڕۆشن خرابێتە ڕوو، بەمانایەکی تر مانشێت پێویستە بەکەمترین وشە زۆرترین مانا بگەیەنێت"[٢] سەربەخۆیی وکەسێتی و دیاریکراویی و تایبەتمەندی دەداتە هەربابەتێک، پوختەی گرنگترین بەشە پێکهێنەرەکانی بابەتێکە بۆیە بەکەمترین وشە زۆرترین مانا ناوەڕۆکی بابەتەکە دەردەبڕێت و خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشێت"[٣]

"یەکێک لەئامانجەکانی مانشێت،جیاکردنەوەی بابەتە جیاوازەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکانە لەیەکترو دروستکردنی ئاسانکارییە بۆ هەڵبژاردن و خوێندنەوەی بابەتەکە .. بەمانایەکی دیکە دەکرێ بڵێین مانشێت لەم سەردەمەدا، وەک نیشانەکانی ڕینمایی سەر شەقام وایە کەڕێنمایی شوفێرەکان دەکات"[٤]

"مانشێت پێویستە ڕاشکاو و ئاشکرا بێت و پەیامی هەواڵەکە بەڕوشنی ڕابگەیەنێت"[٥]

مانشێت لەلیدەوە هەڵدەهێنجین، سەرەنجام ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەک دەربارەی **(لید)** بخەینە ڕوو، ئەوا دەڵێین: مانشێت پوختەی لیدە لەڕستەیەکی زۆر کورتدا کەخوێنەر بەرەو هەواڵەکە کێش دەکات"٦"

"مانشێت بنەمای هەواڵە.تەنانەت کاتێ کە مانشێت "گوێزەرەوەی وتە " دەنووسین، پێویستە مانشێت خاوەنی مانایەکی دەسنیشانکراو بێت"٧"

**جۆر و پێکهێنەرەکانی ناوونیشان**

هەریەک لە سەرچاوەکان پۆلێن کردنی جۆر و پێکهێنەرەکانی ناوونیشانیان بە شێوەیەک باس کردووە، بە کورتیش ناوونیشان دابەشی سێ جۆر دەکرێت

**١. ناوونیشانی سەرەتایی:** ئەوناوونیشانەیە کەناوونیشانەکانی تایبەت بەهەواڵەکە یان بابەتەکەی پێ ئامادە دەکرێ.

**٢. ناوونیشانی سەرەکی:** ئەوناوونیشانەیە کەجەخت لەسەر گرنگترین دێڕی ناو هەواڵەکە یان بابەتەکە دەکات.

٣. ناوونیشانی لاوەکی: ئەو ناوونیشانەیە کەدوای ناوونیشانی سەرەکی دێت ودرێژە بەباسەکە دەدات .

ئەوەندەی تێبینی کراوە و باس دەکرێ جگە لە ناوونیشانی سەرەکی چوار جۆر ناوونیشان لە چاپەمەنییەکاندا بۆ هەواڵ سوودیان لێوەردەگیرێت.

**١. ناوونیشانی سەرەکی (Main head line):** بەپیتی گەورەترو فۆنتی جیاواز لەناوەڕۆکی هەواڵ دەنووسرێت و ناوونیشانی بابەتەکەیە و دەبێ پەیوەندییەکی تەواوی لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا هەبێت.

**٢. سەرە ناوونیشان (kicker):** وشەو ڕستەی کورتن کە دەکەونە سەر ناوونیشانی سەرەکییەوە. بە فۆنتێکی وردتر لە ناوونیشانی سەرەکی دەنووسرێ. زۆربەی کات فرمانیان تێدا نییە و تەواوکەری ناونیشانی سەرەکین.

**٣. ژێرە ناوونیشان (deck):** هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە دەکەوێتە ژێر ناوونیشانی سەرەکییەوە.

**٤.سێوت یان (subtitle):** کاتێ کە بۆ دەرخستنی لایەن و ڕەهەندەکانی هەواڵێک سەرەناوونیشان و ژێرەناوونیشان بەس نەبێت، یان هەواڵێک چەندین شتی گرنگی لەخۆوە گرتبێت، ئەوکاتە پەنا دەبەینە بەر سێوت.

بەشێوەکی گشتی بەفۆنتێکی گەورەتر لەناوەڕۆکی هەواڵ دەنووسرێت ودەخرێتە ژێر ژێرە ناوونیشانیشەوە، دەکرێ

**ناوونیشانی سەرەکی: ئەوناوونیشانەیە کەجەخت لەسەر گرنگترین دێڕی ناو هەواڵەکە یان بابەتەکە دەکات**

* * *

**ناوونیشانی لاوەکی: ئەو ناوونیشانەیە کەدوای ناوونیشانی سەرەکی دێت ودرێژە بەباسەکە دەدات . ئەوەندەی تێبینی کراوە و باس دەکرێ جگە لە ناوونیشانی سەرەکی چوار جۆر ناوونیشان لە چاپەمەنییەکاندا بۆ هەواڵ سوودیان لێوەردەگیرێت.**

هەواڵێک چەند سپۆتێکی هەبێت.

**٥. ناوونیشانی لاوەکی (subhead):** لە هەواڵی درێژ یان ڕاپۆرت یان گفتوگۆ تەنانەت وتاریش، بەکاردێت. کاتێک هەواڵێک بەشێوەی گێڕانەوەی مێژووی دەنووسین، بۆ ئەوە ی بابەتەکانمان لێک جیا بکەینەوە پەنادەبەینە بەر ناوونیشانی لاوەکی. ئەم ناوونیشانە لاوەکیانە بەشێوەی گشتی ڕستەی کورتی بێ فرمانن کەوا دەکەن خوێنەر هەست بکات بابەتێکی نوێ دەست پێدەکات .

بەڵام لە هەندێک سەرچاوەی تردا ئەم پۆلێن کردنە بە شێوەیەکی دیکەیە، وەک:

**مانشێتی سەرەکی:** یاخود مانشێتێک کە گرنگترین ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەخاتە ڕوو.

**سەرمانشێت:** سەرمانشێت، مانشێتێکە کە لە سەرو مانشێتی سەرەکییەوە دادەنرێت و بە فۆنتی بچووکتر دەنووسرێت.

**ژێرمانشێت:** ژێرمانشێت بە شێوەیەکی گشتیی دوای مانشێتی سەرەکی دێت و بە فۆنتی بچووکتر دەنووسرێت، بابەتی ژێرمانشێتەکە دەتوانرێ تەواوکەری مانشێتی سەرەکی و سەرەمانشێت و یاخود سەربەخۆ بێت لەوان.

**لامانشێت:** لەهەندێک جاردا هەواڵەکە درێژەو بابەتی هەمەچەشنەی لەخۆگرتووە،دەکرێ پوختەیەک لەبابەتەگرنکەکانی دوای مانشێتی سەرەکی وژێرمانشێت، بەشێوەی ڕستەی سەربەخۆ بخرێتە ڕوو .

هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ناوونیشانە ڕۆژنامەنووسیەکانی دابەش دەبن بۆ **(مانشێت، ناوونیشانی سەرەکی، ناوونیشانی لاوەکی) وەک لێرەدا دەیخەینە ڕوو:**

**ا. مانشێت:** ئەو ڕستە کورتە پیت گەورەیەیە کەلەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەدا دەنوسرێت، ئەم زاراوەیە لەوشەی (Manchette) ی فەرەنسییەوە هاتووە کەبەمانای سەرقۆڵی کراس دێت، مەبەست پێی دەرخستن و ئاشکراییەو دەربارەی ڕووداوو یان بابەتێکی گرنگ و بایەخداری پلەیەک بەلای ڕۆژنامەکەوە دەنوسرێت.

**ب. ناوونیشانی سەرەکی:** هەندێ جاریش بەتایتڵ یان سەردێڕیش ناودەبرێت، ناوونیشانی هەربابەتێکی دیاریکراوە لەڕۆژنامەدا، واتە هەر بابەتێک هەڵگری ناوونیشانێکی تایبەت بەخۆیەتی کە هەڵگری بیرو مەبەست و ئامانج وناوەڕۆکەکەیەتی یەکەم وێستگە کەخوێنەر دەچێتە سەری و دەروازەی گەیاندنی خوێنەرە بەبابەتەنوسراوەکاندا.

**پ. ناوونیشانی لاوەکی** (Subhead) ئەو دێڕانەیە کەبە قەبارەیەکی بچووکتر لەناوونیشانی سەرەکی و گەورەتر

> **سەرمانشێت: سەرمانشێت، مانشێتێکە کە لە سەرو مانشێتی سەرەکییەوە دادەنرێت و بە فۆنتی بچووکتر دەنووسرێت.**
>
> **ژێرمانشێت: ژێرمانشێت بە شێوەیەکی گشتیی دوای مانشێتی سەرەکی دێت و بە فۆنتی بچووکتر دەنووسرێت**

لەقەبارەی فۆنتی بابەتەکە لەنێوان بڕگەکانی بابەتێکی دیاریکراودا دەنوسرێت .

لەگەڵ ئەوانەی باسمان کرد ناوونیشان چەند چەشنێکی هەیە و دەکرێت چەشنەکانی ناوونیشانی هەواڵ دابەش بکەین بۆ:

١. ناوونیشانی باسکردن **(وەسفکردن):** وەک **(ڕووداوی تۆندتیژی لەئەفغانستان).**

٢. ناوونیشانی بەروارکردن: وەک **(زیاد کردنی باج وبەرزبوونەوەی نرخ).**

٣. ناوونیشانی پوختە **(کورتە):** وەک **(نزمبوونەوەی ڕێژەی دەرچوون لەئامادەبیە گشتییەکان)**

**٤. ناوونیشانی بڕگەی ناو هەواڵەکە:** وەک **(ئارامی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕستدا بەندە بەچارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینەوە) .**

چەند خاڵێکی گرنگ لە بارەی ناوونیشانەوە

لە کاتی نووسینی ناوونیشان بۆ هەواڵێک دەبێ ڕەچاوی چەند خاڵێک بکرێت:

١. هاوکاری خەڵک بێت لە هەڵبژاردنی ڕۆژنامەی دڵخوازی خۆی لەناو ئەو هەموو ڕۆژنامانەدا کەهەن.

٢. بابەتە جیاوازەکانی ڕۆژنامە لێک جودا بکاتەوە.

٣. جوان بێت ونموودێک بداتە لاپەڕە.

٤. بەکەمترین وجوانترین وشە پەیامێک بگەیەنێت.

٥. کورتکراوەی ڕێکخراو و پارتەکانی تێدا نەبێ. بۆ نموونە: لەناوونیشاندا لەجیاتی نەتەوە یەکگرتووەکان نەنوسرێ UN .

لەگەڵ ئەو خاڵانەشدا پێویستە ڕێساکانی نووسینی مانشێت پەیڕەو بکرێت کە بریتین لە:

١. مانشێت پێویستە لەگەڵ بابەتی هەواڵەکەدا، هەماهەنگ و گونجاو بێت.

٢. لەنووسینی مانشێتدا پێویستە زاراوە ئاشناو شیاوەکان بەکاربهێنرێت.

٣. مانشێت پێویستە ڕۆشن وردو ئاشکرا بێت.

٤. مانشێت بەشێوەیەکی گشتی پێویستە کاری لەخۆ گرتبێت.

٥. نابێت وشەکان لەمانشێتدا دووبارە ببنەوە.

٦. وەک **"لید"** مانشێت هەتا کورتتر بێت باشترە.

٧. لەکۆتایی مانشێتدا خاڵ دانانرێت .

جگە لەو خاڵانەی باسمان کرد هەندێک خاڵی گرنگ هەن لە بارەی نووسینی ناوونیشانەوە، ئەوانیش:

١. هەوڵبدەن هەمیشە ناوونیشان دوای تەواوبوونی نووسینی هەواڵ بنوسن.

٢. ئەگەر هەواڵەکەتان لیدی هەبوو، دەتوانن سوود لە لیدی هەواڵ وەرگرن بۆنووسینی ناوونیشان، بەڵام ئەگەر لیدی نەبوو دەبێ هەموو هەواڵەکە بخوێنەوە ئەوجا ناوونیشان بنووسن.

٣. ڕستەی کورت ومانادار هەڵبژێرن.

٤. ناوونیشان نابێ لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵ نەگونجێ.

٥. تادەکرێ خۆتان لەناوونیشانی پرسیاری، ئەمری و ڕستەی خراپ بپارێزن.

٦. خۆتان لەدەستەواژەی دروشمی بپارێزن .

بۆیە پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووس یان ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن پێویستە خۆ لەدووبارە بوونەوەی وشەکان بپارێزین و مانشێت بە شێوەی پرسیار دانەنێن و نابێ وشەو زاراوەی ناڕوون تەمومژاوی بۆ خوێنەر بەکاربهێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ پیتی وابەکاربهێنرێت کەبەلای خوێنەرەوە ئاسایی بن وسەرنجڕاکێش نەبن، چونکە وشەی یەکەم لە مانشێتدا زۆر گرنگە.

کاتێک دەوترێ کەنابێ مانشێتەکان پرسیاری بن، لەبەر ئەوەیە کە تۆ ناکرێت پرسیار لە خوێنەرەکەت بکەیت، یەکەمین جار کە مانشێتی پرسیاریتان بەکارهێنا خوێنەر ئەو پرسیارەی بە میشکدا دێت کە

ئایا بۆچی پرسیارەکە لە من دەکرێت، خۆ ئەگەر نەیتوانی وەڵامی پرسیاری مانشێتەکە بداتەوە، پەیوەندی لەگەڵ ئێوە دەپچڕێنێت و بابەتەکەتان ناخوێنێتەوە، بەڵام شتی بەدەر لە بنەمای ئێمەش دێتە ئاراوە،جار هەیە بەڵای ئێمەشەوە وەڵامی پرسیارەکان نادیارن .

## ئەنجام

١ـ ناوونیشان بەشێکی گرنگی هەواڵ و بابەتە رۆژنامەنووسییەکانە، هیچ بابەتێک بێ ناوونیشان نابێت.

٢ـ خوێنەر دەتوانێت لە رێی ناوونیشانەوە ئەو بابەتانەی دەست بکەوێت کە بە دوایدا دەگەڕێت.

٣ـ مانشێت یان ناوونیشان بەپێی شوێنی بەکارهێنان و ئەو قەبارەی فۆنتەی دەیدرێتێ دەگۆڕێت، ئەمەش جۆرەکانی ناوونیشانی هێناوەتە ئاراوە.

٤ـ بەکارهێنانی ناو بۆ جۆرەکان بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێن.

٥ـ بەشێکی زۆری خەڵکی تەنیا ناوونیشانی گۆڤار و رۆژنامەکان دەخوێننەوە، بۆیە رەچاوکردنی ئەو خاڵانەی لە بەشی سێیەمدا ئاماژەمان پێ کردووە هانی خوێنەر دەدات بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان و پێویستیشە لەسەر رۆژنامەنووس بە وردی پەیڕەویان بکات.

## سەرچاوەکان


ـ بەهادین ئەحمەد **(مەلا بەهادین)**، هەواڵنووسین، ٢٠٠٦.

ـ دانا حەبیب کەرکووکی، هونەری رۆژنامەنووسی، و: سەمیرە ئەحمەد، دهۆک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٨.

ـ رەزا حاجی ئابادی، دەروازەی رۆژنامەنووسی، و: کارزان محەمەد، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کتێبی گیرفان (٦٤)، ٢٠٠٥.

ـ رێبوار کەریم وەلی، بنەماکانی نووسینی هەواڵ، دهۆک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٨.

ـ هەڤاڵ ئەبوبەکر حوسێن، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنووسییەکان و رەنگدانەوەیان لە "ژیان و ژین"دا، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٧.


١ –چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان ل١٧٩

٢ – دەروازەی ڕۆژنامەنوسی ل٦٩

٣ – چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان ل١٧٩

٤ – دەروازەی ڕۆژنامەنووسی ل٧٠

٥ – دەروازەی ڕۆژنامەنووسی ل٧١

٦ – هەواڵنووسین ل٥٧

٧ – دەروازەی ڕۆژنامەنووسی ل٧١-٧٢

٨ – هونەری رۆژنامەنووسی ل٤١

٩ – بنەماکانی نووسینی هەواڵ ل٨٤-٨٧

١٠ – دەروازەی ڕۆژنامەنووسی ل٧٢-٧٤

١١ –چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان ل١٨٠-١٨١

١٢ – هونەری رۆژنامەنووسی ل٤٢

١٣ – بنەماکانی نووسینی هەواڵ ل ٨٣

١٤ –دەروازەی ڕۆژنامەنووسی ل٧٠-٧١

١٥ –بنەماکانی نووسینی هەواڵ ل٨٨

١٦ –هەواڵنووسین ل٥٧

* دبلۆم لە رۆژنامەنووسیی

هەواڵنامەی کێبڕکێ

# وێستکەی
# ڕۆژهەڵاتناسی

هەوالنامەی کتێب

# ژیانێکی خۆش بۆ سەلامی ناوخۆش

ئەوەی لای رۆژنامەنووسان جێگای مشت و مڕ نییە تەنانەت زۆرجار کاریگەریی نەرێنیشی لەسەر پێشی رۆژنامەنووسیی دەبێ کاری هەڵەگری و هەڵەی چاپە، بێگومان هەموو رۆژنامەنووسێکی لێزان و کارامە دەزانێ ئەو لایەنەی کاری رۆژنامەنووسیی لە هەموو کارەکانی دیکەی ئەم پیشەیە قورسترە.

ئێمە لە **(رۆژنامەنووس)**دا، بەپێی سەنگ و شوێنی خۆمان لەم ڤایرۆسەی بوارەکە بێبەش نین. هەموو جار لەم لایەنەوە شوتانێمان پێدەکرێ. زۆرجار دەبینین هەندێ وشە و دەستەواژە بەبێ مەبەست لێرەو لەوێ لە شوێنی خۆیان دەپەڕن، یان دەشێوێن، بەڵام قەت وای لێ نەهاتووە لێ بگەڕێین دڵی کەسمان لێ برەنجێ، یان گومان خرابێتە سەر دڵسۆزیمان بۆ کارەکە.

بەڵام ئەمجارەیان لە ژمارەی رابردووی گۆڤارەکەماندا بابەتێکی **(نەوزاد کەلەووڕی)**مان بڵاوکردبۆوە، بەداخەوە دەبینین تیایدا نەک هەر وشەی **(نووسەر)**، کە لە دەستنووسەکەدا لە پاڵ ناوی **(سەلام ناوخۆش)** هەبووە، پەڕیوە، بەڵکو وشەکە پەڕیوە و بۆتە وشەیەکی نەویستراو، ئێمە لەوە دڵنیاین کە نووسەری بابەتەکە و خوێنەران، بە مامۆستا سەلامیشەوە، دەزانن کە ئەمە هەڵەیەکی چاپی بێ مەبەستە، بەڵام حەز دەکەین ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر بدەین و بڵێین کاتی خۆی لە مانگی یەکی ٢٠٠٩دا کە ئەو بابەتەمان بەدەست گەیشتبوو بەکارمەندێکی تازە دامەزراو لە گۆڤارەکەمان چاپمان کردبوو، تاوەکو ئەمڕۆکەش دەستنووسە ئەسڵییەکەی نووسەری بابەتەکەمان لای خۆمان پاراستووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەسەر تایپکردن و دواتر بڵاوکردنەوەی بابەتەکەدا تێپەڕیوە و هەموو ڕەشنووسی بابەتە تایپکراوەکانیش، کە کاتی خۆی هەڵەبژێری لەسەر کراوە، فەوتاوە، بۆیە وەکو سەرنووسەری **(رۆژنامەنووس)**، تەنیا خۆم بەگوناهبار دەزانم، هەر بەناوی خۆشمەوە دەڵێم: کاکە سەلام کارەکانتان لای ئێمە بۆ خزمەتکردنی بواری رۆشنبیری نەتەوەکەمان لەوە بەرچاوترە، جێ پەنجەشتان بەسەر بوارەکە دیارە بۆیە پێمان وایە بە وشە و دەستەواژەیەکی وا دڵتان گەرد ناگرێ و دەشڵێین لای ئێمە ئێو لەو کەسانەن کە پێیان بگوترێ **(سیماهم فی وجوههم)** و سوپاس.

**عەبدوللا زەنگەنە**
**٢٠١٠/١/٢٤**

**ئاگاداری**

**داوا لە خوێنەر و توژەرانمان دەکەین لەمەودوا دەتوانن بەم ئیمەیلەی خوارەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن:**

E: rozhnamanoos@yahoo.com

# ئاکارو بنەما رۆژنامەنووسییەکانی جاران لەلای شێخ محەمەدی خاڵ

ئا: عەبدولوەهاب شێخانی

لەو ماوەیەی دواییدا نیمچە دیاردەیەکی قێزەون، لە بواری رۆژنامەگەریی کوردییدا، سەری هەڵداوە و پەرەی سەندووە، ئەویش لە زمانی زبرو پێدا هەڵشاخان و قسەی نابەجێ و ناشایستەدا خۆی دەنوێنێ، کار گەیشتۆتە رادەیە نەک هەر سنووری ئەخلاقی رۆژنامەگەریی بەڵکو دابونەریتی کۆمەڵایەتیشی بەزاندووە.

هەر بۆیە لایەنە پەیوەندیدارەکان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی لێی بەدەنگ هاتوون و بە جۆرەها شێواز بەرەنگاری بوونەتەوە و چەندین کۆنفرانس و دیداریان بۆ بەستووە، بەو ئامانجەی هۆکارەکانی دەست نیشان بکەن و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە و سنووریک بۆ ئەم دیاردە قێزەونە دابنێن، کەوا خەریکە ئەو ئازادییە بخاتە مەترسییەوە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بۆ رۆژنامەگەریی کوردی دابینکراوە.

بێگومان. راگەیاندن کە بەهەموو جۆرەکانییەوە هەڵگری پەیامێکی پیرۆزە، لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵ و دروستکردنی رای گشتی، هەروەها گەیاندنی راستییەکانە. گەیاندنی ئەم پەیامەش پێویستی بەزمانێکی پاراوو خۆش و هێمن و هەروەها کاری زانستی و دوور لە وروژاندنی نابەجێیە.

جا. بەمەبەستی زێدەتر بەرجەستەکردنی ئەم پەیامە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بەسوودی راگەیاندن و رۆژنامەگەریی، کاتی خۆی پێمان باش بوو بۆ ژمارە (١٨)ی پێشووتری گۆڤارەکەمان پەنا بۆ مێژوو ببەین و بۆ ساڵی (١٩٤٦) بگەڕێینەوە و لاپەڕەکانی ژمارە (١)ی ساڵی (٧)ی گۆڤاری گەلاوێژ هەڵدەینەوە و نووسینێکی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لەژێر ئەو ناوونیشانەی سەرەوە بخەینەڕوو کە تیایدا مامۆستا خاڵ جارنامەیەکی بڵاوکردۆتەوە و لە (٢٠) خاڵ پێکهاتووە، گرنگی ئەم جارنامەیە لەوەدایە کە (٦٠) ساڵێک لەمەوبەر نووسراوە و ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کەوا لەو سەردەمەدا چۆن لە پەیامی رۆژنامەگەریی گەیشتوون و چۆن رۆژنامەنووسیی پێناسەکراوە.

ئێمە نامانەوێ زیاتر بچینە نێو وردەکارییەکانی ئەم جارنامەیە، چونکە تا نەیخوێنینەوە. نازانین مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ چەند وەستایانە و ژیرانە و زانستییانە لە بواری سوودی گۆڤارو رۆژنامەدا گوزەری کردووە، **(عەبدولوەهاب شێخان)**ی هاوکارمان بۆ ئەم ژمارەی **(رۆژنامەنووس)** خەمی دووبارە نووسینەوەی بابەتەکەی **(شێخی خاڵ)**ی لە کۆڵ کردووینەتەوە و لەژێر ناوونیشانی: **(جارِدانی شێخی خاڵ لە لەمەڕ کەڵکی گۆڤارو رۆژنامە لە ساڵی ١٩٤٦)**دا بۆ نووسیوینەتەوە. بۆیە بوار دەڕخسێنین بۆ جارنامەکە بەو هیوایەی ببێتە وانەیەک بۆ راگەیاندنکارانی ئێمڕۆ. تا سوودی لێوەرگرن و پێداچوونەوەیەک بۆ رەفتارو هەڵسوکەوتەکانیان بکەنەوە و پابەندی پەیامە پیرۆزەکەی رۆژنامەگەری بن.

ئەمەش دەقی جارنامەکە و ئەو **(پێشەکی)**یەیە کە ئامادەکار بۆ بابەتەکەی نووسیوە، ئەگەر **(پێشەکی)**یەکەش لەگەڵ نووسینەوەی بابەتەکە تێکی نەکردبێتەوە، ئەوەیان لەبەر ئەوەیە ئێمە بابەتەکەمان لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکە بەراوورد هەڵەبژێر کردۆتەوە هەموو زیادەو دەسکارییەکمان، جگە لە زیادکردنی پیتی **(ت)** بۆ سەر چەند وشەیەک لەلایەن ئامادەکارەوە و ئەویشمان بۆی لەناو دوو کەوانە داناوە، ئەمەش دەقی **(پێشەکی)**یەکەی هاوکارمان و دەقی نووسینەوەکەی شێخی خاڵە.

**(جێگری سەرنووسەر)**

شێخ محەمەدی خاڵ لە ژمارە یەکی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی (٧)دا ئازیزدا. جارنامەیەکی لە (٢٠) خاڵدا بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ **(بەکورتی)**دا سەرەتا کات و ساتی بڵاوکردنەوەی ئەو جارنامەیە زۆر گرنگە، چونکە لە ساڵانی (٤٠)دا خەڵکی کوردستان و عیراق زۆربەیان نەخوێندەواربوون نەک رۆژنامەنووس، سوود وەرگرتن لەم جارنامەیەدا ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە زیرەکی و درک پێکردنی شێخی خاڵ بەم خاڵانە ئەوە دەردەخات کە ویستوویەتی رۆژنامەنووس سوود لەم (٢٠) خاڵە وەربگرێ و مەودای بیرکردنەوە لە رۆژنامەنووسی کوردیدا فرەوانتر بکات، کە ئەمە کارێکی یەکجار بەرزو پیرۆز و گەورەییە، چونکە دونیای ئەو سەردەم خاڵی بووە لە پێشکەوتن و هوشیاری و فرە خوێندەواری و تەکنەلۆجیای سەردەمی ئێستا لەم کات و ساتەی ساڵانی (١٩٤٦)ئەم جۆر بیرکردنەوەیە مەگەر هەر لە شێخی خاڵی زیرەک و لێزان و ئەدیب بوەشتێتەوە.

شێخی خاڵ لەو (٢٠) خاڵەدا زۆر لایەنی سیاسی و ئابووری و زانستی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و رەوشەنبیری وروژاندووە، کە دەبێ رۆژنامەنووسان پابەندبن بەم خاڵانە، جگە لەوەش لە کۆتایی خاڵەکاندا دیسان بابەتێکی فرە خاس باس دەکا و دەوروژێنێ کە دەڵێ **(بەکورتی)** چەند رستەیەکی زۆر فەلسەفیانە و پڕ مانا دەنووسێت لە سوودی گۆڤارو رۆژنامە و رۆژنامەنووسیدا کە دەکرێ هەریەک لەم رستانەی شێخی خاڵ بکرێتە سەر باسێکی رۆژنامەنووسی یان وەک فەلسەفەیەکی گەورەی نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ لە سەرەتای هەر گۆڤار و رۆژنامەیەکی ئەمڕۆ بنووسرێتەوە، چونکە کە (٦٠) ساڵ بەر لە ئێستا ئەو رستانە نووسراونەتەوە، کەچی ئێستاش ئیدیۆمەکی پڕ مانا و پڕ حیکمەتە لە بواری رۆژنامەنووسی و گۆڤاردا بۆ نموونە دەڵێ گۆڤارو رۆژنامە **(هاودەمێکی ئازاو بی باک)** ئەم رستەیە چەند گرنگ و پڕ بایەخ و مانایە کە ئەمڕۆش هەڵدەگرێ چەند لاپەڕەیەک لەسەر ئەم رستەیە

بنووسرێتەوە.

ئەمەش دەقی بابەتەکەی شێخی خاڵە کە بە ناوونیشانی **(کەڵکی گۆڤارو رۆژنامە)**بووە:

گۆڤارو رۆژنامە چاکترین شتێکن بۆ بێدارکردنەوەی کۆمەڵە لە خەوی بێ هۆشیی، وە بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلە تووشبووەکەمان بە دەرد و نەخۆشی، وە باشترین مامۆستایەکن بۆ پێگەیاندنیان و سەرخستنیان بۆ سەر چڵە پۆپەی ژیان، وە نزیکترین رێگایەکن بۆ گەیشتنیان بە ئاوات و ئامانج، وە یەکەمین هۆیەکن بۆ ئاگادارکردنەوەی لاوان بە چاکەو خراپە، نەخوازەلا کە ئەو گۆڤار و رۆژنامانەش لە لایەن چەند کەسێکی دڵسۆزی نیشتمانپەروەری، ژ ییریی، خاوەن بیری بەرزی بە رەوشت و خووی، جیهان دیدەی پوختەی، قاڵی، دەرهاتووەوە چاودێریی بکرێ و رێک بخرێ، وە بەپارەی ئەم و ئەو هەڵ نەخەڵەتێن و پێویستانی ئایین و نیشتمانی خۆیان نەفرۆشن، ئەگەر راستت ئەوێ لە باسی کەڵک و قازانجی گۆڤارو رۆژنامەدا زمان لاڵ و قەڵەم کوڵە، نازانن چی بڵێن و چی بنووسن:

١- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە لە رووپەڕەو ستوونی خۆیا باسی رەوەشت و خووی جوان ئەکا**(ت)**، وە یەک بەیەک ئەیان رازێنێتەوە هانە هانەی مەردومی لەسەر ئەدا وەباسی بەدخوویی ئەکا**(ت)**، وە یەک بەیەک زیانیت بۆ هەڵ ئەژمێرێ و جڵەو گیری مەردومی لێ ئەکا**(ت)**.

٢- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە باسی خوێندن و خوێندەواری ئەکات، وە لە کەڵک و قازانجیان ئەدوێ و پیشانی هەموو کەسێکی ئەدا**(ت)**. کە خۆشی و خۆشبەختی و بەرزیی و سەرفرازیی هەموو گەلێک بە خوێندن و خوێندەوارانیەوەیەتی، وە بەبێ خوێندن هیچ گەلێک بە مەرام ناگا**(ت)**، هەروەک باسی زیانی نادانی و نەخوێندەواریی ئەکا**(ت)** بەرەنگێکی وەها کە هەموو نادانێکی نەزان تێی بگا**(ت)**.

٣- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە هەموو جۆرە زانین، **(علم)**ێک لە ترازوودا ئەکێشێ، وەبەراوردی ئەکا**(ت)** و سووکی و گرانی ئەو زانینە پیشان ئەدا**(ت)**، تا هیچ کەسێ**(ک)** ژیانی گران مایەی خۆی لە زانینێکی هیچ و پووچا بەخت نەکات وە بەزانینێکی وەهاوە خەریک بێ کە بەهرەیەکی زۆری لێ وەربگرێ.

٤- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە بتوانێ مەردوم تێ بگەیەنێت کە خەریک بوون لەگەڵ هەموو جۆرە پیشە **(صنعت)**یەکا پێویستە، وە هیچ گەلێک بەبێ برەودان بەپیشەو پیشەگەر گوزەرانی خۆشی نابێت، وە هەمیشە لەژێر باری هەژاریی دا نقەی دێ.

٥- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە بە وتاری شیرین و گوفتاری رەنگینی خۆی دڵی دڵرەقان نەرم بکا**(ت)**، وە دەستی دەست قوچاوان بکاتەوە و هانە هانەی دەوڵەمەندو پارەدار بدات بۆ کردنەوەی خەستەخانە و قوتابخانە و دروستکردنی مزگەوت و پرد، دەستگرتنی هەژاران و لێقەوماوان و هەزاران شتی چاکی تر.

٦- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە بەنووسین و گێڕانەوەی مێژووی ئازایی باووباپیران بۆ نەوە و وەچەکانیان شرینقەی مەردیی و نەبەردیی بدات لە شارەگ و دەماریان، کاڵای تەمەڵیی و ترسنۆکی تەنپەروەریی داکەنێ لەبەریان، وە ئاگری دلێریی و پیاوەتی هەڵگیرسێنێ لە دڵ و دەروونیاندا وە چەک و قەڵغان و زرێی ئازایی بپۆشێ پێیان.

٧- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە یەک بەیەک باسی کەڵکی هەموو جۆرە زانینێک بکات، وە هانە هانەی مەردومی لەسەر بدا**(ت)** چ لە جغرافیە و نەقشەی زەویی دا، وە چە لە چەرخ و خول خواردنی ئەستێرەکان و هاتووچۆیان وە چ لە کشتوکاڵ و بارزگانی دا، وە چە لە پیشە و رێکخستنی وڵاتا، وە

چە لە پزیشکی و رێکخستنی ناومالاّ، وە چە لە پەروەشوپی و پێ گەیاندنی رۆڵە و جگەرگۆشەدا.

٨- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە مێژووی جوان و رەنگاوڕەنگی گەلانی رابردوو بگێڕێتەوە، تا خاوەن سیاسەت بەشی خۆی لێ وەرگرێ، وە زاناو دانایان بەقەد خۆیان لێی بەهرەمەند وە بازرگان و خاوەن کشتوکاڵ لێی **(پەند پەزیر)** ببن وە یەکە یەکەی کۆمەڵەش بە چاوێکی تایبەتی لێی وردببنەوە و تێی بگەن، ئەگەر ئەو گەلەی خاوەن مێژووە لە گەلانی زیندووی بەرزی خۆشبەختی کە خۆشی گوزەرانن، ئەوا مایەو هۆیەکەی بدۆزنەوە و ئەمانیش ڕێی ئەوان بگرن، وە بەڵکو بەرەو بڕیان بدەنەوە بۆ لێ پێشکەوتنیان، و ئەگەر لە گەلانی مردووی پاش کەوتووشن ئەوا دووڕکەونەوە لە پەیڕەوییان وە پارێزگاری بکەن لە مایەی ئەو مردنەیان.

٩- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە بانگی حاکمان و دادڕەسان بکا**(ت)** بۆ دادپرسی، وە لە زمان کۆمەڵەوە سکاڵا لە دەست کاربەدەستانی خراپ بکات، وە پەردە لەسەر فڕوفێڵ و بەرتیل خواردنیان هەڵ گرێ، وە حالی ناهەمواری کۆمەڵە بخاتە پێش چاو، وە بیدا بە گوێچکەی گەورە کاربەدەستەکان و سەرۆکە مەزنەکانا، تا زووبەزوو بێن بەدەم هاواریانەوە وە بگەن بە فریایان، وە لە دەم سەگ و گورگی هار بیانسێننەوە.

١٠- هەر گۆڤارو رۆژنامەیە کە هەمیشە زبانی مردوو زیندوو وە وتارو گوفتاری جوان، وتەو وشەی ڕەوان و نووسینی بەرزو، شێوەی نەوتەرز بڵاوبکاتەوە، وە بەرە بەرە وتەی ناقۆلاش ون بکا**(ت)** و بیمرێنێ، چونکە هەر زمانێ**(ک)** وەک گیاندار هەمیشە لە زاووزێ لێ مردنا نەبێ بەمردوو ئەژمێر**(د)**رێ.

١١- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە ببێ بەجامی جیهاننما لە پێش چاوی بێگانان بۆ گەلەکەی، وە بەجوانیی و بەرزیی خۆی چاووڕاو**(دعایە)**ی باش بکات بۆیان لەناو دەوڵەتانی ترا.

١٢- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە بە ڕێکوپێکی خۆی ئارەزووی خوێندنەوە پەیدا ئەکات بەقوتابیان و تازە خوێندەوارانی کۆمەڵە، وە هۆگری و تەماشاکردنی نووسراویان ئەکات لەگەڵ ووردبوونەوە لێی.

١٣- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە بەرامبەر بەتوانج و تەشەری بێگانان ئامادە بێ، وە ئەگەر بێگانەیەک پلارێکی گرتە گەلەکەی یا نەنگێکی بەسەرا سەپان، زۆر جوان بە بەڵگە و نیشانە بە درۆی بخاتەوە، وە بەقنگەوە بیخاتە کەندەڵانەوە.

١٤- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە ئەندامی پەراگەندە و ئاوەکیی کۆمەڵە کۆبکاتەوە و بە یەکیانەوە بنووسێنێتەوە، وە گیانێکی تازەیان پێ ببەخشێ و زیندوویان بکاتەوە.

١٥- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە خوێندەواران و خاوەن بیرانی بەرز لەم پەڕ و لەوپەڕی جیهانەوە بە یەکتریی ئەناسێ وە ژیریی و بیری هەموو ژیرێک بە یەک ئەگەیەنێ، بە ڕەنگێکی وەها کە هەموو لە یەک بەهرەمەند ببن.

١٦- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە نەخۆشان و لەش بەباران و کەفتەکارانی کۆمەڵە ئاگادار بکاتەوە بە پەزیشکانی وریای پسپۆڕ **(متخصص)** وە ڕێ نموونییان بکات بۆی.

١٧- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە بە چیرۆکی جوان و قسەی خۆشی بەرزی ڕەوان و، شیعری ڕەنگین و، وتەی بە تویکڵ **(نکتە)**ی شیرین، خوێندەوارانی خۆی بێنێتە پێکەنین وە بەگاڵتە و گەپ دڵی بیمارو مێشکی خەفەتباریان سبیل بکا**(ت)** وە چرایەکی ڕووناک هەڵگیرسێنێ لە گۆشەی تەنگوتاریکی دڵیانا.

١٨- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە دۆست و دوژمنی گەل لە یەک جیا بکاتەوە و کاڵای

فرۆفێڵ دادڕێ و دارنێ لەبەریان.

١٩- هـەر گـۆڤـار و رۆژنـامـەیـە کە خوێندەوارانی دانیشتووی نیشتەجێی خۆی بەگەشت و گـوزاری جیهانی خۆشنوود و دڵگوشاد بکات.

٢٠- هەر گۆڤار و رۆژنامەیە کە هەمیشە لە جوست و جۆی دەنگوباسی جیهانا بێ، وە لـەگـەڵ لـەلایـەکـی لابـەلاوە سـووسـەی شتێکی کـرد خێرا گـەلـەکـەی ئـاگـادار، وە شـارێـی راسـت و دروسـتـیـان بـۆ ڕووڕنـاک بکاتەوە، وە بۆ راکێشانی قازانج و سوود و پاڵ نان بە زیان و شتی خراپەوە هەمیشە بۆیان تێکۆشێ.

بەکورتی: گۆڤار و رۆژنامە بۆ خۆشی و خۆشبەختی کۆمەڵە، دووربینێکی جیهانما، وە وردیلە **(زرە)**بینێکی دوور پەیما، ڕەهبەرێکی دڵ پـاک، و هاوەدەمێکی ئـازاو بێ بـاک، و پەزیشکێکی چاک، و ئامۆژگارێکی دڵ ڕووناک و مامۆستایەکی میهرەبان، وە لەلەیەکی مـەردوم پـەروەران، ئێشکچییەکی بێدار و چەرخەچییەکی هۆشیار و بێدارکەنەدەیەکی نـووسـتـووان، وە ئـازاکـردەیـەکـی تەمەڵان، لەکاتی تەنهاییا چرا، لە دەمی ترس و بیما برا، بۆ زانایان سەرمایە، بۆ دانایان دەسمایە، بۆ بازرگانان ڕەهبەر، بۆ پیشەگەران ڕێی پیشاندەر، بۆ خوێندەواران بینایی دیدە، بۆ خاوەن سیاسەتان دەستووری پەسندیدە، بۆ بەهێزان ڕووناکی چاو، بۆ زەبوونان هێز و هەناو، بۆ شارستانێتی قەڵای مسین، بۆ ئازادی ڕێگای شیرین، بۆ سەرکەوتن پلەی ڕەنگین، بۆ جوانێتی کاڵای زێڕینە.

ئەگەر ڕاستت ئـەوێ بەرزیی و ڕەوانـی گۆڤارو رۆژنامە، وە جوانی و بڕەویان بەپێی سەرکەوتن و پێشکەوتن و بەرزبونەوەی گەلە، تا کۆمەڵە ژیرترو بەبیرتر بێ، گۆڤارو رۆژنامە زۆرتر و جوانتر ئەبێ، و تا کۆمەڵە خوێندەوارترو شارستانی تر بێ، ئەوان ڕێک و پێک ترو بەکەڵک تر ئەبن وە تا کۆمەڵە بـەسـەر چڵەپۆپەی ژیـانـەوە، وەک بلبلی هەزار داستان گویا بێ، گۆڤارو رۆژنامەی بەئاسمانی خوێندواریییەوە، وەک **(کۆ)** و **(گـەلاوێژ)** و ورشـە و پرشەو بریسکە و تریسکەیان دێ.

کەوابوو هیچ گەلێ بەبێ گۆڤارو رۆژنامەی باش بەئامانج و مەبەستی خۆی ناگا**(ت)**، بەڵام وەک لە پێشەوە وتمان بەو شەرتەی کە خاوەنەکەیان مەرد بێ نەک نامەرد، وە بەندەی خواو دەروون**(وجدان)**ی پاکی خۆی بێ، نەک بەندەی پارەو پیشە **(وظیفە)**ی ئەم و ئەو، چونکە نامەرد زۆر زوو هەڵئەخەڵەتێ، وە گـۆڤـارو رۆژنـامـەکـەی ئـەکـا**(ت)** بە فاقەو تەڵە بۆ گرتنی گەلەکەی خـۆی، وە بـۆ ئـارەزوویـەکـی بێگانان هەمیشە چاک بەخەراپ و خراپ بەچاک، راست بە درۆ و درۆ بە ڕاست، دوژمن بە دۆست و دۆست بە دوژمـن، پاک بە ناپاک و ناپاک بەپاک، جـوان بە ناشیرین و ناشیرین بە جـوان، قازانج بە زیان و زیان بە قازانج، دوور بە نزیک و نزیک بە دوور، هێزدار بە زەبوون و زەبـوون بە هێزدار، بوون بە نەبوون و نەبوون بەبوون پیشان ئەدا، بێ گومان ئەم جۆرە گۆڤار و رۆژنامانە، نەبوونیان سەد هەزار جار لە بوونیان باشترە.

# تەلەڤیزیۆن و کەسێتی منداڵ

غازی حەسەن*

تەلەڤیزیۆن رۆلێکی دیار لەژیانی منداڵان دەگێرێت و لەهەمان کاتیشدا رۆلێکی سلبی و مەترسیدار لەسەر کەسێتی منداڵان دەگێرێت. بەپێی سەرچاوەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتێکرایی منداڵ لەقۆناغی باخچەی ساوایاندا ٤٠٠٠ کاتژمێر سەیری تەلەڤیزیۆن دەکـــات. راســتــە لـێـکـۆلـیـنـەوەی زانستی سەلماندوویەتی کەئەمە کاتێکی زۆرە بۆ منداڵ لەم قۆناغەدا، بـەڵام هەندێکجار هیچ دەگەڵ خواستی منداڵ وئـــارەزوی بۆ سەیرکردنی شاشەی تەلەڤیزیۆن ناکرێت.

بەرنامە باشەکانی تەلەڤیزیۆن هاوکاری منداڵ دەکات فێری زاراوەو وشەی تازە ببێت، بۆیە باشترین شت ئەوەیە خێزان چاوەدێری منداڵ بکەن تا بزانن چەندو چ جۆرە پرۆگرامێک سەیر دەکەن. لێردەدا دەتوانین هەندێک رێبەرایەتی خێزان و کارمەندانی بواری پەروەردەی منداڵان دەربخەین، تا رێنمایی منداڵ بکەن.

– بیر لەتەمەنی منداڵەکە بکەرەوەو شتێکی گونجاوی بۆ هەڵبژێرە کەلەگەڵ تەمەن و ئارەزوی دەگونجێت.

– سەیری پرۆگرامی تەلەڤیزیۆن بکەو منداڵەکە لەسەر چەند شتێک هان بدە:

– منداڵەکە فێری چەند شتێکی نوێ بکە.

– لەبیر نەچێت حەز لە چ جۆرە پرۆگرام و بەرنامەیەک دەکات.

– هانی بدە گوێ بگرێت وپرسیار بکات.

– یارمەتی بدە وشەو زاراوەی نوێ فێربێت.

– کار بکە هەست بکات کە خـودی خۆی باشەو شانازی بەخۆیەوە بکات.

– بیرۆکەو شتی تازەی پێ بناسێنە.

– هـەوڵبـدە بـەرنـامـەیـەکـی دیـاریـکـراو بۆ منداڵەکە دیـاری بکەیت لە مـاوەی هەفتەیکدا چی سەیر دەکـات و لەتەلەڤیزیۆن چ جۆرە پرۆگرامێک دەبینێت. کار بکات رۆژانە پتر لە ٢ کاتژمیر سەیری تەلەڤیزیۆن نەکات.

– بەرنامەیەک بۆ منداڵەکە هەڵبژێرە تا بتوانیت قسەی لـەگـەڵ بکەیت و پرسیارو وەڵام بخولقێنە بۆ ئەوەی منداڵەکە بەشێوەی کـاراو بـیـرکـردنـەوە سـەیـری تەلەڤـیزیۆن بکات. ئەمە وادەکات منداڵ کەلک لەپرۆگرامە پەروەردەییەکان وەربگرێت.

– دەتوانیت لەرێگەی دۆزینەوەی وێنە لە گۆڤارو رۆژنامە کۆنەکان یارمەتی منداڵەکە بدەیت وێنەی ناو پرۆگرامەکانی تەلەڤیزیۆن ببڕن و بە کەتیرە چیرۆکیان لی دروست بکەنەوە.

– دەتوانیت ئەم یاری و گۆرانیانە دەگەڵ منداڵەکە دوبارە بکەیتەوەو راهێنانی دەگەڵ سازبدەیت کە لەتەلەڤیزیۆن بینیوەتی. ئەمانەو گەلێک رێگەو هۆکاری تر کە یارمەتی منداڵان دەدەن لەروی دەرونی وکەسێتی وزمانەوە سودێکی زۆر چاک لە پرۆگرامە پەروەردەییەکان وەربگرن.

لەهەمان کاتیشدا کاسێت وفلیمی منداڵان و پرۆگرامی هەمەجۆری منداڵان لە سی دی و ڤی سی ئار تایبەت بەمنداڵان و کتێب و وێنە و کتێب وکاسێتی خوێندنەوەی چیرۆک لە جیهانی منداڵاندا هەیە. هەرهەموویان هاوکاری منداڵان دەکەن، کەسێتیان گەشە بکات.بەمەرجێک بە شێوەیەکی رێکوپێک وگونجاو بەکار بهێنرێت.

بەکورتی لەتەک هەموو ئەو شتە باشانەی لەتەلەڤیزیۆندا بۆ پەروەردەکردنی منداڵان هەیە، دەیان پرۆگرامی نەرێش هەن، رۆلی نێگەتیڤانە لەسەر شێواندن و خراپکردنی بیرو هزری منداڵان دەگێڕن. منداڵان دوچاری تورەبوون و بەکارهێنانی زاراوەی جوێندارو ناشیرین دەکات و هەندێکجارانیش منداڵ روبەروی کاری سێکسی و دەرچوون لە خێزان و کاری تووندتیژیش دەکاتەوە، بەتایبەتی پرۆگرامە بی کۆنترۆل و سانسۆرەکان و ئەو فلیمانەی تووندوتیژی و خوێن و هێزبەکارهێنان و دزی وراوروت وکوشت و کوشتاری تێدایە.

پێشکەش کەری بەناوبانگی بەرنامەی منداڵان لەتەلەڤیزیۆنی ئەمەریکی **(فرێد رۆگێرس)** دەربارەی تەلەڤیزیۆن دەڵێت: کاتێک هەست دەکەم کچەکەم کاتی پێویست تەماشای تەلەڤیزیۆنی کردووەو دەبێت بوەستێت، پێی دەڵێم ئەوە من دەچم خۆشترین سوکە خواردنی بۆ ئامادەدەم، کە باشترین خواردنەلای ئەو، پێی دەڵێم ئایا ئارەزووی ئەوە دەکات، هاوکاریم بکات. هەندێک دەنگ لە ریگەی دەرهێنانی قاپ و کردنەوەی دەرگای کەوەنتەر دروست دەکەم، لەم حالەتەدا خێرا تەلەڤیزیۆن دەکوژێنێتەوەو دێت بەشداریم دەکات. دەمەوێت ئەوە بزانێت کە دروستکردنی هەندێک شت لەگەڵ خەڵکی تر زۆر خۆشترو لەوەی سەیری تەلەڤیزیۆن بەتاقی تەنیا بکات.

لێرە دەکرێت بپرسین ئایا چەند لە خێزانەکان لەجیاتی بەشداریکردن دەگەڵ منداڵەکانیان بۆ سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن، هەوڵدەدەن خۆیان لەمنداڵەکانیان بدزنەوەو بۆ ئەم مەبەستەس پێچەوانەی بۆچوونەکەی **(فرێد رۆگێرس)** هانی منداڵەکان دەدەن بەتەنیا و بۆ کاتێکی درێژ سەیری تەلەڤیزیۆن بکەن. تەنیا دڵخۆشیش دەبن کاتێک دەبینن منداڵەکان بێدەنگ، یا بەتەنیا، یادوور لەگێژاوو ئاژاوەو دەنگەدەنگی لەگۆشەیەک لێی پاڵکەوتوون و دەرفەت بە دایک وباوک وگەروەکان دەدەن هەندێک لەکاتەکانیان بە خۆشی، بێ بەشداری منداڵەکانیان بەسەر بەرن.

هەروەها نووسەرانی کتێبی پتربوونی کەیفخۆشی لای منداڵان دەربارەی ئەم دیاردەیە دەڵێن کاتێک منداڵ دەگاتە تەمەنی قوتابخانە، منداڵ نایانەوێت هەست بە دواکەوتن لەزانینی ئەو شتانە بکەن، کاتێک ئەوانەی دەوروبەری دەربارەیان قسە دەکەن، یا باسی پرۆگرامێکی بەناوبانگی ئێواران لەپێش ئەوی دەکەن. لێرەدا وەکو باسیان کرد، منداڵ هەول دەدات سەیری تەلەڤیزیۆن بکات، تاکو زانیاری دەربارەی پرۆگرام و فیلیمەکان هەبێت و لەپێش برادەرو

دەورپشتەکەی شەرمەزار نەبێت و نەکرێتە جێی گاڵتەو پێ رابواردنی. هەروەها لەدرێژەی ئەما بابەتە دەڵێن لەبیرمان نەچێت تەلەڤیزیۆن سەرنجکێشە و منداڵ پێویستی بەهەندێک شتی خۆشی بەخش هەیە.

با هەندێک ورتر باسی گەشەکردنی منداڵان لە وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا بکەین، بێگومان نامانەوێت بچینە نێو بازنەی داخراوی بەراورد لەنێوان دوو هەلکەوتی جیا لە کوردستان و ئەمەریکا، بەلکە تەنیا ئەزمونێکە بۆ پتر لێکۆلینەوەو دۆزینەوەی رێگاکانی پێشکەوتنی فێرکردنی منداڵ و پێویستییەکانی گەشەکردن.

نووسەری کتێبی **(سکرین زیرەکە)** دەڵێت: سەرچاوەی ئەکادیمی ئەمەریکی لەراپۆرتی تایبەتی ئاشکرایان کردووە کەلەسەروی ٥٠٪ منداڵی ئەمەریکی لەتەمەنی قوتابخانەدا راهێنانی تەندروستیان بۆ دڵ نەدیتوە و ٤٠٪ی منداڵانی نێوانی تەمەنی ٥-٨ ساڵی بەهەمان شێوە لەروی رەوشتەوە دوچاری کێشە دێن. سەرچاوەکان ئەمە بۆزۆر بەسەربردنی کات لەپێش شاشەی تەلەڤیزیۆن دەگێڕنەوە.

زانستی تازە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لەجیاتی بەسەبردنی کاتی زۆر لەپێش سکرینی تەلەڤیزیۆن، واچاکە منداڵەکە بنێردرێتە دەرەوەو لە گەرەک لەگەڵ دراوسێکانی یاری بکات و وەرزش بکات و هەلبەزو دابەز بکات، چاکترە هەموو کاتی بەپاک و خاوێنی لەکونجی ژورەوە لەپێش شاشەی تەلەڤیزیۆن و گەمەی ڤیدیۆو ئەتاری و پلەی سێکشن و شتی تر بەسەرنەبات.

لەلایەکی تردا دەبێت بزانین لە ئەمەریکا زۆربەی منداڵەکان تەلەڤیزیۆنیان لەژوری تایبەتی خۆیان هەیە. ٨٦٪ منداڵان رۆژانەپتر لە ٤ کاتژمێر سەیری تەلەڤیزیۆن دەکەن. ٥٢٪یشیان دەڵێن کەمتر لەکاتژمێرێک گەمەی ڤیدیۆ دەکەن. دیارە لەروی زانستی سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن بەشێوەیەکی زۆر لای منداڵان کاری سلبی لەسەر گەشەکردنی مێشکیان دروست دەکات. بۆیە هەولدەدەن، پتر بایەخ بە راهێنان و خوێندنەوەو وەرزش وچوونە دەرەوە بدەن.

بۆیە زۆر گرینگە چاوەدێری زارۆک بکرێت و خێزانەکان هان بدرێن هاوکاری منداڵان بکەن تا لەکاریگەری ئەم پرۆگرام و بەرنامانە دوور بکەونە کە کارلێکی سلبی لای منداڵان دروست دەکەن، هەروەسا هەولدەن منداڵەکانیان یاری بکەن وخەریکی وەرزش و راهێنان بن.

بێگومان خێزانی کوردی دوور نییە لەهەلومەرجی ئێستا گالتەی بەم بۆچوونانە بێت، بەهۆی نەبوونی کارەباو کەمی بەرنامەی منداڵان و تازە سەرهەلدانی هەندێک کەرەستەی یاری کردنی منداڵان و شاشەی سەرەتایی. بەلام نابێت بێ ئاگا بین، لەگەڵ ئەم سەرەتایی بوونەش هێشتا گەلێک دیاردەی نابەجێ لەنێو راگەیاندنی کوردی و بێگانە هەیە، کە کاریگەریان بەسەر منداڵانەوە دیارە، پێویستە چاوەدێری بکرێن و منداڵەکان ئاراستە بکرێن بۆ راهاتن لەسەر شتی زانستی وفێربوون وخوێندنەوەو وەرزش و بەشێوەی ئەکادیمی.

بێگومان پێشکەوتنی تەکنەلۆژی هاوبەشیەکی گرینگ لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی منداڵان لە قۆناغە جیاکان دەکات. راستە لەهەندێک بواردا بە پرس و ترسەوە مامەلە دەگەڵ ئەم تەکنەلۆژیایە دەکرێت و لەبواری میدیاش کار دەکرێت منداڵان ببنە خودانی میدیای خۆیان، بەڵام چتۆ میدیایەک. ئایا وەکو داوای سەربەستی لەیاریکردن بۆ زارۆکان دەکەین، بەهەمان شێوەش هیچ جۆرە چاودێرییەک و سانسۆرێک بەسەر میدیاکانیشانەوە لەلایەن

خێزان و قوتابخانە نەبێت. چونکە کاتێک ئێمە دەمانەوێت منداڵان پەروەردە بکەین بە سەرەتاکانی ڕۆشنبیری میدیای خۆیان، دەبێت بەباشی لە بواری هەستو سۆزیان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی پالپشتیان بکەین.

ئێمە دەزانین منداڵ تا سنوریکی نادیار حەز دەکەن زۆربەی کاتیان بە سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن و گەمەی ڤیدیۆ بەسەر بەرن، دیارە پێویستە منداڵ لەسەر پڕۆگرامی تایبەتی سەیرکردن و بەکارهێنانی ڤیدیۆو یاریکردن لە ڕێگەی ئامرازەکانی تری میدیا وئەنتەرنێت وکۆمپیوتەر ڕابهێنرێت. ناتوانین بڵێن سنوریان بۆ دابنرێت، بەڵکە پێژین ڕایان بهێنین. تا خۆشیان بەشداری بکەن لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکان ودابەشکردنی کاتەکانیان.

کاتێک بمانەوێت ئەم سیستەمە بۆ پەرەپیدانی فێرکردنی منداڵ کارپێبکەین پێویستە ڕەچاوی کۆمەڵێک خاڵ بکەین کە دەبنە زەمینەیەکی پاڕێزراو بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پڕۆگرامەکان بە دروستی وکەمردنەوەی مەترسی لەسەر دوارۆژی پێکهاتەی کەسێتی منداڵ و هەست ونەستیان و باری کۆمەڵایەتی پەروەردکردنەکەیان. بۆ یە وا چاکە ئەم پێنگاڤە هاوبەشانەی نێوان خێزان و منداڵ ڕەچاو بکرێت:

- هیچ گەمەیەکی ڤیدیۆو تەلەڤیزیۆنێک پێش تەواوکردنی ئەرکی ماڵەوە بەکار نەهێنرێت.
- هیچ گەمەیەکی ڤیدیۆو تەلەڤیزیۆنێک کاتی پێش چوونە قوتابخانە بەکار نەهێنرێت.
- بەڵای کەمەوە ڕۆژێک لەهەفتە دەبێت تەلەڤیزیۆن کاری پێنەکردرێت، تا دەردفەت دروست بکرێت بۆ هەندێک چالاکی و کاری ئامادەکراو لەلایەن خێزانەوە.
- هەفتەیەک تەلەڤیزیۆن کار پێبکەو هەفتەیەکیش پشوو بە منداڵەکە بدە. تا تەلەڤیزیۆن پێنەکات.
- کاتژمێر لە ڕۆژەکانی هەفتە دیاری بکە بۆ سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن و هەروەها ئەوبەرنامەو پڕۆگرامانەی دەتوانن سەیری بکەن.
- ئەو منداڵەی یاری بە گەمەی ڤیدیۆ دەکات دەبێت بزانێت چ کاتێک دەست پێدەکات وچ کاتێکیش کاتی دیاری کراوی تەواو بوو، دەبێت گەمەکە بکوژێنێتەوەو واز لەگەمەی ڤیدیۆ بهێنێت.
- بۆ ئەوەی کرینگی کاتەکان بزانین دەبێت بەگشتی کاتی یاریکردن بە کۆمپیۆتەرو گەمەی ڤیدیۆو سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن کەمتر بێت لە کاتی دیاریکراو بۆ تەواوکردنی ئەرکی ماڵەوە و خوێندنەوەو یاریکردنی گشتی.
- تەلەڤیزیۆن لەکاتی نانی ئێوارە پێویستە کوژابێتەوە.
- تەلەڤیزیۆن پێوسیتە هەموو ئێوارەیەک لەکاتی دیاری کراو بکوژێنرێتەوە.
- نابێت تەلەڤیزیۆن لەو شەوانە بەکاربهێنرێت کە منداڵ بەیانییەکەی دەچێتە قوتابخانە.
- لەهەمووی گرینگتر ئەوە لە هەر یەک کاتژمێرێک سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن پێویستە ١٠ خولەک بۆ چالاکی **( پرسیارکردن و وەڵامدانەوە)** تەرخان بکرێت تا بزانرێت منداڵەکە سەیری چی کردووەو چی بینیوەو چی فێربووە.

من دەزانم ئەم پێنگاڤانە زۆر سەختە بۆ هەندێک خێزان ولەهەمان کاتیشدا بۆ خودی منداڵەکەش. چونکە زۆر کەس بەهۆی مژۆلی وکاری زۆر یاخود بایەخ نەدان بە چۆنیەتی گەشەسەندنی منداڵەکانی لەروی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی ناتوانن، هاوبەشی لە چۆنیەتی دابینکردنی ئاسایش و ئارامییەکی دەرونی

وەهەتا مێشکیش بۆ منداڵەکان بکەن. چونکە گەلێک هـەن بـەهـۆی بـەکارهێنـانـی زۆری تەلەڤیزیۆن و گەمەی ڤیدیۆو کۆمپیۆتەر کاتێک دەچێتە قوتابخانە، توانای کۆنترۆلکردنی خۆی و چۆنیەتی کاردکردنی دەگەڵ گروپەکانی نێو پۆلەکەی نییەو ناتوانێت بەسانایی و ئاسودەیی دەگەڵ هاو کلاسەکانی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات.

رەنگە ئەم پێنگاڤانە بۆ هەندێکیش یۆتۆبیا بێت و وابزانن ئەمانە شتی خەیاڵین و ناتوانرێت لە واقیعی کۆمەلایەتی وئـابـوری و هەتا بێ کارەبایی و کەمدەرامەتی دەگـەڵ کۆمەلگای کوردستاندا بگونجێت. یانژی دوور نییە هەندێک بڵێن ئێمە جاری نەگەیشتوینەتە ئەم ئاستەو یانژی ئەمجۆرە کێشانەمان نییە. منیش پێژم بەپێچەوانە منداڵی ئێمە زۆر تامەزرۆی ئەمجۆرە هەلومەرجانەن وپێویستیان بە هـاوکـاری و دەستگرۆیی هەیە. چونکە لەتەلەڤیزۆنەکاندا بەرنامەی بێ ئاراستەو پرۆگرامی نەگونجاو دەگەڵ پێکهاتەی دەروونی و کۆمەلایەتی ئەوان هەن، کە خێراتر لە شوێنە پێشکەوتووەکانی جیهان کاریگەری جێدەهێلێت.

لەبیر نەکەین لای ئێمە منداڵ هاوبەشی سەیرکردنی بەرنامە جوداکانی پێدەکرێت، یانژی رێگەی پێدەدرێت ئەو پرۆگرام و گەمەو فلیمانە بەکاربهێنێت کە تۆندوتیژی تێدایە. ئێستا گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەم گەمانەی لە ڤیدیۆ دەردەچـن دەکرێت کە تۆندوتیژیان تێدایـە. بـێ گـومـان لای ئێمە خێزان کەمتر بیر لەدەرەنجامەکانی بەکارهێنانی ئەمجۆرە کارانە دەکاتەوە. ئەمجۆرە بەرنامانە منداڵ بۆ خراپەکاری دەگۆڕێت.

لەکۆمەلگایەکی وەکـو ئەمەریکادا منداڵان رێگەی جودا بەکاردەهێنن بۆ سەیرکردنی لیستی ئەو گەمەو فلیمانەی خێزان لێی قەدەغەکردوون و یاخود رێگەی پێنەداون بەتەنیا بەکاریان بهێنن. لەکتێبی **(سکرین زیرەکە)** نووسەرەکە وەها باسی ئەم دیاردەیە دەکات:

– منداڵەکەت داوای ڤیدیۆ دەکات بۆ ئاهەنگی تایبەتی خۆی .

– مـنـداڵـەت داوەت کـراوە شـەو لـەلای بـرادەرەکـەی بـەسـەر بەات ولەماڵی ئـەوان بمێنێتەوەو ئاهەنگی پیزایان هەیە، منداڵەکان ڤیدیۆ دەهێنن بۆ ئەوەی سەیری بکەن.

– مـنـدڵـەکـەت بـێ تـاقـەتـی خـۆی لـەسـەر سەیرکردنی بەردەوامی تەلەڤیزیۆن دەردەبڕێت، چونکە شتی خۆشی تێدا نییە.

– منداڵەکەت دەیەوێت نەچێتە قوتابخانەو دەیەوێت لەماڵ بمێنێتەوە چونکە هەست دەکات نەخۆشە.

– منداڵەکەت تورەیە چونکە تۆ رێگەی پێ نادەیت پرۆگرامی تەلەڤیزیۆنی و ڤیدیۆی خراپ بەکار بهێنێت.

ئەمانەو چەند هۆکارێکی تر، کە رێگە بەمنداڵان دەدات بیر لەهەڵبژاردنی نەگونجاو دەگـەڵ تەمەن و رەوشتی خۆیان بکەنەوە. لەکۆمەلگای کوردستاندا هۆکاری تر زۆرن بۆ تەقینەوەی ئەم جۆرە دیاردانە، بەتایبەتیش کە دەزانرێت بەهۆی متمانە لەنێوان خێزانەکان و کەمی چاوەدێری دەرفـەت بۆ منداڵ دەرەخسێنرێت پەنا بۆ هەڵبژاردنی پرۆگرام و گەمەی هەلە ببەن. لەلایەکی تریشدا بەدەیان منداڵ بەهۆی خراپی باری ئابوری و کۆمەلایەتی ورۆسنبیری خێزانەکانیان کـاری نێوبازار دەکـەن و لەم رێگەیەشەوە دوچـاری هەلەو کـاردانـەوەی سلبی دێن و ئازاد دەبن لە بەکارهێنانی کاتی بەتاڵی بۆ سەیرکردنی فلیمی تۆندوتیژی و گەمەی ڤیدیۆ. یانژی فێربوونی هەڵسوکەوتی ناردوست لەشەقام و لەتەک هاوڕێیەکانی لە شوێنی کۆبوونەوەیان بۆ کار لەنێو بازاردا.

دەزانـی منداڵە ئەمەریکییەکان لەئاستی نزمی زانیارین دەربارەی رووداوەکانی جیهان، ئـەویش بـەهـۆی سەیرکردنی بەرنامەکانی خۆشی بەخشین، زۆر سەیری هەوال ناکەن، هـەروەهـا لەئالەکی تریشدا لێکۆلینەوەکان دەریان خستوە باش نییە منداڵ سەیری هەوال بکات. هەروەسا تەلەڤیزۆن پرۆژەی ئابوورییە و پارە بەرهەمدەهێنێت، پەنا دەباتە بەر ئەو بەرنامانەی زۆرترین بینەری دەبێت بۆ ئەوەی زۆرترین دەسکەوتی تێدا هەبێت.

دکتـۆر رۆبـەرت بـرووکـس کە مامۆستای تایبەتی فسیۆلۆژی منداڵانە لەزانکۆی هارتفۆرد

دەربارەی منداڵ وسەیرکردنی هەوال گوتیەتی: ئەوان نیگەران دەبن دەربارەی ئەو هەوالانەی کە دەبێت چی لە وڵاتەکەیان روبدات، ئەگەر بەهەزاران کیۆمەتریش لێیەوە دوور بژین. دوای ئەوەی چەند ساڵی رابردوو تەلەڤیزیۆن وێنەکانی بۆمبابارانی بەغدای راگواست، منداڵان لێرە نیگەرانن دەربارەی ئەوەی کە دوور نییە ئەمە بەهەمان شێوە لێرەش روبدات. ئەمە سەرەتای بیرکردنەوەو وێنە کیشانی دوارۆژە لەهزرو بیرکردنەوەوی منداڵدا. بۆیە ئاساییە منداڵان پێویستیان بەوە بێت لە هەوال و سەیرکردنی روداوە خوێناوییەکانی دونیا دوور رابگیرێن.

دەزانم لەکوردستاندا خەلکێکی زۆر بەهۆی پەیوەندی سیاسی و هەلومەرجی کوردسان دەیانەوێت سەیری دەنگوباس بکەن، وەلێ واچاکە خێزان هەندێک منداڵەکانی لەمجۆرە دەنگوباسانە دوور راگریت. بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆلینەوە زانستییەکان دەریان خستوە کە پێویستە:

- دوای نوستنی منداڵەکانت سەیری پرۆگرامەکانی هەوال ودەنگوباس بکە.
- وابباشە بەنۆرە هەرشەوەی یەکێک لە دایک وباوک منداڵەکان مژۆل بکەن لەکاتی سەیرکردنی هەوال. تەنیا باش نییە منداڵی ساوا لە رێگەی رادیۆو ئامێری دەنگیشەوە نزیک بێت لە گوێگرتن لەهەوال.
- هەولدە رۆژنامەو گۆڤار بۆ ئەم شتانە بەکاربهێنیت کە دەتەوێت زانیاری لێ چنگ بخەیت. تا منداڵەکان لەمجۆرە شاشەو پرۆگرامانە دوور بخەیتەوە کە دوور نییە باسی کوشتن و کاولکاری و چەک وفرۆکەو جەنگی تێدا بێت.

با لێرەدا هەندێک لەکاریگەری پرۆگرامەکانی تۆندوتیژی لە سەر منداڵان لەئەمەریکا بێخینە روو. چەندین روداوی راستەوخۆ لە تەلەڤیزیۆنەکان بڵاودەکرێنەوە ئاماژە بە شەڕی نێوان گەنجەکان لە قوتابخانەو شەڕی نێوان قوتابی ومامۆستا و تەقەکردن و کوشتنی گەنجان دەکەن، وەکو دەرەنجامێک بۆ ئەو پرۆگرامانەی پشت بە بۆچوونی خوێناوی وتوندوتیژی دەبەستن. خۆ کاری سێکسی لەنێوان قوتابیان و مامۆستاو قوتابیش زۆرە. بۆ؟ لێکۆلینەوەکان ئەمانە بۆ سەیرکردن و بڵاوبوونەوەی بەرنامەو گەمەی ڤیدۆ دەگێرنەوە. بۆیە پێشنیار دەکەن، منداڵ هەتا لەهەوالیش دوور بخرێتەوە کە باس لە توندوتیژی وخوێن رژان و کوشتن و کارەسات دەکات.

لێرەدا دەتوانین پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوان منداڵ وتەلەڤیزیۆن گەمەی ڤیدیۆ دروست بکەین، تا منداڵ بتوانێت بەشێوەیەکی گونجاو هەڵسوکەوت دەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێ بکات. هەروەسا ئامادەیی باشی بۆ کرێت تا بتوانرێت لەو کاردانەوە سلبیانە بپارێزرێت کەلەرێگەی میدیاوە دێنە پێش. بێگومان نامانەوێت بەراوردێکی نابەرابەر لەنێوان کوردستان و وڵاتە گەشەسەندووەکان و جیاوازییەکانی پێکهاتەی ئابوری و کۆمەڵایەتی بکەین، بەڵام کوردیش دەتوانێت سودی زۆر لەزانستەکانی فێرکردن و پەروەردەی ئەم وڵاتە گەشە سەندوانە وەربگرێت، کە مافی ئۆتۆنۆمی بوون بە منداڵان دەبەخشن و ستراتیژیکی هەموارو نەرمیش بۆ گەشەپێدان و پاراستنیان لە کاریگەرییە نادروستەکان دادەنێن.

*** سەرنووسەری رۆژنامەی (بارزان)**

**سەرچاوەکان:**


- Gloria DeGaetno& Kathleen Bander، Screen smarts A Family Guide to Media Literacy.
- Fred Rogers، the mister Rogers parenting book، helping understand your young child.
- Javad H. kashani، M.D Donna V. Mehregany، M.D Wesley D. allan، M.D and Kate Kelly، Raising happy children.

# دیاردەی وشە و زاراوەی بیانی لە دیدی مامۆستایانی راگەیاندنەوە

بەشی دووەم

شوان سەرابی

زۆر جار، کە مرۆڤ رێی بەناو بازارێکی میللی، یان گەڕەکێکی شارەکانی کوردستان دەکەوێت و گوێی لە ئاخاوتنەکانی ئەو خەڵکە دەگرێت، کە لەو شوێنانە قسەی پێ دەکەن، یان لەگەڵ یەک پێی دەئاخڤن هەر حەز دەکات گوێیان لێبگرێت، لەبەر ئەوەی بە کوردییەکی ڕەوان قسە دەکەن و ئەوە ئەگەر هەندێ وشە و زاراوەیەکی بیانی لە قسەکانیاندا هەبێت، بەڵام کاتێک مرۆڤ گوێ لە بەرنامەیەکی ڕادیۆ ڕادەگرێت، یان سەیری کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دەکات و دەبینێت چەندین وشە و زاراوەی بیانی لە هیچ و خۆڕایی دەخزێننە ناو بابەتەکەیان، یان کاتێک ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکەیت دەبینیت لەجیاتی بە زمانێکی سادە و ڕەوانی کوردی بنووسرێت بەهەمان شێوە بە چاوپۆشین لەوەی چەندین وشە و زاراوەی بیانی تێدا بەکار هاتووە، زمانەکەی شێواندووە، بۆیە نەک هەر میللەتێکی وەک کورد، بەڵکو هەموو میللەتانی جیهان ئەوە ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە، کە ناهێڵێت زمانی نەتەوەیی لەناو بچێت و زیاتر پەرەی پێدەدات نەک بە پێچەوانەی ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی گەلی کورد، کە لەجیاتی سوود وەرگرتن لە هەموو شێوەزارەکانی کورد وشە و زاراوەی بیانی لە نووسین و بەرنامەکانیان بەکاردەهێنن و کار وا بڕوات ڕەنگە پاش چەند سەد ساڵێکی تر زمانی کوردی ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست بدات.

بۆیە بە پێویستمان زانی ئەمجارە ڕوو لە مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندن و زانکۆ بکەین بۆ ئەوەی تێڕوانینی خۆیان لە مەڕ ئەم بابەتە بخەنە ڕوو و لەم ژمارەیەدا

ئەو وەڵامانە بڵاو دەکەینەوە، کە تا ئێستا بە دەستمان گەیشتوون.

د. دلێر ئەحمەد

**د. دلێر ئەحمەد سەرۆکی بەشی پەیمانگەی راگەیاندنی هەولێر:**

گرفت لەوەدایە مرۆڤ لە زمانی خۆیدا وشەی هەبێت کەچی پەنا بۆ زمانی دیکە ببات ئەو وشە و زاراوانەی کە ئەمڕۆ لە رۆژنامە و کەناڵەکانی راگەیاندندا بەکاردەهێنرێن بەتایبەتی ئەوەی من مەبەستمە ئەو وشانەن کە کوردی نین.

راستە زمانی هیچ نەتەوەیەک ناتوانێت دەرگاکان لە خۆی دابخات و نەهێڵێت وشەی دیکە لە زمانەکانی ترەوە وشە و زاراوە بێتە ناو زمانەکەیەوە، ئەمە مەحاڵە چونکە زۆر وشە هەن لە زمانێکدا نین بۆیە قسە پێکەرانی ئەو زمانە ناچار دەبن لە زمانێکی دیکەوە وشە و زاراوە بخوازن و بەکاری بهێنن، وەک وشەکانی (تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، موبایل..هت) ئەم وشانە ئەوەندە بەکارهاتوون بوونەتە جیهانی و قسە پێکەرانی هەر زمانێک بەکاریان دێنێت.

بەڵام گرفت لەوەدایە مرۆڤ لە زمانی خۆیدا وشەی هەبێت کەچی پەنا بۆ زمانی دیکە ببات وشەی لێ هەڵگۆزێ و لە زمانی خۆیدا بەکاری بهێنێت، وەک ئەوەی، کە ئەمڕۆ لە راگەیاندنی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت. بەکارهێنانی ئەو وشە بێگانانە نابێتە هۆی پێشکەوتنی زمانی کوردی بەقەدەر ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی سەر لە خەڵک دەشێوێنێت و لە وشەکە ناگەن، بۆچی دەبێت وشەی (سەرپەرشتی) بەکارنەیەت کەچی لەجیاتی ئەمە (سپۆنسەر) بەکاربێت؟ هەروەها چەندین وشەی لەو بابەتە بۆیە هەق وایە دەزگاکانی راگەیاندن چاو بەم حاڵەتەدا بخشێننەوە و زمانەکەمان نەشێوێندرێت.

د. ئازاد رەمەزان:

**د. ئازاد رەمەزان:**

پەیامی راگەیاندن ئاراستەی هەموو چین و توێژێکی خەڵکە بۆیە پێویستە زمانەکەی لە ئاستی تێگەیشتنی هەموو ئەو توێژە جیاجیایانە بێت.

دیاردەی هەبوونی وشە و زاراوەی بیانی لەناو هەموو زمانانی دنیادا شتێکی ئاسایی و باوە و هیچ زمانێک ناتوانێ خۆی لێ بپارێزێ، کە ئەمەش لە ئەنجامی ململانێی زمانەکانە لە زۆر لایەنەوە. یەکێک لەم لایەنانە بواری رۆژنامەنووسیی و راگەیاندنە، بە حوکمی ئەوەی زمانی راگەیاندن رۆژانە و بە بەردەوامی مامەڵە لەگەڵ گەلێک زمانی جیاجیادا دەکات لە ڕێگای وەرگرتن و

وەرگێڕانی پەیامە هەمەچەشنەکان لە زمانە جیاجیاکانەوە.

ئاشکرایە کە پەیامی راگەیاندن ئاراستەی هەموو چین و توێژێکی خەڵکە بەدەر لە رەگەز و تەمەن و ئاستی رۆشنبیریان، بۆیە پێویستە زمانەکەی لە ئاستی تێگەیشتنی هەموو ئەو توێژە جیاجیایانە بێت، هەبوونی زاراوە و دەستەواژەی نامۆ و نائاشنا بەبەرچاو و گوێی ئەم خەڵکە، جۆرێک لە نا ڕوونی و لێڵی لە ناوەڕۆکی پەیامەکەدا دروست دەکات و ئەمەش دەبێتە مایەی تێنەگەیشتنی وەرگر.

بەڕای من بەکارهێنانی ئەم جۆرە زاراوانە لەکاتی نەبوونی زاراوە و وشەی بەرانبەر لە زمانی کوردیدا کارێکی ئاساییە، بەڵام بە مەرجێک ناوەڕۆک و چەمکەکەی ڕوون بکرێتەوە بە دەر لەوە کارێکی نەشیاوە، بەتایبەتی بۆ ئەمڕۆی زمانی کوردی، چونکە کورد وەک نەتەوەیەک هەتا ئەمڕۆ خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆی خۆی نییە لەسەر ئاستی جیهاندا، واتە تا ڕادەیەک بێ ناسنامەیە، ئەوەی ناسنامەیەتی زمانەکەیە، بۆیە ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارە بەشێوەیەکی بەربڵاو، شێواندنی ئەم ناسنامەیەی لێ دەکەوێتەوە.

## تەحسین عەلی شێروانی مامۆستای یاریدەدەر:

زاراوە ناکوردییەکان لە راگەیاندنی کوردیدا کارێگەریی باشی نییە لەسەر پەرەپێدانی زمان لەرووی راگەیاندنەوە.

زمان دەریایەکی لەبن نەهاتووی وشە و زاراوەیە، جا هەر زمانێک و بەگوێرەی فراوانی و کۆنی خۆی. زمانی کوردیش، کە تاکو ئێستا یەکگرتوو نییە لە رووی شێوەزارەکانی و یەک زمان دروست نەبوو تاکو ببێتە بنەمایەک بۆ هەموو شێوە زارەکان، باری جوگرافی دانیشتووان و ژێردەستی پارچەکانی کوردستان بۆ سەدان ساڵ وای کردووە وشە و زاراوەی زمای داگیرکار تێکەڵ بێت و زۆرجارانیش زاڵ بێت بەسەر زمانی کوردیدا.

تێکەڵبوونی زاراوە و وشەی بیانی مەرج نییە هەر بەهۆی داگیرکاری بێت، بەڵکو بەهۆی تێکەڵی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی ... دیکەش دروست دەبێت. بۆیە ئێستا ئەو وشە و زاراوانە زۆر دەبینین لەناو زمانی کوردیدا.

## بەکارهێنانی ئەو زاراوانەیش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار:

١ ـ وشەی هاوتا، یان وەکو ئەو نییە لە زمانی کوردی.

٢ ـ ناوی ئامێرێک، یان دیاردەیەک، یان شتێکی زانستییە، کە لەوەو پێش لەناو کۆمەڵگەی کوردی بوونی نەبووە.

٣ ـ لەوانەیە ئەو زاراوانە لە پارچەیەکی کوردستان، یان ناوچەیەکی بەکاربێن و ئاسایی بن، بەڵام لە ناوچەیەکی تردا غەوارەن.

٤ ـ بێ توانایی و ناکارای ئێمە لە گەڕان بە دوای وشە هاوشێوەکان و بەکارهێنانیان لە قسە کردن و نووسیندا.

دەکرێ ئەو هۆکارانەی سەرەوە هەمان شت بن بۆ کاریگەری ئەو زاراوە ناکوردییانە لەسەر راگەیاندنی کوردی، سەرەڕای چەند خاڵێکی دیکە:

١ ـ نزمی ئاستی زمانەوانی و رۆشنبیری کارمەندانی راگەیاندن.

٢ ـ نەبوونی بەرپرسیارێتی بەرانبەر بەکارهێنانی ئەم وشانە.

٣ ـ نەبوونی فەرهەنگ و سەرچاوەی زانستی دەربارەی ئەو وشانە و بەرانبەرەکانیان لە زمانی کوردیدا.

٤ ـ نەبوونی رایەڵەیەکی یەکتا بۆ دەزگا راگەیاندنەکان، تاکو گوتاری نووسین و شێوازەکەی و جۆرەکەی یەک بخرێت.

٥ ـ نەبوونی زمانەوان و پسپۆڕی زمان لە دەزگاکانی راگەیاندن.

٦ ـ زۆری دەزگاکانی راگەیاندن، کە وایان کردوە هەر دەزگایەک هەوڵ بدات کارمەند بۆ خۆی پەیدا بکات، جا ئەو کارمەندانە

هەر چۆنێک بن.

بۆیە زۆر جاران نیگەرانی دامان دەگرێت، کە دەبینین، یان گوێمان لە وشەی نابەجێ و ناهاوتا دەبێت، کە لە شوێنی وشەیەکی کوردی بەکاردەهێنرێت لە راگەیاندنەکان و ئەوەش کاریگەری باشی نییە لەسەر پەرەپێدانی زمان لە رووی راگەیاندنەوە.

**فەیرۆز فەرەج اللە مەیهەمی:**

بەکارهێنانی وشەی بیانی رێگە لە بەردەم گەیاندنی پەیام بۆ وەرگران دەگرێت.

یەکێک لە مەرجەکانی کاری راگەیاندن و پرۆسەی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بۆ وەرگرانی، دەربڕینی بابەتەکان بە شێوەیەکی روون و ئاشکرایە و خۆ دوورخستنەوەی راگەیاندنکاران لەو وشانەی کە ماناکەی لەلایەن جەماوەر بە گشتی روون نییە. بەکارهێنانی وشەی لەو شێوەیە لە راستیدا وەک تەشویش خستنە سەر شەپۆڵ(فرکۆینس)ی رادیۆ و تەلەڤزیۆن و رێگە لەبەردەم گەیاندنی پەیام بۆ وەرگران و تێنەگەیشتنی ئەوان لەو پرسەیە وایە.

لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی وشەی بیگانە، لە هەر زمانێک بێت، لەلایەن راگەیاندنکارانەوە بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم گەشەسەندنی زمانی کوردی و ئەوەش وا دەکات کە هەواڵەکان بۆ داتاشینی وشەی کورد لەجیاتی وشە بیگانەکان کەم بکاتەوە، لەبەر ئەوەی راگەیاندن یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانە بۆ چەسپاندنی وشەکان و بەکارهێنانیان.

هاوکات دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە لەوانەیە تا ڕادەیەک هۆکاری ئەم بابەتە بۆ بارودۆخی راگەیاندنی کوردی بگەڕێنینەوە و ئەویش کاریگەری راگەیاندنی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان سەر راگەیاندنی کوردییە بە شێوەیەک کە لە پارچەیەک لە کوردستان کۆمەڵە دەستەواژەیەک بەکاردێت، کە لە راگەیاندنی نەتەوە

**فەیرۆز فەرەج اللە مەیهەمی**

سەردەستەکەی خۆیەوە وەریگرتوە و لەوانەیە ئەو وشانە بۆ جەماوەری ئەو بەشە لە کوردستان روون بێت، بەڵام بۆ پارچەکانی دیکە نادیار بێت و ئەمەش وایکردووە، کە راگەیاندنی کوردی وەک راگەیاندنی (فارس، تورک، عەرەب)ی راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر شێوازی کارکردنی راگەیاندنی کوردی هەیە. نەبێتە خاوەن زمانێکی راگەیاندنی یەکگرتوو و پاراو.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە لێژنەیەکی پسپۆڕ دابمەزرێت و بەردەوام بەدواچوون لەسەر ئەو بابەتانە، کە لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاودەکرێتەوە بکات و سەرجەم ئەو وشانە دەستنیشان بکات و بیخاتە بەردەست راگەیاندنکارانی کوردییەوە. ئەمەش جگە لەوەی راگەیاندنەکانی باشووری کوردستان لە بواری نووسین یەک دەخات، هەنگاوێکی گرنگە بۆ هاتنە ئارای زمانێکی راگەیاندنی کوردی لەنێوان سەرجەم راگەیاندنەکانی پارچەکانی دیکەدا.

**عیماد ئەحمەد مامۆستای بەشی راگەیاندن:**

پێویستە راگەیاندنی کورد زیاتر بایەخ بە زمان و چەمکەکانی مافپەروەری و ئازادی و لێبوورەیی بدات.

ئەگەر بەکارهێنانی وشەی بێگانە لەناو راگەیاندنی کوردیدا کێشەیەک بێت، یان دیاردەیەکی نامۆ بێت. ئەوا ئەم کێشەیە، یان ئەم دیاردەیە نەک تەنها رووبەڕووی راگەیاندنی کوردی بۆتەوە، بەڵکو لەم سەردەمەی جیهانگەرایی و ململانێی شارستانیەتەکان رووبەڕووی زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهان بۆتەوە. ئەمەش کێشەکەیە رەهەندێکی سیاسی بەدواوەیە و پەیوەندی بە ململانێی کولتووری نێوان کۆمەڵگاکەنەوە هەیە، بۆ نموونە هەمان کێشە لەنێوان راگەیاندنەکانی فەڕەنسیدا هەیە بەو پێیەی کەوا زمانی ئەمەریکی خەریکی خۆ خزاندنە ناو راگەیاندن و کولتووری فەڕنسییە ئەمە کێشەیەکە ماوەیەکە لەناو رۆشنبیران و میدیاکارانی فەڕەنسی باسی لێ دەکرێت و ئەم کێشەیان بە هەڕەشە زانی بۆ سەر ناسنامەی فەڕەنسی.

ئەگەر ئەم دیاردەیە کێشەیەک بێت رووبەڕووی کۆمەڵگەی فەڕنسی بووبێتەوە، کە خاوەن زمانی دووەمە لە ئاستی جیهان لەدوای زمانی ئینگلیزی داخۆ کۆمەڵگەی کوردی و زمانی کوردی بەو پێگە لاوازەی کە هەیەتی چۆن دەتوانێت رووبەڕووی هەڕەشەی زمانەکانی وەک عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی ببێتەوە، کە ناو بە ناو چەندین وشەی سەر بەو زمانانە خۆی دەسەپێنێت بەسەر زمانی کوردیدا و لەناو میدیاکانی کوردیدا رۆژانە بەکاردەهێنرێت ئەوەتا خودی نووسەری ئەم بابەتەش لەجیاتی وشەی راگەیاندن وشەی میدیای ئینگلیزی بە شێوەیەکی نەستەکی بەکاردەهێنێت. ئەگەر باس لە هۆکارەکانی لاوازی زمانی کوردی بکەین دەبێت هۆکاری ئەم کێشەیە بگەڕێنینەوە بۆ رەهەندی مێژووی و سیاسی و پارچە

عیماد ئەحمەد

پارچە بوونی کوردستان و .. هتد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی کوردستان هەر لەدوای راپەڕینەوە بگرە پێش راپەڕینیش دامەزراوەیەکی هەبوو بەناوی (کۆڕی زانیاری کورد)، کە لە ساڵانی حەفتاکان لە بەغدا دامەزرا و یەکێ لە ئەرکەکانی گەڕان بە دوای زمانێکی ستانداردی کوردی و خڕ کردنەوەی زمانی کوردی بوو، چەند ژمارەیەکی لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردی بڵاو کردەوە و ئێستاش ئەم دامەزراوەیە بەناوی ئەکادیمیای کورد لە هەولێری پایتەخت گوایە ئەم کارە دەکات. کەوابوو دەکرا ئەم دامەزراوەیە قسەی لەسەر ناوونیشانی ئەم بابەتە کردبایە و را و بۆچوون وپێشنیارەکانی بخستایەتە روو بۆ هەموو لایەک.

دواجار دەڵێم لەوانەیە کێشەی زمان بۆ خۆی کێشەیەک بێت کاریگەری بەسەر ناسنامەی نەتەوەییەوە هەبێت، بەڵام بەڵای نووسەری ئەم بابەتە لە زمانیش گرنگتر خودی تاکی کوردستانییە سەر بە هەر کەمینە و ئایین و ناسنامەیەکەوە هەبێت، کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کوردستانیدا دەژێت پێویستە راگەیاندنی کوردستانی نەک تەنها زمان، بەڵکو گرنگتر لەوەش

ئەرسەلان رەحمان

زیاتر بایەخدانە بە چەمکەکانی دادپـەروەری و ماف و ئـازادی و لێبووردەیی و بتوانێت مانای ئـەم چەمکانە بگەیەنێت بە تاکی کوردستانی و ئەم تاکەش پەیوەستتر بکات بەم چەمکانە جا هەر وشەیەکی کارپێکراوی عەرەب و فارسی و تورکی و ئینگلیزی ...هتد بێت.

**ئەرسەلان رەحمان مامۆستای راگەیاندن:**

زمانی کوردی زیانی بەرکەوتووە و پێویستی بە بنیاتنانەوە هەیە وەک هەر سەرخان و ژێرخانێکی دیکەی وڵاتەکەمان لە ڕاستیدا زمان پێناسەی نەتەوەیە و پێویستە هەموو لایەک بەتایبەتی دامەزراوە و کەناڵەکانی راگەیاندن بەوپەڕی وردی و دیقەتەوە کار لەسەر زمان بکەن و کارێک نەکەن ببێتە هۆی شێواندنی زمان.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرین، کە زمان بـەردەوام لە نوێبوونەوە و فراوان بوونداید و گەیاندنی مەبەست نابێتە نەنگی و چەوشە و چەوێڵی زمانی بەکاربەر، هێندەی ئەوەی ونیار هەوڵیداوە مەبەست بگەیەنێت. ئەمەشە بەو مانایە نییە، کە ئێمە بە باڵا روانین بۆ زمانی بێگانە، وشە و زاراوەی خۆماڵی و ڕەسەنی کوردی فەرامۆش بکەین و لە جێگەیان وشەگەلێکی بیانی بەکار بێنین، کە زمانی ئەورۆی کوردی هیچ حەوجەی بەکاربردنی ئەو وشانە ناکات.

ئێمە کە دەتوانین بە کوردی ڕەوان بڵێین (ئەرێنی) بۆچی پەنا بەرینە بـەر دەسـتەواژەی (پۆزەتیڤ) ئەمەو دەیان نموونەی دیکە، کە باسکردنیان دەرفەتی زیاتری گەرەکە.

جگە لەوەش ئێمە لە قۆناغی بنیاتنانی وڵاتێکی وێران لە هەموو ڕووەکانەوە بێگومان قوربانی یەکەمیش زمان بووە و زمانیش وەک هەر لایەنێکی دیکەی سەرخان و ژێرخانی نەتەوەی کورد زیانی بەرکەوتووە لەبری ئەوەی ئەو لەم قۆناغەدا بنیاتی بنێینەوە، کەچی بە دەستی خۆمان لە ڕێگەی کەناڵەکانی راگەیاندن ـ خوێندراو، بینراو، بیستراو وێرانتری دەکەین.

**چارەسەریش:**

١ ـ کاراکردنی کۆڕی زانیاری.

٢ ـ کاراکردنی ڕۆڵی سەندیکا لە ڕووی چاودێری زمانی راگەیاندن.

٣ ـ بایەخدانی پەیمانگە و زانکۆکان بە زمان.

٤ ـ دامەزراندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزای زمانی لە دەزگاکانی راگەیاندن وەک سەرپەرشتیاری زمانەوانی، یان ڕاوێژکاری زمانەوانی.

٥ ـ زیندوو کردنەوە و بەرز ڕاگرتنی هەستی نەتەوەیی.

٦ ـ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی بایەخی زمان و ڕۆڵی زمان لە میژووی نەتەوەدا.

# ڕەوشی ئەمڕۆی زمان و زمانی راگەیاندنی کوردی

بەهادین ئەحمەد*

زمـان دیـاردەیـەکـی مـرۆییـە و پـەیـوەسـتـە بـە پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە . بە ڕای من پاراستنی زمان بەشێکە لەپاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی،چونکە زمان بەشێکە لە ناسنامە و ڕووناکبیری و مێژووی هەر گەلێک.

بەردی بناغەی زمانیش بریتییە لە وشە و ڕێزمان کە ڕستە و دەستـەواژە و زاراوەکـان لەدەقێکدا پێوە گرێدەدات و مانا و شێوەیەکی تایبەتییان پێ دەبەخشێت .جـا سـەبـارەت بە زمانی کـوردی بە گشتی و زمانی ڕاگەیاندنی کوردی بە تایبەتی،ئێمە کێشە و گرفتی زۆرمان هەیە، وەکو نەبوونی زمانی و ڕێنووسێکی یەکگرتوو و گشتگیری کوردی لە بەرنامەی خوێندن و ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا، کە ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ خودی کێشەی نەتەوەیی کورد و پارچە پارچەبوونی کوردستان بە دەستی داگیرکەران و وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و نـەبـوونی ئـیـدارە و ئـیـرادەیـەکـی یەکگرتووی کوردی .هەروەها زاڵبوونی زمانی ئەدەبی و سۆز بـەسـەر زمـانـی ڕاگـەیـاندنـی کـوردی کـە ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆرینەی ڕێبەرانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی وەکو: پیرەمێرد، گۆران، شێخ نوری شێخ سالّح، عارف سائیب، عەلادین سەجادی، برایم ئەحمەد، شاکر فەتاح و...هتد ئەدیب و شاعیر بوون. تەنانەت لە ئێستاشدا ئەم دیاردەیە زاڵ و بڵاوە بەسەر ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر لەڕۆژنامەنووسانی کورد لە هەمان کاتدا هونەرمەند و شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسن .

لە هەمان کاتیشدا بەناوی شۆڕشی چاکسازی و پاکسازیکردنی زمانی کوردی و بە ناوی هەوڵدان بۆ بژارکردنی زمانەکەمان لە وشـە و زاراوەی بیانی و عەرەبی و بەکاریگەریی و لاساییکردنەوەی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوا،بەداخەوە ماوەیەکە، بە تایبەتی لە سالّانی دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە، ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی کورد، بەردەوام خەریکی هێنان و هاوردە **(استیراد)**کردنی وشـە و زاراوەی لاتینی و بیانین بۆ نێو زمانی کـوردی بـەشـێوەیـەکـی زیـادەڕەو و ناپێویست وبـەپـالّـنـەری حـەز و ئـارەزووی لاساییکردنەوە .بەکورتی لای ئەوان هەرچی وشەی **(عەرەبی)**بێت خراپە و هەرچی وشە و زاراوەی بیانی بێت ئەوە باشـە و حـەوت دەرمـانـەی زمـان و فەرهەنگی کوردییە و با وشە وزاراوە کوردییەکان **(عیبری)**بن بەس عەرەبی نەبن ؟!

بەڕای بەندە ئەم جۆرە بۆچوونە سەد لەسەد هەڵەیە،چونکە ئێمە بە دەستی ئەنقەست ئاگر لە خەرمانی فەرهەنگ و زمانەوانیی کوردی بەر دەدەین

و ئەو جۆرە هەوڵ و کۆششانە زیان بە سامانی نەتەوەیی وشە و زاراوەی کوردی دەگەیەنێت و لە ڕووی فەرهەنگی و سیاسی و ڕۆشنبیریشەوە خزمەت بە بێگانە و دوژمنانی کورد دەکات .

زۆرجار دەیان وشەی پەتی و ڕەسەنی کوردی هەیە لە بەرانبەر وشەیەکی عەرەبی یان ئینگلیزی لاتینیدا،کەچی نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی کورد دەچن بەئەنقەست وشە کوردییەکە یان وشە عەرەبییە باوەکە **(کە چەندین ساڵە بە حوکمی هاوژیانی و تێکەڵاوی لەگەڵ عەرەبدا هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و خەڵکی لەسەر ڕاهاتووە و تارادەیەکیش چەسپاوە لە زمانەکەماندا )**، لادەبەن و وشە بیانییە بێگانە و نامۆکە لە شوێنی دادەنێن، کە ئەمە بە ڕای من هیچی لە پرۆسەی **(تەعریب)** کەمتر نییە؟! و ناوی دەنێم کردەی بە ڕۆژئاواییکردنی زمانی کوردی **(عملية التغريب اللغة الكردية)**، ئەگەرنا کابرا لە لا کۆڵانێکی ئەم شارە فرۆشگە یان دوکانێکی داناوە، مانای چی ناوی دەنێت **(مینی مارکێت وسۆپەر مارکێت)** ؟ !یان دەیان وشەی وەک: **(ریستورانت)** لە بری چێشتخانە،**(ئۆفیس)** لە جیاتی فەرمانگە،**(شوان شۆبینگ)** لە بری دوکان یان بازاڕی شوان،**(نازە مۆڵ)** و **(کافی نێت)** لەبری چایخانە یان قاوەخانە **(لوبنان سیتی و ڕۆژ سیتی و....)** لەبری شاری کورد و سەدان و هەزاران ناو و وشەی تر کە بە ڕاستی ناو و سیمای شوێنە گشتییەکانیان ناشیرین کردووە،بۆیە ئەم دیاردەیە ناوی لێدەنێم پیسبوونی ژینگەی جوگرافی – ڕۆشنبیری .

هەروەها ئەمە بۆ ڕۆژنامەنووسیی و ڕاگەیاندنە کوردییەکانیش ڕاستە،چونکە هەر ئەوانن بڕەو بەم وشە و زاراوەگەلانە دەدەن و لە هزر و زمان و ئەدەبیاتی کوردییدا دەیچەسپێنن، بۆنموونە: کابرا یان کەنالەکە بە کوردی هەواڵ پێشکەش دەکات، کەچی ناوونیشانی هەواڵەکانی بەئینگلیزی نووسیوە (NEWS)؟! یان ناوی ڕۆرنەی بەرنامەکانیان بە ئینگلیزی و لاتینییە لەکاتێکدا زمان و ناوەڕۆکی بەرنامەکە و بڕگەکانی بە زمانی کوردییە ؟! وەکو **(تاکسی دیالۆگ، زووم ئین، تێک شۆ و...هتد)** .

هەروەک دەیان و سەدان وشە و زاراوەی بیانی کە هێنراوەتە ناو زمانی ڕاگەیاندنی کوردییەوە وەکو **(مێدیا، فاکت، فاکتەر، ئۆپەراسیۆن، ئەکتیڤ، پۆزەتیڤ، نێگەتیڤ، ئۆپۆزسیۆن، کەمپین، ئایدیا، پراکتیکی، تیۆری، پرۆسە، پرۆگرام، فۆرم، فەرمی، ساگلەمی)** و...هتد .

لەکاتێکدا ئەم وشە پەتی و ڕەسەنە کوردییانە بەرامبەریان هەیە: **(مێدیا/ ڕاگەیاندن، فاکت/ ڕاستی، فاکتەر/ هۆکار، ئۆپەراسیۆن/ هێرش لەشکرکێشی سەربازی، ئەکتیڤ/ چالاک، پۆزەتیڤ/ باش،چاک،بەهێز،ئیجابی، نێگەتیڤ/ خراپ، لاواز، سەلبی، ئۆپۆزسیۆن/ نەیار، کەمپین/ هەڵمەت، ئایدیا/ بیرۆکە، پراکتیکی/ کردەیی، تیۆری/ زارەکی، نەزەری، پرۆسە/ کردە یان کردەوە، پرۆگرام/ بەرنامە، فۆرم/ شێوە)** .

هەروەها وشەی **(فەرمی)** کە لە بنەڕەتدا لە وشەی **(فۆرمەڵ Formal)** ی ئینگلیزییەوە هاتووە و کراوە بەکوردی **(ڕاستر کوردانوویانە)** و لەبڕی ڕەسمی یان حکومی بەکاری دەهێنن ؟!.

وشەی (ساغلەمی) کە لە زاری کرمانجی سەروو لەبری **(تەندروستی)** بەکاردەهێنرێت لە وشەی **(ساگلەمی)** تورکییەوە هاتووە،کەچی هەندێک ڕۆژنامەنووس لە وشەی **(تەندروستی)** پێیان ڕاستتر و ڕەسەنترە و لەبری ئەو بەکاری دەهێنن ؟! جا من دەڵێم: **(بێگانە هەر بێگانەیە جا چ عەرەب یان تورک یاخود فارس و ئینگلیز و گریک و ئەمریکی بێت. چ وەک تاک و کۆمەڵ، چ وەک فەرهەنگ و زمان و نەتەوە و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و سیاسەت و... هتد)** .

بۆیە لەم پێناوەدا و لەکۆتاییدا پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە سااڵنە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و کۆڕی زانیاریی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆنگرە و کۆنفراسی تایبەت بە توێژینەوە لەزمانی کوردی و زاراوە کوردییەکاندا ساز بکات و هەوڵی یەکخستنی وشە و زاراوە کوردییەکان بدات **(بەشێوەی زارەکی وکردەیی)** لە بەرنامەکانی خوێندن و کتێب و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی کوردییدا بەگشتی .

*** مامۆستا لە بەشی ڕۆژنامەنووسی پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی و خوێندکاری دکتۆرا لە ڕاگەیاندن زانکۆی سلێمانی.**

# لە ئەزموونی رۆژنامەنووسانی بیانییەوە

خانمە رۆژنامەنووسی ئێرلەندی سوزان ئۆکیفی:

- **دەبێ نووسین لە بەرژەوەندی هەمووانداا بێت**
- **من لەگەڵ پرسێکی ئەخلاقیدا بەرەو ڕوو بوومەوە**
- **ئینتەرنێت بەشێک نییە لە رۆژنامەنووسی**
- **ئێمە ناتوانین بۆ ئێوە ببینە نموونە**



تاریق کارێزی

ڕۆژانی ١٥-٢٠٠٩/١٢/١٦ لە هوتێلی سیاکۆ، لە ناوەڕاستی شاری هەولێر، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان بە هاوکاریی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، وۆرک شۆپێکی بە ناوونیشانی **(رۆژنامەگەریی ئەخلاقی کار لە پێناو دیموکراسییەت دەکات. بەڵێننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسیی لە خواستەوە بۆ پیادە کردن)** بەڕێوەبرد. (٤٥) رۆژنامەنووس لە لقەکانی **(دهۆک، مووسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و بەغدا)**ی سەر بە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداریییان تێدا کرد.

شێرکۆ حەبیب ڕێکخەری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان لە کوردستانی عیراقدا لە وتەی بەرایی وۆرک شۆپەکەدا ئاماژەی کرد، کە لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە فیدراسیۆن پشتیوانی لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات، مەبەستیش بەرەو پێش بردنی رۆژنامەگەریی و دیموکراسییە لە جیهاندا. شێرکۆ حەبیب ئاماژەی دا کە رۆژنامەگەریی لە گەڵێ شۆینی جیهاندا تووشی گرفت و قەیران هاتووە. هەر لەو گۆشەنیگایەوە سازدانی ئەم وۆرک شۆپە بە پێویست زانرا، کە بە میوانداریی

هـەردوو رۆژنـامـەنـووس **(سـوزان ئۆکیفی)** ئەندامی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی شانشینی یـەکـگـرتـوو، **(ئـوفـەویـسـتـربـێـرگ)** ئـەنـدامـی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی دانیمارک، بەڕێوە چـوو. رێکخەری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان لە کوردستان گووتی: وۆرک شۆپەکە دوو تەوەر دەگرێتە خۆی:

(١) رۆژنامەگەریی ئەخلاقی.

(٢) دانـووسـتـانـدنـی بـەکـۆمـەڵ، ئـەوەشـی وەبـیـر هـێـنـایـەوە، کـە سـێکوچکەی زێڕینی رۆژنامەگەریی دەڵێ **(راستی بڵێ، سەربەخۆ بە، بەرژەوەندیی گشتی بپارێزە)**.

ئنجا فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کـوردسـتـان لـە وتـەیـەکـدا هـیـوای خـواسـت رۆژنـامـەنـووسـانـی بـەشـداربـووی وۆرک شۆپەکە سـوودمـەنـد بـن، بـەوەی یەکێک لە ئامانجەکانی سەندیکا رێکخستنی وۆرک شۆپ و زەمینە سازکردنە بۆ سەکۆی فرەدەنگ بۆ رۆژنامەنووسان، بە مەبەستی تێپەڕاندنی ئەو قۆناغانەی لە دەست چـوون و رەخساندنی دەرفـەت بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان تا بگەنە ئاستی رۆژنامەنووسانی جیهان.

نـەقیبی رۆژنـامـەنـووسـانـی کـوردسـتـان ئاماژەی بـەوەش دا، رۆژنامەنووسانی ئێمە پتر لە رۆژنامەنووسانی دنیا پێویستییان بەم وۆرک شۆپانەیە. چونکە هەرچەندە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی نزیکەی ١١١ ساڵە، بـەڵام ئەو رۆژنامەنووسییە نهێنی و لە نێو چـوادا، دوور لـە توانا و تەکنیکی سـەردەم کـاری کـردووە. قۆناغی راستەقینەی ئەو رۆژنامەنووسییە بۆ ساڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە، کە رۆژنامەنووسانی کوردستان بەجیاوازیی بە بیروباوەڕی ئایینی و سیاسی، لە سایەی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردستاندا، بە ئازادی کاری خۆیان کردووە، کارەکەشیان بە یاسا رێک خـراوە. دواجـار نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان هیوای خـواسـت وۆرک شـۆپـەکـە هـەنـگـاوێـک بێت بۆ پیادە کردنی بنەماکانی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی لە کوردستاندا. ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە سەندیکا کار بۆ بەستنی گرێبەستێک لەگەڵ رۆژنـامـەنـووسـانـدا دەکـات. پـاشـان شێرکۆ حەبیب لە سەرنجێکدا ئەوەی خستەڕوو، کە نـاوەڕۆکـی وۆرک شۆپەکە زیـاتـر ئاراستە بە رۆژنامەنووسانی دەسـەڵات و پارتەکانی کوردستانە، بە بـڕوای ئـەو رۆژنامەگەریی ئەهلی لە کوردستاندا ئەو گرفتەی نییە. هەر

بۆیە سەندیکا لەهەولّی ئەوە دایە، گرێبەست لەگەڵ رۆژنامەنووسانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی **(کوردستان)** و **(کوردسات)**دا ببەستێت. بەو سیفەتەی دوو کەناڵی گەورە و دیاری میدیای کوردستانن.

هەر لە دانیشتنی دەستپێکی وۆرک شۆپەکەدا، سوزان ئۆکیفی لە وتەیەکی کورتدا گووتی: یەکەمین جارە سەردانی هەولێر دەکەم. سەر بەرزم لە نێو هاوکار و هاوڕێیانی خۆمدام، تەنیا لە پێناو ئەوەی شتەکان بە جوانتر بەڕێوەببەین، باشتر بەجێیان بگەیەنین. رۆژنامەگەریی و ئەخلاق **(ئیتیک)** وەک شەماڵ و رەشەبان کە پێکەوە بن.

سوزان ئاماژەی دا کە کاتێک رۆژنامەنووس لە بواری کۆمەڵایەتیدا کار دەکات، تێدەگات کە هاوپەیوەندە بە رەوشت و ئەخلاقەوە. بە بڕوای ئەو، هەولّی زۆری دەوێت و باوەڕی زۆریشی دەوێت، تا رۆژنامەنووس بتوانێت ئەخلاق **(ئیتیک – رەوشت)** لە رۆژنامەگەریدا رەچاو بکات. کار کردنی رۆژنامەنووس لە بواری کۆمەڵایەتیدا، ساغی دەکاتەوە، ئاخۆ رەوشتی رەچاو کردووە یان نا؟ پێویستە تێگەیشتنی باش هەبێت تا بزانین و درکی پێ بکەین، کە لە هەموو کارێکی رۆژنامەنووسیی لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، رەوشت ئامادەبوونی هەیە و پێویستە رەچاو بکرێت.

خانمە رۆژنامەنووسی بە رەگەز ئێرلەندی و ئەندامی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی شانشینی یەکگرتوو **(بەریتانیا)**، سوزان ئۆکیفی پێی وایە: نابێ نووسین هەر لە بەرژەوەندیی خۆماندا بێت، بەڵکوو دەبێ لە بەرژەوەندیی هەمووماندا بێت. دەبێ بگەینە ئەو بڕوایەی کە دەبێت هاوسەنگییەک لە نێوان کۆمەڵ و کارەکەماندا دروست بکەین. پێویستە بشپرسین کە ئەو شتانەی بڵاو دەکرێنەوە تا چ رادەیەک راستییان تێدایە.

بە بۆچوونی رۆژنامەوانی ئێرلەندی خاتوو سوزان، رۆژنامەنووس لە سەرانسەری جیهاندا ئەرکی گەیاندنی راستیی هەیە. حکومەت و رێکخراوەکان دەست لە کاری رۆژنامەنووسیی وەردەدەن. لە وڵاتی ئەودا **(ئێرلەندا)** رێی لێ گیراوە تا سەرچاوەکان بڵاو نەکاتەوە. ئەو پێی وایە پێویستە هاوسەنگی لە نێوان گەیاندنی راستی و رووبەڕووبوونەوەی گرفت و ناخۆشییەکان، دروست بکرێت. پێویستە گەیاندن بە شێوازێک بێت کە نە زیان بە رۆژنامەنووس و نە بە بەرامبەر بگات.

پاشان رۆژنامەنووسیی دانیمارکی ئوفە ویستربێرگ وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد، تێیدا گووتی کە پێش چەند ساڵێک لە ئوردن بووە، بیستوویەتی لە کوردستاندا هەولێکی گەرم و گوڕ دراوە تا رۆژنامەنووسان بگەنە ئاستی دەرکردنی رۆژنامەی سەرکەوتوو، هەروەها گووتنی راستی و درکاندنی، ئەو گووتی: من لە دانیمارکەوە هاتووم، ئەم ساڵ لە رووی ئازادیی دەربڕینەوە، رۆژنامەنووسیی دانیمارک لە ئاستی جیهاندا لە پلەی یەکەمدایە. لەو وڵاتەدا خەریکن بۆ بەدەستهێنانی رادەیەکی زیاتر لە ئازادی، دیموکراسی، ئازادیی دەربڕین، هەولّی زیاتر دەدەن ئوفە گوتی: ئەمە هاندانێکە بۆ من کە هاوکارانمان بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی گەلێک دەجەنگن.

دوای تەواوبوونی دانیشتنی دەسپێکی وۆرک شۆپەکە، رۆژنامەنووسانی بەشداربوو کرانە دوو گرووپ. گرووپی یەکەم بە یاوەریی فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئوفە ویستربێرگ رۆژنامەوانی دانیمارک بەرەو بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا چوون. لەوێدا وۆرک شۆپەکەیان دەربارەی دانوستاندنی بەکۆمەڵ دریژە پێ دا. گرووپی دووەمیش بە یاوەریی شێرکۆ حەبیب نوێنەری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان، هەر لە هۆڵی هوتێلی سیاکۆدا مانەوە. ئەم گرووپەش وۆرک شۆپەکەی دەربارەی رۆژنامەوانیی ئەخلاقی دریژە پێ دا.

### ئەوان بە هەڵە گیرا بوون

دوای پشوویەک، سوزان ئۆکیفی لە پاشخانی ئەزموونی رۆژنامەوانیی خۆیەوە،

چووە سەر باسی رۆژنامەنووسیی ئەخلاقی و پەیوەندیی نێوان کاری رۆژنامەنووس و پەیوەست و ئەرکی رەوشتیانەی ئەو. بەم جۆرەش هاتە ئاخاوتن: من ئێرلەندیم، لە چەند رۆژنامەیەکدا کارم کردووە. پاشان لە ئینگلتەرا لە بەرنامەیەکی بەناوبانگی تەلەفزیۆندا کارم کرد. لەو بەرنامەیەدا بە دوای راستیدا دەگەڕام کە لە هەر کوێیەک بووایە.

**سوزان گووتی:** یەکێک لە رووداوەکانی ئەو بەرنامەیە چیرۆکی شەش کەسی ئێرلەندی بوو، کە (١٧) ساڵ بوو گیرا بوون. باشە بۆچی گیرابوون؟ ئەوان بە بەڵگەی هەڵە گیرا بوون. دوای پێشکەش کردنی بەرنامەکە ئازاد کران. پاشان بۆ ماوەی (١٢) ساڵ لە تەلەفزیۆنی **(بی بی سی: BBC)**دا کارم کرد. لەو کەناڵەدا ئەزموون و شارەزایی زۆرم پەیدا کرد، بە تایبەتی لە بواری میدیا و کاری رۆژنامەنووسیدا. فێری بنەماکانی کاری ئەخلاقی بووم، کە دەبێت چۆن لەو دەزگا گەورەیەدا کار بکەیت؟ بەر لە دوو ساڵ **(بی بی سی)**م جێهێشت و لە رادیۆیەکدا کار دەکەم و لە رۆژنامەکانی ئێرلەندادا دەستم بە کار کردۆتەوە. بە کورتی بۆتان باس دەکەم، کە بۆچی لە کارەکەمدا گیراوم.

### کەس نەیتوانی ئەو راستییە ئاشکرا بکات

سوزان ئۆکیفی ئەندامی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی شانشینی یەکگرتوو پێی وایە، لە رۆژنامەنووسیدا بنەماکانی نەریت و ئەخلاق گرنگن. ئەو بۆمان دەگێڕێتەوە: لە میانی کار کردنم وەک رۆژنامەنووسێک، پیاوێکی دەوڵەمەندم دۆزییەوە، لە ژیانیم کۆڵییەوە. بە بازرگانیی مەڕ و ماڵات پارەی پەیدا دەکرد. ئەو کەسێکی گرنگ و دەوڵەمەند بوو. خاوەن پێگەیەکی سیاسی و کەسایەتییەکی گرنگ بوو لە ئێرلەندا. کەسێکی خاوەن دەسەڵات بوو، سیاسەتمەدارانی ئێرلەندا لێی نزیک دەبوونەوە. بۆ رۆژنامەنووس ئاسان نەبوو بە لایدا بچێت، بە فێڵ پارەی پەیدا دەکرد، درۆی دەکرد، بەرتیلی دەدا. ئەو راستییەکی کەمەرشکێن بوو. هیچ کەسێک نەیتوانی ئەو راستییە ئاشکرا بکات، تەنیا من نەبێت. لەو کاتەدا لە رۆژنامەیەکی نوێدا کارم دەکرد، ئەو رۆژنامەیە چوار کەس دایانمەزراند بوو. دووانیان برادەری خۆم بوون.

ئەو چوار کەسە بە پارەی خۆیان رۆژنامەکەیان دامەزراند. ئەوان زۆر دەترسان ئەو پرسە ئاشکرا بکەن، ترسیان هەبوو ببێتە مایەی داخستنی رۆژنامەکەیان. من کەوتمە نێو گێژاوی بەراوردێکی زەحمەت و گیرم خواردا!

بە دوای راستیدا بچم یان لایەنگیری لە برادەرانم بکەم؟ ئەمە پرسێکی گەورە بوو. کەسێکی دەوڵەمەند نەک هەر لە ئێرلەندا، بەڵکو یەکێک بوو لە هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەوروپا. من لەگەڵ پرسێکی ئەخلاقیدا بەرەوڕوو بوومەوە. لەگەڵ هەر کەسێکی پەیوەندیدار بە پرسەکە قسەم دەکرد و لێکۆڵینەوەم دەکرد، ڕێنماییان دەکردم، کە نەک لەبەر ئەو دەوڵەمەندە، بەڵکو، لەبەر ناوبانگی ئێرلەندا من ئەو کارە نەکەم و وەک رۆژنامەنووسێک باسی نەکەم. بیرم لە پرسێکی دیکەی ئەخلاقی کردەوە، راستی نەڵێم و ئێرلەندا وەک وڵاتێکی دیموکرات جێ بهێڵم. واز لەو پیاوەش بهێنم کە ناوبانگێکی گەورەی هەیە، یان بەرامبەر بەو و ئەو پیاوانەش کە سیاسەتمەدارن، بوەستمەوە؟

هەر چوار هاوڕێکەم لە رۆژنامە تازەکە گووتیان: ئێمە ئەم بابەتە بڵاو ناکەینەوە. ئەو قسەیە بۆ من رۆژێکی ناخۆش و قسەیەکی ناخۆش بوو. بڕیارم دا ئێرلەندا جێ بهێڵم، چوومە ئینگلتەرا. لەوێدا لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا بەناوی **(جیهان لە ئەکشندا: World in Action)** کارم کرد. ئەو بەرنامەیەم ئامادە و پێشکەش دەکرد. بڕیارمان دا ئەڵقەیەکی بەرنامەکە دەربارەی ئەو پیاوە دەوڵەمەندە و گەندەڵکارەی ئێرلەندا بێت. ئەو ئەڵقەیەی بەرنامەکە بە حەوت مانگ ئنجا تەواو بوو.

سوزان درێژەی بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە دا: کە بەرنامەکە پەخش کرا، حکوومەتی ئێرلەندا دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد، کە دوو

ساڵی خایاند. بە هۆی ئەو بەرنامەیەوە دوو کابینەی حکوومەتی ئێرلەندا دەستیان لە کار کێشایەوە. لە کاتی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەدا منیش چووم، چونکە پەیوەندیم بە پرسەکەوە هەبوو.

داوام لێ کرا ناوی سەرچاوەکانم ئاشکرا بکەم. لە وەڵامدا گوتم: ئەمە پرسێکی ئەخلاقییە و من ناوی سەرچاوەکانم نادەم. بۆم دووپات کردنەوە، کە من سوورم لەسەر مەرامی خۆم، ناوی سەرچاوە نادەم. دوو ساڵ دوای پەخش کردنی ئەو بەرنامەیە منیان بە گرت دا. وەک تۆمەتبار منیان رەوانەی دادگا کرد، لەبەر ئەوەی ناوی ژێدەرم نەدا بوو.

بە گوێرەی ئەوەی رۆژنامەوانی ئێرلەندی باسی کرد، لە پرسی گەندەڵیی ئەو دەوڵەمەندەدا، خەڵکانی دیکەش تێوە گلاّ بوون، کێشەکە بە ئاسانی نەبڕایەوە. ئەو گووتی: لەبەر ئەوەی (١٠) کەسی دی دەستیان لەو پرسەدا هەبوو، من تووشی گیران هاتم. تاکتیکێکی دەسەلاّت هەیە دەڵێ **((پەیامنێر بکوژە))**. بە ڕاستی ئازایەتییەکی زۆری دەوێت کە بەرامبەر بە هەموو کەسێک راوەستی، لە کاتێکدا ئەوان نایانەوێت تۆ هەستیتەوە. من هیچ پشتیوانێکم نەبوو پشتی پێ ببەستم، بەڵام ئێمە وەک گەلی ئێرلەندا، ئەگەر راستی نەڵێین پێش ناکەوین. خۆشبەختانە دادگا منی بێ تاوان کرد و ئازاد کرام.

پاشان سوزانی رۆژنامەوان هاتە سەر تەوەرێکی دیکەی باسەکە و گووتی: لێرەدا دەبێ بڵێین ئێمە نابێ بچینە وڵاتانێک کە جەنگیان تێدایە و حکوومەتی چەسپاویان تێدا نییە، یان رۆژنامەنووسان بە ئازادی بیر و باوەڕی خۆیان دەرنابڕن. یەکەمین بنەمای ئەخلاقی لە (FIP)دا ڕێزگرتنە لە راستی، ئنجا مافی کۆمەڵ لە زانینی ئەو راستییە. ئەگەر ئەو بنەمایە هەر لە سەر کاغەزدا بوو، واتە هیچ، دەبێ لەنێو، دڵماندا بچەسپێت. ناتوانی فێری بیت، بەڵکو، دەبێ بیزانیت. ئەگەر ئەو بنەمایەت زانی، ئەوە هەموو شتێک بە دوای خۆیدا دەهێنێت. هەموو وردەکارییەکی دی **(چۆن لەگەڵ خەڵکدا راست دەبیت؟ چۆن ناوونیشان دادەنێیت؟ کامەن ئەو وێنانەی بڵاویان دەکەیتەوە؟)** پاشکۆی راستگۆییەکەتە. ئەمە ئازایەتییەکی زۆری دەوێت. گومانی تێدا نییە کە ئەزموون و ئازایەتی مەرجی بنەڕەتین لە رۆژنامەنووسیدا. هەڵبەت کاتێک باس لە ئەزموونی خۆمان دەکەین، باشتر فێر دەبین.

کارمەندەکەی جارانی (BBC) رۆژنامەنووس سوزان ئۆکیفی دەگەڕێتەوە سەر پرسی دەوڵەمەندە گەندەڵەکەی ئێرلەندا: دادگا دوای لێکۆڵینەوەیەکی فراوان، دۆسییەیەکی گەورەی ئامادە کرد، تێیدا بۆی ساغ بووەوە کە من راستم گوتووە. لەبەر ئەوەی سەرچاوەم پێ نەدان، منیان دەسگیر کرد. گوشاریان خستە سەرم، ویستیان من و هاوڕێکانم واز لە کاری رۆژنامەگەریی بهێنین، بەڵام ئێمە وازمان لە کاری رۆژنامەنووسیی نەهێنا. رۆژنامەنووسان لە گووتنی راستیدا گرفتیان دێتە پێش. هەرچەندە ئێرلەندا وڵاتێکی دیموکراسیی رۆژئاواشە، کەچی رۆژنامەنووسان ئەو هەموو ئاستەنگانەیان دێتە بەردەم.

سوزان هەر لەبارەی ئەو چیرۆکەی کە بە دژواری و باریک مەترسییەوە، ئەخلاقی رۆژنامەنووسیی ئەوی تێدا تاقی کرایەوە، دەڵێت: ئەو بەرنامەیە یەکەم جار بوو باسی پەیوەندیی قووڵ و چڕی نێوان کارگوزاران**(پیاوانی کار)** و سیاسەتمەدارانی دەکرد. ئێستاش هەر دەگووترێت پەیوەندیی قووڵ لە نێوان دەوڵەمەند و سیاسەتمەداراندا هەیە. ئەو بەرنامەیە تێگەیشتنی ئێمەی سەبارەت بە دەوڵەمەند و سیاسەتمەداران گۆڕی. من پێم وا بوو، بە ئاشکرا کردنی راستی نەک شاردنەوەی لە خەڵک، خزمەتی وڵاتەکەم دەکەم. ئەوەیە بنەمای ئەخلاقی رۆژنامەنووسیی، لەم دووڕیانەدا دەردەکەوێت: راستی بڵێی یان بیشاریتەوە؟ خۆ ئێوەش رۆژانە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە پرسیارە و بڕیاردان لە بارەیەوە دەبنەوە: راستی بڵێین یان بیشارینەوە؟ زۆر راستی دەشاردرێتەوە!

سوزانی رۆژنامەوان ئاشکرای دەکات: بۆ

گرتنی تاوانباران بەڵگەی تەواوم دایە دادگا. ئیدی بۆ حکوومەت و بۆ خەڵکیش دەرکەوت، کە خەڵکانی گەندەڵ هەن. لە نێوانی سیاسەتمەداران و ئەو دەوڵەمەندەدا، بەرژەوەندی هەبوو. ئەوان هەوڵیان دا لە بابەتەکەی مندا خاڵێکی بێ هێز بدۆزنەوە، تا ڕێ لەوە بگرن کە سەر بگرێت. ئەگەر چیرۆکەکەم ڕاست نەبووایە، من دەگیرام، بۆیە دەبوو بە هەموو شێوەیەک ئامادە بوومایە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان.

بە بڕوای سوزان، ڕۆژنامەنووس دەبێ وەک گارسۆنی نێو فڕۆکە بێت، لە ناکاو دەبێ یەکەم کەس بیت خۆ بە فیدای خەڵکی دی بکەیت و هەوڵ بدەیت ڕزگاریان بکەیت. ئەوە پەیمانێکە بە خۆت داوە، هەر لە سەرەتای دەست بەکار بوونت وەک ڕۆژنامەنووس، بەڵێنت داوە پەیوەست بە ڕەوشتی ڕۆژنامەنووسیی بیت، بەڵام ناشزانیت کەی ڕووبەڕووی ئەو پەیمانە دەبیتەوە.

### بنەمای کارم بێ درۆیە

لە ساڵی ٢٠٠٦دا بەرنامەیەکم دەربارەی هەڕەشەی تیرۆریستان بۆ سەر دەزگا ئەمنییەکانی بەریتانیا ئامادە کرد. دەزگاکانی حکوومەت لە دژم وەستان. ڕێیان نەدا هیچ دەزگایەکی حکوومەت هاوکارم بێت. کاتێک ئەوان دژ بە کارەکەت دەوەستن، ئەوە ئاماژەیەکی باشە و بەڵگەی ئەوەیشە کە تۆ پرسێکی گرنگت بە دەستەوەیە. بی بی سی (BBC) پشتگیریی لە بەرنامەکە کرد، لە کۆتاییدا توانیمان بەرنامەکە ئامادە بکەین. کۆمەڵێک هۆکار هەبوون کە ئەم بابەتە بە سەرکەوتوویی ئامادە بکرێت و بە جوانی نمایش و پیشان بدرێت. ئەو بەرنامەیە بە لێکۆڵینەوەی زۆر، بەدواداچوونی قوول، بنەمای کاریشم وایە هیچ درۆ و پێچ و پەنایەکی تێدا نەبێت، سەرباری ئەوە بە پشتگیری ئەوان، بەرنامەکە سەرکەوتوو بوو.

ئەو دەوڵەمەندە خاوەن پێگە بوو، بە هۆی سامانەکەیەوە خەڵکی لێی دەسڵەمینەوە، سیاسەتمەداران لەپشتی بوون، پارێزەری باشی هەبوو، لە هەر کێشەیەکدا، لە دادگادا سەرکەوتوو دەبوو. بەر لە من، تەلەفزیۆنی (RTE)ی ئێرلەندا بەرنامەیەکی دەربارەی ئەو پیاوە بڵاو کردەوە، ڕۆژی دواتر ئەو تەلەفزیۆنە بۆ ماوەی سێ خولەک، بە فەرمی داوای لێبوردنی لێ کرد. ئەمەش مایەی شەرمە، کە کەناڵێک داوای لێبوردن بکات. ئەم شتە بەڵگەی ئەوەیە پیاوەکە چەندە دەسەڵاتدار بوو.

خاتوو سوزانی ڕۆژنامەنووس لە گۆشەنیگایەکی وردەوە، کە تێیدا تایبەتمەندیی هەر گەل و وڵاتێک ڕەچاو دەکرێت، گووتی: ئێمە ناتوانین بۆ ئێوە ببینە نموونە **(مۆدێل)**، کە ئاخۆ دیموکراسی و ئازادی چۆنن؟ خەڵک زۆر بەباشی لە ئێمە گەیشتوون. ڕەنگە بە لاتانەوە شاراوە بێت، کە هەموو ڕۆژێک لە ئێرلەندا کەسانێک بە نامە و ئیمێڵ هەڕەشە لە ڕۆژنامەنووسان دەکەن، پێیان دەڵێن: ئەگەر شتێک ئاشکرا بکەن، وا و واتان لێ دەکەین. لە وڵاتەکەی مندا کارەکە خەریکە ئەستەمتر دەبێت، ڕۆژنامەکان بەڕەو شاردنەوەی ڕاستی دەچن، نەبادا لە دادگادا ماف بە لای سکاڵانووسەوە بێت، پاشان ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەکەش ناچار بن پارەیەکی زۆر وەک سزا بدەن.

### هەر ئەو گوتی: بۆ گەیشتن بە زانیاریی ڕاست و دروست، سێ ڕێ هەیە:

(١) باوەڕ دەکەیت، (٢) باوەڕ ناکەیت، (٣) جێی بهێڵە.

ئەگەر ئەزموونت هەبێت بە دوای زیاتر لە سەرچاوەیەکدا دەگەڕێیت. گەورەترین هەڵە پشت بەستنە بە یەک ژێدەر. ئێستاش لە ئێرلەندا هەر دەڵێن شتێکی سیاسیی لە پشتە، پێم دەڵێن بۆچی ئەو بابەتەت لە ئێرلەندا نەکرد و چوویتە وڵاتێکی دی؟ ئەو گومانەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئینگلتەرا و ئێرلەندا ململانێیان لە نێواندایە. لە بیرتان نەچێت با ڕاستی لەپێشدا بۆ ئێوە دەربکەوێت، پاشان بە خەڵکی دیکەی ڕابگەیەنن. وا دابنێ تۆ لە نێو پاسێکدای و لە کەسێکی دا. ئەگەر هەر لە جێی خۆتەوە قسە بکەیت، دەڵێیت شۆفێرەکە هەڵەی

کرد، بەڵام دەبێ دابەزیت و بزانیت کێ هەڵە بوو؟ رەنگە ئەو کەسەی پاسەکە لێی داوە، ئەو هەڵە بێت. ئەگەر لەگەڵ سەرچاوەیەکی هەڵەدا لە دادگا بم. واتە ئەمە هەڵەی منە.

**کۆدی سەرکەوتن**

گرنگترین بنەما لە کاری رۆژنامەوانی:

١ ـ لە نێو دڵی خۆتدا بتەوێت راستی بگەیەنیت.

٢ ـ ئەگەریش ئارەزووت هەبوو راستی بگەیەنیت، بێگومان دەتوانی سەربکەویت. ئیدی ناتوانیت پابەندی ئەو کۆدە نەبیت.

سوزان ئۆکیفی ئەندامی یەکێتیی رۆژنامەوانان لە شانشینی یەکگرتوو و ئێرلەندا کە راستەوخۆ برایەکی وەرگێڕ قسەکانی ئەوی لە ئینگلیزییەوە دەکردە کوردی. بەو قسانەی رابردوو کۆتایی بە بابەتەکەی هێنا، دواتر هەر لەو دانیشتنەدا رۆژنامەنووسانی بەشدار لە وۆرک شۆپەکەدا پرسیاریان کرد، خانمی رۆژنامەنووسیش بەرسڤی دایەوە. لێرە بە دواوە پوختەیەکی وەڵامەکانی ئەو، بەدەم یەکەوە دەخەمە روو:

لە نێو میدیای کوردیدا چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت هەن کە **(شەلم کوێرم، دەست ناپارێزم)** کەوتوونەتە ناوی. مخابن کە دەڵێم ئەو ماڵپەڕانە زۆر شتی ناشیرین بڵاو دەکەنەوە، کە نە لەگەڵ بەها و نەریتی کوردەواری و نە لەگەڵ ئەخلاقی رۆژنامەنووسیشدا دەگونجێن.

خۆش بەختانە سوزان ئۆکیفی گوتی: ئینتەرنێت بەشێک نییە لە رۆژنامەنووسی و ئازادیی رادەربڕین. ئەو پێی وایە دەبێت کەسی گونجاو پرسیاری گونجاوی لێ بکرێت. نابێ شانازی بەوەوە بکەین کە لەسەر پەخش و بڵاو کردنەوەی بابەت دەچینە دادگا. **(هەڵبەت مەبەست ئەوەیە رۆژنامەنووس هەڵەی یاسایی نەکات)**.

بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئاماژە دان بە ناو، بە گوێرەی هەلومەرج دەبێت. لە پەخش و بڵاو کردنەوەی بابەتدا، پێویستە رەوش و بارودۆخ رەچاو بکرێت. هەموو خۆمان پاراستووە لەوەی بچینە دادگا.

رەنگە لە هەندێک وڵاتدا چوونە دادگا مایەی شانازی و دەسکەوت بێت، کە رۆژنامەنووس بەرەنگاری دەزگاکانی حکوومەت دەبێتەوە. پەیدا کردنی هەواڵ بە پارە لە بنەمای ئەخلاقی دەردەچێت. **(رۆژنامەنووس ئیبراهیم حاجی سالح ئاماژەی دا، ئەگەر هەواڵێک لە بەرژەوەندیی گشتیدا بوو، بە پارەش وەربگیرێت رەوایە)**.

سوزان ئۆکیفی دەڵێ: ئەگەر بچیتە دووکانێک بۆ کرینی کڵاوێک، ئەو کڵاوە ئەگەر خراپیش بێت، فرۆشیار پێت دەڵێت زۆر جوانە. **(واتە رۆژنامەنووس نابێ تەفرە بخوات)**. هەر خۆی گووتی **(وەک ئاماژەیەک بۆ کاریگەریی هەرلومەرج)** ئەگەر ئوفەی رۆژنامەنووس لێرە بووایە، وەڵامێکی جیاوازی دەدایەوە، چونکە دانیمارک لە ئازادیی رۆژنامەنووسیدا یەکەمین وڵاتە. ئێوە رای باشتان لەبارەی ئێمەوە هەیە، بەڵام ئێمە لەم رووەوە زۆر دواکەوتووین.

لە ئێرلەندا ئازادی دوو گرفتی لە بەردەمدایە:

**یەکەم:** هەلومەرجێک لە ئارادایە کە چ هەواڵێک جەماوەر بۆ خۆی رادەکێشێت؟

دووەم: ئەو کەسەی راستی دەڵێت، مەترسیی ئەوەی لە سەرە، بەرەو رووی دادگا ببێتەوە.

زۆر رۆژنامەنووس هەن لەگەڵ پۆلیسدا کار دەکەن، ئەوان راستگۆیی لەدەست دەدەن، چونکە چیرۆکی بێ لایەن ناگێڕنەوە.

زۆر جار پۆلیس دەبێتە رێگر لە بەردەم گەیشتنی راستیدا. بە تەواوی یارمەتیی رۆژنامەنووس نادەن. دەربارەی گەندەڵیی نێو پۆلیس فیلمێکم ئامادە کرد، لەبەر ئەوەی پرسێکی هەستیار بوو، فیلمەکە بڵاو نەکرایەوە. دزینی هەواڵ دەکرێت لە دادگادا سکاڵای لەسەر بنووسرێت. لە ئەورووپا و ئەمەریکادا رۆژنامەیەک یان کەناڵێک کە پشتگیری لە سەرکردە یان لایەنێک دەکات، ئەوە کارێکی ئاساییە تا ئەو شوێنەی تێکەڵ بە هەواڵ نابێت. هەڵبەت دەزگای **(بی بی سی: BBC)** کە بودجەی لەسەر **(تاکس: باج)**ی خەڵکە،

هەر دەبێت بێ لایەن بێت، هەرچەندە گەلێک جاریش رەخنە لە بێلایەنیی ئەو دەزگایەش گیراوە. هەڵبەت دەزگای دیکەی میدیا هەردوو بابەتی هەواڵ و ریکلامیش بڵاو دەکەنەوە.

## پاشبەند
## پەیمان شەرەف (شەرەفنامە)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان

شەرەفنامە، یان پەیمان شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان پەیوەندییەکی مکوم و ئۆرگانیی بە ئەخلاقی رۆژنامەوانی و پیشەی رۆژنامەنووسییەوە هەیە.

ئەو شەرەفنامەیە بە زمانی عەرەبی لە نێو جانتای وۆرک شۆپەکەدا بوو. بە راوێژ لەگەڵ مامۆستا **عەبدوڵلا زەنگەنە** سەرنووسەری گۆڤاری **((رۆژنامەنووس))**، بە پێویستم زانی بیکەمە کوردی. ئەمەش دەقەکەیەتی:

ئەم جارنامە جیهانییە وەک پێوەرێک داندراوە بۆ کاری پیشەییانەی ئەو رۆژنامەنووسانەی زانیاری کۆدەکەنەوە و دەیگوازنەوە و دابەشیشی دەکەن، سەرباری ئەوانەش کە لە کاتی قسە کردنیان لە بارەی رووداوەکانەوە، سەبارەت هەواڵەکان لێدوان دەدەن.

١ ـ یەکەمین ئەرکی رۆژنامەنووس، ڕێزگرتنە لە مافی خەڵک لە گەیشتن بە راستی.

٢ ـ رۆژنامەنووسان هەموو کاتێک لە میانی کار کردنیاندا داکۆکی لە ئازادی دەکەن، ئەویش لە ڕێی گواستنەوە و بڵاو کردنەوەی هەواڵ بە دەست پاکی و راستگۆییەوە، هەروەها مافی دەربڕینی لێدوان و رەخنە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.

٣ ـ رۆژنامەنووس هەر ئەو هەواڵانە بڵاو دەکاتەوە، کە سەرچاوەی راستییەکانیان دەزانێت، هەروەها زانیارییەکی گرنگ ناشارێتەوە یان بەڵگەنامەش چەواشە ناکات.

٤ ـ پێویستە رۆژنامەنووس ئامرازی ڕەوا بۆ بەدەست هێنانی هەواڵ یان وێنە یان بەڵگەنامە، بەکار بهێنێت.

٥ ـ رۆژنامەنووس ئەوپەڕی توانای دەخاتە گەڕ بۆ راست کردنەوە یان هەموار کردنی زانیارییەک، کە بڵاو کراوەتەوە و دیتی ورد نییە و زیان بەخشە.

٦ ـ پێویستە رۆژنامەنووس نهێنییپارێز بێت، سەبارەت بەو ژێدەرەی زانیاری کە داوا دەکات ناوی ئاشکرا نەکرێت.

٧ ـ پێویستە رۆژنامەنووس بەرامبەر بەو مەترسیانە وریا بێت، کە بە هۆی ئەو جیاکاری و نایەکسانییەی ڕەنگە میدیا بانگەشەی بۆ بکات، دێنە ئاراوە. هەروەها هەرچی لە تواناشیدا هەیە بیکات، بۆ خۆپاراستن لە پێشکەش کردنی ئاسانکاری بۆ ئەم جۆرە بانگەشانە، کە ڕەنگە لەسەر بنەمای ڕەگەز یان توخم یان زمان یان ئایین یان بیروباوەڕی سیاسی و جۆری بیر و باوەڕ یان ڕەگەزنامە یان بنەچەی کۆمەڵایەتی، رۆنرا بن.

٨ ـ پێویستە رۆژنامەنووس ئەم شتانەی دادێن بە زێدەڕۆییەکی مەترسیداری پیشەیی بزانێت: خۆگۆڕین، ڕاڤەی بەدنیەتانە، درۆ هەڵبەستن، تانە، تەشەر، تۆمەتبار کردنی بێ بنەما، بەرتیل وەرگرتن جا چ لەپای بڵاو کردنەوەدا بێت یان بۆ شاردنەوەی زانیاری بێت.

٩ ـ ئەو رۆژنامەنووسانەی شایستە بە پیشەی خۆیانن، پێویستە باوەڕیان وابێت، کە ئەرکی ئەوانە بە ئەمینی ئەو بنەمایانەی باس کران، پەیڕەو بکەن. ئەویش لە چوارچێوەی گشتیی یاسا لە هەر دەوڵەتێکدا.

سەبارەت بە پرسی پیشەییەوە، پێویستە رۆژنامەنووس سەربەخۆیی هاوکارانی ڕەچاو بکات، بەدەر لە هەر شێوە دەست تێوەردانێک چ لە لایەن حکوومەتەوە بێت یان لایەنی دیکە.

ئەم جارنامەیە لە ساڵی ١٩٥٤دا لە لایەن ئەنجوومەنی جیهانیی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسانەوە گیرایە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٨٦یشدا لە لایەن ئەنجوومەنەکەوە هەموار کرا.

# کۆمەڵە میدیایی نێودەوڵەتییە گەورەکان

محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە مەزنەی تەکنەلۆژیای کە گۆڕەپانی گەیاندن بەخۆوەی بینیوە، سەرچاوە هەواڵییەکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زۆربوون، بەڵام سەرچاوە سەرەکییەکان هێشتا کۆنترۆڵی خۆیان وەک سەرچاوەیەکی هەواڵی پاراستووە، گرنگترینیان: رۆیتەرز، ئەسۆشێتدپرێس (AP) کە دواتر بووە (APTN)، ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی (AFP)، یونایتد پرێس ئینتەرناشنالّ (UPI)، فیزنیوز (VIS) و تۆڕەکانی ئاڵوگۆڕی هەواڵی وەک یۆرۆ فیزیۆن و ئینتەر فیزیۆن. هاوکات شەش کۆمەڵەی سەرەکی گەورە هەن کە لەسەر ئاستی جیهاندا لە چالاکی میدیایدا کار دەکەن و ئامادەبوونێکی نێودەوڵەتی گەورەیان هەیە و هەریەکە هێندەی توانای خۆی. چوار لەم کۆمەڵانە ئەمەریکایین و یەکێکیان ئەوروپاییە و ئەوی دیکە ئوسترالی و ئەمەریکاییە:

**١/ تایم وارنەر:** گەورەترین دەزگای میدیاییە لە جیهاندا و فرۆش زیاتر لە ٢٥ ملیار دۆلارە کە سێیەکی لە ئەمەریکا، چاوەڕوان دەکرێ داهاتی لە دەرەوەی ئەمەریکاوە بۆ ٥٠٪ زیاد بکات، زۆر لە چالاکییە میدیاییە جۆراوجۆرەکانی لەخۆگرتووە، لەوانە:

٢٤ گۆڤار، لەوانە **(تایم)**.

– دووەم گەورەترین دەزگای بڵاوکردنەوە لە ئەمەریکا.

– تۆڕێکی تەلەفزیۆنی زەبەلاح و ستۆدیۆی بەرنامەو فیلمەکان، باڵەخانەی پەخشی سینەمایی **(زیاتر لە هەزار شاشە)** و گەورەترین تۆڕی کێبڵی تەلەفزیۆنی پارەدەر لەجیهاندا.

– کۆمپانیاکانی فیلم لە ئەوروپاداو زۆر لە دوکانە وردە فرۆشەکان.

– کتێبخانەیەکی گەورەی فیلم، شەش

هـەزار فیلم و بەرنامەی تەلەفزیۆنی ٢٥ هەزار بەرنامە.

– هـەندێ لـە کـەناڵـە تـەلـەفـزیـۆنـیـیـە نێودەوڵەتییەکان وەک (CNHN، TNT، HBO).

– بەشداریکردنێکی زۆر لە کەناڵ و تۆڕە تەلەفزیۆنی یان بینینییەکاندا.

ژمارەی تەماشاکەرانی وێستگەی هەواڵی (CNN) زیاترە لە ٩٠ ملیۆن کەس لە ٢٠٠ وڵاتی جیهان، بەڵام (HBO) ملیۆنێک و ٢٠٠ هەزار بەشداربووی هەیە لە جیهاندا.

**٢/ کۆمەڵەی بەرتەلزمان:** گەورەترین کۆمەڵەی میدیاییە لە ئەوروپاو سێیەم کۆمەڵەیە لەرووی گەورەییەوە لە جیهاندا، داهاتی سالانەی لە ١٥ ملیار دۆلار زیاترە، هاوپەیمانێتی و هاریکاری هەیە لەگەڵ زۆر لە کۆمەڵە میدیایە نێودەوڵەتیەکان لە ئەوروپاو ژاپۆنداو زۆر چالاکی هەیە، لەوانە:

– کەناڵی تەلەفزیۆنی لە ئەڵمانیاو فەرەنسا و بەریتانیا، سەرەڕای ستۆدیۆی سینەمایی جۆراوجۆر.

– کۆمەڵێ وێستگەی ئەوروپایی.

– ٤٥ کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی کتێب بە زمانە جیاجیاکانی ئەوروپا.

– زیـاتـر لـە سـەد گـۆڤـار لـە ئـەوروپـاو ئەمەریکادا.

**٣/ کۆمەڵەی ڤیاکەم:** کۆمەڵەیەکی میدیای بەهێزە لـە ئەمەریکا، چارەکێکی داهاتی سالانەی کە لە دەرەوەی ئەمەریکا دەست دەکـەوێ ١٣ ملیار دۆلارە، بە بەردەوامی سەرقاڵی خۆ فراوانکردنی نێودەوڵەتییە، هاوپەیمانێتی لـەگـەڵ ژمـارەیـەکـی زۆری کۆمەڵە میدیاییەکادا هەیە و چالاکییەکانیشی جۆراوجۆرە، لەوانە:

– ١٣ وێستگەی تەلەفزیۆنی لە ئەمەریکا سـەرەڕای چـەنـدەهـا تـۆڕی پەخشکردنی ئاسمانی.

– کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی و سینەمایی و ڤیدیۆیی و موزیکی.

– کۆمپانیاکانی بڵاوکردنەوەی کتێب.

**٤/ دیـزنـی:** گـەورەتـریـن کێبرکێکەری کۆمەڵەی **(تایم وارنـەر)**ەو داهاتی لە ٢٤ ملیار دۆلار زیاترە، لەبواری فیلمی منداڵاندا کارێکی بـاش دەکـات و بـە گـەورەتـرین بەرهەمهێنی مـادە منداڵییەکان لە جیهاندا دادەنرێ، هەر لە رۆژهەڵاتەوە **(چینەوە)** تا ئەوروپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا دەگاتە ئەمەریکای لاتینی ئامادەبوونی هەیە، چالاکی جۆراوجۆری هەیە لەوانە:

– سـتـۆدیـۆ فیلمی و ڤـیـدیـۆیـیـەکـان و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و، تۆڕی (ABC) تەلەفزیۆنی زەبەلاح لە ئەمەریکا، وێستگەی جۆراوجۆری تەلەفزیۆنی و رادیۆیی.

– چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی نێودەوڵەتی وەک (DISNEY، ESPN)ی وەرزشی.

– بازاڕی بازرگانی لەژێر ناوی **(دیزنی)**داو سەنتەرەکانی یاریکردن و رابـواردن لە سەرتاسەری جیهاندا.

– دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کتێب.

– حـەوت رۆژنـامـەی رۆژانـەو سێ کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی گۆڤار.

ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ داموەدەزگا میدیاییەکان لە ئـەوروپـاو ئاسیاو ئەمەریکای لاتیندا، هەروەها لەگەڵ کۆمپانیاکانی پەخشکردن و گەیاندنی فرە رەگەزیدا هاوپەیمانێتی هەیە. **(مایک ئیزنەر)** بەڕێوەبەری کۆمپانیای والت دیزنی دەڵێ: "زۆر شوێن هەیە لە جیهاندا بەو پڕۆگرامانە رازی نابن کە ناوەڕۆکیان سیاسی بێ، بـەڵام بەوانە رازی دەبـن کە ناوەڕۆکی کارتۆنی سووکیان هەبێ وەک بەرهەمەکانی دیزنی کە بەگوڕێکی زۆرەوە دەیانەوێ".

**٥/ نیوز کۆرپەرەیشن:** پێنجەم کۆمەڵەی گـەورەیـە لـەبـواری مـیـدیـادا، کـە داهـاتـی دەگاتە دە ملیار دۆلار، بـەڵام گەورەترین یاریزانی نێودەوڵەتییە لـەبـواری میدیا لە جیهاندا، کۆمەڵەی **(رۆبەرت مەردۆخ پێنج)**ی دامـەزراند کە ئێستا خاوەنی سێ یەکێتی

چالاکییە میدیاییەکانی لە سەرتاسەری جیهان، لەوانە:

- ١٣٢ رۆژنامەو ٢٥ گۆڤار لە ئوستراليا‌و بەریتانیاو ئەمەریکا **(بە یەکێک لە سێ کۆمەڵە رۆژنامەگەرییە گەورەکان دادەنرێ لەجیهاندا)**.

- کۆمپانیای فۆکس بۆ بەرهەمهێنانی سینەمایی و تەلەفزیۆنی، تۆڕی فۆکس بۆ پەخشکردنی تەلفزیۆنی، سەرەڕای ٢٢ وێستگەی تەلەفزیۆنی.

- تۆڕی ستار بۆ پەخشکردنی ئاسمانی بە دەوری جیهانداو، تۆڕی سکای بەتایبەتی لە بەریتانیادا.

- دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کتێب.

ئەم کۆمەڵەیە لەبواری میدیادا لەگەڵ کۆمەڵە میدیاییەکانی دیکەدا هاوپەیمانە، بنکەی سەرەکی لە شەش وڵاتدایە، کە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی لێوە پەخش دەکرێ، بەتایبەتی وڵاتانی ئوستراليا، بەریتانیاو ئەمەریکا. بە ئاڵۆزترین و فراوانترین کۆمەڵەی میدیایی لە قەڵەم دەدرێ و لە وڵاتانی چین و هندستاندا **(سەرەڕای ئەوروپاو ئەمەریکا)** دەستی باش دەڕوا. سەرکەوتوویی شێوازی کارکردنی دەگەڕێتەوە بۆ هاوبەشبوونی لەگەڵ لایەنە جێبەجێکارە ناوخۆییەکاندا، سەرەڕای خۆ دوورخستنەوە لە پێکداکێشانی بیروبۆچوونە سیاسییە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتانەی کە کاری تێدا دەکەن.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵەیە، بریتییە لەوەی بە زۆر زمانی جیهانی پەخشی خۆی دەکات، بۆ نموونە کۆمەڵەی (FOX) لە ئەمەریکای لاتینیدا بەهەردوو زمانی ئیسپانی و ئینگلیزی پەخش دەکات. هەروەها دەتوانێ رۆڵی خۆی لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکاندا ببینێ و پێگەی خۆی تیادا جێگیر بکات، هاوکات سەرچاوەی هەواڵیی و بەرنامەیی تایبەت بەخۆی هەیە کە بریتین لە کۆمپانیای سەربەخۆیان هاوبەش، سەرەڕای هەبوونی کەناڵی پەخشکردنی تایبەت بە خۆیان.

**٦/کۆمەڵەی (TCT):** تایبەتە بە پەخشکردنی تەلەفزیۆنی بەهۆی کێبڵ و مانگی دەستکرد لەمیانەی تۆڕی بەشداریکردنەوە. لەم بوارەشدا بوونێکی بەهێزی هەیە چونکە خاوەنی دوو مانگی دەستکردە بۆ پەخشکردن بە دەوری جیهاندا **(نرخیان ٦٠٠ ملیۆن دۆلارە)**، داهاتی سالانەی ئەم کۆمەڵەیە لە حەوت ملیار دۆلار زیاترە.

هەروەها دوو جۆرە کۆمەڵە میدیای نێودەوڵەتی دیکە هەن:

**یەکەم:** چالاکی میدیایی تیایدا بەشێکە لە چالاکییەکی فراوانتری کۆمپانیا سەرەکییەکە.

**دووەم:** کۆمەڵەی میدیایی بچووکتر لەرووی داهاتەوە، بەڵام ئیمپراتۆریەتی میدیایین کە سالانە داهاتیان لە یەک ملیار دۆلار کەمتر نییە، لێرەدا ئەوانە کە دیارترن و لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا زیاتر بوونیان هەیە بریتین لە:

١/ یونیڤێرسال: **(کۆمەڵەی سیگرامی نێودەوڵەتی)** خاوەنیەتی و داهاتی کۆمەڵەی میدیایی تیایدا حەوت ملیار دۆلارە، ئەمەش نیوەی داهاتی کۆمپانیا سەرەکییەکەیەتی. بەرچاوترین چالاکییەکانی بریتییە لە بەرهەمهێنانی کاری سینەمایی و تەلەفزیۆنی و موزیکی و بڵاوکردنەوەی کتێب، کە خاوەنی ٢٧ کتێبخانە لەجیهاندا، لە ئەوروپاو لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا بەدەسەڵاتە **(بەنیازە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار تا ساڵی داهاتوو لە وڵاتی چیندا بخاتە گەڕ)**.

**٢/ بوڵیگرام:** کۆمپانیای فلیپسی بەناوبانگ خاوەنییەتی، کارە سەرەکییەکانی بریتین لە بەرهەمهێنانی سینەمایی و تەلەفزیۆنی، داهاتی لە شەش ملیار دۆلار زیاترە، نیوەی فرۆشتنەکانی لە ئەوروپاو چارەکێکی لە ئەمەریکایە.

**٣/ سۆنی بۆ رابواردن:** بەشێکە لە

کۆمپانیای زەبەلاحی سۆنی ئەلیکترۆنی ژاپۆنی، تایبەتمەندە لە بەرهەمهێنانی سینەمایی و تەلەفزیۆنی و مۆزیکی و پەخشکردنی ئاسمانی، داهاتی ساڵانەی لە ٩ ملیار دۆلار زیاترە، هاوبەش و هاوپەیمانێتی جۆراوجۆری هەیە لە ئەورووپاو ئاسیاو ئەمریکای لاتیندا.

**٤/ ژەنـــەراڵ ئیلیکتریک:** لە کۆمپانیا گەورەکانی جیهانە تایبەتمەندە لە کەرەستە کارەباییەکاندا، خاوەنی تۆڕی (NBC) تەلەفزیۆنی و رادیۆییە، داهاتی زیاترە لە پێنج ملیار دۆلار، ئامادەبوونێکی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانێتی جۆراوجۆری هەیە لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرنامە کۆمپیوتەریەکانی مایکرۆسۆفت، ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری خەرجکردووە بۆ خستنەگەڕی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی هەواڵیی بەهۆی ئینتەرنێتەوە کە ئەویش کەناڵی (MSNBC)ە.

**٥/ کۆمەڵەی هۆڵنجەر (کەنەدا):** خاوەنی چالاکیەکی رۆژنامەوانی فراوانە، خاوەن ٦٠ رۆژنامەی رۆژانەیە.

**٦/ تەلەفزیۆنی راستەوخۆی ئەمەریکی (دایرێکت تیڤی):** ئەم کۆمپانیایە بریتییە لە کۆمپانیای پەخشکردن لەرێگەی مانگە دەستکردەکانەوە کە خاوەن ١٤ مانگی دەستکردە لە جیهاندا و سەر بە کۆمپانیای (HUGE)ی ئەلیکترۆنی، کە بەشێکە لە **(ژەنـــەراڵ مۆتۆرز)**. تەلەفزیۆنی دایرێکت پەخشی دەگاتە ١٠٠ وڵات و مۆرکی گشتی بریتییە لە جوڵاندنەوەی ئاسۆیی و هەوڵدان بۆ پەخشکردنی بەرنامەکانی لە رووبەرێکی فراوانتر لەسەر رووی زەوی، هەرچەندە بوونی ئەمەریکی بەسەر ئەم جوڵانەوەیە زاڵە. بەشێوەیەکی گشتی زۆر کۆمەڵەی میدیای هەن **(لە ئەمریکا زیاتر لە ٢٠ کۆمەڵە هەن کە داهاتی ساڵانەیان لە یەک ملیار دۆلار زیاترە، نزیک بەوەش لە ئەورووپادا)**.

بەڵام چوار دەزگای میدیایی هەن لە ئەمریکای لاتیندا کە قەبارە دووەمن و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کار دەکەن، هاوکات لە ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەزگای قەبارە دووی تیادا نییە، هەروەها ناوچە عەرەبییەکان رەوشیان لاوازترە. ژاپۆن سەرەڕای بەهێزی لەرووی ئابووریەوە ئەوا لەرووی میدیایەوە لە رۆژئاوا دواکەوتووترە، جگە لە کۆمپانیای سۆنی، دەزگای میدیایی نێودەوڵەتی ژاپۆنی دیکە نییە، سەرەڕای بوونی چەندین دەزگای میدیا **(لەکۆی هەزار کۆمپانیا ٢٢٧ کۆمپانیای ژاپۆنی گەورەی تێدایە)** بەڵام ئەم دەزگایانە جەخت لەسەر بازاڕی ناوخۆی ژاپۆنی دەکەنەوە، یەکێکیان (NHK)ەیە کە داهاتی لە شەش ملیار دۆلار زیاترە.

**سەرچاوەکان:**


- د. مۆید عبدالجبار الحدیثی، العولمة الأعلامیه و الأمن القومی العربی، ط١، الدار الأهلیه للنشرو التوزیع، عمان، ٢٠٠٤.
- عبدالله زلطه، الإعلام الدولی، دار الفکر العربیه، القاهره، ٢٠٠١.
- د. محی محمد سعید، ظاهرة العولمة الأوهام و الحقائق، دار المطبوعات الجامعیة، الأسکندریه، ٢٠٠٤.
- محسن فتحی عبدالصبور، اسرار الترویج في عصر العولمة، مجموعة النیل العربیة، القاهرة، ٢٠٠١.

# رۆڵی سریانەکان لە سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی عیراقدا

جۆرج هستدو

**پێشەکی:**

مەسیحییە سریانەکان رۆڵێکی کاریگەریانەیان گێڕاوە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و بونیادنانی قەوارە کارگێڕییەکەیدا لە هەموو رووبەکی زانستی و ژیانییەوە بەر لەوەی بەریتانیا عیراق داگیر بکات و لە سەروبەندی داگیرکردن و دواتریش، ئەم رۆڵە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارێتی عوسمانییەکان لە عیراق. نەک هەر ئەوەش بگرە رۆڵیان پەلی هاویشتووە بەرەو سەردەمی خیلافەتی ئیسلامی لە عیراقدا نەخوازە لە هەردوو سەردەمی ئومەوی وعەباسییەکاندا کە لاپەڕەکانی مێژوو پڕە لە چەندین ناوی ئەو کەسایەتییانەی رۆڵی بەرچاویان بینیوە بۆ دەوڵەمەندکردنی کلتووری عەرەبی لە ڕێگەی وەرگێڕانی کتێبانی گرنگ و ئەو رەشنووسە جیهانییانەی باسیان لە پزیشکی و فەلەکناسی و ئەندازیاری و زمانەوانی کردووە لە زمانی یۆنانی و فارسییەوە بۆ سەر زمانی سریانی و دوایش بۆ زمانی عەرەبی. بێجگە لەوەش مەسیحییانی سریان بەشداریان کردووە لە هەڵسوڕاندنی خیلافەت و بە زەقی دیارە و زیاتر خۆی دەنوێنێ لە سەردەمی دەسەڵاتی هەر یەک لەم خەلیفانە: عەبدلمەلیک کوڕی مەروان، ئەبو جەعفەری مەنسور، هارونە ڕەشید، مەئموون. ناودراترین ئەو نووسەر و وەرگێڕانە: حەینینی کوڕی ئیسحاق و جۆجیۆسی کوڕی یەختیشوع و یەحیای کوڕی عەدی و یۆحەننای کوڕی ماسەویە و **(ئیبن عبری)**ی فەیلەسووف بوون.

لەگەڵ دامەزراندنی حوکمی عوسمانییەکان و بالادەستییان لە عیراق و ناوچەکەدا و

بەهۆی ئەو بیروباوەڕە ئاینییە تەسکەیانەوە کە باو بوو و هەروا بەهۆی پاشەکشەی رۆڵی زانست و ماریفەت لەنێو خەڵکیدا، مەشخەڵی مەسیحییەکان کوژایەوە و پێوەندی و بەردەوامبوونی زانایان لەگەڵ دەوروبەری دەرەوەیان پچڕا و ئەو پایەی پێشتر هەیان بوو لەدەستدا..

أنستانس ماري الكرملي

عیراق لە سەروبەندی دەسەڵاتی داگیرکاری عوسمانییەکاندا نەهامەتی زۆری چەشت و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری دارما و تاوەکو نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم واتا تاوەکو ئەو دەمەی مەدحەت پاشا بووە والی عیراق سالی ١٨٦٩، عیراق هیچ هەنگاوێکی چاکسازی بەخۆوە نەبینی. مەدحەت پاشا بە پێشەنگی هەموو والیەکانی عوسمانی دەژمێردرێ کە بایەخێکی زۆر بە رۆژنامەگەری دا و چاپخانەی دامەزراند و هانی بڵاوکردنەوەی دا وەک باشترین هۆ بۆ تازەگەری و پێشخستنی کۆمەڵگە، خۆیشی یەکێک بوو لە هەوادارانی ئەم بۆچوونە. چاپخانەیەکی حکوومی لە بەغدا دامەزراند و یەکەمین رۆژنامەی ڕەسمی لە عیراق بەناوی (زەورا)وە لە (١٥)ی حوزەیرانی سالی ١٨٦٩ دەرکرد. لەپاش داگیرکردنی عیراق لەلایەن بەریتانیاوە (١٩١٤ - ١٩١٨) رۆژنامەگەری پێشکەوت و لە ڕووی چەشنییەوە وەرچەرخانێکی باشی بەخۆوە دی. ئینگلیزەکان هانی رۆژنامەگەرییان دا وەک هۆکارێکی پڕوپاگەندە بۆ بەرژەوەندی خۆیان لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی ئۆبالی بەرپرسیارێتی داڕوخان و پاشکەوتنی عیراق بخەنە ئەستۆی عوسمانییەکان..

جريده البلاد

ڕۆشنبیرانی سریان بەشداریەکی ڕاستەقینەیان کرد بۆ پێشکەوتنی رۆژنامەنووسی لە عیراق پاش یەکەمین سەرهەڵدانی لە سەدەی نۆزدەهەمیندا و بەڵکو بەشداریش بوون لە دامەزراندنی رۆژنامەگەریی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی. زۆربەی پێشەنگەکانی رۆژنامەگەریی عیراق لە ڕۆشنبیرانی سریان بوون و بەشداریان هەبوو لە دەرچوونی چەندین رۆژنامەی سەرەکی لە ژیانی سیاسی عیراقدا، لەوانە: باوکە ئەنستاس ماری کەرمەلی، ڕۆفائیل یازجی، داود حلیوا، عیسا مەحفوز، تۆفیق سەمعانی، فەتحوڵڵا سرسم، یوسف غونەیمە، ڕۆفائیل بەتی، پۆلینا حەسوون، ڕەزووق داود غەننام..

دەبێ ئەو هەقیقەتەش بزانرێ کە مەسیحییانی سریان

هاوکار بوونە لە بونیادنانی کۆمەڵگەی عیراق و پێشکەوتنی و دەوڵەمەند کردنی شارستانیەتەکەی لە رووی مادی و مەعنەوییەوە بە درێژی چوارده سەده تاوەکو ئەمڕۆ و بەشدار بوونیان لە هەموو سەردەمەکاندا کاریگەر و دیار و جێی متمانە و ڕێز گرتنی هاوڵاتیانیان بووە لای سەرجەم رۆڵەکانی عیراق.

**روفائیل بطی**

**سەنجێک بەرەو دوواوە:**

پێش ئەوەی بچینە ناوی ئەم بابەتەوە پێویستە ئاماژە بدەین کە ئەم لێکۆڵینەوە سادەیە سەرەتایەکە بۆ بیرۆکەی توێژینەوەیەکی گشتی و گەورەتر سەبارەت بە رۆڵی مەسیحییەکان بە هەموو ڕێبازێکیانەوە لە سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری لە عیراق. ئێمە لە قۆناغی کۆکردنەوەی سەرچاوە و دیکۆمێنتە تایبەتییەکان، پێمان باش بوو لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی وەها بڵاو بکەینەوە بۆ ئەوەی غەمخۆرانی ئەم بواره شارەزایان لەسەر هەبێ و سوودی لێ وەربگرن، ڕەنگە ئێمەش سوودی زیاتری لێ وەربگرین لە حاڵێکدا هەر زانیارییەکی نوێ یان شیکردنەوەیەکمان پێ بگات لە شوێنی خۆی باسمان نەکردبێ. دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە واژەی **((سریان))** کە لە ناوونیشانەکە و هەم لە میانەی بڕگەکاندا هاتووە بە واتای مەسیحییەکانی عیراق بە گشتی دێت بە هەموو تایفە و کڵێساکانیان لە (کلد و سریان و ئاشوورییەکان)، پەسەند کردنی ئەم ناوە بەلامانەوە لە ڕوانگەی ئەوەوە هاتووە کە لە مێژووی عیراقی هاوچەرخ لەوتەی ئیسلام لە عیراق ڕەگی داکوتا و ئەنجا هەردوو دەوڵەتی ئومەوی و عەباسی دامەزران و تاوەکو سەردەمەکانی دواتریش ناوەکە پایەیەکی فراوانی لە بەکارهێنان بەرکەوتووە لەنێوان دانیشتوانی عیراق و وڵاتانی دەوروبەر.

**فتح الله جرجیس سرسم**

سەرەتا وا لە خوارەوە ئەو دەسکەوتە ڕۆژنامەگەرییە دەخەینە ڕوو کە سریانەکان ڕۆڵی پێشەنگیان تێدا بینیوە هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری لە عیراق تاوەکو سالانی دواتر..

**یەکەمین چاپخانە لە عیراقدا:**

زۆربەی مێژوونووسانی عیراق کۆکن لەسەر ئەوەی کە باوکانی دۆمنیک ڕۆڵێکی گرنگیان دیوە بۆ گەشەسەندنی ئەدەبی لە عیراقق بە گشتی و شاری موسڵیش بەتایبەتی،



گۆڤاری زامانی عەرەب

ئەوان لە سەرەتاوە بایەخێکی زۆریان بە کلتوور و ئەدەب و بڵاو کردنەوە داوە. زانانی پایەبەرز (عەلی وەردی) لە کتێبەکەیدا (چەند کورتە باسێکی کۆمەڵایەتی لە مێژووی نوێی عیراق) جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە (باوکانی دۆمنیک) یەکەمین چاپخانەی بەردینیان لە عیراق سالّی ١٨٥٦ لە مووسڵ دامەزراندووە(٢) و (**خوری یوسف داود**)یان بە سەرپشتیاری چاپخانەکە داناوە، ئەمە یانی (١٣) سالّ پێش دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی عیراق (**زەورا**) ئەوان چاپخانەیان دامەزراندووە. باوکانی دۆمنیک پەرەیان بەم چاپخانەیە داوە و لە سالّی ١٨٥٩ کردوویانە بە چاپخانەی پیت. لە پاشان چاپخانەکە قالّبێکی هەبووە بۆ رژاندنی پیت و بەشێکی تایبەتیش بۆ بەرگ گرتنی هونەری نوێ . ئەم چاپخانە دۆمنیکییە بۆ ماوەی پتر لە (٥٠) سالّ لە کارکردندا بووە و بۆتە هۆکارێکی پێشکەوتنی ئەدەبی لە عیراق. بەڵام کە شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا حوومەت دەستی بەسەردا گرت.

شایەنی باسە (**باوکانی کەرمەلی**) سالّی ١٩١٤ لە بەغدا چاپخانەیەکیان دامەزراند بەناوی (**چاپخانەی مالّی هەتیوان**)، بەڵام هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دەکردنی ئەرمەنییەکان بۆ تورکیا، وای کرد چاپخانەکە پەکی بکەوێ. باوەڕیش وایە جارێکی تر لەسالّی ١٩٢٤ تاوەکو سالّی ١٩٣٥ کەوتبێتەوە کار و لە چاپدانی گۆڤاری (لغة العرب= زمانی عەرەبەکان)ی (باوکە ئەنستاس کەرمەلی) گرتۆتە ئەستۆ کاتێک دووبارە دەرچووە.

(**اکلیل الورد = چەپکە گوڵ**) یەکەمین گۆڤارە لە عیراق دەرچووە:

لە کانوونی یەکەمی سالّی ١٩٠٢ باوکانی دۆمنیک لە شاری مووسڵ گۆڤارێکیان دەکرد بەناوی ((اکلیل الورد = چەپکە گوڵ))، ئەمە یەکەمین گۆڤار بوو ئەو کات لە عیراق دەرچووە. بۆ ماوەی (٥)) سالّ بەردەوام بوو تاوەکو جارێدانی دەستووری عوسمانی لەسالّی ١٩٠٨، گۆڤارێکی مانگانەی ئایینی ئەدەبی بوو، گرنگی دەدا بە هەواڵی داهێنانی نوێ، وەک: تەلەفۆن، ئۆتۆمبیل، هەروا بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئامار دەربارەی نەوت و بەرهەمهێنانی و گرنگی لە پیشەسازیی تازەدا.

((**العراق**)) یەکەمین رۆژنامەی سیاسی بوو لە پاش داگیرکردنی ئینگلیز دەرچووە:

رۆژنامەی ((**العراق**)) یەکەمین رۆژنامەی رامیاری بوو کەسێکی عیراقی لە دوای داگیرکردنی عیراق لەلایەن بەریتانیاوە نێوان سالّانی ١٩١٤ - ١٩١٨ دەری کردووە، هەروا ((**رەزووق داود غەننام**)) لەسالّی ١٩٢٠ دەری کردووە پاش ئەوەی رۆژنامەی ((**العرب**)) لەکار کەوتووە. دیسان رەزووق غەننام)) لەسالّی ١٩٢٣ رۆژنامەیەکی ئێوارانی بە ناوی ((**العراق المسائی**)) دەرکردووە، بەڵام پتر لە سالّێک بەردەوام نەبووە.

**گۆڤاری ((لەیلا)) یەکەمین گۆڤارێک بووە، بۆ ئافرەتان:**

پێشەنگی کۆششی رۆژنامەگەریی تەنیا تایبەت نەبووە بۆ پیاوانی سوریان، بگرە ئافرەتانیشی گرتۆتە خۆ، دەبیننی رۆژنامەگەریی عیراقی سەرهەڵدانی یەکەمین گۆڤاری ئافرەتانی لە ساڵی ١٩٢٧ بەخۆوە بینیوە، ئەویش کاتێک خاتوو رۆژنامەنووس (پۆلینا حەسوون) گۆڤارێکی تایبەت بە ئافرەتانەوە دەرکرد بەنێوی (لەیلا)وە. ئەم گۆڤارە لاپەڕەکانی تەرخان کرد بوو بۆ پشتگیری لە بەشدار بوونی کاریگەرییانەی ئافرەت لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و نەک تەنیا بە (رۆڵی خستنە رووی ژمارەیەک منداڵ بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان). هەروەها بانگەشەی کردووە بۆ پێشکەوتنی ژنانی عیراق و رەخنەی دەگرت لە بێبەشییان لە فێر کردن و ئەمەی ببە خەسارەتێکی گەورە ناوزەد دەکرد و رەخنەی لە ئافرەت دەگرت، چونکە یەکیان نەگرتووە بۆ رزگار بوون لەم حاڵەتە پەراوێز بوونە و ئەمەشی بە باریکی خەمۆکی و شەرمەزاری لە قەڵەم داوە. دیسا رەخنەی لە پیاویش گرتووە، چونکە بە زۆری ئافرەتیان پشتگوێ خستووە و لێگەڕاون لە باریکی چەقبەستوویدا بژین..

ئەگەرچیش ئەم گۆڤارە مۆرکێکی تازەگەریی پێوە بووە لە ڕێبازەکەیدا، بەڵام نەیوێراوە بانگەشە بۆ لابردنی پەچە بکات، بەڵکو تۆمەتی لابردنی پەچەی ژنیشی بە خۆی دوور خستۆتەوە، لە ژمارە (٣)دا دەڵێت: ئەرکی لەوە بەرزترە بانگەشە ببۆ لابردنی پەچە بکات و پابەند بوون بە جل و بەرگی رۆژئاواییەوە هەبێت). لە خوارەوەدا کۆمەڵێک لەو بڵاوکراوانە دەخەینە روو کە رۆژنامەنووسانی سوریان دەریان کردووە یان سەرنووسەریان بوونە لە سەرەتای دەرهەڵدانی رۆژنامەگەرییەوە لە عیراق و بەپێی ریزبەندیی زمانەکەیان بە کۆنترەوە بەرەو تازەتر:

**گۆڤاری ((زهیره بغداد = گولیلکەی بەغدا)):**

لەساڵی ١٩٠٥ باوکانی کەرمەلی دوو گۆڤاری ئاییننیان لە بەغدا دەرکرد، یەکەمیان بە زمانی عەرەبی بەنێوی **(زهیره بغداد = گولیلکەی بەغدا)** و ئەوی دیکەیان بە زمانی فەڕەنسی بە نێوی **(باوەڕ و کار)**ەوە گۆڤاری **(گولیلکەی بەغدا)** لاپەڕەکانی تەرخان کردبوو بۆ گرنگی پێدان بە بابەتی ڕێنمایی و ئاڕاستە کردنی ئاییننی بە چەندین شێوەی وەک: بڵاو کردنەوەی چیرۆکی مرۆڤایەتی. جگە لە بایەخدان بە بڵاو کردنەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی گرنگ و چارەسەر کردنیان بە شێوازی ڕێنمایی ئاییننی.

**رۆژنامەی (صدی بابل = دەنگدانەوەی بابل):**

لە ١٣ی ئابی ١٩٠٩ مامۆستا سلێوە موسڵاوی، رۆژنامەی **(دەنگدانەوەی بابل)**ی لە بەغدا دەکرد. لە ژێر ناوەکەیدا دەڵێ: رۆژنامەیەکی سیاسی بازرگانییە. لە وتارەکانیدا هانی دەدا بۆ گرتنە بەری هۆکارەکانی پێشکەوتن و گەلێ هەڵوێستی شەرەفمەندانەی هەبووە لەروی هوروژاندنی خوێنەران و جەختکردنە سەر داوای مافیان و چاککردنی بارودۆخیان.

رۆژنامەی **(صدی بابل = دەنگدانەوەی بابل)** گرنگی داوە بە لایەنەکانی ئابووری و بایەخی ئەم بووارە لە پێشکەوتنی ژیاندا. مامۆستا سلێوە کە لەدایکبووی ساڵی (١٨٥٢)ە لە شاری مووسڵ، بێجگە لەم رۆژنامەیە لە ساڵی ١٩١٣ گۆڤارێکی دەرکدووە بە نێوی **(الغرائب = سەیر و سەمەرە)**.

**رۆژنامەی نەینەوا:**

ژمارە (١)ی رۆژنامەی نەینەوا لە (١٥)ی

تەممووزی ساڵی ١٩٠٩ بە زمانی عەرەبی و تورکی لە شاری مووسڵ دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی فەتحوڵڵا جەرجیس سرسم و سەرنووسەری بەشە عەرەبییەکەی موحەمەد ئەمین ففەرخی و سەرنووسەری بەشە تورکییەکەشی عەلی حیکمەت بووە، لە سەرەوەیدا دەڵێ: **(رۆژنامەیەکی ئەدەبی زانستی سیاسییە بە شێوەی کاتی هەفتەی جارێک دەردەچێ)**. خاوەن ئیمتیاز دروشمێکی بۆ رۆژنامەکە دانا بوو ئەویش ئەم وتەیە پێغەمبەر بوو **(من رای منکم منکرا فلیغیره..)** رۆژنامەکە وای بڵاو دەکردەوە کە لەبەر چەند هۆیەکی نیشتمانی دەرچووە، وەک: **((نۆکەر و خزمەتکاری نیشتمانە، بەرگریکاری رۆژی تەنگانەیە، بەدوای نەخۆشییەکاندا دەپێچێتەوە، هاندەری وەرگرتنی زانستییە، بانگەشەی یەکێتی دەکات))**. ئەم رۆژنامەیە هاوکاری کردووە لە وریا کردنەوەی رۆشنبیرانی مووسڵ و هاندانیان بۆ مومارەسە کردنی مافەکانیان و جەختیشی کردۆتەوە سەر پێویستی بڵاو کردنەوەی هۆشیاری بە گرنگیی دەستوور و وەرگرتنی.

**گۆڤاری لغة العرب = زمانی عەرەبەکان:**

ژمارە (١)ی گۆڤاری زمانی عەرەبەکان کە باوکە ئەنستاس لە تەممووزی ساڵی ١٩١١ سەرنووسەری بوو، گۆڤارێکی ئەدەبی زانستی مێژوویی بوو بایەخی دەدا بە ژینامەی کۆمەڵایەتی و زاراوەکانی ناوخۆ و لێکۆڵینەوە لە پەندی میللی و چیرۆک و مێژووی عیراق. ئەم گۆڤارە یەکێک بوو لە بەناوبانگترین گۆڤارە ئەدەبییە پایە بەرز و دەوڵەمەندەکانی لەرووی بابەتی باش و چڕ و پڕییەوە خزمەتێکی باشی بە زمانی عەرەبی و ئەدەبی عەرەبی گەیاند و شێوازەکەشی عەرەبییەکەی ڕەوان و زمانێکی بێ خەوش بووە و وشەی ناپوختە و جڵفی هەرگیز بەکار نەهێناوە. نووسەرانیشی ژمارەیەکی هەڵبژاردە بوونە لە نووسەران و ئەدیبانی گەورەی وەک: مەعروف ڕوسافی، محەمەد مەهدی جەواهیری، یوسف رزق الله غەنیمە، ئەحمەد حامید سەراف، یەعقووب سەرگیس، مەحموود مەلاح، عیسا ئەسکەندەر مەعلوفف..

**رۆژنامەی ((العرب)):**

لە (٤)ی تەممووزی ساڵی ١٩١٧ ژمارە (١) رۆژنامەی (العرب) دەرچوو، ئەم دەستەواژەیەی لەسەر نووسرابوو (رۆژنامەیەکی سیاسی هەواڵیی مێژوویی ئاوەدانیی و بە ڕێباز و ئامانج عەرەبی و عەرەب بۆ عەرەب دەری دەکات). باوکە ئەنستانس کەرمەلی داینەمۆ و نووسەری یەکەمی رۆژنامەکە بووە چەند وتار و بابەتی رازاندۆتەوە بۆ بەرز ڕاگرتن و ستایشی شۆڕشی عەرەبیدا(٣) کۆمەڵێک لە ئەدیبانی عیراق و شاعیرە ناسراوەکانی بەشداریان لە نووسینیدا کردووە، وەک: جەمیل سدقی زەهاوی، کازم دوجەیلی، عەبدولحوسێن ئەرزی، محەمەد مەهدی ئەلەبسیر، شوکری فەزڵی، عەتا ئەمین. ئەمانە کە وتارەکانیان بڵاو دەکردەوە ناوی خۆیان بە ئاشکرا نەدەنووسی، بەڵکو بە ناوی خوازراوەی تر بڵاوین دەکردەوە، وەک: ئیبن فوراتەین، ئیبن بابل، ئیبن عیراق، ئیبن حارپ، ئیبن الحقیقە، ئیبن بەغداد، ئیبن ئەبی کونیەتەین...هتد، تەنها جەمیل سدقی زەهاوی نەبێت کە بە ناوی خۆیەوە تێدا بڵاوی دەکردەوە، ئەوانی دیکە هەر بە ناوی نهێنییەوە تیدا شتیان دەنووسی تا کۆتایی جەنگ لە ترسی ئەوەی نەبا تورکەکان بگەڕێنەوە و تووشی فەلاکەتیان بکەن. رۆژنامەکە پاداشتی چەوری بەوانە دەدا لە بایتی هەر وتار و شیعرێک بڵاو کرابایەوە. بۆیە فرە شیعری بەرز و وتاری ڕەنگین دەبارین بەسەر رۆژنامەکەدا و هەمووشیان ستایشی رۆڵی ئینگلیز و سەرزەنشتی تورکانیان لەخۆ دەگرت.

**رۆژنامەی ((السیاسه = سیاسەت):**
ئەم رۆژنامەیە لەلایەن (یەوسف غونەیمە)وە دەردەچوو، رۆژنامەیەکی رۆژانە بوو ساڵی ١٩٢٥ بڵاو دەکرایەوە، بەڵام زۆری نەخایاند و دوای (٦) مانگ لەکار کەوت.

**گۆڤاری (پیوریه = ئاشووریە):**
گۆڤارێکی تایبەت بوو، کارگێڕییانەی ئاشووری لە ١٣ی ئاداری ساڵی ١٩٢٧ لە بەغدا بە زمانی سوریانی دەری دەکرد، بەڵام زۆری نەخایاند پەپەکی کەوت.

**رۆژنامەی ((البلاد = وڵات):**
رۆژنامەیەکی سیاسی بوو، روفائیل و جبرائیل مەلکون دایان مەزراند، یەکەمین رۆژنامە بوو لە بەغدا بە (٦) لاپەڕە دەردەچوو، ژمارە (١)ی لە (٢٥)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٩ دەرچووە..
ئەم رۆژنامەیە پێشکەوتووترین رۆژنامەی عیراقی و زیاتر بەرفرەوان و کاریگەریی پتریشی لەسەر رای گشتیدا هەبوو. هەروەها گرنگی داوە بە ئەدەب و کلتوور و شانۆ و سینەما..
کۆمەڵێک لە ئەدیب و شاعیرە ناودارەکانی عیراق بەشداریان تێدا هەبووە، لەوانە: مەعروف روسافی، جەمیل سدقی زەهاوی، مستەفا عەلی، عەلی شەرقی، ئەدیب و نووسەری ناوداری میسر ئەحمەد حەسەن زەیات، تاوەکو ساڵی ١٩٣٠ بەردەوام بوو کاتێک بە بڕیارێکی فەرمی لەکار وەستێنراوە. دواین ژمارەی، ژمارە (٢١١) بوو.
رۆفائیل بەتی رۆژنامەنووس ئەزموونی رۆژنامەنووسی زۆری هەبوو، ئەو لە ساڵی ١٩٢٣ بە هاوکاری لەگەڵ (عەبدولجەلیل ئەوفی)ی هاوڕێی، رۆژنامەیەکی دەرکرد ببەنێوی ((الحریه = ئازادی)) بایەخی بە بابەتی ئەدەبی و سیاسی دەدا. کە (الحریه) داخرا لە بایتی رۆژنامەی (التقدم = پێشکەوتن)ی دەرکرد، سێ رۆژ دوای دەرچوونی رۆژنامەکە داخرا، ئەنجا رۆژنامەی (الجهاد = جیهاد)ی لە (٢٥)ی ئابی ساڵی ١٩٣٠ دەکرد، تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچوو، پاش ئەمە بووە سەرنووسەری رۆژنامەی (زمان = زەمەن) کە خاوەنەکەی (ئیبراهیم ساڵح شکور) بوو، ئەویشیان داخست. لە ٢٧ی ئاداری ساڵی ١٩٣١ دیسان رۆژنامەی (البلاد) بڵاو بۆوە، بەڵام (٥) رۆژ دواتر ئەو رۆژنامەیەش داخرا، ئینجا رۆفائیل بەتی رۆژنامەیەکی دیکەی دەرکرد بە نێوی (الأخبار = دەنگوباس)، ئەمیشیان داخست. لە ١١ی کاانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ رۆژنامەی (البلاد) دیسان دەرچووەوە، بەڵام تەنیا ساڵ و نیوێک بەردەوام بوو، چونکە دوای ئەوە ئەویشیان داخست(٤).

**رۆژنامەی ((العمال = کرێکاران)):**
رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی بوو، پارێزەر (سەعدوڵڵا زیادە) ساڵی ١٩٣١ لە مووسڵ دەری کردووە.

**رۆژنامەی (الطریق = ڕێگا)):**
(تۆفیق سەمعانی) ساڵی ١٩٣٣ ئەم رۆژنامەیەی دەرکرد، تاوەکو ببێت بە زمانحاڵی حیزبی (العهد) کە نوری سەعید دایمەزراند، (٣) ساڵ زیاتر لە دەرچوون بەردەوام بوو، پاشا پەردەپۆش بوو.

**رۆژنامەی ((الزمان = زەمەن)):**
رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی بوو (تۆفیق سەمعانی) ساڵی ١٩٣٦ لە بەغدا دەری کردووە هەر زوو شوێنێکی باشی بۆ خۆی داگیر کرد لەنێو رۆژنامە عیراقییە رۆژانەکاندا.

**رۆژنامەی ((المبدأ = مەبدە )):**
ئەم رۆژنامەیە ((داود سایغ)) ساڵی ١٩٥٩

لە بەغدا دایمەزراند، رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی و زمانحاڵی حیزبی شیوعی عیراق بوو کە ئەو کات مۆڵەتی کارکردنی سیاسی لە عیراق پێ بەخشرابوو.

**پەراوێزەکان:**

١ ـ یەکەمین کەس لە نیشتمانی عەرەبی رۆژنامەیەکی دەرکرد ((رزق الله حەلەبی)) بوو، کە رۆژنامەی ((مرأة الأحوال = ئاوێنەی هاڵ و هەواڵ))ی لە ئەستامبوڵ ساڵی ١٨٥٥ دەرکرد، دوابەدوای ئەم کەسە بە (٣) ساڵ دواتر (خەلیل خوری لوبنانی) رۆژنامەی (حدیقة الأخبار = باخچەی هەواڵ)ی لە ساڵی ١٨٥٨ لە بەیروت دەرکرد.
ئەدیب مروة/ الصحافة العربیة نشأتها وتطورها: بیروت ١٩٦١ لا: ١٤٣.

٢ ـ عەلی وەردی/ لمحات اجتماعیة من تاریخ العراق الحدیث/ج٣: لا: ٢٧٣ و ٢٧٤.

٣ ـ یەکەمین هەوڵی ڕێک و پوخت لە مێژووی هۆشیاری عەرەبی نوێدا لە ساڵی ١٨٧٥ ڕوون بۆوە، ئەو کات (٥) لاوی مەسیحی خەڵکی شام کە لە کۆلێژی ئەمەریکی خوێندبوویان، کۆمەڵەیەکی شۆڕشگێڕی نهێنییان پێکهێنا، ئەو پێنج کەسە بە تێپەڕ بوونی ڕۆژان توانیان ئەندامێکی زۆر لە هەموو تایفە ئایینییەکان بهێننە ریزی کۆمەڵەکەیانەوە.
**(ساطع الحصری/ نشؤ الفکرة القومیة، بیروت ١٩٥٦)**

٤ ـ کاتێک نوری سەعید پاشا لە ساڵی ١٩٣٠ وەزارەتەکەی پێکهێنا بە زۆری ڕۆژنامە ئۆپۆزسیۆنەکانی داخست، ئۆپۆزسیۆن ژیرانە بە چەندین ناوی جیاجیا ڕۆژنامەکانیان دەردەکرد، بەڵام زۆربەیان کەسێک دەینووسی و لەلایەن چەند دەستەیەکی ناسراوەوە بەڕێوە دەبرا، جا هەر کە ڕۆژنامەیەک دادەخرا ئەم دەستە نووسەرانە ڕۆژنامەیەکی دیکەیان لەجیاتی دەردەکرد، هەندێ جار تەمەنی ئەو ڕۆژنامانە زۆر کورت بوون چەند ڕۆژێک یان چەند هەفتەیەک، ئیدی داخراون.

**سەرچاوەکان:**

١ ـ تاریخ الصحافة العراقیة/ج١، عبدالرزاق الحسنی، لبنان، ١٩٧١.
٢ ـ الصحافة العربیة، نشأتها وتطورها/ ادیب مروه، بیروت ١٩٦١.
٣ ـ لمحات اجتماعیة من تاریخ العراق الحدیث، ج٣/ علی الوردی، بیروت ٢٠٠٥.
٤ ـ نشو الفکرة القومیة/ ساطع الحصری/ بیروت ١٩٥٦.
٥ ـ مجموعة مقالات من الانترنیت.

هەوڵدەری کتێب

# هەوڵ و چالاکییەکان

ئامادەکردنی:
- دیار خالید
- جەمال حوسێن

هەوالنامەی کتێب

# ئەنجوومەنی سەندیکا خەڵاتی سەرۆک کۆمار بەسەر خانەوادەی شەهیدانی رۆژنامەنووس دابەش دەکات

بە ئامادەبوونی فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەکەد مورادئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا و ژمارەیەکی بەرچاو لە پەیامنێرانی رۆژنامە و گۆڤارەکان و کەناڵەکانی دیکەی راگەیاندن، رۆژی (٢٠٠٩/١١/٩) لە بارەگای سەندیکادا لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، خەڵاتی سەرۆک کۆماری عێراق مام جەلال تاڵەبانی بەسەر خانەوادەی شەهیدانی رۆژنامەنووس دابەش کرا.

خانەوادەی شەهیدان بە ڕێز و پێزانینەوە خەڵاتەکەیان وەرگرت و سوپاسی سەرکۆمار و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان بۆ ئەو ئاوڕ لێدانەوەیە کرد.

# لە سلێمانی خەڵاتی بەڕێز (مام جەلال) سەرۆک کۆماری عیراق بەسەر خانەوادەی رۆژنامەنووسانی شەهید دابەشکرا

سەرلەئێوارەی رۆژی (٢٠٠٩/١١/٩) لەبارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە سلێمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و پەیامنێری رۆژنامەکان و ئامادەبوونی بەڕێز

جێگری نەقیبی سەندیکاو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلێمانی و کەسوکاری هـەردوو شەهیدان **(دلێر عەلی کـەرەم و محمد رەزا محمد سەنگاوی)** خەڵاتی بەڕێز سەرکۆماری عێراق دابەشکرا بەسەر ئەو دوو بنەماڵەیەدا کە هەریەکە بڕی (٥٧٠) دۆلار بوو . لە دوای دابەشکردنی خەڵاتەکان هەردوو بنەماڵە زۆر سوپاسی **(مام جەلال)**یان کرد بۆ ئەم یارمەتیدانە، پێویستە بگوترێ کە ئەم یارمەتیدانەی بەڕێزیان هەموو کەسوکاری شەهیدانی ڕۆژنامەنووسان لە سەرتاسەری عێراقدا دەگرێتەوە.

# لقی مووسڵ
# یارمەتییەکەی سەرۆک کۆمار بەسەر خانەوادەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس دابەش دەکات

لە ڕێوڕەسمێکدا لقی مووسڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٩) لە بارەگای لقدا ڕێکی خستبوو، یارمەتییەکەی ڕێـزدار جـەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عیراق بەسەر خانەوادەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس دابەش کرد.

لەسەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا سکرتێری لقی مووسڵ گوتەیەکی پێشکەش کرد و بەناوی ڕۆژنامەنووسانەوە ڕێز و پێزانینی ئاراستەی سەرکۆماری عیراق کرد بۆ ئەم یارمەتییە.

هەروەها جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کەوا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەردەم لە کۆششدایە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتر پێشکەش بە ڕۆژنامەنووسان بکات.

هەروەها محەمەد عەقراوی بەڕێوەبەری کارگێڕی لق دووپاتی کردەوە کەوا سەندیکا نەک هەر تەنیا بایەخ بە ڕۆژنامەنووسانی شەهید دەدات، بەڵکو یارمەتی ئەو ئەندامانەی کە تووشی نەخۆشیش بوون .. داوە.

# خوولێکی رۆژنامەوانی لە سۆران

لە رۆژانی (٩-٢٠٠٩/١١/١١)، نووسینگەی سۆرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەهاوکاری رێکخراوی راگەیاندنی سەربەخۆ، خوولێکی رۆژنامەنووسی رێکخست.
نزیکەی (٢٠) پەیامنێری کەناڵەکانی راگەیاندنی ناوچەی سۆران لە خوولەکەدا بەشدار بوون.
لە خوولەکەدا چەندین بابەت سەبارەت چۆنیەتی داڕشتنی هەواڵ و توخمەکانی رێپۆرتاژ و چۆنیەتی ئەنجامدانی دیداری رۆژنامەنووسی پێشکەش کران.

# نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لێژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی

لە رۆژی (٢٠٠٩/١١/١١)، فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە ئامادەبوونی حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکا و زیرەک کەمال ئەندامی ئەنجوومەن، لەگەڵ لێژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کۆبوونەوە.
سەرەتا دڵشاد ئەحمەد سەرۆکی لێژنە لە گوتەیەکیدا سوپاسی سەندیکای کرد بۆ ئەو پشتگیرییەی کە لە لێژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی دەکات.
دواتر حامید محەمەد عەلی داوای لە ئامادەبووان کرد کەوا پێشنیاز و تێبینی، بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی لێژنەکە پێشکەش بکەن.
لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا دیاری رێزلێنان بەسەر ئەندامانی لێژنەکە دابەش کرا.

# کەرکووک لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا لە پێشانگایەکی فۆتۆگرافیدا

لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ هونەرمەند سەمیر سالح بەناوونیشانی **(کەرکووک لەنێوان دوێنی و ئەمڕۆدا)** لەرۆژی (٢٠٠٩/١١/١١) لەهۆڵی **(قشلە)** رێکخست.
پێشانگەکە لەلایەن بەڕێز راکان سەعید جێگری پارێزگاری کەرکووک بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسان و هونەرمەندان و پەیامنێرانی راگەیاندن کرایەوە.

شایانی باسە هونەرمەند سەمیر سالّح هونەرمەندێکی داهێنەرە و وێنەکانی لە پێشانگاکەدا جێگەی دڵخۆشی ئامادەبووان بوو.

# لقی موسڵی سەندیکا و کۆڕێکی ماتەمینی بۆ رۆژنامەنووسی کۆچکردوو جەمیل روفائیل

لقی موسڵی سەندیکا بە هاوکاری کۆمەڵەی رۆشنبیری کلدانی لە شارۆچکەی **(قوش)**، رۆژی (٢٠٠٩/١١/١٤) کۆڕێکی ماتەمینی بۆ رۆژنامەنووسی کۆچکردوو جەمیل روفائیل گێڕا.

رۆژنامەنووس غەسان سالم سکرتێری لقی موسڵ لە گوتەیەکیدا ئاماژەی بەوە کرد کەوا رۆژنامەنووسی کۆچکردوو خاوەن بیروڕایەکی ڕەسەن بوو و زۆر بە پەرۆشەوە ئەرکە رۆژنامەگەرییەکانی جێبەجێ دەکرد.

هەروەها هەریەک لە حەبیب توما سەرۆکی یەکێتی ئەدیبانی کلدان و غەزوان ئەلقەس گووتەیان پێشکەش کرد و لە کۆتایی کۆڕەکەشدا برای کۆچکردوو سوپاسی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی بۆ سازدانی ئەم کۆڕە کرد.

شایانی گووتنە رۆژنامەنووس جەمیل رۆفائیل لەدایکبووی (١٩٣٦)ە.

لە ژمارەیەک گۆڤار و رۆژنامە کاری کردووە و دواتریان رۆژنامەی **(ئەلحەیات)**ی لەندەنی بووە، کە وەک پەیامنێر لە ناوچەی **(بەلقان)** تیایا کارە رۆژنامەنووسییەکانی ئەنجام داوە.

# زنجیرا خولێن پیشەیی :
# (پارێزیا یاسایی لبەر رۆناهیا یاسا کارێ رۆژنامەڤانی لهەرێما کوردستانێ)

لقێ دهۆکێ دێ زنجیرەکا خولێن تایبەتێن پیشەیی بناڤێ : **(پارێزیا یاسایی لبەر رۆناهیا یاسا کارێ رۆژنامەڤانی ل هەرێما کوردستانێ)** لباژێرێن دهۆک وئاکرێ وزاخو وئامێدێ وسێمێلێ ڤەکەت وبڤی رەنگی. .

**بەرنامێ زنجیرا خۆلان :**

**بەرنامێ زنجیرا خۆلان :**

| ز | جە | دەزگەهـ | رۆژ |
|---|---|---|---|
| ١ | دهۆک | خۆلا تێلەڤزیونان | شەمبی ١٤ — ١١ — ٢٠٠٩ |
| ٢ | دهۆک | خۆلا رادیویان | شەمبی ٢١ — ١١ — ٢٠٠٩ |
| ٣ | دهۆک | خۆلا رۆژنامان | پێنجشەمبی ٢٦ — ١١ ٢٠٠٩ |
| ٤ | دهۆک | خۆلا کۆڤاران | شەمبی ٥ — ١٢ — ٢٠٠٩ |
| ٥ | زاخۆ | خۆلا گشتی | سێشەمبی ٢٤ — ١١ - ٢٠٠٩ |
| ٦ | ئامێدی | خۆلا گشتی | سێشەمبی ١ — ١٢ — ٢٠٠٩ |
| ٧ | ئاکرێ | خۆلا گشتی | سێشەمبی ٨ — ١٢ - ٢٠٠٩ |

# ڕێکخراوی (ئاسۆی مەدەنییەت) لە بارەی زمانی زبر لە رۆژنامەگەریی کوردیدا کۆنفرانسێک ساز دەکات

بە مەبەستی تاوتوێکردنی بەکارهێنانی زمان زبر و ناوزڕاندن لەلایەن هەندێک لە دام و دەزگاکانی راگەیاندنداء، ڕێکخراوی (ئاسۆی مەدەنیەت) بە هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژی (٢٠٠٩/١١/١٧) لە هۆڵی **(پێشەوا)** لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێم کوردستاندا کۆنفرانسێکی فراوانی ڕێکخست.

لەم کۆنفرانسەدا وەزیری رۆشنبیریی و نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسان و یاساناسان ئامادەبوون.

لە دەسپێکی کۆنفرانسەکەدا بەڕێز کاوە مەحموود وەزیری رۆشنبیری لە گوتەیەکیدا ئاماژەی بە گرنگی بابەتی کۆنفرانسەکە دا و جەختیشی کردەوە کەوا پێویستە رۆژنامەنووسان و سیاسەتمەداران و یاساناسان گفتوگۆ لەبارەی ئەم بابەتە بکەن و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە.

پاشان فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان کوردستان گووتەیەکی پێشکەش کرد و روونیکردەوە کەوا بەکارهێنانی زمانی زبر کارێکە رۆژنامەنووس لە ئاکاری پیشەکەی دادەبڕێت و ئاماژەی بەوەش کرد کەوا سەندیکا رەشنووسی پڕۆژەی شەرەفی کاری رۆژنامەگەریی ئامادەکردووە و دەخرێتە بەردەم رۆژنامەنووسان بە مەبەستی

پەسەندکردنی و پیادەکردنی.

هەروەها ئازاد جوندیانی بەرپرسی نووسینگەی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان باسێکی پێشکەش کرد و تیایا گووتی: **(زمانی زبر ناوونیشانێکی تری کێشەیەکی دیکەیە، کە ئەم زمانە بەشێکی ئەم کێشەیە ...)** و ئاماژەشی بەو پەراوێزە فراوانەی ئازادی لە هەرێمی کوردستاندا کرد، ئەم کە دەرفەتی رەخساند بۆ سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە و تابلۆ رەنگینەکەی شێواند و ناشیرین کرد.

بەپێی بۆچوونی ئازاد جوندیانی ئەم قەیرانە لە هەناوی قەیرانێکی گەورەتر لەدایک بووە، ئەویش قەیرانی کۆمەڵگایە، ئەم کۆمەڵگایەی بە قۆناغێکی ئینتیقالی تێپەڕ دەبێت و گۆڕانکاری بەسەر پیرۆزییەکان و هێماکاندا دادێ.

دواتر سەرۆ قادر بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەوا ئەم زمانە زبرە هەر لە کۆنەوە و لەهیچ قۆناغێکدا لەنێوان ئەدیبان و نووسەراندا بوونی نەبووە و بەکارێکی ناشایستە دانراوە، ئاماژەی بەوەش کرد کەوا واقیعی کوردستانی زەمینەیەکی لەبار نییە بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە شێوازە، لەکۆتایشدا گووتی: ئەم جۆرە زمانە لەڕێڕەوی زمانی راگەیاندندا پێگەیەکی ئەوتۆی نییە.

لەکۆتایشدا رۆژنامەنووس کەمال رەئووف سەرنووسەری رۆژنامەی **(هاوڵاتی)** لە گووتەیەکیدا ئاماژەی بە سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی ئەهلی کرد و چەند پێشنیازێکی خستە روو، لە میانیاندا: یاسای رۆژنامەگەریی هەموار نەکرێت، کردنەوەی دەرگای بەدەستهێنانی زانیاری و کردنەوەی خوولی جۆراوجۆر بە مەبەستی زێدەکردنی شارەزایی رۆژنامەنووسان لە بواری رۆژنامەگەریدا.

**(دەقی رەشنووسی پڕۆژەی بەڵێننامەی شەرەفی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و دەقی گووتەکەی نەقیبی رۆژنامەنووسان .. دوای ئەم راپۆرتە هەواڵە.. دەخوێنینەوە..).**

# رەشنووسی پڕۆژەی بەڵێننامەی شەرەفی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

**ئامادەکردنی**
**حامید محەمەد عەلی**
**سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر تشرینی دووەمی ٢٠٠٩**

لەبەر گرنگی و کاریگەریی راگەیاندن و رۆژنامەگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵگاو پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی، هەروەها لەبەر هەستیاری پیشەی رۆژنامەگەری، شان بەشانی یاسای رۆژنامەگەریی، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە پێویستی دەزانێت کە ئەم پرۆژەیە پێشنیار بکات بۆ ئەوەی لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە گفتوگۆی تێروتەسەلی لەسەر بکرێت، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی، بۆ ئەوەی دواجار وەک بەڵێننامەی شەرەفی کاری رۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستاندا پەسەند بکرێت.

١. پێویستە رۆژنامەنووس دڵنیا بێت لەراستی ئەو هەواڵ وزانیارییانەی کە بڵاوی

دەکاتەوەو پشت بە بەڵگەو سەرچاوەی راست ببەستێت و بنەماکانی راستگۆیی و وردبینی و بێلایەنی و بەرپرسیاری ڕەچاوبکات.

٢. ڕۆژنامەنووس لەگەڕان بەدوای هەواڵ و زانیاری و هەروەها وێنەو دیکۆمێنتەکاندا تەنیا پەنا بۆ ڕێگا شەرعییەکان دەبات و ڕێگای نایاسایی و ناپەسەند ناگرێتەبەر.

٣. پێویستە ڕۆژنامەنووس ئامادەیی تەواوی هەبێ بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کەدواتر دەردەکەوێت وردو دروست نەبوون، یاخود زیانبەخش و پێچەوانەی یاسابوون.

٤. پێویستە ڕۆژنامەنووس بزانێت کە **(بوختان، تانەو تەشەر، ناوزڕاندن، فێل و ساختە، وەرگرتنی بەرتیل)** هەموو ئەوانە دەرچوونە لە ئەخلاقیاتی پیشەکەی و لێپرسینەوەیان لەسەرە.

٥. پێویستە ڕۆژنامەنووس دوورەپەرێز بێ لەبڵاوکردنەوەی زانیاری و وێنە لەسەر ژیانی تایبەتی خەڵک و خێزانەکانیان، بەجۆرێک کە شکۆمەندی و کەسێتییان لەکەدار بکات.

٦. نابێت پیشەی ڕۆژنامەگەریی بۆ بەرژەوەندی تایبەت و دەسکەوتی ناڕەوا بەکاربێت و پێویستە کاری ڕۆژنامەگەریی لەهەموو دەستێوەردانێکی دەرەکی بپارێزرێت.

٧. خۆدوور گرتن لەگۆڕین و شێواندنی زانیارییەکان، هەروەها نابێت مانشێتەکان جیابن لەناوەڕۆکی زانیارییەکان.

٨. پێویستە ڕۆژنامەنووس خۆی بپارێزێت لە (دزی ئەدەبی)، چونکە بەرپرسیارە بەرامبەر هەر بابەتێک کە بەئیمزاو ڕەزامەندی ئەو بڵاودەکرێتەوە.

٩. پێویستە ڕۆژنامەنووس وشەو دەستەواژەی بازاڕی و ناپەسەند و قێزەون لەبەرامبەر هیچ کەسێک، یان گروپێک بەکارنەهێنێت، هەروەها هەر دەربڕینێک کە هەستی گشتی بریندار بکات، یان بروشێنێت.

١٠. دوورکەوتنەوە لەهاندان یان پەسەند کردنی زەبرو زەنگ، تیرۆر، تاوان، تایەفەگەری و ڕەگەزپەرستی، بەدڕەوشتی.

لەپێناو ڕۆژنامەگەرییەکی ئازادو پەیامدارو کاراو ساخلەم و خزمەتگوزاردا، ئومێدمان وایە ڕۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا ئەم بەڵێننامەیە پەسەند بکەن و پابەندبن بە بڕگەکانییەوە..

# چارەسەرکردنی زمانی زبر لە ڕۆژنامەنووسیی کوردستانیدا

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

أ: بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی کە پێکهاتووە لە ١٢٠ سەندیکاو ڕێکخراوی جیاجیای سەرتاسەری جیهان و (٦٠٠)شەش سەد هەزار ڕۆژنامەنووسی تێدا ئەندامە لە چەند بڕگەیەکیدا جەخت لەسەر ئەم خاڵانە دەکات:-

١-ئەرکی یەکەمی ڕۆژنامەنووسان بریتییە لە ڕێزگرتن لە ڕاستی و مافی جەماوەر بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان.

٢-گواستنەوەی راست و دروستی هەواڵەکان و بڵاوکردنەوەیان و هەروەها مافی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتنیان هەیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.
٣-ڕۆژنامەنووس هۆشداربێت لەو مەترسییانەی کە ڕەنگە لە ئاکامی ئەو جیاکاری و ناکۆکییانە بێتە ئاراوە کە لەوانەیە بەهۆی ڕاگەیاندنەوە ڕووبدات.
هەروەها هەموو تواناکانی بخاتەگەڕ بۆ ڕێگرتن لەو بانگەشانەی لەوانەیە بنەمایەکی ڕەگەزپەرستی، زمان، ئایین یاخود بیروڕای سیاسی و هەر بیروباوەڕێکی دیکە یان جیاوازی ناسنامەو بنەچەی کۆمەڵایەتی هەبێت.
٤-ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە شایستەی ئەو پێشەیەن پێویستە بڕوایان هەبێ کە ئەرکی ئەوانە ڕەچاوی پاراستنی ئەو پرنسیپانە بکەن کە باسکران، ئەویش لە چوارچێوەی یاسای گشتی هەر وڵاتێکدا.
ب: یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ کە بە یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان ناسراوە لە چەند خاڵێکی بڕگەی یەکەمی ماددەی نۆیەمیدا باس لە غەرامە کردنی ڕۆژنامەنووس دەکات بە پارە، کاتێ یەکێک لەو خاڵانەی خوارەوەی بڵاوکردەوە بەو مانایەی کە نابێت ڕۆژنامەنووس لێیان نزیک ببێتەوە، کە بریتین لە:-
١-چاندنی تۆوی ڕق و کینەو لێکترازانی پێکهاتەکانی کۆمەڵ.
٢-سووکایەتی کردن بەبیروباوەڕ و ڕێورەسمە ئاینییەکان.
٣-هەر بابەتێک پەیوەندی بە نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێت، هەرچەندە ڕاستیش بێ، بەڵام بڵاوبوونەوەی ببێتە هۆی لەگەداربوونی.
٤-جنێودان و توانجی ناڕەواو ناوزڕاندن.
ج: یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ی هەموارکراو لە ماددەی بیستەمی و لە چەند بڕگەیەکیدا دەڵێ: کە نابێ ڕۆژنامەنووس ئەم کارانە بکات:
١-ناوبانگ زڕاندنی پیشەکە و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی یان هەڕەشەکردن لە هاونیشتمانییان بە هەر ڕێگاوشێوەیەک بێت لە شێوازەکانی ڕۆژنامەنووسییدا.
٢-قۆستنەوەی وشەی نووسراو یان نێردراو قۆستنەوەیەکی تایبەتی بۆ سوودی تایبەتی و زیان بەخش بێ بەخەڵکی تر.
٣-بەهەڵەبردنی جەماوەر بە زانیاری نا دروست و لێکدانەوەی ڕووداوەکان لێکدانەوەیەکی دوور لە دەستپاکی یان بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکان بێ دڵنیابوون لێیان.
قەدەغەکراوەکانی یاسایی کە لە ناوەڕۆکی ئەو دوو یاسایەو میساقی شەرەفی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسانەوە هاتووە، لەمپەرن بەرامبەر هەر کارێک کە زیان بە یاساو بەرژەوەندی بااڵو تاک دەگەیەنێ و پێویستە ڕۆژنامەنووس لێیان دووربکەوێتەوە، کە بێگومان دوورنەکەوتنەوە لێیان دەبێتە هۆکاری شکاندنی سەروەری یاساو ئاراستەکردنی زمانی ڕۆژنامەنووسی بەرەو ئاقاری بەکارهێنانی زمانی زبر، کە بەداخەوە ماوەیەکە زۆر یان کەم سەری هەڵداوەو مەترسییەکەی لەوەدایە ئەگەر چارەسەر نەکرێت دەبێتە دیاردەیەک کە "تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێ" و دەبێتە هۆکاری لێکترازانی پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی کە بە یاسا لە کوردستاندا ڕێکخراوە.
زمانی زبر دابڕانێکی ئەخلاقییە لە کاری پیرۆزی ڕۆژنامەنووسی کە لە پێشەوە زیان بە **(پەیامی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووس)** دەگەیەنێت و هۆکارێکە کە تاڕادەیەکی گەورە دەبێتە هۆی ترساندنی کۆمەڵ و دەسەاڵتی سیاسی کە ئەوانیش بیر لە دروست کردنی

لەمپەر بکەنەوە، دروست کردنی لەمپەریش بێگومان بەرتەسک کردنەوەی پانتایی ئازادی رۆژنامەنووسییە، کە ئەمیشیان راستەوخۆ رۆژنامەنووسی ئازاد و ئازادی رۆژنامەنووسی زەرەرمەند دەکات، پاشانیش کۆمەڵگا بەرەو چەندین قۆناغی دیکە بۆ دواوە دەگەڕێنێتەوە، بۆیە بەڕای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەپێی ماددەو بڕگەکانی هەردوو یاسا و بەڵێننامەکەی IFJ ناوبراو پانتایی ئازادی رۆژنامەنووس بۆ رۆژنامەنووسان بەڕادەیەکی گەورە فراوان کراوە و هەموو هۆکارێک پێویستە بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو پانتاییە بەرتەسک نەبێتەوە، چارەکردنی زمانی زبریش تەنها بە ڕێزگرتنە لە میساقی شەرەفی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ و تواندنەوەی هەموویان لە **(میساقی شەرەفی رۆژنامەنووسانی کوردستان)** کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان رەشنووسەکەی گەڵاڵەی کردووە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین باس لە **(دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی ڕەوشتکار) (مبادرة الصحافة الاخلاقية)** بکەین کە لە کۆنگرەی **(دوبەی)** لە ٨-٢/٩ی/ راگەیەنرا ٢٠٠٩ کە تایبەتە بەو دەستپێشخەرییەی کە لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری **(کازابلانکا)** لە وڵاتی مەغریبدا بانگەشەی بۆ کرا و پاش چەندین گفتوگۆ و کۆبوونەوەی جیاجیا سکرتێری فیدراسیۆن **(ئایدن وایت)** لە دوبەی رایگەیاند کە راشکاوانە بۆتە **(نەخشە ڕێگا)** "خارطة الطريق" بۆ کاری رۆژنامەنووسی لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە کە لێرەدا بە کورتی دەستنیشانی دەکەین، چونکە ماوەیەکە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕێگای هەردوو گۆڤاری **(رۆژنامەنووس)** و **(الصحفی)** بڵاویان دەکاتەوە و بابەتییان سەبارەت بڵاو دەکاتەوە کە گرنگترین بنەماکانی ئەمانەن:

١-گووتنی راستی.
٢-سەربەخۆیی و دەستپاکی.
٣-مرۆڤایەتی و هاوکاری.

هیوادارین ئەم سیمیناڕە هاوکاربێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو دەستپێشخەرییەی کە بێ گومان تاڕادەیەکی یەکجار گەورە ئامانجەکانی ئەم کۆبوونەوەیە پیادە دەکات.

## ڕوونکردنەوەیەک لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە سەبارەت بە کۆنگرەی ڕاگەیاندنی عێراقی

دوابەدوای لێدوانێکی ئەندام پەرلەمانێکی عێراقی کە لە هەفتەنامەی **(ستاندەر)** لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٣ بڵاوکراوەتەوە لەبارەی بەشدارنەبوونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەی ڕاگەیاندنی عێراقی کە لە ڕۆژانی (١٩ - ٢٠٠٩/١١/٢٠) بەسترا بوو، ئەم ئەندام پەرلەمانە دەڵێت: **(هۆی ئامادە نەبوونی سەندیکا لە کۆنگرەکەدا ترس بووە، چونکە سەندیکا لە شوێنە مەترسیدارەکان دوور دەکەوێتەوە!)** جا بۆ ئەوەی راستییەکان ڕوونبێتەوە، ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

- بەڕێز ئەیاد حاجی نامیق ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی سەعات (١١)ی ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٧) پەیوەندی بە ئێمەوە کرد و داوای لە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، کەوا ناسنامەی کەسێتی بە ڕێگەی ئیمێڵەوە بنێرن، بۆ ئەوەی کارتی تایبەت بە بەشدار بوون لە کۆنگرەکەدا ڕێک بخرێت.

ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە پەیوەندیمان بە جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و ئەندامانی ئەنجوومەن لە هەولێر کرد و بڕیارمان دا لەم کۆنگرەیەدا بەشدار نەبین لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١ ـ پەیوەندیکردن بە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەر لە ماوەیەکی کورت لە بەستنی کۆنگرەکە و نەزانینی هۆیەکانی بەستنی و ئەجێندایەکەی. ئەم هەڵوێستەش لە کاتی خۆیدا بۆ بەڕێز ئەیاد حاجی ناميق رووننکرایەوە.

٢ ـ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بانگهێشتی کۆنگرەکان لە ئەنجوومەندا تاوتوێ دەکات و ئینجا بڕیار لەبارەی بەشداربوونەوە دەدات.

٣ ـ گرفتەکانی راگەیاندن لە عێراقدا زۆر جیاوازە لەگەڵ گرفتەکانی راگەیاندنی کوردستانی، لە کوردستاندا یاسای تایبەت هەیە، ئەرک و مافەکانی رۆژنامەنووسان دیاری دەکات، وای پێویست دەکرد. هەڵسوڕێنەرانی کۆنگرە راوێژیان بە سەندیکای کوردستانی سەبارەت **(پرۆگرامی کۆنگرەکە)** بکردایە.

لەبارەی ترسەکەوەش دەڵێین **(ترس کارێکی ڕەوایە)**. جا ئەگەر **(ترس)** هەبووبێت! لەم بارەیەوەش بەو ئەندام پەرلەمانەی هاوپەیمانی کوردستان دەبێژین: ئێمە پێش چەند مانگێک لە بەغدا بووین و بەشداریمان لە چەند سیمینارێکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی **(بەبێ پاسەوان)** کرد، لە سەردانی بەردەوامیش داین بۆ شارەکانی **(کەرکووک و موسڵ)** بە مەبەستی بەسەر کردنەوەی لقەکانی سەندیکا لەم دوو شارەدا.

**وتەبێژێک بەناوی**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٩/١١/٢٤**

## سەندیکا هەوڵی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس حەیدەر عەبادی مەحکووم دەکات

لە بەیاننامەیەکدا کە رۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٤ دەرچووە. ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەوڵی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس حەیدەر عەبادی بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی **(ئەلدیار)** کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٣ ئەنجامدرا، ئیدانە و مەحکووم کرد.

لە بەیاننامەکەدا ئەنجوومەنی سەندیکا داواکاری ئەوەبوو، کە یاسای پاراستنی رۆژنامەنووسان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق پەسند بکرێت و گیانی رۆژنامەنووسانی عێراق بپارێزرێت.

## (١٥٪)ی کورسییەکانی بەشی راگەیاندن لە کۆلێژ و پەیمانگاکاندا بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانە

دوابەدوای کۆبوونەوەی فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەگەڵ د. دلاوەر عەلائەددین وەزیری خوێندنی باڵا لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٦)، وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاری دا، کەوا (١٥٪)ی کورسییەکانی بەشی راگەیاندن لە کۆلێژ و پەیمانگاکان لە زانکۆکانی هەرێمدا بۆ ئەندامانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

تەرخان بکرێت، هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پەیوەندییەکانی سەندیکا و وەزارەت کرا، بە مەبەستی هەماهەنگی لەگەڵ راگرایەتی کۆلێژ و پەیمانگاکان بۆ پێشخستنی ئەم ئەزموونە.

## خولەکا تایبەت لدور یاسا کارێ رۆژنامەڤانی بۆ رۆژنامەڤانێن دهۆکێ هاتە سازکرن

دچارچووڤێ بەرنامێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ دا ولدووڤ بەرنامەکێ پێشدەم دارشتی دا سێیەم روونشتنا "پاریزیا یاسایی لبەر رۆناهیا یاسا کارێ رۆژنامەڤانی لهەرێما کوردستانێ لئێڤاریا رۆژا پێنجشەمبی (٢٠٠٩/١٢/٣) ل هۆلا کۆڕبەندێ سەرەرم یێ قوتابیان لدهۆکێ هاتە سازکرن ونزیکی "٣٠" رۆژنامەڤانێن کارا ومەیدانی تێدا پشکداربوون.

لدوور ناڤەرۆکا ڤێ روونشتنێ سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ **"ئیسماعیل تاهر** " راگەهاند کو رۆژنامەڤانێ یاساناس **"عەبدولکەریم یەحیا زێباری"** وانێن ڤێ روونشتنێ گوتن ونزیکی رۆژنامەڤانان ژرۆژنامێن "دەنگێ لالش وئەڤرۆ و وار ورەوشەن ورەسەن وبەهدینان وئەهالی وچاڤدێر " تێدا پشکداربوون وبابەتێن گرێدایی یاسا کارێ رۆژنامەڤانی وچەوانیا خوپاراستنا رۆژنامەڤانان ومفا وەرگرتنا ژبەند وبرگە

ومادەیێن یاسایێ هاتنە گوتن وچەندین نمونە ژجیهانا بەرفرە لسەر بابەتی بەرچاڤکرن.
هەر وەسا سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ گوت ژی کو لدووڤ بەرنامێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ بریار ئەوە "٧" رووونشتن بهێنە گێران کو چوار ژوان دێ بۆ رۆژنامەڤانێن "تێلەڤزیونی ورادیو ورۆژنامە وکوڤارێن دهۆکێ بن وسێ ژی بۆ رۆنامەڤانێن زاخو وئامێدی وئاکرێ بن وئارمانج ژێ شرۆڤەکرنا یاسا کارێ رۆژنامەڤانی یە لکوردستانێ وکاراکرنا وێ یە دناڤا گشت تەخ وچینان دا بتایبەت دەزگەهێن داد وپاراستنا تەناهیێ دا ولبەراهیا وان تەخا رۆژنامەڤان.

# ئێکەم خۆلا پیشەیی لدۆر یاسا کارێ رۆژنامەڤانی لدهۆکێ هاتە گێران

بمەبەستا بەلاڤکرنا برگە وبنەمایێن یاسا کارێ رۆژنامەڤانی لکوردستانێ وئاگەهدارکرنا تەخا رۆژنامەڤان بناڤەرۆکا وێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ بهەڤکاری دگەل کۆرپەندێ سەرەرم یێ قوتابیان لدهۆکێ دەست بئێکەم خەلەکا خولێن پیشەیی یێن تایبەت بیاسا کارێ رۆژنامەڤانی لژێر ناڤێ **"پارێزیا یاسایی لبەر رۆناهیا یاسا کارێ رۆژنامەڤانی لهەرێما کوردستانێ"** لرۆژا شەمبی ٢٠٠٩/١٢/٥ لهۆلا کومبوونان لکۆرپەندێ سەرەرم یێ قوتابیان لدهۆکێ کر و پتری "٢٥" رۆژنامەڤان ژچەندین کەنالێن تێلەڤزیونان لدهۆکێ تێدا ئامادەبون.
سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەڤانێن کوردستانێ "ئیسماعیل تاهر" راگەهاند کو رۆژنامەڤان ویاساناس "عەبدولکەریم یەحیا زێباری" ئەڤ خۆلە بریڤەبر وبۆ دەمێ "٦٠" خۆلەکان سمینارەکا ڕێک وپێک لدۆر بنەمایێن سەرەکی یێن پارێزیا یاسایی دیاسا کارێ رۆژنامەڤانی دا پێشکێش کر ودناڤا وێدا چەندین گەنگەشە ودان وستاندن ژلایێ ئامادەبویان ڤە لسەر یاسایێ بشێوەکێ گشتی وپارێزیا رۆژنامەڤانان دیاسایێ دا هاتنە کرن.
سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ ئاشکرا کر کو ئێکەم خەلەکا ڤێ زنجیرێ یا تایبەت بوو ب کادرێن تێلەڤزیونێن ناڤخویی ونڤیسینگەهێن سەتەلایتان ڤە لدهۆکێ وچاڤەرێ یە ل "٣" هەفتی یێن بهێت سێ خەلەکێن دیترێن ڤێ زنجیرا پیشەیی بۆ رۆژنامەڤان وکادرێن راگەهاندنێ لرادیو ورۆژنامە وکۆڤاران بهەمان شێوە بهێنە گێران وەکی دەست پێشخەریەک بو بەلاڤکرنا تێگەهێن سەرەکی یێن یاسا کارێ رۆژنامەڤانی لکوردستانێ.

# دهۆک
# دوا کۆبوونەوە سەبارەت بە یاسای رۆژنامەگەری

بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنوسانی پارێزگای دهۆک، بەڕێز عەبدولکەریم زێباری یاساناس و رۆژنامەنووس لە کۆبوونەوەی کۆتایی پڕۆژەی **(پاراستنی یاسایی لەبەر تیشکی یاسای رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستاندا)** کە رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٥) رێکخرابوو، موحازەرەیەکی لە هۆڵی **(سەروم)** لە شاری دهۆکدا پێشکەش کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا مادده و بڕگەکانی یاساکە تاوتوێ کرا و سکرتێری لق لە گووتەیەکیدا ئاماژەی بەوەکرد کە ئەم کۆبوونەوە لە شاری دهۆکدا دواییین کۆبوونەوە بوو و چەندین کۆبوونەوەی دیکەش بۆ رۆژنامەنووسانی ئامێدی و زاخۆ و ئاکرێ لە ئایندەدا رێک دەخرێت.

# لقی هەولێری سەندیکا بە هاوکاری رێکخراوی ئەندازیاری ئاشتی بۆ لاوان خوولێک بۆ راگەیاندنکاران دەکاتەوە

بەمەبەستی بەهێزکردن وچالاکتر کردنی رەوتی رۆژنامەگەریی بەتایبەتیش بواری tv، لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان بە هاوکاری رێکخراوی

ئەندازیاری ئاشتی بۆ لاوان لە رۆژانی ٦ تا ١٢\٨ خوولێکی سێ رۆژی بۆ کارمەندانی tv یە ناوخۆکان سنووری هەولێر لە بارەگای رێکخراوی ناوبراو کردەوە، شایەنی باسە لەم خوولەدا ئەم وانانە وترانەوە:.

**رۆژی یەکەم/** کاریگەریی رەنگ ودەنگ لەراگەیاندندا لەلایەن عەبدوللەتیف یاسین

هونەری رۆژنامەنووسی بۆ tv لەلایەن هندرێن ئەحمەد

**رۆژی دووەم/** رۆژنامەنووسی وهەڵبژاردن لەلایەن شێرکۆ حەبیب

هونەری وێنە گرتنی ڤیدیۆیی بۆ tv لەلایەن زەردەشت

**رۆژی سێیەم/** رۆژنامەوانی ویاسا لەلایەن ئازاد حەمەد ئەمین

لە کۆتایی خوولەکەدا بڕوانامە بەسەر بەشداربووواندا دابەشکرا.

# یاسا کاریگەر رۆژنامەڤانی بۆ کادرێن رادیوییێن دهۆکێ هاتە شرۆڤەکرن

ل پەیی بەرنامێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ بهەڤکاری دگەل کۆرپەندێ سەرەرم یێ قوتابیان لدهۆکێ ودبەردەوامیا زنجیرا **"پارێزیا یاسایی ل بەر رۆناهیا یاسا کاریگەر رۆژنامەڤانی لهەرێما کوردستانێ"** ئەڤرۆ رۆژا شەمبی ٢٠٠٩/١٢/١٢، دووەم زنجیرا بەرنامێ ناڤبری ل هۆلا کۆرپەندێ سەرەرم لدهۆکێ هاتە گێران.

سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ **"ئیسماعیل تاهر"** راگەهاند کو دڤێ رووونشتنێ دا ئەرک وماف وپارێزیا یاسایی وپرەنسیپێن سەرەکی یێن کارێ رۆژنامەڤانی وراگەهاندنێ وشرۆڤەکرنا لایەنێ پیشەیی ژلایێ رۆژنامەڤانێ یاساناس "عەبدولکەریم یەحیا زێباری " ڤە هاتنە پێشکێش کرن.

هەر وەسا سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ گوت : پێتری ٣٠ " **کارمەندێن رادیوییێن** "دهۆک ویەکگرتو وبەهدینان وئازادی ودەلال ولاوان لدهۆکێ وشاریا وپەیامنێرێن ژمارەکا رادیوییێن پەخش بەرفرە لدهۆکێ تێدا بەرهەڤبوون وپشتی بابەتێ رووونشتنێ بتێر وتەسەلی هاتیە بەحسکرن پشکداران گەنگەشەکا بەرفرەه لسەر ناڤەرۆکا بابەتی کر ونزیکی سێ دەمژمێران یا بەردەوامبوو.

هەژی گوتنێ یە کو لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ بەرنامەک دارشتی یە بۆ گێرانا زنجیرەکا رووونشتن وخولێن ڤەکری لسەر پارێزیا پارێزیا یاسایی لبەر رۆناهیا یاسا کاریگەر رۆژنامەڤانی لهەرێما کوردستانێ وپێشتر رووونشتنەکا تایبەت بۆ پێتری "٣٠ " رۆژنامەڤانان لکەنالێن تیلەڤزیونی ونڤیسینگەهێن سەتەلایتان لدهۆکێ هاتبو دانان وچاڤەرێ یە لدووڤ بەرنامەکێ تێر وتەسەل هەتا دوومایا ئەڤ ساله "٥ " خۆل وروونشتنێن جودا جودا لسەر هەمان بابەت بۆ رۆژنامەڤانێن رۆژنامە وکۆڤاران وسێ خولێن تایبەت بۆ رۆژنامەڤانێن دەڤەرێن ئامێدی وئاکرێ وزاخو بهێنە پێشکێش کرن.

# لە رێوڕەسمێکی گەورەدا ئاسۆس هەردی خەڵاتی جوبران تووینی پێ بەخشرا

سەر لە ئێوارەی رۆژی شەممە ١٢/١٣ لە رێوڕەسمێکی شایستەدا لە بەیروتی پایتەختی لوبنان خەڵاتی **(جوبران تووینی بۆ رۆژنامەنووسیی ئازاد)** بۆ ساڵی ٢٠٠٩ بە نووسەر و رۆژنامەنووسیی ناسراو و بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای ئاوێنە، ئاسۆس هەردی بەخشرا.

لەو رێوڕەسمەدا کە بێجگە لە بنەماڵەی جوبران تووینی چەندین وەزیر و بەرپرسانی باڵای حوکمەتی لوبنان و جەماوەرێکی زۆر تیایدا بەشدار بوون، چەندین چالاکی هونەری و ڕێپۆرتاژ لەسەر ژیانی جوبران تووینیی نمایشکرا، پاشان وتاری بنەماڵەی کۆچکردووە خوێنرایەوە و سەرجەم رێوڕەسمەکەش لە کەناڵی ئاسمانی LBCییەوە راستەوخۆ گوازرایەوە.

لەدوای تەواوبوونی وتاری بنەماڵەی تووینی لیژنەی بەخشینی خەڵاتەکە باسی هەوڵەکانی ئاسۆس هەردییان لەپێناو رۆژنامەگەریی ئازاددا لە کوردستان کرد، پاشان ئاسۆس هەردی لەلایەن بنەماڵەی جوبران تووینییەوە خەڵاتەکەی پێ بەخشرا.

دواتریش ئاسۆس هەردی وتارێکی پێشکەش کرد و سوپاسی پاڵپشتی هاوسەرەکەی کرد کە هاوکاری کردووە تاوەکو سەرکەوتوو بێت لە بواری رۆژنامەگەریدا.

هەروەها هەوڵ و ماندوبوونی گەنجە رۆژنامەنووسەکانی بەرز نرخاند لە کارکردنیان لە رۆژنامەگەریی ئازاد لە کوردستاندا.

پێش وەرگرتنی خەڵاتەکە ئاسۆس هەردی بە سایتی ئاوێنەی راگەیاند" بەخشینی خەڵاتی جوبران تووینی بە کوردێک دانپێدانانێکی نێودەوڵەتییە بە رۆژنامەگەریی ئازاددا لە کوردستان، ئەو رۆژنامەگەرییەی تا ئێستا زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی کورد ئامادە نین قبوڵی بکەن.

جوبران تووینی سەرنووسەری رۆژنامەی نەهاری لوبنان و ئەندامی بۆردی رێکخراوی جیهانی رۆژنامە (WAN)بوو، یەکێک بوو لە لایەنگرە سەرسەختەکانی دەرچوونی سوپای سووریا لە لوبنان، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا لە بەیروتی پایتەختی لوبنان لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە ئۆتۆمبێلەکەی تەقێنرایەوە و کوژرا، پاشان بڕیار درا هەموو ساڵێک خەڵاتێک بەناوی جوبران تووینییەوە بەو نووسەر و رۆژنامەنووسانەی کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقادا داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەگەریی دەکەن.

ساڵی ٢٠٠٦ یەکەمین خەڵاتی جوبران تووینی بەخشرا بە رۆژنامەنووس نادیە ئەلسەقاف سەرنووسەری رۆژنامەی **(یەمەن تایمز)** و ساڵی ٢٠٠٧یش بەخشرا بە رۆژنامەنووس حاجی جۆرجیۆ لە رۆژنامەی **(لۆریان لورجو)**ی لوبنانی کە بە زمانی فەرەنسی بڵاودەکرێتەوە، هەروەها ساڵی پاریش بەخشرا بە رۆژنامەنووسی میسری ئیبراهیم عیسا.

ئەمساڵیش نووسەر و رۆژنامەنووس ئاسۆس هەردی دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەی

سەرپەرشتیاری خەڵاتەکەوە پاڵێورا، پاش هەڵسەنگاندنی ناوبراو لەکارە رۆژنامەوانییەکانی و بە سیفەتی پەیوەستبوون و هەوڵدانی بۆ ئازادی رۆژنامەگەریی و کارکردن بۆ بە پیشەیی کردنی ئەو بواره لە کوردستاندا، لیژنەکە بڕیاریدا ئەو خەڵاتەی پێ ببەخشێت.

ئاسۆس هەردی لەساڵی ١٩٦٣ لەشاری سلێمانی لەدایک بووە، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری میکانیکە و ساڵی ١٩٨٧ بووە بە پێشمەرگە و لە راپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ەوە گەڕاوەتەوە بۆ ناو شار و لەوکاتەوە وەکو کەسێکی سەربەخۆ ماوەتەوە، ناوبراو بێجگە لە نووسینی سەدان وتار لەنێو رۆژنامە و گۆڤارەکاندا خاوەنی وەرگێڕانی سێ کتێبە کە دووانیان هی نووسەری ناسراو ئیسماعیل بێشکچییە و ئەوی تریشیان تایبەتە بە مێژووی ئەردەڵانییەکان.

ئاسۆس هەردی بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای ئاوێنەیە، ئەم کۆمپانیایە خاوەنی بەرهەمەکانی رۆژنامەی ئاوێنە و گۆڤاری ئاوێنەکان و رۆژنامەی ئاوێنە سپۆرتە.

## بیست و یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکا

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، رۆژی (٢٠٠٩/١٢/١٤) لە بارەگای سەندیکا لە شاری هەولێردا، بیست و یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی بەست.

لە میانەی کۆبوونەوەکەدا نەقیبی رۆژنامەنووسان، ئاماژەی بەوە کرد، کەوا ساڵی داهاتوو دەبێتە ساڵی جێبەجێکردنی یاسای رۆژنامەگەریی بە هەموو مادده و بڕگەکانییەوە. هەروەها هەمواركردنی یاسای سەندیکا و یاسای سندووقی خانەنشینی بەخۆوە دەبینێ.

دواتر رۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب سکرتێری نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، بانگهێشتی ئەندامانی ئەنجوومەنی کرد، بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی حەوتەمی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان کە لە ئیسپانیادا لەساڵی ٢٠١٠دا دەبەسترێت.

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی ئامادەباشی بۆ ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی کرا، کە بڕیار وایە لە ئەشکەوتی **(جاسەنە)**، کە پێشەوای شۆڕشگێڕ مەحمود حەفید رۆژنامەی **(بانگی هەق)**ی تیا دەرکردووە. بگێڕدرێت، جگە لەمەش ریۆرەسمێکی تایبەتی بە مەبەستی زیندووکردنەوەی یادی دەرچوونی رۆژنامەی **(زاری کرمانجی)** کە رۆژنامەنووس و مێژوونووسی خوالێخۆشبوو حوزنی موکریانی دەریکردووە. ڕێک بخرێت.

سەرەڕای ئەمانەش گفتوگۆ سەبارەت راپۆرتی شەش مانگەی لێژنەی داکۆکی کردن لە رۆژنامەنووسان کرا و بڕیاریش درا لێژنەیەک بۆ نووسینەوەی میژووی سەندیکا پێک بهێنرێت و جەختیش کرایەوە کە لێژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینە چالاکتر بکرێت...
هەروەها بڕیاریش درا، کە یارمەتی پێشکەش بە ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسان بە مەبەستی چارەسەرکردن بکرێت.

## سەندیکا بە هاوکاری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (Work shop)یەک لە بارەی دەستپێشخەری ئاکاری رۆژنامەگەریی ڕێک دەخات

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لە رۆژانی (١٥ - ١٦/١٢/٢٠٠٩)دا و لەژێر دروشمی **(راگەیاندن لەپێناو چەسپاندنی دیموکراتییەتدا)**، لەبارەی دەستپێشخەری ئاکاری رۆژنامەگەریی، (Work shop)یێکی بۆ ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی کوردستان ڕێک خست.
ئەم (Work shop)ـە، بە گوتەیەکی رۆژنامەنووس مونیر زەعرور ڕێکخەری کاروباری رۆژهەڵاتی ناوڕاست و باکووری ئەفریکیا لە فیدراسیۆندا دەستی پێکرد، گووتەکەش لەلایەن شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا خوێندرایەوە، کە تێیدا داوای لێبوردنی کردبوو کە نەیتوانیوە.. ئامادەبێت و هیواشی خواست بوو کە (Work shop)ـە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت و ئاماژەی بەوەش کردبوو، کەوا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.
ئینجا رۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب بەناوی فیدراسیۆنەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و بەناوی ئەوانیشەوە بەخێرهاتنی رۆژنامەنووس خاتوو **(سۆزان ئۆکیفی)** لە فیدراسیۆنی نیشتمانی رۆژنامەنووسان لە بەریتانیا و ئێرلەندا و شارەزا لە کاروباری ئاکاری رۆژنامەگەریی و رۆژنامەنووس **(ئوفاویستبرک)** لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی دانیمارک و پسپۆڕ لە کاروباری گرێبەست و دانوستانی بە کۆمەڵ. کرد.
پاشان فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە گووتەیەکیدا ئاماژەی بە پێویستی ئەم ڕۆرک شۆپانە کرد و هیوای خواست کە ئەمە هەنگاوێک بێت بەرەو راگەیاندنێکی باشتر لە ئایندەدا.
رۆژنامەنووس **(سۆزان ئۆکیفی)**یش لە گوتەیەکیدا گووتی: ئاکاری رۆژنامەگەریی لە بوارەکانی ئایین و سیاسەت و ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیدا بوونیان هەیە، ئێمەی

رۆژنامەنووسانیش پێویستە بۆ بەرژەوەندی گشتی کار بکەین.

لە گووتەیەکیشدا رۆژنامەنووسی دانیمارکی گووتی: ئەوەی تێبینی دەکەم رۆژنامەنووسانی کوردستان زۆر بە پەرۆشی گەیشتنن بە ئازادی رۆژنامەگەریی، هیوام وایە پێکەوە هەوڵی جیدی بدەین لەپێناو گەیشتن بەم مەبەستە.

دواتر بەشداربووانی (Work shop)ـەکە ژمارەیان (٤١) رۆژنامەنووس بوو کە لە شارەکانی **(سلێمانی و دهۆک و کەرکووک و مووسڵ)**وە هاتبوون، سەرەڕای رۆژنامەنووسانی هەولێر، دابەشبوون بەسەر دوو گرووپەوە، گرووپێکیان لە هۆڵی ئوتێلی **(سیاکۆ)** مانەوە، بۆ تاوتوێکردنی بابەتی **(ئاکاری رۆژنامەگەریی)** لەگەڵ رۆژنامەنووس سۆزان ئۆکێفی، گروپەکەی دیکەش لە هۆڵی سەندیکا بابەتی **(دانوستانی بەکۆمەڵ)**یان لەگەڵ رۆژنامەنووس ئوفا ویستبرک شیکردەوە.

هەروەها رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانیش لە میانیاندا مستەفا سالّح کەریم جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان و شوان داوودی ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا و قیان عەباس لە رۆژنامەنووسانی شاری دهۆک بابەتیان پێشکەش کرد.

جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان مستەفا سالّح کەریم لە بابەتەکەیدا ئاماژەی بە گووتەیەکی یەکێک لە رۆژنامەنووسان لە **(عەمان)**ی پایتەختی ئوردندا کرد، کە گوتبووی پێویستە دروشمی **(من درۆ ناکەم)** هەڵبگرین.

هەروەها جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کەوا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەردەم پابەندی رێنماییەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان بووە.

لە کۆتایی (Work shop)ەکەدا و لە رێورەسمێکی شایستەدا رێز لە هەردوو رۆژنامەنووسی بیانی نرا و دروشمی سەندیکا و چەند نموونەیەک لە کاری فۆلکلۆری کوردەواریان پێشکەش کرا.

## خولەکا پیشەیی ل دۆر داپوشینا راگەهاندنا مەیدانی لدهۆکێ هاتە گێران

دبەردەوامیا چالاکیێن پیشەیێن لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنقیسێن کوردستانێ دا ب هەڤکاری دگەل رێکخراوا "IREX " یا ئەمریکی خولەکا پیشەیی یا دوو رۆژی یا تایبەت لدۆر داپوشینا راگەهاندنا مەیدانی ل رۆژێن (١٧ ـ ١٨)/١٢ لهۆلا کومبوونان ل ئوتێلا رەسەن ل دهۆکێ هاتە گێران ونزیکی "٣٥ " پەیامنێر وکادرێن مەیدانی ژگشت دەزگەهێن راگەهاندنێ ل دهۆکێ تێدا پشکداربوون.

سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنقیسێن کوردستانێ ئیسماعیل تاهر راگەهاند

کو وانەبێژ **"عوبەید هروری "** بۆ دەمێ پێتر ژ "٨ " دەمژمێران ئەڤ خۆلە ب ڕێڤەبر و "٦ " وانێن تایبەت ب ڕێ و ئالاڤێن نوو یێن داپوشینا کارێ مەیدانی یێ ڕاگەهاندنێ و چەوانیا سەردەریا دگەل ڕووداونان و پێدڤی یێن دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ ب ئەرکێن پەیداکرنا نوچە و ڕاپورتان پێشکێش کرن.

سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایی دیارکر کو دڤان وانان دا گرنگی ب کارێ مەیدانی و بەردەوامبوونا ڕۆژنامەڤانی ودەزگەهێن ڕاگەهاندنێ ب نووترین پێشهاتان ل سەر ئاستێ ناڤخو و دەرڤە و ڕێ یێن زانستی یێن ب کارئینانا شیانێن پەیامنێرێن مەیدانی هاتنە بەحسکرن.

هەر وەسا سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ ئەو چەند ژی ئاشکرا کر کو دخۆلێ دا پشکدار ل سەر چەندین کومان هاتنە بەلاڤکرن و ب شێوازێن تیوری و پراکتیکی و سەربۆر و ئەنجامدانا ئەزموونان و کارێ بجهئینانا هەڤپەیڤینا ڕۆژنامەڤانی "ئەنتەرڤیو " هاتنە کرن وبەرپرسێ ڕاگەهاندنا ئوفیسا دهۆک یا کومسیونا بلندا هلبژارتنان یا سەربخو ل عیراقێ یوسف سەلمان د دوو تەوەران دا هاتە مێڤانکرن بۆ مفا وەرگرتنێ ژ شارەزاییا وی وئەنجامدانا "ئەنتەرڤیو " یێن ئەزموونی بۆ پشکدارێن خۆلێ.

# ل دهۆکێ ئێکەم کونفرانسێ وەکهەڤیا ئەرک و مافان د ناڤبەرا ڕۆژنامەنڤیسان دا هاتە سازکرن

**دهۆک – ئیسماعیل تاهیر**

ل ژێر دروشمێ بۆ وەکهەڤیا ئەرک ومافان دناڤبەرا ڕۆژنامەنڤیسان دا و ب ئامادەبوونا ژمارەکا زۆرا ڕۆژنامەنڤیس ونڤیسکار وتەخا ڕۆشنبیر دوهی ڕۆژا سێشەمبی ٢٢ – ١٢ ئێکەم ڕۆژا کونفرانسێ کاراکرنا ڕولێ ڕۆژنامەنڤیسێن مێینە ل هۆلا سەنتەرێ ڕۆشنبیری وکومەلایەتی یێ زانکۆیا دهۆک هاتە گێران وتێدا چەند پەیڤ وکۆڕ وسمینارێن تایبەت هاتنە پێشکێش کرن.

ئەیاد نەقیب بەرواری ئەندامێ لیژنا بلندا کونفرانسی راگەهاند کو ژبلی روونشتنا تەشریفی یا خواندنا پەیڤان سێ سمینار وتەوەرەک ژلایێ رۆژنامەڤانان "دکتور عەبدولسەمەد ئیسلام تاها وبەهجەت هروری وزوزان سادق ونەرمین سندی ڤە هاتنە پێشکێش کرن دگەل نیشادانا فلمەکێ دیکومێنتی ل سەر کار وئەرکێن لیژنا پشتەڤانیکرنا رۆژنامەنڤیسێن مێینە ل دهۆکێ وشرۆڤەکرنا وێ راپرسیا ژلایێ "عسمەت بادی ڤە هاتیە ئامادەکرن.

هەمان ژێدەر گوت ژی کو لیژنا پشتەڤانیکرنا رۆژنامەنڤیسێن مێینە یا سەر ب لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ ڤە ب هەڤکاری وپشتەڤانیا رێڤەبەری یا گشتی یا رۆشنبیری و هونەری ل پارێزگەها دهۆکێ ب ئەرکێن گێرانا ڤی کونفرانسی رابوینە و دناڤا کۆڕ وسمیناران دا چەندین دیتن وبۆچوون وپێشنیار ل سەر گرنگیا پێشڤەبرنا رۆلێ رۆژنامەنڤیسێن مێینە ل دهۆکێ وکاراکرنا شیانێن وان یێن پیشەیی و بەرفرەهکرنا ئاسۆیێن وانێن هزری هاتنە بەرچاڤکرن وتۆمارکرن دا وەک راسپاردە بۆ ئەنجومەنێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ ولایەنێن پەیوەندیدار بهێنە بەرزکرن.

هەمان ژێدەر گوت ژی کو کونفرانس دێ بۆ دەمێ دوو رۆژان دێ یێ بەردەوام بیت ول بەرە چەند سمیناریێن دی ژلایێ رۆژنامەڤانان **"هودا ئەحمەد سەبری وعوبەید نهێلی "** ڤە هێنە پێشکێش کرن و بریار ئەوە ل دووماهیا کونفرانسی بریار وراسپاردە ژلایێ رۆژنامەڤان **"سوهام عومەر "** ئەنداما لیژنا پشتەڤانیکرنا رۆژنامەنڤیسێن مێینە ل دهۆکێ بهێنە خواندن وگوت دناڤا کونفرانسی دا ژمارەکا رۆژنامەڤانان ژ دەرڤەیی پارێزگەها دهۆکێ و گشت قەزایێن پارێزگەها دهۆکێ پشکدار ببوون.

## راسپاردە بۆ ئەنجامدانا هلبژارتنەکا ساخلەم هاتنە خرڤەکرن

**دهۆک – ئیسماعیل تاهیر**

بئارمانجا خرڤەکرنا راسپاردە وپێشنیاران بۆ ئەنجامدانا هەلبژارتنەکا کارا و ساخلەم و خورتکرنا رۆلێ راگەهاندنێ دپرووسا هلبژارتنێن گشتی یێن عیراقێ یێن بهێت دا، لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ رۆژا (٢٠٠٩/١٢/٢٦) دەستپێشخەریەک کر بۆ خرڤەکرنا ژمارەکا رۆژنامەڤان ویاساناس ونوونەرێن ئۆفیسا دهۆک یا کومسیونا بلندا سەربخویا هلبژارتنان وژمارەکا کەسایەتی یێن دەڤەرێ ودان وستاندنێ لسەر ڤی بابەتی وکاراکرنا رۆلێ دەزگەهێن راگەهاندنێ دڤێ پرووسێ دا.

دڤێ روونشتنێ دا کو لهۆلا کومبوونان دا ل ئۆتێلا ژیان لدهۆکێ هاتیە گێران چەند روونکرن لسەر شێوازێ روونشتنێ وئارمانجێن وێ ژلایێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ هاتنە بەرچاڤکرن وپاش دەلیڤە بئامادەبوویان هاتە دان وستاندنەکا

ئـــارام ئـەنـجـام بـدەن ودئـەنـجـامـدا ژمـارەکـا راسـپـاردە وپێشنیاران هاتنە تۆمارکرن بۆ باشتر بڕیڤەچوونا ڤێ پرووسێ.

ئـــامـــادەبـــووێـــن ڤێ روونشتنێ چەند پێشنیار بـەرچـاڤـکـرن ژ وان : راگـەهـانـدن بباشـتـرین شێوە رۆلێ خو دبەلاڤکرنا رۆشـنـبـیـریـا هـلـبـژارتـن وەدەنگدانێ وپشکداریێ دپرووسا ناڤبری دا بگێریت وهەموو لایەن دهاریکار وپشتەڤان بن بۆ سەرئێخستنا ڤێ پرووسێ وبەرژەوەندیا گشتی یا گەل و وەلات لبەری بەرژەوەندیا تاکی وحزبی ولایەن وقەبارێن پشکدار بهێتە دانان وب چ رەنگان رێ نەهێتە دانان ناڤزڕاندن وسڤکبێکرن د دەزگەهێن راگەهاندنێ دا ب لایەنێن دیتر وبەربژاران وپرووسا هلبژارتنان بهێتە کرن.

روونشتنێ داخواز ژ کومسیونا بلندا سەربخویا هلبژارتنان کر دەرگەهێن خو لبەرامبەر راگەهاندنێ ڤالا بکەت وکەسانێن دەستهەل دەست نیشان بکەت بۆ دانا پێزانینان وداخویانی بێن رۆژنامەڤانی ومیکانیزمێن باشتر دارژیت بۆ کاراکرنا تێکەلیێ دگەل رۆنامەڤانان ودیارکرنا ژڤانێن گونایی بۆ کونگرێن رۆژنامەڤانی ددەمێ ئەنجامدانا پرووسا هبژارتنان دا.

هەمان دەم لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ چەند ئارمانج بڤێ روونشتنێ هەبوون ژوان ئەم وەک سەندیکا دەستپێخەر بین بۆ ڤێ خرڤەبوونێ ژبەر گرنگیا رووداندا هلبژارتنان کو چاڤەرێ یە لهەفتیی یا ئێکێ ژهەیڤا ئادارا بهێت بێتە ئەنجامدان ودووەم ئەو بۆ کو ئەم وەک سەندیکا رنگیێ ددەینە ڤان جورە پێشهاتان کو گرێدانەکا راستەوخو ب کارێ مە ڤە وەک پیشە هەیە دگەل سەنگێ سەندیکایێ دڤان چالاکی وپێشهاتێن گرنگ دا هەیی.

## ویٚنایەکی جوانتری ژنان لە ڕاگەیاندنەکاندا

گۆڤاری سایە بەهاوکاری لیژنەی پشتیوانیکردن لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە لەبەرواری ٢٠٠٩/١٢/٢٧ لەبارەگای نوسینگەی گۆڤاری **(سایە)** سیمینارێکی کراوەی سەبارەت بە شێواندنی وێنای ژنان لە ڕاگەیاندنەکاندا سازکرد.

سەرەتای سیمینارەکە لەلایەن خەرامان خان بەرپرسی لیژنەی داکۆکیکردن لە لەڕۆژنامەنووسانی مێینە تیشکی خستە سەر ئەو ڕەوشەی کە ئێستا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دژی ژنان بڵاودەکرێتەوە، هەروەها ئاماژەی بەهەندێک لەوگۆڤار و ڕۆژنامانە کرد کە ئەمڕۆ لە شەقامی کوردیدا بڵاودەکرێنەوە کەتێیدا کۆمەڵێک داتای ناڕاست و کۆمەڵە کێشەیەکی ناواقیعی ئەوروپامان بۆ دەگوێزنەوە و کە باکگراوانێکی کوردانەی بۆ دەکەن کە تەنیا بۆ شێواندنی خێزانەکان و کۆمەڵگەی کوردەوارییە، ئەو بەڕێزە لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەشدا کە زۆرێک لەو گۆڤارانە ئەوەندە قوڵ بوونەتەوە بە مەسەلە سێکسیەکانەوە و

وێنای ژن تەنیا لەجەستەیدا دەبینیتەوە، کۆتایی پەیڤەکانی بەوە هێنا کە ئێمە دەمانەوێت کار بکەین بۆ ساڕێژکردنی برینەکان، وەزارەتی ڕۆشنبیریش بە کەمتەرخەم لەقەڵەم دا لە بەرامبەر ڕێگە پێدان بەبڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە بڵاوکراوانە بەبێ ئەوەی چاوێک بە ناوەڕۆکیدا بخشێنێتەوە، ڕێکخراوەکانی ژنانیشی بە کەمتەرخەم زانی کە نەیانتوانیوە یەک دەنگ بن لەبەرامبەر ئەم جۆرە کێشانەدا، هەر لەو سیمینارەدا بەڕێز مامۆستا (ملکۆ) مامۆستای بەشی دەروونی لەزانکۆی سلێمانی باسی لەو کێشە و گرفتە دەروونیانە کرد کە ڕۆژانە بەهۆی ئەو جۆرە گۆڤارانەوە قوتابیان و گەنجان لەڕووی دەروونیەوە دووچاری دەبنەوە، دواتر ئاماژەی بەو ئاستەنگانە کرد کە دەبنە هۆکار بۆ دروست بوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و هەڵوەشانەوەی خێزانەکان، هەر لەمیانەی سیمینارەکەدا بەڕێز خاتو سەرگوڵ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی داکۆکیکار لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە بڕگەی ئەو یاسایانەی خستە ڕوو سەبارەت بە ڕەوش و کاری ڕۆژنامە نووسان و دەرچوونی ئەو گۆڤارانە، هەروەها ئەوەشی خستە ڕوو کە تەنیا بەشێک لەویاسایانە کاری پێکراوە .

کۆتای سیمینارەکەش بەجێهێڵرا بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچوونی ڕۆژنامەنووسانی ئامادەبوو دواتر بەکۆی دەنگ بڕیار درا تەواوی ئەو بۆچوونانە بکرێتە بەیاننامەیەک و ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت

## ڕاگەیاندنێک لەلیژنەی داکۆکی لەئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە ڕووداوەکەی خانەقینی ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢٧

ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢٧) لەشاری خانەقین لەلایەن پۆلیسی گەرمیانەوە ڕێگری لەتیمێکی کەناڵی (KNN) دەکرێت کەبەمەبەستی یادی عاشورا لەو شارەبوون، دواتر کامێراکە لەپەیامنێری کەناڵەکە دەستێنن و دەست بەسەر کاسێتەکەیدا دەگیرێت.

لیژنەی داکۆکی لەئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان سەرەڕای ئەوەی بەدواداچوونی بۆ ڕووداوەکە کرد و ئاگاداری کێشەکە بوو، بۆیە دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەوە ڕەچاوبکەن کە ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) ئەو مافەیان پێدراوە کەبتوانن لەکۆنگرە و بۆنە و کۆنفراسەکاندا بەشداربن و زانیاری وەرگرن، بۆیە ئەو کارەی پۆلیسی گەرمیان هەرچەندە خۆیان بەئێمەیان ڕاگەیاندووە کە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ڕێورەسمەکە بووە لەوشارەو هیچ هۆکارێکی دیکە نەبووە، مەحکوم دەکەین.

چونکە ناکرێ پەناببرێتە بەر لێسەندنی کامێراو دەست بەسەرداگرتنی کاسێتی پەیامنێران، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ڕۆژنامەنووسان ئەوە بزانن کەتەنها لەچوارچێوەی یاسادا دەتوانن مافەکانیان دەستەبەر بکەن، هەرچەندە لەلایەن یەکێک لەئەندامانی تیمەکەوە قسەی نەشیاویان بە بەڕێوەبەری پۆلیس گوتووە، بۆیە دەبێت ڕۆژنامەنووسان دووربن لەم جۆرە هەڵسوکەوتانە نەک بەشێوازێکی دیکە کە دووربێ لە ئاکاری ڕۆژنامەنووسی.

**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**لیژنەی داکۆکی لەئازادی ڕۆژنامەنووسی و**
**مافی ڕۆژنامەنووسان لەکوردستان**
**٢٠٠٩/١٢/٢٨**

# شاندێکی پەرلەمانی بەریتانیا سەردانی بارەگای سەندیکا دەکات

سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠١٠/١/٦ لەبارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەشاری هەولێر، فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادەبوونی حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکاو ئەکەد مورراد، جەمال حوسێن ئەندامانی ئەنجوومەن و (شێرکۆ حەبیب) بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، پێشوازییان لە بەڕێزان خاتوو (مارگریت مەن) ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا و سەرۆکی گروپی پشتیوانی لەکوردستانی عێراق و (گاری کێنت) راوێژکاری پەرلەمانی بەریتانیا و خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەریتانیا کرد.

سەرەتا نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان تیشکی خستە سەر پێکهاتەو کارو چالاکییەکانی سەندیکاو رەوشی رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان و ئەو یاسایانەی کەلەبەر رۆشنایی رەشنووسی پرۆژەکانی سەندیکا لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوونە.

لەبەرانبەردا شاندی میوان وێڕای سوپاس و پێزانینیان بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ پشتگیری کردن لە چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا.

# چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لێژنەکانی سەندیکادا

بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئیش و کارەکان و دانانی بەرنامەو پلانی گونجاو رۆژی ٢٠١٠/١/١٢ لەبارەگای ئەنجوومەن لەشاری هەولێر فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەئامادەبوونی "حامد محەمەد عەلی" سکرتێری سەندیکا و جەمال حوسێن

ئەندامی ئەنجوومەن، بەجیا لەگەڵ هەریەک لە لیژنەکانی(پشتیوانی لەرۆژنامەنووسانی مێینە، چاودێری، بەرزەفت) سەر بەسەندیکا کۆبۆوە.
لەکۆبوونەوەکاندا وێرای هەڵسەنگاندنی کاری لیژنەکان و دانانی بەرنامەو پلانی شیاو بۆ کاراکردنی لیژنەکان، چەندین بریار و راسپاردەی پێویست بەمەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆیادکردنەوەی ١١٢ ساڵەی رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی وەرگیران.

# راگەیەندراوێک لە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

١. پێشەکی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان ئاکامی سەردانەکەی بۆ لای دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە رۆژی ٢٠١٠/١/٦ سەردانی بەڕێزیانی کردبوو، خستەڕوو و باسی هەڵوێستی ئەرێنی بەڕێزیانی کرد لەپشتیوانی کردن لە داخوازی و داواکارییەکانی سەندیکا لە دابینکردنی زەوی نیشتەجێبوون بۆ رۆژنامەنووسان و هەموارکردنی یاسای خانەنشینی و چەندین مەسەلەی تری پەیوەندیدار بەمافی رۆژنامەنووسان.
٢. لەدیدارەکەدا نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان داوای لە بەڕێز سەرۆکی حکومەت کردووە کە ئەشکەوتی (جاسەنە) نۆژەن بکرێتەوە و رێگاوبانی ئەو ناوچەیەش تا شوێنی ئەشکەوتەکە قیرتاو بکرێت بۆ رۆژی ٤/٢٢ کە سەندیکا بەنیازە یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردی لەوێوە دەست پێبکات، لەم بارەیەوە خۆشبەختانە بەڕێزیان فەرمانی دەرکرد بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکەی سەندیکا.
٣. سەبارەت بە ئاهەنگەکانی یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردی بڕیار درا سەندیکا بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و رێکخراوی ئاسک لە ٢٢ تا ٤/٢٥ یادەکە بەڕێوە ببات لە هەریەک لەئەشکەوتی (جاسەنە)و شارەکانی هەولێر و رواندز، بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە ئامادە دەکرێت، هەر لە سیمینار و پێشکەشکردنی باس و چاپکردنی ژمارەکانی رۆژنامەی (بانگی حەق) و ئامادەکردنی باسی تایبەت دەربارەی یەکەم رۆژنامەی کوردی کە لە شاخ چاپکراوە، لەسەردەمی شۆڕشی "شێخ مەحموودی نەمر"دا، هەروەها باسی تایبەت لەسەر رۆژنامەی (زاری کرمانجی) و رۆژنامەنووس (حوسێن حوزنی موکریانی).
٤. دەربارەی ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کە تا ئێستا سەردانی سەندیکایان نەکردووە بۆ تۆماری یاسایی و وەرگرتنی ژمارەی متمانە، ئەم کارە بە سەرپێچی یاسا دانرا، چونکە بە پێی یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە (٣٥)، دەبێ سەرجەم گۆڤار و رۆژنامەکان ژمارەی متمانە لە سەندیکا وەربگرن و سەندیکاش وەزارەتی رۆشنبیری لێ ئاگادار بکاتەوە، لەم بارەیەوە لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا وەک چۆن ناوی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەمان بڵاو کردۆتەوە کە ژمارەی متمانەیان وەرگرتووە، تەئکید کرایەوە لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکە بۆ وەرگرتنی ژمارەی متمانە سەردانی سەندیکا بکەن.
٥. سەبارەت بە نوێکردنەوەی پێناسە و دانی ئابوونە، بڕیار درا بە پەسەند کردنی

ئەو فۆرم و تۆمارەی بۆ ئەم مەبەستە بۆ ساڵی ٢٠١٠ ئامادە کراوە کە دەبێ تا رۆژی ٢٠١٠/١٠/٣١ هەموو ئەندامێک ئابوونەی ساڵانە و قەرزی ساڵانی پێشووی بدات لە ٢٠١٠/١١/١ ئەو تۆمارە دادەخرێت و ئابوونە لە کەس وەرناگیرێ، هەر ئەندامێکیش تا ئەو رۆژە ئابوونەی نەدابێ بۆی نییە بەشداری لە کۆنفرانسی لق و نووسینگەکان بۆ هەڵبژاردنی کۆنگرەی داهاتوو بکات.

٦ ـ سەبارەت بە تەرخانکردنی کورسی خوێندن بۆ رۆژنامەنووسان لە پەیمانگا و زانکۆکاندا، بڕیار درا کە رۆژی ٢٠١٠/١/١٤ بەڕێز حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکا سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بکات بۆ وەرگرتنی ئەنجامی کۆتایی لە بەرپرسانی وەزارەت.

٧ ـ نەقیبی رۆژنامەنووسان باسی ئاکامەکانی ئەو کۆبوونەوانەی کرد کە ئەنجوومەن لەگەڵ لێژنەکانی **(وەرزشی، مێینە، چاودێری، بەرزەفت)** ئەنجامی دابوو، ئەو بڕیارانەی لەو بارەیەوە درابوون پەسەند کران، لە هەمان کاتدا، نووسراو بۆ لق و نووسینگەکان بکرێت بۆ زیاتر پشتیوانی کردنی لێژنەکانی سەر بە سەندیکا.

٨ ـ راپۆرتی دارایی شەش مانگی رابردووی سەندیکا لەلایەن بەرپرسی دارایی بەڕێز ئەکەد مورادخوێندرایەوە، دوای گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆکی راپۆرتەکە، بە تێکڕای دەنگ لەلایەن ئەنجوومەن پەسەند کرا.

٩ ـ بڕیار درا ئاگاداری ئەو لقانە بکرێت کە ئەو فۆرمانەیان بۆ وەرگرتنی زەوی بەسەر رۆژنامەنووسان دابەش کردووە بە زووترین کات بیگەیەننە ئەنجوومەن.

١٠ ـ لە کۆتایشدا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان و سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، ئەنجوومەنی سەندیکا داوای لە سەرجەم رۆژنامەنووسان کرد کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراقدا پابەند بن بە یاسای کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان و رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و پەرەنسیبەکانی ئەخلاقی رۆژنامەنووسی، کە زامنی پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان و سەرخستنی پرۆسەکەیە.

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠١٠/١/١٣**

# بە ئامادەبوونی (٤٠) کەنالّی راگەیاندن چوارەم راپۆرتی لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسیی و مافی رۆژنامەنووسان بڵاوکرایەوە

رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢٦) لە هۆڵی سلێمانی پالاس لە شاری سلێمانی بەئامادەبوونی (٤٠) کەنالّ و (٦٠) رۆژنامەنووس و ئەنوەر حسێن سکرتێری لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان و ئەندامانی لێژنەکە شوان داودی، شوان هەورامی راپۆرتی لێژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی بڵاوکرایەوە، سەرەتا سکرتێری لێژنە بەشێک لەراپۆرتەکەی خوێندەوە و رایگەیاند ئەم راپۆرتە بریتییە لە خستنە رووی رەوشی رۆژنامەگەری لەشەش مانگی رابردوودا، هەروەها ئاماژەی بەو ئامارانەی کە لەراپۆرتەکەدا بڵاوکراوەتەوە کرد.

دواتر هەریەکە لە شوان داودی و شوان هەورامی وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکانی کەنالّەکانی راگەیاندنیان دایەوە و باسیان لە کار و چالاکی لێژنەکە و راپۆرتەکە کرد.

شایەنی باسە ئەم راپۆرتە هەر شەش مانگ جارێک بە مەبەستی خستنەرووی رەوشی رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان بڵاودەکرێتەوە. ئەمەش دەقی راپۆرتەکەیە:

## چوارەم راپۆرتی
## لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لەکوردستان
## دەربارەی رەوشی رۆژنامەگەری لەکوردستان
## ٢٠٠٩/٦/٣٠ تا ٢٠٠٩/١٢/٢٥

### پێشەکی

ئەمە چوارەمین راپۆرتی لێژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسانە، کەتایبەتە بەرەوشی رۆژنامەگەری لەشەش مانگی رابردوودا لەهەرێمی کوردستاندا، هەڵبەت لێژنەی داکۆکی لەئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەئامانجی خستنەرووی راستییەکان و داکۆکیکردن لەتوێژی رۆژنامەنووسان ئەم راپۆرتە بڵاودەکاتەوە.

لەو شەش مانگەی رابردووشدا راستگۆیانەو بێ لایانانە چاودێری رەوشی ئەو توێژەی بەشێوەیەکی مەیدانی و داکۆکی لەمافی رۆژنامەنووسان کردووە.

دیارە لێژنەکەمان لەژێر رۆشنایی دروشمی ناوەندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەو بارەیەوە کارەکانی خۆی ئەنجامداوەو ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ کردووە، هەڵبەت ئەنجوومەنی سەندیکا بەگشتی و لێژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنووسان و مافی رۆژنامەنووسان بەتایبەتی لەرابردوو و داهاتووشدا ئازادی رۆژنامەنووسی و چەسپاندنی ئەو ئازادیە لەسەر زەمینی واقیعدا بەهەنگاوێکی گەورە زانیووە، لەسەر رێگای پەرەپێدانی ئازادییە گشتییەکان و زیاتر هەنگاونانی کایەی سیاسی و دیموکراتیزەکردن و بەمەدەنیکردنی ژیانی گشتی لەوڵاتەکەماندا بگرە ئەو ئازادیەیان بە پێشمەرج و داینەمۆی کاروانی شارستانی و هێنانەکایەی کۆمەڵگای هاوچەرخ زانییوە.

ئێمە جارێکی تر جەخت لەوە دەکەینەوە، کە یاسای رۆژنامەگەری پێوەرو سەنگی مەحەکە بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی و بنیاتنانی پەیوەندییەکانی توێژی رۆژنامەنووسان بەکایەکانی تری واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەو یاسایە هەم زەمانەتی پاراستنی مافە پیشەییەکانی رۆژنامەنووسانە لەچوارچێوەو میکانزمێکی هاوچەرخ و گونجاوە بۆ زیاتر بەرفراوان کردنی ئازادی رۆژنامەنووسی، هەم بەربەستێکیشە لەبەردەم خراپ بەکار هێنانی کاری رۆژنامەنووسی بەپێچەوانەی پیرۆزی ئەو پیشەیە لەهەر لادانێک کەشایان و لایەقی ئەو پیشەیە نەبێت ئەنجوومەنی سەندیکا بەگشتی پەیگیرانەو بەهەموو شێوەیەک داکۆکی لەو یاسایە دەکات و بەخەباتێکی مەدەنی و سەردەمیانە رووبەرووی هەر هەوڵێک دەبێتەوە کەبیەوێت کار لەسەر کەم بایەخکردن و ئیفلیجکردنی ئەو یاسایە بکات، جا ئەو هەوڵانە لەهەر لایەن و تاکێکەوەبن.

ئێمە جارێکی تر بانگەشەی رۆژنامەنووسانی هاوکارمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کەپێویستە هەموولایەک پابەندی ئەو یاسایەبن و وەکو زەمانەتی بەرفراوانکردنی ئازادی رۆژنامەنووسی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

شایانە باسە بەشێکی زۆری ئەو پێشلکارییانە لەم راپۆرتەدا ئاماژەیان پێکراوە، لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمووز بووە لەکوردستاندا.

دەبێ ئەوەش بڵێین لەماوەی شەش مانگی رابردوودا چەندین پێشێلکاری جۆراوجۆر بەرامبەر بەرۆژنامەنووسان کراوە، لەهەمان کاتدا چەند کەناڵ و رۆژنامەنووسێک بەرپرسیارانە مامەڵەیان لەگەڵ یاساو پێوەرە سەرەکییەکانی کاری رۆژنامەنووسی نەکردووە، لەم راپۆرتەدا (٤) حاڵەتی هەڕەشەکردن، (٢) حاڵەتی لێدان، (٢١) حاڵەتی پێشێلکاری جۆراوجۆر، (٣) حاڵەتی دەستگیرکردن، (٤) حاڵەتی سزادان و (١) حاڵەتی داخستنی دۆسیەی دادگا، تۆمارکراون.

هەروەها جیگای ئاماژەپێدانە لە شەش مانگی رابردوودا (٣٥) داوای یاسایی و سکاڵای جۆراوجۆر لەدژی رۆژنامەنووسان و رۆژنامەکان و دام و دەزگاکانی حکومەت تۆمارکراوە، کە بەشێکیان لەنێوان خودی رۆژنامەنووسان خۆیاندا بووە.

بەڵام بەپێچەوانەی راپۆرتەکانی پێشووتر، ئەمجارە بەپێویستمان نەزانی وردەکارییەکانی ئەم سکاڵا یاساییانە بڵاوبکەینەوە، لەبەر ئەوەی هێشتا لەدادگاکان نەبڕیاری لەسەردراوە نەیەکلابۆتەوە، لەراپۆرتی داهاتووشدا هەر کام لەو سکاڵایانە بەپێویست زانرا، ئاماژەی پێ دەکەین.

**لێژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لەکوردستان**

**یەکەم:/**

**(هەڕەشە)**

١. رۆژی ٢٠٠٩/٨/٩ رۆژنامەنووس **"ئارام جەمال ئیسماعیل"** لەناو شاری کەرکووک لەلایەن **(ئاسایشی کەرکووک)** هەڕەشەی لێکراوە لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتێکی رۆژنامەنووسیدا.

٢. رۆژی ٢٠٠٩/٩/١١ رۆژنامەنووس "کامەران محەمەد مەولود" پێی راگەیاندین کە لەسەر ئەنجامدانی بەدواداچوونێکی رۆژنامەوانی لەشاری کۆیە، لەلایەن پەرلەمانتار **(گۆران ئازاد)** هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.

٣. رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٧ رۆژنامەنووس**"سەنگەر هیوا قادر"** پەیامنێری رۆژنامەی ئاسۆ لەلایەن **(بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیان)** هەڕەشەی لێدەکرێت و رێگای ئەنجامدانی کاری رۆژنامەوانی لێدەگیرێت.

٤. بەپێی وتەکانی رۆژنامەنووس **(کاوە گەرمیانی)** چەندین کەس هەڕەشەی کوشتنیان لێکردوە لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک لەرۆژنامەی ئاوێنەدا بەناوی **(چەندین بەرپرس بەبێ دەوامکردن زانکۆ تەواودەکەن)**.

**دووەم:/**

**(لێدان)**

١. لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا لەمانگی تەموزدا شەوی (٢٠٠٩/٧/١٢) پاسەوانەکانی **(شێخ جەعفەر)** وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم، لەگەڵ تیمێکی تەلەفیزیۆنی (KNN) کێشە دەکەوێتە نێوانیان لەئەنجامدا رۆژنامەنووس **(ئاسۆ جەمال موختار)** بریندار دەبێت، لەم بارەیەوە پەیوەندیمان بە بەرپرسانی کەنالّی (KNN) و ئەندامی تیمەکە کرد، بەڵام هیچ سکاڵایەکیان بەنووسراو پێشکەش بەلێژنەکە نەکرد.

٢. ئێوارەی ٢٠٠٩/١٠/٢٩ لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لەناو شاری هەولێر هێرش کرایەسەر رۆژنامەنوس**(نەبەز گۆران)** سەرنووسەری گۆڤاری جیهان و ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئازارێکی جەستەیی زۆریانداو بۆئەم مەبەستەش لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی بەوردی بەدواداچوونی کرد، بەڵام تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەش دەستدرێژیکاران نەناسراون. لەم بارەیەوە پەیوەندیمان بەناوبراو کرد، بەڵام هیچ سکاڵایەکی بەنووسراو پێشکەش بە لێژنەکەو سەندیکا نەکرد. هەروەها رۆژی دوایی لیژنەی داکۆکی لەراگەیاندراوێکدا لێدانی ئەو رۆژنامەنووسەی مەحکوم کرد کە دەقەکەی لەپاشکۆی ئەم راپۆرتەدا بڵاوکراوەتەوە.

**سێیەم:/**

**(پێشێلکارییەکان)**

١. لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتێکی رۆژنامەوانیدا، لە ٢٠٠٩/٦/٣٠ لەلایەن ئاسایشی کەرکووک دەستدرێژی دەکرێتە سەر رۆژنامەنووس "سۆران ئیسماعیل نەقی" و سووکایەتی پێدەکرێت.

٢. رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢ رۆژنامەنووس**"ئازاد محمد ئەحمەد"** لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتێکی رۆژنامەنووسیدا لەلایەن هەندێک فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووک سووکایەتی پێکراوە.

٣. رۆژی ٢٠٠٩/٧/٦ لەلایەن بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووک سووکایەتی بەرۆژنامەنووس**"ئازاد محمد ئەحمەد"** کرا لەسنووری کەرکووک لەکاتێکدا ئەو رۆژنامەنووسە خەریکی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسی بوو. لەو بارەوە لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسان بەدواداچوونی کردو نارەزایی خۆی گەیاندە بەرێوەبەرایەتی پەروەردە.

٤. رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٠ رۆژنامەنووس**"عەبدولئەمیر تاهیر جەبار"** لەناو شارۆچکەی کەلەکچی سەربە قەزای شێخان لەلایەن چەند چەکدارێکەوە هێرشی دەکرێتەسەر و سووکایەتی پێ دەکرێت. لەم بارەیەوە لقی موسڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەدواداچوونی کردو نارەزایی خۆی بە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی ئەو ناوچەیە راگەیاندو تیایدا داوای بەدواداچوون و سزادانی دەستدرێژیکارانی کرد.

٥. رۆژنامەنووس **(ئاوارە جاف)** پەیامنێری رۆژنامەی **(چاودێر)** لەکەلار لەرۆژی (٢٠٠٩/٧/٢١) لەشاری کەلار و لەکاتی وێنەگرتنی کارێکی رۆژنامەنووسی لەنزیک بنکەیەکی لیستی **(گۆران)** لەلایەن چەند گەنجێکی ئەو بنکەیەوە هەڵکوتراوەتە سەری کامێراکەیان لێسەندوە و دواتر پاش ماوەیەک پێیان داوەتەوە و رێگایان لێگرتووە هیچ وێنەیەک بگرێت.

٦. رۆژنامەنووس **(قادر قەرەداغی)** ئەندامی ستافی هەفتەنامەی **(زەنگ)** رۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٣) لەبەردەم ناوەندی دەنگدانی **(پێشکەوتن)** لەشاری کەلاردا لەرۆژی دەنگدانی تایبەتدا و لەکاتی رومالّکردنی رۆژنامەنووسیانەی دەنگدانەکەدا و لەدەرەوەی ناوەندەکە لەلایەن بەرپرسی بەشی راگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیانەوە **(مولازم عوسمان)** هەڵدەکوترێتە سەری و کامێراکەی لێ دەسەنرێت و پاش تەماشاکردنی وێنەکانی و دوای چەند قسەیەکی ناشیرین و جنێوپێدان کامێراکەی دەدرێتەوە و رێی لێ دەگیرێت کەوێنە بگرێت، شایەنی باسە رۆژنامەنووسی ناوبراو باجی تایبەتی کۆمسیۆنی پێ بووە.

٧. رۆژنامەنووس **(ئەسعەد محەمەد عەلی)** رۆژنامەنووسی تەلەفیزیۆنی یەککگرتوو-کەنالّی گەرمیان) رۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٣) لەبەردەم ناوەندی دەنگدانی **(پێشکەوتن)** لەشاری کەلاردا لەرۆژی دەنگدانی تایبەتدا و لەکاتی رووماڵکردنی پرۆسەکەدا و لەدەرەوەی ناوەندەکە (١٠) کارمەندی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش پەلاماری دەدەن و رێگەیان لێ گرتووە وێنە بگرێت.

هەروەها **(مدیر قاتع)** بەرپرسی بنکەی دەنگدانی (٢٧٥) رێی وێنەگرتنی لێ گرتووەو بۆ ماوەی دوو سەعات کامێراکەیان لێ سەندووە، دواتر بەتەداخولکردنی کۆمسیۆنی بالّا کامێراکەیان پێداوەتەوە.

جێی باسە رۆژنامەنووسی ناوبراو باجی تایبەتی کۆمسیۆنی پێ بووە، کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس جنێویشیان پێداوە و سووکایەتیان پێکردووە.

٨. رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٣ لەکاتی رووماڵکردنی دەنگدانی تایبەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی

هەرێمدا، رۆژنامەنووسان "هێمن عەلی مەحمود" پەیامنێری رۆژنامەی کۆمەڵ و رادیۆی کۆمەڵ کەنالّی سلێمانی و "هیوا عوسمان محەمەد" پەیامنێری کەنالّی ئاسمانی پەیام، لەبنکەی (٢٨١) لە ئامادەیی سەید سادقی کوڕان، سەرەڕای هەڵگرتنی باجی فەرمی کۆمیسیۆنی بالّای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەلایەن موقەدەم **(سەرکەوت)** لەفەرماندەیی شارەزوو و بەجنێو و قسەی ناشیرین و هەڕەشە دەکرێنە دەرەوەو کامێراکانیان لێ دەسەنرێت.

٩. رۆژنامەنووس **(شوان جەلال)** رۆژنامەنووسی تەلەفیزیۆنی ئازادی- کەنالّی کفری، رۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) لەبەردەم ناوەندی دەنگدانی **(ئاشتی)** لەسەرقەڵا و لەرۆژی دەنگدانی گشتیدا لەکاتێکدا ویستویەتی رووماڵی پرۆسەی دەنگدان بکات لەو ناوەندەدا لەلایەن مونەسیقی ناوەندەکە و کارمەندانی کۆمسیۆنەوە ڕێگری لێکراوە و پاش سەعاتێک ڕێگەیان پێداوە بچێتە ناو ناوەندەکەوە. شایەنی باسە رۆژنامەنووسی ناوبراو باجی تایبەتی کۆمسیۆنی پێ بووە.

١٠. رۆژنامەنووس **(گەرمیان حەمەخان)** پەیامنێری سایتی **(کوردستان ئۆنلاین)** رۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) لەبەردەم ناوەندی دەنگدان لەناحیەی **(رزگاری)** ویستویەتی رووماڵی پرۆسەکە بکات لەدەرەوە، بەڵام پاسەوانەکانی ناوەندەکە و کارمەندانی کۆمسیۆن ڕێگریان لێکردوە و ڕێیان پێنەداوە، شایەنی باسە رۆژنامەنووسی ناوبراو باجی تایبەتی کۆمسیۆنی پێ نەبووە.

١١. رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ لەناو شارۆچکەی سۆران بەبەرچاوی ئاسایشەوە لەلایەن چەند لاوێکەوە هێرش کرایەسەر تیمێک لەرۆژنامەنووسانی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو لەوناوچەیە، دواتر لەلایەن سکرتێری نووسینگەی سۆرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و پۆلیس لەوکارە ئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام تاکو ئێستا بەفەرمی وەڵامی داواکارییەکەیان نەداوەتەوە.

١٢. شەوی ٢٧-٢٠٠٩/٧/٢٨ لەلایەن چەند چەکدارێکەوە هێرش کرایەسەر نووسینگەی کەنالّی ئاسمانی (KNN) لەناو شاری هەولێر هاوکات بەهەمان شێوە هێرش کرایە سەر کەنالّی ئاسمانی پەیام و کەنالّی ئاسمانی سپێدە هەر لەم شارەدا، دواتر نەقیبی رۆژنامەنووسان و ئەنجوومەنی سەندیکا و لێژنەی داکۆکی لەو بارەیەوە چەندین بەدواداچوونیان کردو دواتر بەئیمزای نەقیب نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی هەریەک لەو کەنالّانە کراو تیایدا نارەزایی لەبەرامبەر ئەو دەستدرێژییە دەربری کەکراوەتە سەریان و بە پێشێلکاری و دەستدرێژیی بەرانبەر مافی رۆژنامەنووسان لەقەڵەمدا، هەروەها لێژنەی داکۆکی لەوبارەیەوە چەندین پەیوەندی بەلایەن پەیوەندیدارەکانەوە کرد کەتاوانباران دەستنیشان بکات و بیانداتە دادگا.

لەپاشکۆی ئەم راپۆرتە دەقی ناڕەزاییەکەی نەقیبی رۆژنامەنووسان بلّاوکراوەتەوە.

١٣. رۆژی (٢٠٠٩/٨/٢) لەکاتی سازکردنی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی لەشارۆچکەی دوکان لەنێوان بەرێزان **(مام جەلال)** سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ و **(نوری مالیکی)** سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ ڕێگا نادرێت تیمی کەنالّی (KNN) و رۆژنامەی رۆژنامە و تەلەفیزیۆنی **(پەیام)** بەشداری بکەن. لەمبارەیەوە پاش پەیوەندیکردن بەسکرتێری رۆژنامەوانی بەرێز مام جەلال وتی" ئەوە هۆکارێکی تەکنیکی بووە".

١٤. رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٧ هەردوو رۆژنامەنووس "سامان بەشارەتی و ئەمیر ئەبوبەکر" لەکەنالّی ئاسمانی (KNN) لەلایەن هێزێکی زێرەڤانی لەناو شاری هەولێر هێرشیان دەکرێتە سەرو بەشێوەیەکی ناشارستانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن لێژنەی داکۆکی لەم بارەیەوە چەندین بەدواداچوونی کردو دواتر بەنووسراوی ژمارە(٢٥٤) لە ٢٠٠٩/٨/٢٠ فەرماندەی زێرەڤانی کوردستانی ئاگادار کردەوەو تیایدا ئەو کارەی مەحکووم کردو داوای ئەوەشی کرد کەدەستدرێژیکاران سزای یاسایی بدرێن. بەڵام هەتا ئێستاش فەرماندەی زێرەڤانی هیچ وەڵامێکیان نەداینەوە.

**سەرنج:**

**نووسراوەکەی لیژنەی داکۆکی لەپاشکۆی ئەم راپۆرتەدا بلّاوکراوەتەوە.**

١٥. رۆژی ٢٠٠٩/٩/٥ رۆژنامەنووس "ماکوان کەریم" خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری ڕێگا پێی راگەیاندین کەرۆژنامەنووس"سۆران عومەر" بەبێ ئاگاداری ئەو خۆی کردووەبە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤارەکە.

ئەمەش پێچەوانەی یاسای ژمارە(٣٥) ساڵی (٢٠٠٨)ە کەلەبرگەی شەشەمی مادەی(٣)ی یاسای ئاماژە پێدراو ئاماژەی پێ دراوە. دواتر بەئیمزای نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەنووسراوی ژمارە (٩٩٩) لە ٢٠٠٩/٩/١٧ **(سۆران عومەر)** ئاگادار کرایەوە کەئەمە پێشێلکاریی یاسایە. لەپاشکۆی ئەم راپۆرتەدا دەقی نووسراوەکەی نەقیبی رۆژنامەنووسان بلّاوکراوەتەوە.

١٦. رۆژی ٢٠٠٩/٩/٨ لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پێی راگەیاندین **"تەیسیر جیهاد محمد"** پەیامنێری گۆڤاری **"الصراحه"** بەهۆی بلّاوکردنەوەی بابەتێکی رۆژنامەوانی لەسەر نەخۆشخانەی ئازادی لەشاری کەرکووک بەبریاری سەرۆکایەتی نەخۆشخانەی گشتی کەرکووک لەسەر کار لایانداوە. لەم بارەیەوە لقی

کەرکووکی سەندیکا بەدواداچوونی کردووەو هەولّی گەڕاندنەوەی ئەو رۆژنامەنووسەی بۆسەر کارەکەی داوە.

١٧. رۆژی ٢٠٠٩/٩/١٦ رۆژنامەنووس **"رۆژگار مەحمود محمد"** لەناو شاری کەرکووک لەلایەن **(بنکەی پۆلیسی رەحیماوا)** دەستدرێژی دەکرێتەسەرو سووکایەتی پێ دەکرێت. لەکاتێکدا ئەو رۆژنامەنووسە، کە سەر بەنووسینگەی نەورۆزە سەرقالّی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسیی بووە.

١٨. رۆژی ٢٠٠٩/٩/١٦ هەردوو رۆژنامەنووس **"کۆسرەت عبدولرەحمان و عەدنان حەسۆ"** لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتی رۆژنامەنووسیدا لەلایەن **(پۆلیسی کەرکووک)** سووکایەتیان پێکراوەو رێگای ئەنجامدانی کاری رۆژنامەوانیان لێ گیراوە جێی باسە هەردوو رۆژنامەنووس سەربە نووسینگەی کەنالّی ئاسمانی نەورۆزن لەشاری کەرکووک.

١٩. شەوی ١-٢٠٠٩/١٠/٢ ئۆتۆمبێلی رۆژنامەنووس **(بەختیار سەعید صالح)** لەبەردەم مالّی باوکی لەشاری سلێمانی لەلایەن دەستێکی نادیار سووتێندرا، بەقسەی رۆژنامەنووسی ناوبراو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رەخنەگرتن لەئەدای سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، لەبەرنامەیەکی تایبەتی **(رادیۆی گۆران)**دا، هەروەها ناوبراو لەبەردەم ئەنداماني ئەنجوومەن ئاماژەی بەوە کرد کە قەرەبووی مادەی زیانەکەی کراوەتەوە.

٢٠. رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٦ رۆژنامەنووس"هەژار ئەنوەر جەوهەر" پێی راگەیاندین کە لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتێکی رۆژنامەنووسی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دواناوەندی هەولێری نموونەیی بەشێوەیەکی ناشارستانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و هەرەشەی ئەوەی لێ دەکرێت کە بەئاسایش دارکاری دەکەن، دواتر لیژنەی داکۆکی بەنووسراوی ژمارە(١٠٤٩) لە (٢٠٠٩/١٠/١٨) ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی دواناوەندی هەولێری نموونەی کردو ئەو دەستدرێژییەی مەحکووم کرد.

٢١. رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٥ رۆژنامەنووس **"ئازاد محمد ئەحمەد"** لەلایەن **(بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووک)** سووکایەتی پێکراوە لەسەر ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسی.

**چوارەم:/**
**(دەستگیرکردن)**

١. بەنووسراوی ژمارە (١٤٧٨٨) رۆژی (٢٠٠٩/٧/٦) بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی، فەرمانی دەستگیرکردنی رۆژنامەنووس **(سالار مەحمود)**ی لەگۆڤاری لڤین دا، بەپێی مادەی (٤٣٤) دراوە.

٢. بەهۆی سکالاّیەک لەلایەن **(قادری حاجی عەلی)** لەبنکەی پۆلیسی بەختیاری لە شاری سلێمانی لەسەر رۆژنامەنووس **(سەردەشت حەمە سالّح)** سەرنووسەری گۆڤاری خەڵک.

ناوبراو بۆ ماوەی (٣) کاتژمێر لەپۆلیس دەستبەسەرکراوە و **پاشان** بە هەولّی لیژنەی داکۆکی ئازادکراوە، کێشەی ناوبراو گوایە راپۆرتێک لەگۆڤارەکە لەسەر **(قادر حاجی عەلی)** بلاّوکردۆتەوە.

٣. رۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٥ رۆژنامەنووس **(رەفعەت مەحمەد قادر)** وێنەگری کەنالّی ئاسمانی سپێدە، لەشارۆچکەی سۆران لەلایەن پۆلیسی زێرەڤانییەوە دەستگیر دەکرێت و سووکایەتی پێدەکرێت و بۆ ماوەی نیوکاتژمێر **(توقیف)** دەکرێت.

**پێنجەم:/**
**(سزادان)**

١. بەنووسراوی ژمارە (١٠٠/ک/٢٠٠) لەرۆژی (٢٠٠٩/١٠/٦) دادگای کەتنی حاجیاوا لەسەر سکالاّی **(هێمن عومەر رەسوڵ و خەسرەو وەیس حسن)** دادگا بڕیاریداوە بەغرامەکردنی هەر یەکە لەرۆژنامەنووسان **(عەبدوڵڵا حەمەد عەبدوڵڵا، سوارە حەمەد عەبدوڵڵا، سوارە عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا، بەشدار ئیسماعیل قادر)** بەبڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) ملیۆن دینار، هەروەها غرامەکردنی هەریەکە لە رۆژنامەی **(پڕوشە و ئاوێر)** بەبڕی (٥،٠٠٠،٠٠٠) ملیۆن دینار بەهۆی بلاّوکردنەوەی هەواڵێک لەهەردوو رۆژنامەکەدا، کە سووکایەتی بەپۆلیس کردووە.

٢. پاش تۆمارکردنی سکالاّ لەسەر پەیامنێری رۆژنامەی هاوڵاتی لەزەرایەن، لەلایەن بەرپرسی کۆمیتەی زەرایەنی **(ی.ن.ک)** لەسەر بابەتێک کە لەژمارە (٤٤٩) لەهاوڵاتیدا بلاّوکراوەتەوە، دادگای شارەزوور بڕیاریدا بەغرامەکردنی **(کامەران پەشێو)**ی پەیامنێری رۆژنامەکە.

٣. پاش تۆمارکردنی سکالاّ لەلایەن گروپێکی سەلەفی لەسەر رۆژنامەنووس **(شێرکۆ محەمەد مستەفا)** بەهۆی بلاّوکردنەوەی بابەتێک لەرۆژنامەی **(رێڵاو)** لەدادگای چەمچەماڵ، دادگا لە ٢٠٠٩/١١/٢٦ بڕیاریدا بە غەڕامەکردنی رۆژنامەنووسی ناوبراو بە بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار.

٤. لەسەر بلاّوکردنەوەی وێنەیەک لەلایەن رۆژنامەنووس **(سوارە بیلال محەمەد)** لەرۆژنامەی **(رێڵاو)**، دوای تۆمارکردنی سکالاّ لەلایەن گروپێکی سەلەفییەوە لەدادگای چەمچەماڵ، رۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٦ دادگا بڕیاریدا بە غەڕامەکردنی رۆژنامەنووسی ناوبراو بە بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار.

**شەشەم:/**

(**داخستنی دۆسییە**)

١. رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) دادگای کەتنی سلێمانی، کێشەی رۆژنامەی هاوڵاتی و خانەوادەی **(هاورێ نەمەلی)** سکاڵاکار، کەتێدا رۆژنامەی هاوڵاتی تۆمەتبارکرابوو بەخۆکوشتنی ناوبراو.

پاش (١٥) جار دانیشتنی دادگا لەسەر کێشەکە، دادگای سلێمانی دواجار بڕیاریدا کە رۆژنامەکە و سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیاز بێتاوانن و بەیەکجارەکی دۆسیەکە بەقازانجی هاوڵاتی داخرا.

**حەوتەم:**

(**پاشکۆ**)

نووسراو و بەیاننامە راگەیاندراوەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان

بەڕێزان لە / - نووسینگەی هەولێری "رۆژنامەی رۆژنامە"

- کەناڵی "K.N.N" ی ئاسمانی

١. سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەموو پێشێلکارییەک ریسوا و مەحکووم دەکات کە بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن دەکرێت، سەرەڕای مەحکووم و ریسواکردنی ئەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر بەئازادی رۆژنامەنووس دەکرێت، چ لە کوردستان و چ لەدەرەوەی کوردستان و راپۆرتە شەش مانگییەکانی **(لیژنەی داکۆکی)** لە سەندیکای رۆژنامەنووسان بەڵگەی راست و دروست و راشکاوانەی هەڵوێستی سەندیکایە.

٢. دەربارەی رووداوی شەوی ٢٦-٢٠٠٩/٧/٢٧ کە لە کاتژمێری ١٢ی شەو تاکو ٥ی بەیانی کە وەک ئێوە دەڵێن **(زیاتر لە پەنجا ئۆتۆمبێل و چوار سەد کەسی گیرەشێوێن لە بەردەم بارەگاکانمان تەقەیان کردووە.....)** دەمەوێ هەڵوێستی خۆمانتان بۆ دیاری بکەم کە جارێکی دیکە بریتییە لە ریسوا کردن و مەحکووم کردنی ئەم جۆرە ڕەفتارە، کە دووبارە لە خەسڵەتی مرۆڤی بڕوادار بە ژیانی دیموکراتی و ئازادی و پێکەوەژیان لەسەر بنەمای لێکحاڵیبوون و قەبوولکردنی یەکتری.

٣. سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وەکو لە راگەیاندراوی رۆژی ٢٠٠٩/٤/٣٠ بڵاویکردۆتەوە لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکا باس لەو رووداوە قێزەونە دەکات و هەڵوێستی خۆی ڕادەگەیەنێ.

٤. لە کۆتاییشدا داوا لە دەزگا بەرپرسەکانی کوردستان دەکەین کە موحاسەبەی ئەو کەسانە بکەن، کە بەم جۆرە ڕەفتارانە هێمنی و ئارامی وڵات دەشێوێنن.

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٩/٧/٢٨**

**رۆژنامەنووس/ کاک سۆران عومەر**

**ب/ سەرپێچی**

سەرەڕای ڕێنمایمان و ئاگادارکردنەوەت لەلایەن نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلوولدا دەربارەی ئەو کێشەییەی کەوتۆتە نێوانی خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ڕێگا **(ماکوان کەریم)** و ئێوە، کاتێ سەردانی ئەنجوومەنی سەندیکات کرد بەڵام دواتر دوور لە یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٨ و پرنسیپی کاری رۆژنامەنووسی هەڵساوی:.

١. بەدەرکردنی ژمارە ((١٨))ی گۆڤاری **((ڕێگا))** لە ٢٠٠٩/٩/٥ کە تێیدا لەجیاتی ناوی خاوەنی ئیمتیاز **((ماکوان کەریم))** ناوی خۆتت **((سۆران عومەر))** وەکو خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر خستۆتە سەرگۆڤارەکە کەئەمەشیان پێچەوانەی یاسای ژمارە ((٣٥))ی ساڵی ٢٠٠٨ برگەی شەشەمی مادەی ٣ی یاسای ناوبراو.

٢. پێش ئەوەی هیچ راگەیاندنێک لەدوو رۆژنامەدا بڵاوبکەنەوە وە سێ رۆژی بەسەردا تێپەڕی پاشان سەردانی ئەنجوومەنی سەندیکا بکەی بۆ وەرگرتنی ژمارەی متمانە هەڵساوی بەدەرکردنی ژمارە((١)) لە ٢٠٠٩/٩/٢٠ کەچی لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/١٣ بەردەستی ئێمە کەوتووە کە ئەمەشیان سەرپێچیەکی ئاشکرای یاسایە.

٣. سەرپێچی سێیەمت بریتییە لە دەرکردنی گۆڤارێک بەهەمان ناوی ڕێگاوە تەنها ووشەی**((ماگازینت))** بەپێتی ئینگلیزی بۆ زیادکردووە کەهەمان وشە لەهەمان ژمارەکانی تریش هەبووە بەڵام تەنها شوێنەکەی گۆڕاوە.

لە کۆتاییدا پێت رادەگەیەنین کە ئەم کارەی تۆ سەرپێچیکردنێکی ئاشکرای یاسایە و تەنها تۆ بەرامبەر یاسا لێپرسراوی.

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**بۆ بەڕێز/ فەرماندەی زێرەڤانی کوردستان**

**ب/ نارەزایی**

کەناڵی ئاسمانی (KNN) بە نووسراوێکی رسمی لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٧ ئاگاداری کردین کەوا لەرۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٩/٨/١١ تیمێکی ئەم کەناڵە بۆ وەرگرتنی لێدوانێکی بەڕێوەبەری بانکی ڕەشید لقی خانزاد، سەردانی ئەم بانکەیان کردبوو، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانی و نارەزایی ئێمە بوو لەلایەن هێزێکی زێرەڤانی کەپاسەوانی ئەم بانکە دەکەن، هێرش دەکرێتە سەریان و ڕووبەڕووی چەند قسەیەکی ناشیرین و نەشیاو دەبنەوە، بۆیە ئێمە ئەو هەڵسوکەتە ئیدانەدەکەین و داوای لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لەئەنجام دەرانی ئەو پێشلکارییە دەکەین.

**لەگەڵ ڕێزمان**

**زیرەک کەمال**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**

**بۆ بەڕێز/ بەڕێوەبەرایەتی دواناوەندی هەولێری نموونەیی**

**ب/ سکاڵا**

بەپێ ی ئەو نامەیەی رۆژنامەنووس**"هەژار ئەنوەر جەوهەر"** ئاراستەی ئێمەی کردووە، ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/٦، ئەو رۆژنامەنووسە لەلایەن ئێوەوە بەشێوەیەکی ناشارستانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوەو بە ئاسایش هەڕەشەی لێدانانتان لێکردووە، بەپێی یاسای رۆژنامەگەری ئەو هەڵوێستەی ئێوە پێچەوانەی یاسایە و هەوڵێکیشە بۆ ڕێگا گرتنی لە ئازادی رۆژنامەنووسی بۆیە ئێمە مەحکوومی دەکەین و داواکارین داوای لێبووردن لەو رۆژنامەنووس **"هەژار ئەنوەر جەوهەر"** بکەن.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**زیرەک کەمال**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**

1. **ئەنوەر حوسێن**
0770 153 50 29 سکرتێری لیژنە a_bazgr@yahoo.com
2 **جەمال حوسێن**
07504026878 بڕیاردەری لێژنە jmal_khailani@yahoo.com
3 **زیرەک کەمال**
07504487085 ئەندام
4. **شوان داودی**
0770 153 39 26 ئەندام shwandaudi@yahoo.com
5. **بەهجەت هروری**
0750 445 92 58 ئەندام behcet.hirori@yahoo.com
6. **شوان هەورامی**
0770 143 21 10 ئەندام shwan67@yahoo.com
7. **ئاکۆ محەمەد**
0750 445 09 78 ئەندام akopress74@yahoo.com

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**
**٢٠٠٩/١٢/٢٥**

# یادەوەری (خۆشناوێک)

لە یەکی شوباتی ئەم ساڵەی تێیداین، شەشەمین ساڵیادی ئەم کارەساتەمان دێتە پێش، کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆڵەکانی ئەم میللەتە تیایدا بوونە قوربانی. ئەم رۆژە هی ئەوە نییە، هەر کوردێک، یان هەر مرۆڤێکی تۆزێک هەستی مرۆیی لە گیانیدا هەبێ، جا خوای دەکرد لەسەر هەر بیروباوەڕێک دەبوو، یادی نەکاتەوە. لەنێو ئەو پۆلە شەهیدەدا، زۆر دۆست و برادەری خۆشەویستی هەر یەکێکمان هەبوو. شەهید **(مەهدی خۆشناو)**، لای من جێی ئومێدی زۆر کاری باش بوو، ئەو پیاوە دڵسۆز بوو بۆ: دۆست و برادەرانی، حیزبەکەی و میللەتەکەی خۆی. ئەو ماوەیەی کە ئەو سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر بوو، من ئەگەرچی تا ئەمرۆکەش ئەندامی ئەم رێکخراوە نیم، بەڵام هەر لە نزیکەوە پەیوەندیم پێیەوە هەبوو، بەڵکو هەستم دەکرد توانا و پەیوەندییەکانی منی بۆ توند و تۆڵ کردنی نێوان نووسەران و رۆژنامەنووسانی **(ئەم دیو و ئەو دیو)** بەکار دەهێنا، با ئەم یادەوەرییانە بۆ کاتی خۆیان بن..! بەڵام نابێ ئەوە بخەمە ژێر لێوەوە، کە ئێمە ژێراوژێر، ئەوەندەی لێژنەیەکی **(ئاشتی)**ی ئەوسا کاریگەریمان لەسەر تواندنەوەی بەستەڵەکی نێوان نووسەرانی هەولێر و سلێمانیدا هەبووە.

ئەو وێنەیەی کە لە سەرەوە دەیبینین. وادیارە بە کامیرای خۆم یەکێکی نەشارەزا گرتوویە، بە داخەوە کاتی خۆی کات و شوێن و بۆنەی گرتنی وێنەکەشم نەنووسیوە و لە بیریشم نەماوە. بەڵام ئەو کەسانەی لە وێنەکەدا لە پاڵ خۆم و مەهدی خۆشناو دەبینرێن: **کەریم دەشتی، دڵشاد عەبدوڵڵا، هاشم سەراج، بورهان ئیبراهیم یەعقوب و موحسین ئاوارە.**

19

# ROZHNĀMANOOS

Aperiodical Magazine Specialized in Press
Issued by Kurdistan Journalist`s Syndicate

2010